حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

مێژووێک لە خۆڕاگری

١٩٧٦- ١٩٩١

ئاکۆ ئاکۆیی

ناوی کتێب:حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان مێژووییێک لە خۆڕاگری
نـــووسینی: ئاکۆ ئاکۆیی
بابەت: مێژوو
پێداچوونەوە و هەڵەچنی: ڕێباز مستەفا
تایپ: نووسەر
دیزاین: گۆران جەلال
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٢
تیراژ:١٠٠٠ دانە
نرخ: ٧٠٠٠ دینار
چاپخانە: هێڤی
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان،
ژمارەی سپاردنی( )ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پێدراوە.

ناواخن

پێشەکی.....٩

بەشی یەکەم

(دەر وازەیەک بۆ مێژوو)

دەسەڵاتداریەتی و میرنشینەکان.....١٦

کورد و ئاین.....١٧

زمان و شارستانیەتی کورد.....١٩

دابەشکردنی کوردستان.....٢٠

هەستی نەتەوایەتی و جولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد.....٢٣

جوولانەوە و شۆڕشەکانی کورد.....٢٤

بەشی دووەم

(دەستپێکێک بۆ سەردەمێکی نوێ)

دروستبوونی حزب لە کوردستان.....٢٩

بەشێک لە ڕێکخراو و حزبە سیاسیەکانی کوردستان.....٣٢

شۆڕشی ئەیلول.....٣٥

بەشی سێیەم

(خۆڕێکخستنەوە و خۆسازدان)

ڕێکخستنەوە و خۆسازدان بە دەسپێکردنێکی نوێوەوە.....٤٢

دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.....٥٣

بەشی چوارەم

(کێشەکانی ناوخۆی حزبی سۆسیالیستی کوردستان)

کێشەکانی ناوخۆی حزبی سۆسیالیستی کوردستان.....٧٣

یادداشتی کادیران بۆ م.س حزبی سۆسیالیستی کوردستان.....٨٢

بەشی پێنجەم

(دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)

سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ.....٩٧

دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.....١٠٤

فشارەکان و خۆڕاگرتن لە بەرامبەریدا ١١١

بەشی شەشەم

(کۆنفرانسی یەکەم خۆڕێکخستنەوە و هەنگاوی زیاتر)

کۆنفرانسی یەکەم ١٩٨٨.....١٢٧

بەلاغی کۆتایی کۆنفرانسی یەکەم.....١٣٦

بانگەوازی کۆنفرانس.....١٤٩

سڵاونامەکانی کۆنفرانس.....١٥١

دوای کۆنفرانس.....١٥٣

چەند هەنگاوێکی گرنگ و پێویست لە دوای کۆنفرانس.....١٥٦

گیرانی مەفرەزەی هاوبەش لە لایەن تورکیاوە.....١٥٨

بەشی حە وتەم

(هەندێ پرسی گرنگ)

هەڵوێستی حزبی زەحمەتکێشان لەسەر بەرەی کوردستانی و.....١٦٥
دیدی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ مافی چارەی خۆنووسین.....١٧٤
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و ئاشتبوونەوەی گشتی.....١٧٦
کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ١٨٤

بەشی هەشتەم

(داستان و چالاکیەکانی پێشمەرگە)

داستانی ترپە سپیان.....١٨٩
بەشێک لە چالاکیەکانی پێشمەرگە.....٢٠١

بەشی نۆیەم

(ڕێکخستن و ڕێکخراوەکانی قوتابی و لاوان)

ڕێکخستن.....٢١١
ڕێکخستنە نهێنیەکان.....٢١٤
ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵات.....٢٢٢
کۆنفرانسی ڕێکخراوەکانی دەرەوەی وڵات ٢٢٧
ڕێکخراوەکانی قوتابی و لاوان.....٢٣٣

بەشی دەیەم

(ڕاگەیاندن / ڕۆژنامە، گۆڤار، بڵاوکراوەکان)

بەشیک لە رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان.....٢٤٢
ئاڵای ئازادی.....٢٤٣
گۆڤاری پێشکەوتن.....٢٦٠
ڕۆژنامەی رایە الحریە.....٢٧٠
دەنگی لاوانی کوردستان.....٢٧٠
ڕێبازی لاوان.....٢٧١
ژیانی نوێ.....٢٧٢
ژیلەمۆ.....٢٧٢

بەشی یازدەهەم

(ئەنفـــــــالەکان)

ئەنفالەکان.....٢٧٧
جەولەی پێشمەرگەکان لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا ٢٨٠
ئەنفالی بادینان و بڕیاری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.....٢٨٨
بەرەو سنووری باکوری کوردستان و پاشان ڕۆژهەڵات.....٢٩١
هەڵسەنگاندنێک بۆ بارودۆخی سیاسیی کوردستان دوای ئەنفالەکان.....٣٠٠
مەفرەزەی پارتیزانی.....٣٠٣

پاشکۆکان

(نامیلکەکان)

هەڵوێستی شۆڕشگێڕی نەک لادان و پاشگەزبوونەوە.....٣١٥
نسکۆ و سەرەتایەکی هەڵسەنگاندن.....٣٤٥

(وتـــــار)

چەند وێستگەیەکی گرنگ لە مێژووی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.....٣٦١

(یادداشت و بیرەوەری)

بەرەو سنوور.....٣٧٩
بیرەوەری ڕۆژانی ئەنفال، بەری گارا و زێباریا.....٤٠٧
ڕۆژمێری پێشمەرگە، لە نێوان چیای کۆریس و پێرسدا.....٤١٧
دیکۆمێنتەکان.....٤٢٥
وێنەکان.....٤٨٠
سەرچاوەرکان.....٥١٠

پێشەکی

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە (١٩٨٥/١٢/١٢) دامەزراوە، بەڵام مێژووی خەبات و تێکۆشانی خۆی تەنیا بۆ ئەم ڕۆژە ناگێڕێتەوە، بەڵکو دەیگێڕێتەوە بۆ سەردەمی (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)و خۆی بە پەلێکی درێژکراوەی ئەم بزووتنەوەیە دەزانێ، کە لە ساڵی ١٩٧٦ ڕۆڵی هەبوو لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێدا. ئەم حزبە لەو ڕۆژەوە بە گوێرەی توانای خۆی لە تەک هێز و لایەنەکانی تری کوردستان لە گۆڕەپانی خەبات ئامادەگی هەبووە و لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی چەکداری و سیاسی و مەدەنی بەشدار بووە و لە تێکۆشانی خۆی تا ئێستا بەردەوامە.

ئەم کتێبە باس لە چۆنیەتی دروستبوونی ئەم حزبە دەکات، بە وردی دەچێتە نێو مێژووی خەبات و تێکۆشانی لەسەرەتای دروستبوونیەوە تا بەر لەڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ئاکامی ناکۆکییە فیکری و سیاسی و ڕێکخستنەکانی نێو حزبی سۆسیالیستی کوردستان دامەزراو وەک هێزێکی نوێ خۆی ناساند، هەڵبەتە هەر لەسەرەتای دروستبوونی تا ڕۆژی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی کێشە و کۆسپی زۆر بۆتەوە، بەڵام خۆڕاگری و شێلگیری کادیر و پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی توانیویانە بەسەر هەموو کۆسپەکان زاڵبن و ڕۆژگارە سەخت و دژوارەکان تێپەڕێنن.

ئەوەی هانی دام و بە پێویستی بزانم ئەم کتێبە لەسەر مێژووی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ئامادە بکەم، دوو هۆکار بوون:

- تا ئێستا هیچ کتێبێک یا خود سەرچاوەیەکی زانیاری ئەوەتۆ بۆ مێژووی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگایەتی ئەم حزبە لە قۆناغی سەردەمی شاخ لە بەر دەستدا نییە.
- هەروا هەندێ وتار و نووسین لە ڕۆژنامە و کتێب و پێگەی ئەلیکترۆنی و دیدار و چاوپێکەوتنەکان، لە سەر مێژووی حزبی زەحمەتکێشان دەخوێنینەوەو دەبیستین، مافی خۆی نەدراوەتێو هەندێک لە زانیارییەکانیش هەڵەنەو چەواشەکاری تێدا کراوە.

ئەم کتێبە چەندین بەش لەخۆ دەگرێت، لە دوو بەشی سەرەتاییەوە لە دەروازەی مێژووەوە چوومەتە نێو کورتەیەک لە مێژووی جولانەوەی گەلی کورد و ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکانی، بە دوای ئەوە بەشەکانی تر تایبەتن بە مێژووی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، هەر لە کێشەکانی نێوخۆی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە دوای کۆنگرەی یەکەم و هەوڵی چارەسەرکردنیان و نەگەیشتن بە ئاکام، تا دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٨٥بۆ ١٩٩١بەر لەڕاپەڕین، هەر لایەنەکی مێژووی لە بەشێکی تایبەت باسی لێوەکراوە وەک (هەڵوێستی سیاسی و چالاکی پێشمەرگایەتی و ڕاگەیاندن و ڕێکخستن). سەرچاوەی زانیارییەکان بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە بە پلەی یەک پشتبەستن بووە بە دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکانی سەردەمی شاخی ئەم حزبە، هەڵبەتە بەشێکی کەمی ئەو دیکۆمێنت و بەڵگەنامانە ئێستا ماون و بەردەستن، چونکە ئەرشیفی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە کاتی پرۆسەی ئەنفالەکان تیاچوو، گەر بەشی زۆری بەردەستبان ئەوە ئەم کتێبە دەوڵەمەندتر دەبوو، هەروا سوودم لە زانیاری سەرکردە و کادیر و پێشمەرگەکانی وەرگرتووە کە لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ئەم حزبە بووینە و لە نێو ڕووداوەکاندا بوون.

نە کەسێکی ئەکادیمیم و نە ئەم کتێبە بە شێوەیەکی ئەکادیمی نووسراوە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ نووسینەوە و نیشاندانی بەشێکی نەنووسراوی مێژووی خەباتی ئەم حزبە، کە بەشێکە لە مێژووی خەباتی سیاسی و چەکداری بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان، کە تا ئێستا کەمی لەبارەوە نووسراوە و بەم شێوەیە چاپ نەکراوە، کەواتە بێ کەم و کورتیش نییە!

من ئەندامی ئەم حزبەم، ئاگام لە بەشێکی ئەم ڕووداوانە هەبووە، بەڵام لە ئامادەکردنی ئەم کتێبە سۆزی حزبایەتیم بەسەردا زاڵ نەبووە، وەک پێشووتر ئاماژەم پێداوە سەرچاوە سەرەکیەکان بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە دیکۆمێنتەکانی ئەم حزبەیە، کە بە ژمارە و ناو، بە بەڵگە هێناومەتەوە، نامیلکەی (هەڵوێستی شۆڕشگێڕی نەک لادان و پاشگەزبوونەوە) لە سەرەتای ئابی

١٩٨٦، بڵاوکراوەتەوەو لە پاشکۆی ئەم کتێبەدایە،وەک مانیفێستی ئەم حزبە هەژمار دەکرێت لە سەردەمی خۆیدا، بە وردی ئاماژەی بە کێشەکان داوەو هەروەستەی لەسەر کردووە و چوویتە سەر بەشێکی گرنگی مێژووکەی بە تایبەتی کێشەکانی ناوخۆی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)و چۆنیەتی سەرهەڵدانیان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە (١٩٨٥/١٢/١٢) تا بەستنی یەکەم کۆنفرانس لە (١٩٨٨/٤/٢٤) لە ژێر ناوی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) لە کار و خەباتدا بووە، لەو کۆنفرانسەدا بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی، دوو بڕیاری گرنگ دران:

- یەکەمیان گۆڕینی ناوی حزب لە (حزبی سۆسیالیستی کوردستان- ئێراق/ ئیتیجاهی دیموکراتی شۆڕشگێر) بۆ (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان).
- دووەمیان گۆڕینی دروشمی ناوەندی لە (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان) بۆ (دیموکراسی بۆ عێراق و مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد).

لەو بەشە مێژووەی کە پەیوەندی بە سەردەمی ناوی یەکەمیەوە (ئیتجاه) لە زۆربەی شوێن کە ناوی دێت هەر بە (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) نووسراوە.

سوپاس بۆ ئەو هاوڕێیانەی کە هاوکارم بوون و یارمەتیان دام بۆ پێدانی زانیاری و تێبینی و سەرنجەکانیان، بە تایبەتی نووسەر و وەرگێڕ هاوڕێ (ڕێباز مستەفا) کە بە ڕەشنووسی ئەم کتێبە داچۆوەو لە ڕووی ڕێزمانی و هەڵەی چاپەوە پاکنووسی کرد، هاوڕێ (مەریوان سابیر) لە ئەرشیفەکەی خۆی ژمارەکانی ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) خولی شاخی پێدام، کە بووە یارمەتیدەرێکی باش بۆ سەرکەوتنی پڕۆژەی بە چاپ گەیاندنی ئەم کتێبە.

ئاکۆ ئاکۆیی
نیسانی ٢٠٢٢
ڕواندز

بەشی یەکەم

دەروازەیەك بۆ مێژوو

دەروازەیەك بۆ مێژوو

هەر لەکۆنەوە کوردستان نیشتمانی سروشتی و مێژوویی نەتەوەی کورد بووە، وشەی (کوردستان)یش‌وەک زاراوەیەکی جوگرافیایی، بۆ یەکەمین جار لە سەدەی دوازدەیەمی زاینیدا پەیدا بووە، کورد لە نەژادی ئاریاییەوەو نەتەوەیەکی هیندی و ئەورووپیە، لە نەوەی میدییەکانە، لە نەتەوە هەرە کۆنەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ئاسیایی بچووکە، پتر لە هەزاران ساڵ دەبێت لەسەر خاکی باب و باپیرانی خۆی دەژی، ڕاستەوخۆ بەشداربووە لە زۆرێک لە ڕووداوە گرنگەکانی ناوچەکەدا.

نەتەوەی کوردیش خاوەنی خاڵی لاواز و بەهێزە، نیشتمانی خۆی خۆشدەوێت و تامەزرۆی ژیانی ئازادی و سەربەخۆییە و هەمیشە دژی ژێردەستی و چەوساندنەوە بووەو بەرگری لە نیشتمانی خۆی کردووە، هەر ئەمەشە بە درێژایی مێژووی هەبوونی خۆی بە زیندوویی هێشتۆیەتیەوە، خاڵی لاوازی ئەوە بووە چ لە ئێستاو چ لەڕابردوودا هەمیشە لەنێوخۆدا ناکۆک و ناتەبا بووەو یەکگرتوو نەبووە، دوژمنان و داگیرکەران لە پەنای برایەتی و هاوئاینی لە خشتەیان بردووەو خۆشباوەڕ بووە بە گفتەکانیان، لەم بارەیەوە مێژوویەکی تاڵی هەیە.

کورد لە مێژساڵە دەچەوسێتەوە و خاکەکەی داگیر و دابەش کراوە، لاوازو بێهێز کراوە، هەوڵی لە ناوبردن و قڕکردنی دراوە، سەرەڕای ئەمەش وەکو نەتەوەیەکی زیندوو ماوتەوە، هەرگیز گیانی بەرەنگاری و تێکۆشان بۆ ئازادی لە بەین نەچووەو لەو نەتەوانەش بووە کە لە ڕابردوو خاوەن کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بووە، لە سەدەکانی ڕابردوو چەندین دەوڵەت و فەرمانڕەواو میرنشینی هەبووە، تانیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە کورد زیاتر لە (٥٠) میرنشین و دەسەڵاتداریەتی هەبووە.

دەسەڵاتداریەتی و میرنشینییەکان

کورد وێڕای چەوساندنەوە و داگیر و دابەشکردنی نیشتمانەکەی، هەوڵ و تێکۆشانی بۆ سەربەخۆیی و ئازادی و دامەزراندنی دەسەڵاتداریەتی داوە، لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی کۆن و ناوەڕاست و هاوچەرخیدا توانیویەتی لە هەندێ ناوچەی بەرفرەوان و تەسکدا گەلێک ئیمپراتۆریەت و دەوڵەت و میرنشین دابمەزرێنێت، ئەمە نموونەی هەندێکیانە:

-لۆلۆ ٢٨٠٠ پ.ز (زنجیرە چیای زاگرۆس، شارەزوور).
-گۆتی، هەزارەی سێیەمی پ.ز (کەرکوک).
-کاسی ١٧٠٠ پ.ز (کرمانشان).
-میتانی ١٥٠٠-١٢٧٥ پ. ز
-ماد ٧٠٠ ساڵ پ. ز (هەمەدان).
-عەیشانی ٩١٢- ٩٦١ زاینی (نەهاوەند، هەمەدان).
-ڕەوادی ٩٤٨- ١٠٧١ زاینی (سەلماس،ورمێ).
-شەدادی ٩٥١-١١٦٤ زاینی (باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان).
-حەسنەوی ٩٥٩- ١٠١٥ زاینی (شارەزوور، لوڕستان).
-دۆستەکی ٩٨٢-١٠٨٦ زاینی (باکووری کوردستان، دیاربەکر و ماردین).
-ئەنازییکان ٩٩٠- ١١١٦ زاینی (کەرمانشان، خانەقین).
-شوانکارە ١٠٣٥-١٣٥٥ زاینی (کوردستان و ئێران).
-هەزبانی ١٠٤٦- ١١٣٩ زاینی (هەولێر).
-فەرمانڕەوای لوڕستان ١١٥٥-١٤٢٤ ز (لوڕستان).
-میرنشینی ئەردەڵان ١٢١٤-١٨٦٤ زاینی.
-میرنشینی بادینان (ئامێدی) ١٢٦٢ - ١٨٤٨ زاینی.
-میرنشینی هەکاری سەدەی سێزدەی زایینی(باکووری کوردستان).
-میرنشینی سۆران ١٣٩٩ - ١٨٣٦ زاینی.
-میرنشینی بابان ١٦٥٦-١٨٥١ زاینی.
-زەند ١٧٥٣- ١٨١٧ زاینی (کوردستان و ئێران).

-میرنشینی بۆتان ١٨٢١- ١٨٤٧ زاینی.

لەسەدەی بیستەمیشدا نموونەی وەک حکومەتی مەلیک شێخ مەحمود لە باشووری کوردستان ١٩٢١-١٩٢٣و کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەمەد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٤٦-١٩٤٧ هەبووە.

کورد و ئایین

ئایین بەشێکی فرەوانی لە بوون و ژیانی مرۆڤەکاندا خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆی، نەتەوە و کۆمەڵگایەک نەبووە ئایین و ئاینی تایبەت بە خۆی نەبووبێت، نەتەوەی کوردیش وەک گشت نەتەوەکانی دیکە ئایینداری بووە و ئایینی تایبەت بە خۆی هەبووە، ئایینی دێرینی کورد ئاینی (زەردەشتی[1]) بووە، کە (زەردەشت ٥٨٣-٦٦٠ پ.ز) پەیامبەری بووە. تا نیوەی یەکەمی سەدەی حەفتەم و شاڵاوی لەشکری عەرەبی موسڵمان بۆ سەر کوردستان، کورد پەیڕەوی لە ئایینی زەردەشتی کردووە، ئەم ئایینەو پەیامبەرەکەی لە کوردستان (ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) دەرکەوتووەو بە زمانی (ئاڤێستا[2]) بووە کە بنچینەو ئەسڵی زمانی کوردییە، **(ئەندێشەی چاک،**

[1] ئایینی زەردەشتی، ئایینێکی کۆنی کوردە لەسەر بنەمای فەلسەفە و بیر وبۆچوون و بڕواکانی زەردەشت پێک هاتووە، جیهان وەکو دووبەرەکییەکی بەردەوام دەبینێت لەنێوان هێزی چاکو هێزی خراپەدا. خوداوەندی (ئاهورامەزدا) خودای چاکە و، دانەر و پێکهێنەری ئەم جیهانەیە، (ئەهریمەن) خراپەکانن، ئەم ئایینە بە شێوەیەکی گشتی لە ناو کوردەکان و پاشان فارسەکان بڵاو بووەوە، سەرەتا لە ناوچەی ورمێ دەرکەوت و بوو بە ئایینی فەرمی دەوڵەتی ماد، لە سەدەی شەشەمی پێش زایین بوو بە ئایینێکی سەرەکی لە ناوچەکەداو تا سەرهەڵدانی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا ئایینێکی گرنگ بووە.

[2] ئاڤێستا کتێبی زەردەشتە بە کتێبێکی پیرۆز دادەنرێت لەلایەن زەردەشتییەکان.وشەی ئاڤێستاش بە مانای بنچینە و بینای پتەوە. بە زمانی ئاڤێستایی نووسراوە، لە ماوەی (چڵو حەوت) ساڵی تەمەنی پەیامبەرایەتیی (زەردەشت)دا تەواو کراوە، ئاڤێستا لە ڕۆژگاری هەخامەنشییەکانەوە هەزار بەش بووە، لە ڕۆژگاری ساسانییەکاندا ٣٤٨ بەشی مابۆوە بریتی بوو ٣٤٥٧٠٠وشە فردەوسی لە شانامەکەیدا ئاڤێستا بە ١٢٠٠ بەش دادەنێت بەڵام ئەو ئاڤێستای ئێستا هەیە ٨٣٠٠٠وشەیە و شەش بەشە و هەر بەشەی چەندین بەشی لێ دەبێتەوە.

گوتاری چاک، کرداری چاک)[1] دروشم و سێ بنەماکانی ئایینی زەردەشتییە، ئەمەش وایکردووە کە ئەم ئایینە وێڕای لایەنە ڕۆحیەکەی لایەنێکی بەهێزی فەلسەفەی بۆ ژیان و ڕێکخستنی کۆمەڵگا تێدا بێت.

پرۆسەی بە موسڵمانبوونی کورد پرۆسەیەکی درێژبووە، لە سەردەمی دووەم خەلیفەی ڕاشیدی عومەری کوڕی خەتاب، عەرەبە موسڵمانەکان بە بیانووی جیهادو بانگەواز بۆ ئایینی نوێ جوغزی نیمچە دوورگەی عەرەبیان بەزاندو بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەشکرکێشیان کردو گەیشتنە کوردستان، کورد لە بەرامبەر ئەم لەشکرکێشییەدا دەستەوەستان نەبووەو بەرگری لە خاکو نیشتمان و ئایینی خۆی کردووە، لەو سەردەمەدا کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ساسانییەکان بووە، دەوڵەتی ساسانی هیچ بەرگرییێکی لە کورد نەکردووە لە بەرامبەر لەشکری عەرەبی موسڵمان، لەم لەشکرکێشییەدا کوردستان کەوتە بەر تاڵان و بڕۆو وێرانکاری.

لە تێکستێکی شیعریدا کە بە نووسینی پەهلەوی کوردی کۆن لەو سەردەمەدا نووسراوەو لە ساڵی ١٩٢٩ لە شارەزوور دۆزراوەتەوە، باس لەو کارەسات و تاڵانی و وێرانکارییە دەکات کە لەشکری عەرەبی موسڵمان لە کوردستان کردوویانە:

هورمزگان ڕمان ئاتران کوژان
ویشان شاردەوە گەورە گەورەکان
زۆرکاری ئەرەب کردنە خاپوور
گونای پالەیی هەتا شارەزوور
شن و کەنیکان وە دیل بشینا

[1] سێ وشەی ئاڤێستایی هومەتە/Humata، هوختە/Hukhtaو هورشتە/Hwarshta، کە بیری چاک،وتەی چاکو کرداری چاک دەگەیێنێت، ئەو دروشمە دەر ونی دەنوێنێت کە مرۆڤی زەردەشتیی باوەڕداری پێ دەناسرێتەوەو دەستنیشان دەکرێت، ئەرکی ئایینیو مرۆڤدۆستی هەر تاکیکی زەردەشتی باوەڕدارە کە بوونی خۆی لەم ژیانە خاکییەدا بەو سێ ڕواڵەتەوە گرێ دەدات و بەدریژایی ماوەی ژیانی دەبێت ئەوە لەیاد نەکات کە هەمیشە و هەردەم لەگشت بار ودۆخێکدا بکۆشێت ئەندێشەو گفتار و کرداری پاک بێتو لە هەرجۆرە پیسی و ناپاکییەک خۆی دوور بگرێت و بەشوێن کاری خراپدا نەگـــەڕێت، (مامۆستا عوسمان جاف. پەیجی ڕێکخراوی یەسنا بۆ فەلسەفەی ئایینی زەردەشتی).

پەرستگاکان ڕوخێندران و ئاگرەکان کوژێندرانەوە
گەورە گەورەکان خۆیان شاردەوە
عەرەب ناوچەی پەهلەوی تا شارەزوور وێرانکرد
ژنان و کیژان بە دیل گیران
مێرانی ئازا خەڵتانی خوێن کران
ئایینی زەردەشت مایەوە بێکەس
هورموزد بەزەیی بەهیچ کەس ناکات.

بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردستانداو بە موسڵمانبوونی کورد بەوەرچەرخانێکی هەمەلایەنە دادەنرێت، دەسەڵات لە فارسە ساسانییەکان[1]و ڕۆمە بیزەنتییەکانەوە[2] کەوتە دەست عەرەبە موسڵمانەکان و قۆناغێکی نوێ و جیاواز لە بارودۆخی کوردستان دەستی پێکرد.

زمان و شارستانیەتی کورد

زمان یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکامی مەرجی سەڵماندنی بوونی نەتەوە، زمانی کوردی وەک زمانێکی سەربەخۆ زۆر لەمێژینەیەو سەر بە خێزانی

[1] فارسە ساسانییەکان، ئیمپراتۆریەتیی ساسانی دوایین ئیمپراتۆریەتیی ئێرانیی پێش ئیسلام بووە، بنەماڵەی ساسانی لە ٢٢٤ی زایینی بە تێکشاندنی ئەشکانییەکان هاتوونەتە دەسەڵات و تا ٦٥١ زایینی بۆ ماوەی ٤٠٠ ساڵ لە دەسەڵات بووینە، کێبرکێی ئیمپراتۆریەتیی ڕۆمیان کردووە. یەکەم شای ساسانی، ئەردەشێری یەکەم بووە. دوایین شاش یەزدگێردی سێیەم بووە کە چەند شەڕی لەگەڵ سوپای ئیسلام لە سەردەمی عومەر کوڕی خەتتابدا کردووە، سەردەمی ساسانییەکان وەک سەردەمی زێڕینی ئێرانیی پێش ئیسلام ناسراوە، ئایینی زەردەشتی ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریی هەبووە لەسەر شێوازی حوکمڕانیدا.

[2] ڕۆمە بیزەنتییەکان، ئیمپراتۆریی ڕۆمانی ڕۆژهەڵات، زیاتر لە ١١ سەدە بەردەوام بووە تا ساڵی ١٤٥٣ز لەسەر دەستی سوڵتان محەمەد فاتیحی عوسمانی فەتحی قوستەنتینیە کراو بەمەش ئیمپراتۆری بیزانتی کۆتایی پێهات، بێزنتە شارێکی کۆنە ڕۆمەکان ساڵی ١٩٦ داگیریان کرد، کۆستەنتینی یەکەم لەساڵی ٣٣٠ دەستی بەسەر داگرت و ناوەکەی بە ناوی خۆیەوە ناو پاشان بوو بەپایەتەختی بێزەنتیەکان و بوو بە بێزەنتە، کە عوسمانییەکان داگیریان کرد ناوەکەیان کردە ئیستانبۆل.

زمانە هیندۆ ئەورۆپیەکانە، زمانی کوردی کە ئێستا نزیکەی پەنجا ملیۆن کەس ئاخافتنی پێدەکەن، لە چەند دیالێکتێک پێکهاتووە (کرمانجی سەروو، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی خوارووە«گۆران»)[1]، بنەمای زمانەکە یەکە و رووی هاوبەشی زۆرە و یەکێتی زمانی کوردی تیایدا نیشان دەدات.

شارستانیەتی کورد لەکاتی نیشتەجێبوونیەوە دەستپێدەکات تاکو ئێستا، بەردەوام بووە لە دروستکردن و بەرهەمهێنان، هەموو نەتەوەو کۆمەڵ و گروپێکی نەژادی لە سەر گۆی زەوی شارستانیەتی خۆی بەرهەمهێناوە، بەڵام ئاست و پلەی ئەو شارستانیانە جیاوازە، لە مێژوودا چەندین شارستانیەتی گەورەی وەکو شارستانیەتی گریکی و میزوپۆتامیا و فیرعەونی و چینی و هیندی و ئێرانی و ڕۆمی دەرکەوتوون، ئەمانە لەو شارستانیانەن نەمرییان بە دەستهێناوە. نەتەوەی کوردیش لە مێژووی کۆندا بەشداری هەبووە لە بنیاتنانی شارستانیەت، شارستانیەتی میدی بەرهەم هێناوە، کوردستان جێگای کۆنترین سەرچاوەکانی شارستانیەتە، گوندی (چەرموو)[2] ئەشکەوتی(هەزارمێرد)[3] بەڵگەی بوونی کۆنترین شارستانیەتی مرۆیین لەم ناوچەیەدا.

دابەشکردنی کوردستان

دابەشکردنی کوردستان پرۆسەیەکی درێژخایەن بووە، داگیرکەرانی کوردستان بە درێژایی مێژوو هەوڵیان داوەو پیلانیان گێڕاوە تا ئەم پرۆسەیان

---

[1] زیاتر لە بوچوونێک لەسەر ناو و ژمارەی زاراوکانی کوردی هەیە، بۆچونێک هەیە کە زاراوەکانی کوردی بریتین لە (کرمانجی ژوروو، کرمانجی ناوەراست، کرمانجی خوارووو، گۆران، زازا)

[2] گوندی چەرموو١١ کیلۆمەتر لەچەمچەماڵەوە دوورەو دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزاکەوە. بەپێی ئەو پشکنینانەی لە ساڵانی ١٩٤٨_١٩٥٥ لەلایەن زانکۆی شیکاگۆی ئەمریکییەوە بۆی کراوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٦٧٥٠) ساڵ پێش زاین و یەکەمین گوندبووە مرۆڤ تیایدا دەستی بەکشتوکاڵکردن کردووەو نیشتەجێ بووە.

[3] ئەشکەوتی هەزار مێرد، ئەشکەوتێکی مێژوویی کۆنە، کەوتۆتە زنجیرە چیای گلەزەردو ١٨کم لە سلێمانی دوورە، کۆنترین شوێنی مرۆڤی چاخی بەردینی کۆنە، پەیکەری مرۆڤی نیاندرتالی تیا دۆزراوەتەوە، ئەم ئەشکەوتە لە لایەن ئافرەتێکی ئەرکیۆلۆژی زانی لە ١٩٢٨ دۆزراوەتەوە و لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کراوە.

جێبەجێ کردووە، خاکی کوردستان بۆتە جێگای ململانێو گۆڕەپانی شەڕی زلهێزەکان، جگە لە ماڵوێرانی و کاولکاری و نەهامەتی و برسیەتی و قات و قڕی و کوشتار و دابەشبوون هیچی تر بە کورد نەبڕاوە.

تا سەرەتای سەدەی شازدەمین کوردستان یەک پارچە بووە، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٢٩٩ی زاینی لەسەر بنچینەی ئاینزای سوننی دامەزرا، ئیمپراتۆریەتی سەفەویش لەسەر بناغەی ئاینزای شیعە لە ساڵی ١٥٠١ی زاینی لە لایەن شا (ئیسماعیل) لە تەبرێز دروستبووە، لە ئەنجامی ململانێ و گرژی و کێشەکانی نێوان ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە جەنگ هەڵگیرساوە و کوردستانیش بووەتە گۆڕەپانی جەنگ، کارەسات و ماڵوێرانیش بۆ کورد بووە، هەر ئەمەش بۆتە هۆکار و ئەنجام بۆ دابەشبوونی کوردستان.

لە نێوان ئەم دوو ئیمپراتۆریەتەدا چەندین جەنگ ڕوویداوە، بەڵام جەنگی (چاڵدێران)[1] بۆ کورد لە هەموویان سەختر و کاریگەرتر بووە، گۆڕانێکی گرنگی ماڵوێرانکەر لە مێژووی نەتەوەی کورددا لە ئەنجامی ئەم جەنگە ڕوویدا، کە تورکە عوسمانییەکان بە سەر فارسە سەفەوییەکان سەرکەوتن، ١٢٥ ساڵ پاش ئەم جەنگە ململانێو شەڕو پێکدادان بەردەوام بووە لە ساڵی ١٦٣٩ز پەیماننامەی (زەهاو)[2] لە نێوان هەردوولا مۆرکراو بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا کوردستانیان بە فەرمی لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد.

عوسمانییەکان لە (جەنگی یەکەمی جیهان ١٩١٤_١٩١٨) لەبەرەی (ئەڵمانیا و نەمساو مەجەر و بولگاریا) لە شەڕدا بوو لە دژی هاوپەیمانیەتی (ئینگلیزو

[1] شەڕی چاڵدێران، لە نێوان سوپای سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی و شا ئیسماعیلی یەکەمی سەفەوی لە ١٥١٤/٨/٢٣ز ڕوویداو زیاتر لە ٢٠٠ هەزار سەرباز بەشداری تیا کردو نزیکەی ١٠ هەزار کەسی تیا کوژرا، لە ئاکامدا سوپای عوسمانی سەرکەوت و ئەو ناوچانەی کە ئێستا باشووری کوردستان و باکووری کوردستانی پێ ئەوترێ خستەسەر خاکی خۆی. ناوچەی چاڵدێران دەکەوێتە قەزای موراديە لە نزیک شاری وان، پاشان پەیماننامەی زەهاو ١٦٣٩/٥/١٧لە نێوانیان واژۆکراو کوردستان بۆ یەکەمین جار دابەش بوو.

[2] پەیماننامەی زەهاو، لە ١٦٣٩/٥/١٧ لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی لە شاری زەهاو مۆرکرا، ئەم پەیماننامەیە کۆتایی بە شەڕی ١٥ساڵەی نێوانیان هێناو سەرلە نوێ سنووری نێوان هەردووک ئیمپراتۆریەتەکە دارێژشتراوەو کوردستان بۆ یەکەمین جار بۆ دوو بەش دابەش کرا، ململانێی نزیکەی ١٥٠ ساڵی نێوانیان کە هەندێ جار شەڕی لێ دەکەوتەوە کۆتایی پێهات.

فەڕەنسا و ڕوسیا) ئەم شەڕە بە سەرکەوتنی هاوپەیمانان کۆتایی هات، ڕێکەوتننامە نهێنییەکەی (سایکس – بیکۆ)[1] کە لەنێوان هاوپەیمانان مۆرکرابوو بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە سەرخۆیاندا، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئەکتۆبەری ڕوسیا[2]، لێنین ئەم ڕێکەوتننامەیەی ئاشکرا کرد و ڕوسیا لێی کشایەوە، میراتی عوسمانییەکان لە نێوان ئینگلیزو فەڕەنسادا دابەشکرا، کوردستانیش ئەم دابەشکارییەی گرتەوەو بۆ دووەمین جار دابەشکرا بۆ چوار پارچە، ئەو بەشەی کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوو دابەشکرا بۆ سێ بەش، بەشێک بۆ تورکیای نوێی ئەتاتورک و بەشێک خرایە سەر عێراقی عەرەبی ژێر ئینتدابی ئینگلیزەکان و دوابەش لکێندرا بە سوریای ژێر ئینتدابی فەڕەنسا، بەشەکەی بن دەسەڵاتی ئێران وەک خۆی مایەوە، هەرچەندە بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی(سیڤەر)[3] هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانی لەوبەشەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان لەئارا

---

[1] پەیماننامەی سایکس بیکۆ، لە نۆڤێمبەری ١٩١٥نوێنەری بەریتانیاو فەرەنساو ر وسیای قەیسەری گفتوگۆیان کرد لەسەر دابەشکردنی خاکی ژێردەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. ئەوەبوو لە ئایاری ١٩١٦ ڕێکەوتنێکی نهێنی واژۆکرا، لەنێوان فرانسوا جۆرج بیکۆ نوێنەری فەرنساومارک سایکس نوێنەری بەریتانیا، بە ئاگاداری و ڕەزامەندیی حکومەتی ڕوسیای قەیسەری، هەر بۆیەش ئەو پەیماننامەیە بە ناوی کورتکراوەی هەردوو نوێنەرەکەی فەڕەنساو بەریتانیا ناونرا سایکس–بیکۆ، پەیماننامەکە بریتی بوو لە ١٢خاڵ، بەڵام هەر زوو نهێنییەکەی لەدەست دا، ڕوسیا لەم ڕێکەوتننامەیە کشایەوە چونکە ڕژێمەکەی گۆڕدرا.

[2] شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئەو زنجیرە شۆڕشە بوو دژی ئیمپراتۆری ڕووسیا لە ١٦ی ئۆکتۆبەر ساڵی ١٩١٧ بە بڕیار و پلانێکی نەخشە بۆ دارێژراوی پێشوەختی ڤلادیمیر لێنین هەڵگیرسا، لە کەمترین ماوەدا بۆ یەکجاری کۆتایی بەدەسەڵاتی چەند سەدەی ئیمپراتۆری تزاری هێناو لە جێگایدا حکوومەتی کۆماری شوورایی کرێکاران و جووتیان و سەربازان، کە ڕێکخراو بوون لە شووراکان و سوپای سووردا ڕاگەیاند، دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەتی لەسەر بنیادنرا.

[3] پەیماننامەی سیڤەر، لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهان(١٩١٤–١٩١٨)و سەرکەوتنی بەرەی هاوپەیمانان، لە (١٩٢٠/٨/١٠) لە شاری سیڤەر لە فەڕەنسا کۆنگرەیەک لە لایەن وڵاتانی هاوپەیمانان لە کۆمەڵەی گەلان بەستراو پەیمانامەی سیڤەری لێکەوتەوە، چەندین بڕگەو خاڵی باشو گرنگی لە خۆگرتبوو سەبارەت بە مافی کورد، لەوانە بڕگەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)لە مادەی سێ لە ژێر ناونیشانی کوردستان، بەڵام بە هۆی بەرژەوەندیی هاوپەیمانان بە تایبەتیش (بەریتانیاو فەڕەنساو ئەلمانیاو ئەمەریکا) ئەو مافەی بۆ کورد دیاری کرابوو بە پەیماننامەی لۆزان لە گۆڕ نرا.

دابووە، بەڵام بەڕێکەوتننامەی (لۆزان)[1] ئەم هەوڵە لەبار بردراو ئەم داگیر و دابەشکردنە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە.

هەستی نەتەوایەتی و جولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا هیچ میرنشینێکی کورد دەسەڵاتی نەمابوو، کوردستان بە تەواوی لەژێر دەسەڵاتی تورکیای عوسمانی و ئێرانییەکاندا بوو، هەستی نەتەوایەتی لە ڕۆژئاواوە لە ئەنجامی شۆڕشەکانی پیشەسازی و بۆرژوازیدا لە ئەوڕوپاوە بەرەو سنووری دەوڵەتی عوسمانی سەری هەڵدابوو، هەستی تورکایەتی و نەتەوایەتیی عەرەبی بەرەو دروستبوون دەچوو، ئەم بزاڤە کاری کردە سەر هەستی کورد و کوردیش وەک نەتەوەیەکی نیشتمان داگیر و دابەشکراو هەستی نەتەوایەتی تیایدا نەشونما بوو، بنەماڵەی بەدرخانییەکان و ڕۆڵی (مقداد مەدحەت بەدرخان) کەسایەتیێکی ڕۆشەنبیر و تێکۆشەر بوو هەر زوو هەستی بەم گۆڕانکارییە کردووە لە ڕێگای ڕۆژنامەی (کوردستان)[2] کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیە، هەر وا شاعیری بیری نەتەوەیی (حاجی قادری کۆیی) بە هۆنراوە نیشتمانییەکانی، ڕۆڵیان هەبووە لە تەک ئەو هەوڵانەی پێشووتر و لە

[1] پەیماننامەی لۆزان، لە١٩٢٣/٧/٢٤ لە شاری لۆزان لە سویسرا لە نێوان ئینگلیزو فەرەنساو ئیتالیاو ڕوسیا مۆرکرا، مەبەست لێی دابڕشتنەوەی سەرلەنوێی قەوارەی سیاسی و جوگرافی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بوو، بەبێویست و ئاگاداری نەتەوەی کورد خاکی کوردستانیش بەسەر هەر چوار دەوڵەتی ئێران و عێراق و تورکیاو سوریا دابەشکرا. پەیماننامەی لۆزان زەبرێکی کاریگەری لە مەسەلەی کورد داو نەیهێشت داخوازییەکانی کورد بەپێی پەیمانی سیڤەر بێتە دی، کە کورد چاوەڕێی دەکرد مافی چارەخۆنووسو دەوڵەتی پێ بدرێت.

[2] ڕۆژنامەی کوردستان، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بووە و یەکەم ژمارەی لە ٢٢/٤/ ١٨٩٨ بە تێکۆشانی میقداد میدحەت بەدرخان دەرچووە، سەرەتا لە قاهیرە چاپکراوە. دەستپێکی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان وەکوو خەباتێکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری دێتە نرخاندن وبە دەستپێکی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی دادەنرێت و ئەم ڕۆژە بۆتە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی، لەماوەی پێنج ساڵ لە پێنجوڵات و شوێنی جیا بە چوار لاپەڕەی فولسکاپ، ٣١ ژمارەی لێدەرچووە، دروشمی ڕۆژنامەکە بریتی بوولە (کوردان ڕاپەڕین بەرپابکەن و هونەر و زانست فێربن).

سەردەمی ئەوان دراون بۆ گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوایەتی.
دوای جەنگی یەکەمی جیهان و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەست و بیری نەتەوایەتیی کورد زیاتر گەشەی کردو بەرەو پێش چوو، هەر ئەم گەشەکردنەش چەند شۆڕش و ڕاپەڕینی بە دوای خۆی هێناو تا ئێستاش بە شێوازو لە سەردەم و قۆناغی جیا جیا لەپێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی بێ پسانەوە بەردەوام درێژەی هەیە.

جووڵانەوەو شۆڕشەکانی کورد

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، بە تایبەتیش لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی قۆناغێکی نوێ و گرنگ لە بارودۆخی کوردستان هاتە پێش، هەست و بیری نەتەوایەتی بە شێوەیەک گەشەی کرد کە بووە هۆکار و پاڵنەر بۆ چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین .
لە هەموو بەشەکانی کوردستان ڕاپەڕین و شۆڕشی چەکداری دژی داگیرکەرانی کوردستان کراوە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، لە ڕووی ستراتیژییەوە ئەم شۆڕش و بزووتنەوانە تا ئاستێک لاوازبوون و ستراتیژێکی ئەوتۆی نەتەوایەتیان نەبووەو بنەماکانی یەکخستن و یەکگرتنەوەی بزووتنەوەو جووڵانەوە پەرش و بڵاوەکانی نەگەیاندۆتە ئەنجام، هەر ئەمەش بۆتە هۆکارێکی سەرەکی کە شۆڕش و جووڵانەوەکان سەرکەوتوو نەبن و بە شێوەیەکی غەمگین و کارەساتاوی لە لایەن دوژمنان و داگیرکەران سەرکوتکراون و کۆتاییان پێهاتووە، زۆربەی ڕابەر و سەرکردەکانیان چوونەتە ژێر پەتی سێدارەو شەهید کراون، نموونەی:
- شۆڕشی بۆتان، ساڵی ١٨١٢-١٩٠٨ باکووری کوردستان.
- بزووتنەوەی بەدرخان پاشا، ساڵی ١٨٤٣-١٨٤٦ باکووری کوردستان.
- شۆڕشی یەزدان شێر، ساڵی ١٨٥٣ باکووری کوردستان.
- شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (شەمزینی)، ساڵی ١٨٨٠- ١٨٨١ زاینی باکووری کوردستان.
- جووڵانەوەی شێخ عەبدوڵسەلامی بارزان، ساڵی١٩٠٨-١٩١٤.

- جوولانەوەی عەبدولڕەزاق بەدرخان، ساڵی١٩١٣.
- جوولانەوەکانی سەردار ڕەشید خانی ئەردەڵان، ساڵی ١٩٢١،١٩١٧-١٩٢٨ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید، ١٩١٩-١٩٣٢ باشووری کوردستان.
- شۆڕشی سمکۆی شکاک، ساڵی ١٩١٩-١٩٣٠ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- ڕاپەڕینی لوڕستان، ساڵی ١٩٢١-١٩٢٨ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.- ڕاپەڕینی حەمە ڕەشیدخانی بانە، ١٩٢٤-١٩٣٠، ١٩٤١-١٩٤٤ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، ساڵی ١٩٢٥ باکووری کوردستان.- شۆڕشی ئارارات (ئاگری داغ) بە ڕابەرایەتی جەنەڕال ئیحسان نوری پاشا، ساڵی ١٩٢٧-١٩٣١ باکووری کوردستان.
- شۆڕشی (ڕەنو) ئیلام ١٩٢٩ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- جولانەوەی شێخ ئەحمەدی بارزان، ساڵی ١٩٣١-١٩٣٤ باشووری کوردستان.
- ڕاپەڕینی دێرسیم، ساڵی١٩٣٧-١٩٣٨ باکووری کوردستان.
- شۆڕشی عامودا بە سەرۆکایەتی (سەعید ئاغا دەقوری) نیوەی یەکەمی حوزەیرانی ١٩٣٧ ڕۆژئاوای کوردستان.
- ڕاپەڕینی کوردەکانی ورمێ، ساڵی ١٩٤١-١٩٤٢ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستان فۆرمێکی تری بە خۆیەوە گرت، بە تایبەتی لە هەردوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی لە دوای جەنگی دووەمی جیهان (١٩٣٩-١٩٤٥) بەسەر ناوچەکە داهات، لەژێر تەوژمی بیری پێشکەوتووخوازی و دیموکراسی و شۆڕشی سۆسیالیستی و گۆڕانکاریی بنەڕەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیری، جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان مۆرکی پێشکەوتووخوازانەی وەرگرت، بۆرژوازی و چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی کوردستان وەک دوو هێزی سیاسی لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستاندا دەرکەوتن، هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەم گۆڕانکاریانەدا حزب و ڕێکخراوو کۆمەڵەی سیاسی دروست بوون،

چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان لە دەوری دروشم و ئاڵای حزبە سیاسییە نیشتمانییەکانی کوردستان کۆبوونەوە، ڕابەرایەتیی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی گرتە ئەستۆ، نەخشەو پڕۆگرامی دیاریکراو خەبات و تێکۆشانیانی ڕێکخست و حزبی سیاسی دروستبوون.

بەشی دووەم

دەستپێکێك بۆ سەردەمێکی نوێ

دروستبوونی حزب لە کوردستان

یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی کۆمەڵە کەسێکی هاوبیر و هاوباوەڕ لە بازنەیەکی دیاریکراو لە پێناو ئامانجی هاوبەش، ئەم تەرزە یەکگرتنە حزب و ڕێکخراوی وەک بوونەوەرێکی زیندوو لەنێو کۆمەڵگادا بنیاتنا، ئەمەش لە سایەی گەشەکردنی کۆمەڵگا بووە.

هەموو دۆزینەوە و داهێنانەکان بۆ ئەوڕوپییەکان دەگەڕێتەوە، لەبارەی پەیدابوونی حزبیشەوە هەمان بۆچوون هەیە، حزبی هاوچەرخ بەو مانایەی ئێستا لە ساڵی١٨٥٠ ز دامەزراوە، پێش ئەم مێژووە لە هیچ وڵاتێک بەو مانا و پێناسەیەی ئێستا حزبایەتی نەبووە، دەستە و یانە بوونی هەبووە، بۆ یەکەمین جار بیرۆکەی پەیدابوونی حزب لە ئەوڕوپا سەری هەڵداوە، لە سەرەتادا کۆمەڵێک خەڵک هاوڕا دەبوون بەرامبەر هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان، ئەم پرۆسەیە بەرەبەرە حزبی لێ چەکەرە بووە، وادەردەکەوێ حزبایەتی لەڕۆژئاوا بەرهەمی ململانێی هەڵبژاردن بووە، دوایی گەشەی پێدراوەو حزبی سیاسی دامەزراوە.

ڕۆژنامەی (کوردستان ١٨٩٨/٤/٢٢) لە لایەن (مقداد مەدحەت بەدرخان)، بۆ ناساندنی کێشەی کورد و بانگەشەکردن بۆ یەکگرتن لە نێوان سەرکردە و نیشتمانپەروەران و پیاوانی ئایینی و چین و توێژەکانی تری کۆمەڵی کوردەواری دەردەچوو، هەروا چاکسازە تورکەکان و شۆڕشی١٩٠٥ی ڕوسیا[1]، کاریگەری هەبووە لەسەر تێکۆشەرانی کورد و بەشداریان کرد لە هەردوو بزووتنەوەی چاکسازیی ئێران و تورکیاو ژیانی دەستووری، هێزو توانایان لەناو کۆمەڵە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشەنبیرییەکاندا ڕێکخست، ئەو گۆڕانکاریانە وایان کرد کە لە ساڵی ١٩٠٨

[1] شۆڕشی ڕووسیا١٩٠٥ –١٩٠٧شەپۆلێکی گەورەی ناڕەزایی و خۆپیشاندانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو کە ناوچەیەکی بەرفرەوانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیای قەیسەری گرتەوە، مانگرتنی کرێکاران و هەڵگەڕانەوەی سەربازی تیایدا ڕوویداو بە قۆناغی یەکەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دادەنرێت، کە توانیان چاکسازی لە دەستور بکەن.

کۆمەڵەی (تەعالی و تەرەقی)[1] کوردی بە سەرۆکایەتی (شێخ عەبدولقادری شەمزینی)[2] لە ئەستەمبۆل دروست ببێت، زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن یەکەمین حزبی کوردی کە دروستبوو(تەعالی و تەرەقی)یە، ئەم حزبە ڕابەرایەتی گەورەترین شۆڕش و جووڵانەوەی چەکداری کرد لە ساڵی ١٩٢٥ لە باکووری کوردستان، لە بەیاننامەیەکی فەرمی داخوازیەکانی شۆڕشی دەربڕی و بریتی بوون لە ڕزگاری کوردستان و پێکەوەنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. لە لایەکی تر بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی ئەرمەنی (یەکێتیی کورد) بە ڕابەرایەتیی شێخ عوبەیدوللای نەهری[3] لە ساڵی ١٨٨٠ دامەزراوە، هەروەها لەساڵی ١٩٠٠(کۆمەڵەی عەزم) لەباکووری کوردستان و(پەیوەندیی کورد) بە سەرۆکایەتیی شێخ عەبدولسەلام بارزانی[4] لە ساڵی ١٩٠٧ لە دهۆک ڕاگەیاندراوە.

لە بەشەکانی تری کوردستان، چەندین حزب و ڕێکخراو دامەزران، لە سەردەم

---

١ تەعالی و تەرەقی، ساڵی ١٩٠٨ بە سەرکردایەتیی شێخ عەبدولقادری شەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان و جەنەرال شەریف پاشاو چەند کەسێکی تر لەوانەی کە جاران ئەندامی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی و نوێنەری لاوەکانی زانکۆیەکانی ئەستەنبۆڵو قاهیرە و ئامۆژگا باڵاکانی ئەورووپا بوون دامەزرا.

٢ شێخ عەبدولقادری شەمزینی، کوڕی شێخ عوبەیدوللای نەهرییە لە ساڵی ١٨٥١لە شەمزینان لە دایک بووە، سەرۆکی کۆمەڵەی بووژانەوەی کورد (تەعالی و تەرەقی) بووە، لە دوای تێکشکانی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران لە ١٩٢٥لەگەڵ سەید محەمەدی کوڕی لە سێدارە دران.

٣ شێخ عوبەیدوللای نەهری، لە ساڵی ١٨٢٠ لە نەهری دایک بووە، کوڕی سەید تەهایە، سەرۆکی تەریقەتی نەقشبەندی بووە، لە ١٨٨٠ ڕاپەڕینی بەرپا کردو سەرکردایەتیی شۆڕشی کرد بۆ ڕزگاری نەتەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بە هۆی دیبلۆماسییەتی ئینگلیزو هێرشی ئێران و عوسمانییەکان ڕاپەڕینەکەی لە بەینچوو، خۆشی بە دیل گیراو لە ١٨٨٣ لە مەککە کۆچی دوایی کرد.

٤ شێخ عەبدولسەلام شێخ محەمەد بارزانی، لە ١٨٨٧ لەبارزان لە دایکبووە، لە ١٩٠٣ بووەتە شێخی ڕابەری نەقشبەندی، لە بەهاری ١٩٠٧ سەردانی شێخ نوری محەمەد بریفکانی کردووە، لەوێ ئامادەکاری دەکات بۆ شۆڕش لە دژی عوسمانییەکان، چەند داخوازییەکیان بە تەلەگراف ناردووە بۆ سوڵتان عەبدولحەمید، سوڵتان داواکارییەکانی بە جیابوونەوە داناو هێزێکی گەورەی ناردۆتە سەر بارزان، شێخ عەبدولسەلام ماوەی دوو مانگ بەرگریی کرد ناچار بووە بچێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گەڕانەوەیدا بۆ بارزان دەستگیر دەکرێت و لە ١٩١٤/١٢/١٤ لە مووسڵ لە سێدارە دراوە.

و لەدوای حکومەتی باشووری کوردستان[1] بەسەرۆکایەتیی (شێخ مەحمودی حەفید) چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراوو حزب دروستبوون وەک (جەمعیەتی کوردستان[2]، پێشکەوتن[3]، کۆمەڵی لاوان[4]، کۆمەڵی برایەتی[5]، لقی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق[6]، حزبی هیوا[7]، یەکێتی تێکۆشان)[8] هەروەها(کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ژ.ک)[9] کەپاشان بوو بە (حزبی دیموکراتی کوردستانی

---

[1] حکومەتی باشووری کوردستان، لە لایەن شێخ مەحمودی حەفید لە ١٩١٨ لە سلێمانی دامەزرا، ئینگلیزەکان بە مەترسی سەرخۆیان زانی و لە ١٩١٩/٦/١٢ هێرشیان بۆ هێناو شێخ مەحمود بە بریندارى دەسگیرکراو دوورخرایەوە بۆ هندستان، پاشان هێنرایەوە و ١٩٢٢/١٠/١٠کابینەی نوێی پێکهێناو خۆی بووە مەلیکی کوردستان، لە ١٩٢٤ دووبارە لەگەڵ ئینگلیزەکان نێوانی تێکچوو، لە لایەن فرۆکەکانی ئینگلیز سلێمانی بۆردوومان کراو حکومەت تێکچووە.

[2] جەمعیەتی کوردستان، لە لایەن موستەفا پاشای یامولکی لە ١٩٢٢/٧/٢١ لە سلێمانی دامەزراوە، بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی پڕوپاگەندەکانی تورکو بزووتندنی هەستی کوردان بۆ سەربەخۆیی، ڕۆژنامەیەکیشیان بە ناوی بانگی (کوردستان) دەرکردوە.

[3] پێشکەوتن، کۆمەڵەیەک بوو ئامانجی ڕۆشنبیرکردنی ئەندامان و ڕێکخستنیان بووە، لە ساڵی ١٩٢٦ لە لایەن ئینگلیزەکان داخراوە.

[4] کۆمەڵی لاوان، لە ساڵی ١٩٣٠ لە لایەن خوێندکارانی کورد لە پەیمانگاکانی بەغداو ژمارەیەک لە ڕۆشەنبیران دامەزراوە و ئامانجی ئاشکرای، ڕۆشنبیرکردن بووە.

[5] کۆمەڵی برایەتی، لە ساڵی ١٩٣٧بە سەرۆکایەتی شێخ لەتیف شێخ مەحمودی حەفید دامەزراوە و کۆمەڵێکی سیاسی بووە و ئامانجی ڕزگارکردنی کورد و کوردستان بووە، تا ساڵی ١٩٤٣چالاکی هەبووە.

[6] لقی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق، لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزراوە، لە ئایاری ١٩٦٦ یەکەمین کۆنفرانسی بەست و لە سێیەمین کۆنفرانسی خۆیدا لەکانوونی یەکەمی ١٩٦٧ بوو بە ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق، لە ٦/٣٠/ ١٩٩٣ بوو بە حزبی شیوعی کوردستان.

[7] حزبی هیوا، لە ساڵی ١٩٣٩ دامەزراو ڕەفیق حیلمی سەرۆکی بووە و ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان بووە، لە ١٩٤٤بوو بە دوو بەش بەشێکیان چوونە ناو حزبی شیوعی عێراق و ئەوانی تر پارتی کۆمەنیستی کوردستانی عێراقیان دروست کرد بە سەرۆکایەتیی ساڵح حەیدەری.

[8] یەکێتیی تێکۆشان، لە ١٩٤٤دامەزراوە و زۆربەی ئەندامە چالاکو ڕۆشنبیریەکانی لە حزبی هیوا بوون، لە هەمان ساڵ بووە بە حزبی شیوعی کوردستانی عێراق، ساڵح حەیدەری بووە بە سکرتێر، ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی(شۆڕش) دەرکردووە وحزبەکەش بە شۆڕش ناسرا.

[9] کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) لە ١٩٤٢/٨/١٦ لە لایەن دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی مهاباد دامەزراوە، بەڵام هەندێک پێیان وایە چالاکییەکانی (ژ.ک) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٣٧و١٩٣٩،سەرچاوەکان ئاماژەیان بە دوو کەسایەتی داوە وەک سکرتێری (ژ.ک) عەبدولڕەحمانی زەبیحی و حوسێنی فرووهەر، لە ١٩٤٥/٨/١٦ ناوی گۆڕاوە بۆ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

ئێران)[1] بە سەرۆکایەتیی پێشەوا (قازی محەمەد١٨٩٣-١٩٤٧)، کە توانی کۆماری کوردستان لە مهاباد لە ١٩٤٦/١/٢٢ ڕابگەیەنێت، لە ١٩٤٦/٨/١٦ پارتی دیموکراتی کوردستان[2] لە باشووری کوردستان دامەزراو ڕابەرایەتی شۆڕشی ئەیلولی[3] کرد لە ١٩٦١-١٩٧٥ بە سەرۆکایەتی (مستەفا بارزانی ١٩٠٣-١٩٧٩) دەسکەوتی ئەم شۆڕشە بەیاننامە مێژووەکەی١١ی ئازاری ١٩٧٠[4] بوو، کە حوکومەتی عێراق دانی نا بەمافی ئۆتۆنۆمی[5] بۆ کوردستان.

بەشێک لە ڕێکخراو و حزبە سیاسییەکانی کوردستان

- کۆمەڵەی عەزمی قەومی کوردستان ١٩٠٠-١٩٠٤ بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە باکووری کوردستان.
- کۆمەڵەی هێڤی ١٩١٠ لە لایەن خوێندکارە کوردەکان دامەزرا.

---

[1] حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە ١٩٤٥/٨/١٦ لە سەر بنەماکانی کۆمەڵەی (ژ.ک) دامەزراو پێشەوا قازی بوو بە سەرۆک، بە ڕابەرایەتی ئەم حزبە کۆماری کوردستان لە١/٢٢/ ١٩٤٦ دامەزرا، حزبی دیموکرات گەلێک سەختی و هەورازو نشێوو لێکترازانی هاتۆتە بەر ڕەوتی خەباتی، لە بەهاری ١٩٧٩ ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سێ ڕێبەری شەهید بووینە (پێشەوا قازی و قاسملوو شەرەفکەندی).

[2] پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦/٨/١٦ دامەزراوە، ناوی دەبێتە پارتی دیموکراتی کورد و مەلا مستەفا بارزانی هەڵدەبژێرن بۆ سەرۆکو شێخ لەتیفو کاکە زیاد کۆیی دەبنە جێگری یەکەم و دووەم، لە کۆنگرەی سێیەم دەبێتە پارتی دیموکراتی کوردستان و لە کۆنگرەی چوارەم ئیبراهیم ئەحمەد دەبێتە سکرتێر، پارتی لە تەمەنی خۆیدا لێکترازانی زۆری تیا کەوتووە، ١٣کۆنگرەی بەستووە، دواکۆنگرەی لە ٢٠١٠/١٢/١١.

[3] شۆڕشی ئەیلول، لە ساڵی ١٩٦١عەبدولکریم قاسم لە بەرامبەر کورد هەڵوێستی نێگەتیڤانەی نواندو فشاری سەربازی بۆ سەر کوردستان دەستپێکرد، لە بەرامبەردا خەڵکی کوردستان ڕاپەڕی و لە ١٩٦١/٩/١١شۆڕشیان هەڵگیرساندو پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابەرایەتی شۆڕشەکەی کرد.

[4] بەیاننامەی ١١ی ئازار، لە ئەنجامی گفتوگۆی نێوان حکومەت وسەرکردایەتیی کورد، ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار لە ١٩٧٠/٣/١١ ڕاگەیاندرا، ڕێکەوتننامەکە لە ١٥ خاڵ پێک هاتبوو، گرنگترین خاڵەکانی، داننان بوو بە مافی ئۆتۆنۆمی و خوێندن بە زمانی کوردی، پاش چوار ساڵ لە گفتوگۆ، حکومەتی عێراق ئامادە نەبوو هەندێک لە خاڵە گرنگەکان جێبەجێبکات، لە بەهاری ١٩٧٤ سەرکردایەتیی شۆڕش ناڕەزایی دەڕبڕی و شەڕ هەڵگیرسایەوە.

[5] ئۆتۆنۆمی،وشەیەکی یۆنانییە بە مانای (کەس+یاسا) یە، شێوە دەسەڵاتێکی خۆییە و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە و سەربەخۆیە لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیدا، بەڵام بەستراوەتەوە بە وڵاتێکی ترەوە لە ڕووی سیاسی و بەرگری و ئابوورییەوە، ئێستا لە زۆر لە وڵاتانی دونیا ئەم شێوازە دەسەڵاتە هەیە.

- یەکیەتیی تەلەبەی کورد ١٩١٠ لە باکووری کوردستان.
- کۆمەڵەی نەشری مەعاریفی کورد ١٩١٢/٧/١٧ لە ئەستەمبول بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان بەدرخان[١].
- کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان ١٩١٢ لە باکووری کوردستان.
- حزبی موحیبانی کوردستان ١٩١٢ لە باکووری کوردستان.
- کۆمەڵەی تەعالی کورد ١٩١٨/١٢/١٧ بە سەرۆکایەتیی شێخ عەبدولقادر.
- کۆمەڵەی کوردستان، ١٩٢٢/٧/٢١ باشووری کوردستان، بە سەرۆکایەتیی مستەفا پاشای یامولکی.
- کۆمەڵەی خۆیبوون ٥ /١٠ /١٩٢٧ - ١٩٤٦ باکووری کوردستان.
- ڕابتەی ئەلموریدین (رابطه المریدین)١٩٣٠ بە سەرۆکایەتی (ئیبراهیم خەلیل)[٢] لە ڕۆژئاوای کوردستان.
- ڕێکخراوی بروسک ١٩٣٦ لە بادینان (سەیدا ساڵح یوسفی)[٣].
- حزبی برایی ١٩٣٨ لە باشووری کوردستان.
- یەکیتیی لاوانی کورد ١٩٣٨ بە سەرۆکایەتیی عوسمان سەبری[٤] ڕۆژئاوای کوردستان.
- حزبی پشتیوانی کورد ١٩٣٨ باشووری کوردستان.

---

١ عەبدولڕەحمان بەدرخان، تێکۆشەرێکی باکووری کوردستان بوو لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان بوو.

٢ ئیبراهیم خەلیل، خەباتگێڕو کەسایەتیەکی سیاسیی ڕۆژئاوای کوردستان بوو.

٣ سەیدا ساڵح یوسفی، لە ١٩١٨لە بامەڕنێ لە دایک بووە، ١٩٤٣(دار العلوم/ الشریعه) تەواو دەکات، بەشداری دەکات لە دامەزراندنی کۆمەڵەی بر وسک لە١٩٣٩، هیوا ١٩٤٢، ڕزگاری کورد ١٩٤٥، پارتی ١٩٤٦، بۆتە ئەندامی سەرکردایەتیی و (م.س) لە دوای ڕێکەوتننامەی ئازاری١٩٧٠دەبێتە وەزیر و سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ لە بەغدا نیشتەجێ دەبێت، لە ١٩٧٦/٤/١٢ بەشداری لە دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دەکات و دەبێتە سکرتێر، لە کۆنگرەی یەکەمی (حسک) ١٩٨١بە نهێنی بە سکرتێر هەڵدەبژێردرێتەوە، لە ١٩٨١/٦/٢٥ شەهید دەکرێت.

٤ عوسمان سەبری، لە ١٩٠٥ لەگوندی (نارنجی) شاری مێردین لە دایک بووە، ساڵی ١٩٢٥ بەشداری لەشۆڕشی شێخ سەعیدی پیران کردووە، پاشان لە دیمەشق نیشتەجێ بووە، لە ١٩٥٧ بەشدار بووە لە دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کورد) لە ڕۆژئاوای کوردستان، لە ژیانی سیاسیی خۆیدا ١٨جار دەستگیرکراوە، لەڕۆژی ١٩٩٤/١٠/١٠ لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە.

- حزبی هیوا١٩٣٩-١٩٤٥ بە سەرۆکایەتیی ڕەفیق حیلمی[1] لە باشووری کوردستان.
- کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) ١٩٤٢-١٩٤٥ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- پارتی کۆمەنیستی کوردستان (پارتی شۆڕش) ١٩٤٤- ١٩٤٦ بە سەرۆکایەتی ساڵح حەیدەری[2] لە باشووری کوردستان.
- حزبی ڕزگاری کورد لە لوبنان شوباتی ١٩٤٥.
- هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق ١٩٤٥باشووری کوردستان.
- یەکبوونی ئازادی ١٩٤٥ باکووری کوردستان.
- حزبی ڕزگاری شوباتی ١٩٤٥- ئابی ١٩٤٦ باشووری کوردستان.
- حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران١٩٤٥/٨/١٦.
- پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق١٩٤٦/٨/١٦.
- پەیوەندی ڕۆناکبیرانی کورد ١٩٤٦ ڕۆژئاوای کوردستان.
- پارتی دیموکراتی کورد ١٩٥٦ ڕۆژئاوای کوردستان.
- پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا ١٩٥٧.
-کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکیتی کورد (کاژیک) ١٩٥٩/٤/١٤ باشووری کوردستان.
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ١٩٦٩ ڕۆژهەڵاتی کوردستان .
- کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ١٩٧٠/٦/١٠ – ١٩٩٢ باشووری کوردستان.
- پارتی سۆسیالستی کورد (پاسۆک) ١٩٧٥/٩/١١-١٩٩٢ باشووری کوردستان.
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٧٥/٦/١ باشووری کوردستان.

---

[1] ڕەفیق حیلمی، لە ١٨٩٨ لە کەرکوک لە دایک بووە، لە ئەستەنبۆڵ پەیمانگای ئەندازەی تەواو کردووە، لە شۆڕشی شێخ مەحمود ڕاوێژکار بووە، لە ١٩٣٩ بووە بە سەرۆکی حزبی هیوا، یارمەتی شۆڕشی بارزانی داوە، لە ١٩٦٠/٨/٤کۆچی دوایی کردووە، نووسەرووەرگێڕو بووە، چەندین کتێبی چاپکردووە.

[2] ساڵح حەیدەری، ١٩٢٢ لە دایک بووە، لە١٩٦١کۆلیژی ماف تەواو دەکات، کەسێکی ڕوناکبیر بووە و ڕۆڵی لەنێو حزبی شیوعی عێراق و یەکێتیی تێکۆشان هەبووە، بەشداری کاریگەری هەبووە لە ڕەوتی سیاسی لە عێراق و کوردستان، ئەندامی م.س حزبی شیوعی عێراق بووە، لە ٢٠٠١ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

- بزووتەوەی سۆسیالستی کوردستان ١٩٧٦/٨/٨ باشووری کوردستان، (حزبی سۆسیالست لە سەرەتای ١٩٧٦ لە بەغدا دامەزراوە، سەرەتا بەناوی بزووتنەوەی سۆسیالستی کوردستان بووە، ١٩٧٦/٨/٨ڕۆژی بڵاوبوونەوەی بەیانامەی دامەزراندنیەتی).
- لێژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە تەشرینی دووەمی ١٩٧٦-١٩٧٩/٨/٨ باشووری کوردستان)
- پارتی کرێکرانی کوردستان (PKK) ١٩٧٨/١١/٢٧ باکووری کوردستان.
- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران ١٩٨٠.
- پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان (پارتی گەل) ١٩٨١/٧/٢٦-١٩٩٢باشووری کوردستان.
- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ١٩٨٥/١٢/١٢ باشووری کوردستان.
- ئاڵای شۆڕش ١٩٨٥-١٩٩٢ باشووری کوردستان.
- بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق ١٩٨٧ باشووری کوردستان.
- پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ١٩٩٣/١٠/٢٢ باشووری کوردستان.
- حزبی شیوعی کوردستان ١٩٩٣/٦/٣٠ باشووری کوردستان.
- پارتی یەکێتیی دیموکرات (سوریا) ٢٠٠٣.
- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ١٩٩٤/٢/٦ باشووری کوردستان.
- کۆمەڵی دادگەری کوردستان، مایسی ٢٠٠١.
- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) ٢٠٠٤ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- بزووتنەوەی گۆڕان، ٢٠٠٩/٢/١١.

شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥

دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ(عەبدولکریم قاسم) کە لە بەڵێنەکانی خۆی بەرامبەر کورد پاشگەز بووەوە، شەڕ و پێکدادان دروستبوو، شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١/٩/١١ هەڵگیرسا، تا ساڵی ١٩٧٠ شەڕ بە پچڕ پچڕی و دانیشتن و گفتوگۆ بەردەوامی هەبوو، لە هەمان کاتیشدا ناکۆکی و ململانێ کەوتە نێوان ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان تا گەیشتە ئەوەی لە ساڵی (١٩٦٤و١٩٦٦) باڵی مەکتەبی سیاسی جیا بۆوە و پارتی بوو

بە دوو باڵ (مەلایی و جەلالی)[1].

هەرکاتێ حکومەتی عێراق لە ئەنجامی کۆدەتاو ململانێی نێوخۆدا لاواز با ئەوە داوای گفتوگۆو ڕێکەوتنی لە شۆڕشی کورد دەکرد، بە پێچەوانەشەوە گەر بەهێز و بێ کێشە با، ئەوە زمانی شەڕ و هێزی بەکار دەهێنا، لە ساڵی ١٩٧٠ شۆڕشی کورد بە ڕێبەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی عێراقی سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر، دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە و گفتوگۆ بەیاننامەی (١١ی ئازاری١٩٧٠)ی لێکەوتەوە.

پاش چوار ساڵ لە مۆرکردنی بەیاننامەی ١١ ئازار، کە پازدە خاڵی لە خۆگرتبوو، حکومەتی عێراق ئامادەنەبوو خاڵە سەرکییەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە جێبەجێ بکات، بەڵکو خۆی دەدزیەوە لە پیادەکردنی ڕێکەوتننامەکەو پەشیمان بووەوە لە هەموو بەڵێن و گفتەکانی کە دایبوو بە کورد، لە ١٩٧٤/٣/١١ تاکلایەنە یاسای ئۆتۆنۆمی کارتۆنی[2] ڕاگەیاند، کە پێچەوانەی ڕێکەوتننامەکە بوو، ئۆتۆنۆمی لە لایەن بەعس تەنیا بۆ ئەوە بوو کە بە جیهان بڵێ مافی ئۆتۆنۆمیمان داوە بە کورد و دامودەزگای تایبت بە خۆیان هەیە، سەرکردایەتیی شۆڕش یاسایەکەی ڕەت کردەوە، حکومەتی بەعس بە شەڕێکی خوێناوی وەڵامی کوردی دایەوە، سەرکردایەتیی کوردیش بۆ بەرگریکردن شۆڕشی ڕاگەیاند. بە درێژایی بەرەکانی شەڕ ڕۆژانە شەڕ و پێکدادان بەردەوام بوو هێزی پێشمەرگە ئەوپەڕی قارەمانیەتی دەنواند لە بەرامبەر سوپای عێراق، لە ماوەی نزیک لە ساڵێک لە شەڕ، سەرەڕای

---

[1] مەلایی و جەلالی، لە ئەنجامی ململانێی نێوان م.س پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی پارتی، لە ساڵی ١٩٦٤ لێکترازان لە نێو پارتی سەری هەڵداو بوو بە دوو باڵ، باڵی م.س بە ڕابەرایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی و مام جەلال ئەندامی م.س، باڵی دووەم بە سەرکردایەتیی سەرۆکی پارتی مەلا مەستەفای بارزانی، بۆ جاری دووەم لە ١٩٦٦هەمان کێشە سەری هەڵدایەوە و جوودابوونەوەی لێکەوتەوە، تا گەیشتە شەڕ و پێکدادان، باڵی مەکتەبی سیاسی ناسرا بە (جەلالی)و باڵی سەرۆکی پارتی بە (مەلایی).

[2] ئۆتۆنۆمی کارتۆنی، لە بەیانامەی ١١ئازاری ١٩٧٠ سەرکردایەتی کورد و بەعس ڕێکەوتن لە ماوەی چوار ساڵ مافی ئۆتۆنۆمی جێبەجێبکرێت، بەعس لە برگە سەرەکییەکان پەشیمان بۆوە، دەیویست ئۆتۆنۆمیێک بێت بە ویستی خۆی، سەرکردایەتیی شۆڕش بەمە ڕازی نەبوو، بەعس تاکلایانە ئۆتۆنۆمی لە بەهاری ١٩٧٥ڕاگەیاند، شەڕ هەڵگیرسایەوە، ئەم ئۆتۆنۆمیە بە لای کورد و شۆڕشەکەی ناو نرا ئۆتۆنۆمی کارتۆنی.

نابەرامبەری لە ژمارەی هێزو توانای سەربازی و پێشڕەوی سەربازی لە هەندێ ناوچەکان، ڕژێمی بەعس توشی بێهێزییێکی گەورە ببوو بە تایبەتیش لە ڕووی پێداویستییەکانی شەڕ، بەهای شەڕی کوردستان بە وتەی عێراقییەکان لە ساڵێکدا نزیکەی (١٠٠٠٠ کەس‌و ملیارێک دۆلار بووە).

سەرانی حکومەتی عێراق بۆ دەربازبوون لەم تەنگەژەیە بیریان لە ڕێگایەکی تر کردەوە بۆ شکستپێهێنانی شۆڕش، لە پەراوێزی کۆبوونەوەی سەرانی(ئۆپێک)[1] لەجەزائیر ١٩٧٥/٣/٤ بە هەوڵ و نێوەندگیری (هواری بومدیان)[2] سەرۆکی جەزائیر، سەددام حوسێن و شای ئێران (محەمەد ڕەزا شا) پێک بگەینێ و کۆببنەوە، دوای چەند کۆبوونەوەیەک، سەرئەنجام ڕێکەوتننامە شوومەکەی جەزائیری[3] نێوان ئێران و عێراقی لێکەوتەوە، دەستبەجێ ئێران پاڵپشتی و هاوکارییەکانی بۆ شۆڕش ڕاگرت، تۆپخانە و دژە هەواییەکانی کە لە حاجی ئۆمەران و دەوروبەری جێگیر کرابوون پێچایەوە و بەر و ئەو دیو سنووری خۆی بردنەوە، وا لەگەڵ عێراق ڕێکەوتبوو کە چیتر هاوکاریی شۆڕش نەکات و سنوور دابخات.

١٩٧٥/٣/١١ (بارزانی و دکتۆر مەحمود و موحسین دزەیی) دەچنە لای شا، شا پێی وتبوون: (ئێوە سێ ڕێگاتان لە پێشە، یەکەم/ عێراق لەسەر داواکاری من لێبووردنی گشتی بۆ هەمووتان دەرکردووە و دەتوانن بگەڕێنەوە، دووەم/ لە ئێران ببنە پەنابەر، سێیەم/ دەتوانن شەڕ بکەن، بەڵام ئێمە هیچ

[1] ئۆپێک، ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی نەوتییە کە لە ١٩٦٠/٩/١٤ لەلایەن وڵاتانی ئێران، ڤێنێزوێلا، عێراق، عەرەبستانی سعودیە و کوەیت لە بەغدا دامەزرا، بە ئامانجی سنووردارکردنی ئاستی بەرهەم هێنانی نەوت.

[2] هواری بومدیان، محەمەد ئیبراهیم بوخر وبە، لە ١٩٣٢لە دایک بووە، لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی جەزائیر لە ١٩٥٧ دەچێتە نێو سوپای ڕزگاریخوازی جەزائیر، لە دوای سەربەخۆیی لە ١٩٦٢ دەبێتە وەزیری بەرگری، لە ١٩٦٣ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی شۆڕش، لە ١٩٦٥/٦/١٩ کودەتا بەسەر هاوڕێی دێرینی (ئەحمەد بن بێلا) دەکات و دەبێتە سەرۆک کۆمار، لە ١٩٧٨کۆچی دوایی کردووە.

[3] ڕێکەوتننامەی جەزائیر، لە ئازاری ١٩٧٥ بە میانگیریی سەرۆکی جەزائیر هواری بومدیان، سەدام حوسێن و محەمەد ڕەزا شا ڕێکەوتن، کە ئێران چیتر کۆمەکی شۆڕشی کورد نەکات و لە بەرامبەردا عێراق داخوازییەکانی ئێران لە بارەی سنوورە ئاوییەکانی کەنداو جێبەجێبکات، پاش چەند ڕۆژێک لە دوای ڕێکەوتنامەکە، بەو پیلانە گەورەترین شۆڕی کورد هەرەسی پێهات.

یارمەتییەکتان نادەین و لە کۆتایی مانگی ئادارداا، سنوور دادەخەین)[1]، لە (١٩٧٥/٣/١٣) بارزانی و وەفدی یاوەری لە ئێران گەڕانەوە، ڕۆژانی (١٤ تا ١٩٧٥/٣/١٩) سەرکردایەتیی شۆڕش زنجیرەیەک کۆبوونەوەی ئەنجامدا، لە ٣/١٩ بڕیار درا کۆتایی بە شۆڕش بهێنرێت، وێڕای ئەوەی کە بەشێک لە سەرکردە و فەرماندەکان داوایان کرد کە شۆڕش بەردەوام بێت، هەوڵیاندا کە بڕیارێکی لەم جۆرە نەدرێت و درێژە بە شۆڕش بدرێت بە شێوازی جیاوازتر، بەڵام ئەم هەوڵەیان سەری نەرگرت، هەرەس بە شۆڕش هێندرا، بە بروسکەیەک لە (١٩٧٥/٣/٢٠) هێزی پێشمەرگە ئاگادار کرایەوە کە شەڕ ڕابگرن و بەرەکانی شەڕ چۆڵبکەن.

شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١-١٩٧٥) بەڕابەرایەتیی (مەلا مستەفا بارزانی)و پارتی دیموکراتی کوردستان گەورەترین و بە هێزترین شۆڕش بوو لە مێژووی جووڵانەوەی نیشتمانی کوردستان کە توشی شکست هات و جەماوەر و هێزی پێشمەرگە توشی ئەوپەڕی نائومێدی بوون، هەر چەندە شکستی شۆڕش دارمانێکی سەربازی و سیاسیی و سایکۆلۆجی و ڕۆحی لەنێو ڕیزەکانی شۆڕش و جەماوەر دروستکرد و کارەساتێکی جەرگ بڕ بوو، هەرچەندە شکستەکە ڕاستەوخۆ لە ئاکامی شکستی پێشمەرگە و تێکشکاندنی سەربازی نەبوو، بەڵکو بەشێکی هۆکارە سەرەکییەکەی لە ئەنجامی پیلانێکی دەرەکی بوو، کە لەناکاو بە سەر شۆڕشدا هات و سەرکردایەتیی شۆڕش وەک پێویست هەنگاوی هەڵنەهێنا لە بەرامبەر بارودۆخەکە، بەڵام ئومێدی نوخبە و بەشێکی زۆری بەشداربووانی شۆڕش نەکەوتنە تاریکی و هەر چەند مانگێک دوای شکست، شۆڕشی چەکداری هەڵگیرسایەوە. دوایی هەرەس سەرکردە و فەرماندە و پێشمەرگە دوو ڕێگایان لەبەر دەم ما، یان ئەوەتا ئاودیوی ئێران ببن و یان خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق بکەن، بەشێکی زۆر بە تایبەتی سەرکردەوە و فەرماندەکان ئاودیوی ئێران بوون،

[1] ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم/ هەولێر٢٠١٩، ل١٥.

چوونە شار و ئۆردوگاکان کە خێزانەکانیان لە وێ بوون، ئەوانی تر خۆیان ڕادەستی حکومەتکرد، لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا سوپای عێراق هەموو ئەو ناوچانەی داگیرکرد کە لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بوون.

بەشی سێیەم

خۆڕێکخستنەوە و خۆسازدان

ڕێکخستنەوە و خۆسازدان
بە دەسپێکردنێکی (نوێ)وەوە

لە شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١- ١٩٧٥) جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ڕێبەرایەتیی شۆڕشی دەکرد، سێ حزب و ڕێکخراوی تر بوونیان هەبوو، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)[١] و (کاژیک)[٢] کە بە نهێنی کاریان دەکردو هەندێک لە سەرکردە وکادیر و ئەندامەکانیان لەنێو ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلولدا پێشمەرگە بوون، (حزبی شیوعی عێراق)[٣] کە ئەوکات (١٩٧٢تا١٩٧٩) لەگەڵ بەعس لە یەک بەرەدا بووە، پاشان هەرسێک لایەن بەشداریان کرد

---

١ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە ١٩٧٠/٦/١٠ دامەزراوە سەرەتا بەناوی (کۆمەڵەی مارکسی_ لینینی بە بیر وباوەڕی ماوتسی تۆنگ) بووە، تا ساڵی ١٩٧١مام جەلال سکرتێری بووە، پاشان شەهابی شێخ نووری، لە دوای شەهیدبوونی ئەو، لە ئابی ١٩٧٥بە دواوە ئارام (شاسوار جەلال ١٩٤٧- ١٩٧٨/١/٣١) سەرپەرشتی کردووە و کەسی یەکەمی بووە، پاش شەهیدبوونی ئارام، نەوشیر وان مستەفا بۆتە سکرتێر تا هەڵوەشانەوەی لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٩٢/١/٢٧. لە کۆبوونەوەی (١٩٧٩/٥/١) ناوی گۆڕا بۆ(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)و سێ کۆنفراسی بەستووە (یەکەم لە ١٩٨١/٥/١دووەم لە ١٩٨٢/٨/٢١سێیەم لە ١٠-١٩٨٥/٧/٢٢) لە دوا کۆنفرانسدا کێشە و گرفتی تێکەوتووە و کۆمەڵێک سەرکردە و کادر و پێشمەرگە جیادەبنەوە (ئاڵای شۆڕش) دادەمەزرێنن.

٢ کاژیک، (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد)، لەسەر دەستی کۆمەڵیک لە ڕۆشنبیران و سیاسەتزانی کورد لە(١٩٥٩/٤/١٤) لە باشووری کوردستان دامەزرا،وەک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی دروشمی (کوردستان بۆ کورد و یەکسانی بۆگەل)ی بەرزکردەوە، تێکۆشانی لە پێناوی کوردستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆو گەلێکی ئازاد دابوو، لە لایەن جەمال نەبەز، فایەق عارف، کامیل ژیر، ئیحسان عبدالکریم، ئەحمەد هەردی، عەبدوڵلا جەوهەر، کەریمی مەکتەبە، شێرکۆ بێکەس، فەرەیدون عەلی ئەمین، مامۆستا عەلی، حەمەی عەزیز، شێخ محەمەدی هەرسین، عەبدوڵلا ئاگرین، غەفورئەمین و چەند کەسێک تر در وسبوو. لە ئازاری ١٩٧٤بەشداری لە شۆڕش کردو لە ئەنجامی هەرەسی شۆڕش خۆی هەڵوەشاندەوە، پاسۆک (پارتی سۆسیالیستی کورد)وەک جێگرەوە و لەسەر میراتی کاژیک لە (١٩٧٥/٩/١١) لە کەرکوک دامەزراو بەشداری لە شۆڕشی نوێ ١٩٧٦کرد.

٣ حزبی شیوعی عێراق لە ١٩٣٤/٣/٣١ دامەزراوە، ناوی (لجنه مکافحه الاستعمار والاستپمار) بووە و (عاسم فلیح) یەکەم سکرتێری بووە، لە ١٩٣٥ ناوەکەی دەبێتە حزبی شیوعی عێراق، یوسف سەلمان (فەهد) دەبێتە سکرتێر، حزبی شیوعی ڕۆڵی دەبێت لە شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨لە شوباتی١٩٦٣ کەوتە بەر هەڵمەتێکی کوشتن و بڕین لە لایەن بەعسی و قەومیەکان، نزیکەی پێنج هەزار شیوعی بوونە قوربانی بە سکرتێرەوە حوسێن ئەحمەد (سەلام عادل)، لە تەموزی ١٩٧٣ سکرتێر عەزیز محەمەد ڕێکەوتنێکی لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکر واژۆ کردو لەگەڵ حزبی بەعس چووە نێو (بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتووخواز) لە ١٩٧٨/١١/١٢ لەم بەرەیە هاتە دەر و بەشداری شۆڕشی نوێی کرد.

لە شۆڕشی نوێدا[1]، لە دوای (ڕێکەوتننامەی جەزائیر)و لە سەرەوبەندی هەرەسهێنانی شۆڕش، کۆمەڵێک لە سەرکردە و فەرماندەکان کە لە ناویاندا ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی بوون، پێشنیازیان بۆ سەرکردایەتیی شۆڕش کردووە بۆ بەردەوامبوون و درێژە پێدانی شۆڕش و شێوازی (شەڕی پارتیزانی)[2] بگرنە بەر، هەروا کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ناوچەی پێنجوێن هەوڵێکی لەم جۆرەیان داوە، بەڵام لەبەر چەند هۆییێک هەوڵەکان سەری نەگرتووە.

پاش ماوەیەکی کورت لە ئاوارەیی لە ئێران، پۆلێک لە سەرکردە و کادیر و فەرماندەکانی شۆڕش هاوهەڵوێست دەبن لە سەر ئەوەی ناکرێو نابێت ئاوها دەستەوەستان دابنیشن، بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک چەند کۆبوونەوەیەک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (نەغدە و ورمێ و مهاباد) بە ئامادەبوونی چەندین کادیری پێشکەوتووی سیاسی و فەرماندەکانی پێشمەرگە ئەنجام دەدرێن.

بە گوێرەی سەرچاوە و زانیاریی بەشداربووان، بەم جۆرە باس لە کۆبوونەوەکان کراون:

سێ هەفتە دوای شکستی شۆڕش، لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٧٥دا لە شاری ورمێ (ڕەزاییە) دانشتنێک کراوە و زیاتر لە (٣٠) کادیری پێشکەوتووی

[1] شۆڕشی نوێ، دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٦ لە لایەن یەکێتیی کە ئەو کات وەک نیمچە بەرەیەکوابوو هەر یەکە لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و کۆمەڵەی ڕنجەدەران و هێڵی گشتی تیا ئەندام بوون، کە ئەم سێ لایەنە بە دیدێکی نوێ بەشداری خەبات و تێکۆشانیان کرد، شۆڕشەکەش بووە شۆڕشێکی نوێ و بە (شۆڕشی نوێ) ناوزەد کرا.

[2] شەڕی پارتیزانی، شێوازێکە لە شەڕ کە تێیدا دەستەیەکی بچووک لە کەسانی چەکدار بە کەڵکوەگرتن لە چەند تاکتیکێک پەلاماری هێزێکی سەربازی گەورەتر و کەم جووڵەتر دەدەن و دەسبەجێ مەیدانی شەڕ بەجێ دەهێڵن.

پارتی بەشداریان تیاکردووە، لەوانە (عەلی عەسکەری[1]، دکتۆر خالید[2]، عەلی هەژار[3]، کاردۆ گەڵاڵی[4]، جەمال حەکیم ئاغا، عومەر مستەفا[5]، کەمال محێدین،

[1] عەلی عەسکەری لە ١٩٣٧ لەدایکبووە، لە ١٩٥٨بۆتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کەرکوک‌و لە کۆنگرەی پێنجەم بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی، لە شۆڕشی ئەیلول دەبێتە فەرماندەی هێزی خەبات. ١٩٦٤لە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی بووە، دوای هەرەسهێنانی شۆڕش گەڕایەوە باشووری کوردستان‌و بەشداریکرد لە دامەزراندنی (بزووتنەوە) ڕۆڵی هەبووە لە هەڵگیرساندن و دەستپێکردنی شۆڕشی نوێ، لە یەکەمین کۆبوونەوەی یەکێتی بە ئەندامی (م.س)و فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵبژێردرا، لە پاش کارەساتی هەکاری، ڕۆژی ١٩٧٨/٧/٧ لەگەڵ دکتۆر خالیدو حوسێن بابە شێخ لە لایەن (پدک–سەرکردایەتیی کاتی) شەهید دەکرێت.

[2] دکتۆر خالید سەعید لە ١٩٣٤لە دایک بووە، لە ١٩٥٨ بۆتە ئەندامی ناوچەی کۆیەی پارتی، لە شۆڕشی ئەیلول بۆتە فەرماندەی بەتالیۆن پاشان فەرماندەی هێزی کۆسرەت، لە دوای نسکۆ لەگەڵ هەڤاڵەکانی بەشداری لە دامەزراندنی (بزووتنەوە) کردووە، لە ١٩٧٦/٨/٨چۆتە شاخو بۆتە ئەندامی سەرکردایەتیی بزووتنەوە و یەکێتی، لە کارەساتی هەکارییدا١٩٧٨/٧/٧ بە دیلی لەگەڵ عەلی عەسکەری و حوسێن بابە شێخ لە لایەن (پدک–سەرکردایەتی کاتی) شەهید دەکرێت. دکتۆر خالید سەعید لە ١٩٣٤لە دایک بووە، لە ١٩٥٨ بۆتە ئەندامی ناوچەی کۆیەی پارتی، لە شۆڕشی ئەیلول بۆتە فەرماندەی بەتالیۆن پاشان فەرماندەی هێزی کۆسرەت، لە دوای نسکۆ لەگەڵ هەڤاڵەکانی بەشداری لە دامەزراندنی (بزووتنەوە) کردووە، لە ١٩٧٦/٨/٨چۆتە شاخو بۆتە ئەندامی سەرکردایەتیی بزووتنەوە و یەکێتی، لە کارەساتی هەکارییدا١٩٧٨/٧/٧ بە دیلی لەگەڵ عەلی عەسکەری و حوسێن بابە شێخ لە لایەن (پدک–سەرکردایەتی کاتی) شەهید دەکرێت.

[3] عەلی هەژار، عەلی عەبدوڵڵا عەلی لە ١٩٤٣ لە دایک بووە، ١٩٦٢ پەیمانگای مامۆستیان و ١٩٧٦ کۆلیژی یاسای تەواو کردووە، بۆتە بەرپرسی لقی دووو ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتی، یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی (بزووتنەوە)و بۆتە ئەندامی سەرکردایەتیی (حزبی سۆسیالستی کوردستان) ئەرکی لێپرسراویەتی ناوخۆیی هەڵسوڕاندووە، لە ١٩٧٩/٤/٩ لە هەولێر لەگەڵ شەهید کاردۆ گەڵاڵی دەستگیر دەکرێن و لە ١٩٨٣/٥/٢شەهید دەکرێت.

[4] کاردۆ گەڵاڵی، لە ١٩٥١لە دایک بووە، پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیان و پارتی کردووە، لە کۆلیژی یاسا خوێندکاربووە، بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە، پاش هەرەسی شۆڕش، لەگەڵ هەڤاڵەکانی بەشداری لە دامەزراندنی (بزووتنەوە) کردووە و بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی و لەگەڵ شەهید عەلی هەژار سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی ناوخۆیی کردووە،١٩٧٨ بۆتە پارێزەر، لە ١٩٧٩/٤/٩ لەگەڵ شەهید عەلی هەژار دەستگیر دەکرێت و لە ١٩٨٣/٥/٢شەهید دەکرێت.

[5]عومەر مستەفا (عومەر دەبابە) لە ١٩٢٣لە دایک بووە، ١٩٥١ خوێندنی مافی تەواو کردووە، لە کۆنگرەی دووەم و سێیەم و چوارەم بە ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی هەڵبژێردراوە، لە ١٩٦٤ پشتگیری لە باڵی م.س کردووە، لە دوای هەرەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداری لە کۆبوونەوەکان کردووە بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی (بزووتنەوە)و ١٩٧٦ چۆتە شاخو لە ١٩٧٧دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی، ١٩٩٢/١/٢٩لە کاتی کۆنگرەی یەکی یەکێتی کۆچی دوایی کردووە.

ڕەسوڵ مامەند[1]).

(٤/٢٢/ ١٩٧٥) لە شاری ورمێ کۆبوونەوەیەک بە ئامەدەبوونی (١٤) کادری پێشکەوتوو ئەنجام دەدرێ[2].

قادر عەزیز دەڵێت: هەر لەم سەر وبەندەدا، کۆبوونەوەیەکی تر لە ماڵی عەلی عەسکەری لە مهاباد دەکرێت، تا بزانرێ چی بکرێت. ئەوانە ژمارەیەکی زۆر بوون، لەوانە (عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید، عەلی هەژار، دکتۆر مەحمود عوسمان، کاردۆ گەڵاڵی، سەعدی گچکە[3]، مەلا ناسیح ئیسماعیل[4]، قادر عەزیز لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کادران)[5].

(کۆمەڵێ لە کادیرانی هوشیار بە تایبەتی کادیرانی پلە دوو لە شاری نەغدە کۆدەبنەوە، لە ناویاندا عەلی هەژار وەکو ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی هەروەها کادیرانی وەکو مەلا ناسیح، ڕەحمان گۆمەشینی، سەید مەجید، قادر

---

١ ڕەسوڵ مامەند، لە ١٩٤٤ لە گوندی بەردەشانی ناوچەی مەرگە لە دایک بووە، ١٩٦١ پەیوەندی بە پارتی کردووە و لە ١٩٦٧ بۆتە بەرپرسی ناوچەی قەڵادزە، ١٩٧١ بۆتە کارگێڕی لقی سێی پارتی لە کەرکوک، لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان ولەگەڵهەڤاڵەکانیدا (بزووتنەوە) دادەمەزرێنن ولەگەڵ یەکەم مەفرەزەی بزوتنەوە دەچێتە شاخو دەبێتە ئەندامی (م.س)ی یەکێتی و لە پاش کۆنگرەی یەکەمی (حسک)و شەهیدبوونی سەیدا ساڵح دەبێتە سکرتێر و پاش ڕاپەڕین دەچێتە نێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ١٩٩٤/٤/١٢ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە.

٢ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم / هەولێر٢٠١٩، ل٢٢.

٣ سەعدی گچکە، سەعدی عەزیز ١٩٤٦ لە دایک بووە، ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە و بۆتە سەرپەڵو پاشان سەرلق و دواجاریش فەرماندەی بەتالیۆن، دوای هەرەسهێنانی شۆڕش گەڕاوەتەوە باشوری کوردستان ولەگەڵهەڤاڵەکانی بزووتنەوەیان دامەزراندوە و لە ١٩٧٦/٨/٨لەگەڵچەند تێکۆشەرێک چوونەتە شاخو بووە بە ئەندامی سەرکردایەتیی بزوتنەوە و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیو فەرماندەی هەرێمی دەشتی هەولێر، لە ١٩٧٨/٣/٨ لە داستانی (دەشتێو) لەناوچەی قەلادزێلەگەڵ١٢ کادیر و پێشمەرگە شەهید دەبێت.

٤ مەلا ناسیح، ئیسماعیل خدر عومەر لە ١٩٣٢ لە دایک بووە، ئامۆژگای ئیسلامی لە بەغدا تەواو کردووە، پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات و بەرپرسیارەتی وەردەگرێت، لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت و پاشان دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان و بەشدار دەبێت لە دامەزراندنی(بزووتنەوە)و ١٩٧٧دەچێتە شاخ، لە کۆنگرەی یەکەمی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان) دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی، لە ٢٠٠١/٩/٨ لە سلێمانی کۆچی دوایی دەکات.

٥ ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم / هەولێر٢٠١٩، ل٢٣.

شۆڕش[1]، بەکر عەلی، نوری عەبدولڕەحمان، دکتۆر خالید، مەلا عومەری چل هەوێزە ١٩٣٧-١٩٨٣و زۆری تر)[2].

عەلی عەسکەری بۆ عەبدولستار تاهیر شەریفی[3] گێڕاوەتەوە: (کۆبوونەوەیەک لە شاری مهاباد لە ماڵی ئێمەدا بەسترا. لەو کۆبوونەوەیەدا من و ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر مستەفا و دکتۆر خالید و سەعدی گچکەو عارف تەیفور و حەمە رەزا و ...تاد، سێ پرۆژە مناقشەکران)[4].

چەندین دانیشتن و کۆبوونەی جیاواز لە شارەکانی کوردستانی ئێران ئەنجامدرا، وەک (نەغدە، مهاباد، ورمێ) لە گرنگترین ئەو کۆبوونەوانە ئەوە بوو لە نیسانی ١٩٧٥ لە ورمێ لە ماڵی عومەر مستەفا(عومەر دەبابە) بەسترا. چەندین سەرکردە و کادری شۆڕشی ئەیلوول لەو کۆبوونەوەیە بەشدار بوون، لەوانە: (ڕەسول مامەند، عەلی عەسکەری، خالید سەعید، عەلی هەژار، کاردۆ گەڵاڵی و سەعدی گچکە) چەندین لێپرسراوی تری عەسکەری لەم کۆبوونەوەیە بەشدار بوون، ئەم کۆبوونەوەیە بە مەبەستی داڕشتنی بیرۆکەی دروستکردنی ڕێکخراوێک ئەنجامدرا[5].

سەید کاکە[6] لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت: (مەلا ناسیح و سەید مەجید لە نەغەدە پێیان گوتم، کاک عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە و هەموو ئەوانەی کە کۆکن

---

١ قادر شۆڕش، ١٩٢٤ لە گوندی (قەراسنج)ی گەورە لە دایک بووە، ١٩٦٣بۆتە ئەندامی ناوچەی پارتی لە ١٩٦٤وەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی کەوتووە، لە ١٩٧٠ بۆتە بەرپرسی ناوچەی کۆیە، پەیوەندی بە بزووتنەوە دەکات و دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناو شار، ١٩٧٩دەچێتە شاخو لە یەکەم کۆنگرەی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان) دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی لقی هەولێر، لە ١٩٨٣/٦/١١بە نەخۆشی (ڕیخۆڵە کوێرە) کۆچی دوایی دەکات.

٢ شاخەوان شۆڕش، قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان، چاپی دووەم ٢٠٠١- ٢٠٠٠، ل٩١.

٣ عەبدولستار تاهیر شەریف، لە ١٩٣٥لەدایکبووە، ١٩٦٦ - ١٩٦٩ بەرپرسی لقی سێ بووە و لە ١٩٧٣ بۆ ١٩٧٥سکرتێری (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان)ی سەر بە بەعس بووە، لە ١٩٩٥ بۆتە مامۆستای زانکۆی سلێمانی، دوایی چۆتە نیوزلەندا و پاشان گەڕاوەتەوە و لە ٢٠٠٤ لە زانکۆی کەرکوک کراوە بە سەرۆکی کۆلیژی پەروەردە، لە ٢٠٠٨/٣/٥ لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە لە شاری کەرکوک کوژراوە.

٤ ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم / هەولێر٢٠١٩، ل٢٣.

٥ کاوە تەیب جەلال، کەرتبوون لە نێوان پارتە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان، چاپخانەی حەمدی/ ٢٠١٧، ل١٥٥.

٦ سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەک، چاپخانەی ڕۆشنبیری/ ١٩٩٧، ل٧٤.

لەگەڵ مام جەلال دابووین بەتەماین بگەڕێینەوە بۆ عێراق، تۆش وەرە بچینە لای عەلی عەسکەری کە ماڵی لە مهابادە، چووم خەڵکانێکی زۆری جەماعەتەکەی لەوێ بوون، کاک عەلی گوتی دەگەڕێینەوە چوونکە ناتوانین لێرە هیچ بکەین).

لە سەرەتای مانگی ١٩٧٥/٤ یەکەم کۆبوونەوەی لە ورمێ بە ئامادەبوونی (عەلی عەسکەری، د.خالید، عەلی هەژار، کاردۆ گەڵاڵی، جەمال ئاغا، رەسوڵ مامەندو جەمال خۆشناو[1]) گرێدراوە[2].

سیاسەتی شۆڤێنیانەی بەعس هۆکار و پاڵنەری گەورە بوو، تاوەکو هەندێ لە سەرکردە وپێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول بیر لە درێژەپێدانی خەبات و بەرەنگاریی بکەنەوە و بکەونە بیری دامەزراندنی ڕێکخراوو پارتی سیاسیی نوێ. بۆ ئەو مەبەستە لە ناوەڕاستی مانگی(نیسانی ١٩٧٥)دا یەکەم کۆبوونەوەی گرنگی چارەنوسساز لە شاری ورمێی ئێران لە ماڵی عومەر مستەفا(عومەر دەبابە) بەسترا، بەشدارانی ئەم کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە (عەلی عەسکەری، رەسوڵ مامەند، مەلا ناسیح، عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، تاهیری عەلی والی بەگ[3]، سەلیم ئاغۆک، کەمال محێدین و چەند کەسێکی تر)[4].

---

١ جەمال خۆشناو، جەمال ئەحمەد فەقێ لە ١٩٥٥ لە دایک بووە، بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە و بۆتە فەرماندەی بەتالیۆن، لە ١٩٦٤ لایەنگری باڵی م.س کردووە و لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ لە دامەزراندنی (بزووتنەوە) بەشداریکردووە، لە ١٩٧٦ دەچێتە شاخو دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتیی بزووتنەوە، لە مانگی یانزەی ١٩٧٧لە بناری کۆسرەت لە لایەن ڕژێم بە دیلی دەگیرێو بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت و پاشان بڕیارەکە دەگۆڕدرێت بە زیندانیکردنی هەتاهەتایە، لە١١/٨/ ١٩٧٩ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێت، لە ١٩٨٥/٩/٢٦ لە لایەن پیاوانی ڕژێم لە کۆیە شەهید دەکرێت.

٢ مەسعود عەبدولخالق، ناسنامەی حزابە کوردستانیەکان، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم/ هەولێر، ٢٠١٢، ل١٢٠.

٣ تاهیری عەلی والی بەگ، ١٩٣٨لە سلێمانی لە دایک بووە، ١٩٦٠ بۆتە ئەفسەر و ١٩٦٢ پەیوەندی بە شۆڕش کردووە و بۆتە سەرلق پاشان فەرماندەی بەتالیۆن لە دۆڵی ئاکۆیان و دواتر فەرماندەی هێزی سەفین و قەرەداغ، لە دوای نسکۆ ١٩٧٥ بەشداری لە دامەزرێندنی (بزووتنەوە) کردووە ولەگەڵیەکەم مەفرەزەی بزووتنەوە چۆتە شاخ، لە ١٩٧٧ بۆتە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی و لە پێکهێنانی (حزبی سۆسیالستی یەکگرتووی کوردستان ئەبێتە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی و لە دوای کۆنگرەی یەکەمی (حسک) بۆتە ئەندانی م.س، ١٩٨٢/١٢/٢ لە قەندیللەگەڵ١٢ هەڤاڵی لە بەر سەرماو سۆڵەی بەفر شەهید دەبن.

٤ سەلام عەبدولکریم: ژیانی سیاسیی لە باشووری کوردستان، چاپخانەی چوار چرا/ چاپی یەکەم ٢٠١١ ل٣٩.

بە گوێرەی ئەم سەرچاوە و زانیاریانەی ئاماژەمان پێداوە لەناوەڕاستی مانگی (نیسانی١٩٧٥) کە کەمتر لەمانگێگ بەسەر هەرەسهێنانی شۆڕشدا ڕەتبووە، بۆ ڕێگا چارەیەکو خۆڕێکخستنەوە، چەند کۆبوونەوەیەک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (نەغەدە و ورمێ و مهاباد) لە ماڵی عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری ئەنجامدراون، بە مەبەستی دانانی بەرنامەیەک بۆ کاری داهاتوویان ئەمانەو چەندین سەرکردە و فەرماندەو کادیرانی شۆڕشی ئەیلول بەشداریان تیا کردووە، ئەنجام گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە لە ئێران ناتوانن هیچ بکەن، چونکە ڕژێمی شا چاودێری خستبووە سەر سەرکردە وکادیر و فەرماندەکانی شۆڕش، بۆیە پێویستە بگەڕێنەوە باشووری کوردستان و لەوێ خۆیان ساز و ڕێکبخەن بۆ خەبات و تێکۆشان، ئەم پۆلە کادیرە لە هەردوو باڵی پارتی (جەلالی و مەلایی) پێک هاتبوون، ئەمەش بۆ ئەوە بووە بزاڤێکی نوێ ڕێکبخەن، هەروا چەند بڕیارێکیان بۆ کاری داهاتویان لە نێوخۆدا دەرکردووە.

-بە هیچ جۆرێک نەچنە دەرەوە (ئەوڕوپا و ئەمەریکا).

-لە ئێران نەمێننەوە و ئەم وڵاتە جێبهێڵن .

-بگەڕێنەوە باشووری کوردستان .

-هەوڵبدرێت زۆرترین کادیر و خەڵکی تر بنێرنەوە باشووری کوردستان، چونکە ئەوێ شوێنی خەباتی ئەوانە.

-دوای گەڕانەوە بە بەردەوامی پەیوەندیان بە یەکەوە هەبێت.

- دوایی یەکتر گرتنەوە، ڕێکخرویکی سیاسی کە بزاڤێکی نوێ بێت دابمەزرێنن[1].

ئەمە بەرنامەی ئەم پۆلە تێکۆشەرانە بوو کە هەرگیز لەگەڵ ئەوە نەبوون هەرەس بە شۆڕش بهێنرێت و داوای ئەوەیان دەکرد کە شۆڕش بەردەوامی پێبدرێت، بەڵام بەداخەوە گوێیان لێنەگیرا.

مام جەلال لە دەرەوەی کوردستان بووە، پاش نزیکەی مانگێک لە دوای شکستی شۆڕش، لە سوریا کەوتە هەوڵ و تێکۆشان بە مەبەستی

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

دروستکردنی ڕێکخراوێکی سیاسی، چەند سەردانێکی بۆ میسر و لوبنان و لیبیا ئەنجامدان و پەیوەندی بە چەندین تێکۆشەر لە سوریا و ئەوڕوپا و ناوەوەی کوردستان کرد، بیروبۆچوونەکانی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ کردن، لە دوای چەند کۆبوونەوەیەک کە لە دیمەشق ئەنجامدران، بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نوێ بە ناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) درا، کە خەباتی سیاسی و چەکداری لە ئەستۆ بگرێت، بۆ ئەم مەبەستە کۆمیتەیەک پێکهێنرا بە ناوی دەستەی دامەزراندن کە ژمارەیان حەوت کەس بوون.

١.مام جەلال.

٢.دکتۆر کەمال فوئاد[1].

٣.نەوشیروان مستەفا[2].

٤.عادل موراد[3].

---

١ دکتۆر کەمال فوئاد، کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد لە ١٩٣٢لەدایک بووە، لە ١٩٥٤ بۆتە بەرپرسی لیژنەی محەلیی حزبی شیوعی لە سلێمانی، دەچێتە ئەور وپا بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا، ١٩٧٢ دەبێتە مامۆستای زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٤ ڕوودەکاتە شاخو پاشان دەچێتە هەندەران، لە دامەزراندی یەکێتی بەشداردەبێت و دەبێتە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر،١٩٧٧ دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و م.س، لە سێیەمین کۆنگرەی یەکێتیی (١/٦–٢٠١٠/٦/١٢) دەست لەکاری بەرپرسیارێتیی دەکێشێتەوە، لە ٢٠١٤/١١/١٥ لە ئەلمانیا کۆچی دوایی کردووە.

٢ نەوشیر وان مستەفا، ١٩٤٤ لە دایک بووە، ١٩٦٣ بۆتە ئەندامی سکرتاریەتی(ی ق ک)، ١٩٦٧ کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی تەواو کردووە، هەمان ساڵ بۆتە ئەندامی لقی سلێمانیی پارتی، ١٩٦٩ بۆتە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری ڕزگاری، لە ١٩٧٢ دەچێتە نەمسا بۆ خوێندن، ١٩٧٥ بەشداری دەکات لە دامەزراندنی یەکێتی، ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە کوردستان و دەبێتە سکرتێری کۆمەڵە و جێگری سکرتێری یەکێتی، لە ٢٠٠٦واز لە یەکێتی دەهێنێت و کۆمپانیای وشە دادەنێت، ٢٠٠٩ بزووتنەوەی گۆڕان دادەمەزرێنێت،وێڕای کاری سیاسی بەرهەمی ڕۆشەنبیری و ئەدەبی و مێژوویی و سیاسی هەبووە و چەندین کتێبی لەم بوارانە بە چاپ گەیاندووە، لە ٢٠١٧/٥/١٩ کۆچی دوایی کردووە.

٣ عادل موراد، ١٩٤٩لە دایک بووە، ١٩٦٩ بۆتە ئەندامی ناوچەی باڵەک، لە ١٩٧٠ لە کۆنگرەی قوتابیان بۆتە سکرتێر، ١٩٧٤ چۆتە شاخو لە نسکۆی ١٩٧٥ چۆتە سوریاو بەشداری لە دامەزراندنی یەکێتی کردووە و لە دەستەی دامەزرێنەر بووە، ١٩٧٩ هاتۆتەوە کوردستان و پاشان گەڕاوەتەوە سوریا، ١٩٨١ چۆتە نێو (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)و لە کۆنگرەی یەکەم دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی، ١٩٩٤ دەچێتەوە نێو یەکێتی و دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی، لە ٢٠١٨/٥/١٨ کۆچی دوایی کردووە.

٥.عەبدولڕەزاق فەیلی[1].
٦.دکتۆر فوئاد مەعسوم.
٧.عومەر شێخموس.

لە ١٩٧٥/٥/٢٥ بەیاننامەیەکیان نووسی و لە ١٩٧٥/٦/١ لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دیمەشق بڵاوکرایەوە، پاشان وەرگێڕدرایە سەر چەندین زمان و لە ئەوڕوپاش بڵاوکرایەوە، ئەم ڕاگەیاندنە لە هەڵومەرجی سیاسیی ئەوێ ڕۆژێدا دەنگدانەوەیەکی گرنگ و پڕبایەخی هەبوو بۆ کوردستان، کە بە هۆی شکستهێنانی شۆڕش نائومێدی باڵی کێشابوو بەسەر وڵات. بۆ بەهێز کردنی ئەم ڕێکخراوە نوێیە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا جۆش‌و خرۆش بداتەوە بە هەڵسانەوە و خەبات و تێکۆشان لە باشووری کوردستان، پەیوەندیان کردوە بە تێکۆشەرانی ناوەوەی کوردستان و دەروە.

لە کۆبوونەوەی ڕۆژانی ٢٣-١٩٧٦/٥/٢٤ کە لە دیمەشق ئەنجامدرا مام جەلال پڕۆژەیەکی بە ناوی (نەخشەی ڕزگاری)[2] ئامادەکردبوو، هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا کە خەباتی چەکداری دەستپێبکرێتەوە، لە ١٩٧٦/٦/١ پۆلێک پێشمەرگە بە فەرماندەیی ئەندازیار (ئیبراهیم عەزۆ)[3] لە قامیشلۆوە بەرێدەکەون بۆ باشووری کوردستان، ناوچەی بادینان.

---

[1] عەبدولڕەزاق فەیلی، عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا ناسراو بە (عەبدولڕەزاق فەیلی) لە ساڵی ١٩٤٥ لە بەغدا لە دایک بووە، لە ١٩٦١ دەچێتە ڕیزی یەکێتیی قوتابیان، لە ١٩٦٧ خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە، لە ١٩٧٢ دەبێتە سکرتێری یەکێتی لاوانی کوردستان، لە دوای نسکۆ دەچێتە سوریاو یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چەندین پۆستی بەرپرسیاریەتی لە نێو یەکێتی و حکومەت بینیوە، لە ٢٠١٨/٦/١٣ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە.

[2] نەخشەی ڕزگاری، ئەو پڕۆژەیە بووە کە چۆن شۆڕشی چەکداری دەستپێبکرێتەوە و لە لایەن مام جەلال نووسراوە و لە کۆبوونەوەکانی ڕۆژانی ٢٣-١٩٧٦/٥/٢٤ یەکێتی لە شام تاوتوێ کراوە و پەسند کراوە، بڕیاردراوە دەستەی پێشمەرگە بە شێوازی پارتیزانی ساز بکرێن و ڕەوانەی کوردستان بکرێنەوە، لە ١٩٧٦/٦/١ یەکەم مەفرەزەی چەکداری بە فەرماندەی ئیبراهیم عەزۆ لە سوریاوە هاتوونەتەوە کوردستان و ناوچەی بادینان بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ.

[3] ئیبراهیم عەزۆ ناسراوە بە جەبار، ١٩٤٩ لە گوندی (گرڤر)ی عەین زالە لە دایکبووە، کۆلیژی ئەندازیاری تەواوکردووە، لێپرسراوی لیژنەی یەکێتی قوتابیان بووە لە زانکۆ سەر بە باڵی م.س بووە، لە سوپا بۆتە ئەفسەر خولی مەشقی لە میسرو سۆڤیەت بینیوە و بۆتە (نەقیب) ١٩٧٠ بۆتە ئەندامی کۆمەڵە، ١٩٧٥/٩/١٦ لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی چوونەتە سوریا، فەرماندەی یەکەم دەستەی چەکداری شۆڕشی نوێ بووە کە لە سوریا گەڕاونەتەوە کوردستان، لە ١٩٧٦/١٠/١٩لەگەڵهەشت پێشمەرگە لە لایەن پارتی/سەرکردایەتی کاتی شەهید دەکرێن.

هاوکات پۆلێک لە سەرکردە و کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول، پارتی دیموکراتی کوردستان/ سەرکردایەتی کاتی(قیادە موقتە)[1] لە(١٩٧٥/١٢/١٠) دادەمەزرێنن و بە بەیاننامەیەک خۆیان ڕادەگەیەنن و لە (٢٦ گوڵانی ١٩٧٦[2]) بەشداری لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش دەکەن، دامەزرێنەران بریتی بوون لە:

١.مەسعود بارزانی.

٢.ئیدریس بارزانی[3].

٣.سامی عەبدولڕەحمان[4].

٤.جەوهەر نامیق[5].

---

[1] سەرکردایەتیی کاتی(قیادە موقتە) لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ کۆمەڵێک سەرکردە و کادیر و فەرماندەی پارتی و شۆڕشی ئەیلول لە ژێر ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان/ سەرکردایەتیی کاتی (قیادە موقتە) خۆیان ڕێکخستەوە و لە ١٩٧٥/١٢/١٠یەکەم بەیاننامەیانەی دامەزراندنیان بڵاوکردەوە و کە تیایدا سیاسەتی نوێ و ئامانجو شێوازی خەباتیان دیاریکردووە.

[2] شۆڕشی گوڵانی ١٩٧٦، لە دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان/ سەرکردایەتیی کاتی (قیادە موقتە) لە ١٩٧٥/١٢/١٠دامەزراو لە ١٩٧٦/٥/٢٦ (٢٦ی گوڵان) بەشداریکرد لە هەڵگیرساندنەوی شۆڕشی چەکداری دژ بە ڕژێمی فاشی عێراق، ئەم بەشداریەی بە شۆڕشی ٢٦ی گوڵان ناوزەند کرد.

[3] ئیدریس مستەفا بارزانی، ١٩٤٤ لە دایکبووە، ١٩٦١ دەبێتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول، ١٩٦٧دەبێتە بەرپرسی بارەگای بارزانی و لە ١٩٧٠ ڕۆڵێکی دیاری دەبێت لە ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار، لە کۆنگرەی هەشت دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و م.سو بەرپرسی مەکتەبی سەربازی، لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ سەرپەرشتی ئاوارەکان دەکات و بەشداری لە هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان دەکات، لە ١٩٨٧/١/٣١لە گوندی (سلێڤانا)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کردوە.

[4] سامی عەبدولڕەحمان، محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان لە ١٩٣٢/٣/٢١ لە دایک بووە، ١٩٥٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاری کارەبا لە بەریتانیا بە دەست هێناوە، ١٩٥٨گەڕاوەتەوە، کادیرێکی دیاری شیوعی بووە، لە شۆڕشی ئەیلولو دەبێتە پارتی و لە کۆنگرەی حەوت ١٩٦٦دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و م.س، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی (قیادە موقتە) لە کۆنگرەی نۆواز دەهێنێت و لە ١٩٨١ پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنێ، لە ١٩٩٢دەگەڕتەوە ناو پارتی و لە ١٩٩٦دەبێتە سکرتێر، لە یەکی شوباتی ٢٠٠٤شەهید دەبێت.

[5] جەوهەر نامیق سالم، ١٩٤٦ لە دایکبووە، لە زانکۆی موستەنسەریە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٥ بۆتە ئەندامی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی (قیادە موەقەتە) لە ١٩٧٩ بۆتە ئەندامی م.س، ساڵی ١٩٩٢وەکو یەکەمین سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە، ساڵی ٢٠٠٠ کراوەتە سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی و لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وازی لە دەسەڵات و پۆستی حیزبی هێناوە، لە ٢٠١١/٣/٢١بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە.

٥.عەلی عەبدوللا[1].
٦.نوری شاوێس[2].
٧.کەمال کەرکوکی (محەمەد قادر عەبدوللا).
٨.عارف تەیفور.
٩.ئازاد بەرواری.
١٠.کەریم شەنگالی.
١١.محەمەد رەزا.
١٢.دڵشاد میران.
١٣.وریا سعاتچی.
١٤.ئازاد خەفاف
١٥.عەبدولڕەحمان پێداوی.

---

١ عەلی عەبدوللا، ١٩٢٦ لە کۆیە لە دایک بووە، لە ١٩٤٤ لە یەکێتیی تێکۆشان کاری سیاسی کردووە، ١٩٤٥بۆتە ئەندامی (م.س) حزبی شۆڕش، لە کۆنگرەی یەکەم تا کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئەندامی (م.س) هەڵبژێردراوە، لە ١٩٧١– ١٩٧٤ پارێزگاری سلێمانی بووە، لە ١٩٧٦ بۆتە ئەندامی سەرکردایەتیی کاتی (قیادە موەقەتە)و لە کۆنفرانسی بەڕلین ساڵی ١٩٧٩ بۆتە سکرتێری پارتی، لە کۆنگرەی دەیەم ١٩٨٩بۆتە جێگری سەرۆکی پارتی، لە ٢٠١٧/١٠/٢٤کۆچی دوایی کردووە.

٢ نوری شاوێس، ١٩٢٢لە سلێمانی لە دایک بووە، دەرچووی کۆلیژی ئەندازەیە، ١٩٣٥ بەشداربووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ئازادی و حزبی هیواو حزبی شۆڕش و حزبی رزگاری، کە پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە چۆتە نێو ڕیزەکانی و لە کۆنگرەی دووەم بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی سەرکردایەتی کاتی، لە ١٩٨٠ چۆتە بەریتانیاو لە ١٩٨٣/١١/١٥لە شاری لیڤەرپۆل کۆچی دوایی کردووە

دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالستی کوردستان بەشداریکردنی لە شۆڕشی نوێدا ١٩٧٦

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و سەرەتای خۆسازدانەوە، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی و خەبات و تێکۆشان لە کوردستان هاتە پێش، کۆتایی بە دەسەڵاتی یەک حزبی و حزبی پێشڕەویی هات، قۆناغی فرە حزبی و سەرکردایەتیی بە بەکۆمەڵ و بۆچوونی ئازادو ڕادەربڕینی سیاسیی دروستبوو، چەند حزب و ڕێکخراوێک کە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول هەبوون و بە نهێنی کاریان دەکرد، خۆیان ئاشکرا کرد، هەروا چەندین حزب و ڕێکخراوی تر دامەزران و بەشداریی بەرچاو و کاریگەریان هەبوو لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ و بەرگریکردن (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)یش یەکێک بوو لەو ڕێکخراوانەی کە ڕۆڵی بەرچاوو کاریگەری هەبووە لەو سەرهەڵدانە.

ئەو پۆلە سەرکردە و فەرماندانەی کە لە ئێران ڕێکەوتبوون و بڕیاریان دابوو بگەڕێنەوە باشووری کوردستان و لەوێ دەست بە کاری سیاسی بکەن و ڕێکخراوێکی نوێ دابمەزرێنن، هەر لەگەڵ گەڕانەوەیان حکومەتی بەعس زۆربەی ئەوانەی کە پلەو بەرپرسیاریەتیی سیاسی و پێشمەرگایەتیان لە شۆڕشی ئەیلول هەبوو دوری خستنەوەو نەفی کردن بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارو، (د.خالید سەعید و سەعدی گچکە بۆ بەغدا، عومەر مستەفا و سەید کاکە بۆ رومادی، عەلی عەسکەری بۆ رەفاعیە و تاهیری عەلی والی بۆ عمارە) ئەمانە و چەند کەسێکی تر لە بەغدا ناوە ناوە بە نهێنی کۆ دەبوونەوە، سەرەتا بە دەستپێشخەری (سەیدا ساڵح یوسفی) ڕێکخستنێکیان پێکهێنا بە ناوی بزووتنەوەی ڕاستکردنەوە (الحرکە التصحیحیە)، ئەمەش بە مانای ئەوە بوو کە هەڵەکانی(پ.د.ک) بە هەردوو باڵەکەیەوە(جەلالی و مەلایی) ڕاستبکەنەوە، دوای گفتوگۆکردنی زیاتر و تاوتوێکردنی بابەتەکە لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە (مانگی یەکی ١٩٧٦) بە بەشداریی شەش کەس (سەیدا ساڵح یوسفی و رەسوڵ مامەند و عەلی هەژار

و ملازم تاهیری عەلی والی و مەلا ناسح و نورەدین عەبدولڕەحمان[1]، بە ئاگاداری چەندین سەرکردە و فەرماندە و کادیری سیاسی و پێشمەرگایەتی کە لە کۆبوونەوەکانی پێشووتر چ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (نەغدە و ورمێ و مهاباد) چ لە بەغدا و شوێنەکانی تر بەشداریان کردبوو لە نزیکەوە ئاگایان لێهەبووە و ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەریان لە دروستبوونی بزوتنەوە هەبووە،وەک (عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید سەعید، عومەر دەبابە، سەعدی گچکە، سەید کاکە، کاردۆ گەڵاڵی، قادر عزیز، حاجی حاجی برایم، یاسین قادر[2]، ئەنوەر سەعید والی[3]، حەمە غەفور ئاغجەلەری[4]، جەمال حەکیم، کەمال محێدین، عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، جەمال خۆشناو و چەندین کەسی تر) بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دادەمەزرێت، دیارە لە کۆبوونەوەی دامەزراندنی بزوتنەوە، کە تەنیا شەش کەس ئامادەبوون، پێدەچێت لەبەر باری ئاساییش و ئاشکرانەبوونیان، کەسانی تر نەیانتوانیوە بەشدار ببن، چونکە ئەوانەی دوور خرابوونەوە لە ژێر چاودێری دابوون.

بەشداربووانی دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان:

١.سەیدا ساڵح یوسفی.

٢.عەلی عەسکەری.

٣.دکتۆر خالید سەعید.

٤.ڕەسول مامەند.

---

١ ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم / هەولێر٢٠١٩، ل٢٨.

٢ یاسین قادر ئەحمەد قادر ناسراو بە (یاسین مورتکەیی) لە ١٩٤٥ لە دایک بووە، دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانە، بەشداری لە شۆڕشی ئەیلول کردووە، لەگەڵدامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسالیست ١٩٧٦ پیوەندی پێوە کردووە ولەگەڵیەکەم مەفرەزەی بزووتنەوە لە ١٩٧٦/٨/٨چووتە شاخ، لە ١٩/١٠/ ١٩٧٧لە نێوان گوندی نازەنین و سناوەلەگەڵملازم جەمال خۆشناو شەهید کراوە.

٣ ئەنوەر سەعیدوالی، ئامۆزای شەهید تاهیری عەلی والی یە لە گوندی داری قەڵاتێی ناوچەی شارەزوور بە دەستی جاشەکانی زەڕایەن شەهید کراوە.

٤ حەمە غەفور ئاغجەلەری، محەمەد غەفور ئەحمەد ١٩٣٩ لە دایک بووە، ١٩٦١ بۆتە پێشمەرگە و پاشان بۆتە فەرماندەی بەتالیۆن، لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ ١٩٧٦ بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی و فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوک لە نێو بزووتنەوەی سۆسیالیست، ١٩٧٧/٧/٢٣ بە دەستی مەفرەزەیەکی پارتی سەرکردایەتیی کاتی کە پەیوەندیانلەگەڵبەعس هەبووە، لەگەڵهەشت لە هەڤاڵەکانی لە کانی بی دەشتی کۆیە شەهید دەکرێن.

٥.عەلی هەژار.
٦.ملازم تاهیری عەلی والی.
٧.مەلا ناسح.
٨.عومەر دەبابە.
٩.سەعدی گچکە.
١٠.کاردۆ گەڵاڵی.
١١.قادر عزیز.
١٢.سەید کاکە.
١٣.حاجی حاجی برایم.
١٤.جەمال خۆشناو.
١٥.یاسین قادر.
١٦.عەبدولڕەحمان گۆمەشینی.
١٧.نورەدین عەبدولڕەحمان.
١٨.ئەنوەر سەعید.
١٩. محەمەد غەفور ئاغجەلەری.

سەبارەت بە ڕۆژی دامەزراندنی بزوتنەوە، مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای مانگی کانونی دووەمی ١٩٧٦، لەبەر بارودۆخی ئەو کاتە نەتوانراوە بە بەیاننامەیەک دروستبوونی خۆی ڕابگەینێ، چونکە بە نهێنی دامەزرا و بە نهێنی کارەکانی دەکرد تا ئەو کاتەی بڕیاری هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکداری دەدرێ، بەیاننامەی دامەزراندنیان کە لە لایەن (کەریم حیسامی)[1] لە بەیروت چاپکراوە لە (٨/٨/ ١٩٧٦) ڕاگەیاندراوە، کە هاوکاتە لەگەڵ ناردنی پۆلێک لە سەرکردەکانی بۆ شاخ بۆ هەڵگیرساندنەوەی خەباتی چەکداری، لەم بارەیەوە (کەریم حیسامی) لە بیرەوەرییەکانی ئاماژەی بەو پەیوەندییە داوە کە لەگەڵ دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی

١ کەریم حیسامی١٩٢٦/١/٩ لە مهاباد لە دایک بووە، لە١٩٤٩– ١٩٨٤ لە ڕێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە، لە ١٩٧١ دەبێتە ئەندامی م.س، تا ١٩٨٤ لە ڕێزەکانی ئەم حزبە بەردەوام دەبێت، ٤٨ کتێبی چاپکراوی هەیە، ٢٠٠١/١٠/٦لە سوید کۆچی دوایی کردووە.

هەیبووە:(کادرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشگێڕانی کە گەڕابوونەوە بۆ عێراق بۆ خوارووی عێراق دووریان خستبوونەوە، کە لە سەفەر دەهاتنەوە بەغدا، پێوەندیان لەگەڵ ئێمە دەگرت و لە سەر گەلێک مەسەلە پرس و ڕایان پێدەکردین.

ئەوانەی زۆر جار داوایان دەکرد کە چاومان بە یەکتر بکەوێ دکتۆر خالید سەعید و ڕەسوڵ مامەندو عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی و مەلا ناسح و هی دیکە بوون و چەند جاریش لەگەڵ دارا تۆفیق دەچووینە لای سەیدا ساڵح یوسفی و باسی ڕووداوەکان و دواڕۆژمان دەکرد.

دکتۆر خالید لە خەستەخانە، یا پۆلیکلینیکی- یک کاری ئیداری دەکرد، زۆر جار داوای دەکرد سەری بدەم و یا لە دەرەوە یەکترمان دەبینی و لەسەر نەخشەی زیندووکردنەوەی خەبات باسمان دەکرد، دەتوانم بڵێم زۆربەی ئەو کادر و تێکۆشەرانە بێجگە لە چەک هەڵگرتن و وەچیا کەوتن بیریان لە هیچ شێوەیەکی تری خەبات نەدەکردەوە، زۆرتر بەڵگەیان ئەوە بوو کە نابێ بڵێین برین سارد بێتەوە، دەنا ورەی خەڵک بە جارێک نزم دەبێ و گیانی شۆڕشگێڕی نامێنێ.

ئاخرەکەی گەلاڵەی پڕۆگرامێکیان بە ناوی ((حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان)) هێناو داوایان کرد کە بیخوێنمەوە و بۆشیان ماشین بکەین و لە بارەی زمانی عەرەبیشەوە برادەرانی عەرەبی زان دەستی لێ بدەن.

پاش یەک دوو جار باس لەسەرکردن، گەیشتینە ئەو قەناعەتە کە ناوەکەی بگۆڕن، لەم دانیشتن و پێوەندییەدا، تەنیا کاک حەمەدەمین و مامۆستام ئاگادار دەکرد و ڕای ئەوانم وەردەگرت، لەسەر ئەوە یەک دەنگ بووین کە ئەوەی لە دەستمان بێ یارمەتی بە برادەرانی کوردی عێراق بکەین بۆ سازکردنەوەی ڕێکخراوی تازە.

هەر لەسەر ئەم بۆچوونە، پاش ئەوەی گەلاڵەی پڕۆگرامی ((بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان))یان بۆ هێنام، دام بە برادەرانی خۆمان ماشینییان کرد، لە بێروت مۆری ((بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان))م بۆ ساز

کردن و بۆم هێنانەوە[1]).

بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ناوەوە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکتر بڕیاری چوونە شاخو هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکداری ئەدەن، بۆ ئەم مەبەستە لە ١٩٧٦/٨/٨ بزووتنەوە کۆمەڵێک لە سەرکردە و کادیری سیاسی و پێشمەرگایەتی دەنێرێتە شاخ کە بریتی بوون لە (عەلی عەسکەری و د.خالید سەعید و سەید کاکە و سەعدی گچکە و تاهیری عەلی والی و ڕەسوڵ مامەند و قادر عەزیز و یاسین قادر و جەوهەر سەعید و جەعفەر ئەسوەد[2])و چەند کەسانێکی تر ڕوو لە قەندیل دەکەن، پاش ماوەیەکی کەم چەندین تێکۆشەری تر لە هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و شارەکانی تر ڕوو لە شاخ دەکەن.

بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەی دامەزراندنیدا لە بڕگەیەکدا ئاماژە بەوە دەکات:(بزووتنەوەی کرێکار و جوتیار و شۆڕشگێڕەکانی کوردستانە، لەسەر ڕێبازی پێشکەوتوانە، علمیانە خەبات دەکات بۆ گەیاندنی کورد بە مافی چارەنووس)، هەروەها بە پێی بڵاوکراوەکانی بزووتنەوە ڕێکخراوێکی چەپی دیموکراتی شۆڕشگێڕو باوڕی بە سۆسیالیزمی زانستی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافی چارەی خۆنووسین و گرێدانی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی هەبووە[3].

بزووتنەوە لەسەر داوای مام جەلال کە پەیوەندی پێوە کردبوون، نامەی بۆ عەلی عەسکەری و د.خالید و عومەر دەبابە ناردبوو کە بێنە نێو نیمچە

---

١ کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم/ بەرگی پێنجەم ١٩٧٥–١٩٧٩، ل١٠٠٠–١٠٠٣.

٢ جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد، ١٩٥٢لە کۆیە لە دایک بووە، ١٩٧٤پەیوەندی بە شۆڕش کردووە، پاش نسکۆ گەڕاوەتەوە کۆیە و ١٩٧٦ دەبێتە فەرمانبەر لە بەغداو هەرلە وێوە پەیوەندی بە بزووتنەوە دەکات، پاشان دەچێتە شاخو دەبێتە پێشمەرگە، لە داستانی دەشتێو ١٩٧٨/٣/٨ بە بریندارى بە دیل دەگیرێو لە ١٩٧٨/٦/٢١ لە موسڵ لە سێدارە دەدرێت.

٣ حەمە نوری تۆفیق، پیاو نامە، چاپی یەکەم /٢٠٠٤، ل٦١.

بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (بزووتنەوە و کۆمەڵە و هێلی گشتی[1]) لە نێو نیمچە بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جۆشیان بە خەبات و تێکۆشاندا، هەر لە سەرەتاوە بزووتنەوە پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەبووە، عومەر دەبابە لە ١٩٧٦/١١/٦ دەچێتە سوریا، لەوێ چاوی بە مام جەلال و هەندێ لە دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی دەکەوێت و بیروڕا دەگۆڕنەوە و هەماهەنگی زیاتر دروستدەکەن و بزووتنەوە بە فەرمی دەچێتە نێو نیمچە بەرەی یەکێتیی نیشتنمانیی کوردستان، چوونکە یەکێتیی نیشتنمانیی کوردستان حزبێکی سیاسی نەبوو، خاوەن ئایدۆلۆژیای تایبەت بە خۆی نەبوو، بەڵکو پێکهاتەیەک بوو لە سێ ڕەوت و لایەنی جیاواز پێکهاتبوو وەک نیمچە بەرەیەک وابوو، هەرچەندە هەندێک لە سەرکردەکانی بزوتنەوە ڕازی نەبووینە بچنە نێو نیمچە بەرەی یەکێتیی نیشتنمانیی کوردستان وەک (سەیدا سالح یوسفی و رەسوڵ مامەند و عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی) ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە بزوتنەوە خۆی بە هێلی سێیەم دەزانی لە نێوان (جەلالی و مەلایی).

کاتێ بزووتنەوە کادیرە پێشکەوتووەکانی دەنێریتە شاخ بڕیار دەدات دوو سەرکردایەتی دروست بکات:

١.سەرکردایەتیی شاخ بەسەر پەرشتی عەلی عەسکەری.

٢.سەرکردایەتیی ناو شار بە سەرپەرشتی سەیدا سالح یوسفی[2].

ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە زیاتر گەشە بە بزووتنەوە بدرێت لە هەموو بوارەکاندا، بەتایبەتی لە ڕووی ڕێکخستن و ئاراستەکردنی ئەندامەکانیان لە کاروباری ڕێکخستندا، بزووتنەوە ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەری هەبووە لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشدا، چونکە سەرکردە و فەرماندەکانی کەسانی ناسراوبوون، بەشداریان هەبوو لە شۆڕشی ئەیلولدا و سەرکردە و

[1] هێلی گشتی(هێلی پان) هاوشێوەی ڕێکخراوێک بووە لە چەندین کادر و سەرکردە پێک هاتبوو، زۆربەی دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی ئەندام بوون تیایداو لە شۆڕشی نوێدا لە ١٩٧٦ ئەندام بووە لە نێو نیمچە بەرەی یەکێتی، لە ١٩٨٢/٩/١١لەگەڵباڵی بزووتنەوەی نێو یەکێتی یەکیان گرت بوون بە یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی هەڵوەشایەوە.

[2] سەلام عەبدولکریم، ژیانی سیاسیی لە باشووری کوردستان، چاپخانەی چوار چرا/ چاپی یەکەم ٢٠١١ ل٥٣.

فەرماندەی شۆڕش بوون و کەسانی خۆشەویست بوون لە ناو جەماوەر، هەر زوو دەستە دەستە خەڵک پەیوەندی پێوە کردوون و ڕیزەکانی لە ڕووی پێشمەرگایەتی لە شاخ و پەیوەندیی ڕێکخستنی لە شار و گوندەکان فرەوان بووە.

لە سەختترین و دژوارترین هەڵومەرجدا کە نائومێدی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو، ڕێکەوتننامەی جەزائیر مۆرکرابوو، شۆڕش شکستی هێنابوو، کۆتایی پێهاتبوو، بەعس سیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و بە بەعسیکردنی دەستپێکردبوو، لەو بارودۆخەدا بزووتنەوە وەک ڕێکخراوێکی پێشکەوتوخوازی شۆڕشگێڕ هاتە مەیدانی خەبات و تێکۆشان، تایبەمەندی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ و ڕێگانەدان بە کاری تاکڕەوانەی تێدا هەبوو، خاوەنی یەک بیروباوەڕی دیاریکراو نەبوو لە کەسانی نەتەوەیی و چەپو سۆسیالیستی و مارکسی - لینینی و دیموکراتی پێکهاتبوو، خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی پێکەوە بەستبوو، بەشێکی زۆری سەرکردە وفەرماندە و کادیرەکانی لە هەردوو باڵی پارتی (جەلالی و مەلایی) پێک هاتبوون، شەڕی براکوژی حەرامکردبوو، وەک هێزێکی نوێ و هێڵی سێیەم دوور لە ململانێی کۆنی نێو هەردوو باڵەکەی پارتی خۆی ناساند، پاش ماوەیەک ناوی خۆی گۆڕی بۆ بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و دیموکراتییەکەی لێکردەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە ناوەکەی هاو شێوەی سۆسیال دێموکراتەکان نەبێت، لە لایەک سۆسیال دێموکراتەکان بە لادەر و داردەستی سەرمایەداری ئەژمار دەکران، لە لایەکی دیکەوە باوڕیان بە خەباتی چەکداری نەبووە.

لە دوای (کارەساتی هەکاری ١٩٧٨[١]) و شەهیدکردنی هەردووک سەرکردەی دیار و ناسراوی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان (عەلی عەسکەری و د.خالید سەعید) لەگەڵ (حوسێن بابەشێخ[٢]) لە هێڵی گشتی لە تەموزی ١٩٧٨ لەلایەن (پارتی دیموکراتی کوردستان - سەرکردایەتیی کاتی)، لە ئەنجامی چەند هۆکارێک کێشە و ناکۆکی دەکەوێتە نێوان بزوتنەوە و یەکێتی تا ئەنجام بەوە دەگات کە بزووتنەوە بڕیاری هاتنە دەرەوە لە ناو یەکێتی بدات و سەربەخۆ کارەکانی بکات و بەردەووام بێت لە خەبات و تێکۆشان، بەلای بزووتنەوەوە کێشەکان لە سەرئەوە بوون کە مام جەلال گوێ ناداتە سەرکردایەتیی بەبەکۆمەڵ و جیاوازی دەکات لە نێوان باڵەکانی ناو یەکیتی لە دابەشکردنی چەک و پارە و پلەی بەرپرسیارەتی، زیاتر بایەخدان بە کۆمەڵە، وێڕای ئەمانە ناکۆکی و جیاوازیی فیکری لە نێوان بزووتنەوە و کۆمەڵەدا هەبووە، سەرەتا کێشەکان لە سەرەوە لە سەرکردایەتی سەری هەڵداوەو پاشان شۆڕبۆتەوە بۆ نێو کادیر و پێشمەرگە، تاوای لێهات لێکترازان دروست

---

١ کارەساتی هەکاری، یەکێتی بڕیاردەدات هێزەکانی لە ناوچەکانی ناوزەنگو بناری قەندیلەوە، بگوازێتەوە بۆ ناوچەی برادۆست، سێ کۆچکەی سنوور، بەشی یەکەم بە سەرکردایەتیی دکتۆر خالید سەعید لە ١٩٧٨/٤/١٩ بەڕێدەکەون، سەرەتای مانگی ئایاری ١٩٧٨بەشی دووەم بە سەرکردایەتیی عەلی عەسکەری تا دەگەنە شوێنی دیاریکراو، وێڕایی برسیەتی و سەرما، دەکەونە ژێر بۆردوومانی تۆپو فڕۆکەکانی ئێران و عێراق و چەندین پێشمەرگە شەهیدو بریندار دەبن، ١٩٧٨/٥/١٣ هەردووک بەشەکە یەکتر دەگرنەوە کە ژمارەیان نزیکەی (٨٠٠) پێشمەرگە بووە و نیوەیان بێچەک بووینە، پاش چەند ڕۆژێک بۆ نێو خاکی باکووری کوردستان درێژە بە ڕۆیشتن دەدەن بۆ ناوچەی هەکاری، بە مەبەستی هێنانی چەک کە لە سوریا بۆیان ڕەوانە دەکرا، لە ١٩٧٨/٦/١ ڕۆژانی دواتریشلەگەڵهێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (قیادە موقتە)و چەکدارەکانی خێڵو هۆزەکانی ناوچەکە، توشی پێکدادان و شەڕ دەبن، لە بەر ناشارەزابوون و برسیەتی و سەرماو نەمانی تەقەمەنی هێزەکەی یەکێتی تووشی شکستێکی گەورە دەبێت، زۆربەی هێزەکەی یەکێتی شەهیدو بریندار دەبن و بەدیل دەگیرێن و ژمارەیەکیش خۆ ڕادەستی عێراق دەکەن و بەشێکی کەمیش ڕزگار دەبن، عەلی عەسکەری و دکتۆر خالیدو حسێن بابەشێخ لە نێو دیلەکاندا بوون، لە١٩٧٨/٧/٧ شەهید دەکرێن.

٢ حوسێن بابەشێخ، حوسێن حاجی ئیسماعیل ١٩٤١/٩/٢٥ لە دایک بووە، ١٩٥٩پەیوەندی بە پارتی دەکات و لەبەر کار و چالاکییەکانی دوو جار دەگیرێت، لە ١٩٧٢دەبێتە بەرپرسی ناوچەی باشیک، لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران دەبێت و پاشان دەچێتە تورکیاو سوریا، ١٩٧٦ پەیوەندی بە یەکێتی دەکات و دەبێتە فەرماندەی مەفرەزە سەرەتایەکانی شۆڕشی نوێ و ئەندامی م.س، لە کارەساتی هەکارییدا دەگیرێت، ١٩٧٨/٧/٧ لەگەڵ عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید لە لایەن (پدک–سەرکردایەتی کاتی) شەهید دەکرێت.

بوو، لە (١٩٧٩/٣/٢١) بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بە کرداری و بە فەرمی لە ناو نیمچە بەرەی یەکێتی هاتە دەر و بارەگاکانی گواستەوە بۆ (گۆڕە شێر و بێدەلان[١])، باس لەوە دەکرێت د.مەحمود عوسمان و پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتیی کاتی و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆڵیان هەبووە لەم بارەیەوە، هاوکات (لێژنەی ئامادەکردنی پارتی دیمورکراتی کوردستان[٢])، کە ئەوانیش ڕێکخراوێک بوون بە سەرۆکایەتیی د. مەحمود عوسمان لە تشرینی دووەمی ١٩٧٦دامەزرابوو، بە ژمارە کەمبوون و بارەگایان لە نزیک بارەگاکانی یەکێتی و بزووتنەوە بووە، ئەوانیش لەگەڵ بزووتنەوە هاوهەڵوێست بوون.

لە ڕۆژانی(٣-١٩٧٩/٨/٦) لە گۆڕەشێر (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و لێژنەی ئامادەکردنی پارتی دیمورکراتی کوردستان) کۆبوونەوەیەکی فرەوانیان ئەنجامداوە، کە نزیکەی (١٥٠) کەس تیایدا ئامادە بوون، پاش گفتوگۆ و تاوتوێکردنی کۆمەڵێک پرس، بڕیار دەدەن ئەم دوو ڕێکخراوە (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و لێژنەی ئامادەکردنی پارتی دیمورکراتی کوردستان) لە یەک حزبدا یەکبگرن، بە بەیاننامەیەک کە لە ١٩٧٩/٨/٨ دەرچووە (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان/ عێراق) ڕادەگەیەنن، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا، سەرکردایەتییێکی نوێ هەڵدەبژێرن کە ژمارەیان(١٤) کەس بووە:

١- ڕەسول مامەند.

٢- د.مەحمود عوسمان.

---

[١] گۆڕەشێر و بێدەلان، دوو گوندن دەکەونە سەر سنووری باشوور و ڕۆژهەڵات، بە دیوی ڕۆژهەڵات و نزیکن لە شارۆچکەی سەردەشت، لە شۆڕشی نوێدا جێگای بنکەو بارەگای هێزە سیاسیەکان بووە.

[٢] لێژنەی ئامادەکردنی پارتی دیمورکراتی کوردستان، پاش نسکۆی شۆڕش، لە لایەن (دکتۆر مەحمود عوسمان، قادر جەباری، شەمسەدین موفتی، عەدنان موفتی) لە تەشرینی دووەمی ١٩٧٦ لە سوریا دامەزراوە، هەوڵی ئەوەیان دەدا کە بتوانن پارتی لەسەر بنچینەیەکی نوێ ڕێکبخەنەوە، لە هاوینی ١٩٧٧جگە لە عەدنان موفتی ئەوانی تر گەڕانەوە کوردستان و بەشداریان لە خەباتی چەکداری کرد، کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە نەورۆزی ١٩٧٩لە نێو یەکێتی هاتنە دەر، ئەوانیشلەگەڵبزووتنەوە بارەگاکانیان بردنە گۆڕەشێر، لە ئابی ١٩٧٩لەگەڵ بزووتنەوە یەکدەگرن و (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان) پێکدەهێنن، (دکتۆر مەحمود عوسمان، قادر جەباری، عەدنان موفتی) دەبنە ئەندامی سەرکردایەتی.

٣- ملازم تایەری عەلی والی.
٤- قادر عەزیز.
٥- قادر جەباری[١].
٦- عادل موراد.
٧- مەلا ناسیح.
٨- عەدنان موفتی.
٩- سەید کاکە.
١٠- ئەحمەد فەقێ ڕەش[٢].
١١- شەوکەتی حاجی موشیر[٣].
١٢- ئەنوەر مەجید سوڵتان[٤].

---

١ قادر جەباری لە ١٩٤٢ لە ناوچەی جەباری لە دایک بووە، بەرپرسی لیژنەی ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنی پارتی بووە، ١٩٧٠ لە کۆنگرەی ٨ پارتی بووەتە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی ١٩٧١بۆتە بەرپرسی لقی ٣، ١٩٧٤ بەرپرسی لقی ٢، ساڵی ١٩٧٦ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی لیژنەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ١٩٧٩ بۆتە ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیست، ١٩٩٣ بۆتە پارتی و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، ١٩٩٤ بۆتە وەزیری داد، ٢٠١٦/١١/١٢ کۆچی دوایی کردووە.

٢ئەحمەد فەقێ ڕەش، ئەحمەد فەقێ ئەحمەد سلێمان لە ١٩٤٧لە دایک بووە، بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە، لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ ١٩٧٦ دەچێتە شاخو دەبێتە فەرماندەی هەرێمی٩ی باڵەکو لە یەکگرتنی بزووتنەوە و لیژنەی ئامادەکردن دەبێتە سەرکردایەتی، لە ١٩٧٩ بۆ هاوکاری شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هێزێکەوە دەچێتە ئەوێ، لە کۆنگرەی یەکەمی (حسک) دەبێتەوە ئەندامی سەرکردایەتی، لە ١٩٨٥/١١/٢٦ لە شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید دەکرێت.

٣ شەوکەتی حاجی موشیر، شەوکەت موشیر محەمەد مەحمود، ساڵی ١٩٤٧ لە دایک بووە، لە ١٩٦٨ کراوەتە فەرماندەی بەتالیۆنی پێباز، لە ١٩٧٦ لە یەکەم دەستەی چەکداری شۆڕشی نوێ بەشدار بووە، لە یەکگرتنی بزووتنەوە و لیژنەی ئامادەکاری دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی سۆسیالیست و لە ١٩٨٠دەگەڕێتەوە ناو یەکێتی دەبێتە فەرماندەی هەرێمی ٩ی بەمۆ، ١٩٨٦ بۆتە لیژپرسراوی مەڵبەندی یەک، شەوی ٨\٩ی شوباتی ٢٠٠٣ لەگوندی (گامێش تەپە)ی ناوچەی شارەزوور شەهید دەبێت.

٤ ئەنوەر مەجید سوڵتان، ناسراو بە (سەڵم) لە ١٩٤٤ لە سلێمانی لە دایک بووە، لە ١٩٦٩ کۆلیژی ئەفسەرانی تەواو کردووە، لە ١٩٧٢ بۆتە پێشمەرگە بە پلەی سەرلق، لە ١٩٧٦ دەبێتە پێشمەرگە، ١٩٧٧ دەبێتە فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوک، لە کارەساتی هەکاریدا دەرباز دەبێت و ئێران دەستگیری دەکات و لە ڕاپەڕینی گەڵنی ئێران ١٩٧٩ ئازاد دەکرێت و پەیوەندی بە بزووتنەوە دەکات لە کۆنفرانسی یەکگرتندا دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی، بۆ هاوکاری شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هێزێکەوە دەچێتە ئەوێو لە ١٩٧٩/٩/٢ لە نزیک شاری بانە شەهید دەبێت.

١٣- شێروان شێروەندی[1].

١٤- ملازم فوئاد عومەر.

هەروا (سەیدا ساڵح یوسفی) کە لە بەغدا لە ژێر چاودێری دەزگا ئەمنیەکان دەژیا، بە نهێنی کرا بە سکرتێری حزب و هەر یەک لە (عەلی هەژار و کاردۆ گەڵاڵی و شێخ محەمەد شاکەلی) کە لە شار بوون بە نهێنی ئیشیان دەکردو سەرپەرشتیی ڕێکخستنە نهێنیەکانیان دەکرد، بوونەتە ئەندامی سەرکردایەتی، سەیدا ساڵح یوسفی بە بۆنەی یەکگرتنی (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و لێژنەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان) لە پایزی ١٩٧٩ نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ سەرکردایەتیی(حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان/ عێراق) ناردووە (پیرۆزبایی لەم هەنگاوە یەکگرتووانەیە دەکات و بە هەنگاوێکی گرنگی لە قەڵەم دەدا. هەروەها لەم نامەیەدا سەرنجەکانی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بە چەند لایەنێکی فیکری حزبەوە[2])، (ڕەسوڵ مامەند و د.مەحمود عوسمان و ملازم تاهیری عەلی والی)وەک دەستەی سەرپەرشتیاریکردنی بە کۆمەڵ، دەستنیشان کراون، هێزی پێشمەرگە لە هەرێم و کەرت و کاروباری ڕێکخستن لە لق و لێژنەی ناوچەکاندا ڕێکخراونەتەوە.

بە دەرچوونی بزووتنەوە، یەکێتی باڵێکی گرنگی خاوەن هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستن و جەماوەری لە دەستدا، بەم دەرچوونە یەکێتی زۆر نیگەران دەبێت، پێیان وابووە ئەمە جیابوونەوەیە، شەڕی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە کردن دژی یەکتر هەر لە سەرەتاوە دەستی پێکردووە، بزووتنەوە داوای لە حزبی شیوعی عێراق کردووە کە هەوڵبدەن بۆ ڕاگرتنی ئەو هێرشە

[1] شێروان شێروەندی، ساڵح عوسمان کاکە خان، لە ساڵی ١٩٤٦ لە دایک بووە، ساڵی ١٩٦٣ بووە بەکادر لە ناوچەی خانەقین ودواتر کارگێڕی ناوچە، ساڵی ١٩٦٥ لە شۆڕشی ئەیلول بۆتە پێشمەرگە، دوای نسکۆ لە ١٩٧٦ یەکێک بووە لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ، لە یەکگرتنی بزووتنەوە ولێژنەی ئامادەکار وکۆنگرەی یەک دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی، لە یەکگرتنی سۆسیالیست ویەکێتی لە ساڵی ١٩٩٣بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی، لە ٢٠١٣/١٠/١٠کۆچی دوایی کردووە.

[2] ب. گۆران،واقیعبینی سیاسی و چەند دیدگایێکی سەیدای نەمر، حزبی سۆسیالیستی کوردستان / چاپخانەی شەهید سەیدا سالح یوسف، ل٨.

ڕاگەیاندنەی کە لە ئێزگەی یەکێتی دەکرایە سەر بزووتنەوە و لێژنەی ئامادەکاری، بەڵام ئەو هەوڵەی حزبی شیوعی لەلایەن یەکێتیەوە گوێی لێنەگیراوە، هەندێ لە ئەندامانی بزووتنەوە لە پلەی جیاجیا لە نێو یەکێتی مانەوە وەک (عومەر دەبابە و جەمال حەکیم ئاغا و عەلی حەوێز)و چەند کەسانێکی تر وەک نوێنەری بزووتنەوە و باڵێک بە لاوازی لە نێو یەکیتیدا دەمێنەوە، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی ئەو بۆشایەی بزووتنەوە لە نێو یەکێتی پڕ بکەنەوە و ببنە هێزێکی کاریگەر.

پاش هاتنەدەری بزووتنەوە لە نیمچە بەرەی یەکێتی، حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان وەک هێزێکی کاریگەر و خاوەن هێزی پێشمەرگە لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی کوردستان ڕۆڵی سیاسی و ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی و کۆمەڵایەتی و هوشیارکردنەوەی هەبووە، پەیوەندیی نیشتمانیی لەگەڵ زۆربەی حزب و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکووری کوردستاندا هەبووە، تەنانەت هاوکاری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کردووە بە ناردنی هێزێکی پێشمەرگە لە مانگی ئابی ١٩٧٩ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شارەکانی (مهاباد و پاوە و سەقز و بانە و خانە) بە سەرکردایەتیی سێ فەرماندەی دیاری نێو ئەم حزبە (سەید سەلیم[1]، ئەنوەر مەجید سوڵتان، ئەحمەد فەقێ ڕەش) بۆ بەرگریکردن لە بەرامبەر هێرشەکانی حکومەتی ئێران بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر لەوێ ئەنوەر مەجید سوڵتان ئەندامی سەرکردایەتی لە ناوچەی (دوو ئاوان) ی نێوان بانە و سەقز لە ١٩٧٩/٩/٢ شەهید دەبێت.

بەهۆی کاریگەریەی حزبی سۆیالیست بوو کە حکومەتی بەعس دوو جار داوای گفتوگۆی لێکردوە، لە سەردەمی بزووتنەوە سەرەتایی ساڵی ١٩٧٨و دووەم جار ٣٠/٩/ ١٩٧٩، هەردووک جار وەفد چووە بۆ بەغدا و بەرپرسانی

---

١ سەید سەلیم سەید نەبی١٩٤٠لە ڕواندز لە دایک بووە، لە ١٩٦١پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول دەکات ودەبێتە سەرلق ولە ١٩٧٥ ڕۆڵێ بەرچاوی دەبێت لە شەڕەکانی دەور وبەوری ڕواندز، لە دوای نسکۆی شۆڕش دەگەڕێتەوەو پاشان پەیوەندی بە بزووتنەوەی سۆسیالیست دەکات، لە ١٩٧٨پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە دەکات ودەبێتە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری لەحزبی سۆسیالیستی کوردستان، ساڵی ١٩٧٩بۆ هاوکاری شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەچێتە مهاباد، لە داستانی سماقولی لە ١٩٧٩/١٢/٢٤شەهید دەبێت.

حکومەتی دیووە و گفتووگۆیان کردووە بەڵام دوا جار نەگەیشتوونەتە ئەنجام، حکومەت بە داواکارییەکانی حزبی سۆیالیست ڕازی نەبووە.

حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە دوور نەبووە لە کێشە ناوخۆییەکانی، بەر لە کۆنگرەی یەکەم کێشە و ململانێ دەکەوێتە نێوان ڕەسوڵ مامەند و د.مەحمود عوسمان، کە کۆنگرەی یەکەم لە ١٢-١٥ /١٩٨١/٥ بە ئامەدەبوونی (١١٥) ئەندام دەبەستن، کێشەکان زەقتر دەبنەوە، لایەنگرانی ڕەسوڵ مامەند ئیش لەسەر ئەوە دەکەن کە د.مەحمودو هاوڕێیەکانی لە کۆنگرە بۆ سەرکردایەتی دەرنەچن، د. مەحمود ناچێتە نێو هەڵبژاردن و خۆی هەڵنابژێرێ بۆ ئەندامیەتیی سەرکردایەتی و لەو پرۆسەیە دەکشێتەوە، چونکە دەزانێ ئەوەی کە دەیەوێت بۆی بە دەست نایێت، پاش کۆنگرە لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی خۆی، حزبی سۆسیالیست جێدەهێڵن و لە گوندی شێنێ لە نزیک بارەگاکانی یەکێتی بارەگا دادەنێن، دوای سێ مانگ د. مەحمود دەچێتە سوریا و لەوێ ڕادەگەیەنێ کە لەگەڵ حزبی سۆسیالیست دەمێنێتەوە، بەشێک لە هەڤاڵەکانیشی دەچنەوە ناو هەمان حزب.

لە کۆنگرە ناوی حزب لە (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان – عێراق)، دەگۆڕدرێ بۆ (حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق) سۆسیالیستی زانستی بووە بە ئایدولۆژیا و دیموکراتی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخواز کە خەباتی چینایەتی و نەتەوەیی پێکەوە گرێدەدات بوو بە ناسنامەی حزب، سەرکردایەتیەکی نوێ هەڵبژێردراوە کە بریتی بوون لە[1]:

١.عادل موراد ٩٨ دەنگ .

٢.ڕەسول مامەند ٩١ دەنگ .

٣.ملازم تاهیری عەلی والی ٨٩ دەنگ .

٤.ئەحمەد فەقێ ڕەش ٨٦ دەنگ .

٥.قادر عەزیز ٨٣ دەنگ .

٦.سەید کاکە ٧٩ دەنگ .

[1] ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم / هەولێر٢٠١٩، ل ١٠٩و١١٠.

٧.محەمەد رەحیم (خالە حاجی) ٧٨ دەنگ[١].
٨.مەلا ناسیح ٧٦ دەنگ .
٩. قادر جەباری ٧٥ دەنگ.
١٠. عەزیز عەقراوی ٧٥ دەنگ[٢].
١١. محەمەد فاتیح ٧٠ دەنگ.
١٢. شێرکۆ شێخ عەلی ٧٠ دەنگ[٣].
١٣.شێروان شێروەندی ٦٩ دەنگ .
١٤.مامۆستا ئەمین ٦٥ دەنگ[٤].
١٥. قادر شۆرش ٦٤ دەنگ.

---

١ خالە حاجی (محەمەد رەحیم عەبدوڵڵا) لە ١٩٤٧لە سلێمانی لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کردووە، لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیست ١٩٨١بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە ١٩٩٤/٣/١١ لە سلێمانی تیرۆر کرا.

٢ عەزیز عەقراوی، عەزیز ڕەشید ئاکرەیی لە ١٩٢٤ لە دایک بووە، لە ١٩٤٣ دەچێتە کۆلیژی سەربازی وپاشان ئەرکان، لە ١٩٦٢ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول دەکات، پاشان دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، لە کاتی تێکچوونی گفتوگۆ لە ساڵی ١٩٧٤ دەمێنێتەوە ولەگەڵ چەند کەسێک پارتێک دروستدەکەن ودەبنە هاوپەیمانی بەعس، لە ساڵی ١٩٨١دەچێتە شاخوپەیوەندی بە حزبی سۆسیالیست دەکات ودەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی پاشان وازدێنێودەچێتە دەرەوە، لە ١٩٩٨کۆچی دوای دەکات.

٣ شێرکۆ شێخ عەلی سەدیق، لە ١٩٤٩ لە سەرگەڵو لە دایک بووە، خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە، ١٩٦٢ دەچێتە ڕیزی قوتابیان، لە ١٩٦٦ بۆماوەی ٢ساڵ دەگیرێ،١٩٧١ دەبێتە بەرپرسی ناوچەی قەرداغی (پدک) دوای نسکۆ پەیوەندی بە بزووتنەوە دەکات، ١٩٧٨دەبێتە فەرماندەی هەرێمی چوار ولە کۆنگرەی یەکەمی(حسک) دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، ٢٠/٨/ ١٩٨١شەهید دەکرێت.

٤ مامۆستا ئەمین قادر ١٩٥٢لە گوندی (گردعازەبان) لە دایک بووە، کۆلیژی پەروەردەی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، لە شۆڕشی ئەیلول بەشدار بووە، لە دوای نسکۆ پەیوەندی بە بزووتنەوە دەکات ولە ساڵی ١٩٧٩ دەبێتە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیست بەرپرسیاریەتی ناوچەی ر واندزی پێ دەسپێردرێ، لە کۆنگرەی یەکەم دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حسک، لە دوای یەکگرتنی پارتی وحزبی یەکگرتن دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی، لە ١٩٩٧/٧/١٠ کۆچی دوایی دەکات.

١٦.مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا٦٤[1].
١٧. عەبدولخالق زەنگەنە ٥١ دەنگ .
ئەمانەش بە ئەندامیەتی یەدەگ دەرچوون:
(دیارە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی یەدەک، گەڕێکی تری هەڵبژاردن ئەنجامدراوە)
١.محەمەدی حاجی مەحمود ٧١ دەنگ .
٢.د . هوشیار ٥٦ دەنگ .
٣.ئەبو عەلی ٥٥ دەنگ .
٤.عەدنان موفتی ٥٣ دەنگ .
٥.مامۆستا شەریف مەولود () دەنگ.
٦.وریا مستەفا ٣٦ دەنگ.

لە دوای کۆنگرە لە یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سەیدا ساڵح یوسفی بە سکرتێری حزب هەڵبژێردراوەتەوە، کە لە بەغدا ژیاوە و بە نهێنی کاری کردووە، لە ١٩٩٨١/٦/٢٥ بە نامەیەکی بۆمبڕێژکراو لە لایەن پیاوانی بەعسەوە شەهید کراوە و پاشان سەرکردایەتیی سۆسیالیست لە کۆبوونەوەیکدا رەسوڵ مامەند بە سکرتێری حزب هەڵدەبژێرن، هەروا هەر یەکە لە عەلی هەژار (سوارە)، کاردۆ گەڵاڵی (حەسیب)، شێخ محەمەد شاکەلی(خەڵەف) کە لە ناوەخۆ سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانیان دەکرد بۆ سەرکردایتیی هەڵبژێردرانەوە، عەلی هەژار و کاردۆ گەڵاڵی لە ١٩٧٩/٤/٩ لە هەولێر دەستگیر دەکرێن، واتا کاتی بەستنی کۆنگرە ئەوان لە بەندیخانە بوون، بە گوێرەی بەڵگەنامەکان کە لە دوای ڕاپەرین بەردەست کەوتن لە ١٩٨٣/٥/٢ لە سێدارە دراون و شەهید کراون.

حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆو هەوڵانە بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم حزب و لایەنەکانی کوردستان و عێراق لە

[1] مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا، لە ١٩٤٩لە گوندی(عەوێنە) لە دایک بووە، ١٩٦٩ خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە١٩٧٠ بۆتە ئەندام ناوچەی هەولێر، لە ١٩٧٤ چۆتە شاخوبۆتە ئەندام ناوچەی ر واندز، لە ١٩٧٦پەیوەندی بە (بزووتنەوە) کردووە، لە بەهاری ١٩٧٩ چۆتە شاخولە یەکەمین کۆنگرەی (حسک) بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە دوای یەکگرتنی پارتی وحزبی یەکگرتن دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی وبەرپرسی لقی هەولێر، لە ٢٠٠٤/٢/١ شەهید دەبێت.

بەرەیەکی بەرفرەواندا ڕۆڵی هەبووە، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەوە بووە کە ناکۆکییەکانی نێوان لایەنەکان کۆتایی پێبێت، بە تایبەتیش کێشەکانی نێوان حزبە کوردستانییەکان، کە زۆر جار گرژی و پێکدادانی چەکداری (براکوژی) لێکەوتۆتەوە، کە هەر لە سەرتای شۆڕشی نوێوە تا بەر لە دروستبوونی بەرەی کوردستانی (١٩٨٨/٥/٧) ناوە ناوە بەردەوامی هەبووە، لە هەمان کاتیش توانا و هێزەکان یەکدەخران لە بەرامبەر حکومەتی بەعس کە دووژمنی سەرەکی هەمووان بوو، لەم ڕوانگەیەوە حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەشداریکرد لە دامەزراندنی بەرەی جوقد/ بەرەی نیشتمانیی نەتەوەیی دیموکراتی (الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية) کە لە (١٩٨٠/١١/١٢) لە دیمەشق دامەزراو جێ پەنجەی سوریا و لیبیا و فەلەستینیەکانی بەسەرەوە بووە، ئەم حزب و لایەنانە تیا بوونەتە ئەندام:

١.حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان- عێراق.
٢.یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
٣.حزبی شیوعی عێراق.
٤.حزب البعث العربی الاشتراکی – قیادە قطر العراق (باڵی سوریا).
٥.الحرکة العربية الاشتراکية.
٦.الحزب الاشتراکی العراقی.
٧.منظمة الجيش الشعبی لتحرير العراق.
٨.دیموکراسییە سەربەخۆیەکان.

هەروا هەندێ کەسایەتیی سەربەخۆش تیادا بوونە ئەندام.

لەبەر ناڕەزایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزب البعث العربی الاشتراکی – قیادە قطر العراق (باڵی سوریا)و ناکۆکیی نێوان هەندێ لە لایەنەکانی ناو بەرەی جوقد، پارتی دیموکراتی کوردستانی تیا نەکرا بە ئەندام، چەند ڕۆژێک دوای دامەزراندنی جوقد، جود/ بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی (الجبهة الوطنية الديمقراطية) لە ١٩٨٠/١١/٢٨ لە کوردستان دادەمەزرێت لە نێوان:

١.حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان- عێراق.

٢.حزبی شیوعی عێراق.
٣.پارتی دیموکراتی کوردستان.
٤.پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک)، لە ئایاری ١٩٨٢چۆتە نێو ئەم بەرەیە.
هەڵبەتە لە دروستبوونی ئەم بەرەیە پارتی دیموکراتی کوردستان جێپەنجەی زیاتری بەسەرەوە بوو، هەر زوو ئەم دوو بەرەیە ڕاستەوخۆ کەوتنە دژایەتیی یەکتر، بە تایبەتیش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە زۆر نیگەران بوو بە دروستبوونی (جود)، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستانی تێیدا ئەندام بوو، پێی وابوو بەرەی (جود) بە دژایەتیی ئەو دروستبووە، ئەندامیەتیی (حزبی سۆسیالیست و حزبی شیوعی) لە بەرەی جوقد هەڵپەسێردرا، بە دامەزراندنی بەرەی (جود)، بەرەی (جوقد) هیچ ڕۆڵێکی ئەوەتۆی نەما، لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان کەچاوەڕێی لێدەکرا، بەمەش نەک هەر کێشە و گرژی و شەڕ لە نێوان حزبەکان بنبڕ نەکرا، بەڵکو بووە هۆی زیاتر قوڵبوونەوەی کێشەکان، بە تایبەتی نێوان یەکێتی و حزبی سۆسیالیست، لە ساڵی ١٩٨١گرژی و پێکدادان لە نێوانیاندا ڕویدا، کە بە غەدر یەکێتی (شێرکۆی شێخ عەلی) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی سۆسیالیستی لە دۆڵی جافایەتی شەهید کرد. لە دوا هەوڵ بۆ ڕێکەوتنی لایەنەکان بە بەشداریکردنی یەکێتی و لایەنەکانی بەرەی جود، ڕێکەوتن لە نێوان (١٩) لایەن لە (١٩٨٣/٢/٦) لە تەڕابلوسی پایەتەختی لیبیا مۆرکرا، کە بە ڕێکەوتنی (١٩) قۆڵی ناسرا، ئەم ڕێکەوتنەش نەبووە هۆی نزیکبوونەوە و ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە، تا دەهات پەیوەندیی نێوان لایەنەکان ئاڵۆزتر دەبوو، دواجار پێکدادان و شەڕی زیاتر و گەورەتری بە دواداهات، چەند شەڕ و پێکدادانێک لە ناوچە جیاجیاکان لە نێوان یەکێتی و لایەنەکانی بەری (جود)دا ڕویان دا، دیارتریان شەڕی گوندی (نێرەگین) کە یەکێتی هێرشی کردە سەر حزبی شیوعی و حزبی سۆسیالیست و لە هەرسێ لایەن چەندین پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون، بە دوای ئەمە بارەگای مەڵبەندی چواری یەکێتی لە بالیسان لە (١٩٨٣/٤/٢٨) کەوتە دەست لایەنەکانی بەرەی (جود) تا گەیشتە ئەو

ڕاددەیە یەکێتی لە (یەکی ئایاری ١٩٨٣[١]) هێرش بکاتە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتیی (حزبی شیوعی عێراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆک) لە (ئاشقۆڵکە و پشت ئاشان[٢]) لە بناری قەندیل و داگیریان بکات.

بەرەی جود چەند جارێک هەوڵی دا بگەڕێتەوە ناوچەکانی دۆڵی خانەقا و وەرتێو خۆشناوەتی و دەشتی کۆیە و هەولێر، بەڵام لەو هەوڵانەیدا سەرکەوتوو نەبوو، حزبی سۆسیالیست بارەگاکانی سەرکردایەتی لە گوندی زێوکەی سەر سنوور بە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناو بارەگای لقی هەولێر و هێزی پێشەرگەی سنووری ئەم لقەی لە ناوچەی بارزان جێگیر کرد، کۆمیتەی سەرکردایەتیی سلێمانی-کەرکوک کە لە هەردووک لقی سلێمانی و کەرکوک پێک هاتبوون، هەریەکە لە (شێخ محەمەد شاکەلی و محەمەدی حاجی مەحمود و شێروان شێروەندی و قادر جەباری) ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوک بوون، لە ناوچەکانی خۆیان بوون و لەم قۆناغەدا بەشداریان لە شەڕی نێوخۆ نەکرد و هاوکاریی حزبەکەشیان نەکرد لە ناوچەکانی تر و جۆرێک لە ڕێکەوتنیان هەبوو لەگەڵ یەکێتی و ئەوەندە پابەندی بڕیارەکانی حزبەکەیان نەبوون، دوور لە حزب و بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ پرسکردن و وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی مەکتەبی سیاسی، سەربەخۆیانە لە هەندێ پرسی گرنگ بڕیاریان لێدەداو هەڵسوکەوتیان دەکرد.

---

١ یەکێتی هێزێکی زۆری کۆکردەوە ولە یەکی ئایاری١٩٨٣ لەپڕ بەسەر بارەگاکانی سەرکردایەتیی حزبی شیوعی عێراق وحزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ئاشقۆڵکە وپشت ئاشانی داداوکۆنترۆڵی کردن کە زیاتر لە ٦٠کەس کوژران و ژمارەیەکیش بریندار و بە دیل گیران، کە زۆربەیان لە حزبی شیوعی عێراقی بوون

٢ ئاشقۆڵکە وپشت ئاشان، دوو گوندن لە بناری قەندیل سەربە ناحیەی سەنگەسەرن، لە ساڵی ١٩٨٢تا ئایاری١٩٨٣سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی لێبووە.

بەشی چوارەم

کێشەکانی ناوخۆی

حزبی سۆسیالیستی کوردستان

کێشەکانی ناوەخۆی
حزبی سۆسیالیستی کوردستان

لە ساڵی ١٩٨٣ کێشەو ململانێ لەنێو حزبی سۆسیالیست لە ئاکامی شکست و گفتار و ڕفتار و نابەرپرسانەی هەندێ لە ئۆرگان و بەرپرسو فەرماندەکانی پێشمەرگە، لە لایەکو لە لایەکی تر کێشە کۆنەکانی دوای کۆنگرەی یەکەم (١٢-١٥ /١٩٨١/٥) کە خۆی لە ناکۆکی و جیاوازیی بیر و بۆچوونی هزری دەبینیەوە، تیۆری سۆسیالیستی زانستی و بەستنەوەی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی، ناسنامەی حزب وەک حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخواز، لە کۆنگرە بە بڕیاری زۆرینە دەبێتە فیکر و ئایدۆلۆژیای حزبی سۆسیالیستی کوردستان، بەڵام هەندێک لە سەرکردە وکادیرەکانی پابەند نابن پێیەوە، هەروا ناکۆکی و ململانێی نێوان ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمیتەی هەولێر و کادیرەکانی لق کە لە دوای کۆنفرانسی لقی هەولێر زیاتر دەبن، شکستەکانیان لە شەڕی ناوخو، کێشەکان ڕۆژ بە ڕۆژ تەشەنە دەکەن و زەق دەبنەوە، بۆ چارسەرکردنی کێشەکان و خۆڕێکخستنەوە لەو پەرش وبڵاوییەی کە لە ئاکامی شەڕی نێوخۆ و گرتنی بارەگاکانی سەرکردایەتییەکەی لە (یەکی ئایاری١٩٨٣) لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە (ئاشقۆلکە و پشت ئاشان)، لە (٩-١٩٨٣/٩/١٣) کۆمیتەی ناوەندی بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامان جگە لە (عادل موردو عەدنان موفتی)[١] لە گوندی (زێوکەو ماشکان)[٢] کۆدەبێتەوەو کۆمەڵێک بڕیار دەردەکەن بۆ خۆ ڕێکخستنەوە، بەڵام ئەم بڕیارانە نەبوونە هۆکاری

[١] (عادل موردو عەدنان موفتی) دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوون، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی یەکەم بوون و زۆربەی کاتەکان لە دەرەوەی کوردستان بوون و لە سوریا دەژیان، لە پەیوەندییەکانی دەرەوە کاریان دەکرد، لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کە لە ڕۆژانی(٩-١٩٨٣/٩/١٣)لە (زێوکە و ماشکان) ئەنجامدرا ئامادە نەبوون.

[٢] (زێوکە و ماشکان) دوو گوندی نزیک یەکن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر سنوور سەربە خانێ (پیرانشەهەر)ن.

ڕێکخستنەوەو چارەسەرکردنی کێشەکان، لەمە بەدوا سەرەتای دروستبوونی دوو ئاراستەی جیا دەردەکەوێت، بەگوێرەی بۆچوونی ئاراستەیەکی نێو ئەم حزبە، سەرکردایەتی خۆی لە چارەسەرکردن دزیوەتەوەو پەردەپۆشی کێشەو گرفتەکانی کردووە نەیتوانیوە دەست بخاتە سەر برینەکان، بڕیارەکانی کۆبوونەوەش لە ئاست چارسەرکردندا نەبوون، ناکۆکی و یەکتر تاوانبارکردن لە نێوان هەندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سەری هەڵداوە و دروستبووە، هەر ئەم هۆکارانە بوون کە بوونەتە هۆی ئەوەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەرە بەرە لاواز بێت، سەرکردایەتی نەیتوانیوە لە ئاست چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان بێت، بە تایبەتیش لە ڕووی دیسپلینی حزبی و پێشمەرگایەتییەوە، هەندێ لە کادیر و بەشێکی زۆری هێزی پێشمەرگەی سنووری هەولێر هەر یەک لە (هەرێم[1])ەکانی (١٢ی هەندرێن بە فەرماندەیی عەبدوللا بۆر و ١٧ی کوڕەک بە فەرماندەیی بورهان بلەیی و ٧ی قەرەچوغ بە فەرماندەیی مام غەفە و ١٠ی سەفین بە فەرماندەیی عەریف عەلی[2])، بەشێک لە فەرماندەو پێشمەرگە بەچەکەکانیانەوە ڕیزەکانی جێبهێڵن و پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بکەن، ئیتر ئەم حزبە هەرگیزاوهەرگیز نەگەیشتەوە پێگەی جاری جارانی، زۆربەی چاودێرانی ئێستاو ئەوساش، هۆکارە سەرەکییەکەی دەگەڕێننەوە بۆ لێنەهاتوویی بەشێک لە سەرکردەکانی و نەبوونی هەماهەنگیی نێوانیان.

تا دەهات کێشەکان زیاتر دەبوون و لە لایەن سەرکردایەتیشەوە هەوڵی چارەسەرکردنیان نەدراوە، لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی (٩-١٩٨٣/٩/١٣) بڕیار دەدەدرێت (قادر عەزیز) ئەندامی مەکتەبی سیاسی بگوازرێتەوە بۆ

[1] هەرێم، یەکەیەکی پێشمەرگەیی بوو، لە شۆڕشی نوێی ١٩٧٦داهێنرا بۆ ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بۆ هەر ناوچەیەکی کوردستان هەرێمێک پێکهێنرا، هەرێم گەورەترین یەکەی پێشمەرگە بووە، ڕێکخستنی هەیکەلی هێزی پێشمەرگە لەو سەردەمەدا بەم جۆرەبوو(هەرێم، کەرت، مەفرەزە).

[2] عەریف عەلی، عەلی مەولود ناسراو بە (عەریف عەلی رەقەم یەک) لە ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی پڵنگە لە دایک بووە، لە ١٩٦١ بۆتە پێشمەرگە و لە ١٩٦٦ بۆتە ئامر بەتالیۆن، پاشان دەبێتە جێگری ئامر هێزی سەفین، لە شۆڕشی نوێ پەیوەندی بە حزبی سۆسیالیستی کوردستان دەکات و دەبێتە فەرماندەی هەرێمی ١٠ی سەفین و لە ساڵی ١٩٨٤پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات، پاش ڕاپەڕین دەچێتە نێو پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ٢٠٠٤/٥/١١کۆچی دوایی کردووە.

لقی دهۆکو ببێت بە بەرپرسی لق،وێڕای نارەزایەتی و نیگەرانی ناوبراو پابەند دەبێت بە بڕیاری گواستنەوەکەی، تا ئاستێکی باش لقی دهۆک چالاک دەکات و دەکەوێتە جموجۆل، ئەو لە سەرەتاوە لەنێو سۆسیالیست لەسەر ڕەوتی چەپی ئەم حزبە بووە، لە لقی دهۆک دوو نامیلکەی بە ناوەکانی (سەرەتا بنچینەییەکان لە بنیاتنانی حزبی شۆڕشگێڕدا)و (حزبی دیموکراتی شۆڕشگێڕ[1]) بڵاوکردونەتەوە کە تایبەت بوون بە فیکر و ئایدۆلۆژیای حزب، کە چۆن ئەو حزبانەی هەڵگری ناسنامەی (دیموکراتی شۆڕشگێڕ[2])ن لە کۆتایی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی دەبنە حزبێکی مارکسی و شیوعی، هەر ئەو جووڵەو هەوڵ و بۆچوونانە بوونەتە هۆی زیاتر لە یەک نزیکبوونەوە و هەماهەنگیی نێوان ئەو کادیر و پێشمەرگانەی کە خۆیان بە چەپو پێشکەوتنخواز دادەنا، بە تایبەتیش لە نێوان لقی دهۆکو هەولێر، تاوای لێهات هەموویان لە ڕەوتێک گردببنەوە، کادیرانی ڕێکخستن و فەرماندەکانی پێشمەرگەی لقی هەولێر ڕۆلیان هەبوو لە دروستکردنی ئەم ڕەوتە، دڵنیا بوون لەوەی کە سەرکردایەتی ئەم حزبە لە ڕووی فیکری و سیاسی و پەیوەندییەکان لە هێڵی گشتیی حزب دوور کەوتۆتەوە پرەنسیپی ڕێکخستن و دیسپلینی حزبایەتی تیا لاواز بووە، لە سەر ئەم بابەتانە بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیر و فەرماندەکانی پێشمەرگە، کەوتنە جموجۆڵو داوای چارەسەرکردنی کێشەکانیان کردووە، ئەم ئاراستەیەش زیاتر لە لقی هەولێر و دهۆکو بەشێکی کەمی ناوچەکانی سلێمانی و مەکتەبەکان و بارەگاکانی سەرکردایەتی چڕ ببوونەوە، تا لە ١٩٨٥/٥/١٥ بەرپرسو کادیر و بەشێکی

---

١ ئەم دوو نامیلکەیە (سەرەتا بنچینەییەکان لە بنیاتنانی حزبی شۆڕشگێڕداو حزبی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) لە لایەن (قادر عەزیز) نووسرابوون کە ئەو کات بەرپرسی لقی دهۆکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو، هەردووک نامیلکەکە لە بارەی تیۆری دیموکراتی شۆڕشگێڕ بوون، کە حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە بەرنامەی خۆیدا ئەم تیۆرەی بە بنەماکانی خۆی وەرگرتبوو.

٢ دیموکراتی شۆڕشگێڕ، لەو خەڵکە هوشیارانە پێک هاتووە کە نوێنەرایەتی چینە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵ دەکات، بە تایبەتی کرێکاران و جوتیاران و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان دەیانەوێ سەربەخۆیی سیاسی وەدەست بهێنن و گۆڕانکاری بنەڕەتی و قووڵیش لە نێو کۆمەڵدا ئەنجام بدەن، دوای بەشداریکردن لە لە خەباتی ڕزگاریخوازی و قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی ئەم جۆرە حزبانە (تحویل) دەبن بۆ حزبی کرێکاری.

زۆر لە پێشمەرگەکانی سەر بەم ڕەوتە بەرەو سەرکردایەتیی دەچن، کە لە گوندی (شوشان[1])ی ناوچەی برادۆست بووە، تا لە نزیکەوە لەگەڵ سەرکردایەتی بکەونە گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

بۆ ئەم پرسە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیران و بەرپرسی ئۆرگانەکان و بەشێکی هێزی پێشمەرگە لە سەرکردایەتی لە گوندی (شوشان) کۆدەبنەوە، لە کەشێکی ناسروشتی حزبایەتی، دەست بە گفتوگۆ کراوە، بە زەقی دوو ئاراستەی جیا لە نێو حزبی سۆسیالیست دەرکەوتووە، ئاراستەیەک کە داوای چاکسازی و گۆڕانی دەکرد بریتی بوون لە:

١.چەند ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی (قادر عەزیز، عەبدولخالق زەنگەنە، مامۆستا ئەمین، بەڵام دواتر پەشیمان بۆتەوە) هەروا هەریەک لە (مامۆستا سەعد، ئەحمەد فەقێ ڕەش ، قادر جەباری) دانیان بە کێشەکانی نێو حزبی سۆسیالیست دەنا، بەڵام لەگەڵ ئەو شێوازە چارەسەرکردنە نەبوون کە ڕوتەکە داوای دەکرد.

٢.لقی هەولێر و دهۆک.

٣.بەشێک لە پەیوەندییەکانی سوریا.

٤.بەشێکی زۆر لە ڕێکخستنەکانی دەرەوە.

٥.بەشێکی زۆر لە ئەندامانی مەکتەبی ڕاگەیاندن و دارایی و جەماوەرییەکان.

٦.کادیرانی ئێزگە[2] (دەنگی شۆڕشی کوردستانی عێراق) .

٧.چەند کادیرێکی سنووری لقی سلێمانی.

٨.لێژنەی ناوچەی کۆیە.

٩.لێژنەی ناوچەی ڕواندز.

١٠.لێژنەی ناوچەی قەڵادزە.

١١.لێژنەی ناوچەی دەشتی هەولێر.

١٢.لێژنەی ناوچەی شەقڵاوە.

---

[1] گوندی (شوشان) لە ناوچەی خواکورکەو لە ساڵی ١٩٨٤تا ١٩٨٥ سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی لێبووە.

[2] ئێزگەی (دەنگی شۆڕشی کوردستانی عێراق) ئێزگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بووە و بە هەوڵ و کۆششی ئەندامانی ئەم حزبە لە سوید کڕاوە و ناردراوەتەوە کوردستان، لە بەهاری ١٩٨٣ دەستی بە پەخش کردووە.

١٣.لێژنەی ناوچەی شار (هەولێر)
١٤.لێژنەی ناوچەی باڵەک.
١٥.سەرجەم پێشمەرگەکانی لقی دهۆک.
١٦.بەشێک لە پێشمەرگەکانی هەرێمیەکانی (٨ی دەشتی هەولێر،١١ی باواجی،٩ی باڵەک).
١٧.قوەی هەیبەت سوڵتان[1].

ئاراستەی دووەم کە لە بەرامبەر ئاراستەی یەکەم ئامادەی هیچ چارەسەرێک نابن و نەچوونەتە ژێرباری هیچ داواکارییێک، بریتی بوون لە:

١.سکرتێری حزب و چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی کە زۆرینەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیان پێکهێناوە.
٢.کۆمیتەی سەرکردایەتی سلێمانی (لقی سلێمانی و کەرکوک) بە هەرێم و لێژنە ناوچەکانییەوە.
٣.بەشێک لە پێشمەرگەی هەرێمیەکانی (٨ی دەشتی هەولێر، ١١ی باواجی، ٩ی باڵەک).
٤.پەیوەندیەکانی ئێران.
٥.بەشێک لە پەیوەندییەکانی سوریا.
٦.بەشێک لە کادیرانی مەکتەبی ڕاگەیاندن و دارایی.
٧.سەرەتا بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرانی سیاسی و پێشمەرگایەتی لە نێوان ئەم دوو ئاراستەیە بێلایەن دەبن، بەڵام دوا جار لەبەر هەندێ هۆکار داویانەتە پاڵ ئاراستەی دووەم.

چەند کۆبوونەوەیەک لە ڕۆژانی(٧/٢٦ تا ١٩٨٥/٨/١١)ئەنجام دەدرێن، کۆبوونەوەکان ماوەی تێکەوتوە، هەندێک لە کۆبوونەوەکان لەگەڵ کادیرانی سیاسی و پێشمەرگایەتیی ئاراستەی یەکەم بوون، ئەوەش بۆ ئەوە بووە

[1] قوە (هێز)، یەکەیەکی پێشمەرگەیی بوو لە شۆڕشی نوێ دامەزراو بەتایبەتیش لە نێو هێزی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوونی هەبوو، لە هەرێم بچووکتر و لە کەرت گەورەتر بووە، ڕاستەوخۆ سەر بە (مەکتەبی عەسکەری) بووە، کە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دامەزرا، هێزی پێشمەرگەی لە یەکەی(قوە) ڕێکخست تا بەستنی یەکەم کۆنفرانسیان، ئینجا ناوەکەیان گۆڕی بۆ هەرێم.

تا تێبینی و ڕاو بۆچوونەکانیان بە سەرکردایەتی بگەیەنن، کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بە شێوەیەکی فەرمی لە (٨/١ تا ١٩٨٥/٨/١٠) بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەنجامدراوە، کە ژمارەیان ١٥ ئەندام بووە و بریتی بوون لە: (ڕەسوڵ مامەند، مەلا ناسیح، قادر عەزیز، سەید کاکە، مامۆستا سەعد، عەبدولخالق زەنگەنە، مامۆستا ئەمین، ئەحمەد فەقێ ڕەش، محەمەدی حاجی مەحمود، خاڵە حاجی، محەمەد شاکەلی، قادر جەباری، عادل موراد، عەدنان موفتی، شێروان شێروەندی)، بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی یەک بوون، شەهید بووبوون یان وازیان هێنابوو، وەک شەهیدان:(سەیدا ساڵح، تاهیری عەلی والی، عەلی هەژار، کاردۆ گەڵاڵی، قادر شۆڕش و شێرکۆی شێخ عەلی)، هەر یەک لە (حاجی حاجی ئیبراهیم، عەزیز عەقراوی، محەمەد فاتیح، ئەبو عەلی و مام وریا) دوور کەوتبوونەوەو وازیان لە حزبی سۆسیالیست هێنابوو، لە سەرەتای کۆبوونەوەکان گفتوگۆی ئومێدبەخشانە کراون بە ئاراستەی چارەسەری کێشەکان، بەڵام ڕۆژانی دوایی ئەم کەشە گۆڕانی بەسەرداهاتووە، هۆیەکەشی ئاراستەی دووەم بووە، محەمەد شاکەلی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەم حزبە بووە و بەشداری کۆبوونەوەکانی کردووە، بابەت و گفتوگۆیەکانی بەشداربووانی یادداشت کردووە[1]، لە بەشێکیاندا بەم جۆرە ئاماژەی پێداوە:

- قادر عەزیز: پەیوەندییەکانی بەرەی جود لەگەڵ کۆمیتەی سەرکردایەتیی سلێمانی_ کەرکوکی حزب کە پێکهاتووە لە محەمەد شاکەلی، محەمەد حاجی مەحموودو شێروان شێروەندی، لاوازە و مەکتەبی سیاسی دەسەڵاتی بەسەر لقەکاندا نییە، بە تایبەتی لقی سلێمانی و کەرکوک.
- حەمەی حاجی مەحمود: ئێمە بێ ئاگاداری و ڕاوێژ لەگەڵ سکرتێر و مەکتەبی سیاسی هیچ هەنگاوێکمان نەناوە، بەڵگەی کاک قادر چییە با باسی بکات.
- قادر جەباری: سەرکردایەتی بە گشتی مەرکەزییەتی لاواز بووە، نەک

[1] محەمەد شاکەلی، لە بزوتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپخانەی کارۆ/کەرکوک ٢٠١١، ل ٩٥-٨٣.

تەنها مامۆستا ئەمین، دەستێوەردانی لە ئیش‌و کاری لقەکاندا هەبووە، بە نامەی تایبەتی کارەکان ئەنجام دراون.

- سەید کاکە: مەسەلەکە جیاوازە. ئەوان دەڵێن ئێمە قیادەیەکی شۆڕشگێڕمان دەوێ‌و ئەمانەی ئێستا هەر هەموو، جگە لە کاک قادر عەزیز و برادەرەکانی، ناشۆڕشگێڕن، ئەگەر هەمووتان بەم داوایە ڕازین، زۆر باشە، با تەسلیمیان بکەین و کێشەکە دەبڕێتەوە.

- کاک ڕەسوڵ: کەموکوڕی هەبووە، لەوەدایە ئێمە هەموومان وەکو پێویست حزبایەتیمان نەکردووە، ئیعتراف دەکەم وەکو مەسئولییەتێکی تەزامونی کە مەکتەبی سیاسی و خۆم لە ئاستی مەسئولییەتدا نەبووین. تەحەمولی مەسئولییەت دەکەم و ئەوە چی دەگەیەنێ.

- مامۆستا سەعد: پەشیمان نیم لەوەی لە نامەیەکی شەخسیدا بۆ کاک قادرم نووسیوە وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەربارەی لقی سلێمانی و کەرکوک‌و تەحەداش دەکەم لە جێگای کە باسم کردبێ.

چەند بڕیارێک لەم کۆبوونەوەیە دراون کە لە خزمەتی ئاراستەی یەکەمدا نەبوون و بێئومێد بوون لە چارەسەرکردنی کێشەکان، کە سەرجەمی بڕیارەکان لە خزمەتی ئاراستەی دووەمدا بوون، چونکە زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییان پێکهێناوە، لە(١٩٨٥/٨/١١) بە دەرکردنی بەلاغێک کۆتایی بە کۆبوونەوەکان دەهێنرێت، لە بەلاغەکەدا ناوی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیست نەهاتبوو، لە بڕی ئەوان ناوی کۆماری ئیسلامی ئێران هاتبوو، ئەمەش لەسەر پێشنیار و پێداگری محەمەدی حاجی مەحمود بووە، ئەو حزبانەی خۆیان بە چەپ‌و سۆسیالیست دەزانی لەو سەردەمە و قۆناغەدا یەکیتیی سۆڤیەت و وڵاتانی سیستەمی سۆسیالیستیان بە قەڵای پشتگیریکردن لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلان و حزبە چەپ‌و سۆسیالیست و مارکسییەکان دەزانی، بۆیە ئاراستەی یەکەم ناڕەزایەتیی خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕیوە و ئامادە نەبوون ئەم بەلاغە وەربگرن و بڵاویی بکەنەوە.

ئاراستەی یەکەم بۆچوونیان وابووە کە چەند ئەندامێکی سەرکردایەتیی

ئاراستەی دووەم چەند ڕۆژێک پێش کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە (ورمێ) لەگەڵ بەرپرسانی ئێران کۆببوونەوە و بەوەی خەڵکانی چەپو مارکسی لە حزب وەدەر نێن، لەم کۆبوونەوەیەدا ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی سلێمانیش بەشداریان تیا کردبوو[1].

ئەوەی جێگای سەرنجە، کە بە دانیشتن و گفتوگۆ چارەسەری کێشەکان نەکرا، دوا ڕێگا کە دەبووایە بیگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی کێشەکان بە تایبەتی کێشە سەرەکیەکان بەستنی کۆنگرە بووە، بەڵام ئاراستەی دووەم بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەبووە بڕیار لە بەستنی کۆنگرەو دیاریکردنی ڕۆژەکەی بدرێت، بە گوێرەی پەیڕەوو پڕۆگرامی ناوخۆ، کە لە کۆنگرەی یەک (١٢-١٩٨١/٥/١٥) پەسند کراوە، سێ ساڵ جارێک کۆنگرە ببەسترێ، ساڵێکو سێ مانگ بەسەر وادەی بەستنی کۆنگرە تێپەڕی بوو، ئەمە داخوازی ئاراستەی یەکەم بوو کە دەیانخواست کۆنگرە ببەسترێ، ئومێدیان زۆر بە کۆبوونەوکانی (١-١٩٨٥/٨/١٠)ی کۆمیتەی ناوەندی هەبوو کە وادەی کۆنگرە دیاری بکات، بەڵام ئارەستەی دووەم لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دیاریکردنی وادەی بەستنی کۆنگرەیان ڕەتکردۆتەوە، چونکە لەوە دەترسان نەوەک پلە و شوێن و توانایی خۆیان لەدەستبدەن و کۆنگرە بە بەرژەوەندیی ئاراستەی یەکەم بشکێتەوە، بۆیە بە هیچ جۆرێک ئامادە نەبوون نە کۆنگرە ببەستن و نە بەڵێنی ئەوە بدەن وادەکە دیار بکەن.

کۆبوونەوەکان کۆتاییان پێدێت و کۆمەڵێک بڕیار دەدرێن و بڵاوکراوەی کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەردەچێت، ئیتر دەبوایە ئەم دوو ئاراستەیە بڕیاری خۆیان بدەن و بەرنامەی کاری داهاتوویان چ دەبێت! پاش (١٩٨٥/٨/١١) کە ڕۆژێک دوای دوا ڕۆژی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بووە، کەشی گرژی و جۆرێک لە ئاڵۆزی ناوبارەگاکانی سەرکردایەتی گرتبۆووە، بەڵام بە شێوەیەکی نهێنی، ئاراستەی یەکەم لە ڕۆژی (١٩٨٥/٨/١٣) یادداشتنامەیەکیان بە واژۆی (٤٥) کادیری سیاسی و پێشمەرگایەتی و ڕاگەیاندن و دارایی و هەردووک ڕێکخراوی لاوان و قوتابیان داوەتە مەکتەبی

[1] حسک/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، نامیلکەی هەڵوێستی شۆڕشگێری نەک لادان و پاشگەزبوونەوە، ١٩٨٦.

سیاسی، کە (١١) خاڵی لەخۆ گرتبوو،وەک ڕوونکردنەوە لەسەر بڕیارەکانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، ڕایانگاندووە کە بە هیچ شێوەیەک پێیەوە پابەند نابن، چونکە بڕیارەکان نابەجێو تۆمەتەکان دوورن لە ڕاستی و لادانە لە پرنسیپەکان و پەیڕەوو پڕۆگرامی حزب، هەروا (٤) خاڵیان لەیادداشتنامەکە خستبووە ڕوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

ئەمەش دەقی یادداشتنامەکەیە[١] کە لە لایەن کادیرانی ڕێکخستن و پێشمەرگە داویانە بە مەکتەبی سیاسی، یاداشتنامەکە بە زمانی عەرەبی بووە و لێرەدا وەرگێڕدراوە بۆ کوردی، بۆ دەقە عەرەبیەکەی بڕوانە بەشی دیکۆمێنتەکان.

١ کاوە تەیب جەلال، کەرتبوون لە نێوان پارتە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان، چاپخانەی حەمدی/ ٢٠١٧، ل ٤١٨– ٤٢٦.

حزبی سۆسیالیستی کوردستان– عێراق
بەروار: ١٩٨٥/٨/١٣
شوێن: بارەگای سەرکردایەتیی حزب (شوشان)

بۆ/ مەکتەبی سیاسی بەڕێز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

هاوڕێیانی بەڕێز: هەمووتان دەزانن کە ماوەیەکی زۆرە حزبمان دەناڵێنێ بە دەست کێشەکانی ناوخۆو ڕێکخستن، لە پای سەرپێچی و کردەوەی هەندێ لە هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزب، لە زنجیرەیەک کۆبوونەوەو گفتوگۆی نێوان کادیرەکانی ڕێکخستن و پێشمەرگە لە هەردوو لقی هەولێر و دهۆکو کادیرانی مەکتەب و ڕێکخراوەکان لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی بە ئامادەبوونی سکرتێری حزب، شرۆڤەیەکی دوور و درێژیان لە بارەی ئەو کێشانە خستە ڕووو هۆیەکانیان دیاریکردو ئاماژەیان بەو خاڵانەدا کە ئامانج لێی لادانە لە بیر وباوەڕی حزب کە لە کۆنگرەی یەکەم بڕیاری لێدراوە، ئەو بیر وباوڕەی کە سەدان شەهیدی[1] لە پێناودا دراوە، ئەمەش ڕوونکرایەوە لەو بەڵگە و بەڵگەنامانەی کە پێشکێشمان کردن، لەوانە بڵاوکراوەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ کە ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی لە کۆنگرەی یەکەم بڕیاری لێدراوە، هەروا دەرکردنی بڕیاری لەناوبردن و لێدان و کوشتنی هاوڕێانی کادیر و بەرپرسی لقی هەولێری حزب، ئێوە بەڵێنتان بە سەرجەم کادیرانی ڕێکخستن و پێشمەرگایەتیدا کە ئەو کێشانە بە شێوەیەکی بابەتیانەو لەژێر ڕۆشنایی پەیڕەوی ناوخۆی حزب چارەسەر بکەن.

ئەو بڕیارانەی لە دووا کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری لێدراون، لە هەندێ بڕیار بۆچوونی ئێمە وەرنەگیراو بەرژەوەندیی حزبیش لەبەر چاو

[1] حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە میانەی خەبات وتێکۆشانیدا لە سەرەتایی دامەزراندنیدا تا ساڵی ١٩٨٥ نەک سەدان بەڵکو هەزاران شەهیدی داوە، سکرتێر و ئەندامی مەکتەبی سیاسی وکۆمیتەی ناوەنادی و سەدان فەرماندە و کادیر و هەزاران پێشمەرگە لە ریزەکانیدا شەهید بوون.

نەگیرا، ئەو بڕیارانەی دراون پێچەوانەی پەیڕەوی ناوەخۆن و دەتوانین ڕوونیکەینەوە لەو خاڵانەی خوارەوە:

١. لە بڕیاری لیژنەی مەرکەزی هاتووە، کە هاوڕێ قادر عەزیز تەکەتوولی کردووە بە هاوکاری لەگەڵ کادیرانی لقی هەولێر، ئێمە جارێکیدیکە دووبارەی دەکەینەوە کە ئەمە تەکەتوول نەبووە، یەکگرتن بووە، یەکیتیی فکری (المنطلق) لەژێر ڕۆشنایی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆو لە بەرامبەر ئەو یەکگرتنە بۆ مەکتەبی سیاسیمان بە بەڵگە و بەڵگەنامە ڕوونکردەوە، کە تەکەتوول لە ڕیزەکانی حزبدا هەیە.

٢. هەڵپەساردنی هاوڕێ ئارام بۆ ماوەی پێنج مانگ لەسەر ئەوەی کە بەشداریکردووە لە تەکەتوول، بۆ زانینتان هاوڕێی ناوبراو چەندین جار هەڕەشەی لێکراوە بە تۆمەتی جۆراوجۆر دواجار هەوڵیاندا لە ئێران لە ڕێگای ((عەبدولواحید)) دەستگیر بکرێت، ئێمە بەرگری لە مافەکانی هاوڕێی ناوبراو دەکەین، چونکە لیژنەی ناوەندی مافەکانی پشتگوێ خستووە و ئەو بڕیارەی لەبارەیەوە دراوە ڕەوا نیە.

٣. لیژنەی ناوەندی لە کۆبوونەوەی خۆیدا ئەو دوو نامیلکەیەی ڕەتکردنەوە کە لە لقی دهۆک دەرچوون سەرەڕای ئەوەی کە مەکتەبی سیاسی ڕازی بوو لەسەر بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی یەکەم، هەروا لیژنەی ناوەندی ژمارە چواری ڕۆژنامەی (بەهدینان)یشی ڕەتکردەوە، بۆ زانیاریتان هەرچی بڵاوکراوەتەوە سەرچاوەی لە تیۆری سۆسیالیستی زانستی وەرگرتووە و دەربڕی ئایدۆلۆژیای حزبن.

٤. دەرەنجامی کۆبوونەوەکان و بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی، گەڕانەوەی تەواوی حزبی پێوە دیارە لە هاوپەیمانیەتی و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێودەوڵەتی.

٥. دانانی هەڤاڵ بەڵێن بە ئەندامی کارگێڕی لقی دهۆک دروست نیەو مانەوەی لە لقی هەولێر زیاتر خزمەت بە حزب دەگەیەنێ.

٦. دانانەوەی هەڤاڵ خاڵە حاجی لە مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ ئێران، بەبێ ئەوەی هیچ لێپێچینەوەیەکی لەگەڵ بکرێت، وێڕای ئەوەی

ئەو لەسەرووی تەکەتوولکراوەکان بوو، حزبی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بەکار هێناوەو چەندین کێشەو گرفتی بۆ حزب دروستکردووەو زیاد لە دەسەڵاتەکانی خۆی بەکار هێناوە کە بە هیچ شێوەیەک خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی حزب ناگەیەنێ.

٧. ئەو بڕیارەی لەبارەی ئاگادارکردنەوەی هەڤاڵ سەید کاکە لە بەرامبەر ئەو هەموو سەرپێچی و تەکەتوولکردن و پابەندنەبوون بە بەرنامەی حزب و دەکردنی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ، پێچەوانەی بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمی حزب، ئەوەی لەبارەیەوە کراوە نە بڕیار و نە لێپێچینەوەیە.

٨. پشتگوێ خستن و بایەخ نەدان بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان ((لاوان و قوتابیان)) دەرنەکردنی بڕیاری پشتگیریکردنیان و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ڕۆڵیان، نایێتەوە لەگەڵ داخوازییەکانی حزب بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی حزب بە جەماوەرەوە.

٩. بڕیاری دامەزراندنی هەندێ لە هەڤاڵان بۆ بەرپرسی کەرت و ئەندامی دەستەی کارگێڕی لقەکان، ئەمە بۆ ڕازیکردنیانەو هیچ خزمەتێک بە حزب ناگەینێ.

١٠. هیچ بڕیارێک لە بارەی دارایی حزب نیەو نەدراوە، کەچی هەندێ لە هەڤاڵانی کۆمیتەی ناوەندی تەخشان و پەخشانییان بە دارایی حزب کردووە، مەکتەبی سیاسیش لەوە ئاگادارە، لە پێش کۆبوونەوە ئەم خاڵە یەکێک لە خاڵەکانی کێشەکان بووە.

١١. ساڵێکو سێ مانگ بەسەر کاتی بەستنی کۆنگرە ڕەت بووە، پێویست بوو لەو کۆبوونەوەیە کاتی بەستنی کۆنگرەی داهاتوو دیاری کرابا، کە ئاماژە بە دیاریکردنی نەدراوە، لە بەلاغی کۆتایی هیچ واتایەک نابەخشێ جگە لەوەی پێشێلکارییێکی ترە لە پەیڕەوی ناوخۆو دوورکەوتنەوە لە دیموکراسیەتی نێو خۆیی حزب.

هەڤاڵانی بەرێز:

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە ناتوانین پابەند بین بەو بڕیارانەوە لەبەر ئەوەی:

یەک - لادان و پێشێلکاری لە بیر وباوەڕو سیاسەتی حزب کراوە.
دوو- هیچ پابەندبوونێک نەکراوە بە بەرنامەو پەیڕەوی ناوەخۆی حزب و بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەم.

ئێمەی هەڤاڵان کە لەسەر ئەم یاداشتنامەیە واژۆمان کردووە جارێکی تر داواتان لێدەکەین چاوخشاندنەوە بەو بڕیارانەدا بکەن لەژێر ڕۆشنایی بەرنامەو پەیڕەوی ناوەخۆی حزب و چارەسەرێکی زانستی و بابەتیانە بکەن بۆ کێشەو بارودۆخی ناوەخۆی حزب، ئێوە لەبەردەم بەرپرسیاریەتیەکی دیرۆکی گەورەدان، هیوادارین راو بۆچوونەکانمان کە لە خوارەوە ئاماژەمان پێداون لەبەرچاو بگیردرێن لە پێناو بەرگریکردن و مانەوەی یەکێتی و یەکڕیزی حزب :

١. بەستنی کۆنفرانس لە نزیکترین کاتی لواو.
٢. لەکاتێکدا کە کۆنفرانس نەبەسترا، ئەوە دەبێت کاتی گرێدانی کۆنگرە دیاربکرێت بۆ ئەمەش دەبێت کۆبوونەوەیەکی تری کۆمیتەی ناوەندی ئەنجامبدرێت.
٣. هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لەبەر ئەو هۆیانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە.
٤. داواکارین تا بکرێت بە زووترین کات وەڵامان بدەنەوە.

لەگەڵ سوپاس

(ناوی ئەوانەی یاداشتەکەیان واژۆ کردووە)

١.بەڵێن/ کادیری پێشکەوتوو، ئەندامی کارگێڕی لقی هەلێر.
٢.ئارام / کادیری پێشکەوتوو، ئەندامی کارگێڕی لقی هەلێر.
٣.مام ڕەشاد/ کادیری پێشکەوتوو، بەرپرسی لێژنەی ناوچەی کۆیە، نوێنەری لێژنەی ناوچە.
٤.سـمکۆ/ کادیری پێشکەوتوو، ئەندامی کارگێڕی لێژنەی ناوچەی شەقڵاوە، نوێنەری لێژنەی ناوچە.

٥.زرار جۆڵا/ کادیری پێشکەوتوو، ئەندامی کارگێڕی لێژنەی ناوچەی ر واندز، نوێنەری لێژنەی ناوچە.
٦.د.هیوا شەقڵاوەیی/ کادیری حزبی، ئەندامی لێژنەی ناوچەی شەقڵاوە .
٧.هەژار دێدەوانی/ کادیری حزبی، ئەندامی لێژنەی ناوچەی دەشتی هەولێر، نوێنەری لێژنەی ناوچە.
٨.دڵشاد حوسێن/ کادیری پێشمەرگەیی، فەرماندەی هێز (قوە)ی هەیبەت سوڵتان، نوێنەری هێز (قوە).
٩.د . ڕەشید/ کادیری پێشمەرگەیی، فەرماندەی کەرتی (٦) نوێنەری کەرت.
١٠. قەهار عەزیز/ کادیری پێشمەرگەیی، فەرماندەی کەرت، نوێنەری کەرت.
١١.عوسمان بانیمارانی/ کادیری پێشمەرگەیی، فەرماندەی کەرت، نوێنەری کەرت.
١٢.ئەسوەد مەنتک / کادیری پێشمەرگەیی، فەرماندەی کەرت، نوێنەری کەرت.
١٣.ڕەشید ڕواندزی/ کادیری پێشمەرگایەتی، فەرماندەی کەرت، نوێنەری کەرت.
١٤.چەتۆ مەنتک/ کادیری پێشمەرگەیی، فەرماندەی کەرت، نوێنەری کەرت.
١٥.نایف/ کادیری حزبی، ئەندامی لێژنەی ناوچەی دەشتی هەولێر.
١٦.پشتیوان/ کادیری حزبی، ئەندامی لێژنەی ناوچەی شەقڵاوە.
١٧.ئاوارە مام وسو/ کادیری حزبی، لە هێز (قوە)ی هەیبەت سوڵتان.
١٨.د. زرار/ کادیری پێشکەوتوو، ئەندامی کارگێڕی لێژنەی ناوچەی باڵەک، نوێنەری لێژنەی ناوچە.
١٩.سەعدی مامەند/ کادیری پێشمەرگەیی، فەرماندەی کەرت، نوێنەری کەرت.
٢٠.خالید بەرزە/ کادیری حزبی، ئەندامی لێژنەی ناوچەی باڵەک.
٢١.عەلی مەلا باس/ کادیری حزبی، ئەندامی لێژنەی ناوچەی باڵەک.
٢٢.قادر کرۆنە/ کادیری پێشمەرگەیی، جێگری فەرماندەی کەرت.
٢٣.فەرهاد مەنتک/ کادیری پێشمەرگەیی، جێگری فەرماندەی کەرت.

نوێنەرانی لقی دهۆک

١.کرمانج/ کادیری حزبی.
٢.د. بێستون/ کادیری حزبی.
٣.جەوهەر عەلی/ کادیری پێشمەرگەیی، فەرماندەی کەرت.
٤.فازل حەسەن/ کادیری پێشمەرگەیی، جێگری فەرماندەی کەرت.

نوێنەرانی ڕێکخراوە جەماوەریەکان و ئەو کادیرانەی ئەرکیان لە سەرکردایەتی حزب بووە.

١. کاکل حەسەن(ئاسۆ)/ سکرتێری یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستیی کوردستان، ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوە جەماوەریەکان، نووسەر لە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی حزب.
٢.بەهمەن حوسێن/ ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستیی کوردستان، ئەندامی مەکتەبی ئیدارەو دارایی حزب.
٣.هێمن چاوشین/ئەندامی مەکتەبی ناوەندی سکرتاریەتی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان.
٤.ڕێبوار عەبدولڕەحمان/ سکرتێری یەکێتیی قوتابیانیی کوردستان، ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوە جەماوەریەکان.
٥.گۆران جەلال ، ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانیی کوردستان.
٦.جەمال شینە/ بەرپرسی ئیداری لە ئیدارەی مەکتەبی سیاسی حزب.
٧.خەسرۆ/ کادیری هونەری لە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن.
٨.د. سەردار محەمەد/ بەرپرسی ناوچەی قەڵادزە.
٩.ئیبراهیم زرار/ ئەندامی کارگێری ناوچەی قەڵادزە.
١٠.عەلی تاهیر/ فەرماندەی مەفرەزەی هێزی پێشمەرگە سەر بە ناوچەی قەڵادزە.
١١.عەزیز محەمەد مراد/ کادیری لێژنەی ناوچەی قەڵادزە.
١٢.ئاسۆ عەبدوللا/ کادیری لێژنەی ناوچەی قەڵادزە.
١٣.کەمال حەمە باول/ فەرماندەی مەفرەزەی هێزی پێشمەرگە سەر بە

ناوچەی قەڵادزە.
١٤.دارا عومەر/ ئەندامی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن، بەرپرسی ڕێکخراوی حزب لە ناوچەی سەرکردایەتی.
١٥.کاوە عومەر(کاوە محەمەد ئەمینە بە هەڵە ناوی باوکی نووسراوە)/ ئەندامی ڕێکخراوی حزب لە ناوچەی سەرکردایەتی، نوێنەری حزب لە لێژنەی (جود) لە برادۆست.
١٦.سەلام محەمەد (مامۆستا سەلام)/ ئەندامی مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوە لە ئیران.
١٧.هەڵمەت حەمید ئیبراهیم/ کادیری حزب، بێژەر.
١٨.کەمال قادر/ کادیر لە ناوچەی هەولێر.

ماوەی(٦) مانگیش درابوو بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان، هەروا ڕاشیان گەیاندبوو تا ماوەی دیاریکراو هەر پابەند دەبن بە حزبەوە و خۆیان بە حزبی سۆسیالستی کوردستان دەزانن، پاش پێدانی یادداشتنامەکە بە مەکتەبی سیاسی، خۆ کۆدەکەنەوە تا ئامادەبن بگەڕێنەوە بارەگاکانی خۆیان لە ناوچەی بادینان (گەلی زێوشکان[1]) کە بارەگای لقی دهۆکیان لەوێ بووە، هەر لە سەر وبەندی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی، (شێخ محەمەد خالید) سەرۆکی حزبوڵڵای کورد[2]، نامەیەک بۆ لقی هەولێری حزبی سۆسیالستی کوردستان و هەروا قاتعی هەولێری حزبی شیوعی عێراق دەنێرێت، داوا دەکات کە بارەگاکانیان لە بارزان لاببەن و ئەم ناوچەیە چۆڵ بکەن، بۆ ئەوەی گرژی و کێشە دروست نەبێت، حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە باشی زانیوە بارەگای لقی هەولێر بە شێوەیەکی کاتی بگوازێتەوە هەمان ئەو شوێنەی کە بارەگای لقی دهۆکی لێبووە، حزبی شوعیش بارەگاکانیان بۆ

[1] گەلی زێوشکان، گەلێکی سەختە دەکەوێتە ناوچەی ئامێدی و نزیک سنووری باکوری کوردستانە، بارەگاکانی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و قاتعی بادینانی حزبی شیوعی عێراق و لقی دهۆکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری لێبوو، لە ١٩٨٧بەدواوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش بارەگای مەڵبەندی بادینانی لێ دانا.

[2] حزبوڵڵای کورد، لە ساڵی ١٩٨٣ لە لایەن کۆچکردوو شێخ محەمەد خالید دامەزرا، لە ساڵی ١٩٨٨ ئەدهەم بارزانی لەم حزبە جیا دەبێتەوە و حزبوڵڵای شۆڕشگێڕی کورد رادەگەینێت، لە ساڵی ٢٠٠٣ دەچێتە نێو پارتی دیموکراتی کوردستان.

ناوچەی زێباری و بەری گارا دەگوازنەوە.

پێدانی یادداشتنامە بە مەکتەبی سیاسی و گەڕانەوە بۆ بارەگاکانیان لە بادینان، بەو مانایە نەبووە کە نیازی جیابوونەوەیان هەبووبێت و بڕیارێکی لەو شێوەیان دابێت، زیاتر بۆ ئەوە بووە کە پەیامێک بە حزبەکەیان بدەن تا زوتر بیر لە چارەسەرکردنی کێشەکە بکاتەوەو هەنگاوی کرداری بۆ بهاوێت، بەلای ئەوانیشەوە چۆنیەتیی چارەسەرکردنەکەش خۆی لە خاڵەکانی یادداشتنامەکەیان دەبینێتەوە، هەروا خۆیان دوور بخەنەوە لەوان نەبادە ئەو کێشەو گرفتانە ڕوبەڕوبوونەوەی چەکداری لێبکەوێتەوە، بۆیە ئەو هەڵوێستەیان نواندو بەدوو قۆناغ جێبەجێی بکەن.

قۆناغی یەکەم: دوورکەوتنەوەو گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، چونکە پێیان وابوو تا لەو بارودۆخە نائاسایی و پڕکێشە و گرفتە لەناو یەکتر بن و ڕۆژانە بەبەر چاوی یەکتر هاتووچۆ بکەن، مەترسیی ئەوە دەبێت ئەم بارگرژیە پێکدادانی لێدروست بێت، بەڵام گەر لێک دوور بکەونەوە لەوانەیە دەرفەتێک دروست ببێت بیر لە چارەسەرکردن بکەنەوە.

قۆناغی دووەم: ماوەیەک (کە شەش مانگ)ە وەک دەرفەتێک بەواندراوە، چاوەڕێ بکەن، گەر بەردەوام بوون لەسەر سیاسەتی چەوتی پێشوویان و ملیان نەدا بۆ چارەسەری کێشەکان، ئەوە ئەوجا بیر لە بەرنامەی کاری داهاتوویان بکەنەوە، کە چیبکەن تا بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن.

کێشە سەرەکییەکانی ڕەوتی چەپو چاکسازیخواز لەگەڵ سەرکردایەتیی حزبەکەیان خۆی لە کێشەی (ئایدۆلۆژی و تەنزیمی و ئیدارەو دارایی و سیاسییەکان) چڕکردبۆوەو بریتی بووەن لە:

- حزبی سۆسیالیستی کوردستان خاوەنی گەورەترین هێزی پێشمەرگە بوو لە گۆڕەپانی کوردستان، بە تایبەتیش لە ساڵەکانی (١٩٨١-١٩٨٣) لە بەر نەبوونی نەخشە و بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانەی پەروەردەکردن لە لایەن سەرکردایەتیی حزبەوە نەتوانرا ئەو هێزە لە چەندایەتییێکی زۆر، بگۆڕدرێت بۆ چلۆنایەتییێکی ڕێکوپێکو هێزێکی بە بیر و باوەڕ.
- یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ڕەوتی چەپو چاکسازیخواز لەگەڵ

سەرکردایەتیی حزبەکەیان، پاشگەزبوونەوە بووە لە ڕێبازی ئایدۆلۆژی حزبدا، کە لە کۆنگرەی یەکەمدا دەنگی بۆ دراوە و لە پەیڕەوی ناوخۆییدا بەم شێوەیە جێگیرکراوە، (حزبی سۆسالیستی کوردستان _ عێراق، حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕی پێشکەوتن خوازە). هەر لە هەمان مادەش لە خاڵی دووەمدا هاتووە، دەڵێت: (حزب خەباتی نەتەوایەتیی خۆی بە خەباتی کۆمەڵایەتی دەبەستێتەوە). لە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرەشدا هاتووە دەڵێت: (حزبمان باوەڕی تەواوی بە سۆسیالیزمی زانستی و بەیەکەوە گرێدانی دیالیکتیکیانەی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی هەیە[1]) لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ڕۆژانی ١-١٩٨٥/٨/١٠ ئەم پرسە لە نێوان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی گفتوگۆی لەبارەیەوە کراوە، کە بەشێکی گفتوگۆیەکان بەم جۆرە بووە:

- قادرجەباری: ئێمە نە شیوعین نە مارکسین. مەسەلە نەتەوایەتییەکەمان لا گرنگە. بیروباوەڕی نامۆمان تێدایە. حزب ئەنواع کەس‌و بیرکردنەوەی تێکەوتووە.

- ڕەسول مامەند: بوونی خروقات و کەموکووڕی و ئەفکاری جیاواز لەم ئەجوائەدا ئاساییە. داوا دەکەم بە گیانی لێبووردنەوە هەر کەس موراجەعەی خۆی بکات.

دابەشکردن بۆ شۆڕشگێڕو پێشکەوتوو پێچەوانەی بە تەخریب دەزانین بە چەند مەرجێک لاریم نییە ئەو قیادە شۆڕشگێڕە بێتە سەر کار و گرفتەکان چارەسەر بکات. ئەگەر ئێوە دەزانن شێوەی کاری کاک قادر (قادر عەزیز) ڕاستە، بەڵێی بۆ بکەن. بە پێچەوانەوە دەبێ هەڵەکانی ڕاستبکاتەوە.

- مەلا ناسیح: تەکەتول هەیە و قالبی فیکرییان داوەتێ. نامیلکەیان دەرکردوە بۆ ئەوەی بیکەن بە ئەساس‌و لە کۆنگرە تەرحی بکەن.

- محەمەد شاکەلی: گرفت و جیاوازیی فیکری هەیە لە ناو سەرکردایەتیداو ڕەنگی داوەتەوە بۆ خوارەوە. کەسانێک باوڕیان وایە ئێمە حزبێکی (مارکسی لینینی)ن. هی کەش وا بیر دەکەنەوە ئێمە سۆسیالیست و دیموکراتی

[1] حسک/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، نامیلکەی هەڵوێستی شۆڕشگێری نەک لادان و پاشگەزبوونەوە، ١٩٨٦.

شۆڕشگێڕین و مەسەلە نەتەوایەتییەکەیان لا زۆر گرنگە).
-ڕەسول مامەند: تەکەتول هەیە، مەدرەسەو ئەساسی فیکری هەیە، نەبوونی وریایی فیکری یارمەتی داوە. خروقاتیش لێرەو لەوێ هەیە. حاڵەتی (جەزر) لە هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا بەدی دەکرێت.
- قادر جەباری: پێشنیار دەکەم بەشی ڕێکخستن بایەخی زۆری پێبدرێت. ڕاپۆرتەکان بە وردی وەڵام بدرێنەوە. موتابعەی کارەکان بکرێت. جەوڵە بەسەر لقەکاندا بکرێت. شارەکان بایەخیان پێبدرێت. فیکرمان تەسبیت بکەین. خۆمان لە ئیجتیهادی شەخسی ڕزگار بکەین.
-ڕەسوڵ مامەند: بیر و بۆچوونی فیکری هیچ هەڤاڵێک لە ناو حزبدا، سنووری بۆ دانانرێت، بە مەرجێک لە چوارچێوەی فیکری گشتیی حزبدا بێت، دەکرێ کەسی بێلایەن وەربگیرێت وەکو کەسێک هەڵگری بیری نەتەوەیی لە ناو حزبدا کار بکات، ئێمە باڵی پێشکەوتووخوازی بزووتنەوەی کوردایەتین. ئێمە چەپین.
-عەبدولخالق زەنگەنە: ئەگەر بڕیارێک دەربکرێت لەگەڵ پڕۆگرامی حزبدا بگونجێت خۆم نەزەری تایبەتیم هەیە. مەسەلەی نەتەوەیی و چینایەتی لە منهاجی حزبدا دیاری کراوە. ڕاستە دەبێ ئەولەوییەت بە مەسەلەی نەتەوەیی بدرێت، بەڵام وجودی حزب لە ئەسڵا تەبەقییە[1].
- لاوازبوونی پرەنسیپەکان و لێنەهاتووی سەرکردایەتیی و پێشێلکردنی سەرەتایەکانی ژیانی حزبایەتی و نەمانی سەرکردایەتی بەبەکۆمەڵ و دەرکەوتنی سیاسەتی سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوی بە تایبەتیش لە مەکتەبی سیاسیدا، نمونەی (دەرکردنی نووسراوێک بە ناوی پەیڕەوو پڕۆگرامی حزب لە لایەن لێپرسراوی کۆمیتەی سەرکردایەتیی هەولێر لە ساڵی ١٩٨٤[2])، هەروا ئەنجامنەدانی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی، دەبوایە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ چوار مانگ جارێک ئەو کۆبوونەوانە ئەنجام درابان، جاری وا هەبووە زیاتر لە ساڵو نیوێک بەسەریدا ڕەت بووە، ئەوەش دەبووە هۆی

[1] محەمەد شاکەلی، لە بزوتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپخانەی کارۆ/کەرکوک ٢٠١١، ل ١١٦-٩٢.
[2] حسک/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، نامیلکەی هەڵوێستی شۆڕشگێری نەک لادان و پاشگەزبوونەوە، ١٩٨٦.

ئەوەی گیر وگرفتەکان چارەسەر نەکرێن و بەڵکو کەڵەکە ببن و ئاڵۆزتر ببن.
- نەبوونی بنەماکانی پێشخستن و دەستگرتن و پاداشت و سزادان، پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕازیکردن، بایەخنەدان بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگە.
- بایەخنەدان بە ڕۆڵی ڕێکخستن و پەیڕەونەکردنی بەرنامەو شێواندنی هێڵی فکری حزب.
- بێتوانایی سەرکردایەتیی لەئاستی کۆمەڵێک گۆڕان و ڕووداوی سیاسی لە کوردستان و شرۆڤەنەکردنی بارودۆخەکە، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئۆرگان و کادیر و فەرماندەکان لە هەر ناوچەیەک بۆخۆی بڕیار بدات و هەڵسوکەوت بکات، بێئەوەی سیاسەت و هەڵوێستێکی یەکگرتوانەی حزب هەبێت، بۆ نمونە (لە ناوچەی هەولێر حزبی سۆسیالیست کەوتبووە بەر شاڵاوەکانی یەکیتی و شەڕی ناوخۆوە، لە ناوچەی سلێمانی لە سەر ئاستی سەرکردایەتی کۆبوونەوە و ڕێککەوتن لەگەڵ یەکیتی ئەنجام دەدران[1]).

بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، سەیری نامیلکەی (هەڵوێستی شۆڕشگێڕی نەک لادان و پاشگەزبوونەوە) بکە، لە پاشکۆی ئەم کتێبە دایە.

دەکرا هەردوولا بە جۆرێکی تر و بە هەناسەیەکی جیاوازتر مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی نێوخۆی حزبەکەیان بکەن، وردتر بان لە چارسەرکردنی گرفتەکانیان، پێکەوە بەردەوام بوانە لە خەبات و تێکۆشان، باشتر بوو لەوەی لە یەک جیاببنەوە، گەر خواست و نیەتێکی بەرنامە بۆ دانراو لە لایەن ئاراستەیەک یا خود چەند کەسو گر وپێکی ناویان کە ئارەزوویان لەو کەرتبوون و جیابوونەوە بووبێت بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، ئەستەم نەبوو چارەسەرێک بدۆزرابایەوە.

بە گوێرەی بەڵگەنامەو نووسراوەکانی ئەو سەردەمە، خواست و داخوازییەکانی ڕەوتی جیابووەوەی ناو حزبی سۆسیالیستی کوردستان،

[1] سەلام عەبدولکریم، ژیانی سیاسیی لە باشوری کوردستان، چاپخانەی چوار چرا/ چاپی یەکەم ٢٠١١ ل٣٢٠/ بەڵگەنامەی ژمارە ٢٠.

ئەوەندە گران و زەحمەت نەبوون کە سەرکردایەتیی ئەو حزبە نەتوانێت جێبەجێو چارسەری بکات، پێم وایە گەر سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان ئامادەبوایە بەشێکی ئەو داخوازیانەی کە ئاراستەی جیابۆوە لەو یاداشتنامەیە کە بەر لە ڕۆیشتنیان لە سەرکردایەتی حزبەکەیان داویانە بە مەکتەبی سیاسی، جێبەجێیان بکردبایە، کەرت بوون و جیابوونەوە لەم حزبە ڕووی نەدەدا، بە داخەوە ملنەدانی سەرکردایەتییی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بۆ داخوازییەکانی ئاراستەی جیابۆوە و کەمترخەمی و بە هەندوەرنەگرتنی ڕەوشەکە، نەبوونی دڵسۆزی بۆ یەکپارچەیی حزب و پاراستنی یەکڕیزی، هەندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی خواستیان بوو کە ئەم ئاراستەیە لە حزب دەرچن، هەوڵیان بۆ دەداو ئاگری کێشەکانیان خۆشتر کردووە، پێیان وابوو کە ڕێگر و کۆسپن لە بەردەم ڕەوتی داخوازیی و بەرژەوەندییەکانیان، بۆیە ئارەزوویان بوو تا زووە ئەم ئاراستەیە لە حزب دەرچن، ئەم حزبە کەرتبوون و جیابوونەوەی تیا کەوت.

بە هەمان شێوە دەبوایە ئاراستەی جیابووەوە بە هەستێکی هێمن و ئارامتر مامەڵەی لەگەڵ کێشەکانی نێوخۆی حزبەکەیان بکردبایەو بارودۆخەکەیان لەبەر چاو بوایە، هەرەسیان بەو پیلانە هێنابا کە کاریان دەکرد بۆ ئاڵۆزکردن و زیادکردنی کێشەکان تا خواستەکانیان بە ئارەزووی خۆیان بهێتە دی، بە هەر شێوەیەک با قوربانی زیاتریان دابا، پشوویان درێژتربا تا گۆڕانێک لە بارودۆخەکە دروستدەبوو، دەکرا بنمیچی داخوازیەکانیان نزمتر کردبا، لەو خاڵانەی لە یادەشتنامەیە دابوویان بە مەکتەبی سیاسی حزبەکەیان، هەندێکیان ئاسانتر کردبا کە بە لای سەرکردایەتییەوە جێبەجێکردنی گران بوون، یا خود ئەو کاتە بۆیان نەدەکرا جێبەجێی بکەن، بۆ ئەوەی حزبەکەیان چارەنووسی بەو ڕۆژە نەگەیشتبا، دوور نەبوو گەر ئەو ئاراستەیە کە کۆمەڵێک کادیری لێهاتووی پێشمەرگایەتی و ڕێکخستن بوون، ڕۆڵو کاریگەریان هەبوو لە نێو ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان هەر

لە سەرەتای دروستبوونی ئەم حزبەوە، چارەنووسی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەو ڕۆژگارە نەدەگیشت، ڕۆڵو پێگەی جەماوەر و ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی دەگەڕایەوە بۆ ئەو ئاستەو ڕۆڵەی کە لە سەرەتایی هەشتایەکان هەیبوو.

بەشی پێنجەم
دامەزرندنی
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

سەرەتای دەسپێکردنی قۆناغێکی نوێ
کە خواست وا نەبوو وەها ڕووبدات

دوای ئەوەی کە ئارستەی یەکەم هیچ چارەیەکی لەبەردەم نەماو سەرکردایەتی بڕیارەکانی خۆی داو ملی نەدایە بەر داوا و داخوازییەکانیان، یادداشتنامە (١١) خاڵەکەیان دایە مەکتەبی سیاسی و کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ گەڕانەوە بۆ بارەگاکانی خۆیان، لە ئێوارەی ١٩٨٥/٨/١٥ بە بێ کێشە بارەگاکانی سەرکردایەتی بە جێدەهێڵن ،١٩٨٥/٨/١٦ دەگەنە بارەگای (کەرتی ٦ ی هەرێمی ٨ ی دەشتی هەولێر) کە لە هاوینەهەواری (گێمرس[1])ی ناوچەی برادۆست بووە، لەوێ کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدەن و بە پێویست دەزانن وەفدێک بنێرنە لای حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان کە هاوپەیمانی حزبی سۆسیالستی کوردستان بوون لە بەرەی جود، تا لە بارودۆخی حزبیان و کێشەکانیان ئاگادریان بکەنەوە و داوایان لێبکرێت کە ڕۆڵی ناوبژیوان ببینن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەڵ سەرکردایەتی، بۆ ڕۆژی دواتر وەفدی دیاریکراو بە سەرۆکایەتیی (قادر عەزیز) ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرێدەکەوێت، هەروا کادیرەکانی لێژنەی ناوچەی باڵەک و قەڵادزە و فەرماندەی کەرت و پێشمەرگەکانی هەرێمی نۆیی باڵەک، کە لەگەڵ ئەم ئارەستەیە بوون لە تەک وەفدەکە بەڕێدەکەون تا بگەڕێنەوە بنکە و بارەگاکانی خۆیان لە گوندی (ئالوەتان[2]) لە هەمان کاتیشدا هێزەکەی تر درێژە بە ڕێڕەوی خۆی دەدات بەرەو بادینان.

پاش نزیکەی چوار ڕۆژ ئەو هێزەی بەرەو بادینان دەچوون گەیشتنە بارەگاکانی خۆیان لە گەلی (زێوشکان) کە کەوتۆتە ناوچەی ئامێدی، هەروا هەر یەک لە بارەگاکانی(لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی

---

١ گێمرس، هاوینە هەواری خەڵکی ئاژەڵداری گوندی کەوەرتیان و دەوربەری بووە، لە سنووری ناحیەی سیدەکان دایە.

٢گوندی ئالوەتان، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەربە شاری (سەردەشت)ە.

شیوعی عێراق و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری[1]) لەو شوێنە هەبوون، لە ١٩٨٥/٨/٢٠ کۆبوونەوەیەکی فرەوانی کادیران ئەنجام دەدەن و دەستەیەکی کاتی لە سێ کەس (بەڵێن عەبدوڵڵا و ڕێناس محەمەد[2] و دکتۆر ڕەشید[3]) پێکدێنن بۆ بەڕێوەبردن و هەڵسوڕاندنی کارەکانیان، هەروا چەند بڕیارێک بۆ ئەنجامدانی کاروباری حزبی و پێشمەرگایەتی دەدەن، بڕیار دەدەن بەشێکی بارەگاکانیان ببەنە ناوچەیەکی تر و لە شوێنێکی تر بارەگا دابنێن و دواتر بەشێکی هێزەکەیان بچێتە جەولە، لەبەر ئەم هۆکارانە بڕیار دراوە کە ئەم هێزە بچێتە جەولە: (نەبوونی ئیمکانیەتی مادی بۆ دابینکردنی خواردن و پێداویستیەکان، شوێنەکە بەرگەی ئەم قەرەباڵغیەی نەدەگرت، گەڕان بە دوای شوێنێکی گونجاو بۆ بارەگای لقی هەولێر، چونکە لقی هەولێر ماوەیەک پێشوتر ناوچەی بارزانی جێهێشتبوو هاتبووە لقی دهۆک)، بۆ ئەم مەبەستە

---

[1] بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، لە ١٩٧٩/٤/١٢ لە لایەن خوێندکارانی ئاشوری بەغداو کەرکوک و دهۆک دامەزراوە، ئامانجی ئەم حزبە لە سەرەتاوە ئەوە بووە کە دان بە هەبوونی نەتەوەی ئاشور و بەرگریکردن لە مافەکانیان لە عێراقدا، ڕژێمی بەعس چەند سەرکردەیەکی دامەزرێنەری لێ لە سێدارەدان، لەوانە (یوسف توماو یوبرت بنیامن و یوخەنا جەجۆ) لە هەشتایەکان بەشداریکرد لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی چەکداری، سکرتێری ئێستیان(یونادم کنا) یە و سکرتێری پێشووتریان(نینوس بتیو) بووە.

[2] شەهید ڕێناس (قەیس محمد ئەحمد)، لە ١٩٦٤لە زاخۆ لە دایک بووە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا باوکی لە شۆڕشی ئەیلول شەهید دەبێت، لە ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران دەبن و پاش هەرەس دەگەڕێنەوە و دوور دەخرێنەوە بۆ باشووری عێراق، تا قۆناغی ئامادەیی دەخوێنێت، لە ڕێکخستنەکانی نهێنی تێکۆشاوە و لە چالاکیەکانی ناوشاردا ڕۆڵێکی دیاری بینیووە، لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی هێزی پێشمەرگە دەکات ووەک کادرێکی دیار لە ناو حزبی سوسیالستی کوردستاندا دەردەکەوێت لە سنووری لقی دهۆک، لە ١٩٨٥/١٢/١٢ بەشداری لە دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەکات و لەبەر لێهاتوویی دەبێتە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی ئامادەکردن، لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ڕۆڵی کاریگەری بینیووە، لە دوای ڕاپەڕین دەبێتە بەرپرسی ناوچەی زاخۆ، لە یەکەمین کونگرەی حزبی زەحمەتکێشاندا لە ساڵی ١٩٩٢ هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسیارەتی لقی دهۆک وەردەگرێت تا کاتی تیر ورکردنی، لە شەوی ٢٩ لەسەر١٩٩٣/٧/٣٠ لە نێو ماڵەکەی خۆیدا تیرۆر دەکرێت، شەهید ڕێناس دوو ڕۆڵە بە ناوی (مەتین و گارا) لە دوای خۆی بە جێهێشتووە.

[3] دکتۆر ڕەشید، ڕەشیدمەغدید قادر لە ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی پیرداود لە دایک بووە، دەرچووی پەیمانگای تەندروستی یە، لە ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٠پەیوەندی بە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان کردووە، بووە بە فەرماندەی کەرتی ٦، بەشداریکردوە لە دامەزراندنی ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕو لە ناوەڕاستی ئابی ١٩٨٧ ئەم حزبە جێدێڵێو پەیوەندی بە یەکێتی دەکات، لە ١٩٨٨/١٠/١١ شەهید دەکرێت.

بەشێکی هێزەکانیان بەرەو ناوچەی بەری (گارا[1])و زێبارەتی[2] دەجووڵێنن و دەست بە جەوڵە دەکەن، پاش ڕووماڵکردنی ناوچەکە شوێنێک دەستنیشان دەکەن بەناوی (گەلی توبە[3]) نزیک گوندی (کافیا[4]) ی ناوچەی زێباری سەربە قەزای ئاکرێ، لەوێ دەست بە دروستکردنی خانوو دەکەن بۆ بارەگا، لە ناوچەکەدا بارەگاکانی حزبی شیوعی عێراق هەرێمی کوردستانی لێبووە، لە هەمان کاتیشدا هێزێکیان بۆ جەوڵەکردن لە ناوچەی زێباری و(دەشتا زێ[5])و گوندەکانی دەم زێی بادینان دەسوڕێنەوە، لە زۆربەی گوندەکان نەدوە و کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ خەڵک دەکەن لە بارەی هەڵوێستەکانیان، شەهید ڕێناس کە کادیرێکی دیاری ئەم حزبە بووە و خەڵکی زاخۆ بوو ڕۆڵی هەبووە لە ئەنجامدانی کۆڕ و کۆبوونەوەکان و ئاخاوتن بۆ خەڵک.

لە سەرەتای تەشرینی دووەمی ١٩٨٥ هێزێک ئامادە دەکەن کە لە زۆرینەی هێزەکەیان دەبێت دەست بە جەوڵە دەکەن بۆ گوندەکانی بناری (پێرس[6])، لە بەرنامەیان دابووە ئەم هێزە پاشان دابەشبێت و پێشمەرگە و کادری هەر ئۆرگانێ بچێتە ناوچەکەی خۆی، سێ کادری دیاری ئەم ئاراستەیە لەگەڵ

---

[1] بەری (گارا)، ناوچەیەکی فرەوانە و دەکەوێتە بناری زنجیرە شاخی (گارا)و کۆمەڵێک گوندی لە خۆ گرتووە، کە لە ڕووی بەڕێوەبەرایەتیەوە سەر بە قەزای ئامێدیە و شوێنێکی سەختە.

[2] زێبارەتی، ناوچەیەکی فرەوانە و دانیشتوانەکەی هۆزی زێبارین و سەربە قەزای ئاکرێیە.

[3] گەلی (توبە) دەکەوێتە خۆر ئاوای گوندی (کافیا) ی ناوچەی زێبارەتی و لەم گوندە نزیکە و لە نێوان سنووری گوندەکانی زێبارەتی و بەری (گارا)یە، لە پایزی ١٩٨٥ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بارەگاکانی سەرکردایەتی لەم گەلییە بووە تا ئەنفالەکان، کۆنفرانسی یەکەمی هەر لەم گەلیە بەستووە.

[4] گوندی (کافیا) دەکەوێتە سنووری ناوچەی زێبارەتی سەر بە ناحیەی دینارتەیە.

[5] (دەشتا زێ)یێ، ناوچەیەکە دەکەوێتە سەر زێی بادینان (زێی گەورە) بەرامبەر هەردووک ناحیەی شیلادزە و دێرەلوک، چەند گوندێک لە خۆ دەگرێت، (هلورا، لاتکا، سارکێ، خاستوو، بەیسکێ، دێویکێ، سەر وکانی، بیاوێ، هاریکا ژێرێ، هاریکا ژووری، گەلەکا، مەهیدێ).

[6] پێرس، شاخێکە دەکەوێتە ناوچەی زێبار و سنووری ناحیەی دینارتە.

ئەم هێزە دەبن (دکتۆر ڕەشیدو عوسمان بانیمارانی و زرار جۆڵا[1])، ئەم هێزە شەوی (٤-١٩٨٥/١١/٥) لە گوندی (ئالکان[2])ی بناری پێرس دەبن، خەڵکی گوند پێیان دەڵێن هەواڵمان بۆ هاتووە کە ئەم شەو سوپاو جاش هێرش بۆ ناوچەکە دەهێنێت، پێشمەرگە و چەند گەنجێکی چەک بەدەستی گوند ڕێکدەکەون کە پاش کاتژمێر ١٢ی شەو لە سەر بەرزاییەکان و ڕێگاکانی بەرەو گوند کەمین دابنێن، کەشو هەواش سارد و باراناوی دەبێت، بەشێکی ئەو هێزە شەو لە کەمیندا دەبن تا بەیانی، سوپاو جاشیش نایەن، سەر لە بەیانی ڕۆژی (١٩٨٥/١١/٥) ئەم هێزە لە گوندی ئالکان دەردەچن بەرەو گوندی (کۆلەکان[1]) کە بارەگاکانی حزبی شیوعی عێراقی لێبووە، بێئاگاش بوون لەوەی کە هێزێکی حزبەکەیان حزبی سۆسیالیستی کوردستان سەر بە ئاراستەکەی دی بە فەرماندەیی (قادرمستەفا[4])لە ناوچەی بارزان دەبن و هەمان ڕۆژ پەڕیونەتەوە ئەم بەر، لە پشتی گوندی (تۆریشک[5]) بەرامبەر شانەدەر[6] هەردووک هێزەکە لێکگیر دەبن و گرژی و کەشێکی لێکتێنەگەیشتن و تەقە و پێکداهەڵپژان دروست دەبێت و لە ئەنجامدا قادر مستەفا شەهید

---

[1] زرارجۆڵا، زرار حوسێن حەمەدەمین لە ١٩٦٠ لە گوندی ئاکۆیانی قەزای ڕواندز لە دایک بووە، دەرچووی بەشی مێژووی زانکۆی ڕاپەڕینە و بەکالۆریۆسی لەم بوارەدا بە دەست هێناوە، ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکان کردوە، ١٩٨٠ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کردووە، بۆتە بەرپرسی ناوچەی ڕواندزو یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی، لە ١٩٩٦حزبی زەحمەتکێشانی جێهێشتوە و پەیوەندی بە یەکێتی کردووە و لە کۆنگرەی سێهەم بە ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەند هەڵبژێردراوە و بۆتە جێگری ئەنجوومەن، ٤٠ ساڵ بە بێ دابڕان لە خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتیی بەردەوام بووە، لە ٢٠١٨/٨/١٣کۆچی دوایی کردووە.

[2] گوندی(ئالکان) گوندێکە دەکەوێتە بناری چیای پێرس سەر بە ناحیەی دینارتەیە.

[1] کۆلەکان، گوندێکە دەکەوێتە سەر زێی بادینان بە بەری نزارەوە بناری چیای پێرس سەر بە ناحیەی دینارتەیە.

[4] قادر مستەفا، لە ساڵی ١٩٤٥ لە دایک بووە، تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندووە، ١٩٦٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات تا نسکۆی ١٩٧٥، دوور خراوەتەوە بۆ باشووری عێراق، ١٩٧٦ دەچێتە شاخو لە ریزەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دەبێتە پێشمەرگە، بەردەوام دەبێت لە پێشمەرگایەتی لە ریزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان دەبێتە فەرماندەی هەرێمی ٨ ی دەشتی هەولێر، لە ١٩٨٥/١١/٥ لە ڕوودواوێکی نەخوازراودا شەهید دەبێت.

[5] تۆریشک، گوندێکە دەکەوێتە سەر زێی بادینان (زێی گەورە) بەرامبەر ئەشکەوتی شانەدەر بە بەری نزارەوە.

[6] گوندی شانەدەر دەکەوێتە سەر زێی بادینان (زێی گەورە)، نزیکە لە دەرچەی گەڵی شانەدەر و ئەشکەوتی شانەدەر، سەر بە قەزای مێرگەسۆرە.

دەبێت، دەستبەجێ ئەم هێزە بەرەو بارەگاکانی دەگەڕێتەوە و هەشت پێشمەرگەی هێزەکەی تر لەگەڵ خۆیان دەهێنن و بەشێکی هێزەکەی تری حزبی سۆسیالیستی کوردستان کە قادر مستەفا بەرپرسیان بووە بەرەو بارەگاکانی حزبی شیوعی دەچن لە گوندی کۆلەکان کە نزیک بووە لە شوێنی ڕووداوەکە، بەگوێرەی زانیاری ئەو هێزەی حزبی سۆسالیستی کوردستان لە ناوچەی بارزان بارەگایان داناوە و سەید کاکە بەرپرسیان بووە، ئاگایان لە جووڵەی هێزەکەی ئەم ئاراستەیە بووە، خۆ دەبوایە خۆیان پاراستباو نەچووبانایەتە ئەو شوێنانەی کە ئەوان لێیدەسووڕێنەوە، بۆ ئەوەی گرژی و پێکدادان دروست نەبێت، سەرەڕای ئەمەش ئەم هێزەیان ناردۆتە سەر ڕێگایان، بەڵام ئەوان وایان زانیبوو هێزێکی کەمن.

پاش سەردانی(قادر عەزیز)و هاوڕێیەکانی بۆ لای مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراق لە (خواکورک[1])و پارتی دیموکراتی کوردستان لە (ڕاژان[2])، ڕۆژی (١٩٨٥/٨/٣٠) قادر عەزیز لە ورمێ کە بۆ چارەسەر چوبووە ئەوێ لە لایەن ئێرانییەکان لەگەڵ مامۆستا (سەلام گۆمەشینی[3]) بە جیا دەستگیر دەکرێن و دەیانگوازنەوە بۆ نەغەدە، دیارە ئەمەش لەسەر داوای سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بووە و ئەوان نەیانتوانیوە بەم کارە هەڵبستن، هۆکاری گرتنەکەش بۆ ئەو مەبەستە بووە کە بارەگای لێژنەی ناوچەی قەڵادزە لە گوندی (ئاڵوەتان) بووە (دکتۆر سەردار) بەرپرسی بووە ڕادەستی ئەوان بکەن و ئەویش (قادر عەزیز) بچێتە

---

١ خواکورک، ناوچەیەکە دەکەوێتە سێگۆشەی سنووری (ئێران، عێراق، تورکیا) بە دیوی باشووری کوردستاندایە.

٢ ڕاژان، گوندێکە نزیک بە سنوورە و دەکەوێتە ناوچەی مەرگەوەڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەر بە شارۆچکەی زێوەیە.

٣ مامۆستا سەلام گۆمەشینی، سەلام محەمەد سابیر مەلاکەریم، ساڵی ١٩٤٩ لەگوندی گۆمەشین لە دایک بوە، تا قۆناغی ناوەندی خوێندووە، لە ١٩٦٧ چۆتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ١٩٧٣ بۆتە ماۆستاو لە ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی کردووە، لە ١٩٧٩ لە ڕیزەکانی حزبی سۆیالیست بۆتە پێشمەرگە و دەبێتە کادیرێکی دیاری ناو ئەم حزبە، لە دامەزرێنەرانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕۆڵی هەبووە، لە کۆتایی نەوەتەکان ڕوو لە هەندەران دەکات و لە سوید نیشتەجێ دەبێت، لەدەرەوەی وڵاتیش بەردەوام دەبێت لەسەر کار و چالاکییەکانی کوردایەتی و بەشداری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان دەکات، لە ڕۆژی ١١-١-٢٠٢١ لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کردووە.

بارەگاکانی سەرکردایەتی لە شوشان، بۆ ڕۆژی دوایی(١٩٨٥/٨/٣١) پاسدار دەچنە سەر بارەگای لێژنەی ناوچەی قەڵادزە و دکتۆر سەردرار و ٢٠ کەس لە کادیر و پێشمەرگەکانی هەردووک ناوچەی قەڵادزە و باڵەک و هەرێمی نۆ دەستگیر دەکەن، دکتۆر سەردار دەگوازنەوە لای (قادر عەزیز و مامۆستا سەلام گۆمەشینی)و ئەوانی تر ئازاد دەکەن، پاش چەند ڕۆژێک (قادر عەزیز و دکتۆر سەردار و مامۆستا سەلام گۆمەشینی) ڕادەستی سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان دەکەن، مامۆستا سەلام ئازاد دەکەن، دیارە ئێرانییەکان ئاگایان لە بارودۆخی ناوخۆی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بووە و ورد و درشتی شتەکانیان زانیوە، تەنانەت کۆنووسی کۆبوونەوکانی شوشانیان لا بووە و بە (قادر عەزیز)یان گوتوە: (ئێوە دەتانەوێت حزبێکی مارکسی دروستبکەن، ئەفرادەکانی ئێوە کەللە سەری لینینیان لە بەرۆک داوە، دژی کۆماری ئیسلامی ئێرانن[١]). پاش ئەوەی سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لەگەڵ قادر عەزیز و دکتۆر سەردار ناگەنە هیچ ئەنجامێکو ئەوان سوور دەبن لەسەر ئەوەی کە دەبێت گوێ لە داواو داخوازییەکانی کادیران بگیردرێ کە لە یادداشتنامەکەیاندا هاتووە، هەڵبەتە ئەوان لەژێر چاودێری و جۆرێک لە شێوازی (ئیقامەی جبری)دا بوون، دوای نزیکەی دوو مانگ بە ناوی نەخۆشی و چارەسەرکردن ڕێگایان پێدەدرێت بچنە ئورمیە، لەوێ دەچنە ماڵی (مامۆستا سەلام گۆمەشینی)، پاشان دەرفەت دەبینن و ئێران جێدەهێڵن دەچنە بارەگاکانی حزبی شیوعی لە خواکورک، لەوێوەش بۆلای هاوڕێیەکانیان لە بادینان دەکەونەڕێ، سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان چەند ڕۆژێک پاش ڕۆیشتنی (قادر عەزیز و دکتۆر سەردار) هەواڵی ڕووداوەکەی گوندی (تۆریشک) و شەهیدبوونی (قادر مستەفا)یان زانیوە، ئەوانیش (قادر عەزیز و دکتۆر سەردار) لە لای

[١] کەللە سەری لێنین، مەبەستیان میدالیا بووە کە سەری لێنینی بەسەرەوە بووە و لە بەرۆک دەراوە، بەڵام حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ئەمەیان ڕەت کردۆتەوە کە کادیر و پێشمەرگەکانی ئەم جۆرە میدالیایەن لە بەرۆک دابێت.

حزبی شیوعی عێراق لە ڕێگای بێسیم بروسکەیەکیان لە هاوڕێیەکانیان پێدەگات سەبارەت بەو تێکهەڵچوونەی نێوانیان لەگەڵ ئاراستەی دیکەی حزبی سۆسیالیست، حزبی شیوعی عێراق پێیان دەڵێن: (بەمە سەرەتایەکی خراب لە نێوانتان دەست پێدەکات).

دامەزراندنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)

ڕووداوی گوندی (تۆریشک) ڕووداوێکی نەخوازراو بووە، ڕەوتی چەپیش زۆر پێی نیگەران بووە و نەیدەخواست ڕووداوێکی ئەوها ڕوو بدات، سەبارەت بەم ڕووداوە بەیاننامەیەک بڵاودەکەنووە و نیگەرانیی خۆیان لە ڕوودانی ئەم ڕووداوە ڕادەگەیەنن، بەم دوو ڕووداوە، (پێکهەڵپژان و گرتنی قادر عەزیز و دکتۆر سەردار) بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و هیچ ئاسۆیەکی لێک نزیکبوونەوە لە نێوانیاندا نامێنێت، بە ڕووداوی (تۆریشک) ێ کەشێکی ناخۆش و نا ئاسایی بەسەر لایەنی ئاراستەی یەکەم دادێت، قادر عەزیز و دکتۆر سەردار دەگەنەوە لای هاوڕێکانیان لە بادینان، ئەم ئاراستەیە دوای ئەوەی دەگاتە ئەو باوەڕەی ئیتر ناتوانێت لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستان بمێنێتەوە و بەردەوام بێت، بیر لەوە دەکەنەوە هەنگاو بۆ خۆڕێکخستنەوە بهاوێژن، بۆ ئەو مەبەستە پێویستیان بە کۆنفرانسێک یان کۆنگرەیەک دەبێت تاوەک هێزێکی سیاسی ڕەوایەتی ڕێکخراوەیی خۆیان وەربگرن، بۆیە بڕیار دەدەن لە قۆناغی یەکەمدا پلینۆم[1] ببەستن، سەبارەت بەم بڕیارەیان لە نامیلکەی (هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە نەک لادان و پاشگەزبوونە) بەم جۆرە ئاماژەیان پێداوە: (ئەوە بوو لە بەر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخەی سەرەوە بۆ زیاتر دراسەت کردن و بڕیاردان لە چارەنووسی ئەو خەڵکە لە ڕۆژانی (١٢-١٩٨٥/١٢/١٤) کادیرانی تەنزیمی و پێشمەرگەیی حزب زنجیرەیەک کۆبوونەوەی خەست و خۆڵیان بەست کە کادیرانی هەردوو لقی هەولێر و دهۆک و کادیرانی دەزگا ناوەندیەکانی حزب و کۆمیتەی ناوچەی قەڵادزە بەشداریان تێدا کرد. پاش دیراسەت کردنێکی

[1] پلینۆم، کۆبوونەوەیەکی فرەوانە، سەرکردایەتییان دەستەی بەڕێوەبردنی حزبێکی سیاسی ڕێکی دەخاو بەڕێوەی دەبات، بۆ مەبەستی خۆ ڕێکخستنەوە و بڕیاردان لە کۆمەڵێک پرسی سیاسی و ڕێکخراوەیی.

قوڵو هەمە لایەنەی بارودۆخی ناوخۆی حزب و دەست نیشانکردنی ئەو هۆیانەی ئەو ئاکامەیان خولقاند بە داخێکی زۆرە گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە هیچ بوارێکی بەیەکەوە ژیان لەگەڵ ئەو تاقمە لە حزبدا نەماوەتەوە، ئەوەش هەر تەنها ئەو تاقمە بەرپرسیارە تێیدا).

لە ڕۆژی (١٢ تا ١٩٨٥/١٢/١٤) بە ئامادەبوونی(٤٦) کادیری ڕێکخستن و پێشمەرگە لە گەلی (زێوشکان) کۆبوونەوەیەکی فرەوان (پلینۆم) کە سێ ڕۆژ دەخایەنێ ئەنجامدەدەن، لەم کۆبوونەوەیەدا وێڕای شرۆڤەکردنی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و کێشەکانی ناوەخۆی حزب و کۆمەڵێک بڕیار وەردەگرن سەبارەت بە بەرنامەی کاری داهاتوویان، ئەوەی گرنگ بووە لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار دەدەن وەک لایەنێکی سەربەخۆ، جیا لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە مەودوا درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بدەن، بەم شێوەیە باڵە چەپەکە بە یەکجاری لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان جیادەبێتەوە و وەک هێزێکی نوێ و سەربەخۆ، خۆی ڕادەگەیەنێو درێژە بە خەباتی ڕێکخستن و سیاسی و پێشمەرگایەتی خۆی دەدا. لە پلینۆم کۆمەڵێک بڕیار دەدرێن بۆ خۆڕێکخستنەوە بە تایبەتیش لە بواری (ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی):

١. تا بەستنی کۆنگرە، یان کۆنفرانس بە ناوی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ[1]) درێژە بە خەباتی سیاسی و ڕێکخستن و پێشمەرگایەتیی خۆیان بدەن.

٢. کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی بە ناوی کۆمیتەی ئامادەکردن (اللجنة التحضيرية) هەڵدەبژێرن بۆ سەرپەرشتی و سەرکردایەتیکردنی حزب تا بەستنی کۆنفرانس یان کۆنگرە.

٣. کار لە سەر گۆڕینی دروشمی ناوەندی حزب بکەن بۆ جێگیرکردنی

[1] حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کە لە ١٩٨٥/١٢/١٢ دامەزراووەک لایەنێکی سەربەخۆ، خۆیی ڕاگەیاند سەرەتا لە ژێر ناوی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان–عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) تا بەستنی کۆنفرانسی یەکەمی لە ٢٤–٢٦ی نیسانی ١٩٨٨هەر بەم ناوە درێژەی بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆ یداوە و لە کۆنفرانسی یەکەم، ناوی دەگۆڕدرێت بۆ (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان– عێراق)، لە کۆنگرەی یەکەم ٤/٢٧ – ١ / ٥ / ١٩٩٢(داش عێراق)ی لێفڕێدەدریت و دەبێت بە (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان).

دروشمی (مافی چارەی خۆنووسین[1]) تا لە کۆنفرانس، یان کۆنگرە بڕیاری پێ وەربگرن.
٤. بڕیار دەدەدەن پێشمەرگە لە چەند (یەکە) یەکی پێشمەرگایەتی ڕێکبخەن.
٥. چەند بەشێک بۆ کاروباری (ڕێکخستن و پێشمەرگە و ڕاگەیاندن و دارایی) دابنێن.
٦. ڕێکخستنەکانی ناو شار و دەرەوەی وڵات ڕێکبخرێنەوە و تۆکمە بکرێن.
٧. تا بەستنی کۆنگرە یان کۆنفرانس، پابەند دەبن بە پەیڕەو و پڕۆگرامی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کە لە کۆنگرەی یەکەم (١٢-١٩٨١/٥/١٥) بڕیاری لێدراوە و کە پەیڕەو لە سۆسیالیستی زانستی دەکات و حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕ و خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی پێکەوە دەبەستێتەوە.
٨. لە بارەی ڕاگەیاندنیش بڕیار لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بەناوی (ئاڵای ئازادی[2])وەک ئۆرگان و گۆڤارێک بە ناوی (پێشکەوتن[3]) دەدەن.

کۆمیتەی ئامادەکردنی هەڵبژێردراو لە حەوت کەسی سەرەکی و سێ کەسی یەدەک پێکدەهێت، بریتی دەبن لە:

سەرەکیەکان:

١.قادر عەزیز.

٢.عەبدولخالق زەنگەنە (ئەو کات لە دیمشق بووە، پاش ئەم پلینۆمە ڕاسپێردراوە بۆ بەرپرسیاریەتیی پەیوەندیەکانی سوریاو دەرەوەی وڵات).

---

[1] مافی چارەی خۆنووسین، یەکێکە لە کۆڵەگە هەرە سەرەکیەکانی مافەکانی مرۆڤو مافی نەتەوەکان، مافێکە بە ڕێکەوتن لە ڕێگای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئەدرێت بە ئەو هنەتەوانەی کە کێشەی نەتەوایەتی و نیشتیمانیان هەیە، تا لەم ڕێگایەوە مافی چارەیخۆیان دیاریبکەن و هەڵبژێرن.

[2] بڕوانە بەشی ڕاگەیاندن.

[3] گۆڤارێکی سیاسی و ڕۆشنبیری گشتیی بوو حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکرد، یەکەم ژمارەی لە ئازاری ١٩٨٦ لێ دەرچوو، بڕوانە بەشی ڕاگەیاندن، دوو بڵاوکراوەی تر بە هەمان ناوی (پێشکەوتن) بەشداریان هەبووە لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی. یەکەمیان/ پێشکەوتن گۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی بووە، یەکەم ژمارەی لە شوباتی ١٩٥٨ لە بەغدا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە،.

دووەمیان/ پێشکەوتن ئۆرگانی یەکێتی قوتابیان ولاوانی دیموکراتی کوردستان – عێراق بووە یەکەم ژمارەی لە کانونی دووەمی ١٩٨٧ دەرچووە.

٣.بەڵێن عەبدوڵڵا.
٤.بەهمەن حوسێن.
٥.زرار جۆڵا.
٦.دکتۆر سەردار.
٧.ئاسۆ حەسەن.
یەدەکەکان:
١.ڕێناس محەمەد.
٢.مامۆستا کاوە.
٣.مامۆستا دارا.

لە کۆبوونەوەی یەکەمی کۆمیتەی ئامادەکردن ئۆرگانی ناوەند (هاوشێوەی مەکتەبی سیاسی) دەستنیشان دەکەن، کە بریتی دەبن لە (قادر عەزیز و بەڵێن عەبدوڵڵا و بەهمەن حوسێن) لە ناویاندا قادر عەزیز وەکو کەسی یەکەمی حزب دیار دەکرێت.

چەند ڕۆژێکی کەم بەسەر پلینۆمدا ڕەت دەبێت و فریای ئەوە ناکەون تا بڕیارەکانی پلینۆم بەرنامەڕێژ بکەن و کاریی لەسەر بکەن و جێبەجێیان بکەن، کە فشارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەریان دەستپێدەکات.

بەشداربوانی (پلینۆم)ی دامەزرادنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق/ ئیتجاهی دیمورکراتی شۆڕشگێڕ (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) ١٩٨٥/١٢/١٢ (٤٦) ئەندام.

١- قادر عەزیز.
٢- بەڵێن عەبدوڵڵا.
٣- بەهمەن حوسێن.
- سەعد خالید.
٥- دکتۆر سەردار.
٦- زرار جۆڵا.
٧- ئاسۆ حەسەن.

٨- ڕێناس محەمەد.
٩- مامۆستا دارا.
١٠- مامۆستا کاوە.
١١- قەهار عەزیز[1].
١٢- دکتۆر ڕەشید.
١٣- مام ڕەشاد.
١٤- گۆران جەلال.
١٥- ڕێباز مستەفا.
١٦- عوسمان بانیمارانی.
١٧- مام جەوهەر عەلی.
١٨- فازیل حەسەن.
١٩- هەژار دێدەوانی[2].
٢٠- نایف ڕەحمان.

---

[1] شەهید قەهار (قەهار عەزیز)، لە ١٩٥٣/٧/١١ لە گوندی قەرەچناغەی سەر بە قوشتەپە لە دایک بووە، تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندووە، لە شۆڕشی ئەیلول بۆتە پێشمەرگە تا نسکۆی ١٩٧٥، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٨١ بۆتە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لەبەرلێهاتوویی کراوتە فەرماندەی کەرت لە هەرێمی ١١ی باواجی، لە ١٩٨٢/١/٢٠ لە داستانەکەی سێکانیان (شەڕی خەبیران) لە بەستی شرغە بە سەختی بریندار دەبێت، لە ١٩٨٥/١٢/١٢ لە پلینۆمی دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بەشدار دەبێت، دەبێتە فەرماندەی هێز (قوە)ی بەڕانەتی، لە ١٩٨٦/١٠/٢٧ لە داستانەکەی (ترپە سپیان) شەهید قەهار بە شریخەی دەنگی ئاربیچی زەنگی دەستپێکردنی ئەم داستانەی لێدا، کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ شەهید دەبێت، دوو کوڕو کچێکی بۆ نیشتمان جێهێشتوون.

[2] شەهید هەژار دێدەوانی (محەمەد حەسەن عومەر) شاعێر و پێشمەرگە لە ١٩٥٨ لە دایک بووە، لە تەمەنی چوارساڵیدا باوکی کۆچی دوای دەکات، لە هەولێر خوێندنی دوا ناوەندی تەواو دەکات، لە ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوە دەکات، لە ١٩٨٠ بۆتە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاشان دەبێتە کادیر، لە ١٩٨٥/١٢/١٢لە دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستاندا بەشداری هەبووە، دوا پلەی فەرماندەی (قوەی سەفین) بووە،وەکو فەرماندەیەکی سیاسی و پێشمەرگایەتی کارەکانی زۆر بە دڵسۆزی بەڕێوە بردووە، لەتەک ژیان و ئەرکی پێشمەرگایەتی، شیعر و چیرۆکی نووسیوە و کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە، چەندین بابەتی لە چاپەمەنیەکانی شاخوەک (دەنگی پێشمەرگە وئاڵای ئازادی و پێشکەوتن ...تاد) بڵاوکردۆتەوە، لە ١٩٨٧/٥/٢٩لە داستانەکەی (شیلادزێ) لە گوندی (شیڤ چنارۆک) شەهید دەبێت.

٢١- کرمانج عەوێنە[1].
٢٢- دڵشاد حوسێن کۆیی.
٢٣- دکتۆر هیوا شەقڵاوەیی.
٢٤- مامۆستا جەمال شینە[2].
٢٥- قەندیل عەبدوڵڵا[3].
٢٦- ئاوارە کۆیی.
٢٧- ئەسوەد مەنتک.

---

[1] کرمانج عەوێنە/ عبدالعزیز حسێن عزیز، ساڵی ١٩٦٠ لە گوندی عەوێنەی دەشتی هولێر لە دایک بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە عەوێنە و ئامادەیی پیشەسازیی لەهەولێر و دبلۆمی لە نەوت لە شاری بەسرە تەواو کردووە، لە١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنیەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کردووە. لە ٢٨ی ئایاری ١٩٨٢ دەبێتە پێشمەرگە. بەشدار بووە لە دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کادیرێکی دیاری ئەم حزبە بووە، لە شەوی ٢١_٢٠٢١/٨/٢٢ کۆچی دوایی کردووە.

[2] شەهید مامۆستا جەمال شینە (جەمال شینە حەسەن) لە ١٩٥٦ لە ناحیەی قەرە حەسەن لە دایک بووە، لە بەر ناکۆکی نێوان ئاغاو جوتیارەکان کۆچ دەکەن و لە گوندی سیاوی سەر بە ناحیەی قوشتەپە دەگیرسێنەوە، خانەی مۆمۆستایان (دار المعلمین) لە دهۆک تەواو دەکات، لە هەولێر و چەندین گوند دەبێتە مامۆستا، لە ساڵی ١٩٧٧پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەدەکات، لە ١٩٨١پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان) دەکات،وەک کادیرێک لە ١٩٨٥/١٢/١٢ بە شداری لە پلینۆمی دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەکات، لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ کاری ڕێکخستن دەچێتە ناو شاری هەولێر و لە لایەن هێزەکانی ڕژێمی بەعس دەستگیر دەکرێت و لە ئەبو غرێب زیندانی دەکرێت، لە ١٩٨٨/٥/٢٩ لە هەمان زیندان لەگەڵ هاوڕێ یوسف مەجید لە سێدارە دەدرێت و لە گۆڕستانی گوندی گردەڕەش بە خاک دەسپێردرێت.

[3] شەهید قەندیل (قەندیل عەبدوڵڵا ڕەشید)، ١٩٦٢/٧/٢ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، تا قۆناغی دوا ناوەندی لە کۆیە خوێندویەتی و لە ساڵی ١٩٨٠ لە پەیمانگای تەکنۆلۆژیای بەغدا بەشی ڕوپێووەردەگیرێ، لە ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیست دەکات، لە دوا قۆناغی خوێندندا لە بەهاری ١٩٨٢ بە هۆی چالاکی سیاسییەوە خوێندن جێدەهێڵێو لە قوەی هەیبەت سولتان دەبێتە پێشمەرگەی سۆسیالیست، ساڵی ١٩٨٥ دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی کۆیە، لە ١٩٨٥/١٢/١٢ بەشداری دەکات لە دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، دەبێتە کادیرێکی چالاکی بواری ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی، لە ١٩٨٧/١١/٢١لە گەلی تۆبزاوەی نزیک کۆیە لە نەبەردیەکی قارەمانانەدا بریندار دەبێت و پاش پێنج کاتژمێر بە هۆی سەختی برینەکەیەوە شەهید دەبێت.

٢٨- فازل پیرکی [١].
٢٩- دڵگەش.
٣٠- پشتیوان سۆربەشی (جەوهە عومەر).
٣١- قادر کڕۆنە.
٣٢- عەبدوڵڵا شاهێن[٢].
٣٣- عەبدولقادر محەمەد[٣].
٣٤- سەلاح حوسێن ڕواندزی.
٣٥- خەسرۆ (بورهان کورەچی).
٣٦- ڕەشید ڕواندزی.
٣٧- برایم زرار.
٣٨- سیروان سرێشمەیی(ئەسعەد عومەر).
٣٩- چەتۆ خان ئاودەل.
٤٠- حازم ئێزیدی.

---

١ فازل پیرکی، خەڵکی گوندی (پیرکی)ی ناوچەی زاخۆ بوو، لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێژی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیست کردووە لە سنووری لقی دهۆک، پاشان لە ریزەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بەردەوام بووە، یەکێک بووە لە پێشمەرگە جەربەزەکان و لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێشمەرگایەتی بە تواناو لێهاتوو بووە بە تایبەتی لە سەرپەرشتیکردنی ئەو مەفرەزانەی دەچوونە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ هێنانی چەک، لە ساڵی ١٩٨٧شەهید بوو.

٢ شەهید عەبدوڵڵا عەلی شاهێن، لە ١٩٥١ لە گوندی بابک سەر باناحیەی باتوفە لە دایک بووە، لە شۆڕشی ئەیلول دەبێتە پێشمەرگە تا نسکۆی شۆڕش، لە ساڵی ١٩٧٦ دەبێتە پێشمەرگە و ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی لقی دهۆکی حزبی سۆسیالیست دەکات، دەبێتە فەرماندەی کەرتی یەکی زاخۆ، لە ١٩٨٥/١٢/١٢ بەشداری لە پلینۆمی دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەکات، لە ١٩٨٥ دەبێتە فەرماندەی هێز (قوە)، ڕۆژی ١٩٨٦/٢/١١ لە ماڵەکەی خۆی لە گوندی (بالەکا)ی سەر کەناری ڕووباری خابوور لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر بە ناوی عەبدولقادر محەمەدو ئافرەتێکو دوو منداڵ، لە لایەن چەند بەکرێگیراوێکی ڕژێمی سەددام شەهید دەکرێن.

٣ شەهید عەبدولقادر محەمەد، لە ساڵی ١٩٧٦ دەبێتە پێشمەرگە و ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لقی دهۆک دەکات، لە پلینۆمی دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ١٩٨٥/١٢/١٢ بەشداری دەکات، لە ساڵی ١٩٨٥ دەبێتە جێگری فەرماندەی کەرت، ڕۆژی ١٩٨٦/٢/١١ لە دانیشتنێکی خێزانیدا لە گوندی (بالەکا) ی سەر کەناری زێی خابوور لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر بە ناوی عەبدوڵڵا شاهێن و ئافرەتێکو دوو منداڵ، لە لایەن چەند بەکرێگیراوێکی ڕژێمی سەددام شەهید دەکرێن.

٤١- موحسین بانیمارانی[1].
٤٢- بڵند عومەر.
٤٣- ئازاد (سەباح نەبیل).
٤٤- عەزیز ڕانیەیی(عەزیز محەمەد مراد).
٤٥- عەلی سۆر (عەلی تاهیر)
٤٦- هەڵمەت (ئیبراهیم حەمید)[2].

فشارەکان و خۆڕاگرتن لە بەرامبەریدا

ڕووداوی گوندی (تۆریشک) کێشە و گرفتی گەورە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ دروست دەکات، زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی ئەو کاتەی کوردستان بەیاننامەی (ئیدانە)و ناڕەزایەتی لەسەر ڕووداواکە دەردەکەن، بەرەی جود کە (پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق و پارتی سۆسیالیستی کورد/پاسۆک) تیادا ئەندام بوون، بەیاننامەیەک لە سەر داوای حزبی سۆسیالیستی کوردستان دەردەکات، هەروا سۆسیالیست داوا دەکات کە فشار بخرێتە سەر ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، هەروا یەکێتیی

[1] موحسین بانیمارانی (موحسن عەلی وەسمان) لە ١٩٦٣ لە گوندی بانیمارانی ڕۆژئاوای کۆیە لە دایک بووە، ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە دەکات لە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێری حزبی سۆسیالست، لە ١٩٨٥/١٢/١٢بەشداری دەکات لە دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتی لە چەندین شەڕ و داستان بەشداری دەکات، جێگری فەرماندەی هەرێمی یەک بوو، لە دوای ئەنفالەکان چەندین جار بە مەفرەزەی پارتیزانی لەگەڵهاوڕێیەکانی دێنە شارەکانی باشووری کوردستان، دواجار لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکێکی پێشمەرگایەتی و حزبی دەکەونە کەمینی ڕژێمی بەعسو دەخرێنە زیندان، خۆڕاگرانە لە زیندان ڕووبەڕووی بەعسیەکان دابێتەوە تا ئەو کاتەی لە ڕۆژی ئازادکردن و ڕاپەرینی ١٩٩١/٣/١١ شاری هولێرخۆیی وهاوڕێیانی ئازادەکرێن، لە ٢٠١٨/٢/٢٧ کۆچی دوایی دەکات.

[2] هەڵمەت ئیبراهیم، لە هولێر لە دایک بووە و دەرچووی زانکۆ بووە، کادیری بەشی ڕاگەیاندنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو، بەشداربوو لە پلینۆمی دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە بەشی ڕاگەیاندنی دەستبەکاربووە، لە ١٩٨٧ ڕیزەکانی ئەم حزبەی جێهێشتووە و لە پارتی گەل درێژەی بە خەبات داوە، لە کردەوە تیرۆرستییەکەی ١ی شوباتی ٢٠٠٤لە لقی دووی پارتی لە هەولێر شەهید بوو.

نیشتمانیی کوردستانیش بەیاننامەیەکی توند دەردەکات بێئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداواکە بێت، بەڵام ئەوە بۆ ڕازیکردنی سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بووە، کە ئەو کات لێک نزیکبوونەوەیەک هەبووە لە نێوانیانداو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ویستوویەتی لە ڕێی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و(حەمەی حاجی مەحمود) پەیوەندی لەگەڵ ئێران دروست بکات[1]، ئەم ڕەوتە تۆمەتبار دەکات و وا ناوی دەبات کە سەر بە نووسینگەی سەددامن، لە هەمان کاتیشدا سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان داوا لە ئێرانییەکان دەکات کە لە ڕێگای پارتی فشار بخەنە سەر (حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) تەنگیان پێهەڵبچنن، ئەوە بوو لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لەو ئاراستەیە کردو فشاری بۆ هێنا کە دەبێت ئەو سێ کەسە (دکتۆر ڕەشیدو عوسمان بانیمارانی و زرار جۆڵا) کە بەرپرسی هێزەکە بوون لە کاتی ڕووداوی گوندی (تۆریشک)، ڕادەستیان بکەن بە بیانووی لێکۆلینەوە لە ڕووداوەکە، ئەوانیش ئامادەنەبوون ئەم داواییەی پارتی دیموکراتی کوردستان جێبەجێ بکەن، بە هەموو شێوەیەکیش داواکەیان ڕەتکردۆتەوە، چونکە دەترسان لەوەی نەوەک ژیانیان بکەوێتە مەترسی و ڕادەستی ئێران بکرێن، حزبی شیوعی عێراق لەم کێشەیە وەک نێوەندگیر هەڵسوکەوت دەکات، دواجار لە سەر ئەوە ڕێکدەکەون لێژنەیەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق دروست بکرێت بۆ لێکۆلینەوە و بەدواداچوونی کێشەکە، لێژنەکە کەسانی پارێزەریشی تیا بووە، لێژنەکە لێکۆلینەوە دەکات لەگەڵ سێ کادیری ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ (زرار جۆڵاو دڵشاد کۆیی و نایف ڕەحمان)و ئەو هەشت پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کە لە ڕوودوای گوندی (تۆریشک) لە لای ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ بوون، ئەوان هەر زوو بە چەکەوە ئازادکرابوون

[1] کاوە تەیب جەلال، کەرتبوون لە نێوان پارتە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان، چاپخانەی حەمدی/ ٢٠١٧، ل ٣٩٩ نامەیەکی مام جەلال بۆ محەمەدی حاجی مەحمود، کە بەرواری ١٩٨٥/١٢/٢بە سەرەڕەوەیە. ٢. سەلام عەبدولکریم، ژیانی سیاسیی لە باشوری کوردستان، چاپخانەی چوار چرا/ چاپی یەکەم ٢٠١١ ل١٧٩.

و چووبوونە لای پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکە یەکە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، لە ئەنجامدا ڕووداوەکە نەخواستراو بووە، پارتی دیموکراتی کوردستان بەمە واز ناهێنێو ڕاناوەستێو فشارەکانی زیاتر دەکات، ئیتجاهی دیمورکراتی شۆڕشگێڕ دوو ڕێگای لەبەردەم دەبێ یان دەبوایە مل بداتە ژێر فشار و داواکەی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئەمەشیانی بە هەموو جۆرێک ڕەتکردووەتەوە، یان دەبوایە خۆی ئامادەبکات بۆ ڕوبەڕووبونەوە، بۆ خۆدوورخستنەوە و خۆلادان لە ڕوبەروبوونەوەی چەکداری لەگەڵ پارتیدا، بڕیار دەدا ناوچەکە چۆڵبکات و بچنە بارەگاکانی خۆیان لە گوندی (کافیا). سەرجەمی ئەو هێزەی لە وێ بوون، لە بارەگای گەلی (زێوشکان) بە شێوەیەکی نهێنی و لە شەودا بارەگا چۆڵدەکەن و بەرەو بارەگای گوندی (کافیا) دەڕۆن، پاش دوو ڕۆژ ڕێڕۆیشتن (٢٤/ ١٩٨٥/١٢) دەگەنە بارەگای (کافیا)، سەرجەمی هێزەکە لە وێ کۆدەبێتەوە و سەر بەرزایەکانی دەوربەری بارەگا بنکەی چاودێری و ئێشکگری لێدادەنێن، پاش سێ چوار ڕۆژ ئاگادار دەکرێنەوە لەوەی کە پارتی هێزێکی زۆری بەڕێوەیە بۆ سەریان، هیچ چارەسەرێکیان نەبووە جگە لە خۆلادان و خۆدوور خستنەوە لە شەڕکردن لەگەڵ پارتیدا، دیسان بڕیاری ئەوەیان دا کە ئەم بارەگایەش چۆڵبکەن و بڕۆن بۆ گوندی (کۆلەکان) کەچەند بارەگایەکی حزبی شیوعی لێبووە و لەگەڵ بارەگایەکی (ئاڵای شۆڕش[1]).

بە ڕێککەوتن لەگەڵ حزبی شیوعی، بارەگاکانی گوندی (کافیا) ڕادەستی حزبی شیوعی عێراق دەکەن و پێشمەرگەکانی ئەوان دەچنە ناویی و چەند پێشمەرگەیەکی خۆشیان بۆ کاری پێویست لەوێ بە جێدەهێڵن و ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/٢٨بەڕێدەکەون بۆ شوێنی مەبەست تا دەگەنە گوندی (کۆلەکان) لە بەر دووری و سەختی ڕێگاو بەفر بارینێکی زۆر سێ ڕۆژیان پێدەچێت،

[1] ئاڵای شۆڕش، ڕێکخراوێک بوو لە ساڵی ١٩٨٤لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان جودابۆوە و بارەگاکانی لە سنووری چالاکییەکانی بەرەی (جود) کردنەوە، هەندێ لە کادیر و سەرکردەکانی لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستگیر کران، لە بەر ناتەبایی ناوخۆیان بوون بە دوو بەش، (ئاڵای شۆڕش)و (ئاڵای شۆڕش کۆنفرانس) ئاڵای شۆڕش کۆنفرانس لە ١٩٩١/٦/٣و ئاڵای شۆڕش (کە لە دوای ڕاپەرین ناوەکەیان گۆڕی بۆ کۆمەڵەی سۆسیالیستی کوردستان) لە ١٩٩٢/٤/٢٧ لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان یەکیان گرت، پاشان هەدووک لا چوونە ناو یەکیتی.

شەوی یەکەم لە گوندی (بانێ)و شەوی دووەم لە گوندی (چوار بۆت)و سێیەم شەو لە گوندی (هەڕنێ) دەمێننەوە، ئەم سێ گوندە دەکەونە ناوچەی زێباری سەر بە قەزای ئاکرێن، یەکێک لە بەشداربوانی ئەم ڕێڕەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (کە لە بارەگا دەرچووین ئێوارە بوو، بەفر باریبوو، بەردەوامیش بوو لە بارین، چەند وڵاخێکمان پێبوو کە هەندێک بەتانی و کەلوپەلی بارەگامان لێ بارکردبوون هیچ خواردنێکیشمان پێنەبوو، درەنگانی شەو گەیشتینە گوندی بانێ و دابەشی سەر ماڵەکان بووین، بۆ شەوی دووەم لە مزگەوتی گوندی چوار بۆت ماینەوە، گوندەکە چۆڵکرابوو هیچ ماڵێکی تیا نەمابوو، بەیانی لە پەنایەکی مزگەوت کوپێکی گەورەی پڕ لە دۆشاوی ترێ و هەنجیرمان دۆزیەوە، لێمان خوارد و ئەوەی مەتارەشەی پێبوو تێی کرد، بۆ شەوی سێیەم لە گوندی هەڕنێی بناری پێرس ماینەوە، ئەم گوندەش چۆلکرابوو هەر دەستەیەک خانوێکی کردە جێگای حەوانەوەی خۆی، بەر لە دەرچوونمان لە بارەگا دابەشی سەر چەند دەستەیێک کرابووین، لەو خانووەی دەستەکەی ئێمەی تیا بووین سۆپای داری لێبوو ئەوە بۆ ئێمە زۆر باش بوو، چەند خانوویێک گەڕاین هەندێ ساوارمان دەسکەوت و لە نێو تەنەکەیێک بێ ڕۆن و خوێ کوڵاندمان و خواردمان[1].

کە دەگەنە گوندی (کۆلەکان) دەچنە نێو چەند خانوێک کە پێشووتر(ئاڵای شۆڕش) ڕێکی خستبوون بۆ بارەگاکانیان، ئەو کات چۆڵبوون و کەسیان تیا نەبوو، بۆ چەند ڕۆژێکی کەم ئەوها دەمێننەوە و خواردنیش لە بارەگای لقی کۆیەی حزبی شیوعی کە لێیانەوە نزیک بووە شەهید (محەمەد حەلاق[2]) سەرلقی بوو دابین دەکەن.

هەر پاش دەرچوونیان لە بارەگاکانی گوندی (کافیا) هێزەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە (شیمال زێباری و سەربەست لەزگین)

---

[1] بەشێک لە یادداشتەکانی ئاکۆ ئاکۆیی کە یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵ ئەم هێزە دابووە.

[2] محەمەد حەلاق، لە ١٩٥٥ لە کۆیە لە دایک بووە، کەسایەتیێکی دیاری کۆیە بووە و لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ بووە، لە ١٩٨١دەچێتە شاخو ئەبێتە پێشمەرگە لە ریزی حزبی شیوعی و ١٩٨٥ ئەبێتە فەرماندەی لقی کۆیە، ١٩٨٧ئەبێتە فەرماندەی بەتالیۆنی ٣١، لە ١٩٩٣/١٠/٢٢لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان دادەمەزرێنن، لە ١٩٩٥/١١/٢ لەگەڵ ١١هاوڕێی لە کۆیە شەهید دەکرێن.

بەرپرسیان دەبن، چوار دەورەی بارەگاکانیان دەگرێت و ئەو چەند کادیر و پێشمەرگەیەی لەوێ مابوونەوە و لەگەڵ پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراق تێکەڵاو بووبوون دەناسرێنەوە و دوو سێ کەسیان نەبێت ئەوانی تر دەستگیر دەکرێن و دەیانگوازنەوە بۆ لقی یەک لە گەلی (زێوشکان)، حزبی شیوعی زۆر هەوڵدەدات کە ئەمانە دەستگیر نەکرێن، بە تایبەتیش (دکتۆر سەعید) بە بەرپرسانی پارتی دەڵێن کە ئەمانە پێشمەرگەی ئێمەن، بەڵام دەناسرێن، چوونکە خەڵکی گوندەکانی دەوربەری بارەگاکانیان لەگەڵ هێزەکەی پارتی بوون و بەلای ئەوانەوە ناسراو بوون کە پێشمەرگەی شیوعی نین و ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕن، گیراوەکان شەوی سەری ساڵی ١٩٨٦دەگەنە بارەگاکانی لقی یەکی پارتی کە ژمارەیان (١٤) کادیر و پێشمەرگە دەبن بەناوەکانی:

١. بەهمەن حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکردن.
٢. موحسین بانیمارانی.
٣. ڕابەر ڕەشید.
٤. قادر کڕۆنە.
٥. ڕزگار چاوشین.
٦. ئەحمەد ژێسێ[1].
٧. کانەبی جەوهەر[2].
٨. دڵشاد کۆیی (دڵشاد حوسێن) بەرپرسی قوەی هەیبەت سوڵتان.
٩. عەزیز ڕانیەیی.

---

١ ئەحمەد ژێسێ (ئەحمەد حەمەدەمین ساڵح) لە ١٩٥٧ لە گوندی پیرداود سەر بە ناحیەی قوشتەپە لە دایک بووە، لە ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوە کردووە، لە ١٩٨٣دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێری حزبی سۆسیالیست، لە ١٩٨٧ڕیزەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان جێدەهێڵێو پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات، لە ١٩٩٣/٣/١٠لە هەولێر تیرۆر دەکرێت.

٢ کانەبی جەوهەر ڕەشید، لە ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی سەرگەڕان ناحیەی کەندێناوە لە دایک بووە، لە ١٩٨٠ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لە ١٩٨١ دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی ٨ دەشتی هەولێری هەمان حزب، لە ١٩٨٧ڕیزەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان جێدەهێڵێو پەیوەندی بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەکات، لە ١٩٩٧/١١/٩لە گوندی گەڕۆتەی سەر بە ناحیەی هیران شەهید دبێت.

١٠. هەڵمەت (حەمید ئیبراهیم).
١١. شوان (پوشۆ).
١٢. فەرهاد مەنتک.
١٣. دلێر کۆیی(دڵشاد).
١٤. دیار توتمەیی[1].

چوار پێشمەرگە کە چەند ڕۆژێک پێشتر دەچنە گوندی (دهێ[2]) بۆ ئەوەی بە دوای خانەوادەکانیان بنێرن بۆ دیدار و یەکتر بینین، لە گەڕانەوەیاندا لەبەردەم لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بیانوێک دەستگیر دەکرێن و ژمارەیان دەبێتە (١٨) کادیر و پێشمەرگە، ئەم چوار پێشمەرگەیەش ئەمانە بوون:

١. کاکە ڕەش.
٢. حەمید عەسکەری (حەمید عەزیز).
٣.ملازم ئارام.
٤. هێمن چاوشین (سەید گوڵ[3]).

پێنج پێشمەرگە کە خەڵکی بادینان بوون لەگەڵ ئەو گرژیەی دروستببوو ئەوان لە گوندەکانی خۆیان دەبن، ئەوانیش لە لایەن پارتی دەستگیر دەکرێن و بە کەفالەت ئازاد دەکرێن کە جارێکی تر نەچنەوە ڕیزی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، دەگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان، کە ئەمانە بوون:

١. عەبدوڵڵا عەلی شاهێن .

---

[1] دیار توتمەیی (سەعید حەمەد حوسێن)، لە ١٩٦٥ گوندی توتمەی سەر بە ناحیەی خەلیفان لە دایک بووە، لە ١٩٧٨ پەیوەندی کردووە بە بزووتنەوەی سۆسیالیست، لە ١٩٨١ بووە بە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لە حزبی زەحمەتکێشان درێژەی بە خەبات داوە، لە١٩٨٦ ریزەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی جێهشتووە، لە هاوینی ١٩٨٦گیانی لە دەست داوە.

[2] گوندی دهێ، دەکەوێتە ناوچەی ئامێدیە.

[3] هێمن چاوشین (سەید گوڵ) لە ١٩٦٢ لە دایک بووە و تا سێی ناوەندی خوێندووە، ئەندامی تیپی مللی هەولێر بووە، لە ڕێکخستنەکانی سۆسیالیست چالاک بووە، لە ساڵی ١٩٨٢پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی سۆسیالیست کردووە، لە ١٩٨٥ لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان درێژەی بە خەبات داوە، لە ساڵی ١٩٨٦چۆتە ناو حزبی شیوعی عێراق و لە هەمان ساڵ شەهید بووە.

٢. عەبدولقادر محەمەد .
٣. فازل پیرکی.
٤. سمایل شاباز[1].
٥. دڵگەش.

ماوەیەک دواتر جگە لە (دڵگەش) چوارەکەی تریان (عەبدوڵڵا عەلی شاهێن، فازل پیرەکە، عەبدولقادر محەمەد، سمایل شاباز) لە ناوچەکانی خۆیان کە پارتی دیموکراتی کوردستان تیایدا باڵادەست بووە، شەهید دەکرێن.

هەواڵی شەهیدبوونی دوو لەم پێشمەرگانە بەم جۆرە لە ئاڵای ئازادی ژمارە(١) بڵاو کراوەتەوە، (بە داخێکی گرانەوە هەواڵی شەهیدبوونی دوو پێشمەرگەی گیان لە سەردەستی حزب و دوو ڕۆڵەی بە جەرگی بادینان هەڤاڵانی تێکۆشەر عەبدوڵڵا عەلی شاهێن و عەبدلقادر محەمەد بە هەڤاڵانی حزب و جەماوەری خۆراگری گەلەکەمان ڕادەگەیەنین. هەڤاڵانی شەهید لە شەوی ١٩٨٦/٢/١١ لە گوندی بالەکای ناوچەی دهۆک لەگەڵ چەند کەسێک لە خزم و خاوخێزانیان لە لایەن دەستەیەک خۆفرۆشی سەر بە ڕژێمی فاشی شەهید دەکرێن).

پاش سێ چوار ڕۆژ هێزەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەو ئەو ناوچەیە جووڵە دەکات کە (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) چەند ڕۆژێک بوو کردبوونی بە بنکە و بارەگا، لە ڕێی حزبی شیوعی عێراق ئاگاردار دەکرێنەوە لەو جووڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئیتر ئەوانیش هیچ چارەیان نامێنێ پەنای بۆ ببەن تەنیا دوو ڕێگایان لەبەردەم دەمێنێ، یان دەبێت ناوچەکە چۆڵبکەن و بەرەو ئەو شوێنانە بچن کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی تێدا باڵادەستە، لەو ئەگەرەشدا ئەوە بە مسۆگەری ڕووبەڕوبوونەوەی چەکداری لێدەکەوێتەوە و ئەمەش بۆ ئەوان زۆر گران و بۆ بارودۆخیان نەدەگونجا، چونکە وەرزەکە زستان بووو پەڕینەوە لە

[1] سمایل شاباز، لە ساڵی ١٩٨٣پەیوەندی بە حزبی سۆسیالیستی کوردستان کردووە لە سنووری لقی دهۆک و بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی لە ڕیزەکانی حزبی زەحمەتکێشان و هاوڕێی شەهیدان عەبدوڵڵا شاهێن و عەبدولقادر بوو خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی سەر زێی خابور بوو، لە ساڵی ١٩٨٦ شەهید دەبێت.

زێی بادینان بۆ ئەم هێزە زۆر ئەستەم بوو نەدەکرا، بۆیە تاکە هەڵبژاردەی بەردەمیان ئەوە بووە لە شوێنەکەی خۆیان بمێنەوە و گەر پارتی دیموکراتی کوردستان لێیانەوە نزیک بۆوە ئەوە بەرگری لە خۆیان بکەن، هەڵبەتە حزبی شیوعی عێراق هاوکاریان بووە و نەیانویستووە گرژیەکان بگاتە ڕادەی شەڕ و پێکدادان لە نێوانیاندا.

ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سەخت و دژوار بووبووەوە، هەموو لایەنەکانی کوردستان دژایەتییان دەکرد تەنیا حزبی شیوعی عێراق نەبێت، بەرەی جود بەیاننامەی لەسەر دەرکردن، سەرەڕایی ئەوەی ئەوان ڕایانگەیاندبوو کە خۆیان بە دۆستی بەرەی جود دەزانن، پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جۆرێک لە شەڕیان لە دژدا ڕاگەیاندبوو، فشارەکان زۆربوون تا دەهات شوێنی جووڵە و گوزەرانیان ڕۆژ بە ڕۆژ سەختر و تەسکتر بووبووەوە، تاوای لێهات تەنیا ئەو گردەیان لە بەر دەست مابوو کە گوندی (کۆلەکان)ی بە قەدیەوە بوو و لێی جێگیر بووبوون، ئەوان پابەندو وابەستە نەبوون بە وڵاتانی داگیرکەرانی کوردستان تا هاوکاری و پاڵپشتیان بکرێت، لەم بارەیەوە هەڵوێستیان هەبووە، گەر ئەم هێزە نەبا، هەر هێزێکی تربا بەرگەی ئەو بارودۆخەی نەدەگرت و شکستی دەهێنا، دیارە شێلگیری و خۆڕاگری و بڕوا بە خۆ بوونی کادیر و پێشمەرگەکانی ئەم هێزە وایکرد کە بەرگەی هەموو جۆرە فشار و ناخۆشییێک بگرن و سازش و خۆبەدەستەوەدان ڕەتبکەنەوە، بیریان لە بەرنامەیەکی تر کردبۆوە بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە سەخت و دژوارە تێپەڕێنن، ئەمە بۆ ئەو کاتە بوو کە هەموو ڕێگاکانیان لەبەرمدا ببەسترێن (سەرجەمی هێزەکەیان بۆ ماوەیەکی کاتی بکەنە دەستە دەستەی بچووک و بە نهێنی دابەشی سەر ناوچەکان بکەن، تا ئەو کاتەی بارودۆخەکە هێمن دەبێتەوە)، هێزەکانیان بەسەر بەرزاییەکانی دەوربەری بارەگاکانیان دابەش دەکەن و ئامادەی بەرگری و بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەگەرێک ئەبن، بەشێکیشان چوونەتە نێو بارەگاکانی حزبی شیوعی عێراق، هەڵبەتە لەم

بارەیەوە حزبی شیوعی عێراق هاوکاریان دەکەن و هەڵوێستی جوامێرانەیان دەبێت و ئامادەیی پشتیوانی کردنیان بۆ دەربڕیون، (عەلی حاجی نادر[1]) ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لەم بارەیەوە، تەنانەت پێشمەرگەشیان لەگەڵ ئەوان لە سەنگەردا بووینە، هێزەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان دێتە ناوچەکە، بەڵام لە بارەگا و سەنگەری پێشمەرگەکانی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) نزیک نابێتەوە و بە ڕێگاو شوێنێکی تردا ڕەت دەبن، جا نازاندرێ بۆچی هەڵوێستی ئەو هێزەی پارتی دیموکراتی کوردستان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، پێشووتر حزبی شیوعی بەو هێزەی پارتی گووتبو وا باشە وازیان لێبێنن ئەمانە هێزێکی تۆکمە و خۆڕاگرن ئامادەنە بە هەموو شێوەیەک بەرگری لە خۆیان بکەن.

ئەوان لە یەکەم هەنگاودا کە سەربەخۆیی خۆیان لە ڕێکخراوێکی چەپو دیموکراتی شۆڕشگێردا ڕاگەیاند و کۆمەڵێک پرسی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەوایەتیان خستە ژێر شرۆڤە و هەڵوێستی خۆیان لە بارەیانەوە ڕاگەیاند، وەک (شەڕی عێراق و ئێران، کە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان نەکرێتە بەشێک لەو شەڕە و ململانێیەدا، پەیوەندیەکی تەندروست لەگەڵ ئێراندا، فەشەلهێنانی سەرکردایەتیی خێڵەکی و وابەستەیی، مافی چارەی خۆنووسین، هەبوونی شەڕی ناوخۆو پاوانکردنی مەیدانی خەبات و تێکۆشان) چاوەڕێی ڕۆژێکی ئەوهاشیان دەکرد کە بکەونە ژێر فشار و هەڕەشە، ئەو چەند وتەیەی (لینین)یان وەک ڕێنماییێک بۆ خۆیان کردە دەسپێکی هەنگاوەکانیان، (ئێمە کۆمەڵەیەکی یەکگرتووین، دەست لەناو دەست بە ڕێگەیەکی سەخت و دژواردا دەڕۆین، دووژمنان لە هەموو لاوە گەمارۆیان داوین، زۆر جاریش کە دەڕۆین بە ناچاری دەکەوینە ژێر ڕەحمەتی ئاگرەکانیان. بە پێی بڕیارێکی ئازادانە یەکمان گرتووە بۆ

[1] عەلی حاجی نادر، لە ساڵی ١٩٤٦لە گوندی (سێوکان)ی بناری کۆسرەت دایک بووە، لەبەر هەژاری نەخراوەتە بەر خوێندن، لە ١٩٦٤ جۆتە ڕێزی حزبی شیوعی،وەک کادیرێکی جوتیار دەرکەوتووە و کەسێکی چالاک بووە لە چوار قوڕنە و بیتوێن، لە مانگی ١٩٧٨/١٢ ڕوو لە شاخ دەکات و دەبێتە پێشمەرگە، لە ١٩٨٢ دەبێتە سەرلقی شوان و دوا پلەی جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی (٣١)ی مەڵبەندی هەولێر بووە، لە ١٩٨٦/٦/٢ شەهید دەبێت.

ئەوەی دژی دووژمنەکانمان خەبات بکەین، نەک بۆ ئەو زڵکاوەی تەکمان هەڵبخلیسکێن کە ئەوانەی لە وێن دەمێکە بەوە تاوانبارمان دەکەن، کۆمەڵێکی تایبەت بە خۆمان و جیا لەوانمان پێکهێناوە. ڕێگای خەباتمان گرتۆتە بەر، نەک ڕێگای سەوداکردن[1]).

پاش ئەوەی کە هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ پارتی ڕووونادات و بارودۆخەکە کەمێک هێمن دەبێتەوە، گوندی کۆلەکان دەکەنە شوێنی بنکە و بارەگاکانی خۆیان، هەر چەندە ئەم شوێنە لە ڕووی ئاسایشو سەربازیەوە زۆر گونجاو نابێت بۆ بنکە و بارەگا، بە تایبەتیش بۆ بارەگا سەرەکییەکان، چونکە ئەو ناوچەیە زۆر دوور نەبووە لە ڕەبایە و سەربازگای دوژمن، بەڵام هیچ چارەیەکی تریان نەبووە، گوندی کۆلەکان لە بناری زنجیرە شاخی (پێرس)و بە قەد گردێکەوەیە و بەرامبەری گوندی (شانەدەر)ە، نزیک زێی بادینان (زێی گەورە[2])، گوندەکە وێران کرابوو هەندێک لە دیواری خانووەکانی وەکو خۆی مابوون و تەنیا بانەکانی کەوتبوون چونکە بە بەردو چیمەنتۆ دروستکرابوون، لەگەڵ سوتاندن و چۆڵکردنی گوندەکانی ناوچەی بارزان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەم گوندەش هەمان بارودۆخی بەسەرداهاتبوو، چەند کاولە خانوێک پاک دەکەنەوە و بە دار و چیلکە و قوڕو نایلۆن سەری خانووکان دەگرن و دەیکەن بە بارەگا.

سەرەتا مامەڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەو (١٨) کادیر و پێشمەرگەیە مامەڵەیەکی خراب بووە، بەڵام دوایی باشتر بووە، ئەمەش دوای ئەوەی کە (بەهمەن حوسێن) داوای دانیشتن دەکات لەگەڵ بەرپرسانی لقی یەک، هەروا بەشێک لە بەرپرسان و کادیرانی پارتی ئەم بارودۆخەیان

[1] لە ناوەوەی بەرگی یەکەمی هەر پێنج ژمارەی گۆڤاری پێشکەوتن ئەم وتەیەی لێنین چاپکراوە.

[2] زێی بادینان (زێی گەورە)، سەرچاوە لە ناوچەی جۆلەمێرگ باکووری کوردستان هەڵدەگرێو لە ناوچەی ئامێدی دێتە ناو باشووری کوردستان و دەڕژێتە زێی دیجلە، ٣٣٪ ئاوی دیجلە پێک دەهێنێو درێژییەکەی ٤٠٠کیلۆ مەترە.

بە دڵ نەبووە و نیگەرانیی خۆیان دەربڕیووە، بە تایبەتی (سمکۆ ئامێدی[1])و هەندێ لە بەرپرسانی ڕێکخراوو ناوچەکانیان، لە ئازاری ١٩٨٦ چوار کەسیان دەهێڵنەوە و ئەوانی تر بە بێ چەک ئازاد دەکەن و دەگەڕێنەوە لای هەڤاڵەکانیان، پارتی دیموکراتی کوردستان پێیان دەڵێن چوار کەستان دەمێننەوە ئەوانی تر ئازاد دەکەین، بەڵام دەبێت لەو چوار کەسانە یەکیان (بەهمەن حوسێن) بێت و سێ کەسەکەی تر خۆتان دیاری بکەن، هەوڵ دەدەن کە هەموویان پێکەوە ئازاد بکرێن و چەکەکانیشیان بدەنەوە، پارتی ڕازی نابێت و چەکەکانیشیان پێنادەنەوە، (حەمید عەسکەری و ڕابەر ڕشید و هەڵمەت) لەگەڵ (بەهمەن حوسێن) دەمێننەوە، ئەوانی تر ئازاد دەکرێن.

بۆ خۆڕێکخستنەوە و بەرنامەدانان بۆ جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی پلینۆمی یەکەم، کۆمیتەی ئامادەکردن چەند کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدات، کە ئەمە بە لای ئەوان زۆر گرنگ بووە، چونکە زۆر پێویستیان بە خۆڕێکخستنەوە هەبووە، بەڵام لە بەر ئەو بارودۆخە نەخوازراوە و داسپێنەرە کە بەسەریاندا هاتبوو بە هیچ شێوەیەک نەپڕژاونەتە سەر ئەم پرسە.

ئەم هەنگاوانە دەنێن بۆ ڕێکخستنەوەی کارەکانیان.

یەکەم / بەشی پێشمەرگایەتی.

بەشێک بۆ سەرپەرشتیکردنی هێزی پێشمەرگەی خۆیان بە ناوی (بەشی پێشمەرگایەتی) پێک دەهێنن، ئەم بەشە پێک دێت لە بەرپرس و ئەندامانی بەش.

(قادر عەزیز دەبێتە بەرپرسی بەش، هەر یەکە لە دکتۆر ڕەشید و ڕێناس دەبنە ئەندامانی بەش)

---

[1] سمکۆ ئامێدی، شەهید سمکۆ ئامێدی، شاعێر و نووسەر لە ١٩٥١لە ئامێدی لە دایک بووە، پەیمانگای مامۆستایانی لە موسڵ تەواوکردووە، لە ١٩٨١ بۆتە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ١٩٨٢ بۆتە ئەندامی لێژنەی ناوچەی ئامێدی (ی.ق.ل.ک) لە ١٩٨٧ بۆتە بەرپرسی لێژنەی ناوچەی گوڵان، لە ١٩٨٩/٤/١٠بە دەستی خۆفرۆشێک لە ئەشکەوتی گوندی(گۆهەرز) لە ناوچەی ئامێدی شەهید دەکرێت.

هێزی پێشمەرگەش لە چەند یەکەیەک بەناوی هێز (قوە) ڕێکدەخەن، کە بریتی بوون لە (٥) قوە، هەر قوەیەکیش فەرماندە و جێگر و ڕابەر سیاسی هەبوو.

١.قوەی (سەفین).

فەرماندەی قوە/ عوسمان بانیمارانی، دوای ئەو هەژار دێدەوانی دەبێتە فەرماندە.

جێگری فەرماندەی قوە/ ڕەشید ڕواندزی.

ڕابەر سیاسی قوە/ سەعد خالید.

٢.قوەی (قەرەچوغ)

فەرماندەی قوە/ دکتۆر ڕەشید.

جێگری فەرماندەی قوە/ قادر کرۆنە.

ڕابەر سیاسی قوە/ کرمانج عەوێنە.

٣.قوەی (دەشتی هەولێر).

فەرماندەی قوە/ مام جەوهەر.

جێگری فەرماندەی قوە/ جامی شێخ عومەر[١].

ڕابەر سیاسی قوە/ فازل حەسەن.

٤.قوەی (بەڕانەتی).

فەرماندەی قوە/ قەهار عەزیز.

جێگری فەرماندەی قوە/ چەتۆ خان ئاودەل.

رابەر سیاسی قوە / نایف ڕەحمان.

٥.قوەی (کۆیە).

فەرماندەی قوە/ دڵشاد کۆیی.

جێگری فەرماندەی قوە/ فەرهاد مەنتک.

---

١ شەهید جامی شێخ عومەر، لە گوندی (عەلیاوە)ی شەمامک لە خێزانێکی ناسراوی ناوچەکە لە دایک بووە، ١٩٨١ دەبێتە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیست، هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، بەشداربوو لە دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، جگە لەوەی کادرێکی پێشمەرگایەتی جەربەزە و پارتیزانێکی چوست و بە جورئەت بووە، لە ڕووی ڕێکخستنیش چالاکو کارامە بووە، لە ساڵی ١٩٨٦ دەبێتە جێگری فەرماندەی قوەی دەشتی هەولێر، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چوار جار بریندار دەبێت، لە ١٩٨٦/١١/١٦ لە دەشتی هەولێر شەهید دەبێت.

رابەر سیاسی قوە / ئاوارە کۆیی.
٦.قوەی پارێزگاری(کەرتی کۆمیتەی سەرکردایەتی).
فەرماندەی قوە/ عەلی سوور.
جێگری فەرماندەی قوە/ سەلاح ڕواندزی.

دووەم/ بەشی ڕاگەیاندن.
ئاسۆ حەسەن / بەرپرسی بەش.
١.مامۆستا دارا.
٢.خەسرەو.
٣.ڕابەر ڕەشید.
٤.هەڵمەت (ابراهیم حەمید) ئەندامانی بەش.
سێهەم/ بەشی ڕێکخستن.
بەڵێن عەبدوڵڵا بەرپرسی بەش.
١. ناوچەی ڕواندز، بەرپرس زرار جۆڵا، ڕێباز مستەفا ئەندامی ناوچە، سیروان سرێشمەیی کادیری ناوچە.
٢.ناوچەی کۆیە، بەرپرس مام ڕەشاد کۆیی، شەهید قەندیل عەبدوڵڵا ئەندامی ناوچە.
٣.ناوچەی دەشتی هەولێر، بەرپرس مامۆستا سەمەد، شەهید جەمال شینە، کرمانج عەوێنە و گۆران جەلال ئەندامانی ناوچە.
٤.ناوچەی شار (ناو هەولێر) بەرپرس مامۆستا عەبدوڵڵا، لە ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناو شار بوو.

چوارەم/ بەشی دارایی
بەهمەن حوسێن بەرپرسی بەش.
دوایی جێگیر بوونیان و خۆڕێکخستنەوە، ناوە ناوە پێشمەرگەکانیان بۆ جەولە و چالاکی پێشمەرگانە دەنێرنە ناوچەکانی هەریر و شەقڵاوە و بەڕانەتی

و کۆیە و دەشتی هەولێر و (مرکیە و شەمامک[1])و (کەندیناوە[2])، چەندین چالاکیی پێشمەرگانە ئەنجام دەدەن، لەتەک ئەمەشدا کادیرانی ڕێکخستن لە شارەکانی هەولێر و کەرکوک و کۆیە و زاخۆو شەقڵاوە و خەلیفان و ڕواندز و شوێنەکانی تر دەکەونە جووڵە و جموجۆڵ بۆ کاروباری ڕێکخستن.

[1] مرکیە و شەمامک دوو ناوچەی دەشتی هەولێرن، ئێستا هەردووکیان ناحیەن.

[2] کەندیناوە، ناوچەیەکی بەرفرەوانی دەشتی هەولێر و سەر بە قەزای مەخمورە.

بەشی شەشەم

کۆنفرانسی یەکەم

خۆڕێکخستنەوە و هەنگاوی زیاتر

کۆنفرانسی یەکەم ١٩٨٨(کۆنفرانسی شاخ)

یەکێک لە بڕیارە گرنگەکانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ئامادەکردنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان _ عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ کە لە ٦-٨ حوزەیرانی ١٩٨٧ ئەنجامی داوە بڕیاردانی بەستنی کۆنفرانس بووە، ئەم بڕیارەش یەکێک بووە لە ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەی فرەوان (پلینۆم)ی کادیران ١٩٨٥/١٢/١٢، بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوە لێژنەیەکی پێکهێناوە تا لە ماوەیەکی دیاریکراودا پڕۆژەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوەخۆ ئامادەبکات، لە ماوەی دیاریکراودا لێژنەکە هەردووک پڕۆژەکە ئامادە دەکات و دەیداتە کۆمیتەی ئامادەکردن بۆ پەسند کردنی و دوایش خراوەتە بەردەستی ڕێکخستنەکان لە نێو هێزی پێشمەرگە و ناوخۆو دەرەوەی وڵات، بۆ ئەوەی ڕاو تێبینی و سەرەنجەکانیان لەسەر بدەن و بە پێشنیار و بۆچوونەکانیان دەوڵەمەندی بکەن، هەڵبەتە مەبەستی ئەم حزبە ئەوە بووە تا سەرجەمی ئەندامەکانی ناڕاستەوخۆ بەشداربن لە داڕشتنی سیاسەت و ئامانجو هێڵی فکری حزبەکەیان، کە کۆنفرانس بڕیاری لە بارەیانەوە دەدات.

لە پڕۆژەی بەرنامەدا بە پێشەکیەکی کورت دەربارەی مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد و ئەو ڕێکەوتن و نەخشە داگیرکاریانەی کە لە ڕابردوو کوردستانی داگیر و دابەشکردووە، دەست پێدەکات، هەروەها ئاماژەی بە خەبات و تێکۆشانی باشووری کوردستان داوە و شۆڕشی ئەیلولی (١٩٦١-١٩٧٥) کە نەیتوانی سەرکەوتن بە دەستبهێنێو بە پیلانگێڕی نێودەوڵەتی و خواستی سەرکردایەتییەکەی هەرەسی پێهاتووە، هەر وەها بە کورتی ئاماژە بەوە دراوە کە (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)وەک پێویستییەکی بابەتی و مێژوویی بە دەستپێشخەری چەند تێکۆشەرێکو بە ڕابەرایەتیی (شەهید سەیدا سالح یوسفی) لە ١٩٧٦/٨/٨ دامەزراوە و بەشداری کاریگەری هەبووە لە شۆڕشی نوێ، پاشان باسی لە ڕۆڵی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان) کردووە، کۆنگرەی یەکەمی(١٢-١٩٨١/٥/١٥)و خەباتی چەند ساڵەیی و تا ئەو کەرتبوونەی کە لە هاوینی (١٩٨٥) دا ڕوویداوە و بووە

هۆی ئەوەی هەڵگرانی بیروباوەڕی سۆسیالیزمی زانستی پابەند بە ئایدۆلۆژیا و بەرنامە و سیاسەتی حزب، لە ١٢-١٩٨٥/١٢/١٤ کۆبوونەوەی فرەوانی کادیران ببەستن، وێڕای زێدەکردنی (ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) بۆ سەر ناوی حزب و هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی ئامادەکردن بۆ سەرکردایەتیکردنی حزب تا کۆنفرانس درێژە بە خەبات بدەن و تەواوکەر و میراتگری ئەو سەروەریانەش بن کە حزب لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی چەند ساڵەی ڕابردوویدا بەدەستی هێناوە.

هەروا لە بەشێکی تری هاتووە و ئاماژە بەوە دەدات: (لەبەر چاوگرتنی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ئامادەکردنی حزب، کە ڕەنگدانەوەی پێداویستییەکانی ئەمڕۆی خەباتی گەلەکەمان و ویست و ئارەزووی ڕێکخستنەکانی حزبە بۆ قووڵکردنەوەی ناوەرۆکی فیکری و سیاسی و ڕێکخستنەوەی زانستیانەی ژیانی ڕێکخراوەیی و لابردنی هەموو تەم و مژێک لە سەر پێناسەو ناسنامەی فیکری حزب، وەک حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخواز، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەی خوارەوەدا، پڕۆژەی بەرنامەی ئامادەکراو بۆ کۆنفرانس، بە ڕوونی دەریبڕیووە کە حزب لە خەباتی خۆیدا، پەیڕەو لە فەلسەفەی مارکسیزم – لینییزم دەکات و کرێکاران بە تایبەتی و جوتیار و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕو تەواوی ڕەنجدەرانی کوردستان، کە باوەڕیان بە فیکر و بەرنامەی خەباتی حزب هەبێ، لە ڕێزەکانی خۆیدا ڕێکدەخاو پەرە بە تواناکانیان دەدات[1]).

سەبارەت بە ئامانجە دوور و نزیکەکان لە پڕۆژەی بەرنامەکەدا وا هاتووە: (ئامانجە دوور و نزیکەکانی حزب، بەشێکی گرنگ لە بەرنامەی سیاسیی حزب پێکدەهێنن و ئەو ئامانجەش ڕەنگدانەوەی خواست و ویست و پێداویستییەکانی ژیانی ئەمڕۆی گەلەکەمانە بە شێوەیەکی گشتی. خەباتکردنی حزب بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردمان بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیشەوە، هەروەها

[1] چاوپیاخشاندنێک بە پڕۆژەی بەرنامە و پەیڕەوی نێوخۆی حزب، گۆڤاری پێشکەوتن ژمارە(٤)ی ساڵی دووەم تەشرینی یەکەمی ١٩٨٧.

تێکۆشان بۆ بنیاتنانی سۆسیالیزم لە دوای بە ئەنجامگەیاندنی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی و دیموکراتی، دوو ئامانجی سەرەکی و گرنگن، حزبمان خەباتی لە پێناودا دەکات. وێڕای ئەمەش حزب ئامانجە نزیکەکانی خۆی لە ڕوانگەی پێداویستییەکانی ئەم قۆناغەی خەبات دەستنیشان کردووە،وەک ڕاگرتنی شەڕی کاولکاری عێراق و ئێران و بەستنەوەی خەباتی بەردەوام لە پێناوی ڕووخاندنی فاشی و شۆڤینی بەغداو هێنانە سەرکاری جێگرێکی ئیئتیلافی دیموکراتی کە دیموکراتیەت بۆ عێراق و مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد بسەلمێنی، ئەو ئامانجە گرنگە و بە پەلەیەی ئێستاش حزب لە پڕۆژەی بەرنامەیدا تەواوی وەسیلەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی دەسنیشان کردووە. هیچ کاتێکیش بێ ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی و شۆڤینی بەغدا، مافە دیموکراتییەکانی گەل، لە پێش هەمووشیانەوە مافەکانی گەلی کوردمان کە ڕاستەوخۆ بەندە بە مەسەلەی دیموکراتی لە سەرتاسەری عێراقدا، نایەتە دی، بۆیە ڕاگرتنی شەڕ و ڕووخاندنی فاشیزم، ئامانجی ئێستای گەلەکەمانە[1].

جگە لەمەش لە پڕۆژەکەدا، بەرنامەیەکی تەواوی بۆ گرفت و ناتەواوی و نەبوونییەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری، تەندروستی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی ژیانی کۆمەڵگا خستۆتە ڕوو، لە پێناوی سڕینەوە و نەهێشتنی ئاکام و شوێنەوارە خراپەکانی شەڕی فاشیزم و شەڕی شۆڤینیانە دەرهەق بە گەلی کورد، کە دەبێتە ئەرکی ئەم جێگرە دیموکراتیەی ئایندە جێبەجێی بکات. لە مەڕ هێنانەدی مافەکانی کرێکاران، جوتیاران، ئافرەتان، لاوان و خوێندکاران، پێکەوەنانی پاراستنی و پەرەپێدانی هێزە چەکدارەکانی عێراق و هێزی پێشمەرگە خستۆتە ڕوو.

سەبارەت بە پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆشەوە کە ناسنامە و پەیڕەونامەی ژیانی ناوەخۆی حزبە، بە ڕوونی ناسنامە فیکری و چینایەتی و هەروەها هەیکەلی ڕێکخراوەیی خستۆتە ڕوو: (لەسەر بنەماو ڕێنماییەکانی مارکسیزم–لینینیزم بۆ بنیاتنانی حزب کە ناوەندیەتی دیموکراسی پرینسیپی سەرەکی و

[1] هەمان سەرچاوە.

گرنگی بنیاتنانی هەموو حزبێکی شۆڕشگێڕە، لە کۆتیاییدا هەردووک پڕۆژەکە ئاماژەیان بەوەداوە، کە دڵنیان هەموو ئەندامانی حزب بە گیانی هەستکردن بە لێپرسراوەتییەوە بەشداری دیار و کاریگەرانە لە دەوڵەمەندکردنی پڕۆژەکە و بەستنی سەرکەوتوانەی کۆنفرانس دەکەن[1].

پاش ئامادەکارییەکان بۆ کۆنفرانس و بڕیاردان لە وادەکەی، لە ڕۆژانی (٢٤-٢٦ی نیسانی ١٩٨٨) بە ئامادەبوونی (٣٦) نوێنەر لە ڕیزەکانی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی ناوشار لە بارەگای سەرکردایەتی لە گەلی (توبا)ی نزیک گوندی (کافیا) ی بناری چیای (گارا) لەژێر دروشمی (ڕێکخستنی پۆلایین و دیسپلینی هۆشیارانە، پێش هەموو شتێک) کۆنفرانس دەبەستن. سەرەتای کۆنفرانس بە ساتێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی حزب و بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و جووڵانەوەی نیشتمانیی عێراقی و شەهیدانی شاری هەڵەبجە و وتنی سروودی (کارگەرێن جیهان[2]) کارەکانی

---

١ هەمان سەرچاوە.

٢ سروودی (کارگەرێن جیهان) سروودێکی شۆڕشگێڕی چینایەتی بوو، هەمیشە لە بۆنەکان پێشمەرگە بەوپەڕی شێلگیرییەوە دەیانچڕی، ئەمەش چەند بڕگەیەک لە هۆنراوەکەی.

کارگەرێن جیهان

گوندیێن جیهان

ئەم و هین جیرانین

ئەم و هین هەڤاڵین

ئەم هەڕنە دوژمن

یەک دڵ ئەم هەڕن

ئەم بێین هون وەرن

هەڤرا گۆڤەند ساز کەین

نە هون ل سەرێ

نە ئەم ل داڤێ

ل سەرێکی ئەم

ل سەرێکی هون

سترانەک ژ مە

سترانەک ژوە

دەست پێکردووە.

(قادر عەزیز) ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنفرانس پێشکەش دەکات، لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە دەدات، لەم هەڵومەرجە ناسک و دژوارەی خەباتی حزب و گەل و ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێ، بەستنی کۆنفرانسی حزب کارێکی گرنگ و پێویستە، بەڵام کاتێک ئەم کارە گرنگە دەبێتە سەرکەوتن، کە تەواوی هەڤاڵانی نوێنەر بە گیانی هەستکردن بە لێپرسراویەتی و ئەرکە گرنگەکانی ئەم هەڵومەرجە بەشداری لە سەرخستنی کۆنفرانسەکەیان بکەن، لە بەشەکانی تری ڕاپۆرتی سیاسیدا ئاماژە بە کێشەکانی سیاسی و ئابووری، نێودەوڵەتی، شەڕی عێراق ئێران، شەڕی شۆڤینیانەی ڕژێمی فاشی دژ بە گەلی کورد، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، هاوپەیمانیی نیشتمانی، کێشە ڕابردووەکانی ناوەخۆی حزب، بارودۆخی حزب لە ڕووی سیاسی و ڕێکخستن و ڕاگەیاندن و پێشمەرگەیی و جەماوەریی و پەیوەندییە نیشتمانییەکان و دەرەوە دراوە. لە دوای ڕاپۆرتی سیاسی، سێ لێژنە هەڵدەبژێردرێن بۆ (سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی کارەکانی کۆنفرانس) و (لێکۆلینەوە لە ڕاپۆرتی سیاسی و بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ)و (لێپێچینەوە لە دارایی).

هەر دوو پرۆژەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ خوێندراونەتەوە و لە لایەن ئەندامانی کۆنفرانس بە درێژی گفتوگۆو مناقشەی لەسەر کراوە و ڕاو بۆچوون و پێشنیارەکانیان خستوونەتە ڕوو، هەڵسەنگاندن بۆ پەیوەندیەکان کراوە، سێ پرسی گرنگ کە ئەندامانی کۆنفرانس لە سەری وەستاون و گفتوگۆی زیاتری هەڵگرتووە، ناوی حزب و دروشمی سەرەکی و دروشمی وەستانی شەڕی عێراق و ئێران بووە، ئەم پرۆژانە بە هەندێک دەستکاری لە لایەن ئەندامانی کۆنفرانس پەسند کراون، ئەوەی زۆر گرنگ بووە لەم کۆنفرانسە بڕیاری لێدراوە بریتی بووە لە:

-پەسندکردنی ڕاپۆرتی سیاسی و بەرنامە و پەیڕەوی نێوخۆی حزب.

-گۆڕینی ناوی حزبەکە لە (حزبی سۆسیالیستی کوردستان _ عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) بۆ (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان-عێراق).

-دیاریکردن و پەسندکردنی دروشمی ناوەندی حزب، مافی چارەی

خۆنووسین بۆ گەلی کورد[1].
-پەسندکردنی دروشمی ڕاگرتنی بە پەلەی شەڕی عێراق _ ئێران.
-پەسندکردنی دروشمی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی.
-دانانی ئاڕم بۆ حزب .
-دیاریکردنی ٢٥ حوزەیرانی هەموو ساڵێک کە ڕۆژی شەهیدبوونی (سەیدا ساڵح یوسفی)ە،وەک ڕۆژی شەهیدانی حزب[2].

کۆنفرانس چەندین ڕاسپاردەی بە کۆمیتەی ناوەندی نوێی حزبەکە سپارد کە لە داهاتوودا بە ئامانجی بەرەو پێشخستنی حزب خەبات و تێکۆشانی لە پێناودا بکات، وێڕای ئەمانە ئەندامانی کۆنفرانس ڕخنە و سەرەنج و تێبینییەکانی خۆیان خستۆتە ڕوو، کۆنفرانس چەند سڵاونامەیەکی ئاراستەی گیانی شەهیدان و پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان و ڕێکخستنەکان و لایەنەکان کردووە، لە دوا دانیشتنی کۆنفرانس ئەندامانی کۆنفرانس کۆمیتەیەکی ناوەندی کە بریتی بووە لە (٧) ئەندام و یەک ئەندامی یەدەگ بۆ سەرکردایەتیکردنی حزبەکەیان هەڵبژاردووە و بە سرووودی (ئەی ڕەقیب) کۆتایان بە کارەکانی کۆنفرانس هێناوە.

هەر چەندە بە شێوەیەکی فەرمی لە بڵاوکراوەکانی ئەم حزبە ڕۆژانی بەستنی کۆنفرانس (٢٤-٢٦ /١٩٨٨/٤) دانراوە و وایان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لەبنەڕەتدا کۆنفرانسەکە لە ڕۆژانی (٢٨-١٩٨٨/٤/٣٠) بەستووە، واتە چوار ڕۆژ پاش دیاریکردنی ئەو بەروارەی کە بۆ کۆنفرانس دانراوە، ئەوەش لە بەر دوو هۆ بووە، یەکەمیان لەبەر ئاشکرا نەبوونی هەڤاڵەکانیان کە لە ڕێکخستنەکانی شار بە نهێنی و بە دەم و چاوی داپۆشراو بەشداری

[1] حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە سەرەتایی دامەزراندنیدا باوەڕی تەواوی بە دروشمی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد هەبووە، لە بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەیدا ئەم پرسە ئاماژەی پێدراوە، بڕوانە (دیدی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ مافی چارەی خۆنووسین) لە بەشی (هەندێ پرسی گرنگ)ی ئەم کتێبە.

[2] بڕیار دراوە کە ڕۆژی شەهیدبوونی سەیدا ساڵح ١٩٨١/٦/٢٥ بکرێتە ڕۆژی شەهیدانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بەڵام ئەم بڕیارە تەنیا لە شاخ پیادە کراوە، لە دوای ڕاپەڕین درێژەی پێنەدراوە.

کۆنفرانسیان کردبوو[1]، دووەمیان بۆ ئەوەی ئاسایشی سەرجەم هەڤاڵەکانیان پارێزراو بێت چونکە لە ڕۆژانی کۆنفرانس زۆربەی هێزەکەیان لەوێ کۆببۆوە، ڕژێمی بەعس بەردەوام هەولی دەدا لە ڕێگای خۆفرۆش‌و پیاوانی خۆی زیان بەم حزبە بگەیەنێت، بەر لە کۆنفرانس چەند پێشمەرگەیەکی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە لایەن ئەم جۆرە کەسانەوە شەهید کرابوون لە ناوچە جیا جیاجیاکان وەک شەهیدان (عەبدوڵلا شاهێن، عەبدولقادر بابک، فازل پیرکان، سمایل شاباز، سەرهەنگ[2] و سەربەست[3]).

ڕێکخستەکانی دەرەوەی وڵات لە بەر دووری ڕێگا و نەبوونی پەیوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە ئێران و مەیسەرنەبوونی سەفەرکردن نەیانتوانیوە ڕاستەوخۆ بەشداری کۆنفرانس بکەن، بەڵام بە ڕاو تێبینی و پێشنیارەکانیان لە ڕێگای نووسراو و ڕاپۆرتی ڕێکخستنەکانی دەرەوەیان تایبەت بۆ کۆنفرانس بەشداریان کردووە.

---

[1] بۆ بەشداریکردنی نوێنەری ڕێکخستنە نهێنییەکان لە کۆنفرانس و کۆنگرەکانی سەردەمی شاخ، دەبوایە بە نهێنی و دەم و چاوی دەمامکدراو بەشداری تیا بکەن، بۆ ئەوەی نەناسرێن و ئاشکرا نەبن ئەمەش بۆ سەلامەتی گیانی ئەوان بووە، چوار کەسوەک نوێنەری ڕێکخستنە نهێنییەکان بەشداری کۆنفرانسی یەکەمی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیان کردووە، کە ئەمانە بوون (محەمەد سلێمان، زێڕۆ حەوێز، غازی حەسەن، کەریم عەوێنە).

[2] شەهید سەرهەنگ (مەجید حوسێن خدر)، لە ١٩٦٧/٩/١ لە گوندی ماجیدی سەر بە دێگەلە لە دایک بووە، تا قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کردووە، ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە کردووە لە ڕیزەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ١٩٨٨/١/٢٠ لە نزیک گوندی (کافیا)ی زێباریا لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی سەربەست لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێشمەرگایەتی، لە لایەن کەسێکی خۆفرۆش شەهید دەکرێن، لە گۆڕستانی گوندی کافیا بە خاک دەسپێردرێن، لە دوای ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩١تەرمی هەردووک شەهید دەهێنرێنەوە و لە زێدی خۆیان دەنێژرێن.

[3] شەهید سەربەست (خەلیل مەجید محەمەد)، لە ١٩٦٥ لە کەرکوک لە دایک بووە، تا قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کردووە، لە ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە کردووە لە ڕیزەکانی حزبی سۆیالیستی کوردستان، لە سنووری لقی دهۆک، لە دوای دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە ١٩٨٥/١٢/١٢ لە ڕیزەکانی درێژەی بە خەبات و تێکۆشان ئەدات، ١٩٨٨/١/٢٠ لە نزیک گوندی (کافیا)ی زێباریا لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی سەرهەنگ لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێشمەرگایەتی، لە لایەن کەسێکی خۆفرۆش شەهید دەکرێن، لە گۆڕستانی گوندی کافیا بە خاک دەسپێردرێ، لە دوای ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩١تەرمی هەردووک شەهید دەهێنرێنەوە و لە زێدی خۆیان دەنێژرێن.

لە دوای هەڵبژاردن و بە گوێرەی زنجیرەی دەنگەکان ئەمانە بۆ کۆمیتەی ناوەندی دەرچوون:

١. بەڵێن عەبدوڵلا .
٢. عەبدوڵخالق زەنگەنە .
٣. قادر عەزیز.
٤. ئاسۆ حەسەن .
٥. بەهمەن حوسێن .
٦. مامۆستا دارا.
٧. مامۆستا کاوە.
٨. دکتۆر سەردار / ئەندامی یەدەگ.

بە گۆڕینی ناوی حزب لە (حزبی سۆسیالیستی کوردستان _ عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) بۆ (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان- عێراق) کۆکە لەگەڵ ناوەرۆکی فیکری ئەم حزبە و ڕەنگدانەوەی زیاتری ئایدیۆلۆژیای پێوە دیارە، کە حزبێکی چەپی پێشکەوتووخوازە، حزبی چینی کرێکار و هەژار و زەحمەتکێشانی کوردستانە .

هەروا کۆنفرانس کۆتایی بە پرسی یەکگرتنەوەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستان دەهێنێت، کە لە ڕابردوودا خواستی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بووە کە هەوڵی دەدا بۆ هاتنەوەیان بۆ نێو ڕیزەکانیان، بەڵام کۆنفرانس کۆتایی بەم خواستەیان هێنا. حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دوای کۆنفرانس، هەڵسا بە گۆڕانکاری لە بواری ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی و ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی، لە بواری پێشمەرگایەتیدا، بە شێوازی ڕێکخستنی یەکەی پێشمەرگایەتیدا چوونەتەوە و گۆڕانیان تێدا کرد، لە (قوە) کردیان بە (هەرێم)، لە بواری پەیوەندییەکانیشیەوە هەنگاوی گرنگیان ناوە، پیوەندییەکانیان لەگەڵ زۆربەی لایەنەکانی کوردستانی ئاسایی کردۆتەوە و لە دەرەوەش بە تایبەتی لە سوریا پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ حزبە عێراقییەکان و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین هەبووە لە ڕێگای پەیوەندییەکانیان کە (عەبدولخالق

زەنگەنە) نوێنەرایەتی دەکردن و ڕۆڵی هەبووە لەم بوارەدا.

بەشداربووانی یەکەمین کۆنفرانسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (٢٤-٢٦ /١٩٨٨/٤) بە بەشداری (٣٦) ئەندامی کۆنفرانس

١- قادر عەزیز.
٢- بەڵێن عەبدوڵڵا.
٣- بەهمەن حوسێن.
٤- ئاسۆ حەسەن.
٥- کاوە محەمەد.
٦- مامۆستا دارا.
٧- دکتۆر سەردار.
٨- زرار جۆڵا.
٩- سەعد خالید.
١٠- گۆران جەلال.
١١- نایف ڕەحمان.
١٢- کرمانج عەوێنە.
١٣- جەوهەر عەلی.
١٤- دڵشاد کۆیی.
١٥- فەرهاد مەنتک.
١٦- سەلاح ڕواندزی.
١٧- فازل حەسەن.
١٨- ئاوارە کۆیی.
١٩- موحسین بانیمارانی.
٢٠- بڵند عومەر.
٢١- کاوە دهێماتی.
٢٢- ڕزگار چاوشین.
٢٣- دلێر جەلال.

٢٤- سالار پیرداود.
٢٥- دانا حەوێز.
٢٦- حەمید عەسکەری.
٢٧- نەبەز ئیسماعیل .
٢٨- سمکۆ تاهیر.
٢٩- تەنیا مەحمود.
٣٠- وریا حەمەد گردعازەبانی.
٣١- محەمەد سلێمان لە ڕێکخستنەکانی شار.
٣٢- زێڕۆ حەوێز لە ڕێکخستنەکانی شار.
٣٣- غازی حەسەن لە ڕێکخستنەکانی شار.
٣٤- عەبدولکەریم حوسێن عەوێنە لە ڕێکخستنەکانی شار.
٣٥- مامۆستا سەمەد.
٣٦- هۆشمەند نەجمەدین سورچی.

لە دوایی کۆتایی هاتنی کارەکانی یەکەمین کۆنفرانس، بەلاغی کۆتایی کۆنفرانس دەردەچێت، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر کۆنفرانسی یەکەمی(حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) ئەمە دەقی بەلاغی کۆتایی کۆنفرانسەکەیە:

بەلاغی کۆتایی کۆنفرانسی یەکەمی
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان- عێراق

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان- عێراق، دوای جیابوونەوەی لە (حسک) و کۆبوونەوەی فراوانی کادیران لە ١٢-١٩٨٥/١٢/١٤، لە ڕۆژانی ٢٤-٢٦ی نیسان، لە چیا سەرکەشەکانی کوردستاندا یەکەمین کۆنفرانسی خۆی لەژێر دروشمی (ڕێکخستنی پۆلایین و دیسپلینی هۆشیارانە، پێش هەموو شتێک) دا بەست.

لەم کۆنفرانسەدا، جگە لە نوێنەرانی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵات، کە لەبەر نەبوونی ڕێگە نەیانتوانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری بکەن، ئەویتر (٣٦) نوێنەر لە ڕیزی خەباتی چەکداری و نوێنەرانی ڕێکخستنەکانی

نێوخۆ بەشداریان تێدا کرد، کۆنفرانس بە دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی حزب و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردمان و جووڵانەوەی نیشتمانیی عێراقی، هەروەها شەهیدانی شاری هەڵەبجە کرایەوە، پاشان بە سروودی (کارگەرێن جیهان) کارەکانی دەست پێکرد.

سەرەتا ڕاپۆرتی سیاسی کۆنفرانس لە لایەن سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزب هەڤاڵ (قادر عەزیز) پێشکەشکرا، کە لە پێشەکییەکەیدا دوای ئەوەی بە گەرمی بەخێرهاتنی نوێنەرانی کردو ئیشارەتی بەوەدا کە لەم هەڵومەرجە ناسکو دژوارەی خەباتی حزب و گەلەکەمان و ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێ، بەستنی کۆنفرانسی حزب کارێکی گرنگ و پێویستە، بەڵام کاتێک ئەم کارە گرنگە دەبێتە سەرکەوتن، کە تەواوی هەڤاڵانی نوێنەر بە گیانی هەستکردن بە لێپرسراویەتی و ئەرکە گرنگەکانی ئەم هەڵومەرجە بەشداری لە سەرخستنی کۆنفرانسەکەیان بکەن، دوا بەدوای ئەمە هەڤاڵی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هاتە سەر پێشکەشکردنی بەشەکانی تری ڕاپۆرتی سیاسی کە بریتی بوون لە: سروشتی سیاسی و ئابووریی ڕژێمی بەغدا و تەنگ و چەلەمەکانی، شەڕی کاولکاری عێراق- ئێران، سیاسەت و شەڕی شۆڤێنیانەی ڕژێمی فاشی دژ بە گەلی کوردمان، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و گرفتەکانی، هاوپەیمانیەتیی سیاسی لە گۆڕەپانەکەداو هەڵوێست و سیاسەتی حزبمان لە بەرامبەریدا، وەزعی حزب و ئەرکەکانی لە هەڵومەرجی ئێستادا، وەزعی عەرەبی و ناوچەکە، هەروەها وەزعی نێودەوڵەتان و بڕیار و سڵاونامەکانی کۆنفرانس.

لە بابەتی سروشتی سیاسی و ئابووریی ڕژێم و تەنگ و چەڵەمەکانی، ڕاپۆرتەکە بە درێژی خستیە ڕوو، کە حزبی بەعس پاش ئەوەی لە ڕێگای کودەتا گومان لێکراوەکەی بۆ جاری دووەم لە تەمووزی ١٩٦٨دا هاتەوە سەر حوکم، وەک حزبێکی بۆرژوا بچوکی نەتەوەپەرستی شۆڤینی، سیاسەتێکی دوولایەنەی پەیڕەو کرد. لە سەرەتادا هەندێ گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەنجامدا و بە شێوەیەکی تاکتیکیش بەرەو هاوکاری و هاوپەیمانیەتی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی وڵات هەنگاوی نا، لەگەڵ شۆڕشی

کورد ڕێککەوت و دانی بە مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کوردنا لە کوردستانی عێراق.

دوا بەدوای ئەمە ڕاپۆرەکە ڕوونی کردەوە کە چۆن تاقمی حوکمڕان پاش ئەوەی خۆیان قایم کرد لە عێراقداو بەرژەوەندی و دەسەڵاتی بۆرژوا بیرۆکرات و مشەخۆرەکان لە ناویاندا باڵادەستیان پەیدا کرد، لە ڕووی سیاسییەوە کەوتنە پاوانکردنی کاری سیاسی و هەڵگیرساندنەوەی شەڕی دژی کورد و خستنە ژێر پێی تەواوی ئازادییە دیموکراتییەکان. لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیشەوە، نەک لە تەواوی ئەو گۆڕانکارییانە پاشگەز بوونەوە کە سەرەتا ناوی هەنگاوی سۆسیالیستانەیان لێنابوو، بەڵکو ئەم هەنگاوانە و کەرتە دەوڵەتییەکانیشیان بۆ گەشەپێدانی ئابووریی وڵات بە دونیای سەرمایەداری بە کار هێنا. پاشان ڕاپۆرتەکە پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ڕژێمی فاشی بەغدا چۆن دوای ئەم (ئیرتیدادە) سیاسەتێکی فاشی و دیکتاتۆرانەی دژ بە تەواوی گەلی عێراق و هێزە سیاسییەکانی گرتە بەر و شەڕێکی شۆڤینیانەی بێ ئامانیشی دەرحەق بە گەلی کورد سەپاندووە، کە شەڕی وێرانکاری (عێراق ــ ئێران)یش هەر ئاکامێکی سروشتی ئەو سیاسەتە نێوخۆییەی ڕژێم بوو.

ڕاپۆری سیاسی هەر لەم بەشەدا بە تێر و تەسەلی لە بارودۆخی ناسک و دژواری وڵاتی کۆڵیەوە، کە ئەمڕۆ لە سایەی حوکمی فاشیزم و هەردوو شەڕە کۆنەپەرستانەکەی تێی کەوتووە. دواییش بە درێژی باسی ئەو تەنگ و چەڵەمە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەشەریانە دەکات کە ڕووبەڕووی ڕژێمی فاشی و شۆڤینی بەغدا بوونەتەوە، کە ئەمەش بار و زروفێکی بابەتی لەباری بۆ گەلی عێراق و هێزە بەرهەڵستکارەکانی هێناوەتە پێش، بۆ ئەوەی زووتر و ئاسانتر بتوانن ئەم ڕژێمە دژی گەلیە بڕوخێنن. هەروەها ڕاپۆرەکە دروشمی حزبمان بۆ ڕوخاندنی ئەم ڕژێمەی دووپات کردەوە، کە دەمێکە شان بە شانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی تری وڵات خەباتی لە پێناودا دەکات.

لە مەڕ شەڕی کاولکاری (عێراق_ ئێران)یش، کە لە ٢٢ی ئەیلولی ئەم

ساڵەدا هەشت ساڵ بەسەر هەڵگیرساندنی تێدەپەڕێ و حزبمان هەر لە سەرەتاوە پێی وابوو کە شەڕێکی کۆنەپەرستانەیە و دیکتاتۆری عێراق بە فیتی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ناوچەکە هەڵگیرساندووە، دژ بە بەرژەوەندیی گەلانی هەردووولاتی عێراق _ ئێرانە و پێویستە کۆتایی پێ بهێنرێ، ڕاپۆری سیاسی جارێکی تریش هەڵوێستی نیشتمانی و نێونەتەوەیی و ئینسانی حزبمان بۆ کۆتایی هێنان بەم شەڕەی ڕوون و دووپات کردەوە کە دەڵێت: (دروشمی حزبمان بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕە،وەک ڕەنگدانەوەیەک لە داوا و ویستی ڕەوای جەماوەری گەلی عێراق و تەواوی هێزە پێشکەوتووخوازەکانی جیهان و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان)، هەرگیز بەو مانایە نییە کە سوڵحێکی عادیلانە و دیموکراتیانە لە بڕاندنەوەی ئەم شەڕە لە دەسەڵاتی ڕژێمێکی فاشی و وابەستەی وەک ڕژێمی ئەمڕۆی عێراقدایە، یان بۆ ئەوەیە وەک هەندێ کەس خراپی لێکدەداتەوە کە ڕژێم لە تەنگ و چەڵەمەکانی شەڕ ڕزگار بکرێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە جەماوەری تووڕە و ناڕازی و زەرەرمەندی ئەم شەڕە کۆبکرێتەوە و زیاتر بە گژ سەبەبکار و شەڕ هەڵایسێنییەوە بنرێ، کە ئەویش سەدامی خوێنڕێژە. بۆ ئەوەیە کە چیدی ئەو ڕژێمە لە ژێر دروشمی بۆرژوایانە و درۆزنانەی خۆی بە ناوی (بەرگری لە نیشتمان) کە لە ڕاستیدا هەر بەرگریە لە کورسییەکەی خۆی، بە لێشاو خەڵک لە مەیدانی خەبات دژی خۆی دوور ئەخاتەوە و لە بەرەکانی شەڕی کۆنەپەرستانە بە کوشتنیان ئەدات.

بۆ ئەوەیە کە چیتر ڕژێم بە قسەی پڕوپووچ و عاتیفیانەی وەک (بەرگری لە شەڕەف‌و ناموس) ناکۆکیی سەرەکیی خەڵک کە لە بنچینەدا لەگەڵ ئەم ڕژێمەیە، لە بیر کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەمان نەباتەوە و نەیانکاتە سووتەمەنی شەڕێک، کە دژ بە بەرژەوەندی نیشتمانی و چینایەتیی خۆیانە. هەروەها ڕاپۆرەکە دەربارەی دروشمی حزبمان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ درێژە پێ دەداو دەڵێ: (بۆ ئەوەیە کوردستان و ناوچە ڕزگارکراوەکان چیتر لەژێر دەست و پێی شەڕی بێ ئامانی ئەو دوو دەوڵەتە وێران نەبێ و ڕژێم بە هەنجەتی ئەوەی کە کوردستان بۆتە مەیدانێکی شەڕ و بە بیانووی

دوورخستنەوەی دانیشتوانی هەندێ ناوچەی کوردستان لە پڕیشکی ئەم شەڕە زیاتر کوردستان کاول نەکات). هەروەها ڕاپۆرەکە تەواو ئەو سلبیاتانەی خستە ڕوو کە لە ئاکامی ئەم شەڕەدا دروست بوونە. لە کۆتایی ئەم بەشەدا ڕاپۆرەکە هێمای بۆ ئەمە کردووە، کە دروشمی کۆتاییهێنان بە شەڕ، پەیوەندییەکی ئۆرگانیزمی هەیە بە دروشمی ڕووخاندنی ڕژێم، بۆیەش سنووردانانێکی بە پەلە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ، لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی تاوانباری شەڕ و پاشان سزادانی، کە ئەویش سەدامی دکتاتۆر و فاشیە، بە ئەرکێکی نیشتمانی، نێونەتەوەیی و ئینسانی تەواوی هێزە شۆڕشگێڕەکانی وڵات و ناوچەکە و کۆڕ و کۆمەڵەی بەشەردۆست و نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنێ.

دەربارەی سیاسەت و شەڕی شۆڤێنیانەی ڕژێمی فاشی دژ بە گەلی کوردمان کە ئیمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پەرەی گرتووە، ڕاپۆرەکە بە تێر و تەسەلی باسی سیاسەتی شۆڤینیانەی ئەم ڕژێمە دەکات، کە وەک تەواوی ڕژێمە شۆڤینیەکانی تری پێشووی وڵات بەرامبەر بە گەلی کوردمان و چارەسەرکردنی کێشە ڕەواکەی پەیڕەویان کردووە، پاشان ڕاپۆری سیاسی دێتە سەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە شۆڤینیانەی ڕژێم کە لە ڕێگەی نەخشەیەکی سێ کوچکەیی سیاسەتی بە عەرەبکردن و بەعسیکردن و ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا تا ئێستا چەندین قۆناغی بە خۆیەوە بینیوە و بە درندانەترین شێوەش پیادە کراوە و دوا بەدوای ئەمە دێتە سەر مەترسییەکانی ئەم سیاسەتەی ڕژێم بە تایبەتیش سیاسەتی ڕاگواستن کە لە دوای بڕیاری نیسانی ساڵی ڕابردوو بە ترسناکترین قۆناغیدا تێدەپەڕێو تا ئێستاش هەزاران گوندو دەیان شار و شارۆچکە و تەنانەت هەندی گەڕەکی شارە گەورەکانیشی گرتۆتەوە. لە کۆتایی ئەم بەشەدا ڕاپۆرەکە دەڵێت: (سیاسەتی فاشی و شۆڤێنیانەی خۆی دەنوێنێ، بە جۆرێک پەرەی گرتووە، کە هەموو چوارچێوەیەکی جارانی بەزاندووە و ئێستا سروشتی قەڵاچۆکردن و لەناوبردنی بە کۆمەڵی گەلەکەمان و وێرانکردنی تەواوی کوردستانەکەی بە خۆوە گرتووە.

بڕیاری بە ئاشکراو بێشەرمانەی سەرانی ڕژێم لە کاولکردنی کوردستان و بەکارهێنان و چەندبارەکردنەوەی چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی بۆ قەتڵو عامکردنی بە کۆمەڵی دانیشتوانی گوندو شارۆچکەکانی کوردستان، وەک ئەوەی لەم ماوەیەدا لە هەڵەبجە و شارەزوور و قەرەداغ و گوندەکانی دەوربەریاندا بینیمان، کە بووە هۆی شەهیدو بریندارکردنی هەزاران هاووڵاتی و وێرانکردنی سەدان دێهات و شارۆچکەی تر لەو ناوچانەدا، باشترین نمونەیەتی).

دواجار ڕاپۆرەکە وەستان بە ڕووی ئەم ڕژێمە و شەڕە شۆڤینییەکەی لە کوردستاندا، بە ئەرکێکی نیشتمانیی مێژوویی ئەمڕۆی تەواوی جەماوەری خۆراگری گەلەکەمان و هێزە شۆڕشگێڕەکانی دەزانێ.

لە بەشی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردمان و گرفتەکانی، ڕاپۆری سیاسی باسی ئەو هۆکارە بابەتی و خودیانە دەکات لە گەشەکردن و بۆ پێشەوەچوونی ئەو بزووتنەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە هۆکاری، ڕۆڵی شۆڕشی جیهانی دژ بە ئیمپریالیزم، بە تایبەتیش ڕۆڵی کاریگەرانەی پشتیوانی سیستەمی سۆسیالیستی، لە سەرووشیانەوە یەکێتیی سۆڤیەت، لە بۆ پێشەوەچوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان، کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیش بەشێکیەتی، هەروەها هۆکاری ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە لەم ساڵانەی دواییدا بە سەر دەروونی کوردستاندا هاتووە و لە قازانجی قووڵکردنەوەی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی بزووتنەوەکە بووە، ئەمەش وایکردووە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بۆ پێشەوە ببات و شۆڕشە چەکدارییەکەی هاوچەرخ تر و پێشکەوتووتر بکات، کە ئەمەش لایەنێکی گەشبینی بزووتنەوەکەیە. دەربارەی لایەنە خراپەکانی بزووتنەوەکە و گرفتەکانیشی، ڕاپۆری سیاسی دێتە سەر ئەوەی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردمان لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییەی بە سەریدا هاتووە، کەچی بە هۆی ئەوەی بە تەواوی خۆی لە مۆرکو قاوغە کۆنەکەی پێشووتری ڕزگار نەکردووە، زۆر سلبیاتی کۆن کە سەرەخۆرەی شۆڕشەکانی پێشتر بوونە، لەگەڵ خۆی هێناوە و زەرەر

و زیانێکی زۆریشی پێ گەیاندووە، پاشان ڕاپۆرەکە چەندین ڕێو شوێن دیاری دەکات کە زامنی دەربازکردنی بزووتنەوەکەن لەم تەنگ و چەڵەمانەی کە ئیمرۆ ڕووبەڕووی بۆتەوە، هەروەها زامنی پاراستنی سەربەخۆییە سیاسییەکەیەتی.

لەمەڕ هاوپەیمانیەتیی نیشتمانی لەسەر گۆڕەپانەکەشدا ڕاپۆری سیاسی باسی ئامانجە سەرەکی و ستراتیژییەکانی حزب دەکات، کە بریتیە لە بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی ئەم قۆناغەی خەبات، کە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانییە و پاشان دامەزراندنی سۆسیالیزمە لە کوردستان، لە ڕێگەی قووڵکردنەوەی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی ئەم قۆناغەدا، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی خێراو سەرکەوتووانەی ئەم ئەرکانەش وەک ڕاپۆرەکە ئیشارەتی پێداوە، هەردەم حزبمان باوەڕی وابووە کە پێویست بە پێکەوەنانی هاوپەیمانییەتیەکی بەرینی هێزە پێشکەوتووخوازەکانی گەلەکەمان دەکات. ئەو هاوپەیمانییەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە و کە ئەرکەکانی هەر یەک لەم قۆناغانە دەیانهێنێتە پێشەوە. پاشان ڕاپۆرەکە کە تەئکید دەکاتەوە کە ئەم جۆرە هاوپەیمانییەتیە نیشتمانی و چینایەتیانە دەبێ بە مسۆگەری ڕەنگ لە بەرژەوەندیی بنکەی فرەوانی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی گەلەکەمان بدەنەوە، ئەو خەڵکانەی کە خۆیان کەرەسە و سووتەمەنی خەباتەکەن و هەردەبێت خۆشیان خاوەنی ڕاستەقینەی بن.

دوای ئەوە ڕاپۆری سیاسی باسی هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانەی حزب دەکات بۆ دروستکردنی فراوانترین هاوکاری و هاوپەیمانیەتی لە ڕیزی هێزە بەرهەڵستکارە نیشتمانییەکانی کوردستان و عێراقدا. پاشان دێتە سەر ئەوەی کە بەو پێیەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی گەلەکەمان بەشێکی جیا نەکراوەیە لە جووڵانەوەی نیشتمانیی عێراقی و هاوخەباتی گەلی کوردمان لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی ئۆرگانیزمی بە سەرجەم خەباتی گەلی عێراق بەستراوەتەوە، کە ئامانجە ناوکۆییەکانی هەردوو بزووتنەوەکەش بریتیە لە ڕووخاندنی فاشیزم و دابینکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان لە وڵاتداو مسۆگەرکردنی مافی نەتەوایەتیی ڕەوای گەلی کورد و کەمە نەتەوەییەکان.

بۆیە هاریکاری و هاوپەیمانیەتیی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی عێراق ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر دێتە بەرچاو، کە ئەمەش لە بۆچوونی حزبمان وەک ڕاپۆرەکە ئیشارەتی پێداوە لە واقعی ئەمڕۆی گۆڕەپانی خەبات لەو وڵاتەدا، وەک لایەنەکانیش دەرکی پێدەکەن بە زەروورەت دوو جۆرە هاوپەیمانیەتی دەخاتە ڕوو: یەکەمیان..هاوپەیمانیەتی تەواوی هێزە نیشتمانی و شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و عێراقە لە بەرەیەکی نیشتمانی بەرفرەوانی عێراقیدا، کە ئەمەش چەندان ساڵە دروشمی ناوکۆیی هێزە بەرهەڵستکارەکانە، دەمێکە گەلی عێراق بە گشتی و پێداویستییەکانی گۆڕەپانی خەبات داوای دەکات. دووەمیان..هاوپەیمانیەتیی زیاتری هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان خۆیانە لە بەرەیەکی نیشتمانی کوردستانیدا، لە قوڵکردنەوەی تەبایی و برایەتی ئەمڕۆی نێوانیان بۆ چوارچێوە و فۆرمێکی سەرووتر و کاریگەرتر لە هاریکاری و هاوپەیمانیەتیی نێوانیاندا. پێکهێنانی بەرەی کوردستانی وەک ڕاپۆرەکە دەڵێ: مەرج نییە لە دوای بەرەی فراوان بێ، یان لە پێش بەرەی فراوان، تەنیا مەرج ئەوەیە کە هەنگاوێک بێ لە سەر ڕێگەی پێکهێنانی ئەم بەرەیە، یان بەشێک بێت تیایدا. دوا بەدوای ئەمە ڕاپۆرەکە دەڵێ: (حزبمان دڵسۆزانە بە لەبەرچاوگرتنی مەترسییەکانی ئیمڕۆ بۆ پێکهێنانی هەر یەک لەم دوو بەرەیە و پێکهێنانی هەموو جۆرە هاریکاری و هاوپەیمانییەکی دووقۆڵی و زیاتر، تێدەکۆشێ).

دەربارەی وەزعی حزب و ئەرکەکانی لە هەڵومەرجی ئێستادا، ڕاپۆرەکە ئەو پێویستییە مێژوویی و بابەتییە دەخاتە ڕوو لە پێکهێنانی حزب لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦، کە وەک حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕ لە بار ودۆخێکی یەکجار گران و دژواری نێو ئێش‌و ئازاری چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتیی گەلەکەمان، بە تایبەتیش دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لەسەر شێوەی بزووتنەوەیەک بە ناوی (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) چاوی بە دونیا هەڵێنا. پاشان ڕاپۆرتەکە هاتە سەر بەرچاو خستنەوەی ئەو ڕۆڵە شۆڕشگێڕییەی کە حزب لە درێژەدانەوە بە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان بە تایبەتیش لە خەباتی چەکداری و بەشداریکردنی لە هەڵگیرساندنەوەی

شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا نواندویەتی دوا بە دوای ئەمە ڕاپۆری سیاسی پەنجەی بۆ ئەو سەرکەوتنە بەهێزبوونە ڕاکێشا کە حزب لە تەواوی بوارەکانی سیاسی و ڕێکخستن و پێشمەرگەیی و جەماوەرییەوە وەدەستی هێنا، کە ئەمەش وایکرد دوژمنان و ناحەزانی حزبیش بکەونە هەڵپەی لەناوبردن، یان لاوازکردن و لەڕێ لادانی ئەو ڕێبازە پێشکەوتووخوازەی گرتبوویە بەر. ئەو هەوڵ و پیلانەی دوژمنان و ناحەزان، هەرچەندە لەگەڵ مقاومەتی بێ وێنەی کادیر و ئەندام و پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی و ڕێکخستەکانی ڕووبەڕوو ببۆوە، بەڵام بە حوکمی ساوایی و قایمنەبوونی حزب زیانێکی زۆری پێگەیاندو بووە هۆی لاوازکردنی دەوری خەباتگێڕی لە گۆڕەپانەکەدا. پاشان وەک ڕاپۆرەکە لە سەری دەڕوات کە بە هۆی ئەو زەرەر و زیانەی سەرەوە لە لایەک و بە هۆی ئەو ئاڵۆزییەی کە شەڕی کاولکاری عێراق - ئێران هێنایە پێش و هەروەها بێتوانایی سەرکردایەتییەکەی حزب و ئەو ململانێ و ناکۆکییەی کە بەردەوام لە نێوان باڵی چەپو باڵی ڕاستی ناو حزبدا هەبوو. لە لایەکی ترەوە وایکرد حزب لە ناوخۆشیدا دووچاری چەندین گرفت و ناکۆکی بێتەوە، دیاریترینیان دەرچوونی ئەو باڵە ڕاسترەوە بوو لە کۆنگرەی یەکەمی حزب (١٢_١٩٨١/٥/١٥) . پاشان ئەو کەرتبوونەی کە لە (١٩٨٥/٨/١٥) دا ڕوویداو ناچار بووە هۆی جیابوونەوەی باڵی چەپ و شۆڕشگێڕی ناو حزب و ئیشکردنی بە ناوی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان_ عێراق / ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ).

لە ماوەی ئەم دوو ساڵو نیوەی خەباتی حزب، بە ناوی (ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ)، ڕاپۆرەکە بە شانازییەکی زۆرەوە سیاسەت و هەڵوێستە مەبدەئیەکانی حزبی خستە ڕوو لە گۆڕەپانی خەباتدا، وەک ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەم چەند ساڵەش، ڕاستی ئەو سیاسەت و هەڵوێستانەیان سەلماند. دوای ئەمە ڕاپۆری سیاسی گوتی: (لاوازی حزب لە ڕووی ژمارە و چەندایەتییەوەوە، هەرگیز بە مانای لاوازی ڕاستەقینەی حزب نییە وەک بە ڕووکەش تەماشا دەکرێت، یان هەندێک کەس وای لێ تێدەگەن، چونکە بەهێزی ڕاستەقینەی حزبی شۆڕشگێڕ تەنها لە ڕاستی سیاسەت و

ڕێبازەکەیەتی، تەنیا لە ناوبانگی شۆڕشگێڕانەیەتی، تەنیا لەوەیە کە دروشم و هەڵوێستەکانی ئەو حزبە چەند ڕەنگ لە خواست و ویستی جەماوەر دەدەنەوە و پەیوەندی و بڕوای جەماوەر بەو حزبە و بە کردەوەکانی ئەو حزبە چەندە).

پاش ئەمە ڕاپۆرەکە ئەرکەکانی ئەمڕۆی حزبی دیاریکرد کە بریتیە لە بەهێزکردنی ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی حزب لە گۆڕەپانی خەبات کە ئەمەش هەر بەوە دەکرێت، دەبێت زیاتر ڕووبکەینە جەماوەر و حزبەکەمان بە ڕاستی بکەینە حزبی جەماوەر، ئەم جەماوەرەی کە سەرچاوەی بەردەوامبوون و بەهێزبوون و پاشان سەرخستنی هەموو شۆڕش و حزبێکی شۆڕشگێڕە، هەر شۆڕش و حزبێکی شۆڕشگێڕیش گەر دەوری مێژوویی جەماوەر لە بەر چاو نەگرێ، هیچ ڕێگە و پاڵپشتێکی تری نییە. بۆ چوونە ناو جەماوەر و بوون بە حزبی جەماوەریش، دەبێ ڕێکخستنێکی پۆڵاینمان هەبێ، ئەو ڕێکخستنەی کە ئەڵقەی گەیەنەری نێوان حزب و جەماوەرە. هەروەها دەبێ بایەخێکی زۆریش بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بدرێ، بە تایبەتیش ڕێکخراوەکانی لاوان و خوێندکاران و ئافرەتان، چونکە بەهێزبوونی ئەو ڕێکخراوانە وەک هێزێکی یەدەگ وایە بۆ بەهێزبوونی حزب.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا ڕاپۆرەکە هاتە سەر خستنە ڕووی وەزعی حزب لە تەواوی بوارەکانی سیاسی و ڕێکخستن و ڕاگەیاندن و پێشمەرگەیی و جەماوەری و هێمای بۆ ئەم ڕاستیە کرد، کە لەگەڵ هەموو ئەو گرفت و کۆسپو بێ ئیمکانیەتیەش کە لە ماوەی ڕابردوودا ڕووبەڕووی خەباتی حزبمان بۆتەوە، بەڵام بارودۆخی ئێستای حزب لە جاران باشترە، بە تایبەتیش دوای کۆنفرانس بواریکی باشتر بۆ تێکۆشانمان دەڕەخسێ، ئومێد دەکرێ لە هەموو ڕوویێکەوە وەزعی حزب بچێتە ئاستی مەبەستمان.

لە مەڕ وەزعی عەرەبی و ناوچەکەش ڕاپۆرەکە ئەو ململانێ و ڕووبەڕووبوونە گەرمەی باسکرد کە ئیمڕۆ لە ناوچەکەدا لە نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان و دەوڵەتە نیشتمانی و پێشکەوتووخوازەکان لە لایەکو ئیمپڕیالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی لە لایەکی تردا هەیە، کە

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی و کێشە ناوەندییەکەی کێشەی فەلەستین، جەوهەری ئەو ململانێیەی پێکدێنێ، بە تایبەتیش وەک ڕاپۆرەکە قامکی دەخاتە سەر، لەم وەختەدا کە ڕاپەڕینی قارەمانانەی چەند مانگەی کۆمەڵانی خەڵکی فەڵەستین دژ بە زایۆنیزم کێشەی گەلی فەلەستینی وەک ئەڵقەیەکی گرنگ و نوختەیەکی گەرمی ململانێی نێوان عەرەب و زایۆنیزم هێناوەتە پێش لە بەرامبەر ئەمەشدا وەک ڕاپۆرەکە دەڵێت: ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو زایۆنیزم و کۆنەپەرستی عەرەبی بە هەموو شێوەیەک هەڵپەی خەفەکردنی ئەم کێشەیانە، ئەو خەفەکردنەش وەک دەبینین چ لە ڕێگەی تیرۆر و سەرکوتکردنی بێڕەحمانەی ڕاپەڕینی ئێستای خەڵکی فەلەستین بێ لە خاکی داگیرکراودا، یان لە ڕێگەی ئەو پڕۆژە و پڕۆژەکاریە بێ کە ئەو هێزانە ماوەیەک بۆ تاوتوێکردن و لەبار چواندنی ڕاپەڕینەکە بە ناوچەکەیەدا دەگێڕن، بەو پێیەش کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەشێکە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ناوچەکە و هەر سەرکەوتنێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لەم ناوچەیەدا بە سەرکەوتنیش بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بۆیە ڕاپۆرەکە پشتگیری گەلەکەمان و حزبەکەمان بۆ خەباتی ڕەوای گەلی فەلەستین و ڕاپەڕینەکەیان دووپات دەکاتەوە، تا سەرکەوتنیان بەسەر زایۆنیزم و پێکەوەنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە سەر خاکی خۆیاندا. هەروەها حزبمان لە ڕاپۆرەکە پشتگیری خۆی بۆ دەستپێشخەرییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت دەربڕیوە، کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین و کێشەکانی تری ناوچەکە پێشکەشکردووە، بە تایبەتی لە پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نێو دەوڵەتان، کە تەواوی لایەنەکان تیایدا بەشدار بن، بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینەوە کە نوێنەری گەلی عەرەبی فەلەستینە. هەروەها لە ڕاپۆرەکەدا هاتووە کە حزبمان پشتیوانی تەواو لە خەباتی گەلی لوبنان و جوولانەوە نیشتمانییەکەی دەکات لە پێناو لوبنانێکی عەرەبی و یەکگرتوو سەربەخۆدا دژ بە دەستدرێژیەکانی زایۆنیزم و دەستێوەردانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و نۆکەرەکانیان، لە هەمان کاتیشدا لە ڕاپۆری سیاسیدا حزبمان ڕێزو تەقدیر بۆ دەوری کاریگەرانەی کۆماری عەرەبی سوریاو جەماهیری عەرەبی لیبیاو

کۆماری یەمەنی دیموکراتی دادەنێ، لە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و پشتگیری تەواویان لە بزووتنەوەی نیشتمانی عەرەبی و کێشەی ڕەوای گەلی فەلەستین. لە کۆتایی ئەو بەشەدا ڕاپۆرەکە خۆشحاڵی حزبمانی ڕاگەیاندووە دەربارەی یەکگرتنەوەی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ کۆماری عەرەبی سوریا.

لەمەڕوەزعی نێودەوڵەتانیشدا، ڕاپۆرەکە باسی ئەوەی کرد کە هێزە ئیمپریالیستییەکان لە سەرووشیانەوە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا، لەم ساڵانەی دواییدا، بە تایبەتیش لە دوای هاتنی (ڕیگان) و ئیدارە کۆنەپەرستانەکەی، بە هەموو شێوەیەک و بە پێچەوانەی ڕاستییەکانی وەزعی نێودەوڵەتان هەوڵیان داوە سەیتەرە بکەنەوە سەر جیهان و سەنگەری دۆڕاو و لەدەستچوویان لە ناوچە ستراتیژییەکانی دنیادا وەربگرنەوە، بواری قازانج و ئیشکردنی زیاتر بۆ کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانیان دابین بکەن. ئەم سیاسەتەشیان خۆی لە پێشبڕکێی چەکبازی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیستی، سەرکوتکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلان، دەست خستنە نێو کاروباری وڵاتانی نیشتمانی دژ بە ئیمپریالیزم و هەڵکردنی گۆنگەرە و گیروگرفتی دەستکرد لەم لاو لەو لای جیهان...هتد، دەبینێتەوە. ئەم سیاسەتەی ئیمپریالیزم وەک ڕاپۆرەکە ئیشارەتی پێداوە ..ڕەنگدانەوە و نیشانەی زیاتر قووڵبوونەوە و تەشەنەبوونی تەنگ و چەڵەمە لەچارەنەهاتووەکانی سەرمایەداریی جیهانە و لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و بزووتنەوەی کرێکارانی وڵاتە سەرمایەدارەکان و تەواوی هێزە دیموکراتی و ئاشتیخوازەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کە ئەمەش وا لە هێزە ئیمپریالیستەکان دەکات ناچاربن مل بدەنە بەر خاوکردنەوەی گرژی نێو دەوڵەتان و کەم کردنەوەی پێشبڕکێی چەکبازی کە ڕێککەوتنەکەی (٧)ی کانونی یەکەمی ساڵی پاری نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمریکا بۆ نەهێشتنی موشەکی نیوکلیاری ناوەنجی و کورتهاوێژ لە ئەوڕوپادا باشترین و گەشبینترین نمونەیەتی. ئومێدیش دەکرێ، وەک ڕاپۆرەکە هێمای بۆ کردووە، ئەو ڕێککەوتنە ببێتە سەرەتایەک بۆ ڕێککەوتنی

تر وەک لە کۆنگرەی باڵای گورباتشۆڤ_ ڕیگان، لە مانگی ئایاری داهاتوودا چاوەڕوان دەکرێ بۆ کەمکردنەوەی چەکی ستراتیژی و ڕێگاگرتن لە گواستنەوەی پێشبڕکێی چەکبازی بۆ ئاسمان. پاشان ڕاپۆری سیاسی تەئکیدی کردۆتەوە کە ملدانی هێزە ئیمپریالیستەکان بۆ خاوکردنەوەی باری گرژی نێودەوڵەتان و ڕێککەوتنیان لەسەر لەناوبردنی موشەکی ئەتۆمی و نیوکلیاری سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ دەست پێشخەرییە ئاشتیخوازەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و هێزەکانی ئاشتی و پێشکەوتن لە جیهان و تەواوی مرۆڤایەتی. هەر وەک شکستێکی گەورەشە بۆ سیاسەتی شەڕخوازانەی ئیمپریالیزم و ئیدارە کۆنەپەرستانەکەی ڕیگان.

دوای خوێندنەوەی ڕاپۆری سیاسی و موناقەشەکردنی لەلایەن نوێنەرانی کۆنفرانس و دەوڵەمەندکردنی بە تێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر دراو پەسەند کرا، هەروەها بە هەمان شێوەش، پڕۆژەی بەرنامەی ئامادەکراو بۆ کۆنفرانس و پڕۆژەی پەیڕەوی ناوەخۆش بە تێکڕای دەنگ پەسندکراو بڕیاری لەسەر درا.

دوا بەدوای ئەمە چەندان مەسەلەی گرنگ لە ژیانی حزب و خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان و وڵاتدا کەوتە بەر باسو لێکۆلینەوە و کۆنفرانس بڕیاری لەسەردا. لەو بڕیارانەش گۆڕینی ناوی حزب لە (حزبی سۆسیالیستی کوردستان_عێراق/ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) بۆ (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان_ عێراق) بوو. هەروەها کۆنفرانس بڕیاری دا دروشم بۆ حزب دابنێ و ڕۆژی (٢٥) حوزیرانی هەموو ساڵێکیش کە (ڕۆژی شەهید) بوونی سکرتێری یەکەمی حزبمان شەهیدی پایە بەرز (سەیدا ساڵح یوسفی)ە بکات بە (ڕۆژی شەهیدی حزب). دوابەدوای ئەمە کۆنفرانس چەندین ڕاسپاردەی تری بە کۆمیتەی ناوەندی ئایندەی حزب سپارد، کە لە توانایاندا هەیە لە بوارەکانی خەباتی داهاتوویدا بە ئامانجی بەرەو پێشبردنی حزب جێبەجێیان بکات، پاشان بەشدارانی کۆنفرانس بە شایستەوە دەوری خۆنەویستانەی کۆمیتەی ئامادەکردنی حزبیان هەڵسەنگاند، هەروەها ڕەخنەشیان لە کەم و کوڕی و سلبیاتەکانی گرت.

دواکارەکانی کۆنفرانس بریتی بوو لە بڕیاردان لەسەر کۆمەڵێ بڕیار و سڵاونامە بۆ لایەن و دەوڵەتە دۆستەکان ئەوسا لە جەوێکی دیموکراسی و هەستکردن بە لێپرسراویەتی بەشدارانی کۆنفرانس کۆمیتەی ناوەندی تازەیان بۆ سەرکردایەتیکردنی حزب هەڵبژاردو بە شێوەیەکی پڕ لە حەماسەتەوەش هەموو ئەندامانی یەکەمین کۆنفرانسی حزب بە گوتنەوەی سروودی (ئەی رەقیب) کۆتاییان بە کارەکانی کۆنفرانسە سەرکەوتووەکەیان هێنا.

کۆمیتەی ناوەندی

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان_ عێراق

١٩٨٨/٤/ ٢٧

بانگەوازی کۆنفرانس

کۆنفرانس لە کۆتایی کارەکانی خۆیدا، پەیام و بانگەوازێک بۆ خەڵکی کوردستان و عێراق و هێز و لایەنە بەرهەڵستکارەکانی دژ بە ڕژێمی سەددام و سەربازو جاش و جەیشی شەعبی و هێزە پێشکەوتووخوازەکانی ناوچەکە و جیهان دەنێرێت، کە داوایان لێدەکات ڕیزەکانیان یەکخەن و سەرباز و جاشەکان چیتر خزمەت بە ڕژێم نەکەن و بێنە سەنگەری گەل و هەموویان یەک دەنگ بە گژ ڕژێمی فاشیدا بچنەوە و تا زووە کۆتایی بە کاولکاری و ڕژێم بێنن، ئەم بانگەوازە لە ژمارە (١٩)ی ئایاری (١٩٨٨) ئاڵای ئازادی کە تایبەت بووە بە کۆنفرانس بڵاوکراوەتەوە، ئەمە دەقی بانگەوازەکەیە:

جەماوەری هەمیشە خۆڕاگر و زەحمەتکێشی گەلەکەمان..

پەرەگرتنی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕژێمی فاشی دژ بە گەلی عێراق و بەردەوامبوونی ئەم ڕژێمە لەسەر شەڕی کۆنەپەرستانەی ناوبانگ ڕەشی قادسیە و شەڕی شۆڤێنیانەی دژ بە گەلی کوردمان، تا دێت هەڕەشەی زیاتر لە گەل و وڵاتەکەمان دەکات. ئەمەش پێویست بەوە دەکات ڕیزەکانتان یەکخەن و زیاتر بە گژ ئەو ڕژێمە دابچنەوە و زیاتر لە دەوری هێزە نیشتمانییە بەرهەڵستکارەکان کۆببنەوە بۆ ئەوەی هەرچی زووە لە ڕێگەی هاتنە مەیدان و ڕاپەڕینی قارەمانانەی ئێوەوە، کۆتایی بەم دوو شەڕە و بە

شەوەزەنگی فاشیزم بێت و لە سایەی جێگیرکردنی حکومەتێکی دیموکراتی لە وڵاتدا گەلی عێراق بە تەواوی ئازادییە دیموکراتییەکان بگات و گەلی کوردیشمان مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی بۆ بسەلمێنرێ.

هێزە بەرهەڵستکار و نیشتمانی و شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی و عێراقی..

مانەوەی ڕژێم فاشی و ڕەگەزپەرستی بەغدا ئەمڕۆ بە مانای مانەوەی زیاتری کارەسات و ماڵوێرانیە بۆ گەل و نیشتمانەکەمان، ڕێکخستنی ڕیزەکانمان لە هاوکاری و هاوپەیمانیەتێکی کاریگەر و فرەوانتر، کە لە ئاست بەرپەرچدانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی ئەو مەترسیانە بێ، مەرجێکی گرنگە لە ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە و کۆتایهێنان بە شەڕ و کارەساتەکانی.

گەلی کوردی قارەمان و هەمیشە خۆڕاگرمان..

شەڕی شۆڤینیانەی دژ بە گەل و وڵاتەکەمان قۆناخێکی ترسناک بە خۆوە دەگرێ و هەڕەشەی لەناوبردنی بە بەکۆمەڵ و کاولکردنی کوردستان دەکات. دەسا ئێوەش وەرنە دەست و بە ڕووی ئەم ڕژێمە خوێنڕێژە ڕاپەڕن، کە دەیەوێ لە شەڕێکی کۆنەپەرستانە و لە ڕێی بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی کیمیاویەوە قەتلوعامی گەلەکەمان بکات و کوردستانە خۆشەویستەکەی لێ ویران بکات.

پێشمەرگە خۆڕاگر و قارەمانەکانی کوردستان و عێراق..

ئەرکی پارێزگاریکردنی گەل و وڵاتەکەتان لەئەستۆی ئێوەیە. ڕیزەکانتان یەکخەن، بە گیانێکی برایانە و هەڤاڵانە لەگەڵ یەکتر بە گژ دوژمنانی گەلەکەتاندا بچنەوە.

هێزە پێشکەوتووخوازەکانی عەرەبی و ناوچەکە و جیهانی، کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی دونیا، کۆمەڵەی نەتەوە یەگرتووەکان..

ئەمڕۆ گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کوردمان بە تایبەتی لە سەر دەستی ڕژێمی فاشی و شۆڤینی بەغدا دووچاری بە کۆمەڵکوشتن دەبێتەوە و بە چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی و گازە کوشندەکانی (ئەعساب و سیانیدو خەردەل) لەناو دەبرێ و وڵاتەکەی لێ ویران دەکرێ، دەسا ئێوەش چیتر لە ئاست تاوانەکانی ئەم ڕژێمە بێدەنگ مەبن و ئەرکی نیشتمانی و ئینسانی و

مرۆڤدۆستی خۆتان لە ئاست لەناوبردنی بە کۆمەڵی گەلەکەمان و کاولکردنی وڵاتەکەی جێبەجێ بکەن. ڕژێمی فاشی بەغدا ڕیسواو تاوانبار بکەن و کۆمەک و پشتیوانیی گەلە لێقەوماوەکان بکەن.

سەربازە بە شەڕەفەکان، چەکدارە هەڵخەڵەتاوەکانی جەیشی شەعبی و فەوجەکانی جاشان..

نیازی ڕژێم کاولکردنی وڵات و لەناوبردنی گەلەکەمانە بە ئێوەشەوە. چیتر جێبەجێکەر و تەماشەکەری کاولکردنی وڵاتەکەتان و قەتلوعامی گەلەکەتان مەبن، هەرچی زووە ڕەفزی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئەم ڕژێمە بن و وەرنە سەنگەری گەلەکەتان، سەنگەری دژایەتی شەڕ و فاشیزم، پەیوەندی بکەن بە هێزە نیشتمانییە بەرهەڵستکارەکانەوە.

سڵاونامەکانی کۆنفرانس

لە دانیشتنی دوا ڕۆژی خۆیدا کۆنفرانس، چەند سڵاونامەیەک دەنێرێت، لە سەرووی هەموویانەوە ڕێزی وەفاداری دەنێرێ بۆ شەهیدان، هەروا بۆ زیندانیانی سیاسی و ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگە و جەماوەر و بزووتنە ڕزگاریخوازەکانی ناوچەکەو جیهان، ئەمەش دەقی سڵاونامەکانە کە لە ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازدی) ژمارە (١٩ی ئایاری ١٩٨٨) بڵاوکراوەتەوە:

کۆنفرانس سڵاو و ڕێزی وەفاداری دەنێرێ بۆ گیانی پاکی شەهیدە نەمر و سەربەرزەکانی حزب، لە پێشەوەیان . شەهیدی پایەبەرز، سکرتێری یەکەمی حزب، سەیدا سالح یوسفی، ئەندامە شەهیدەکانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی شەهیدان. عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید سەعید، سەعدی عەزیز، تاهر عەلی والی، ملازم ئەنوەر مەجید سولتان، شێرکۆ شێخ عەلی، قادر شۆڕش، حەسیب و سوارە[1]و ملازم جەمال خۆشناو.

هەروەها سڵاو و ڕێزی وەفاداری دەنێری بۆ گیانی پاکی کادرە پێشکەوتووەکان شەهیدان. غەفور سالح ژاژەلەیی، ئەحمەد فەتحوڵڵا،

[1] مەبەست لە هەردوو شەهیدی سەرکردە (عەلی هەژار و کاردۆ گەڵالی)ە.

یاسین قادر، بەختیار سەعید والی، سەید سەلیم سەید نەبی، رئوف بەگ، ئەنوەر سەعید والی، ملازم عوسمان سەعید والی، ئەحمەد خان، مامۆستا شەریف مەولود، حەسەن بۆڵی، شینەی بۆڵی، عەبدوڵلا سوور، حەسەن وەرتی، سەباح ڕەش، مامۆستا سەلاحەدین محەمەد، فەریدون موڕشید (فاڕوق)،وەهاب حەمە ڕەش (شوان)، ئیبراهیم ئیسماعیل (شوان)، دڵزار حوسێن عەلی، مامۆستا دڵشاد، کاکە سوور، ئەبوبەکر عومەر (دیار)، چەتۆ ئیسماعیل.

هەروەها سڵاو و ڕێزی بێپایانیش دەنێرێ بۆ گیانی پاکی شەهیدە هەمیشە زیندووەکانی دوای هەڵوێستی شۆڕشگێڕی، شەهیدانی نەمر. عەبدوڵلا عەلی شاهێن، عەبدوالقادر محەمەد، قەهار عەزیز، جامی شێخ عومەر، فازل خەلیل، محەمەد حەسەن (هەژار دێدەوانی)، قەندیل عەبدوڵلا ڕەشید، سامی محەمەد، سەربەست و سەرهەنگ، ئەو پاڵەوانانەی بوونەتە بەردەبازێک بۆ پەڕینەوەی گەلەکەمان بەرەو ژیانێکی خۆشتر.

کۆنفرانس سڵاو دەنێرێ بۆ شەهیدانی گەلەکەمان و تەواوی شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و شەهیدانی جوڵانەوەی نیشتمانی عێراقی، بە تایبەتیش شەهیدە نەمرەکانی قوربانی چەکی کیمیاوی، لە هەڵەبجە و شارەزوور و قەرەداغ و جافەتی و بالیسان و مەلەکان.

کۆنفرانس سڵاوی گەرم دەنێرێ بۆ خۆڕاگری قارەمانانەی هەڤاڵانی حزبمان لە زیندانەکانی ڕژێم و تەواوی زیندانیە سیاسییەکانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی ڕژێمی فاشی کە لە بەرانبەر ئێش و ئەشکەنجەی ئەم ڕژێمە دڕەندەیە خۆیان ڕاگرتووە.

کۆنفرانس سڵاو دەنێرێ بۆ خۆڕاگری و قارەمانەتی پێشمەرگەی حزبمان و تەواوی پێشمەرگەی هێزە نیشتمانیەکانی کوردستان و عێراق.

سڵاو بۆ ڕێکخستنە شۆڕشگێڕەکانی حزب لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

سڵاو بۆ خۆڕگری قارەمانانەی گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کوردمان بە تایبەتی دژ بە ڕژێمی فاشی و شۆڤینی بەغدا و هەردوو شەڕە کۆنەپەرستەکەی، شەڕی کاولکاری قادسیە و شەڕی شۆڤینیانەی کوردستان.

سڵاو بۆ خەبات و تێکۆشانی هێزە نیشتمانی و شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی و عێراقی لە پێناو ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی بەغداو هێنانە سەرکاری جێگرێکی دیموکراتی.

سڵاو لە خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردمان لە پارچەکانی تری کوردستان، لە پێناو بە دەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا.

سڵاو لە خۆڕگری گەلی فەلەستینی قارەمان و ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەکەی دژ بە زایۆنیزم لە خاکی داگیرکراودا.

سڵاو لە خۆڕاگری گەلی لوبنان و هێزە نیشتمانیەکانی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم لە پێناو لوبنانێکی عەرەبی یەکگرتوودا.

سڵاو لە خەبات و تێکۆشانی گەلانی ناوچەکە و جیهان دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و ڕەگەزپەرەستی.

سڵاو لە خەباتی گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین لە پێناوی ئازادی و ئاشتی و پێشکەوتندا.

دوای کۆنفرانس

هەڵبەتە ئەنجامدانی کۆنفرانس لە نێو هەر حزب و ڕێکخراوێکدا خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراویی و خەبات و تێکۆشانیان دروست دەکات و دەیانخاتە سەر هێڵێکی نوێ بۆ بەرەو پێشبردنی کار و چالاکییەکانیان، (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)یش لە سۆنگەی ئەم بایەخەوە کۆنفرانسی یەکەمی خۆی گرێداو کە وەک لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ئامادەکردن لە ڕۆژانی (٦تا٨حوزەیرانی١٩٨٧) بڕیاری بەستنی درابوو، دوای تەواوبوونی کۆنفرانس، کۆمیتەی ناوەندی نوێی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی یەکەم، کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدەن، قادر عەزیز بە سکرتێری حزب هەڵدەبژێرن، دەبێتە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە بەر ڕۆشنایی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس ئۆرگانەکانیان سەر لە نوێ ڕێکدەخەنەوە، بەشەکانی (ڕێکخستن، پێشمەرگایەتی، ڕاگەیاندن، پەیوەندییەکان، ئیدارە و دارایی) لەسەر شێوازی نوێ کە لەگەڵ بارودۆخ و

قۆناغی ئەو سەردەمە بگونجێ گۆڕانی تیا دەکەن، سەرجەمی بەشەکان بەم شێوەیە ڕێکدەخەنەوە:

بەشی پێشمەرگایەتی
ــ (قادر عەزیز) بەرپرسی بەش.
ــ (دکتۆر سەردار) جێگری بەش.
ئەو گۆڕانکاریەی پەیوەندی بە بەشی پێشمەرگایەتییەوە بووە، هێزی پێشمەرگەیان لە یەکەی نوێوە ڕێکخستۆتەوە لە (قوە) کردوویانە بە (هەرێم) هەر هەرێمێک (فەرماندە و جێگر و ڕابەر سیاسی) خۆی هەبووە، وەک دەستپێکی یەکەم هێزی پێشمەرگەی خۆیان لە سێ هەرێم ڕێکخستۆتەوە:
١.هەرێمی یەک.
فەرماندەی هەرێم/ مام جەوهەر.
جێگری فەرماندەی هەرێم/ موحسین بانیمارانی.
ڕابەر سیاسی هەرێم/ سەعد خالید.
٢.هەرێمی سێ.
فەرماندەی هەرێم/ ئاوارە کۆیی.
جێگری فەرماندەی هەرێم/ فەرهاد مەنتک.
ڕابەر سیاسی هەرێم/ فازل حەسەن.
٣.هەرێمی پارێزگاری.
فەرماندەی هەرێم/ دلشاد کۆیی
جێگری فەرماندەی هەرێم/ سەلاح ڕواندزی
ڕابەر سیاسی هەرێم/ دانا حەوێز.
بەشی ڕێکخستن
ــ (بەڵێن عەبدوڵڵا و مامۆستا کاوە)، (بەڵێن عەبدوڵڵا) بەرپرسی بەش.
هەیکەلی ڕێکخستن بەم شێوەیە بووە (لێژنەی ناوچە، ڕێکخراو، شانەی سەرەکی، شانە).
لێژنەی ناوچەکانیش بریتی بوون لە:

١.لێژنەی ناوچەی ناوشار (هەولێر)/ بەرپرس /مامۆستا عەبدوڵڵا، دوای ئەنفالەکان گۆران جەلال ئەبێتە بەرپرس.
٢.لێژنەی ناوچەی دەشتی هەولێر/ بەرپرس/ مامۆستا سەمەد.
٣. ڕێکخستنەکانی ئەوڕوپا/ کەسە دیارەکان کە سەرپەرشتی کردوون، عەبدولخالق زەنگەنە و وەلید شەریف بوون.
ڕێکخستنی شار و ناوچەکانی تر ڕاستەوخۆ سەر بە بەشی ڕێکخستن بوون وەک شارەکانی (کەرکوک و کۆیە و شەقڵاوە و ڕواندزو خەلیفان و قەلادزە و زاخۆ...تاد).
بەشی ڕاگەیاندن
بەشی ڕاگەیاندنیش گۆڕانکاری لە شێوازی کارەکانی خۆیدا کردووە و بەرنامەی بۆ چەندین پڕۆژەی چاپەمەنی و بڵاوکراوە و نامیلکە داناوە، تا لە نزیکەوە زیاتر ڕێکخستنەکانی و جەماوەر و لایەنە سیاسیەکان شارازا بن لە بارەی فیکر و سیاسەت و دیدو بۆچوونەکانیان بۆ سەرسەرجەمی پرسەکان لە دوای کۆنفرانس، هەروا بەردەوام بوون لە دەرکردنی (ئاڵای ئازادی)و گۆڤاری (پێشکەوتن)و چەند نامیلکەیەکو بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنفرانس، بەڵام پڕۆسەی ئەنفاڵەکان بواری پێنەداون پڕۆژەکانیان بە تەوای جێبەجێبکەن، (بۆ زیاتر زانیاری لە سەر ڕاگەیاندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بڕوانە بەشی ڕاگەیاندن.
ــ (ئاسۆ حەسەن) بەرپرسی بەش.
ــ مامۆستا دارا ئەندامی بەش.
ئەم هاوڕێیانەش کادیری ڕاگەیاندن بوون لە بوارە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن وەک نووسەر و تایپێست و هەڵەچن:
-مەریوان سابیر.
-هۆشمەند نەجمەدبن سورچی.
- هەڵمەت حەمید ئیبراهیم.
- ئەختەر.
- نایف ڕەحمان بەرپرسی کتێبخانە.

چەند هەنگاوێکی گرنگ و پێویست لە دوای کۆنفرانس

وەفدێک بەرەو خواکورک

لە کۆنفرانس چەند بڕیار و راسپاردەیەک دەدرێن و سەرکردایەتیی نوێ ڕادەسپێردرێ جێبەجێیان بکات، وێڕای ڕێکخستنەوەی ئۆرگان و کار و پلان و بەرنامەدانان، بڕیار دەدەن لە بواری پەیوەندییەکانیش هەنگاوی گرنگ بهاوێن، بۆ ئەم مەبەستە بڕیار دەدەن وەفدێک بنێرن بۆ ناوچەی خواکورک، لە سەرەتای حوزیرانی ١٩٨٨وەفدەکەیان بەرێدەکەوێ بۆ خواکورک بۆ مەبەستی دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکان بۆ ئەوەی پێیان ڕابگەیەنن کە کۆنفرانسیان بەستووە، هەروا بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیەکانیان و ڕاپەڕاندنی هەندێ کاری تایبەت بە حزب، وەفدەکە بریتی دەبێت لە (قادر عەزیز و بەهمەن حوسێن و زرار جۆلا و دکتۆر سەردار و مامۆستا دارا)، (ئارێز عەبدوللا و حەمید عەسکەری و دانا حەوێزو دلێر) کە کادیری حزب بوون یاوەریان دەکەن.

بەرنامەی کاری وەفدەکە بەم جۆرە بووە:

١.کۆنفرانس و سەرکەوتن و ئەنجامەکانی.

٢.بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سەرجەمی لایەنەکان.

٣.پرسی ئاشتبوونەوەی گشتی و بەرەی کوردستانی.

٤.تاوتوێکردنی کۆمەڵێک پرسی گرنگ لەگەڵ لایەنەکان.

٥.پەیوەندیگرتن لەگەڵ ڕێکخستن و پەیوەندییەکانی دەرەوە، بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەنەوە لە سەرکەوتن و ئەنجامەکانی کۆنفرانس.

وەفدەکەیان لە بارەگای سەرکردایەتیان لە بەری گارە بە ڕێدەکەوێ بۆ خواکورک، لە ڕێگادا چەند پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی عێراق و ئالای

شۆڕش دەبنە هاوسەفەریان، تا دەگەنە گوندی (زێتێ[1])ی ناوچەی مزووری[2] هیچ گرفتێکی ئەوەتۆیان نایەتە پێش. هەر هێزێک ویستبای لە ناوچەی بادینان بە گشتی بچێتە ناوچەی خواکورک و ئێران، دەبوایە بەناو بەشێک لە خاکی باکووری کوردستاندا (تورکیا) ڕۆیشتبا، چونکە لە بەشێکی ڕێگای بەرەو خواکورک لە سەرسنووری ئێراق _تورکیا، بنکە و ڕەبایەی سوپای عێراقی لێبووە، لە ئاست ئەم شوێنە دەبوایە بە نهێنی بە دیوی سنووری تورکیادا بڕۆن و ئینجا بێنەوە نێو خاکی باشووری کوردستان (عێراق)، پاسەوانی سنوور و سەربازو جاشی تورکیا بەردەوام چاودێریی ئەو ڕێگایەی دەکردو هەر هێزێکو کەسێکی دیتبا دەستگیر دەکرا، یان پێکدادان دروست دەبوو، لەوێ چەندین جار پێشمەرگە و هاوڵاتیان لەلایەن تورکیاوە دەستگیر کراون بە تایبەتیش لە دوای پرۆسەی ئەنفاڵەکان، زیندانەکانی دیاربەکر و وان و بەدلیس بە دەیان پێشمەرگەی (پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستان و ئاڵای شۆڕش)و هاوڵاتی و تەنانەت پەسدارانی ئێرانیش تیایدا زیندانی کراون کە لەو ناوچەیەی سەر سنوور دەستگیر کرابوون.

بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە گوندی (زێتێ) چاوڕێ دەکەن کە ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی دەربازی خواکورک ببن بە بێ کێشە، لەو ڕۆژانە وەفدێکی هەواڵگری عێراق سەردانی ناوچەکە دەکات و لەگەڵ تورکەکان دادەنیشن بۆ توندوتۆڵکردنی سنوورەکانیان، بۆیە ئەوان ناتوانن بەو ڕێگایەدا بڕۆن کە پێشووتر پێشمەرگەی لایەنەکان و خەڵک بۆ هاتووچۆکردن پێیدا دەڕۆیشتن، هەوڵیان داوە بە ڕێگایەکی تردا بڕۆن کە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتووچۆیان پێدا دەکرد، چونکە لەم بارەیەوە هەندێ جار پارتی

[1] زێتێ گوندێکە دەکەوێتە سەر سنووری باشوور و باکووری کوردستان بە دیوی باشووردا و سەر بە ناحیەی شێروان مەزنە لە سنووری قەزای مێرگە سۆر.

[2] ناوچەی مزووری، ناوچەیەکی بەرفرەوانە و لە چەندین گوند پێکهاتووە، دەکەوێتە سنووری قەزای مێرگە سۆر، هەندێ لە گوندەکانی دەکەوێتە سەر سنووری باکووری کوردستان.

گرفتێکی ئەوتۆی نەبووە بۆ هاتوچۆکردن بە ناوچەکەداو هەماهەنگی هەبووە لەگەڵ تورکیا و ڕێگای لێنەدەگیرا، بەڵام بەهۆی هاتنی وەفدەکەی عێراق ئەم ڕێگایەشیان بۆ مەیسەر نەبووە، دە ڕۆژ لە گوندی (زێتێ) چاوەڕێیان کردووە تا بە ناوی پارتی بەم ڕێگایەدا بڕۆن، بەڵام بۆیان ڕێکنەکەوتووە، پاش چاوڕێکردنی دە ڕۆژ بڕیار دەدەدەن بە هەر شێوەیەک بێت ڕێگایەکە ببڕن و بگەنە خواکوڕک، لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون مەفەرەزەیەکی هاوبەش پێک بهێنن، ئەم مەفرەزەیە بچێت ڕێگایەک بدۆزێتەوە و دابینی بکا ئەوجا هاوڕێو هەڤاڵەکانی تریان بەدوای ئەواندا بێن و بڕۆن، شەش پێشمەرگە دیاردەکەن، هەر لایەنی دوو پێشمەرگە، ئەم شەش پێشمەرگەیە دەچن بۆ دابینکردنی ڕێگا، ئەوانیش لە گوندی زێتێ لە چاوەڕوانیدا دەبن و هیچ هەواڵێکیان نازانن، پاش دوو ڕۆژ بە هۆی گەیشتنەوەی پێشمەرگەیەک بە ناوی (ڕەوەند) بۆ لایان، بۆیان دەردەکەوێت کە هەڤاڵەکانیان گەمارۆدراون و دەستگیرکراون.

پاش بڕینی ڕێگایەکی سەخت وەفدەکەیان دەتوانێت بگاتە خواکوڕک، لەوێ لەگەڵ هەریەکە لە (حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان) دادەنیشن، دانیشتنەکەیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان کە سکرتێرەکەیان (سامی عەبدولرەحمان) ئامادە دەبێت، گفتوگۆیان لە مەڕ پرسێکی گرنگ کردووە کە ئەویش یەکگرتنی هەردووک حزب بووە، بەڵام لەم بارەیەوە نەگەیشتوونەتە هیچ ڕێکەوتنێک، پاش ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان وەفدەکە دەگەڕێتەوە بارەگاکانی سەرکردایەتی.

گیرانی مەفرەزەی هاوبەش لە لایەن تورکیاوە

مەفرەزەی هاوبەش پێک دێت لە دوو پێشمەرگەی حزبی شوعی عێراق (ئەبو نادیە و ئەبو مەحمود)، دوو پێشمەرگەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (ئاریز عەبدوڵڵا و حەمید عەسکەری)، دوو پێشمەرگەی ئاڵای شۆڕش (ڕەوەندو هێور)، پێداویستی پەڕینەوە لەگەڵ خۆیان دەبەن و بە ڕێدەکەون،

دەچنە سەر ڕووباری (کەتینە[1]) خوار گوندی (زێتێ) بەڵام ڕووبار ئەوەندە زۆر دەبێت ناتوانن هیچ بکەن و شوێنێک بدۆزنەوە بۆ پەڕینەوە، بڕیار دەدەن شوێنێکی تەسکی ڕووبارەکە ببینەوە تا بتوانن پردێکی کاتی لێ دروستبکەن و هەڤاڵەکانیان ئاگادار بکەنەوە بێن و پێیدا بپەڕنەوە، شەو لەسەر ڕووبار دەمێننەوە، ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١٥ شوێنێک دەستنیشان دەکەن بۆ ئەوەی پردێک دروستبکەن، (ڕەوند) دەکەنە پاسەوان و ئەوانی تر بۆ دروستکردنی پرد دەست بەکار دەبن، لەبەر هاژەی ڕووبار و کارکردن ئاگایان لەوە نییە کە پاسەوان و سەرباز و جاشی تورکیا پێیان دەزانن و چوار دەورەیان داون، تا تەقەیان لێدەکرێ پێی ئاگادار نابن، ئەوەندە دەتوانن خۆیان لە تەقەکان پەنا بکەن و چەند دەسترێژێک دەکەن و ئەو پێشمەرگەیەی کە ئێشگر دەبێت خۆی دەشارێتەوە و ڕزگاری دەبێت، لێیان نزیک دەبنەوە و داوایان لێدەکەن خۆ بدەن بە دەستەوە، ئەوانیش ڕێککەوتبوون کە شەڕکردن دادیان نادا و وا باشترە خۆیان ڕادەست بکەن و بڵێن ئێمە پێشمەرگەی پارتین، خۆیان ڕادەست دەکەن و دەڵێن ئێمە پێشمەرگەی پارتین دەمانویست بچینە خواکوڕک، لێیان دەپرسن ئێوە زیاتر نین، دەڵێن نەخێر هەر ئەو پێنج کەسەین، دەڵێن ئەی ئەوەی لە بەرزایەکە بوو، مەبەستیان (ڕەوەند) بووە، دەڵێن ئەوەیان بوو ئاماژە بۆ (هێور) دەکەن کە ئێوەی دیت ڕایکرد و هاتەوە لای ئێمە بۆ ئاگادرکردنەوەمان، تفەنگەکانیان دەپشکنن و پێیان دەڵێن تەقەتان کردووە، دەڵێن ئێمە پێشووتر لەگەڵ سوپای عێراق شەڕمان کردووە و تفەنگەکانمان پاک نەکردوونەتەوە.

دەیانبەن بۆ گوندی (ڕوبارۆک[2]) کە لەوێندەر نزیک بووە، ئازار دەدرێن و هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکەن کە ڕادەستی عێراقیان دەکەنەوە، ڕۆژی پاشتر نیوەڕۆ بە هەلیکۆپتەر دەیانگوازنەوە بۆ (شەمزینان[3])، پاش چوار

---

[1] ڕووباری کەتینە بە سنووری نێوان باشوور و باکوور دەڕوات، دەکەوێتە نزیک هەردووک گوندی زێتێو ڕووبارۆک لە ناوچەی مزووری باڵا.

[2] گوندی ڕووبارۆک، دەکەوێتە سەر سنووری باشوور و باکووری کوردستان، بە دیوی باکووردا، سەر بە قەزای شەمزینانە.

[3] شەمزینان، قەزاییکە دەکەوێتە پارێزگای هەکاری لە باکووری کوردستان، هەڵکەوتەی خاکەکەی کوێستانە و کەوتۆتە سەر سنووری باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ڕۆژ دەیانبەنە زیندانی (هەکاری[1])، جارێکی تر لە ١٩٨٨/٧/١ دەیانگەڕینەوە بۆ (شەمزینان) و دواتر بۆ (بەدلیس[2]) و (دیاربەکر) و (جۆلەمێرگ[3])، تا لە کۆتاییدا لە زیندانی (دیاربەکر) دەیانگیرسێننەوە، دوای نۆ مانگ لە ڕێگای نامە و هەواڵناردن پەیوەندی بە حزبەکانی خۆیانەوە دەکەن. زیندانیانی باکوور بەتایبەتی (ئەندام و هەوادارانی پەکەکە) و پارێزەرانی کورد یارمەیتی باشیان داون و هاوکاریان کردوون لە هەموو ڕوویێکەوە، هەر لە زیندانەکاندا چاویان بە تێکۆشەرانی (پارتەکانی باکوور) کەوتووە، هەروا بە دەیان پێشمەرگەی (پارتی و یەکێتی و شیوعی و حزبی دیموکراتی گەلی کوردستان و ئاڵای شۆڕش)یان بینیوە کە لە هەمان ناوچەی ئەوان لێی گیرابوون، ئەمانیش گیرابوون، چەندین تۆمەتیان بۆ دروستکرد بوون وەک تیرۆرست و پەکەکە و تێکدەر و سنوور بەزێن و تا گەیشتبووە ئەوەی لە تەلەفزیۆن وەک (گەڕیلا[4])ی پەکەکە نیشان درابوون کە دەستگیرکراون.

دوای زیاتر لە ساڵێکو (یانزدە) جار دادگایی کردن لە ١٩٨٩/٦/١٦ بڕیاری بە کەفالەت ئازادکردنیان دەدرێت، پاش چەند ڕۆژێک دەیانگوازنەوە بۆ شاری (قەیسەری[5]) لەوێ دەستبەسەر دەکرێن و لە ژێر چاودێری دادەبن تا کەفیل پەیدا دەکەن بۆ ئازادبوونیان، هەوڵی زۆر دەدەن بەبێ کەفالەت ئازاد بکرێن چونکە کەس ناناسن تا ببێتە کەفیلیان، بەڵام بێ ئەنجام دەبێت، تا دوای بە هەوڵ و کۆششی خۆیان و دۆستەکانیان، دوای سێ مانگ مانەوە لە شاری (قەیسەری) بە قاچاغی و ڕێگای پڕ مەترسی ئەو شارە جێدەهێڵن

---

١ هەکاری، یەکێکە لە پارێزگاکانی باکوری کوردستان، دەکەوێتە ناوچەی ئەناتۆلیای ڕۆژهەڵات، ناوەندی پارێزگای هەکاری شاری جۆلەمێرگە.

٢ بەدلیس، یەکێکە لە پارێزگاکانی باکووری کوردستان، کەوتۆتە ڕۆژئاوای گۆمی (وان).

٣ جۆلەمێرگ، شارێکە ناوەندی پارێزگای هەکاریيە، دەکەوێتە باکووری کوردستان.

٤ گەریلا، Guerillaوشەیەکی ئیسپانیە، لە ئینگلیزیدا بە مانای جەنگاوەرە دێت، بەو مرۆڤانە ئەوترێت کەلە گر وپێکی بچوک دژی سوپایەکی گەورەتر ئەبنەوە بەتەکتیکو شەڕی پارتی زانی وە، هەوڵدەدەن سوپا پەلکێش بکەنە نێو جەنگێکی بێزارکەر و ماندووکەرەوە، جەنگاوەرە شۆڕشگێڕەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) بە گەڕیلا ناسراون.

٥ قەیسەری، یەکێکە لە پارێزگاکانی تورکیاو دەکەوێتە ناوچەی ئەناتۆلیای ناوەندی.

و خۆیان دەگەیەننە (شەمزینان) و لەوێش بۆ مەرگەوەڕ و پاشان دەگەنەوە لای هاوڕێیەکانیان لە ئۆردوگای (زێوە[1]) ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

[1] زێوە، دێیەکە لە ناوچەی سلیواناو مەرگەوەڕی شاری ورمێ، پەنابەر و بارەگای لایەنەکانی باشووری کوردستانی لێبووە، (چەندین گوندی تر بە هەمان ناو لە باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەن).

بەشی حەوتەم

هەندێ پرسی گرنگ

هەڵوێستی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەسەر بەرەی کوردستانی و بەرەی بەرفرەوانی عێراقی

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان تا ساڵی ١٩٩٠ لە هیچ بەرەیەکو هاوپەیمانیەتییێکدا ئەندام نەبووە، دیارە ئەمەش هۆکاری خۆی هەبووە و مانای ئەوە نەبووە کە ئەم حزبە هەوڵ و تێکۆشانی بۆ نەداوە تا بچێتە نێو ئەو بەرانەی کە لە گۆڕەپانەکەدا بوونیان هەبووە و هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق لە چوارچێوەیاندا هێز و توانای سیاسی و سەربازییان ڕێکخستوە بۆ دژایەتی کردن و ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی عێراق.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، دوای جیابوونەوەی لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە (١٩٨٥/١٢/١٢) ئەو کات تەنیا (بەرە)یەک بوونی هەبوبێت لە سەر گۆڕەپانی کوردستان بەری (جود/ الجبهة الوطنية الديمقراطية) بوو کە هەر یەک لە (پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق و حزبی سۆسیالستی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کورد پاسۆک) تیایدا ئەندام بوون، بەرەی (جوقد/ الجبهـ الوطنيه القومية الديمقراطية)یش کە تەنیا بە ناو هەبوو هیچ کاریگەریەکی نە پێشووتر هەیبوو نە ئەوکات. دوای شەڕەکانی ناوخۆی (نێوان یەکێتی و لایەنەکانی بەرەی جود) بە تایبەتیش لە شەڕی دۆڵی بالیسان (١٩٨٣/٤/٢٨) کە مەڵبەندی چواری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گوندی بالیسان کەوتە دەست هێزەکانی بەرەی جود، هەروا شەڕی قرناقە و پشت ئاشان (١٩٨٣/٥/١) کە بارەگاکانی سەرکردایەتی (حزبی سۆسیالستی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق) کەوتە دەست هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەم ڕووداوانە بوونە هۆی ئەوەی هێزی لایەنەکانی بەرەی جود پێگە و بارەگاو بنکەکانیان لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر و کۆیە و خۆشناوەتی و بناری قەندیل و دۆڵی خانەقا و دۆڵی ئاکۆیان وەک پێویست نەمێنێ، چونکە ئەم شوێنانە جێپێگەی سەرەکیی لایەنەکانی بەرەی جود بوون، بە تایبەتیش هی (حزبی سۆسیالستی کوردستان و حزبی

شیوعی عێراق). بەری جودوەک بەرە بەرەو کزی چوو، ئەو بەرەیە نەما کە پێشووتر لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ڕاگەیاندن کاریگەریی خۆی هەبوو، لایەنەکانی ناو ئەم بەرەیە وەکو پێویست پاپەند نەبوون بە پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی جود بە تایبەتیش لە بواری پێشمەرگایەتییەوە، ئەوەی کە تا ڕادەیەک کۆک و هامئاهەنگ بوون حزبی سۆسیالیستی کوردستان و حزبی شیوعی بوون، هەر هێزی پێشمەرگەی ئەم دوو لایەنەش کەوتبوونە نێو شەڕ لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە هەردووک لایەنیش بە تایبەتی حزبی سۆسیالیست زەرەرمەندی یەکەم بوو لە شەڕی ناوخۆ، پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەندامی نێو بەرەی جود بوو ئامادەگی هێزی پێشمەرگەی لە ناوچەی سۆران تا ئاشتبوونەوەی گشتی وەک پێویست نەبوو.

کە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دامەزراو خۆی وەک هێزێکی سیاسی و سەربازی سەربەخۆ ڕاگەیاند، بەرەی جود ئەو کاریگەریەی کە پێشوتر هەیبوو لە دەستی دابوو تەنیاوەک ناو مابووەوە، سەرەڕای ئەمەش حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان خۆی بە دۆستی ئەم بەرەیە زانیوە و چونکە تاکە بەرە بووە بوونی هەبوو لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و عێراق، پێناچێت حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان هیچ هەنگاوێکی نابێت بۆ چوونە نێو ئەم بەرەیە، بەڵام هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ڕوانگەی دڵسۆزی و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیی و پێویستی قۆناغەکە لە ڕێگەی کۆڕوکۆبوونەوە حزبی و جەماوەری و بەیاننامە و بلاوکراوەکانی بانگەوازی ئەوەی کردووە کە پێویستە بەرەیەکی نیشتمانی عێراقی بەرفرەوان بە بێ هاوێرکردنی هیچ هێز و لایەنێک دابمەزرێت، لە هەمان کاتیشدا بەرەیەکی کوردستانی لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی سەرجەم توانایەکان یەکبخات بۆ بەرنگاربوونەوەی ڕژێمی فاشی بەغدا، تا هێز و لایەنەکان پەرش و بڵاوبن ناتوانرێت بگەین بە ئامانج بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی بەغدا کە دروشمی سەرجەمی لایەنەکان بووە.

لە یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی خۆیدا کە لە ناوەڕاستی مانگی کانونی

یەکەمی ساڵی ١٩٨٥ داوای پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفرەوان و بەرەیەکی کوردستانی دەکات لە نێوان هێز و لایەنەکانی دژ بە ڕژێمی سەددام، لە دیدی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)ەوە، پێکهێنانی هەر بەرەیێک جا چ کوردستانی بێت یان بەرفرەوان دوو ئامانجی سەرەکی دەپێکرێ، یەکەمیان (کۆتایی بە بارودۆخی شەڕی ناوخۆ دەهات، کە هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێوە لە ساڵی ١٩٧٦ شەڕ و ناکۆکی و ململانێی ناشەریفانە بەرۆکی هێز و لایەنە سیاسیەکانی گۆڕپانی کوردستانی گرتبووەوە، تەبایی و ئاشتی شوێنی دەگرتەوە). دووەمیان (ڕووخانی ڕژێمی فاشی بەغدا، دروشمی سەرەکیی سەرجەم هێز و لایەنەکانی کوردستان و عێراق بوو، جا بەو پەرش و بڵاوەیەی هێز و توانای لایەنەکانی دژ بە ڕژێم، مەحاڵە بتوانرێت بێ پێکهێنانی بەرەیەک ئەم ئامانجە بێتە دی).

لە ژمارەکانی (ئاڵای ئازدی) کە ئۆرگانی ناوەندی ئەم حزبە بووە و (٢٠) ژمارەی لێدەرچووە، ئەو ژمارانەی لەبەردەستدان، لە سەروتاری ژمارەکانی (٢و ٤و ١٠و ١١و ١٦و ١٩و ٢٠) و گۆڤاری (پێشکەوتن) کە گۆڤارێکی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتی بووە، ڕاگەیاندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکرد، لە وتاری ژمارەکانی (٢و ٣و ٤و ٥) هەروا لە چەندین بەیاننامەو نامیلکە و ڕاپۆرتە سیاسییەکانی کۆنفرانس و کۆبوونەوەکان، کە گوزارشت لە دیدو بۆچوون و سیاسەتی ئەم حزبەی دەکرد، داوای کردووە هەرچی زووە لایەنەکان لە بەرەیەکدا هێز و توانایەکانیان یەکبخەن، کە ئەمە داواو داخوازی جەماوەر و زۆربەی لایەنەکان بووە.

چەند بڕگەیێک لە نووسینەکانی ئەم بەڵگەنامانە بۆ نموونە ئاماژەیان پێدەدەین:

سەروتاری ئاڵای ئازادی ژمارە (٢)ئایاری ١٩٨٦:

(بە تێگەیشتنێکی زانستیانە لە تاقیکردنوەی خەباتی گەلان بە گشتی و ئەزموون و تاقیکردنەوەی لە مێژساڵەی گەلی کوردمان بە تایبەتی هەروەها بە لەبەر چاوگرتنی بار و زرەفی ناسکی ئێستا کە ئیمڕۆ شەڕ و فاشیزم هەڕەشەی جددی نەمان و فەوتان لە گەلەکەمان دەکاو سەربەخۆیی

وڵاتەکەی دەخاتە مەترسییەوە، مەسەلەی ئەو یەکێتی و یەکخستنەی ڕیزەکان لە هەموو کاتێک زیاتر بە مەرجێکی سەرەکی و بنەڕەتی سەرکەوتنی خەباتی گەلەکەمان دەزانێ، یەکخستنێک کە هیچ نەبێ لەسەر لایەنی کەمی بەرنامەیەکی ڕوونی نیشتمانی دژ بە فاشیزم بێ و دووربێ لە هەموو جۆرە مەرجدانان و هاوێرکردنی لایەک یان چەند لایەنێکی تر، کە ئەمەش هەر تەنها لە ڕێگای پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی عێراقی بەرفرەوان دەکرێ کە ئەمڕۆ بۆتە زەرورەتێکی نیشتمانی بە پەلە بۆ کۆکردنەوەی تەواوی هێزە دڵسۆزو شۆڕشگێڕەکانی دژ بە ڕژێم و ئاراستەکردنی خەباتیان لە پێناو هێنانەدی تەواوی ئاوات و ئامانجەکانی گەل کە لە قۆناغی ئێستادا خۆی لە دروشمی ناوکۆیی گشت لایەن و هێزە بەرهەڵستکارە شۆڕشگێڕەکان دەنوێنێو بریتیە لە ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی).

دیارە تەواوی ئەو (بەرە) و هاوپەیمانیەتیانەی لە نێوان هێز و لایەنەکانی کوردستان و عێراق دروست ببوون، وەک بەرەی (جوقدو جودو کوردستانی) هەندێ لە لایەنە سیاسییەکانیان لێ هاوێر کردن ئەمەش هەمووی لەبەر ململانێ و لە سەر داوای لایەنێک بووە، کە ئامادە نەبووە لەگەڵ لایەنێکی تر لە یەک بەرەدابێت، بەرەی (جوقد) دامەزرا پارتی دیموکراتی کوردستانی تیا نەبوو، بەرەی (جود) دامەزرا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی تیا ئەندام نەبوو، بەرەی کوردستانی پێکهات، سەرەتا(حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری) تیا ئەندام نەبوون، ئەم پەرشی و بڵاویە و یەکتر نەخوێندنەوەیە گەورەترین زیانی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد گەیاندو دووژمنی سەرەکی لە بیر کراو شەڕی ناوەخۆی لێوەبەرهەم هات، کە تاکو ئێستاش شوێنەواری نێگەتیڤانەی تا ڕادەیەک هەر ماوە. هەر بۆیە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنیەوە دەرکی بەم بارودۆخە کردووە و لە ڕوانگەی دڵسۆزی و پەرۆشییەوە، داوای کردووە کە بەرەیەکی بەرفرەوان پێکبهێنرێ بێ ئەوەی هیچ هێز و لایەنێکی لێ هاوێر بکرێت.

سەروتاری ئاڵای ئازادی ژمارە (١٠) ئایاری ١٩٨٧:

(حزبمان حزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عێراق ئیتجاهی دیموکراتی

شۆڕشگێڕ،وەک هەمیشە بە ڕێزەوە دەڕوانێتە هەوڵی دڵسۆزانەی هەموو ئەو لایەنانەی کە بە باوەڕەوە سەرکەوتنی گەل، تەنها لە تەبایی و یەکخستنی تەواوی ڕێزەکاندا دەبینن، ئومێد دەکا کە هاوکاری و تەبایی ئێستای نێوان لایەنەکان زەمینە و سەرەتایەک بێت بۆ هەنگاوی گەورەتر و پێویستر، هەنگاوی کۆکردنەوەی تەواوی هێزەکان لە بەرەیەکی نیشتمانی بەرفرەواندا).

کۆمیتەی ئامادەکردن لە کۆبوونەوەی خۆیدا کە لە ڕۆژانی (٦و ٧و ٨ ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧) کۆبووەتەوە و وەک لە سەروتاری ئاڵای ئازادی ژمارە (١١) حوزەیرانی ١٩٨٧ ئاماژەی پێداوە لە بارەی ئەو هەوڵ و کۆششانەی بۆ پێکهێنانی بەرەیەک لە ئارا دایە: (کۆبوونەوە ئەم هەوڵ و کۆششانەی کە بۆ پێکەوەنانی بەرەی نیشتمانیی بەرفرەوانی عێراقیش لە ئارادایە بە تەقدیرەوە هەڵسەنگاند و پێی وایە پێکهێنانی بەرەیەکی وا وەسیلەی یەکخستنی خەباتی نیشتمانیی عێراقە بە هەموو نەتەوە و ئیتیجاهە سیاسییەکانەوە، لە پێناوی کۆتایهێنان بە شەڕ و ڕووخاندنی فاشیزم).

سەروتاری ئاڵای ئازادی ژمارە (١٦) شوباتی ١٩٨٨:

(حزبمان حزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عێراق ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ،وەک هەمیشە لە ڕوانگەی بەپەرۆش و هەستکردنی بە مەترسیی ئەم بارودۆخە کە تا دێت هەڕەشە لە چارەنووسی گەل و وڵاتمان دەکات، جارێکی تریش یەکخستنی زیاتری هێزەکان لە چوارچێوەیەکی عەمەلی و گونجاوی بەرەییدا، بە مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی خەباتمان دادەنێ. بۆ ئەوەی هەرچی زووە لە ڕێگای پێنانە قۆناغێکی سەرەوتری هاوکاری و هاوپەیمانیەتیی تەواوی هێزەکان و لە ڕێگای سەرکردایەتیکردنێکی کاریگەری ڕاستەوخۆ، خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کۆتایی بە شەوەزەنگی شەڕ و فاشیزم بێت و عێراق لە سایەی هێنانە سەرکاری جێگرێکی دیموکراتی بە تەواوی مافە ئازادی و دیموکراتییەکانی بگات و گەلی کوردیش لە سایەی ئەم حکومەتە نیشتمانییەدا لە مەترسیی لەناوچوون و شەڕی شۆڤینی و کۆنەپەرستانە ڕزگاری بێت و مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسینی بدرێتە دەست).

ئاڵای ئازادی ژمارە (١٩) ئایاری ١٩٨٨ لاپەڕە (١):

(لە سەرەتای ئایاری ئەم ساڵدا مژدەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بە جەماوەری گەلەکەمان ڕاگەیەنرا، ئەو بەرەیەی کە ماوەیەکی زۆرە گەلەکەمان ئومێدو ئاواتی بۆ دەخوازێ.

بەرەی کوردستانی وەڵامدانەوەیەکی بە جێی هەڵومەرجی خەبات و تێکۆشانی ئێستای گەلەکەمانە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕفتارە درندەکانی ڕژێمی فاشی کە بۆ نەمانی گەلی کورد پەیڕەوی دەکات.

ئەوەی شایانی باسە حزبمان بەردەوام هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانەی داوە لە پێناو بەدیهێنانی بەرەیەکی کوردستانی وا کە بتوانێ خەباتی تەواوی هێز و لایەنە کوردستانییەکان یەکبخاو هاوپەیمانیەتی و یەکێتیی خەباتی هاوبەشی گەلی کوردمان و تەواوی گەلی عیراق قووڵبکاتەوە، هەروەها بە ئامرازێکی کاریگەری دەزانێ بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم وەزعە ترسناکەی گەلی کوردمان لە سایەی ڕژێمی فاشی بەغدا ڕووبەڕووی بۆتەوە).

هەر بەم بۆنەیەوە مەکتەبی سیاسیی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم لایەنەکانی بەشداربوو لە بەرەی کوردستانی کردووە ئەمەش دەقی بروسکەکەیە کە لە هەمان ژمارەی ئاڵای ئازادیدا بڵاوبۆتەوە:

بۆ مەکتەبی سیاسیی تەواوی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی خەباتگێڕ

بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە هەواڵی پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی کوردستانیمان پێگەیشت، ماوەیەکی زۆرە ئێمە پێمان وابوو بەرەیەکی ئاوا ئامرازێکی کاریگەرە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەلامارە درندەکانی ڕژێمی فاشی و شۆڤینی بەغدا، کە هەڕەشە لە چارەنووسی گەلی کوردمان دەکات.

لە کاتێکدا ئێمە ڕێز بۆ هەنگاوە بەرپرس و دڵسۆزانەکانتان دادەنێین، لە هەمان کاتیشدا سەر لە نوێ دووپاتی دەکەینەوە کە هەموو هێز و توانایەکمان بە کار بێنین بۆ سەرکەوتن و فرەوانبوونی ئەم بەرەیە بۆ ئەوەی بە ڕاستی

ببێتە بەرەیەکی بەرەنگاربوونەوە بە ڕووی ڕژێمی فاشیدا کە شەڕێکی نەگریسی فراوانی دژ بە گەلەکەمان هەڵگیرساندووە. هەروەها زەمینەیەکی لە بارە بۆ کۆکردنەوەی هەموو هێزە بەرهەڵستکارە نیشتیمانییەکانی عێراقی، لە پێناو پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی بەرفراوان کە خواست و ئاواتی گەلی عێراق بۆ ڕزگارکردنی لە شەڕ و فاشیزم.

مەکتەبی سیاسی
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
ئایاری ١٩٨٨

لە یەکەمین کۆنفرانسی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) کە لە ڕۆژانی (٢٤- ٢٦ ی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٨) لە بناری شاخی گارا بەسترا، لە ڕاپۆرتی سیاسی کە لە کۆنفرانسەکە خوێندراوەتەوە، لە بڕگەی هاوپەیمانیەتی نیشتمانی وا هاتووە:

(بۆیە هاریکاری و هاوپەیمانییەتی هێزە شۆڕشگێرەکانی کوردستانی عێراق ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر دێتە بەرچاو، کە ئەمەش لە بۆچوونی حزبمان وەک ڕاپۆرەکە ئیشارەتی پێداوە لە واقعی ئەمڕۆی گۆڕەپانی خەبات لەوولاتەدا،وەک لایەنەکانیش دەرکی پێدەکەن بە زەروورەت دوو جۆرە هاوپەیمانیەتی دەخاتە ڕوو: یەکەمیان..هاوپەیمانیەتیی تەواوی هێزە نیشتمانی و شۆڕشگێرەکانی کوردستان و عێراقە لە بەرەیەکی نیشتمانیی بەرفرەوانی عێراقیدا، کە ئەمەش چەندان ساڵە دروشمی ناوکۆیی هێزە بەرهەڵستکارەکانە، دەمێکە گەلی عێراق بە گشتی و پێداویستییەکانی گۆڕەپانی خەبات داوای دەکات. دووەمیان..هاوپەیمانیەتیی زیاتری هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان خۆیانە لە بەرەیەکی نیشتمانی کوردستانیدا، لە قوڵکردنەوەی تەبایی و برایەتیی ئەمڕۆی نێوانیان بۆ چوارچێوە و فۆرمێکی سەرووتر و کاریگەرتر لە هاریکاری و هاوپەیمانیەتیی نێوانیاندا. پێکهێنانی بەرەی کوردستانی وەک ڕاپۆرەکە دەڵێ: مەرج نییە لە دوای بەرەی فراوان بێ، یان لە پێش بەرەی فراوان، تەنیا مەرج ئەوەیە کە هەنگاوێک بێ لە

سەر ڕێگەی پێکهێنانی ئەم بەرەیە، یان بەشێک بێت تیایدا. دوا بەدوای ئەمە ڕاپۆرەکە دەڵێ: (حزبمان دڵسۆزانە بە لە بەرچاوگرتنی مەترسییەکانی ئیمڕۆ بۆ پێکهێنانی هەر یەک لەم دوو بەرەیە و پێکهێنانی هەموو جۆرە هاریکاری و هاوپەیمانییەکی دوو قۆڵی و زیاتر، تێدەکۆشێ) .

سەروتاری ئاڵای ئازادی ژمارە (٢٠) حوزەیرانی ١٩٨٨:

(حزبمان حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان_ عێراق، پێی وایە وەک لە کۆنفرانسی یەکەمیشدا تەئکیدی لە سەر کراوەتەوە ڕێگە بۆ کۆتاییهێنان بەم بارودۆخە نائاساییە ((یەکگرتنی تەواوی لایەنە کوردستانی و عێراقییەکانی دژ بە فاشیزمە لە بەرەیەکی نیشتمانیی عێراقی بەرفراواندا، ئەو بەرەیەی کە چەندان ساڵە دروشمی ناوەندی و ناوکۆیی تەواوی هێزە نیشتمانی و بەرهەڵستکارانی کوردستانی و عێراقیە و دەمێکە جەماوەری گەلی عێراق بە گشتی و پێداویستییەکانی گۆڕەپانی خەبات بە تایبەتی لە هێزە سیاسییەکانی داوا دەکات))، کە ئەمڕۆ بەرەی کوردستانی هەنگاوێکی عەمەلیە لەو ڕێگایە، ئەویش بە خەبات و تێکۆشانێکی زۆری هەموو لایەک لە دایک بووە، جەماوەری گەلەکەشمان ئومێدی زۆری پێ هەیە و چاوەڕێی سەرکەوتنی زیاتری لێ دەکات لە شۆڕکردنەوەی بۆ ڕێزەکانی پێشمەرگە و جەماوەر. جا ئەگەر بەرەی کوردستانی بەرهەمی ئاشتبوونەوەی تەواوی لایەنەکانە، نابێ لێرەدا بچەقێ، بەڵکو پێویست دەکات هەنگاوێک بێ لە پێناو پێکهێنانی بەرەی بەرفرەوانی عێراقیدا هەر وەک لە بەیانی بەرەی کوردستانیشدا هاتووە ((لە ئەرکە لە پێشینەکانی بەرە، کارکردنە لە پێناو خۆشکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ پێکەوەنانی بەرەی نیشتمانیی عێراقی بەرفرەوان))).

لە سۆنگەی ئەو دڵسۆزیەی کە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان هەیبووە بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و بەرەی بەرفرەوانی عێراقی، هەمیشە و بە بەردەوامی داوای کردووە کە هێز و لایەنەکانی گۆڕەپانی خەبات دژ بە ڕژێمی سەددام، لە یەک نزیکببنەوە و هەنگاوی کرداری و جددی بهاوێژن بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و بەرەی بەرفرەوانی عێراقی،وێڕای ئەوەی

ئەم پرسە داواو داخوازی جەماوەر و زۆربەی لایەنە سیاسییەکان بووە، لە هەمان کاتیشدا بێ یەکخستنەوەی ڕیزەکان ناتوانرێ دروشمی ڕووخاندنی ڕژێم بێتە دی، پاش ئەو بانگەوازەی کە لایەنەکان بۆ (ئاشتبوونەوەی گشتی) یان دەکرد، لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦ ئاشتبوونەوەی نێوان لایەنەکان هەنگاوی کرداری بۆ هاویشتراو لایەنەکان ئاشتبوونەوە، لە پاش نزیکەی ساڵو نیوێک بەیاننامەی (بەرەی کوردستانی) لە (٢ ئایاری ساڵی ١٩٨٨) لە نێوان هەریەک لە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کورد پاسۆکو پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان) لە خواکوڕکواژۆ کرا.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لەژێر ڕۆشنایی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆیی بەرەی کوردستانی لە هاوینی ١٩٨٨ بە فەرمی داوای بوون بە ئەندامبوونی کردووە، لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆیی بەرەی کوردستانی کە لە یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی سیاسی لە (حوزەیرانی ١٩٨٨) بڕیاری لێدراوە، لە لاپەڕەی (٢٩) لە بڕگەی سێیەم وا ئاماژەی بۆ کراوە: (بەرەی کوردستانی عێراق یەکێتییێکی ئارەزوومەندانەی حزب و هێزە سیاسییەکان و کەسانی نیشتمانپەروەری سەر گۆڕەپانی تێکۆشانی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستانی عێراقە، کە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی بەرە پەسەند و پەیڕەو دەکەن و لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانیاندا بە شێوەی جۆر بە جۆر خەبات دەکەن)، بەڵام لەبەر ڕازینەبوون و (ڤیتۆی[1]) حزبی سۆسیالیستی کوردستان، داواکەی پەسەند نەکرا، چەند جاری تر حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان هەمان داوای کردەوە، هەر لەبەر هۆکاری پێشووتر بە ئەندام وەرنەگیراوە، تا لە ساڵی١٩٩٠ بە فەرمی بووە ئەندامی بەرەی کوردستانی، (دواتر سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانیی لە کۆبوونەوەکانی نێوان ڕۆژانی ٢٧/ تەشرینی یەکەم _ ١/ تەشرینی دووەم/١٩٩٠کە لە (شام) ئەنجامی

[1] ڤیتۆ ،وشەیەکی لاتینیە، بە واتای ڕەتکردنەوە و دان پێدانەنان (من قەدەغە دەکەم)، ئەو واتایەی ئەمڕۆ بۆ ئەم زاراوەیە بە گشتی هەیە بریتیە لە: مافێکە کە ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکان هەیانە.

داوە تیایدا بڕیاریدا هەر یەکە لە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، کە بە هۆی ڤیتۆی ((حزبی سۆسیالیستی کوردستان))ەوە بەشداری پێ نەکرابوو، لەگەڵ بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووریی لە ڕیزەکانیداوەربگرێت[1]، ئەم دوو لایەنەش بە فەرمی بوونە ئەندام، لە کۆتاییدا بەرەی کوردستانی پێکهاتبوو لە هەشت حزب (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد پاسۆک و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری)، بەرەی کوردستانی هەر چەندە دەبوایە زۆر زووتر پێکهاتبا، بەڵام بە داخەوە لەبەر چەند هۆکارێک زۆر بە درەنگەوە دامەزرا، بەرەی کوردستانی لە ماوەی بوونی خۆیدا کە تەمەنی پێنج ساڵ بوو (١٩٨٨-١٩٩٢) توانی کاریگەری خۆی هەبێت، بە تایبەتیش لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە نەخشەدانان و هاندانی جەمار بۆ ڕاپەڕین.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بووە ئەندام و نوێنەری لە زۆربەی ئۆرگانەکانی بەرەی کوردستانی دانا، وەک: (بەهمەن حوسێن ئەندامی لیژنەی ڕاپەڕاندن، بەڵێن عەبدوللا ئەندامی نوێنەرایەتی ئەوروپا، عەبدولخالق زەنگەنە ئەندامی نوێنەرایەتی سوریا، ئاریز عەبدوللا ئەندامی ڕاگەیاندن).

دیدی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ مافی چارەی خۆنووسین

ئەم حزبە هەر لە دوای هەڵوێستوەرگرتن و خۆ ڕاگەیاندنی وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆ، لە ڕووی خەبات و تێکۆشانیەوە هەردووک خەباتی (چینایەتی و نەتەوایەتی) پێکەوە گرێداوە، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی کە خەباتی نەتەوایەتی لەلای گەلی کوردستان خواستی لە پێشینەبووە، هەروا لە ڕوانگەی باوەڕبوونی مارکیسزم و لینینزم بە مافی نەتەوەکان و گەیشتن بە کیانی سەربەخۆیان، لە ڕێگای بڵاوکراوەکانی بۆ هەنگاونان بەرەو گۆڕینی

[1] زانا فەقێ، پارتی سۆسیالیستی کورد_ پاسۆک، چاپی یەکەم/ ٢٠١٨ ل١٩٣.

دروشمی (لە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەوە[1] بۆ مافی چارەی خۆنووسین) تەبلیغاتی بۆ کردووە و هۆشیاری داوە و تا لە پڕۆژەی بەرنامەی ئامادەکراودا بۆ کۆنفرانسی یەکەمیان ئامادەکارییان بۆ کردوە، دروشمی ناوەندیان گۆڕانی بەسەرداهات و (مافی چارەی خۆنووسین) بووە بە دروشمی ناوەندیان و لە کۆنفرانس بڕیاریان پێوەرگرتووە، کە تاکو ئێستاش ئەم حزبە هەڵگری ئەم درووشمەیە، لە وتارێکیاندا بەناونیشانی (لە چ دیدێکەوە داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەین) کە لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری پێشکەتن ساڵی(٢) تەشرینی یەکەمی ١٩٨٧ بڵاوکراوەتەوە، لە چەند پەڕەگرافێکدا دیدی ئەم حزبە سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین وەهایان بەیان کردووە:

(مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسینی گەلانیش بریتیە لە بەدەستهێنانی مافی سەربەخۆیی سیاسیی ئەو گەلانە و ڕزگاربوون و جیابوونەوی تەواویان لە زوڵم و زۆر و ستەمی نەتەوەی سەردەست، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ بریتیە لە پێکهێنانی بێ قەیدو شەرتی دەوڵەتێکی نەتەوایەتیی سەربەخۆ لە سنوورێکی سیاسیی دیاریکراودا).

(حزبمان حزبی سۆسیالیستی کوردستان _ عێراق / ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ،وەک حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێر هەر لە سەرەتاوە لە دیدێکی واقیعانە و لە بەر ڕۆشنایی سەرەتاکانی چارەی لینینی لە مەسەلەی نەتەوایەتیدا سەیری چۆنیەتیی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتیی گەلەکەمانی کردووە و هەر وەک لە بەرنامەکەشیدا هاتووە پێی وابووە کە خەباتکردن لە پێناو بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردمان کە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی وڵاتەکەی دابەشو پارچە پارچە کردووە، مافێکی ڕەوا و سروشتی بێ ئەملاو ئەولای خۆیەتی و دەبێ بە هەموو شێوەکانیەوە تێکۆشانی لە پێناودا بکرێ).

[1] ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە، شێوە دەسەڵاتێکی سیاییە و یاساو هەندێ دەسەڵاتی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام دەسەڵاتی تەواویان نیە و بە سیاسەتی دەسەڵاتێکی تر بەستراونەتەوە، بە تایبەتی سیاسەتی دەرەوە و بەرگری و ئابووری، ئۆتۆنۆمی بە قۆناغێک لە قۆناغەکانی سەربەخۆیی دادەنرێت، لە ساڵی ١٩٧٤ڕژێمی بەعس تاکلایانە ئۆتۆنۆمی بۆ باشووری کوردستان ڕاگەیاند، لەبەر ئەوەی ئۆتۆنۆمیەکە داتاشراوی بەعس بوو، کورد ناوی لێنا ئۆتۆنۆمی کارتۆنی.

(حزبمان هاوکات لەگەڵ جێگیرکردن و ڕوونکردنەوەی دروشمی مافی چارەیخۆنووسین لە پرۆژەی بەرنامەی سیاسیی خۆیدا، پێی وایە هوشیارکردنەوەی ڕێزەکانی خۆی و جەماوەری ستەمدیدەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دیاریکردنی ڕێوشوێنی چۆنیەتیی گەیشتن بەو مافە ئەرکێکی گرنگ و پێویستە کە دەبێ بە جیدی کاری بۆ بکرێ، چونکە گومانی تێدا نییە کە بنچینەی دەستپێکردن و ئەنجامدانی هەر کارێک و هاویشتنی هەر هەنگاوێک لە پێشدا پڕوپاگەندە و هاندانی سیاسی گەرەکە).

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و ئاشتبوونەوەی گشتی

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لەبەر هەڵوێست و بۆچوونەکانی هەر زوو لە لایەن هەندێ لایەنی تر کەوتە ژێر هەڕەشەی ڕاگەیاندن و دژایەتیکردن و گەمارۆدان و تەنگ پێهەڵچنین تا گەیشتە ڕادەی شەڕ لە بەرامبەرکردنی، بێئەوەی لەم بارەیەوە هیچ دەستپێشخەرییێک لە لایەن ئەو بێت، هەر زوو حزبی سۆسیالیستی کوردستان دژایەتیکردنی خۆی دەستپێکرد لە ڕێگای ئێرانەوە، هەندێک لە سەرکردە و کادیر و پێشمەرگەکانی لە لایەن ئێرانەوە چەک کران و دەستگیر کران، بە هەمان شێوە لە ناوچەی بادینان کە هێز و بارەگا سەرەکییەکانی لەوێ بوو، لەسەر داوای حزبی سۆسیالیستی کوردستان و دەوڵەتی ئێران، پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری لقی یەکیان گەمارۆ و هەڕەشە و چەککردن و گرتنی لە بەرامبەردا دەستپێکرد، یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش لە ڕاگەیاندنی خۆیدا دژایەتی کرد و لە ئێزگەکەیاندا حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی بە تاخمێکی سەربە نووسینگەی سەددام پێناسە کرد، لە دەشتی هەولێریش ڕێی لە جموجۆڵی کادیر و پێشمەرگەکانی دەگرت و شەهیدی دەکردن، تەنیا هێزێک کە هەڵوێستی باش بوو بێت حزبی شیوعی عێراق بوو، هەروا دۆستایەتی لەگەڵ ئالای شۆڕش و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان خۆشبوو، لە ناوچەی زێبار و گوندی کۆلەکانی بناری پێرس بنکە و بارەگاکانیان لە نزیک یەکتر بوو، حزبی شیوعی وێڕای هەڵوێستە باشەکانی لە بەرامبەر حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، هاوکاری دەکردن و یارمەتی دەدان، لەم بارەیەوە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

ئەم هەڵوێستەی حزبی شیوعی عێراقی بەرز نرخاندووە.
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، توانی شێلگیرانە لە بەرامبەر ئەم هەموو فشارانە خۆی بگرێت و بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی ئەم قۆناغەکە تێپەڕێنێ و هەنگاو بنێ بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکان، وێڕای ئەمەش لە بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی خۆیدا هەمیشە جەختی لەسەر ئاشتبوونەوە و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان و هاوپەیمانیەتی و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و بەرفرەوان دەکردەوە، هەنگاوەکانی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنەکان.

لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان

هەنگاوی یەکەمی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە ساڵی١٩٨٦ نامەیەک بە (مام ڕەشاد کۆیی) کە بەرپرسی ناوچەی کۆیە بووە و ئیش و کاری پەیوەندییەکانی هەڵسووڕاندووە، دەنێرن بۆ (ئیدریس بارزانی) لە ڕاژان، لە نامەکەدا داوا دەکەن کە (پەیوەندییەکانیان ئاسایی بکەنەوە و وادەیەک دابنێن بۆ دانیشتنی فەرمی لەگەڵ یەکتر)، ئیدریس بارزانی هەڵوێستی باش دەبێت و لە وەڵامی نامەکەدا دەڵێت: (کاک مەسعود بارزانی لەم چەند ڕۆژەدا دێتە ناوچەی بادینان و لقی یەک، ئێوە دەتوانن لەوێ لەگەڵ ئەو دابنیشن و منیش لەم بارەیەوە لەگەڵی دەدوێم)، لە ١٧ی تەموزی ١٩٨٦ ئەو چوار کادیرەی لە لای پارتی مابوون کە هێشتان ئازاد نەکرابوون (بەهمەن حوسێن، حەمید عەسکەری، ڕابەر ڕەشید و هەڵمەت) دوای (٧ مانگو١٤ ڕۆژ) بە بروسکەی ئیدریس بارزانی کە بۆ لقی یەکی کردبوو، ئەوانیش ئازاد دەکرێن، هەندێ لە بەرپرسانی پارتی وتبوویان (ئێمە غەدرمان لێکردوون) لە دوای وەرگرتنی وادەییێک بۆ دانیشتن لە گەڵ (مەسعود بارزانی) سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە (١٩٨٦/١٠/١٤)وەفدێک کە پێکهاتووە لە (قادر عەزیز و مامۆستا دارا و مام ڕەشاد کۆیی) کە پۆڵێک پێشمەرگە بە فەرماندەیی (فەرهاد مەنتک) یاوەریان ئەبن بۆ دانیشتن لەگەڵ (مەسعود

بارزانی) دەچنە ناوچەی (نێروە[1])، لەوێ لەگەڵی کۆدەبنەوە و پەیوەندییەکانیان ئاسایی دەکەنەوە و ئەو چەکانەی کە لای پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، هی ئەو ١٨ کادیر و پێشمەرگانەی لای ئەوان پێشووتر گیرابوون، چەکی تر لە بڕی ئەوان وەردەگرنەوە، هەر پاش ئەو دانیشتنە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بەشێک لە بارەگاکانی خۆی بردوونەتەوە گوندی (کافیا) شوێنی پێشووتری خۆیان، بەڵام هیچ بارەگایەکیان نەبردۆتەوە گەلی زێوشکان کە سەرەتا بارەگای سەرەکیان لەوێ بووە.

لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستان

هەنگاوی دووەمیان بۆ لای حزبی سۆسیالیستی کوردستان دەبێت، لە تەشرینی یەکەمی ساڵی١٩٨٧ (بەڵێن عەبدوڵڵا) ئەندامی کۆمیتەی ئامەدەکردنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لەسەر راسپاردەی حزبەکەی بە وەفد ئەچێتە لای حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لە گوندی (کاولان[2])ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە سەرکردایەتیان لەوێ بووە، دانیشتنێک لە نێوان ئەم دوو حزبە ئەنجام دەدرێت، لە لایەن حزبی سۆسیالیستی کوردستان (رەسول مامەند و دکتۆر مەحمود عوسمان و مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا و مامۆستا ئەمین) دەبن، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەیەوێت وەک دوو حزب پەیوەندییەکانیان ئاسایی بێتەوە، هەرچی حزبی سۆسیالیستی کوردستانە بە هەناسەی ساڵی ١٩٨٥ کە جیابوونەوەی تیا ڕوودا مامەڵە دەکات و داوا دەکات کە پەیوەندیان پێوە بکەن و بێنەوە ناویان، (بەڵێن عەبدوڵڵا) بە ڕاشکاوی بە وەفدی حزبی سۆسیالیستی کوردستان دەڵێت: (ئێمە دەمانەوێت وەک دوو حزب پەیوەندییەکانمان ئاسایی بکەینەوە و چیتر گرژی و ئاڵۆزی لە نێوانمان نەمینێت، ئەگەر ئامادەنە ئەمە بکەن زۆر باشە و بە هەنگاوێکی گرنگی دەزانین لە پرۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتیدا)، لەم دانیشتنەدا ناگەنە ئەنجامێک، هەڵویستی (دکتۆر مەحمود عوسمان و مامۆستا

[1] نێر وە، دەڤەرێکە سەر بە قەزای (ئامێدی)یە.

[2] گوندی کاولان، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەربە شارۆچکەی سەردەشتە.

سەعد و مامۆستا ئەمین) لەم بارەیەوە نەرم بووە، بۆ ڕۆژی دوایی حزبی سۆسیالیستی کوردستان داوا دەکات دووبارە کۆببنەوە، لەم کۆبوونەوەیە دەگەنە ئەنجامێکی باش و وەفدی حزبی سۆسیالیستی کوردستان داوا دەکات کۆبوونەوەی تر بکەن و لە کۆبوونەوەکەدا (قادر عەزیز)یش ئامادەبێت کە کەسی یەکەمی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بووە، (بەڵێن عەبدوڵلا) لە ڕێگای بێتەلی (حزبی شیوعی عێراق) لە خواکورک بروسکەیەک لەسەر کۆبوونەوەکەی لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستان بۆ سەرکردایەتیی خۆیان لە گوندی (کافیا)ی بناری چیایی گارە دەنێرێت، پاش چەند ڕۆژێک وەفدێکی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کە پێک هاتبوون لە (قادر عەزیز و مامۆستا دارا) لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە کە (نایف ڕەحمان) بەرپرسیان بووە، بەڕێدەکەون بۆ خواکورک و دەچنە بارەگاکانی حزبی شیوعی عێراق و لەوێ چەند ڕۆژێک دەمێننەوە، هەر لەوێ لەگەڵ (حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان و ئاڵای شۆڕش) کۆدەبنەوە.

دوای ئەوەی وادەیەک لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان وەردەگیرێ کە (بەڵێن عەبدوڵلا و مام ڕەشاد کۆیی) ڕێکیانخستبوو، کە ئەو کات لە ئێران بوون بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی و دانیشتن لەگەڵ لایەنەکان، وەفدەکەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە پسولەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بەڕێدەکەون بۆ ئێران، لە بازگەی شنۆوە دەستگیر دەکرێن کە بریتی دەبن لە (قادر عەزیز و بەڵێن عەبدوڵلا و مامۆستا دارا) لەگەڵ سێ پێشمەرگە (ڕۆسەتم سیاوی[1] و هەڵۆ کەرکوکی و ئاکۆ ئاکۆیی) دەبرێنە پادگانی شنۆ، پاش کەمتر لە نیو کاتژمێر بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت ئازاد دەکرێن، ئێرانییەکان نازانن کە ئەمانە سەر بە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانن و

[1] شەهید ڕۆستەم (جەعفەر حوسێن عەلی)، لە ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی سیاو لەخێزانێکی شۆڕشگێڕ لەدایک دەبووە، تا قۆناغی سێی ناوەندی خوێندووە، لە ساڵی١٩٨٤پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنیەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کردووە، لە ساڵی١٩٨٦ بوەتە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، شەهید ڕۆستەم یەکێک بوو لەو پێشمەرگانەی کە خۆشەویستی هاوڕێو هاوسەنگەرانی بوو، لە شەوی ١٩٨٨/٨/١ لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی لەگوندی ئارماوانی خوار و نزیک کۆڕێ، دەکەوێتە کەمینێکی جاشە خۆفرۆشەکانی (صلاح شینە)و پاش شەڕێکی دەستە و یەخە شەهید دەبێت.

گیرانەکەشیان لەسەر ئەوە بووە کەسێکی باشووری کوردستان، پیاوێکی سەر بە دەزگاکانی ئێرانی کوشتبوو خۆی ون کردبوو، ئەو ڕۆژە هەر کەسێکی ئێرانی نەبووبێت لە بازگاکانی دەوربەری شنۆوە دەستگیر دەکران. لە شنۆوە دەچنە ماڵی (سەمەد تیکالۆ[1]) و بۆ ئێوارە دەچنە نەغەدە کە وادەی دانیشتنیان لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستان لەوێ لە ماڵی (مەحمود کاکە زیاد کۆیی[2]) دەبێت، شەو لەوێ وەفدی هەردووک لا کۆدەبنەوە، وەفدی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بریتی دەبێت لە (ڕەسوڵ مامەند سکرتێری حزب) لە کۆبوونەوەکە سۆسیالیست بە خواستی یەکگرتنەوە هەوڵدەدات، زەحمەتکێشانیش ئەم پرسە بە پرسێکی گرنگ و گەڕانەوە بۆ وەرگرتنی بۆچوونی سەرکردایەتی و فەرماندەی پێشمەرگە و کادیر و ڕێکخستنەکان سەیر دەکات، هەردووک لا پەیوەندییەکانیان ئاسایی دەکەنەوە، سۆسیالیست وەفدەکەی زەحمەتکێشان بانگهێشت دەکا بۆ میوانداری بۆ بارەگای سەرکردایەتیان لە گوندی (کاولان)، وەفدی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ شەو دەچنە ماڵی (بارزان مەلا خالید[3])، بۆ ئێوارەی ڕۆژی دواتر دەچنە سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و شەو لەوێ دەبن و ڕۆژی دواتر بەیانی دەچنە (سەقز)، تا لەوێ بەڵگەکانیان بگۆڕن و سەفەر بکەن

---

١ عەبدولسەمەد عەبدولقادر مەولود لە ساڵی ١٩٥٦لە گوندی تیکالۆی ناوچەی کەندێناوە لەدایک بووە، ساڵی ١٩٧٤ دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، دوای نسکۆی ١٩٧٥ لە ئەمنی مەخمور دەستگیر دەکرێ، ساڵی ١٩٧٧دەبێتە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالست لە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر، دوو جار بریندار دەبێت لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ دەچێتە کەندا، لەساڵی٢٠٠٠دەگەڕێتەوە کوردستان، لە ٢٠٠٨/٥/٢٢ لەگوندی تیکالۆ بەدەستێکی ڕەش شەهید دەکرێت.

٢ مەحمود کاکە زیاد کۆیی، لە ساڵی ١٩٣١ لە کۆیە لە دایک بووە، تا یەکی ناوەندی خوێندووە، لەگەڵ پەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١بۆتە پێشمەرگە و کراوە بە فەرماندەی لەشکری کۆیە، لە ١٩٧٥بووە بە ئامر هێزی کاوە لە پشدەر، پاش نسکۆی شۆڕش لە ئێران دەمێنێتەوە و لە شاری نەغدە جێگیر دەبێت، لە ٢٠١٢/١/١٣لە سوید کۆچی دوایی دەکات، تەرمەکەی دەهێنرێتەوە کوردستان و لە گۆڕستانی کەکۆن لە شاری کۆیە بە خاک دەسپێردرێ.

٣ بارزان خالید عەزیز، ١٩٤٥ لە دایک بووە، تای قۆناغی ناوەندی خوێندووە، لە ١٩٦٦ بۆتە پێشمەرگە و لە ١٩٦٨ چۆتە ڕادیۆی دەنگی کورستان تا ١٩٧٠ بێژەر بووە، لە ١٩٧٤ دووبارە چۆتەوە ڕادیۆ تا شکستی شۆڕش، دەگەڕێتەوە عێراق و دوور دەخرێتەوە بۆ ڕومادی و لە ١٩٧٩ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی سۆسیالیست دەکات و لە ڕاگەیاندن کار دەکات، لە ١٩٨٢ دەچێتە ناو پارتی و دەبێتە بێژەر لە دەنگی کوردستان تا ڕاپەڕین، لە یەکەم هەڵبژاردن دەبێتە ئەندامی پەرلەمان و بریکاری وەزیری ڕۆشنبیری، لە ٢٠٢٠/٨/٢٥ کۆچی دوایی دەکات.

بۆ تاران بۆ دانیشتن لەگەڵ (مام جەلال)، چونکە بەر لە ڕۆیشتنیان بۆ خواکوڕک وادەی کۆبوونەوەیان لەگەڵ مام جەلال وەرگرتبوو، مام جەلال لە تاران بووە و لەسەر سەفەر بووە بۆ ئەوڕوپا، لە سەقز شوێنی پشوو و مانەوە لە ئوتێل دەگرن کە نووسینگەی پەیوەندییەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانیش لە هەمان ئوتێل و (مەلا ناسیح) بەرپرسی بووە، یەک ڕۆژ دواتر پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەچن پسولەیان بۆ بکەن لە لای ئێرانیەکان تا سەفری پێبکەن بۆ تاران بۆ مەبەستی دانیشتن لەگەڵ مام جەلال، لەوێ ئێرانییەکان پێدەزانن کە ئەمانە زەحمەتکێشانن، دەڵێن چۆن دەبێت ئێمە نەزانین و بێ پرس زەحمەتکێشان بێنە ناو خاکی ئێران کە بۆ ئەوان قەدەغەیە، یەکسەر دەچن لە ئوتێل دەستگیریان دەکەن و بەڕێیان دەکەن بۆ کرمەشان، ئەو سێ پێشمەرگەی لەگەڵ وەفدی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستاندا بوون، ئەو دەم لە کاتی گرتنیان لەوێ نەبوون و ئێرانییەکان نەیان زانیەوە، بە هۆیی دەستگیرکردنیان وەفدەکەی حزبی زەحمەتکێشان، ڕێکنەکەوت و نەیانتوانی لەگەڵ مام جەلال کۆببنەوە.

ئێرانییەکان بۆ ماوەی (٢٠ ڕۆژ) لای خۆیان وەک دەستبەسەر هێشتبوونەوە، وێڕای لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە لەگەڵیان داوایان لێکردبوون ئێوە هاوکارمان بن و هاریکاریمان بکەن وەک لایەنەکانی تر، هەرچی دەتانەوێت بۆتان دابین دەکەین لە چەکو پێداویستی تر، کە زانیاریمان هەیە ئێوە لەم ڕووەوە کەم و کورتیتان هەیە، لە هەر شوێن و ناوچەیەک بتانەوێت بنکە و بارەگا دابنێن کەس ناتوانێت ڕێگریتان لێبکات و پێویستیش ناکات لەگەڵ هیچ لایەنێک دابنیشن، ئەوانیش ئەم داوایەی ئێرانییەکانیان بەهەل زانیبوو بۆ ئەوەی لەم دەستبەسەریە رزگار بن و بگەڕێنەوە لای هاوڕێیەکانیان، پێیان وتبوون ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان نییە تا بڕیار لەوە بدەین لەگەڵتان ڕێکبکەوین، دەبێت ئەم بابەتەلەگەڵ هاوڕێیانمان لە سەرکردایەتی باس بکەین، ئێرانییەکانییش پێیان وتبوون دەباشە ئێوە دەتوانن بگەڕێنەوە لای هاوڕێیەکانتان و ئەم بابەتەیان لەگەڵدا باس بکەن، بەم جۆرە ئەم وەفدەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕزگاریان دەبێت و دەگەڕێنەوە بارەگاکانی خۆیان و داواکەی

ئێرانیش بەهیچ شێوەیەک جێبەجێ ناکەن.

لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پاش نزیکەی ١٠ ساڵ شەڕ و گرژی و ململانێی سیاسیی نێوان لایەنەکان بە تایبەتیش نێوان (لایەنەکانی بەرەی جود و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) کە لە ڕووی سیاسی و مۆڕالی و کۆمەڵایەتی و مرۆیی و جەماوەری زیانێکی گەورەی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی داو نەتوانرا هێز و توانایەکان یەکبخرێن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمن کە بە هەموو هێز و توانایاوە لە ڕێگای سیاسەتی (بە عەرەبکردن و بە بەعسیکردن و ڕاگواستن[1]) تا گرتنەبەری سیاسەتی قرکردن و لە ناوبردن بەرامبەر بە گەلی کوردستانی بەکار هێنا، لایەنەکان بەرەو ئاشتبوونەوەی گشتی چوون، هەرچەندە هەنگاوی کرداری بۆ ئاشتبوونەوە زۆر دوا کەوت، دەبوایە هەر شەڕی ناوەخۆ ڕووینەدابوایە، کە ڕووشیدا زوو چارەسەر کرابا و نەگیشتبا ئەو ڕادەیەی کە دوژمن لە بیربکرێت، سەرەڕایی ئەمەش هەنگاوێکی نیشتمانی و باش‌و گرنگ بووە، لایەنەکانی بەرەی جود (سۆسیالیست و پارتی و پاسۆک و شیوعی) بە جیا لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاشتبوونەوە، بەم هۆیەوە لایەنەکان دەیانتوانی لە تەواوی ناوچە ئازادکراوەکان جموجۆڵی سیاسی و سەربازی ئەنجام بدەن، جگە لە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، کە بێکێشە و ئازادانە نەیدەتوانی لە هەموو ناوچەکانی سۆران کاری سیاسی و سەربازی بکات، پێی باش نەبووە بەم هۆیەوە گرژی و کێشە دروست بن، بە تایبەتیش لە دەشتی هەولێر و کۆیە و خۆشناوەتی کە ئەم سێ شوێنانە ناوچەی گرنگ بوون بە نسبەت ئەم حزبەوە بە تایبەتیش لە هەموویان گرنگتر دەشتی هەولێر.

دوای ئاشتبوونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی

[1] سیاسەتی بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن، ڕاگواستن، (تەعریب، تەرحیل، تەبعیس) پرۆسەیەک بوو حزبی بەعس لە بەرامبەر کورد و کوردستانی ئەنجامی دا بە مەبەستی وێرانکردن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان، ئەم پرۆسەیە (سێ کوچکەی بەعس) لە ١٩٨٣دەستی پێکردووە تا ڕۆژی ڕوخانی بەعس لە ٢٠٠٣/٤/٩بەردەوام بووە.

کوردستان، یەکێتیی هێزێکی نارده بادینان و بارەگایان لە گەلی زێوشکان دانا، کۆنە بارەگاکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیان کرد بە بارەگای خۆیان، (ئازاد هەورامی[1]) بەرپرسی یەکەمی ئەم هێزە بوو، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، خواستی بوولەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆبێتەوە و پەیوەندی ببەستن، بۆ ئەم مەبەستە نامەیەک بە (سەعد خالید) لە بەهاری ١٩٨٧ دەنێرن بۆ ئازاد هەورامی، هەڵوێستی باش دەبێت و ئەم داخوازییەی زەحمەتکێشان بە بروسکەیەک سەرکردایەتی ئاگادار دەکاتەوە، (مام جەلال) ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ بۆ دانیشتن و داوا دەکات وەفدێکیان بچێتە لای، بەڵام لەبەر بارودۆخی ناوچەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕێکنەکەوت وەفدی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بچێت بۆ دانیشتن و گفتوگۆ، دواتر لە لایەن یەکێتی ئاگادار کرانەوە کە مام جەلال لەم ماوەیەدا دەچێتە ئێران و سەفەری هەیە بۆ ئەوڕوپا، دەتوانن لە ئێران ببینن و لەگەڵیدا دابنیشن، ئەمە بۆ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان باش بووە، چونکە هەر لەو کاتەدا وەفدێکیان دەچووە خواکورک و پاشان بۆ ئێران بۆ دانیشتنلەگەڵحزبی سۆسیالیستی کوردستان، بۆیە وەڵامی یەکێتی دەدەنەوە کە ڕازین وەفدیان بنێرن بۆ ئێران و لە تاران لەگەڵ مام جەلال دابنیشن، هەمان ئەو وەفدەی کە چووە ئێران و لەگەڵ حزبی سۆسیالیست کۆبوونەوە، ڕاسپێردراوە بچنە تاران و مام جەلال ببینن، بەڵام ئەوە ڕێکناکەوێت و وەفدەکەیان لە سەقز دەگیرێن.

دانیشتنی فەرمی و ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەوێتە دوای ئەنفالەکان، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەندیەکانیان ئاسایی دەکەنەوە.

---

[1] ئازاد هەورامی، ئازاد عەبدولمەجید عەبدولغەفار، ١٩٥٤/١٢/٣١لە کەرکوک لە دایک بووە، بنەماڵەکەیان لە هەورەمانەوە هاتوونەتە کەرکوک، ١٩٧٢ چووتە نێو کۆمەڵە و لە ١٩٧٦ بۆتە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکان، لە ١٩٧٦/٧/٨ بۆتە پێشمەرگە و لە ١٩٧٧ بۆتە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی، لە هەرسێک کۆنفرانسی کۆمەڵە هەڵبژێردراوە بۆ ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە، لە ١٩٨٧ بۆتە بەرپرسی مەڵبەندی بادینان، لە ١٩٨٨/٨/٣١لە قەندیل شەهید بووە.

کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ١٩٨٨/٣/١٦

کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەعسی فاشست لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ هەموو پێوەرەکانی مرۆڤایەتی و ڕەوشتی سیاسی تێپەڕاندو گەورەترین تاوانی جنیوسایدی لە بەرامبەر هاوڵاتیانی سڤیل پیادەکرد و لە ماوەی چەند خولەکێکدا گیانی پێنج هەزار مرۆڤ هەڵوەری، بەم تاوانە مەزنە ڕووی بەعس ڕەشتر بوو، هیچ بەهایەکی بۆ مرۆڤایەتیی خۆی نەهێشتەوە.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لەو سەردەمەدا کە تاوانی کارەساتی هەڵەبجەی تیا ئەنجامدرا، بەیاننامەیەک بڵاودەکاتەوە، ئەمەش دەقی بەیانامەکەیە کە بە زمانی عەرەبی لە ژمارە (٥) ی گۆڤاری پێشکەوتن ساڵی(٣) نیسانی ١٩٨٨ بڵاوبۆتەوە، لێرە وەرگێڕدراوتە سەر زمانی کوردی بۆ دەقە عەرەبییەکەی بڕوانە بەشی دیکۆمێنتەکان.

هەڵەبجە.. هێرۆشیمایەکی ترە لە مێژوودا

لە کاتێکدا جەماوەری گەلی کوردمان خۆی ئامادە دەکرد بۆ پێشوازیکردن لە جەژنی نەورۆز، جەژنی نیشتمانی و نەتەوەیی، ڕژێمی فاشی سەددام تاوانێکی ڕەشی تری بەرامبەر ئەنجامدا، کە لە هەموو تاوانە قێزوەن و دڕندەکانی ڕابردووی گەورەترە.

پاش ئەوەی ناوچەکانی جافایەتی و شارەزوور و خورماڵ و قەرەداغ کەوتنە بەر هێرشی چەکی کیمیایی، دەست و پێوەندەکانی سەددام حوسێنی فاشی جارێکی تر هەستان بە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی تر بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بۆ سەر شاری هەڵەبجەی خۆڕاگر، بەگوێرەی هەواڵە بەراییەکان، ژمارەی قوربانیان نزیکەی (٥٠٠٠) شەهیدو زیاتر لە (٤٠٠٠) بریندارە کە زۆربەیان ژن و منداڵ و پیرن.

پاش ئەوەی ڕژێمی فاشی لە مانگی نیسانی ساڵی ڕابردوو بڕیاری دا کە گوندەکانی کوردستان وێران بکات، تا ئێستا زیاتر لە (٣٠٠٠) گوندی

سوتاند و وێرانی کردن، دانیشتوانیشی گواستەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان کە هاوشێوەی گرتیەکانی سەربازگاکانن .

ئەو پێشێلکارییەی ڕژێمی فاشی بۆ یەکەمین جاری نییە و بەڵکو چەندین جار چەکی کیمیایی و گازی سامی بەرامبەر بارەگاکانی هێز و لایەنەکانی نیشتمانی و هاوڵاتیانی ناوچەکانی جافایەتی لە پارێزگای سلێمانی، خۆشناوەتی لە پارێزگای هەولێر و بەهدینان لە پارێزگای دهۆک بەکار هێناوە، کە بووە هۆی شەهید و بریندار بوونی سەدان هاوڵاتی بێتاوان و ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لێیان، ڕژێمی فاشی سەددام بە ئەنجامدانی ئەم تاوانەی ئەبێتە یەکەمینی ڕژێمە فاشییەکان کە لە مێژوودا چەکی کیمیایی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر هاوڵاتیانی خۆی لە ناو وڵات بەکار بهێنێ.

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ڕژێمی فاشی سەددام، بە بیانوی تۆڵەکردنەوە لە ئێران شاری هەڵەبجەی بۆردومان کردووە، ڕژێم پاش ئەوەی لەم شەڕەی تێکشکا و لە شارەکە پاشەکشەی کرد، نەسڵەمیەوە لە بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێک بۆ لەناوبردنی دانیشتوانی هەڵەبجە.

ئەم تاوانە و هاوشێوەکانی وتارێکی دیکتاتۆری عێراق، بەبیر دێنێتەوە کە لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕ وتی: هەر کەسێ بیەوێ لە دوای ئێمە فەرمانڕەوایەتی عێراق بکات ئەوە دێتە سەر خاکێکی چۆڵ، ئەمەش مانای ئەوە ئەدات کە ڕژێم لە مەرگ و نەمانی نزیک بۆتەوە.

ئەو تاوانەی ڕژێم لە هەڵەبجە ئەنجامیدا قێزەونییەکەی کەمتر نییە لەو تاوانانەی کە نازیەیکانی هیتلەر ئەنجامیاندا، سەرەڕای ئاڵۆزی و خراپی باردۆخی کوردستان، هەروا تاوانەکانی ستەمکار، شەڕی قادسیە و هەموو ئەو تاوانانەی بەرامبەر گەلەکەمان کراون، ئەوە تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە (هێرۆشیما)ی دووەمە.

جەماوەری خۆڕاگری کوردستان ..

هێزە تێکۆشەر و نیشتمانپەر وەرەکانی کوردستان و عێراق..

ئەم بارودۆخە مەترسیدارە کە هەڕەشە لە گەل و نیشتمان دەکات، لە هەموو

کاتێک زیاتر لە ڕابردوو هەموو هێزە نیشتمانییەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتیی مێژوویی بۆ پەلەکردن بۆ یەکخستنی ڕیزەکانیان لە بەرەیەکی نیشتمانیی عێراقی بەرفرەواندا، یان پەلەکردن لە پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی کوردستان لە نێوان هێزە تێکۆشەرەکانی گۆڕەپانەکە، بۆ ئەوەی ببێتە هەنگاوێک بۆ دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی عێراقی بەرفرەوان بۆ بەڕێوەبردنی ڕووخانی فاشیەت و ڕزگارکردنی گەل و نیشتمان لە هەموو ئەو ناخۆشی و کارەساتانەی بەسەریدا هاتوون.

ئێمە لە کاتێکدا پرۆتستۆی توندی ئەم تاوانە قێزەونە دەکەین کە بەرامبەر گەلەکەمان ئەنجامدراوە، لە هەمان کاتدا پەیمان نوێدەکەینەوە بۆ سوربوون لە سەر خەبات و تێکۆشانمان شان بە شانی هێزە نیشتمانییەکانی تر بۆ ڕووخاندنی فاشیەت، هەروەها داوا لە ڕای گشتی پێشکەوتووخوازی عەرەبی و جیهانی دەکەین ئەو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییە شەرمەزار و پرۆتستۆ بکەن و پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بکەن.

با دەست و پێوەندەکانی سەددامی تاوانبار باش بزانن کوشتن و بڕین و تیرۆر، توانا و خۆڕاگری گەلە تێکۆشەرەکەمان لەق ناکا، بەڵکو بیروباوەڕی بەهێزتر دەکات بۆ سووربوون لەسەر خەبات و تێکۆشان تا بە هەموو مافەکانی دەگات.

-نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی هەڵەبجە و خورماڵ و قەرەداغ و شارەزوور و جافایەتی و تەواوی شەهیدانی کوردستان و عێراق.

-پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان بۆ خانەوادەی شەهیدان ڕادەگەیەنین، هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین.

-ڕێز و سڵاوی وەفاداری بۆ جەماوەری خۆڕاگری گەلەکەمان لە کوردستان و عێراق .

-نەمان بۆ فاشیەت . سەرکەوتن بۆ ئیرادەی گەلەکەمان.

حزبی سۆسیالیستی کوردستان _ عێراق

ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ

کۆمیتەی ئامادەکردن

١٩٨٨/٣/٢١

بەشی هەشتەم

داستان و چالاکیەکانی پێشمەرگە

داستان و چالاکیەکانی پێشمەرگە

لایەنەکانی بەشدار لە شۆڕش و خەبات و تێکۆشانی شاخدا، خەباتی چەکداریان وەک ئامرازێک لە تەک ئامرازەکانی تری خەباتی سیاسی و جەماوەری گرتۆتە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، دیارە لەو ڕۆژگارەدا خەباتی چەکداری وەک سەرەکیترین ئامراز هەڵبژێردراوە، ئەمەش وەک کاردانەوە و بەرگریکردن بووە لە بەرامبەر دووژمنی داگیرکەر کە سیاسەتی قڕکردن و سوتماکی لە بەرامبەر گەلی کوردستان و نیشتمانەکەی گرتبووەبەر، بۆیە گەلی کورد بە ناچاری پەنای بردووە بۆ شێوازی خەباتی چەکداری بۆ بەرگریکردن لە مانەوەی خۆیی و گەیشتن بە ئازادی.

ئەوەی بە لای پێشمەرگەوە زۆر گرنگ و جێگای بایەخ و دڵخۆشکەرانە بوو، ئەنجامدانی چالاکی بووە لە دژی دووژمن، کاتێ پێشمەرگە چالاکی ئەنجامدەدا ورەی شۆڕشگێڕی و ئازایەتی لە بەرزیدا دەبوو، جەماوەریش پێی دڵخۆش دەبووو خۆشەویستیان ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ پێشمەرگە زیاتر دەبوو، چالاکییەکان جۆراوجۆر بوون وەک (لێدان لە ڕەبایەی سەربازی، کەمین و بۆسە دانانەوە، لێدان لە مۆڵگە و بنکە و بارەگای ئەمن و ئیستخبارات و پیاوانی حزبی بەعس و خۆفرۆشان لە ناو شار و شارۆچکە و ئۆردوگایەکان)، چالاکی نواندن و شەڕکردن هەندێ جار بە بەرنامە و پلان بووە لە لایەن هێزی پێشمەرگە دادەڕێژراو شوێن و کاتەکەی دیاری دەکرا، بە پێچەوانەشەوە زۆر جار دووژمن دەستپێشخەر دەبوو، لە هەردووک جۆریاندا پێشمەرگە ڕووبەڕووی سەرکەوتن و شکست دەبۆوە، بەڵام زۆربەی جاران هەر لە سەرکەوتندا بووە، چالاکییەکان لە ڕوێکی ترەوە گەورە و بچوک بوون، هەندێ جار لە یەک پێشمەرگە تا پۆلێک پێشمەرگە پێی هەڵساون جاری واش بووە بە هێزێکی زۆرەوە ئەنجام دراوە، هەڵبەتە کوژراو و بریندار بوون و بە دیلبوونیش لە هەردوولا لە دوژمن و ڕیزەکانی پێشمەرگەدا هەبووە، لە زۆربەی چالاکییەکانیشدا زیانی گیانی و ماڵی بە دوژمن کەوتووە و

پێشمەرگەش دەسکەوتی بووە بە تایبەتیش چەکو تەقەمەنی، هەندێ لە چالاکی و شەڕەکان پێناسەی تری وەرگرتووە و پێشمەرگە ناوی ناوە (داستان)، داستان بەرفرەوانتر و بردنی کاتی زۆر و دەسکەوتی باش و زیانی زۆری دوژمن بووە.

پێشمەرگەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان وێڕای کۆمەڵێک گرفت کە ڕووبەڕووی بووبوو، وەک فشاری لایەنەکان و نەبوونی ئیمکانیەت و پێداویستی پێشمەرگەیی، ئامادەگی و ڕۆڵی هەبووە لە خەباتی چەکداریدا، ئەم حزبە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان درێژەی هەبوو، بەردەوامبوو لە چالاکیی پێشمەرگەیی دژی دووژمنی داگیرکەر، جێپەنجەی دیار بوو لەم بارەیەوە، سەرەڕای ئەوەی هیچ هاوکارییێکی وەک (چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازی و پارە و ئازوقە[1]) لە هیچ وڵاتێکی وەرنەگرتووە و کۆمەک نەکراوە، خۆشی لەو جۆرە هاوکاریە دوور گرتووە و هەوڵی بۆ نەداوە، تەنیا پشتی بە تواناکانی خۆی و دۆست و لایەنگرانی بەستبوو.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان هێزی پێشمەرگەی خۆی بە بیری شۆڕشگێڕی و پشتبەستن بە خۆی و جەمارەکەی گۆش کردبوو، ڕۆڵی هەبوو لە بەشداریکردنی لێدانی بنکە و مۆڵگەکانی ڕژێمی داگیرکەری بەعس، نمونەی وەک داستانی (ترپەسپیان) لە دەشتی هەولێر کە لێدانێکی گورچک بڕبوو بە هێزەکانی داگیرکەر کەوت لە وێ ڕۆژێ، لەم داستانەدا فەرماندەیەکیان (قەهار عەزیز) شەهید بووە، هەروا لە داستانی (شیڵادزێ ١٩٨٧/٥/٢٩) لە ناوچەی بادینان کە هاوبەش لەگەڵ (پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێرق) تۆمار کراوە، شاعێر و فەرماندە (هەژار دێدەوانی) شەهید دەبێت، هەروا چەندین نەبەردی تری لە ناوچەکانی بادینان و دەشتی هەولێر و کۆیەو شەقڵاوە و هەریر و برادۆست و شوێنەکانی تری

[1] زۆربەی حزب و لایەنەکانی باشووری کوردستان پەیوەندیان لەگەڵوڵاتانی دەور وبەر هەبوو، بەتایبەتیش ئێران، لە ڕێگای ئەم پەیوەندیانە (چەکو تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازی وپارە و ئازوقە)یان وەردەگرت، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، نەک هەر ئەم هاوکاریانەی وەرنەدەگرت بەڵکو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئێراندا نەبوو.

کوردستان تۆمار کردووە.

لێرەدا بەشێک لەو داستان و چالاکیانەی پێشمەرگەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە نموونە دەخەینە ڕوو، کە لە بەشێک لەو بەیاننامانە و بڵاوکراوەی سەردەمی(خەباتی شاخ)ی ئەم حزبە

داستانی ترپە سپیان ١٩٨٦/١٠/٢٧

دوای ئەو بارودۆخە ناهەمواره‌ی کە ئەم حزبە بەسەریداهات لە فشار خستنە سەری و گەمارۆدان و دەستبەسەرداگرتنی بارەگا و شەهیدکردن و دەستگیرکردنی پێشمەرگە و کادیرەکانی، توانی لە بەرامبەر ئەم هەموو فشارانەی کە لە چەندین لاوە لەسەری بوو خۆی ڕابگرێ و چۆک دانەدات و لەسەر هەڵوێستە چینایەتی و نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانی بەردەوام بێت و تا ڕادەیەکی باش پەرە بە کاری سیاسی و ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی و ڕاگەیاندنی خۆی بدات، بە هەوڵی خۆی بەرە بەرە بارودۆخەکەی بەرەو هێمنی بردوە و لە ڕێی دانیشتن و گفتوگۆ هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی داوە.

بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، بارێکی تر هاتۆتە پێش و دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە کە زیاتر بپڕژێنە سەر کاروباری حزبایەتیی خۆیان، بەتایبەتیش لە بارەی پێشمەرگایەتی و ڕێکخستندا، هێزێکی پێشمەرگە لە قوەکانی (قەرەچوغ و بەڕانەتی و سەفین و دەشتی هەولێر)و (ناوچەی دەشتی هەلێر) ڕێکدەخات، دوو ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکاری (بەڵێن عەبدوڵلا) و (دکتۆر سەردار) لەگەڵ ئەم هێزە دەبن و لە (تەشرینی یەکەمی ١٩٨٦) بۆ جەولەی پێشمەرگایەتی و کاروباری حزب لە سەرکردایەتی بەڕێدەکەون بۆ ناوچەی هەریر و شەقڵاوە، لەوێشەوە بۆ دەشتی هەولێر، دەستەیەک بۆ بەرپرسی هێزەکە لە سێ کەس دیاردەکرێت:

١. بەڵێن عەبدوڵلا بەرپرسی یەکەم و بەرپرسی سیاسی.
٢. دکتۆر ڕەشید بەرپرسی پێشمەرگە .
٣. دکتۆر سەردار بەرپرسی دارایی و جێگر.

بە بناری شاخی پێرسدا دەڕۆن و بە شاخی کۆریسا سەردەکەون، لە

گوندی (بیێ[1]) دەمێننەوە و ڕێوشوێنی پەڕینەوە لە زێی بادینان ڕێکدەخەن و ئێوارە بەرەو سەر زێ دەچن، لە خوار قەندیل بە (کەلەک) دەپەڕنەوە و بۆ بەرەبەیان دەگەنە گوندی (بابەگیسک[2])ی دەشتی هەریر، ئەوە بۆ یەکەمین جارە ئەم حزبە بە هێزێکی زۆرەوە ڕوو لەو ناوچەیە بکات، بۆ چەند ڕۆژێک لە گوندەکانی (بابە گیسک، گڕاو، ڕەزگە، زێبارۆک و سەرکەند) دەمێننەوەو جەولەی تێدا دەکەن، لەوێ پەیوەندی و دیدار لەگەڵ ڕێکخستنەکانی شار دەبەستن، لەو ناوچەیەدا پێشمەرگەکانی (پارتی و شیوعی و ئالای شۆڕش) یش بە بەردەوامی لە جەولە و چالاکیدابوون، نیازی ئەم هێزە ئەوە بووە کە بچێتە دەشتی هەولێر و لە (دەشتی هەولێر و مرکیە و شەمامک و کەندێناوە) جەولە بکات، ئەمەش بۆ مەبەستی ئەوە بووە کە (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) پێویست بووە بە هێزێکی زۆرەوە بچێتە ئەم ناوچانە و کار و چالاکییەکانی خۆی تێدا ئەنجام بدات و خۆی زیاتر بناسێنێت و زیاتر مۆڕاڵی ئەندام و لاینگر و جەماوەری خۆی بەرز بکاتەوە و لە نزیکەوە تێکەڵی یەکتر بن، چونکە ئەم ناوچانەی بە سەنتەری هێزی خۆی دەزانی، هەرچەندە هەمیشە و بەردەوام (مەفرەزە)ی پێشمەرگە و دەستەی کادیرانیان لەو ناوچانە هەر هەبووە و کار و چالاکیان نواندووە.

لە هەمان کاتدا هێزێکی لقی دووی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەکە دەسووڕانەوە بە فەرماندەیی (خدر سوارە[3] و جەمال مورتکە و مامۆستا مەهدی و ئەبو زێد)، هەردووک هێزی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) و (پارتی دیموکراتی کوردستان) ڕێکدەکەون کە پێکەوە و هاوبەش بە جەولە بچنە دەشتی هەولێر، ئەو کات هەر هێزیک چووبایە دەشتی هەولێر ئەگەر خۆی نەپاراستبا ئەوە لەگەڵ هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان توشی شەڕ و پێکدادان دەبوو، چەند ڕۆژێک پێشووتر پارتی

---

[1] گوندی بیێ، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای ئاکرێ.

[2] گوندەکانی (بابە گیسک، گڕاو، ڕەزگە، زێبارۆک، سەرکەند) دەکەونە سنووری قەزای شەقڵاوە.

[3] خدر سوارە خدر لە ١٩٤٩ لە گوندی ئازیکەندی سەر بە قەزای مەخمور لە دایک بووە، لە ١٩٧٥تا ١٩٧٩ زیندانی کراوە، لە ١٩٨٠پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، لە ١٩٩٤/١٢/٢٥لە بەحرکە شەهید بووە.

لەگەڵ یەکێتیی کەوتبوونە شەڕ و پێکدادان و قوڕبانی لێکەوتبۆوە، (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) نێوانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆش نەبووە، هەمیشە مەفرەزەکانی لە دەشتی هەولێر خۆیان لە پێکدادان لە گەڵ یەکێتی دەپاراست، (هەرچەندە یەکێتی بە غەدر و بێویژدانانە کادیر و فەرماندەیەکی چالاک و خۆشەویستی نێو جەماوەر، بە ناوی شێخ جامی شێخ عومەر لە دوای داستانی ترپەسپیان لە ١٩٨٦/١١/١٦ لێ شەهید دەکەن) تەنیا حزبی سۆسیالیستی کوردستان ڕێکەوتنی لەگەڵ یەکێتی هەبوو و ئاشتببوونەوە، ئەم دوو هێزە (پارتی و زەحمەتکێشان) ڕێکدەکەون پێکەوە جەوڵە لە دەشتی هەولێر بکەن و تا بۆشیان بکرێت خۆ لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ یەکێتی بە دوور بگرن، گەر یەکێتیش شەڕی پێفرۆشتن ئەوە بەرگری لە خۆیان بکەن، ڕۆژی دیاریکراو ئەم هێزە لە ناوچەی خەیلانیەتی دەست بە جەوڵە دەکەن بە پیادە پاش بڕینی چەند گوندێک ئینجا بە ئوتومبێل درێژە بە ڕۆیشتن دەدەن شەوی دووەم بەر لە تاریک و ڕوونی بەیانی دەگەنە گوندی (قەڵاتە سۆر[1])لە ناوچەی شەمامک، هەر بەگەیشتنیان بۆ ئەم گوندە، کە سەرەتای گەیشتنیان بوو بە دەشتی هەولێر، ڕوبەڕوبوونەوە لەگەڵ پێشمەرگەکانی یەکێتی ڕوودەدات، هەنگاو و جووڵانەوەی ئەم هێزە کەوتۆتە ژێر چاودێریی حکومەتی بەعس لە لایەک، کە ئەمەیان بە لایەوە گرفت نەبووە، لە لایەکەی تر یەکێتی، کە ئەمەیان بە گرفت زانیوە و بە لایەنەوە کێشە بووە کە لەگەڵ یەکێتی بکەونە شەڕ، سەرەڕای ئەم مەترسیانە بەردەوام دەبن لە جەوڵە و چالاکییەکانیان لە دەشتی هەولێر (شەمامک و کەندێناوە) لە زۆربەی گوندەکان کۆڕ و کۆبوونەوەیان لەگەڵ خەڵک کردووە، بە تایبەتی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) پێویست بووە هەڵوێستەکانی بۆ خەڵک ڕوونبکاتەوە چونکە ئەم ناوچانە جێگای گرنگی و پێگەی ئەوان بووە و لێی ناسراوبوون، جەوڵە و چالاکییەکانی ئەم هێزە دەنگی لە ناوچەکەدا داوەتەوە و جەماوەریش پێشوازیی گەرمی لێکردوون.

[1] گوندی قەڵاتە سۆر، دەکەوێتە سنووری ناحیەی گوێر.

دیارە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە هاتنی ئەم هێزە بۆ دەشتی هەولێر نیگەران دەبێت و خۆی کۆدەکاتەوە بۆ لێدانیان، لە ئێوارەی رۆژی (١٩٨٦/١٠/٢٤) کاتێک ئەم هێزە لە گوندی (سیاو[1]) دەبێت و دەبن بە دوو بەش، بەشێکیان بەرێدەکەون بۆ گوندی (ماستاوە[2]) بەشەکەی تریان لە هەمان گوند دەمێننەوە، پێش ئەوەی بگەنە گوندی (ماستاوە) لە لایەن هێزێکی یەکیتی و حزبی سۆسیالیست کە پێکەوە بوون تەقەیان لێدەکرێو هاوکات هێرش دەکرێتە سەر ئەو هێزەی کە لە گوندی (سیاو) مابوونەوە، بێ زیان دەرباز دەبن و دەستبەجێ بەرەو گوندی (سیاو) دەگەڕێنەوە و دەتوانن بارودۆخەکە کۆنترۆل بکەن، هێزەکەی یەکێتی و حزبی سۆسیالیستی کوردستان) نەیانتوانیوە زیان بەو هێزە هاوبەشە بگەیەنن و پاشەکشێ دەکەن، زیانی گیانی بە هیچ لایەنێک نەکەوت.

ئەم هێزە درێژە بە جەولە و چالاکییەکانی دەدا، شەوی (٢٦ لەسەر ١٩٨٦/١٠/٢٧) دەچێتە گوندی (ترپە سپیان)و لێی دەمێنێتەوە، بۆ بەیانی هێزێکی گەورەی حکومەتی بەعس بۆ دەشتی هەولێر دەردەچێت، کە ئەمە پیشەی بووە ناوەناوە بە هێزی زۆرەوە بۆ لێدانی پێشمەرگە دەردەچوون، نزیک بە نیوەڕۆ هێزی دووژمن بەرەو گوندی (ترپەسیان) دەچێت، (ئەم گوندە سەر بەناوچەی قوشتەپەیە و بە (٢٠) کم کەوتۆتە خوارووی شاری هەولێر و لە نێوان هەر دوو شەقامی گشتی (هەولێر_کەرکوک، هەولێر_ مەخمور) هەڵکەوتووە و تەنها یەک کیلۆمەتر و نیو لە شەقامی گشتی مەخمور دوورە)، پێشمەرگەش لە ئامادەباشی دا دەبن و کە هێزەکەی دووژمن نزیک دەبێتەوە لە گوند دەکەوێتە ژێر ئاگری چەکەکانی پێشمەرگە و تا شەو شەڕ بەردەوام دەبێت و پێشمەرگە گەمارۆی سەر گوندەکە دەشکێنن و ئەوێ بەجێدەهێڵن، زیانێکی گەورە لە دوژمن دەدەن، (داستانی ترپەسپیان) ناوبانگێکی زۆری لەوێ ڕۆژێ دەرکردووە، دوو پێشمەرگەش شەهید دەبن بە ناوەکانی (قەهار عەزیز فەرماندەی قوەی بەڕانەتی، لە

[1] گوندی سیاو، دەکەوێتە ناوچەی شەمامکی دەشتی هەولێر، سەربە ناحیەی شەمامکە.

[2] گوندی ماستاوە، دەکەوێتە ناوچەی شەمامکی دەشتی هەولێر، سەربە ناحیەی شەمامکە.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)و (فەرهاد پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان) دوو پێشمەرگەش بریندار دەبن.

ئەم هێزە پاش مانەوەی لە دەشتی هەولێر بۆ نزیکەی مانگێک دەگەڕێتەوە ناوچەی هەریر و شەقڵاوە، هەر لەوێ دەبن کە یەکێتی و پارتی لە ١٩٨٦/١١/٨ بەیاننامەی ڕێکەوتن بۆ ئاشتبوونە بڵاودەکەنەوە و هێزەکەی پارتی بەرەو دەشتی هەولێر دەچن و هێزی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)یش پاش چەند ڕۆژێک مانەوە لە ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە سەرکردایەتی.

بەشی پێشمەرگایەتی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) بە بۆنەی تۆمارکردنی ئەم داستانە بەیاننامەیەکی پێشمەرگایەتی بڵاودەکاتەوە، ئەمەش دەقی بەیانامەکەیە، بەیاننامەکەی سەردەمی شاخ لە بەشی دیکۆمێنتەکاندایە.

حزبی سۆسیالیستی کوردستان _ عێراق
ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ
بەلاغی عەسکەری تایبەت
ترپەسپیان و تۆمارکردنی داستانێکی بێوێنە

-کوشتن و بریندارکردنی (٤١٠) سەرباز و قوات خاسە و جاش.
-خستنە خوارەوەی(٣) سێ کۆمپتەر.
-سووتاندنی دەبابەیەک و ناقیلەیەک.
-تێکشکاندن و سووتاندنی (٢٠) سەیارەی جۆراوجۆر.

پێشمەرگە ئازاو گیان لە سەر دەستەکانی حزبمان (حزبی سۆسیالیستی کوردستان _ عێراق / ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) لە هەر شوێنێ دەستیان پێراگەیشتبێ لە دەرفەت بازیان نەداوە و زەبری کوشندە و جەرگبڕیان وەشاندۆتە پەیکەری لەرزۆکی دوژمن، کە هەردەم مایەی شانازی گەلە خۆراگرەکەمان بێ و ببێتە دایەنەمۆیەکی بە هێزی بەرەو پێشەوە بردنی شۆڕش و بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەر، بەڵام کاتێک پێشمەرگە بەیەکەوە و یەکگرتوانە ئەو زەبرانەی وەشاندبێ، دەبێ چۆن بێ و چۆن ورەی جەماوەر بەرز بکاتەوە و بە چ ڕادەیەکیش دوژمن بتۆقێنێ. ئەوەتا لەو ڕۆژانەی کە ڕژێمی فاشی هێزێکی زۆر و زەبەندی سەرباز و جاشیان کۆکردبووە و بە پشتیوانی دەبابە و زریپۆش لە ناوچەکانی دەشتی

هەولێر دەسووڕانەوە و لاف و گەزافی خۆدەرخستن و بەهێزیان لێ دەدا و دەیانویست بەم شێوەیە چاوی جەماوەری خۆڕاگری ناوچەکە بترسێنن و هەڵاتووەکانی سەربازی ڕاپێچ بکەن. ئا لەو کاتەدا پێشمەرگە بە ئەمەکەکانی گەل و هەڵگرانی ئاڵای خەباتی نەپساوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پێشمەرگە دلێرەکانی حزبمان (حزبی سۆسیالیستی کوردستان _ عێراق / ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ)و پێشمەرگە نەبەزەکانی پارتی هاوپەیمان (پارتی دیموکراتی کوردستان _ عێراق) شێرانە لوولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی سینگی هێزەکەی دوژمن دەکەن و خاکی کاکی بەکاکی دەشتی هەولێری خۆڕاگر و مەڵبەندی دەیان نەبەردی پاڵەوانانەیان لێ دەکەن بە گڕ و گەورەترین زەبری کوشندەیان لێ دەدەن، بۆیەکەم جار لە ناوچەیەکی وا تەخت و دەشتایی و لە ناو جەرگەی دوژمن داستانێکی بێ وێنەی وەک داستانی (ترپەسپیان) تۆمار دەکەن، دەرسێکی وا بە دوژمن دەدەن تا هەیە لە بیری نەچێتەوە و تۆمارێکی واش دەنووسنەوە، جوتیارە هەژارەکانی ناوچەکە و خەڵکی کوردستانیش نەوە بە نەوە بۆ یەکتری بگێڕنەوە.

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٢٧بوو، هێزێکی گەورەی دوژمن کە پێک هاتبوو لە (١٠) دەبابە و(٥) زریپۆش و زیاتر لە (١٠٠) ئوتومبیلی جۆراوجۆری پڕ لە سەربازو جاش ڕویان کردە گوندەکانی دەشتی هەولێر، لە نێوەڕۆدا هێزە زۆر و زەبەندەکەی دوژمنی فاشی، دوای پشکنینی زۆربەی گوندەکان بەرەو گوندی ترپەسپیان دێن، کە سەر بە ناوچەی قوشتەپەیە و بە (٢٠) کم کەوتۆتە خوارووی شاری هەولێر و لە نێوان هەر دوو شەقامی گشتی (هەولێر_کەرکوک، هەولێر_ مەخمور) هەڵکەوتووە و تەنها یەک کیلۆمەتر و نیو لە شەقامی گشتی مەخمور دوورە، هێزەکەی دوژمن دەیەوێ وەک گوندەکانی دیکە چاوی خەڵکی بێ دیفاعی ترپەسپیانیش بترسێنی، بەڵام هەیهات، فاشستەکان نازانن پێشمەرگە دلێرەکانی هەردوو حزبی هاوپەیمان لەو گوندەدا سەنگەریان گرتووە و هەر خانوێک هەر سەربان و پشت دیوارێک هەر کۆڵان و پەنا خشتێک قارەمانێک، دوان و دەیانی لە باوەش خۆی گرتووە و بۆتە مەتەریزی بەرگریکردن و زەبر وەشاندن لە دوژمنانی

گەل، ئەوەتا کاتێک بەرایی هێزەکەی دوژمن لە گوندی (دوو گرتکان) بە ڕێدەکەوێ، چاوی پێشمەرگە دەکەوێتە سەر سێرە و پەنجەکانیان لەسەر پلاپیتکە ئامادە دەبێ تا زەنگی پاڵەوانیەتی نواندن لێ بدەن. بۆیە هەرکە هێزەکەی دوژمن نزیکەی دووسەد مەترێکی دەمێنی بگاتە ناوەڕاستی گوند لە هەموو لایەک پێشمەرگە قارەمانەکان شێرانە بۆیان لە لانە دەردەچن و لەسەر بان و سەنگەرەکان سنگیان بۆ هەڵدەکێشن و بەهەموو جۆرە چەکێک دایان دەگرن و لە یەکەم دەسترێژدا کارێکیان پێ دەکەن، با بە دەواری شڕی نەکردبێ. لە ماوەیەکی کەمتر لە چارەگە سعاتێک (١٧) ئوتومبیلی جۆراوجۆر گڕ تێ بەردەدەن و سەربازو جاشەکانیش لە بەردەم قینی پیرۆزی پێشمەرگە و ئاگری لوولەی چەکەکانیان وەک گەڵای دار هەڵدەوەران و دەست بەجێ (١٥٠) کەلاکیان لێ دەخەن و ئەوانەش لە ناو ئوتومبێلەکان دەرباز بوبوون، دەیانویست بە هەر شێوەیەک بێ خۆیان ڕزگار بکەن. پێشمەرگە نیشانشکێنەکان کەوکوژانە دایان گرتن و مۆڵەتی دەربازبوونیان نەدەدان و (٢٥) کەلاکی دیکەشیان لێخستن. هێزە شکاوەکەی دوژمن لە دوای خۆیاندا (٥) دەبابە و زریپۆش و (٤٠) سەیارەیان لە مەیدانی شەڕەکەدا جێهێشت.

دوای ماوەیەک ئەو هێزە ئەسنادەی کە پیاوانی ڕژێم لەگوندی دووگرتکان هێشتبوویەوە بە هاواری هێزە بەزیوەکانیانەوە هات، بەڵام کە شێرە کوڕانی هاوپەیمان لێیان هاتنە دەست ئەوانیش ببڕای ببڕای نەوێران توخنی گوند بکەون و هەر بە نیشانی پێشمەرگە دەیان کەلاکی دیکەیان لێ کەوت.

دوژمنی خوێنڕێژ بۆ تۆڵەکردنەوە لە پێشمەرگە و بە هاناهاتنی هێزە شکستخواردووەکەیان دەست بەجێ هێزێکی زۆری جاش و سەرباز و جاشی ناشەعبی و پۆلیسیان لە هەولێر، مەخمور، گوێر، دیبەگە و قوشتەپەوە هێناو لە چەند قۆڵێکەوە، هێرشی سێیەمیان دەست پێکرد و لە هەمان کاتیشدا بە تۆپی دوورهاوێژی جۆری نەمساوی و تۆپی (١٠٦)ملم و راجمە (کاتیوشا)و هاوەنی (١٢٠)ملم و دۆشکە و چەندان جۆری دیکەی چەکی تازە بابەت گوندیان داگرت، هەرچەندە هێزی دوژمن زۆرتر دەبوو، پڕ چەکتر دەبوون،

هەر چەندە شەڕ گەرمتر دەبوو، پێشمەرگە جەربەزەکان ورە قایمتر دەبوون و هیوای سەرکەوتنیشیان زێتر دەبوو ..خانوێک دەرووخا..پەنا دیوارێک دەبووە سەنگەر و دیوارێک لەگەڵ زەوی تەخت دەبوو، خشت و خۆڵی کەلەکە بوو دەبووە سەنگەری پێشمەرگە و گوللەی چەکە سوکەکانیشیان سنگی جاش و سەربازی دەسمی و بە هوتاف لێدان بە گیانی شەهیدان و خاکی سووتاوی کوردستان و خواست وویستی زەحمەتکێشان و سروود گوتن، تا دەهات زبری کاریگەرانەتریان دەخێواندە جەستەی دابێژراوی هێزە تۆقیوەکەی فاشیست و لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا دەبابەیەکو ناقیلەیەکیان ئاگر تێبەردا.

دوای ئەوەی هێرشی سێیەمی دوژمنیش تێک شکێنرا، ڕژێمی فاشی هانای بردە بەر هێزی ئاسمانی (٨) کۆپتەری جەنگی و (٤) فڕۆکەی (پیلاتوس) ی هێنایە ئاسمانی شەڕەکە. بەڵام دیسان ڕۆڵە بە ئەمەکەکانی کوردستان بە ئارپیچی و گورباتشۆف و بی کەی سی، ئاسمانی ئەو ناوەشیان کردە مەیدانی شەڕێکی ڕووبەڕووو لە ماوەیەکی کەمدا ڕۆڵە زەبر وەشێنەکانی هەردوو حزب (٣) کۆپتەریان پێکاو کۆپتەر و فڕۆکەکانی دیکەشیان وا زراوە تۆقی کرد، ئاسمانی شەڕ جێبهێڵن و هەر لە دوورەوە و لە بەرزایەکی زۆرەوە سارۆخو بۆمبا فرێ بدەنە سەر گوندی خۆڕاگری (ترپەسپیان)و پێشمەرگە دلێرەکان.

دوژمنی خوێن ڕێژ کە زانی بەو هێزە لەرزۆکەی ناتوانێ مەبەستە گڵاوەکانی بێنێتە دی و زەفەر بە پێشمەرگە ببات، بۆیە هانای بردە بەر هێزی پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکوک و لە ڕێگای چەندان کۆپتەرەوە (قوات خاصە)و ژمارەیەکی زۆر لە جاشە ڕووڕەشەکانی لە کاتژمێر (٤) ی پاش نیوەڕۆ لە پشت گۆڕەپانی شەڕدا هەڵڕشت. بەو هێزە تازەیەوە هێرشی چوارەمی بە پەلەپرۆزانە دەستپێکردو بە خەیاڵ پڵاوی خۆیان وای بۆ دەچوون، ئیدی دەتوانن زەفەر بە پێشمەرگە سەرسەخت وەک چیاکانی کوردستان ببەن، بەڵام چارەنووسی هێزە بەهانا هاتووەکەی موسل و کەرکوکیش لە چارەنووسی هاو ئاخووڕەکانیان باشتر نەبوو، دەیان کەلاکی

تریشیان لێ کەوت و هەڕەشە و گوڕەشەی (ئەوەی بگەڕێتەوە دوا ئیعدامی دەکەین)یش دادی فاشیستەکانی نەداو دیسان هەر مردن و ڕووڕەشی و ڕیسوابوونیان بۆ مایەوە.

دوای ئەوەی هەموو هێزەکانی دوژمن تێکشکێنرا، دوژمن هیوا بڕ بوو، جا پەنایان بردە بەر دوا شێواز و لە هەموو لایەکەوە ئەلقەیەکی گەمارۆیان بەست، بۆ ئەوەی پێشمەرگە لەگوندەکە گەمارۆ بدەن ڕێگای هەموو جۆرە هیمدادییەکیان لی ببڕن، تا بۆ ڕۆژی دوایی هەناسەیەک وەبەر پاشماوەی هێزە شکاوەکەیان دا بهێننەوە و لەگەڵ هێزی تازەی تردا خۆیان بۆ هێرشی تر ئامادە بکەنەوە، بەڵام دوژمنی فاشی وەک نەیدیبێ کە پێشمەرگە چالاکەکانی پارتی و سۆسیالیست هەر لەسەنگەری دیفاعکردندا ناوەستن و هەڵمەتیش دەبەن. ئەوە بوو بە پێی نەخشەیەکی دیراسەکراو و لە کاتژمێر (٣٠ ر٩)ی شەوی ٢٨/٢٧-١٠- ١٩٨٦ دەستە دەستە لە هێزە هاوبەشەکەی پێشمەرگە لە چەندان لاوە هێرشیان کردە سەر خەتی گەمارۆی دوژمن و سەرکەوتووانە گەمارۆکەیان شکاند و لە گوندوە دوور کەوتنەوە.

هێزە شکستخواردووەکەی فاشیست تا ڕۆژی دواییش هەر ئاسنی ساردی دەکوتا و بە هەموو جۆرێک خانووە قورەکانی جوتیارانی گوندی ترپەسپیانی بۆردومان دەکردو تا کاتژمێر (٣٠ ر١٠) پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووەم، جا بە دەبابە و زرپێوش تاسای ئەوەی کرد بچێتە ناو گوندی خاڵی و جاشە خۆفرۆشەکانی بەڕەڵاکردن بۆ دزی و تاڵانکردنی ماڵی هاوڵاتیان.

بەم شێوەیە دوای دە سعات لە بەرگری و شەڕی پاڵەوانانە،هێزە هاوبەشەکەی سۆسیالیست و پارتی هاوپەیمان داستانێکی بێ وێنەیان تۆمارکرد، بەڵام هەموو پاڵەوانیەکیش دەبێ بە خوێن بنووسرێتەوە ئەویش ئەوە بوو دوو پێشمەرگەی هەمیشە نەمر و دوو قارەمانی ڕاستەقینەی گەل و شۆڕش گیانی خۆیان کردە قوربانی، ئەو دوو شەهیدە پایە بەرزەش (قەهار عەزیز) فەرماندەی (قوەی بەڕانەتی) حزبمان و (فەرهاد) پێشمەرگەی پاڵەوانی پارتی دیموکراتی کوردستانی هاوپەیمان بوون. شەهید (قەها عەزیز) ئەو سەرکردە ئازاو بە جەرگە بوو زەنگی داستانی ترپەسپیانی لێداو وەک

فەرماندەیەکی چوست و چالاک بە شریخەی ئاربیچی سەرەتای تۆماریێکی نەبەردیی دەستپێکرد و هەر بە خوێنی خۆشی و هەڤاڵە هاوپەیمانەکەی لە مێژوی پڕ سەروەری گەلەکەماندا نووسیەوە. هەر کە ناوی داستانی ترپەسپیانیش بێ، ناوی قارەمانێتی و ئازایەتیی پێشمەرگە بێ، هەرکە ناوی مێژووی خەبات بێ، هەڵبەتە ناوی ئەو پاڵەوانە نەمرانەش دێنەوە یاد، چونکە لە داستانێکدا شەهید بوون، بەشێک لە مێژووی خەباتی شێلگیرانەی گەلەکەمان و مەدالیای سەرفرازی ئەو سەرکەوتنە نمونەییەیان لە یەخە دایە، پرسە و سەرەخۆشی بۆ خاوخێزانی شەهیدانی نەمر دەنێرین و هەزار سڵاو لە گیانی بێ گەردیان.

ئەوەی شایانی باسە لە کاتی تۆمارکردنی ئەم داستانە بێ وێنەیەدا جەماوەری دڵسۆزی گەلەکەمان لە هەولێر و گوندەکانی دەوروبەر و قەراجو کەندیناوەش هاتبوونە تەماشای شەڕەکە و بە دڵو گیان لەگەڵ ڕۆڵە و برا پێشمەرگەکانیان تێکەڵ ببوون و لە چەندان شوێنیشەوە هەوڵیان دابوو فیشەک و پێویستی تر بگەیننە پێشمەرگە، بەڵام لەبەر گەمارۆی دوژمن و زۆری و بڵاوی هێزی دوژمن کە بە چەندان هەزار تەقدیر دەکرا، نەیان توانیبوو بگەنە پێشمەرگەکان. لەکاتی بەڕێوەچوونی داستانەکەشدا لە کاتێکدا کە مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی هاوپەیمان لە نزیک مەڵبەندی شەڕەکە دەبن لەسەر شەقامی گشتی هەولێر_ مەخمور، کەمینێک بۆ هێزی بەهانا هاتووی دوژمن دادەنێنەوە و سەیارەیەک تێک دەشکێنن. کاتێکیش کە پێشمەرگە پاڵەوانەکانی هەردوو حزبی هاوپەیمان بە سەر کەوتوانە دەگەڕێنەوە باوەشی جەماوەری خۆراگری ناوچەکە بەسەرسامی و بە گەرمییەوە پێشوازیان لێ دەکەن و لە باوەشیان دەگرن و پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە کەموێنەیەیان لێ دەکەن.

سەرجەمی زیانی بینراوی دوژمن بریتین لە:

-کوژرانی (٢٧٠) سەرباز و قوات (خاسە) و جاش.

-بریندارکردنی (١٤٠) جاش و سەرباز و (قوات خاسە).

-خستنە خوارەوەی (٣) کۆپتەر، بە بەر چاوی خەلکەوەش یەکەمیان لە

ئاقاری گوندی (باشتەپە)ی دەشتی هەولێر دووەمیان لە نزیک ناحیەی عینکاوە و سێهەمیش هەر لە نزیک هەولێردا کەوتە خوارەوە.
-سووتاندنی دەبابەیەک و ناقیلەیەک.
-سوتاندن و تێکشکاندنی (٢٠) سەیارەی جۆراوجۆر.
بە پێی ئەو هەواڵانەی گەیشتوون، ڕژێمی فاشی نەخۆشخانە مەدەنییەکانی هەولێری بۆ بریندارەکان چۆڵ کردبوو. بەبەر چاوی خەڵکەوەش کەلاکی کوژراو و دەبابە و ناقیلە و سەیارە سووتاو و تێکشکاوەکانی بەرەو هەولێر دەگوازتەوە، بەڵام لە بەر بەرفرەوانی شەڕەکە و بۆ پارێزگاریکردن لە گیانی پێشمەرگە نەتوانرا دەسکەوتە زۆرەکانی ئەو شەڕە کۆبکرێتەوە. داستانی (ترپەسپیان) تۆمار کراو ئەویش بووە بەشێک لە مێژووی خەباتی گەلەکەمان و هاوپەیمانی و یەکێتیی لولەی تفەنگی پێشمەرگە، سڵاو بۆ ئەو پێشمەرگە پاڵەوانانەی کە بە ورەی قایم و بەجەرگی خۆیان ئەم داستانە بێوێنەیان تۆمار کرد.

بەشی پێشمەرگایەتی / ١/١١/ ١٩٨٦[1]

بەشێک لە چالاکیەکانی پێشمەرگە

١. ناحیەی قەراج[2]و یەکەمین هەڵمەتی پێشمەرگە/ ئەوەتا ئەمجارەشیان پێشمەرگەکانی قوەی دەشتی هەولێری حزبمان، حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق _ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێر بە هاوبەشی لەگەڵ پێشمەرگە ئازاکانی سریەی قەرەچوغی حزبی شیوعی عێراق، لە شەوەی ٢١_٢٢ی شوبات هەڵمەتێکی کتوپڕ دەبەنە سەر مەڵبەندی ناحیەی قەراج لە باقرت و مەرکزی پۆلیسی ناحیە و ئەو ڕەبایەی کە بۆ پارێزگاری مەرکەزەکە دانراوە دەدەنە بەر گوللەی ئاربی چی و دەستڕێژی چەکە سووکەکانیان.

[1] بەرلەوەی هێزەکەیان بگەڕێتەوە سەرکردایەتی، زانیاری لە بارەی داستانی ترپەسپیان و زیانەکانی دووژمن بە بێتەلو لە ڕێی ڕێکخستنەکانی ناوچەی دەشتی هەلێری ئەم حزبە در وان بە سەرکردایەتی، بەشی پێشمەرگایەتی ئەم بەیاننامەیان دەرکردووە، هەروا لە ئێزگەی (دەنگی کوردستانی عێراق) پارتی دیموکراتی کوردستان تۆمارکردنی ئەم داستانە خوێندراوەتەوە.

[2] ناحیەی قەراج، دەکەوێتە دەشتی قەراج، باقرت ناوەندی ناحیەکەیە و سەر بە قەزای مەخموورە.

لەم هەڵمەتە ئازایانەی ڕۆڵە سۆسیالیست و کۆمەنیستەکان بۆ سەر ناحیەی قەراج هەر زوو توانرا ڕەبیەکە بەناو یەکترا بتەپێنرێو زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی بە مەرکەزەکەی پۆلیس کەوت. (ئاڵای ئازادی ژمارە (١) ئازاری ١٩٨٦ لاپەڕە یەک)

٢. پێشمەرگە هێزێکی گەورەی دوژمن تێکدەشکێنێ/ لە ڕۆژی ١٩٨٦/٣/١٢ دا کە مەفرەزیەک لە پێشمەرگەکانی (جود) لە گوندی (ئازیکەند[1])ی سەر بە قەزای مەخمور دەبن هێزێکی زۆر و زەبەندی ڕژێمی فاشی کە پێکهاتبوو لە ئەمن و گەلە جاش و زریپۆشی سەربازی بە مەبەستی زەبر وەشاندن لە پێشمەرگە و دانیشتوانی بێدیفاعی گوندەکە هێرش دێنن.

لەو کاتەدا هێزێکی قارەمان لە پێشمەرگە چاونەترسەکانی قوەی قەرەچوغی حزبمان و مەفرەزەیەکی دیکەی (جود) لەم ناوە دەبن بە هێرشەکەی دوژمن دەزانن و پێش ئەوەی بهێڵن خۆی بگەیەنێتە گوند لە دەشتی تەخت و بەرینی قەراج بەرنگاریان دەبنەوە و شەڕ نزیکەی چوار سەعاتی خایاند. (ئاڵای ئازادی ژمارە (٢) ئایاری ١٩٨٦ لاپەڕە یەک)

٣. دوو چالاکیی پێشمەرگانە/ ڕۆژی ١٩٨٦/٥/٤ هێزێکی گەورەی جاشە خۆفرۆشەکان بەرەو گوندی (گەڕەسۆر[2])ی ناوچەی قەراج بە مەبەستی ئازاردانی جوتیاران و وێرانکردنی گوندەکە هێرش دێنن، بەڵام دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی قوەی قەرەچوغی حزبمان، هەروەها هێزێکی دیکەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی (جود) لە ناوچەکە دەبن، ڕووبەوڕووی هێزەکەی دوژمن دەبنەوە و لە سعات (٥) تا (٨)ی ئێوارە شەڕێکی توند ڕوودەدات.

هەروەها ڕۆژی ١٩٨٦ /٥/٦ لەو کاتەی کە مەفرەزەیەک لە پێشمەرگەکانی (جود) بە ئیش و کار لەسەر ڕێگەی گشتی(باقرت[3]) دەبن، چەند چەکدارێکی خۆفرۆش تەقە لە پێشمەرگەکان دەکەن و بە داخەوە پێشمەرگەیەک شەهید دەکەن. جا بۆ تەمبێ کردنی خۆفرۆشان شەوی ١٠_١١ ئایار هێزێکی

---

١ گوندی ئازیکەند، لە دەشتی قەراجە و سەربە ناحیەی قەراجە.

٢ گوندی گەڕەسۆر، دەکەوێتە دەشتی قەراج و سەر بە ناحیەی قەراجو قەزای مەخمورە.

٣ باقرت، ناوەندی ناحیەی قەراجە، سەربە قەزای مەخموورە.

هاوبەش لە پێشمەرگە ئازاکانی قوەی قەرەچوغی حزبمان و (جود) هەڵمەت دەبەنە سەر خۆفرۆشان و لە شەڕێکی دەمودەستدا بکوژی پێشمەرگەکە (....)ی ناوە لە گەڵ دوو چەکداری دیکە بە سزای گەل و شۆڕش دەگەیەنن، پێشمەرگەکانیش بێ زیان بوون. (ئاڵای ئازادی ژمارە (٣) حوزەیرانی ١٩٨٦ لاپەڕە یەک)

٤. هەڵمەتێکی دەست و برد/ کاتژمێر (٩)ی شەوی ٩- ١٩٨٦/٩/١٠،دەستەیەکی تایبەتی لە شێرە کوڕانی حزب هەڵمەتێکی دەستوبرد دەبەنە سەر یەکێ لە رەبیەکانی سەر شەقامی گشتی نێوان کەرکوک_ دبس لە ئاست گوندی (کتکە[1]) ی چۆڵکراو، بۆ ماوەی نیو سعات مۆڵگەکە دەدەنە بەر ئاگری چەکە سووکەکانیان و سارۆخی ئاربیچی، زیانی بینراوی ڕژێم لەو هێڕشە کتوپڕیەدا بریتی بوو لە کوژرانی جاشێکی ناشەعبی و بریندارکردنی دووانی دیکە و ڕووخاندنی مۆڵگەکە. (ئاڵای ئازادی ژمارە (٦و٧) تەشرینی دووەم و کانونی یەکەمی ١٩٨٦ لاپەڕە یەک)

٥. کوژرانی فرۆکەوانێک/ لەو هەواڵانەی پێمان گەیشتووە دەڵێ: (سەلمان مەحمود) کە رائد تەیارە و یەکێک بوو لە فرۆکەوانەکانی ئەو کۆپتەرانەی کە لە داستانەکەی ترپەسپیاندا خرانە خوارەوە لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٢واتە شەش ڕۆژ دوای شەڕەکە لە ئەنجامی سەختی برینەکانی لە نەخۆشخانەدا مردووە. سەلمان مەحمودی بێچوە فاشی موالید ١٩٤٨و خەڵکی (بغداد الجدیدە[2]) یە و لە ساڵی١٩٨٣دوای ئەوەی دڵسۆزی بۆ سەرۆکی دکتاتۆر و ڕادەی درندەیی دژی خەڵکی بێدیفاعی گوندەکانی کوردستان گەیشتە ئەوپەڕی، لەلایەن دکتاتۆرەوە نیشانەی بەناو ئازایەتی لە یەخە دراوە.

هەروەها لە هەواڵێکی دیکەدا زانیمان کە ئەم تاوانبارانەش هەر لە هەمان داستاندا کوژراون. (کە ژمارەیان ١٣ ئەمن و جاشە). (ئاڵای ئازادی ژمارە (٨) کانونی دووەمی ١٩٨٦ لاپەڕە یەک).

٦. پێشمەرگەکانمان و زنجیرەیەک چالاکی:

---

[1] گوندی کتکە، ئەو کات گوندێکی چۆلکراو بووە سەر بە ناحیەی پردێیە.

[2] بغداد جدیدە، گەڕەکێکە لە بەغدای پایەتەختی عێراق.

- هەر لەگەڵ بڕیاری تاقمی فاشی و شوڤینی بۆ ڕاگواستنی ناوچە گوندنشینەکانی کوردستان و پەلامارە درندەکانی بۆ سەر ئەو ناوچانە بەم مەبەستە، هێزەکانی پێشمەرگەی حزبمان بە هاوکاری لەگەڵ هێزی لایەنە دۆستەکانی سەر گۆڕپانی خەبات و هێزی بەرگری میللی ناوچەکان بۆ دیفاع کردن لە خاکی کوردستان، سەنگەریان گرت و چوست و چالاک نەک هەر ئامادەبوون بەرسنگی پەلامارەکانی هێزی فاشی بگرن، بەڵکو لە چەندان شوێنیش هەڵمەتیان بردۆتە سەر مۆڵگەی بەکرێگیراو و ڕێگایان کۆنترۆڵکردوە، یان ئۆردوگا و شارۆچکەکانیان گەمارۆ داوە، وەک:

-لە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢ هێزێکی هاوبەش، کە پێکهاتبوو لە پێشمەرگە پاڵەوانەکانی حزبمان لە هەردوو قوەی کۆیە و دەشتی هەولێری خۆراگر و هێزێکی تر لە پێشمەرگە ئازاکانی (لێژنەی ئاکرێ[1])ی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرگری میللی بۆ ماوەی (٨) سعات، دەستیان بەسەر شەقامی گشتی نێوان (دێرەلوک_ شیلادزێ) داگرت و لە هەمان کاتیشدا مۆڵگەی جاشەکان و مونەزەمەی حزبی عەفلەقیان لە ناحیەی دێرەلوک بە توندی بە هاوەن بۆردومان کردو زیانێکی زۆری گیانی و ماڵیان لە دوژمن دا.

-لە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٧ جارێکی دیکە هێزێک لە پێشمەرگەکانی قوەی سەفین، بەڕانەتی، دەشتی هەولێر و کۆیە، بە هاوبەشی لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەکانی لێژنەی ئاکرێی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەفرەزەیەکی سەر بە مەڵبەندی هەولێری حزبی شیوعی عێراق و بەرگری میللی دەستیان بەسەر ڕێگای گشتی نێوان (دێرەلوک_ شیلادزێ) داگرتەوە و تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش چەندان ڕۆژە شەقامەکە هەر لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکەی پێشمەرگەدایە و لە ڕۆژی ٥/١٣ سعات (١٠)ی بەیانی چەند سەیارەکی عەسکەری ویستیان لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیک ببنەوە، بەڵام شێرە کوڕانی کوردستان لێیان هاتنە دەست و گوللەبارانیان کردن، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە سەرنشینەکانی دوو (جێب قیادە) کوژران و بریندار

[1] لێژنەی ئاکرێ، یەکەیەکی پێشمەرگەیی و ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە سنووری ناوچەیەکی دیاریکراو.

بوون دوژمن بە پەلەقاژەوە ڕێگای هەڵاتنی گرتە بەر.

-هێزێکی گەورەی دوژمنی فاشی ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١١ هێرشیان بۆ سەر گوندەکانی (سەری دێری و سگێر[1]) هێنا، کە کەوتونەتە سەر شەقامی گشتی(ئامێدی _ دێرەلوک) بەڵام هەر زوو پێشمەرگە ئازاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق بەرسنگیان لێگرتن شەڕ درێژەی کێشا.

لە هەمان ڕۆژدا هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە پاڵەوانەکانی هەردوو قوەی سەفین و دەشتی هەولێری حزبمان و ڕێکخراوی شەهید (ئەمین نەسری) سەر بە لێژنەی ناوچەی شێخانی پارتی و ژمارەیەک لە بەرگری ملی خۆڕاگر، بۆ پشتیوانی برا پارتی و شیوعیەکانیان چوون و لە نزیک ئۆردوگای (کانێ[2]) لە دوو قۆڵەوە ناو جەرگەی پاشکۆی هێزەکەی دوژمنیان دایە بەر هەڵمەتی شێرانە. جاش و کرێگرتەکانی ڕژێم سەریان لێ شێوا و شپرزەییان تێکەوت، بۆ هەر لایێ دەچوون هەر پێشمەرگە بوو، بۆیە بە ناچاری هانایان بردە بەر پاشەکشە. زیانی دوژمن لە کوژرا و بریندار زۆرە، بەڵام لەبەر فراوانی شەڕەکە و چەند قۆڵی، نەتوانراوە زیانەکان ئامار بکرێن.

(ئاڵای ئازادی ژمارە (١٠) ئایاری ١٩٨٧ لاپەڕە یەک)

٧ . زنجیرەیەک چالاکیی پێشمەرگانە:

- هێزێکی هاوبەش کە پێکهاتبوو لە قوەی سەفین و دەشتی هەولێری حزبمان بە فەرماندەی شەهیدی پاڵەوان (هەژار دێدەوانی) لەگەڵ هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێژنەی ناوچەی ئامێدی، لە ڕۆژی ١٩ی ئایاردا کات شەش‌و نیوی ئێوارە، بە هاوەن تۆبارانی فەوجی عەسکەری (بیباد[3])یان کردو لە هەمان کاتیشدا هێزێکی پێشمەرگە خۆیان گەیاندە نزیکەی (٢٠٠) مەتری فەوج، بە ئاربیچی و هەموو جۆرە چەکێک دایانە بەر ڕێژنەی گوللە هەروەها هێزێکی تری پێشمەرگە ڕەبایەکانی دەوربەریان، ئاگر بارانکرد.

---

[1] سەری دێری و سگێر، دوو گوندی سەر بە قەزای ئامێدیەن.

[2] ئۆردوگای کانێ، نزیک قەزای ئامێدیە.

[3] بیباد، گوندێکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای قەزای ئامێدیە.

- لە شەوی ٢٨ – ٥/٢٩ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی حزبمان بە فەرماندەی شەهیدی پاڵەوان هەژار دێدەوانی و هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق، لە هەڵمەتێکی دەستوبرد، دەستیان بەسەر ڕەبایەی (گرێ کولان[1])ی سەر شەقامی گشتی دێرەلوک _ شیلادزێ داگرت کە دەڕوانێتە سەر ئۆردوگای (شیڤ چنارک[2])، لە هەمان کاتیشدا هێزەکە شەقامی گشتی و ئۆردوگاکەشیان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان.

- بۆ ڕۆژی دوایی، واتە ڕۆژی ٢٩ی ئایار هێزێکی زۆر لە جاشەکانی محەمەد کەلحێی خائین لە دوو قۆڵ بە نیازی وەرگرتنەوەی شوێنەکان هێرشیان هێنا، بەڵام ڕووبەڕووی زەبری جەرگبڕانەی پێشمەرگە بوونەوە و لە ماوەی سعات و نیوێک شەڕ، هێزەکەی دوژمن شکا و پێشمەرگە سەرادویان نان و ئەو ناوچەیان لێ پاککردنەوە و زیانێکی زۆریان لە ڕیزەکانیاندا، ئەوەی بینراو کەوتە بەر دەستی پێشمەرگە بریتی بوون لە کوژرانی (٨) جاش، بریندار بوونی (٧)ی دیکە و دیلێک. بەڵام هەزاران داخ، ئەم سەرکەوتنە مەزنە بە خوێنی گەشی هەڤاڵ هەژار دێدەوانی فەرماندەی قوەی سەفینی هێزی پێشمەرگەی حزبمان نووسرایەوە، کە لە ڕیزی پێشەوەی هەڵمەت بردنە سەر کرێگرتە ڕووڕەشەکان و شەڕی سەنگەر بە سەنگەر شەهید بوو.

-هێزێکی گەورەی جاش بە پشتیوانیی تۆپخانە و ڕەبایەکانی سەر چیای پێرس، لە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٣ هێرشیان بۆ هەردوو گوندی (هەڕنێ و بیرەکەپران) هێنا لە ناوچەی زێبار، برایانی بەرگری میللی و دانیشتوانی گوندەکانی ئەو ناوچەیە ئازایانە لێیان هاتنە دەست و بەرسنگیان لە پەلاماری هێزەکەی دوژمن گرت. لە هەمان کاتدا هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە دلێرەکانی قوەکانی سەفین، بەڕانەتی، قەرەچوغی حزبمان و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق و ئاڵای شۆڕش، تەڕدەستانە بەرەو پیری شەڕەکە و هاریکاری هێزی بەرگری میللی قارەمان چوون، هێزە ترسنۆکەکەی فاشیزم کە بە نزیکەوتنەوەی پێشمەرگەیان زانی،

[1] گرێ کولان (گردی کولان) دەکەوێتە ڕۆژئاوای ناحیەی شیلدزێ.

[2] ئۆردوگای (شیڤ چنارۆک)، ئۆردیگا نییە و بەڵکو گوندە و دەکەوێتە بناری گرێ کولان و ڕۆژئاوای ناحیەی شیلدزێ.

هەر هێندەیان پێکرا بە هەلەداوان ڕابکەن و بە پەلە خۆیان بگەیەننەوە مۆڵگەکانیان. بۆ شاردنەوەی ئەم تێشکانەش، ڕژێمی فاشی هەموو جار ئاسا بە سەختی کەوتە بۆردومانکردنی ناوچەکە. (ئاڵای ئازادی ژمارە (١١) حوزەیرانی ١٩٨٧ لاپەڕە یەک).

٨. ڕۆژی١٩٨٧/١١/٢١ مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە گەلی تۆبزاوەی نزیک شاری کۆیە دەبن، لەگەڵ هێزێکی جاشە خۆفرۆشەکانی ئەوێ ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، پێشمەرگەکان کە ژمارەیان (٨) پێشمەرگە دەبن و لێیان دێنە دەست و شەڕ دروست دەبێت و جاشەکان پاشەکشە دەکەن و تێک دەشکێن، بە داخەوە لەم نەبەردیەدا کادیری پێشکەوتوو (قەندیل عەبدوڵلا) شەهید دەبێت.

٩. زنجیرەیەک چالاکی پێشمەرگانە:

- هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە پاڵەوانەکانی هەردوو قوەی (دەشتی هەولێر) و (کۆیە)ی تێکۆشەر، کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/١/٥، خۆیان دەگەینە ناو شاری شەقڵاوە و دەست بەسەر زۆربەی گەڕەکەکانیدا دەگرن و ژمارەیەک چالاکی ئەنجام دەدەن:

- لە کاتژمێر (٣,٣٠) کە هەڤاڵانمان شەقامی (تامیم)یان کۆنترۆڵ کردبوو، سەیارەیەکی لاندرۆڤەری سەربازی، بۆ پێشمەرگەکان ناوەستی. بۆیە لێی دێنە دەست و دیدەنە بەر دەستڕێژ. لە ئەنجامدا سەیارەکە تێکدەشکێ و مقدم (عەبد عەلی) خەڵکی شاری ڕومادی، کە ئامیر فەوجی(١)ی لیوای مەشاتی ٩٨ و ملازمێکی ئستخباراتی عەسکەری و سەربازێک دەکوژرێن، دوو سەربازی دیکەش بریندار دەبن. هەروەها لە لایەکی دیکەوە پێشمەرگە پاڵەوانەکانی حزب، دەستیان گرت بەسەر سەیارەیەکی (تویتای سەربازی) ژمارە (١٦٧١١) کە سەر بە فەوجی سووکی (٣) بوو.

- لە ڕۆژی ١٩٨٨/١/١١ دا مەفرەزەیەک لە پاڵەوانەکانی هەردوو قوەی (کۆیە و دەشتی هەولێر)ی تێکۆشەر، توانیان خۆیان بگەیەننە نزیک ناحیەی خەلیفان و کەمینێک لە سەر ڕێگەی (خەلیفان _ گەلی عەلی بەگ) دابنێتەوە، جاشێک بە خۆی و سەیارەکەیەوە کەوتە ناو کەمینەکەی پێشمەرگە و

دەستگیر کرا، گواسترایەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان.
- لە ڕۆژی ٦ی تەشرینی دووەم، مەفرەزەیەک لە پێشمەرگەکانی قوەی (دەشتی هەولێر)ی تێکۆشەر کەمینێکی لەسەر ڕێگەی سەربازی حەریر _ سپیلک، دانایەوە بە مەبەستی زەبر وەشاندن لە بەکرێگیراوانی ڕژێم، زوو جاشێک بە خۆی و سەیارەکەیەوە کەوتە کەمینەکە و دەستگیر کرا، دوایی مەفرەزەکە بە سەلامەتی، بە خۆیان و جاشی دەستگیرکراو، گەڕانەوە ناوچە ئازادکراوەکان.
(ئاڵای ئازادی ژمارە (١٦) شوباتی ١٩٨٨ لاپەڕە یەک).

بەشی نۆیەم
ڕێکخستن و ڕێکخراوەکانی قوتابی و لاوان

ڕێکخستن

لە مێژووی خەباتی سیاسیان، سەرجەم حزبەکانی کوردستان ڕێکخستنی نهێنیان هەبووە، چونکە زۆربەیان بەر لە دەستپێکردن و بەشداریکردن لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکداری، دامەزراون و ڕێکخستنی تایبەت بە خۆیان پێکهێناوە، گەر مێژوویی دامەزراندنی هەر یەکێک لەو حزبانەی بەشداریان هەبووە لە خەباتی شاخ بخوێنینەوە، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سەرەتای دامەزراندنیان لە پێکهێنانی ڕێکخستنی نهێنی دەستپێکردووە، هەڵبەتە حزب بە بێ بوونی ڕێکخستن تەنیا جەستەیەکی بێ گیان دەبێت، لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا حزب ئەوکات ڕۆڵی خۆی دەبینێ کە بنەمایەکی ڕێکخستنی هەبێت، بوونی حزب پەیوەستە بە هەبوونی ڕێکخستن، هەر حزبێک لەو سەردەمەدا (سەردەم و قۆناغی خەباتی شاخ) خاوەنی ڕێکخستنێکی تۆکمە و پۆڵایین و بە دیسپلین نەبووبێ، نەیتوانیوە کاریگەریی خۆی لە مەیدانەکە دابنێو گەشەکردن لە هەموو بوارەکاندا بە خۆیەوە ببینێ و چالاک و زیندوو بێت، دیارە لەو سەردەمەدا حزبەکان زیاتر لە یەک جۆر ڕێکخستنیان هەبووە، ڕێکخستنی نهێنی لە شار و ئەو گوندانەی کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس، ڕێکخستنی نێو پێشمەرگە و جەماوەری گوندەکانی ناوچە ئازادکراوەکان و دەرەوی وڵات، ڕێکخستنەکان بە شێوازو کات و جێگای جیا، ڕۆڵی کاریگەریان بینیوە و هاوتەریب بووە لەگەڵ ڕۆڵی پێشمەرگە.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیش لە شار و گوندەکان بنەمایەکی باشی ڕێکخستنی هەبووە، چۆن مێژووی خەبات و تێکۆشانی سەرکردە و کادیر و پێشمەرگەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ، مێژووی خەبات و تێکۆشانی ڕێکخستنەکانیشی بە هەمان شێوە، ئەم حزبە دامەزراندنی خۆی تەنیا ناگێڕێتەوە بۆ ڕۆژی (١٩٨٥/١٢/١٢)، بەڵکو ئەو خۆی بە پەلێکی درێژکراوەی (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) دەزانێ و خەبات و تێکۆشانی خۆی بە ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی بۆ سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ دەگێڕێتەوە، لە بڵاوکراوەی کۆتایی

کۆنفرانسی یەکەمیان کە لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٢٧دەرچووە، وەها ئاماژە بە مێژووی خەبات و تێکۆشانی خۆی ئەکات: (دەربارەی وەزعی حزب و ئەرکەکانی لە هەڵومەرجی ئێستادا، ڕاپۆرەکە[1] ئەو پێویستە مێژوویی و بابەتیە دەخاتە ڕوو لە پێکهێنانی حزب لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦، کەوەک حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕ لە بارودۆخێکی یەکجار گران و دژواری نێو ئێش و ئازاری چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی گەلەکامان، بە تایبەتیش دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لەسەر شێوەی بزووتنەوەیەک بە ناوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان چاوی بە دونیا هەڵێنا[2])، هەروا لە پەیڕەوی ناوخۆی چوار کۆنگرەیدا، کۆنگرەی (٣، ٤، ٥، ٦) بە هەمان شێوە، ئاماژەی پێدراوە: (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە١٩٨٥/١٢/١٢ دامەزراوە، بەڵام مێژووی تێکۆشانی بۆ بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە ساڵی١٩٧٦دەگەڕێتەوە[3])، هەروا لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە یادی (٢٦)ساڵەی دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەگەڵ (بەڵێن عەبدوڵڵا) سکرتێری ئەم حزبە ئەنجامدراوە، لە ژمارە (٩٢٨ی ڕۆژی٢٠١١/١٢/٧) ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) بڵاوکراوەتەوە لە وەڵامی دوو پرسیاردا سەبارەت بە هەمان بابەت بەم شێوەیە ئاماژەی پێداوە: (ئاڵای ئازادی: دەتوانن پێمان بڵێیت (٢٦) ساڵ پێش ئێستا حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسی، چ جیاتانی دەکردەوە لەگەڵ لایەنەکانی دیکە؟

بەڵێن عەبدوڵڵا: کە لە ١٩٨٥/١٢/١٢ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دامەزرا دیارە ئەو مێژووە تەنیا سەرەتایی مێژوویی حزب نییە، بەڵکو خەبات و تێکۆشانی ئەو حزبە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتایی ساڵی (١٩٧٦) ئەو کاتەی کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دامەزرا، لە ئەنجامی ناکۆکی

---

[1] مەبەست لێی ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنفرانسی یەکەمی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە.

[2] بەلاغی کۆتایی کۆنفرانسی یەکەم، بڕوانە بەشی حەفتەمی ئەم کتێبە/ کۆنفراسی یەکەم.

[3] بەرنامەی سیاسی و پەیڕەوی ناوخۆی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، پەسندکراوی شەشەمین کۆنگرە (١٥–٢٠٠٩/٤/١٧) ل٢١.

و کۆمەڵێک ململانێی ناوخۆیی لە نێو حزب ئەوە بوو ئێمە لە بەرواری ١٩٨٥/١٢/١٢ بە ناونیشانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان هاتینە نێو کۆڕی خەبات و تێکۆشان لە شاخ، ئێمە هەر ئەو کات پێمان وابوو کە خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان بە ئاراستەی نەتەوەیدا ببردرێت، وەکو حزبێکی چەپی نەتەوەیی لە یەکەم کۆنفرانسی خۆشمان دروشمی (مافی چارەی خۆنووسین)مان بەرزکردەوە، لە ڕێگای ئەو دروشمەوە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان درێژەمان بەو خەباتەدا تا ئێستا.

ئاڵای ئازادی: ئایا قورسایی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان تەنها لە خەباتی پێشمەرگایەتی بووە، یان خەباتی دیکەش دەگرێتەوە؟

بەڵێن عەبدوڵڵا: نەخێر، لە دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول و دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، کە خۆم یەکێک بوومە لەو کەسانەی هەر زوو پەیوەندیم بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کردووە و ئێمە لە خەباتی نهێنی و ڕێکخستندا بووین، هەر لە دوای دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ١٩٨٥/١٢/١٢ ڕێکخستنەکانی ئێمە لە هەموو شار و شارۆچکەکان لە خەباتێکی زۆر دژواردا بوون بۆ بەڵگەش چەندین کادیری ئێمەش گیران و لە سەردەمی دیکتاتۆری گۆڕ بە گۆڕ لە سێدارە دران، لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ڕێکخستنە تێکۆشەرەکانی ئێمە لەگەڵ جەماوەری کوردستان لە پێشەوەی ئەو ڕاپەڕینەدا بوون. تا هێزەکانی ئێمە گەیشتنەوە ناو شارەکان ئەوان بەشداری ڕاماڵینی ڕژێمی بەعسیان کرد و لە سەرجەم شارەکان بنکە و بارەگاشیان دامەزراند، ئەوە شاهیدی ئەوەیە کە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان نەک تەنها لە خەباتی شاخ و چەکداری، بەڵکو لە خەباتی ژێرزەمینی و خەباتی نێو جەمار و ڕێکخستندا لە تەک خەباتی شاخ ئەو خەباتەشی برەو پێداوە و دوانەکەوتووە و ڕێکخستنەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ڕاپەڕینی ساڵانی هەشتاکان ڕۆڵی دیار و پێشەنگیان گێڕاوە).

بۆیە ڕێکخستنەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بناغە و پێگە و ڕیشەی بۆ بەر لە (١٩٨٥/١٢/١٢) دەگەڕێتەوە، کاتێک بەشێکی زۆری

ئۆرگان و کادیر و پێشمەرگەی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان) هەڵوێست وەردەگرن و خۆیان لە حزبێک ڕێکدەخەن و سەربەخۆیی خۆیان ڕادەگەیەنن، بەشێکی زۆری ڕێکخستنەکان، چ ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناو شار و گوندەکان چ ڕێکخستنەکانی دەرەوی وڵات، هەڵوێستی خۆیان ڕادەگەیەنن و درێژە بە خەبات و چالاکییەکانی خۆیان دەدەن، لە ڕیزەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.

ڕێکخستنە نهێنیەکان

زۆربەی ئۆرگانەکانی ڕێکخستن بە تایبەتی ئۆرگانەکانی سنووری هەولێر و دهۆک، لەگەڵ ڕەوتی چەپی نێو حزبی سۆسیالیستی کوردستان هاوهەڵوێست بوون، بەرپرس و کارگێڕ و ئەندام و کادیر و هەڵسوڕاوانی لق و لێژنەی ناوچەکانی سنووری هەولێر و دهۆکو بەشێکی سلێمانی و کەرکوک لەگەڵ ئەم ڕەوتە بوون، گەر چاوێک بەو یادداشتەی کە کادیران بە مەکتەبی سیاسی حزبەکەیان داوە (حزبی سۆسیالیستی کوردستان) یادداشتەکە لە بەشی دیکۆمێنتەکان دایە، بۆمان دەردەکەوێت بەشێکی زۆری کادیرانی ڕێکخستن لەگەڵ ئەم ڕەوتەدا بوون، (لێژنەی ناوچەی شاری هەولێر) کە ناوچەیەکی نهێنی ناو شاری هەولێری ئەو حزبە بووە، بەرپرس و کادیرەکانی لەنێو هەولێر بوون، سەرپەرشتی زۆربەی ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناو هەولێری حزبی سۆسیالیستی کوردستانی دەکرد، لێژنەی ناوچەکانی (دەشتی هەولێر، کۆیە، شەقڵاوە، رواندز، قەڵادزە، باڵەک)و ڕێکخستنەکانی بادینان و پردێ و خەلیفان، زۆرینەی بەرپرس و کادیر و هەڵسوڕاوەکانیان هەڵوێستیان لەگەڵ هەڵوێستی ڕەوتی چەپدا بوون، ڕێکخستنەکانی چوارچێوەی ئەم ئۆرگانانەی ئاماژەی پێدراون، لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ناوخۆی حزبەکەیان بوینە و ڕاو تێبینی و سەرنجەکانی خۆیان بە ئۆرگانەکانی سەرووی خۆیان گەیاندووە، سەرجەمی ئەم ئۆرگانانە لە دوای پلینۆمی دامەزراندنی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) لە ١٩٨٥/١٢/١٢ڕاستەوخۆ بەردەوامبوون و پابەندی خەبات و تێکۆشانی خۆیان لە ڕیزەکانی (حزبی زەحمەتکێشانی

کوردستان) درێژە پێدا.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کە دامەزرا، وەک ناو حزبێکی نوێ بوو، بەڵام وەک مێژووی خەبات و تێکۆشانی، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ، بۆ ئەو سەردەمە کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و دواتر حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە خەبات و تێکۆشاندا بوون.

ڕێکخستنەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە کار و چالاکییەکانیان بەردەوام بوون و ئیش و کارەکانیان لە ژێر ڕێنمایی سەرەوەیان ئەنجامداوە، پەیوەندیەکی توندو تۆڵیان بە ئۆرگانەکانی سەرەوەی خۆیان هەبووە، وێڕای کاری ڕێکخستنیان، بەشێکی پێداویستییەکانی حزبیان بۆ سەرکردایەتی و بارەگاکانی پێشمەرگە دابین کردووە، هەروا پەیوەندیەکی بەردەوامیان لەگەڵ ئەو مەفرەزە و هێزانەی پێشمەرگە هەبووە کە لە ناوچەکانی کەرکوک و موسل و هەولێر و کۆیە و ڕواندز و خەلیفان و شەقەڵاوە لە چالاکی و جەولەدا بوون و کار و چالاکیی هاوبەشیان ئەنجام داوە، ڕێکخستنە نهێنیەکان وێڕای ئەنجامدانی چالاکیەکانی خۆیان، شان بە شانی پێشمەرگەش بەشدار بوون لە دەیان چالاکی جۆربەجۆر ڕێنوێنی و ڕێنیشاندەری پێشمەرگە بوون بۆ ئەنجامدانی چالاکی ناو شارەکان، لە خەباتێکی سەخت و دژواردابوون دژی ڕژێمی بەعس، چەندین کادیر و ئەندامانی ڕێکخستن شەهید بوون و بەشێکیشیان لە لایەن دەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعس گیران و زیندانی کران و لە سێدارە دروان، نموونەی وەک شەهیدان (یوسف مەجید[1]، محەمەد

[1] شەهید یوسف مەجید حەمەد ناسراو بە (یوسفە ڕەش)، لە ١٩٦١ لە کەرکوک لە دایک بووە، خوێندکاری پەیمانگای تەکنیک بووە، لە ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیست دەکات، بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان لە ڕێکخسنەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان،وەک تێکۆشەرێکی ڕێکخستن، بەشدرای زۆربەی ئەو چالاکیانەی کردووە کە ڕێکخستنە نهێنیەکان لە ناو شاری هەولێر ئەنجامیان داوە، لە ١٩٨٦/١٢/١٢ لە هەولێر دەستگیر دەکرێت و لە زیندانی ئەبوغرێب زیندانی دەکرێت، لە ١٩٨٨/٥/٢٩ لەگەڵ هاوڕێو هاوسەنگەری مامۆستا جەمال شینە لە هەمان زیندان لە سێدارە دەدرێت، لە گۆڕستانی گوندی گردەڕەش بە خاک دەسپێردرێت.

مەنتک[1]، سامی محەمەد[2]، موحسین محەمەد[3]) و دەیانی تر.

لە دوای ڕاوەستانی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق _ئێران لە ١٩٨٨/٨/٨ ڕژێمی بەعس بە شێوەیەکی بەرفرەوانتر قۆناغەکانی ئەنفالی جێبەجێکرد و کە دوا قۆناغ، قۆناغی هەشتەم بوو، وێڕای بەرگری و قوربانیدانی هێزی پێشمەرگە لە بەرامبەر پەلامار و هێرشەکانی سوپا، شۆڕش بە شێوەیەکی گشتی تووشی جۆرێک لە شکست هات، پەرتەوازی و پشێویی بەسەر هێزە سیاسییەکانی باشوور داهات، (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)یش وەک هەموو حزب و لایەنەکانی تر ڕووبەڕووی ئەم پەشێویە و پەرتەوازیە بووبوو، هەڵبەتە ئەم بارودۆخە ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر ڕێکخستنەکانیش، بۆ ماوەیەک پەیوەندیی نێوان ڕێکخستنەکان و ئۆرگانە باڵاکانیان پچڕا، بەڵام ڕێکخستنەکان لەگەڵ ئەو بارە سەختەش درێژەیان بە کار و چالاکیی خۆیان داو نەیانهێشت پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی کاریگەری هەبێ، سەرکردایەتیی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەک خۆی ڕێکخستەوە و هەوڵی پەیوەندیکردنیدا لەگەڵ ڕێکخستنەکانی، بۆ ئەم مەبەستە کادیرانی ڕەوانەی شار کردۆتەوە و پەیوەندیەکانی لەگەڵ

---

[1] شەهید محەمەد مەنتک (محەمەد قادر حەمەد)، لە ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی میرکانی بناری دێدەوان لە دایک بووە، دەبێتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوڵو لە داستانی ماکۆک بریندار دەبێت، تا هەرەس هێنانی شۆڕش لە ١٩٧٥ بەردەوام دەبێت، لە ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان دەکات، لە ساڵی ١٩٨٥ کاتێک حزبی سۆسیالیستی کوردستان/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، دادەمەزرێ، شەهید محەمەدوەک پێشمەرگەیەکی ڕێکخستنەکان شان بە شانی پێشمەرگە ڕۆڵی هەبووە لە چالاکیەکانی ناو شار و یارمەتی بە هەڤاڵەکانی، لە بەرەبەیانی ١٩٨٨/٧/٧ لە شەڕێکی قارەمانانە لەگەڵ نۆکەرەکانی بەعس لە گوندی میرکان شەهید دەبێت، لە دوای خۆی شەش ڕۆڵە بۆ نیشتمان جێدەهێڵێ.

[2] شەهید سامی محەمەد ئیسماعیل، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بووە، یەکێک بووە لە ئەندامە چالاکەکانی ڕێکخستنە نهێنیەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە سنووری ناوچەی دەشتی هەولێر و هاوکاری پێشمەرگەکانی ئەم حزبەی کردووە، لە ١٩٨٦/١٠/٣٠ لە نزیک گوندی ترپەسپیان لەگەڵ هاوڵاتیێکی تر بە ناوی (ئیسماعیل ئەحمەد) بە بۆردوومانی کۆپتەرەکانی سوپای بەعس شەهید دەبن.

[3] شەهید موحسین محەمەد ڕەسوڵ، ناسراو بە کۆچەر، لە ساڵی ١٩٦٨لە دایک بووە، خوێندکاری کۆلیژی یاساو ڕامیاری زانکۆی موسل بووە، ئەندامی ڕێکخستنە نهێنیەکانی حزبی سۆسیالست و پاشان حزبی زەحمەتکێشان بووە، ئەندامێکی چالاکو چاونەترسی ڕێکخستنە نهێنیەکان بووە و هاوکاری پێشمەرگە بووە لە ئەنجامدانی چالاکیەکان، ڕۆژی ١٩٨٧/١٠/١٨ لە گوندی باغە منارەی دەشتی هەولێر بە بۆردوومانی فڕۆکە شەهید دەبێت.

ڕێکخستنەکان ڕێکخستۆتەوە.

دوای ئەوەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پەیوەندی کردۆتەوە بە ڕێکخستنە نهێنیەکانی، ئۆرگان و شێوازی کار و چالاکییەکانی ڕێکخستۆتەوە، ڕێکخستنەکان خۆیان بۆ قۆناغێکی سەختری خەبات ئامادەکردووە و ئەرک و کارەکانیان بە شێوازو فۆرمێکی تر داڕێژتۆتەوە، بە تایبەتیش ڕێکخستنە نهێنیەکانی سنووری هەولێر و خەلیفان و ر واندزو دهۆک، لێژنەیەکیان بۆ سەرپەرشتی کارەکانیان پێکهێناوە،وێڕای ئەنجامدانی چەندین چالاکی، هەڵساون بە دەرکردنی گۆڤارێک بە ناوی (ژیلەمۆ) توانیویانە (٧) ژمارەی لێ دەربکەن و بۆ سەرجەم هێڵەکانی ڕێکخستنی بنێرن، هەڵبەتە دەرکردنی گۆڤارێکی لەم جۆرە و لەو ڕۆژگارەدا، لە دوای پرۆسەی ئەنفالەکان و لەژێر ستەم و چاودێرییێکی توندی ڕژێمی بەعس، لە لایێک کارێکی ئەستەم و پڕ مەترسی بووە، لە لایەکەی تر بایەخو کاریگەریی خۆی هەبووە بۆ ڕێکخستنەکانی ئەم حزبە، وەک سەرچاوەیەکی مۆڕاڵی و زانیاری و پەروەردەیی، لە سەروتاری ژمارەکانی ژیلەمۆ داوایان لە جەماوەر کردووە ناڕەزایەتی دەربڕن و ڕاپەڕین بەرپا بکەن، تاکە ڕێگای بەدەرنان و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لەم قۆناغەدا ڕاپەڕینی خەڵکە.

بەشێکی ڕێکخستنەکانیان لە هەلێر و خەلیفان و ڕواندز لە لایەن دەزگا داپلۆسێنەرەکانی حزبی بەعس کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و ئەشکەنجەدان، لە دوای دەستگیرکردنی ئەو سێ پێشمەرگەیان (ڕزگار چاوشین، موحسین بانیمارنی، تەنیا) لە پایزی ١٩٩٠، پێنج کادیری ڕێکخستنەکانی هەولێریان لە ١٩٩١/١/٢٥ دەستگیر دەکرێن بە ناوەکانی(گۆران جەلال، غازی حەسەن، محەمەد سلێمان، عەلی عەبدوڵلا و حوسێن کۆیی) بە هۆی دەستگیرکردنی ئەم پێنج کادیرە و دەست بەسەرداگرتنی تایپ و کەلوپەلەکانی چاپکردن، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی بەعس، گۆڤاری (ژیلەمۆ) لە دەرکردن دەوەستێت، ئەم پێنج کادیرە و سێ پێشمەرگەیان، لەگەڵ ئازادبوونی شاری هەولێر لە ڕاپەڕینی ١١ی ئازاری ١٩٩١ ئەوانیش لە لایەن جەماوەری ڕاپەڕیو ئازاد دەکرێن.

یەکێک لە کادیرە خۆڕاگر و دیارەکانی نێو ڕێکخستنە نهێنیەکانی شاری هەولێر، (حاکم ئەحمەد) سەبارەت بەو بارودۆخەی ئەوان ڕۆژان بەسەر ڕێکخستنەکانیان داهات، لە وتارێکداوەها باس لەو بارودۆخە دەکات، ئەمە دەقی وتارەکەیە بە ناونیشانی(خەباتی ڕێکخستنەکانی حزب ١٩٨٨-١٩٩١) کە لە ژمارە(٣٤٢ ی ڕۆژی ١٩٩٩/١٢/١٣) ئاڵای ئازادی بڵاوکراوەتەوە.

لاپەڕیەک لە مێژووی خەباتی حزب
خەباتی ڕێکخستنەکانی حزب ١٩٨٨-١٩٩١

مێژووی خەباتی حزب لە چواردە ساڵی تەمەنیدا پڕیەتی لە سەروەری و تێکۆشان و قوربانی لە پێناو ئامانجەکانی گەلی کوردستاندا، لە مێژووی خەباتی حزبدا، ڕۆڵی ڕێکخستنەکانمان جێگای ڕێزو پایەی تایبەتی خۆی هەیە لەو خەباتەدا.

لە دوای هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی حزب لە ١٩٨٥ دژ بە لادان و پاشگەزبوونەوەی سەرکردایەتیی ئەوسای (ح.س.ک) لە بەرنامە و هێڵی سیاسی و فکریدا، بەشی زۆری ڕێکخستنەکانی حزب لە سنووری پارێزگای هەولێر لەگەڵ ئەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕیەدا بوون کە سەرکردایەتیی ئێستای ئێمە نواندی.

لێرەوە دەمەوێت بە کورتی تیشک بخەمە سەر خەباتی ڕێکخستنەکانی حزب لە دوای وەستانی شەڕی عێراق _ ئێران و شکست و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەی حزب و سەرجەم لایەنەکان بۆ ئەو دیو سنوور، ئەگەرچی ئەم بابەتە وەک بەشێک لە مێژووی حزب پێویستی بە نووسینەوە هەیە، کە بە هەوڵی تاکە کەس و لە نووسینی کورتدا ناتوانرێ مافی خۆی بدرێتێ، بەڵام لەم بۆنەیەدا بە پێویستم زانی وەک سەرە قەڵەمیش بێت ئیشارەتی پێبدەم.

لە دوای شکستی عەسکەری و ئاودیوبوونی هاوڕێیانمان لە ڕێگای تورکیاوە بۆ ئێران، ماوەیەکی زۆر بێ هەواڵ ماینەوە و لە بارودۆخی دەروونی خراپدا بووین زۆر بە پەرۆشی هەواڵی هاوڕێیانمان بووین، ئاخۆ دەرچوون

یان شەهید بوون، دواتر کە ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە دەگەڕانەوە و تەسلیم دەبوونەوە، ووردە ووردە هەواڵمان بۆ ئەهات زۆر خۆشحاڵ بووین کە هاوڕێیانی سەرکردایەتی و بەشی هەرە زۆری هاوڕێیانی پێشمەرگە و کادیرانمان بە سەلامەتی دەربازبوون.

بارودۆخی دوای شکست و تەسلیم بوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان نائومێدی زۆری لەناو جەماوەری گەلەکەمان دروست کردبوو، کە ڕەنگدانەوەی سەلبی لە سەر هاوڕێیانمان هەبوو ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی پەیوەندی پێوەکردنی سەرکردایەتی بووین و لەم ماوەیەدا هەموو هەوڵێکمان دا بۆ ئەوەی هاوڕێیانی خوارەوە لە ڕێگای ڕێنمایی و تەعمیمەوە کە لە لایەن هەیئەی ناوچەی شارەوە دەردەچوو ئاگادار بکەینەوە، تا پایزی ١٩٨٨کە سەرکردایەتی لە ڕێگەی هاوڕێیەکی کادیرەوە پەیوەندیان پێوە کردین و دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە و ڕاوەرگرتن لە هاوڕێیان لێژنەیەکیان بۆ سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی ناوەوە کە لە (٣٠) کەس پێکهێنرا دروست بوو ئەرکی بە پەلەی ئەم لێژنەیە بریتی بوو لە:

١. ڕێکخستنەوەی پەیوەندی توند و تۆڵ لەگەڵ سەرجەم هاوڕێیان و خەتەکانی دەرەوەی شار.

٢. دابەشکردنی کار لە نێوان ئەنداماندا بە پێی کات ووەزعی هەر یەک لەو (٣٠) هاوڕێیە.

٣. بڵاکردنەوەی تەعمیم و نووسراو، بۆ ڕێکخستن و ئاگادار کردنەوەیان لە دوا هەواڵ کە لە سەرتاوە بە دەستمان گەیشتبوو.

٤. سازکردنی هەڵمەتێکی فرەوان بۆ پەیوەندیکردنەوە بە هاوڕێیانی پ.م کە گەڕابوونەوە لەگەڵ ماڵە شەهیدەکانی حزب و دۆستانمان.

٥. هەوڵدان بۆ پەیداکردنی ئۆرگانێکی ڕاگەیاندن، کە هەم ڕاگەیاندن و هەم هۆشیارکردنەوەی هاوڕێیان لە ئەستۆ بگرێ، کە دوای ماوەیەک گۆڤاری (ژیلەمۆ)مان دەرکرد. کە تا ڕاپەڕین(٧) ژمارەی لێ دەرچوو.

ئەم لێژنەیە دەتوانم بڵێم لەو بارودۆخە سەختەی شۆڕش کە لە دوای نسکۆ تێیدا بوو ڕۆڵێکی باشی بینی لە ڕاگرتنی ئاڵای خەبات. دوای ماوەیەکی باش

لە قۆناغی ڕێکخستنەوە چووینە قۆناغی چالاکی نواندن و پەیداکردنی تایپو شوێن بۆ باشترکردنی گۆڤاری ژیلەمۆ کە یەک دوو ژمارە بە دەستنووس بڵاوکرایەوە.

سەرجەم خەتەکانی هەولێر، خەلیفان، زاخۆ، دەشت، هەردووک ڕێکخراوەکانی ناو شار بە ڕێکی ڕاپۆرتیان بۆ لێژنە دەهات و وەڵام دەدرانەوە، لە ڕێگای مۆری حزب کە لە سەرکردایەتی بۆمان هاتبوو نامەمان بۆ ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانی پێشمەرگە کە تەسلیم بوونەوە هەروەها بۆ خێزانی شەهیدان و دۆستان نووسی، کە تیایدا بارودۆخەکەمان بۆ شیکردبوونەوە و هەروەها سووربوونی حزبمان لەسەر بەردەوامی خەبات بۆ دووپاتکردبوونەوە کە ئەوەش ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە بەرزکردنەوەی ورەی ئەوانەی کە نامەیان پێگەیشت، سەرەڕای بە هێزی ڕژێمی داگیرکەر ئەم تەئکیدانە هیوای زیاتری بەو خەڵکە دەبەخشی.

لەو بارودۆخە نالەبارەدا هەستمان بە بوونی ڕێکخستن و هەندێ لایەنی تر دەکرد کە لە ڕێگەی برادەرایەتیەوە دەمانناسین، بە بینینی یەکتر ورەمان بەرز دەبووەوە کە سەرەڕای نسکۆ هێشتا خەڵکانێک هەن ئەگەرچی بە ژمارە کەمن، بەڵام بە ورە و ئیرادەن و تەحەدای یەکێ لە بەهێزترین و درەندەترین ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان دەکەن.

لە دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە سەرجەم بارودۆخەکە گۆڕا، هەموومان بە پەرۆشەوە چاومان لە کاردانەوەی جیهان بەرامبەر بەم کارەی ڕژێم بڕیبوو، ئێمە لە لێژنەی ڕێکخستنی ناوەوە بە ئومێدێکی زۆر سەیری ئەم کاردانەوەیەمان دەکرد لە دوای مانگی ١٠ ئیتر بە تەواوی ڕامان وابوو لەسەر ئەوەی ڕژێم بە سەلامەتی لەو بارودۆخە لێیی دەرناچێ و هەموومان هەر یەک لەلای خۆیەوە خۆی بۆ قۆناغی داهاتوو ئامادە دەکرد. بۆ مێژوو دەڵێم ئێمە پێشبینی ئەوەمان کرد کە ڕاپەڕین بەرپا دەبێت دوای لێدانی ڕژێم، هەوڵی باشمان دا پەیوەندی بە زۆرترین لە هاوڕێکانمان لە پێشمەرگە دێرینەکان و خەڵکی ترەوە بکەین، تاکو ساز و تەیاریان بکەین بۆ ئەم ڕووداوە، لە شەوەی ١٤-١٩٩١/١/١٥ هەڵمەتێکی دیوار نووسینمان

ئەنجام دا لە دیواری قەڵای هەولێر، گەراجی پاسەکان، ئامادەیی بازرگانی کچان موجەمەعی ڕووناکی، زۆر کەس و بۆ یەکەمین جار دروشم و ناوی حزبیان لەسەر دیوارەکانی شار بینی.

لە دوای دە ڕۆژ لە دەسپێکی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر عێراق ڕژێم هەڵمەتێکی فراوانی کردە سەر ڕێکخستنەکانی حزب کە لەوانە گیرانی دوو ئەندامی لێژنەی ڕێکخستنی ناوەوە بوو لەگەڵ ٣ هاوڕێی تر کە بووە هۆی دابڕان و وەستانی جمەجۆڵەکان بۆ ماوەیەک، لە بەرئەوەی هەر کەسە و بەرپرسی خەتێک بووین پاشان تاکو توانیمان پەیوەندی بە خەتەکانی تر بکەینەوە. ئەو هەڵمەتە کاری زۆری کردە سەر ئاسانکاریەکانمان بۆ بەشداریکردن لە ڕاپەڕین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قارەمانانە لە تەک جەماوەردا بەشداری بەرچاومان هەبوو لە ڕاپەڕینداو پێش گەیشتنی هاوڕێیانمان بارەگاشمان کردەوە، بەڵام ئازادکردنی هاوڕێیانمان لە سەر دەستی جەماوەری ڕاپەڕیو یەکێک بوو لەو ڕووداوە خۆشانەی کە هەرگیز لە بیر ناچێتەوە.

لە کۆتایدا دەڵێم مێژووی خەباتی ڕێکخستن لە ساڵی ١٩٨٨-١٩٩١ پێویستی بە نووسینەوە هەیە، کە ئەمە ئەرکی سەرجەم هاوڕێیانی بەشدار بووی ئەو خەباتەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ خەباتی پڕ لە شانازی سەرکردایەتی و پێشمەرگەکانی تەواوکەری ئەو مێژووە بێت.

ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵات

لە دوای هەوڵوێست وەرگرتنی ڕەوتی چەپی نێو حزبی سۆسیالیستی کوردستان و بەستنی یەکەمین پلینۆمیان، بەشێکی بەرچاو لە ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵاتی حزبی سۆسیالیستی کوردستان هاوهەڵوێست بوون لەگەڵ ئەم ڕەوتە و هەڵوێستی خۆیان بۆ پشتگیری و درێژەدان بە کاری سیاسی و ڕێکخستن لە ڕیزەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕاگەیاند، هەندێک لە ڕێکخراوەکانی دەرەوەی وڵات بە بەیاننامە و ڕوونکردنەوە، هەڵوێستی خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕیووە. (عەبدولخالق زەنگەنە) ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە جموجۆڵی سیاسی و سەرپەرشتیکردنی ڕێکخستنەکانی دەرەوی وڵات و ئەنجامدانی کار و چالاکییەکانیان.

ئەمەش بەشێک لە بەیاننامەکان:

بەیاننامەی ڕێکخراوی سوید، (لە لاپەڕە ٥٣ی ژمارە٢ی گۆڤاری پێشکەوتن بڵاوکراوەتەوە)، یەکێک لە کادیرە چالاکەکانی ئەم ڕێکخراوە (ئازاد سۆلاڤ) بووە.

بـــــەیان

یەکێ لەو هێزە بەرچاوو سیاسییانەی لە سەرەتاوە دەستپێشخەر و بەشداری لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا کردووە (حزبی سۆسیالیستی کوردستان _ عێراق)ە، کە بە شاهیدی جەماوەر و مێژووی دەساڵەی ڕابردوو، داهێنەرانە و کاریگەرانە ڕۆڵی سیاسی و چەکداری شۆڕشگێڕی بینیووە لە کوردستاندا. بۆ ئەمەش چەندەها ڕۆڵەی بە وەفای گەلەکەمانی بە گیانی شۆڕشگێڕی پەروەردە کردووە و هێناونیە کۆڕی خەبات، لە هیچ جۆرە شێوەی داپلۆسین و تۆقاندن و پەلاماری دوژمنانی گەلەکەمان نەترساوە و بەرنگاری هەموو ئەو سیاستە شۆڤینیانە و فاشیستیانەی ڕژێمە

سەرکوتکەر و خوێنڕێژەکەی سەدامی دکتاتۆر بۆتەوە و بەرگری ئازایانە و مەردانەی لە جەماوەری زەحمەتکێشی گەلەکەمان کردووە و بێ پسانەوە بەردەوام بووە لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانج و مافی ڕەوای گەلەکەمان. وە بە سەدان کادر و پێشمەرگەی بە جەرگو لێهاتوی کردۆتە قوربانی سەرجەمی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی و دیموکراسی نیشتمانی، وە چەندین داستانی نەبەردی خوێناوی و پڕ سەروەریان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا تۆمار کردووە.

ئاشکرایە تا ئێستا دوژمنانی گەلەکەمان بە هەموو شێوەیەک زۆر گیر وگرفتی جۆراوجۆری لە بەردەم ڕەوتی ئاسایی گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی جەماوەری ڕەشوڕووتی خەڵکی کوردستاندا قوتکردوتەوە بە مەبەستی لاوازکردن و تێکدان و پەکخستنی هێزە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازەکان و لە ناوبردنی شۆڕشەکەی. بۆ ئەمەش لە هیچ جۆرە کردەوەیەکی دڕندانە نەپرنگاوەتەوە و بەڵکو هەر لە ناشیرینترین شێوەی زەبر و زەنگ تا دەگاتە بەکارهێنان و تاقیکردنەوەی مۆدێرنترین چەک بۆ کوشتن و بڕینی بە کۆمەڵی گەلەکەمان و سووتاندن و کاولکردنی کوردستان. سەرەڕای ئەو هەموو تاوانانەش ئەوەندەی بۆ کرابێ تەلە و پیلانی ناوەتەوە، بە تایبەتی لە ڕێگای کەسانی سەر بەخۆیان، کە بە لێزانی و کارامییەوە خزاندوونیە ناو ڕێکخڕاوو هێزە سیاسییەکان و دەستی ڕەشو گڵاوی خستۆتە ناومانەوە بە هێزترین گورز و کوتەکی کاریگەری لە پشتەوە لێوەشاندوون. ئەوەتا هەر دوا بە دوای کۆنگرەی یەکەمی حزبمان بە هۆی ئەم جۆرە کەسانەوە بە پێی نەخشەیەکی بۆ کێشراو، بێسلکردنەوە دەستیان خستە ناو ڕیزەکانی حزبمان و کەوتنە نانەوەی ئاژاوە و گێرەشێوێنی و چاندن و بڵاکردنەوەی تۆی ناکۆکی و دوودڵی کە بەشێک لە پێشمەرگە و کادیرانی حزبمانیان لێ دابڕین. بەم کارەش گەورەترین زەرەریان پێگەیاندین و باشترین خزمەتی دوژمنانیان کرد.

تەواوی هەموو ئەو کارەسات و ڕووداوانەی کە بە دەستی ئەنقەست توشی حزبمانیان کرد ڕاستیەکی نەگۆڕاوو سەلمێنراوە کە خۆشمان و جەماوەر و

بگرە دۆست و حزبە کوردستانی و عێراقیەکانیش باش ئاگادارن و نکۆلی لێ ناکەن. بە تایبەتی هەر لە دوای کۆنگرەی یەکەمی حزبمان لە ڕێگای زنجیرەیەک هەوڵ و تەقەلای ڕۆڵە دڵسۆزەکانی حزبمان بە چارەسەرکردنی هەموو ئەو بارە نائاساییانەی حزبمان تێکەوتبوو ڕووبەڕووی ململانێیەکی دوور و درێژی بێوچانی فیکری و سیاسی بوونەوە کە ڕاستەوخۆ ڕەنگی دایەوە تەواوی ڕیزەکانی ڕێکخستن و عەسکەری، وە بە ئاشکرا لەو دوایی دواییەدا زۆر بە زەقی لە نێوان دوو تەیار(ڕاست و چەپ) ی ناو حزبماندا سەقامگیربوو.

ئەگەر سەرەنج بدەینە یاداشتەکەی کۆبوونەوەی زۆربەی کادیرانی حزب کە لە بەرواری ١٩٨٥/٨/١٣دا داویانە بە مەکتەبی سیاسی حزب، زیاتر ئەو ڕاستیانەی سەرەوەمان بۆ ئاشکرا دەکا، کە تیایدا هاتووە داواکراوە چارەسەرێکی ئەو وەزعە ئاڵۆز و نالەبارەی ناو حزب بکرێت، سنورێک بۆ هەندێ کەسی بەناو (کۆمیتەی ناوەندی) دابنرێ و ڕیزەکانی حزب پاک ڕابگیرێت و پەیڕەوی تەواو لە بڕیارەکانی کۆنگرە بکرێت. کەچی تاقمە ڕاسترەوە عەشایرە خۆسەپێنەرە هەلپەرستەکە هەر بە شێوە و لە ڕێگای هەمیشە پیشەی پینە و تاوتیکردن بەولاوە وەڵامێکی دیکەیان پێ نەبووە جگە لەوەش دەستپێشخەریان کردووە لە بەگرتندان و بوختان و درۆی شاخداری ئەوتۆ تاوانباریان کردووین کە تا ئێستا هیچ لایەن و هێزێکی سیاسی نیشتمانی ڕووی نەهاتووە ڕووبەڕووی چارەسەرە دیموکراتیەکانی ناوخۆیی حزبەکەی بێتەوە.

لە کاتێکدا ڕێکخراوەکەمان بە توندی دژی ئەو ڕفتارە نامەسئولانە دەوەستێتەوە کە تاقمی لادەر و هەلپەرستەکە کردوویانە بەرانبەر بە هەڤاڵانمان، وە بە ڕوونی و دڵنیایی ڕایدەگەیەنین پشتگیری لەو هەڤاڵانەمان دەکەین کە ڕێگاو ڕێبازی ڕاستەقینەی خەباتیان بەرنەداوە و پەیڕەو لە بڕیارەکانی کۆنگرەی حزبمان دەکەن.

-سەرکەوتووبێ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان.

-پتەوتربێ ڕیزەکانی هێزە شۆڕشگێڕە پێشکەوتخوازەکان.

حزبی سۆسیالیستی کوردستان_ عێراق
ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕگێڕ
ڕێکخراوی سوید

بەیاننامەی ڕێکخراوی دانیمارک
(بە زمانی عەرەبی لە لاپەڕە ٧٩ی ژمارە٣ی گۆڤاری پێشکەوتن بڵاوکراوەتەوە)

أيضاع سياسي:

في ظل المحنة التي يشهدها شعبنا العراقي جراء الحرب الاستنزافية الظالمة، التي ازمنت في امده او استهلكت و بشكل مروع، اوسع الطاقات البشرية والمادية للبلاد، موفرة المناخ الخطير للاعداء المحليين والدوليين من الرجعيين و المستعمرين الامبرياليين في تعزيز و بسط سيطرتهما علي حركات و وضع شعوب المنطقة، ومنها حركة الشعب الكردي التحررية في كردستان العراق التي تشهد اليوم تناميا ثوريا و تطورا تاريخا في ايديولوجيتها و محتواها التقدمي، واساليب كفاحها التحرري من اجل تهيئة الظروف التي تمكن شعبنا الكردي المضطهد علي تحقيق ارادته، في حق تقرير مصيره، و اختيار طريق تطوره السياسي و الاقتصادي و الاجتماعي. ممثلة بالفصائل الديمقراطية الثورية الكردستانية، التي تخوض النضال العتيد مع قوي الجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية (جود) ضد الدكتاتورية و الفاشية الحاكمة في العراق. و عبر مصاعب النضال الشاق في كردستان الثورة. تفرز مسار الكفاح الدائر شوطا بعد أخر الاحرار الحقيقيين من اهل القضية، و المخادعين المواربين من اعداء القضية. في ظل هذا الوضع شهدت تجربة حزبنا الحزب الاشتراكي الكردستاني_ العراق، انعطافا مصيريا وفصلا حديا قاطعا في تركيبته التنظيمية و السياسة، بين مجموعة قادته و كوادره و هيئاته الحزبية و منظماته الجماهيرية، فيما بين الكتلة العشائرية الانتهازية ذات النهج اليميني المساوم، ومجموعة الكوادر الديمقراطية الثورية، التي اقدمت في ١٩٨٥/١٢/١٤علي خطوة للانقاذ الثوري لمصير الحزب من مراوغات والاعب الزمرة التحريفية التي ارتدت عن نهج

الحزب الثوري، وسخرت سياسته لمصالحها الفئوية الضيقة، واسقطت في عموم ممارساتها وتحركاتها السياسية، التعبير المنسجم للحظ الفكري الواضح لحزبنا ومبادئه المقرة في النظام الداخلي والبرنامج السياسي لمؤتمر الحزب الاول منافية حقيقة كونه حزب ديموقراطي ثوري تقدمي، يربط جدليا نضاله القومي بنضالها الطبقي، ويؤمن بالاشتراكية العلمية ومهماته في الميادين كافة. مكرسة بذلك مظاهر التخبط والارتجالية والتبعية في اتخاذ المواقف السياسية، قادها في نهاية المطاف الي التفريط بالحلفاء الاساسيين لحزبنا وشعبنا الكردي علي الصعيد الوطني والعربي والعالمي. لقد اربكت ظروف الفصل بين المجموعتين، اعمال المنظمات والهيئات الحزبية في الخارج، وحجبت عنها الفرص والوقت لفترة معينة في اداء التزاماتها خارج الوطن وتنظيم وتنسيق دورها مع المنظمات الحليفة والصديقة، ومع جماهير وانصار الحزب في الخارج، ومع عموم الاصدقاء الذين شاركونا بدورهم الجهود المخلصة في البعث والاهتمام بتقييم الموقف والخروج بحصيلة القناعات المؤيدة لخط الكوادر الثورية. وبعد المدارسات الاجتماعات العديدة لكوادر منظمة الحزب في (الدانمارک)، تقرر بالاجماع حل المنظمة السابقة للحزب، واعلان الولاء والتاييد الكاملين للكوادر الديمقراطية الثورية، الذين برهنوا علي طريق الاختيار التقدمي الثابت والجرئ، رغم حراجة الظر وري وضخامة المسؤولية وشراسة الاعداء. وبهذه المناسبة نجدد العهد لكادحي كردستان ولشهداء الثورة الكردية والحركة الوطنية الديمقراطية العراقية، علي ان نبقي وكما كنا، راسخين في التمسک بمبادئ نهجنا الوطني، علي سبيل التحرر القومي والاجتماعي، ونمضي قدما في العمل للارتفاع بمستوي اهداف الشعب ومهماته المرحلية الملحة، من اجل ايقاف الحرب المدمرة واسقاط الدكتاتورية الفاشية، وضمان الكيان الديمقراطي للعراق والحكم الذاتي الحقيقي لكردستان.

الحزب الاشتراكي الكردستاني_ العراق/ الاتجاه الديمقراطي الثوري، منظمة الدانمارک

کۆنفرانسی ڕێکخراوەکانی دەرەوەی وڵات

لە دوای ڕاگەیاندنی هەڵوێستی خۆیان بۆ پشتگیری و بەردەوامبوونیان لە ڕیزەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، سەرجەم ڕێکخراوەکانی دەرەوەی ئەم حزبە، بۆ ڕێکخستن و خۆ ڕێکخستنەوە و بەردەوامبوون لە کاری سیاسی و دانانی بەرنامەی کاری داهاتوویان، لەڕۆژانی ١٥- ١٩٨٧/٨/١٩ بە بەشداری نوێنەرانی ڕێکخراوو کادیرە پێشکەوتوەکانی دەرەوەی وڵات، هەڵدەستن بە بەستنی کۆنفرانسێک لە ژێر دروشمی (خەبات و تێکۆشان لە پێناو پێشکەوتن و بەهێزکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی حزب لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی گەلەکەمان بە کۆتاییهێنانی شەڕی ماڵوێرانە و ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی شۆڤینی، بەدیهێنانی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان). لەم کۆنفرانسەدا کە پێنج ڕۆژی خایاندووە، (پێدەچێت لە دیمشق ئەنجامدرابێت)، وێڕای پابەندبوونی خۆیان بە سیاسەتی حزبەکەیان و بڕیارەکانی کۆبوونەوەی فرەوان (پلینۆم)ی ١٩٨٥/١٢/١٢و لە ژێر ڕۆشنایی بڕیار و ئەنجامەکانی کۆبوونەوەی لێژنەی ئامادەکاری سەرکردایەتی کە لە (٦-١٩٨٧/٦/٨) کراوە، کۆنفرانسیان بەڕێوە بردووە. لەم کۆنفرانسەدا وێڕای باسکردن لە بارودۆخی حزبەکەیان، کۆمەلێک پرسی سیاسی گرنگیان تاوتوێ کردووە وەک (بارودۆخی گشتیی کوردستان و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان). لە کۆتایی کۆنفرانسدا لێژنەیەکی سەرکردایەتیکردنی حزب لە دەرەوەی وڵات پێکهێنراوە و بە سروودی (ئەی رەقیب) کارەکانی کۆنفرانس تەواو بووە.

ئەمەش دەقی بەلاغی کۆتایی کۆنفرانسەکەیە بەزمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە و لە (لاپەڕە ٥٣ی ژمارە٤ی گۆڤاری پێشکەوتن)، بڕوانە بەشی دیکۆمێنتەکان.

البلاغ الختامي لكونفرانس منظمات الخارج للحزب الاشتراكي الكـــردســـتاني ـــ العــراق ـ الاتجاه الديموقـــــراطي الثــوري ـ

تحت شعار

((النضال من اجل تعزيزو تطوير دور منظمات حزبنا من اجل تحقيق اهداف شعبنا في انها الحرب الكارثة،واسقاط النظام الفاشي الشوفيني،وتحقيق الديموقراطية للعراق، والحكم الذاتي الحقيقي لكردستان))

انعقد الكونفرانس من الخامس عشر الي التاسع عشر من اب/١٩٨٧ بمشاركة المندوبين من المنظمات الحزبيةوالكوادر المتقدمة. وبعد الوقف دقيقة حداد تكريما لذكري شهداء حزبنا، والحركة التحررية الكردستانية، والحركة الوطنية العراقية، استعرض المشاركون اوضاع تنظيمات حزبنا منذ الاجتماع الموسع لكوادر الحزب في كردستان ـ العراق المنعقد ما بين ١٢ الي ١٩٨٥/١٢/١٤، وعلي ضوء اجتماع الجنة التحضيرية القيادية للحزب الذي انعقد في كردستان ـ العراق خلال فترة ٦ الي ٨ من حزيران/ ١٩٨٧.

لقد جري خلال الكونفرانس بحث الاوضاع العامة في كردستان و العراق و الشرق الاوسط و العالم. كما اتخذ الكونفرانس جملة من القرارات و التوصيات التي تخص سياسةوايديولوجية واستراتيجية حزبنا، وناقش مسالة تهيئة مستلزمات انجاح قرار قادة الحزب في عقد كونفرانس الحزب، وتدارس اوضاع الحركة الطلابية والشبابية الكردستانية خارج الوطن ودعا الي بذل كل ما في الوسع من اجل توحيد هذه الحركة وتنشيط دورها لتعزيز التضامن مع كفاح شعبنا. كما بحث مؤكدا من جديد ضرورة بذل المزيد من الجهود لتطوير دور حزبنا ومنظماته في الخارج، وعمله الفكري والتنظيمي الذي يشكل القاعدة الراسخة لتوسيع طاقات وامكانيات تنضيماتنا في الخارج والداخل بهدف تعزيز التفاف الجماهير اكثر فاكثر حول حزبنا وسياسته التي دللت الاحداث علي صحتها.

وتناول الكنفرانس يشكل مفصل تطور عملنا التنظيمي وبروز مكانة ودور منظمات حزبنا في الخارج وكيفية تطور علاقاتها مع منظمات الاحزاب

الكردستانية الشقيقة ومع منظمات الاحزاب والفصائل الوطنية والتقدمية العراقية والعربية والعالمية.

واستعرض بأسهاب تصاعد الهجمة الامبريالية علي المنطقة الذي اتخذ اخطر واعلي اشكاله بالارتباط مع ديمومة الحرب الكارثة التي اقتربت من نهاية عامها السابع والتي وقفت منذ البداية علي الضد من مصالح الشعبين العراقي والايراني ولا تزال تكلف حياة مئات الالوف من الشبيبة في البلدين وتناهض مصالحهما وتهدد وحدة البلاد وسيادتها وتلحق افدح الاضرار باقتصادهما الوطني وتخرب عشرات المدن والمئات من القري، وازاء هذه الهجمة والاوضاع ونتائجها اتخذ الكونفرانس قراره بادانته الشديدة لهذه الحرب الجنونية التي اشعلتها سلطة بغداد الفاشية بايعاز من الدوائر الامبريالية والرجعية في المنطقة والتي باتت تهدد بشكل جدي ليس السلام في منطقة الخليج وحدها فحسب بل السلام في العالم اجمع. كما دان في ذات الوقت جميع المحاولات الرامية لنقلها بشكل واسع الي كردستان والتي اسفرت موخرا عن استخدام السلحة الكيماوية والغازات السامة وحملات التهجير الجديدة والشاملة والابادة الجماعية للسكان المدنيين في كردستان وبالتالي السعي لتدويل هذه الحرب بهدف حماية مصالح الامبريالية والحكومات الرجعية في المنطقة بالارتباط مع مخططات حلف الناتو وغيره من الاحلاف الامبريالية العدوانية وشدد الكونفرانس بهذه المناسبة علي ضر ورة الكفاح الثوري المسلح وتعزيز المقاومة الجماهيرية بشجاعة للتصدي للنظام الفاشي الشوفيني والعمل علي اسقاطه.

وناقش الكونفرانس مسألة سياسة حزبنا في قضية التحالف الوطنية، واكد علي ضرورة مواصلة دوره وسعيه في خلق الاجواء والضروف الصالحة للعمل الوطني المشترك والتعاون بين الفصائل الوطنية والتقدمية لايجاد الصيغ المقبولة من جميع الاطراف الوطنية القومية الديمقراطية التقدمية. وتدارس الكونفرانس طرق العمل الجاد في هذا الميدان الذي يعد المخرج العملي لايقاف نزيف الدم وحرب ولابادة لا في كردستان و بعدها فحسب، بل علي صعيد العراق والمنطة لانقاذ الشعب العراقي من هذه الويلات والكوارث وصيانة

السلم في المنطقة.

وحول اطروحة الجبهة الكردستانية والتحالفات أو أي اطار اخر للتعاون أشار الكونفرانس بالاستناد الي تقييم قيادة حزبنا في بلاغها ألاخير المشار اليه اعلاه مؤكدا علي ضرورة قيامها علي اساس تكريسها لخدمة مصالح وطموحات جماهير شعبنا الكردي ونضاله ضد سياسة الحرب الفاشية وكجزء لا ينفصم عن وحدة الحركة الوطنية العراقية في جبهة شاملة اخذة بعين اعتبار استقلالية الخيار سياسي والعسكري لحركة شعبنا الكردي وعدم قيامها علي حساب مصالح شعبنا وبالضد من تطلعاتة القومية في الاجزاء الاخري من كردستان مستفيدة بذلک من تجربة ثورة ايلول التحررية ومن الانتصارات التي جاءت بفضل تعزيز الاخوة العربية_ الكردية ونتيجة التعاون والتنسيق بين حركة التحرر الكردية والحركة التحررية الوطنية العراقية بشكل خاص وحركة تحرر الوطني لشعوب المنطقة بشكل عام. واعتبر الكونفرانس مثل هذه التحالفات نهجا صائبا لخلق الاجواء النضالية ولتمهيد الطريق للاسراع باسقاط السلطة العراقية الشوفينية وتحقيق طموحات شعبنا العراقي بعربه وكرده واقلياتة القومية ولقطع المسالک علي محاولات تاجيج سياسة تصعيد النعرات القومية الشوفينية والانعزالية التفريط بارض الوطن وسيادتة ووحدته. واكد الكونفرانس مرارا علي ان أي توجه مغاير لا يخدم تعزيز جبهة الكفاح ضد الحرب والفاشيةو مناهضة الامبريالية و الرجعية والصهيونية و التخلف و يستهدف خلق البدائل الدخيلة علي طموعات ومصالح شعبنا سيودي بدون شک الي جلب المزيد من الكوارث و الويلات لا لشعبنا الكردي وحده فحسب. بل للشعب العراقي و لمجموع شعوب المنطقة و حركتها التحررية الوطنية و يضع العراق امام قيام الجبهة الوطنية الشاملة وبالتالي لا يدفع بالتعجيل لخلق المستلزمات الموضوعية لكي يتمتع شعبنا الكردي بكامل حقوقيه القومية العادلة بما في ذلک حقه في تقرير مصيره بنفسه. وناشد الكونفرانس جميع الفصائل الوطنية والتقدمية الكردية والعراقية الي التحلي بروح اليقظة والحذر من المؤأمرات الامبريالة والرجعية ومن مخططاته واطماعها التوسعية اكثر من أي وقت مضي وبالذات في هذا الظرف الدقيق التي تصعد فيه الامبريالية

الامريكية وثائر مؤامراتها علي شعوب المنطقة مستخدمة كل السبل لتقوية تواجدها في المنطقة وأحكام قبضتها عليها.

واشار الكونفرانس ألي أن القوي الامبريالية والصهيونية والرجعية بدأت بالملموس وبتنويع أساليبها لتثبيت هيمنتها علي شعوبنا من خلال هجمة وحشية مصحوبة بممارسات العنف والتهديد والاعتداء علي حركات التحرر بما فيها حركتنا التحررية الكردية والعمل علي تعويق مسيرة الانظمة الوطنية والتقدمية مع مواصلة سياسة الابتزاز ونهب الثورات الطبيعية في المنطقة. ودعا الكونفرانس الرأي العام العالمي وألاوساط المنظمات الدولية وألانسانية للضغط علي حكومة بغداد الفاشية لايقاف حربها العنصرية ضد الشعبنا الكردي والدعوة لعدم تزويدها بالاصلحة والتخلي من استخدام ألاسلحة الكيماوية والضغط عليها للكف عن حملات الاعدامات الجماعية والتهجير والتبعيد وحرق وأخلاء وازالة المدن والقري وابادة المواطنين والمعالم القوميةوالحضارية والثقافية والانسانية في كردستان_ العراق وعدم احترام القوانين والمعاهدات والاعراف الدولية.

وأبرز الكونفرانس بان السلطة الفاشية لا تزال تواصل بالاعتماد علي طبيعتها البرجوازية الطفيلية وأفكارها المناهضة لحقوق القوميات ألاخري وللمعتقدات المذهبية والدينية وللقيم ألانسانية والحضارية بأبتكار أكثر الممارسات وحشية حد تهجير قطاعات واسعة من المواطنين العراقيين ورميهم خارج وطنهم. كل ذلك لمجابهة مقاومة الشعب العراقي عامة والشعب الكردي عليوجه الخصوص ولمناهضة مطاليبه المشروعة المتمثلة في اتاحة الفرصة أمام الشعب لاختيار النظام السياسي الذي يرتأيه ويعبر عن مصالحه الحقيقية.

ولدي استعراض ودراسة وضع الحركة التحررية الكردية في الاجزاء الاخري من كردستان أعرب الكونفرانس عن دعمه لكفاح شعبنا الكردي من أجل حقوقة العادلة المشروعة ودان بشدة ممارسات القمع والاهراب التي تمارسها السلطات الرجعية والشوفينية ضد الشعب الكردي هناك وبالذات ممارسات الطغمة العسكرية التركية المرتبطة بحلف الناتو العدواني. وحذر المشاركون من محاولات تبرير خلق علاقات مشبوهة ومضرة بطموعات شعبنا والخطرة

العواقب مع هذه الطغمة الفاشية ومع الاطراف المعادية لمصالح شعبنا الكردي في المنطقة واقامة علاقات واتصالات لا تعبر عن الشعور بالمسؤولية القومية والتاريخية وعلي حساب حركة التحرر الوطنية الكردية في هذا الجزء أو ذاك من كردستاننا الحبيبة ومن منطلقات ذاتية أو ضيقة أو جراء صعوبات النضال أو بسبب ردة فعل الممارسات الشوفينية للحكام.

ولدي دراسة الوضع في شرق الوسط أعرب المشاركون عن تأييدهم لكفاح الشعب الفلسطيني في سبيل العودة وحق تقرير المصير علي أرضه واقامة دولته الوطنية وأعلن عن دعمه لنضال الحركة الوطنية اللبنانية ولصمود الشعب اللبناني وتاييده للمحاولات الجارية لاستعادة وحدة الشعب اللبناني وترابيه.

وثمن الكونفرانس عاليا دور و تضامن الجمهورية العربية السورية والجماهيرية الليبية واليمن الديمقرطية وسائر أوساط وفصائل قوي حركة التحرير الوطنية العربية مع نضال شعبنا العراقي بعربه وكرده لنيل حقوقه العادلة في التحرر الديمقراطية. كما أعتبر الكونفرانس مجددا الحركة العمالية في البلدان الرأسمالية وحركات التحرر الوطنية العالمية والمنظومة ألاشتراكية العالمية وفي طليعتها ألاتحاد السوفييتي الحليف الطبيعي لنضال شعبنا وحركتنا التحررية الوطنية وحذر في ذات الوقت من محاولات عزل كفاح شعبنا وحركتنا الوطنية عن نضال شعوب المنطقة والعالم. كما أعرب الكونفرانس مساندته للجهود المبذولة في سبيل ضمان السلام العالمي وحل المشاكل الدولية المستعصية بالطرق السلمية وأبادة ألاسلحة النووية والكيماوية ومنع انشارها وحظر عسكرة الفضاء. ودان بشدة ألاضطهاد والتفرقة العنصرية والصهيونية وأعرب عن مساندته لكفاح شعوب اسيا وأفريقيا وأمريكا اللاتينية من أجل التحرر الوطني وألاستقلال والتقدم ألاجتماعي. كما أعرب عن تقديره البالغ لجميع ألاوساط والحكومات التي ساندت قضية شعبنا الكردي والعراقي العادلة.

وفي ألختام حيا الكونفرانس صمود قيادة وكوادر وأعضاء وبيشمهركة حزبنا واطراف الحركة الوطنية الكردستانية والعراقية وأعاد بأجلال أعلا ذكري شهداء حزبنا وشعبنا وثمن عاليا تضحياتهم وتضحيات أسرهم وأعرب عن تقديره للمقاومة الباسلة لجماهير شعبنا صمود جميع التضامن في زنزانات

النظام الفاشي الدموي وبسالتهم. كما حيا الكونفرانس جميع الحركات التحررية الوطنية وقوي التقدم والسلام وألاشتراكية في العالم.
وأنتهي الكونفرانس أعماليه بتشكيل الهيئة القيادية التي أنيط بها قيادة لعمل الحزبي خارج الوطن.
وأختتم الكونفرانس بنشيد ((أي ره قيب)).

كونفرانس منظمات الخارج
للحزب الاشتراكي الكردستاني ـ العراق
ألاتجاه الديمقراطي الثوري
١٩/ أب / ١٩٨٧

ڕێکخراوەکانی قوتابی و لاوان

حزبی سۆسیالیستی کوردستان، هەر زوو درکی بەو بایەخ و گرنگی هەردوو توێژی قوتابی و لاوان کردبوو کە دوو توێژی سەرەکی و کاریگەری نێو بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمانن و ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە جۆشدان و بەردەوامدان بە خەبات و تێکۆشان، داینەمۆی بزاڤ و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانن، هەر لەسەردەمی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، ڕێکخراوی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان _ عێراق) بە پلەی یەکەم لەلایەن شەهید (کاردۆ گەڵاڵی) بە نهێنی لە ساڵی ١٩٧٧ لە هەولێر دادەمەزرێ و هەر یەک لە (ئەمین قادر/مامۆستا ئەمین، کامەران قادر شۆڕش، سەلاحەدین محەمەد ئیسماعیل[1]، سمکۆ ئەنوەر، بەڵێن عەبدوللا، بەهرۆز گەڵاڵی، محەمەد عومەر ئەحمەد/ مامۆستا دارا، ڕێبوار عەبدولڕەحمان، عومەر محەمەد ئەمین/مامۆستا کاوە، ئاسۆ حەسەن، ئیحسان گلی/ خەسرەو) دەبنە ئەندامی

[1] سەلاحەدین محەمەد ئیسماعیل ناسراو بە (مامۆستا سەلاح) لە ١٩٥٧ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە دەشتی کۆیە لە دایک بووە، دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی بەشی ژمێریارییە، لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کردووە، ساڵی ١٩٨٠دەبێتە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، دەبێتە ئەندامی ناوچە و پاشان بەرپرسی ناوچەی ڕواندز و ناوچەی دەشتی هەولێر، دواتر کارگێڕی لقی هەولێر، لە ١٩٨٣/٨/٢٢ لە بناری قەندیل گوندی ئێندزێ شەهید بووە.

چالاکی سەرەتایی ئەم ڕێکخراوە[1].

لە هەشتایەکانەوە بایەخێکی گرنگ بە ڕێکخراوە جەماوەریەکان دەدرێت و بە گرنگی دەزانن کە لە پاڵ ڕێکخراوی (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ـ عێراق) ڕێکخراوێکی تایبەت بە توێژی لاوان دابمەزرێت و شان بەشانی ڕێکخراوی قوتابیان، خەباتی پیشەیی و سیاسی و جەماوەری بکات، لە ڕێکەوتی ١٩٨٤/٤/٤ لە ناوچە ئازادکراوەکان و لە پاڵ شاخە بەرزەکانی کوردستان، ڕێکخراوی (یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان) لە سەر دەستی پۆلێ لە لاوانی پێشمەرگە دادەمەزرێ، هەر زوو ئەم ڕێکخراوە چ لە ناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە، چ لە ناو شار و گوندەکان گەشەی بە خۆوە دەبینێو بە دیان لاو تەڤلی ئەم ڕێکخراوە دەبن.

ئەم دوو ڕێکخراوە (یەکیتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان) ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە خەباتی شاخو ڕێکخستنە نهێنیەکان و ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵات، ڕێکخراویان لە سوریاو ئەوروپاو یەکیتیی سۆڤیەت هەبووە، بە سەدان ئەندامیان لە ڕیزی پێشمەرگە و ڕێکخستنە نهێنیەکاندا هەبووە، وێڕای کاری پیشەییان کە هوشیارکردنەوە و هاندان و ڕێنمایکردنی قوتابی و لاوان بووە، لە پاڵ ئەم ئەرکەیان وەک تێکۆشەر و خەباتگێڕ چەکی پێشمەرگەیان لە شان بووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران، چەندین لە کادیر و ئەندامەکانیان شەهید بووینە و لە لایەن ڕژێمی بەعس زیندانی کراوان و لە سێدارە دراون، وەک شەهیدان (کاردۆ گەڵاڵی و مامۆستا سەلاح و دیار سۆربەشی[2] و فاروق[3]

---

١ ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم / هەولێر٢٠١٩، ل٢٠٥.

٢ دیار سۆربەشی، ئەبوبەکر عومەر کارەش، لە ١٩٥٢ لە دایک بووە، تا قۆناغی ناوەندی خوێندووە، ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوە دەکات، یەکێک بووە لە ئەندامە چالاکەکانی ڕێکخستنە نهێنیەکانی حزبی سۆسیالیست و سەرپەرشتی هێڵی ڕێکخستنی کردووە، لە ١٩٨٢/٧/٣١ لەگەڵ (٨) هاوڕێی تریان لە لایەن جاشەکان و پیاوانی ئەمن دەستگیر دەکرێت و دوای (٣) ساڵ لە خۆڕاگری لە ١٩٨٥/٤/١٤لە ئەبوغرێب لەگەڵ (نەجمەدین مستەفا)ی هاوڕێی لە سێدارە دەدرێت.

٣ فار وق، فەریدون مورشید خەڵی کەرکوک بووە، کادیر بووە لە سەرکردایەتی حزبی سۆیالیستی کوردستان، لە یەکی ئایاری ١٩٨٣ لە بناری قەندیل لە قرناقە و پشتئاشان شەهید بووە.

و شێرکۆ[1] و شوان[2] و کرێکار[3] و ئیدرس[4] و دلاوەر[5] و چەتۆ[6] و هەژار دێدەوانی) و دەیانی تر ئەم دوو ڕێکخراوە ڕۆڵیان هەبووە لە ڕێکخستن و بەشداریکردنی ڕاپەڕین و خۆپیشاندنی زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە تایبەتیش لە هەولێر و ڕواندز.

لە بواری ڕاگەیاندنیشدا هەردووک ڕێکخراو ئۆرگانی تایبەت بە خۆیان هەبوو، لە قۆناغە جیاجیایەکان بەیاننامە و گۆڤار و بڵاوکراوەیان لە شاخ و شار و دەرەوەی کوردستان دەرکردووە، گۆڤاری (خەباتی قوتابیان[7])

---

١ شێرکۆ، عەبدولسەلام مەلا سەید نوری ناسراو بە شێرکۆ لە ساڵی ١٩٥٦لە دایک بووە، خوێندنی ئامادەیی بازرگانی تەواو کردووە، پەیوەندی کردووە بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و لە ساڵی ١٩٨٠بۆتە پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لە شەوی ٧–١٩٨٣/١١/٨لە گوندی پیرداود لە لایەن یەکێتییەوە شەهید دەکرێت.(ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم / هەولێر٢٠١٩، ل ٤٤٧).

٢ شوان، بەرپرسی ئیدارەی مەکتەبی سیاسی حزبی سۆیالیستی کوردستان بووە، لە یەکی ئایاری ١٩٨٣ لە بناری قەندیل لە قرناقە و پشت ئاشان شەهید بووە.

٣ کرێکار، پێشمەرگە و کادیری حزبی سۆسیالیستی کوردستان و ڕێکخراوە جەماوەریەکانی ئەم حزبە بووە لە یەکی ئایاری ١٩٨٣ لە بناری قەندیل لە قرناقە و پشتئاشان شەهید بووە.

٤ ئیدریس پیرداود، پێشمەرگە و کادیری حزبی سۆسیالیستی کوردستان و ڕێکخراوە جەماوەریەکانی ئەم حزبە بوو، لە یەکی ئایاری ١٩٨٣ لە بناری قەندیل لە قرناقە و پشتئاشان شەهید بووە.

٥ دلاوەر، حەکیم مەلا قادر ناسراو بە دلاوەر، لە ساڵی ١٩٦١ لە گوندی سەر بەشاخ لە دایک بووە، خوێندنی ئامادەیی بازرگانی لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ بۆتە پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لە ١٩٨٣/٥/١ لە قرناقە و پشتئاشان شەهید بووە. (ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم / هەولێر٢٠١٩، ل ٤٤٧).

٦ چەتۆ ئیسماعیل عەبدولکریم، لە ١٩٥٤لە گوندی دووگردکان لە دایک بووە، تا قۆناغی دوا ناوەندی خوێندووە و بۆتە فەرمانبەر لە فەرمانگەی ڕۆشنبیری و لاوان، ئەندامێکی چالاکی ڕێکخستنەکانی هەولێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان بووە، لە ١٩٧٦دەستگیر دەکرێت و پاش ئازادبوونی لە هەمان ساڵ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە دەکات و لە ١٩٧٩ بەشداریدەکات لە یارمەتیدانی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کادیرێکی بە توانای ناوچەی دەشتی هەولێر بووە، نیسانی ١٩٨٣بریندار دەبێت، لە ١٩٨٤/٢/١٤ لە لایەن ڕژێمی بەعس بە دیل دەگیرێو لە زیندانا خۆڕاگر دەبێت و لە ١٩٨٥/٥/١٩ لە گرتوخانەی ئەبو غریب لە سێدارە دەدرێت و شەهید دەبێت.

٧ خەباتی قوتابیان، گۆڤاری ناوەندی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووە، ژمارە (سفر)ی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٣ بڵاوکراوەتەوە، دوازدە ژمارەی لێدەرچووە.(ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم / هەولێر٢٠١٩، ل ١٧١).

و (ڕێبازی لاوان) لە شاخو (دەنگی لاوانی کوردستان١٩٨٣[١]) لە دەرەوەی کوردستان دەرچوون.

لە جوودابوونەوەی ڕەوتی چەپ لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان، سکرتێری هەردووک ڕێکخراو، ڕێکخراوی دەرەوەی کوردستان و زۆربەی کادیر و ئەندامەکانی لەگەڵ ئەم ڕەوتە دابوون و هەڵوێستی خۆیان دەربڕیووە، (ئاسۆ حەسەن) سکرتێری یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان و (ڕێبوار عەبدولڕەحمان) سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کادیرەدا بوون کە هەڵوێستیان وەرگرتووە و واژۆیان لە سەر ئەو یاداشتە هەیە کە دراوەتە مەکتەبی سیاسی، لە دامەزراندنی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) کادیر و ئەندامانی ئەم دوو ڕێکخراوە لە شاخ و شار و دەرەوەی وڵات ڕۆڵیان هەبووە لە گەشەپێدانی ئەم حزبە لە هەموو بوارەکاندا، لە بواری (پێشمەرگایەتی و ڕێکخستن و ڕاگەیاندن و پەیوەندی و کاری جەماوەری).

یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان ڕێکخرای یەکیتیی سۆڤیەت بەیاننامەیەک وەک ڕوونکردنە لە بارەی بارووددۆخی نێو (حزبی سۆسیالیستی کوردستان) لە دوای دامەزراندنی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٦ بڵاودەکەنەوە، بەیاننامەکە لە ژمارە (٢ ی تەشرینی یەکەمی ١٩٨٦ لاپەڕە ٥٦ ی گۆڤاری پێشکەوتن) کە بەشی ڕاگەیاندنی ئەم حزبە دەریدەکرد، بڵاوبۆتەوە، بڕوانە بەشی دیکۆمێنتەکان، ئەمە دەقی بەیانامەکەیە:

ڕوونکردنەوەیەک

زەروورەتی دروستبوونی یەکیتیەکەمان، یەکیتیی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان، ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستیە بەڵگە نەویستە بوو کە بۆ بەردەوامی

---

١ دەنگی لاوانی کوردستان، ڕێکخراوی یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان لە دەرەوە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەری کردووە، یەکەم ژمارەی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٣دەرچووە، ژمارە(٩)ی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ لە سوریا دەرچووە. بڕوانە بەشی ڕاگەیاندنی ئەم کتێبە.

بەرەو پێشەوە چوون و گەشەی هەر ڕێکخراوێکی سیاسی خاوەن بیر و باوەڕێکی تایبەتی، پەیوەست بە قوتابخانەیەکی ڕاهێنان و ئامادەکردن دەکات، کە بەردەوام بێ پچڕانەوە ئەندامانی دوارۆژی بەو بیر و ڕێبازە گۆش بکەن کە لە پەیڕەو و پڕۆگرامیدا جێگیر کراوە و لە ژیان و خەباتی ڕۆژانەشدا پەیڕەویان لێدەکرێت، هەمووی بەو مەبەستەی کە جووڵانەوەیەکی دیالەکتیکی بدرێت بەو ڕێکخراوە سیاسیە و هەر بە زیندوێتی بمێنێتەوە، هاوڕێک لەگەڵ لە ئارادا بوونی پێداویستیەکانی بوون و مانی. لەم بوارەدا ئێمە بە شانازییەوە بە ڕابردووی یەکیتیەکەماندا دەچینەوە و هیچ تاریکیەک ناتوانێت، دڕ بە خاڵە درەوەشاوەکانی ئەم یەکیتیە لە خۆبردووو خەباتگێڕە بدات.

لامان وایە بە نموونە هێنانەوەی خەبات و بیر و پەروەردەی شەهیدان (سلاح و فاروق و کرێکار و ئیدریس و شێرکۆ و دیار و دەیان شەهیدی دیکە) ڕەسەنی ئەو قوتابخانەیە ئەسەلمێنن. یەکیتیەکەمان هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو کە لاوان بە گیانی قوربانیدان و نێونەتەوەیی و ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕی و کەلتووری نەتەوەکەمان پەروەردە بکات و جۆشیان بدات بۆ خەبات و حزب و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان و ناوچەکە، دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستان.

ئیمڕۆ کە تاقمی ڕاستڕەوی لادەر لە پەیڕە و پڕۆگرام و سیاسەتی حزبی سۆسیالیستی کوردستان_ عێراق کە کۆنگرەی یەکەم بڕیاری لەسەر داوە و بە سەدان شەهیدی قارەمانی لەو پێناوەدا بەخشیوە، دەستیان کرد بە لێدانی بیری پێشکەوتوخوازی شۆڕشگێڕ، بە یارمەتی هێزی دەرەکی و دوورە پەرێزگرتنی لاوانی داینەموو هێزی بزووێنەری خەبات و گوڵی ئاڵی بەرۆکی زەحمەتکێشانی کوردستان. تا دەگەیشتە ئەوەی کە کادیر و ئەندام و پێشمەرگە نەبەزەکان و ئەوانەی باوەڕیان بە دیموکراتی شۆڕشگێڕ هەیە و ڕێکخراوە جەماوەریەکان (بە تایبەتی لاوان و قوتابیان) هەڵوێستی ڕاست و شۆڕشگێڕانە وەربگرن.

ئێمەش وەک(یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان_ عێراق/ ڕێکخراوی

یەکێتی سۆڤیەت) پشتگیری خۆمان دەردەبڕین لە هەڵوێستی ڕاست و دلێرانەی یەکێتی ناوەندیمان و کادرە شۆڕشگێڕەکان، پەیمانیش دووپات ئەکەینەوە کە بەردەوام بین لە خەباتی نەپساوەمان بۆوەدی هێنانی مافی چارەنووسی نەتەوەکەمان و لە پێش هەمووشیانەوە ڕاگرتنی شەڕی وێرانکاری و ڕوخانی ڕژێمی توخم پەرستی فاشی بەغدا و دامەزراندنی دیموکراسی لە عێراقدا.

یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان_ عێراق

ڕێکخراوی یەکێتیی سۆڤیەت١٩٨٦

دوای دامەزراندنی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) و ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی، ئەم دوو ڕێکخراوە (یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان) ژمارە (٨)ی ڕۆژنامەی (ڕێبازی لاوان) لە شاخ و ژمارە (٩)ی گۆڤاری صوت الشبیبة الکردستانیة (دەنگی لاوانی کوردستان) بە زمانی عەرەبی لە دەرەوەی وڵات لە سوریا لە ساڵی ١٩٨٦ دەردەکەن، وەک درێژەپێدەری ژمارەکانی پێشووتریان.

لە دوای ئەنفالەکان هەردووک ڕێکخراو (یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان و یەکیتیی قوتابیانی کوردستان) لە ڕێکەوتی١٩٨٩/١/١٠ لە (زێوە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکدەگرن و (یەکێتیی خوێندکار و لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان) پێکدەهێنن، (کوردستان عەلی) پێشمەرگەی زەحمەتکێشان، بە سکرتێری ئەم ڕێکخراوە هەڵدەبژێردرێت، ئەمەش بۆ یەکەمین جار بووە لە کوردستان ژنێک ببێتە سکرتێری ڕێکخراوێکی لەم شێوەیە، گۆڤارێک وەک ئۆرگانی ناوەندی بە ناونیشانی (ژیانی نوێ) بڕیاری لێدەدەن و ژمارەی یەکەمی بە قەبارەی (A٤)، لە شوباتی ١٩٨٩ دەردەکەن.

بەشی دەیەم
ڕاگەیاندن
ڕۆژنامە، گۆڤار، بڵاوکراوەکان

ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان

لە بارەی ڕاگەیاندنیشدا، سەرەڕای ئەو بارودۆخە نالەبارەی بەسەر ئەم حزبە داهات، کە لە ماوەی نزیکەی ساڵێک نەیتوانی لە شوێنێکی گونجاو بارەگاکانی تێدا جێگیر بکات بە تایبەتیش بارەگای سەرکردایەتی، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دوای پلیۆنۆم و پێکهێنانی ئۆرگانەکانی، بەشی ڕاگەیاندن ڕادەسپێردرێ دەست بە کارەکانی بکات بە تایبەتی بۆ دەرکردنی (ئاڵای ئازادی) کە وەک ئۆرگانی حزب دیارکرابوو، لەگەڵ گۆڤاری (پێشکەوتن) هەوڵبدرێت بە زووترین کات هەنگاوی بۆ بهاویشترێ و بڵاوبکرێنەوە، بەڵام لەبەر بارودۆخەکە ئەم بەشە نەیتوانی کارەکانی جێبەجێ بکات، وێڕای هەوڵدان و خەمخۆری زۆری. بۆ ڕاپەڕاندنی کاری ڕاگەیاندن پێویستی بە کەشێکی گونجاو و جێگیر و توانای ماددیی و کادری شارەزا و پێداویستییەکان هەبوو، بۆ دابینکردنی ئەم پێداویستیانە لەو بارودۆخە نەگونجاوەی ئەوێ ڕۆژێدا بۆ ئەم حزبە ئاسان نەبوو، سەرەتا بیریان لەوە کردەوە هەوڵ بدەن تا خۆیان ڕێکدەخەن و پێداویستییەکانی چاپکردن دابین کەن، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) لە لایەن حزبی شیوعی چاپ بکەن، بۆ ئەم مەبەستە وتار و بابەتەکانی ڕۆژنامەیان ئامادەکرد و (ئاسۆ حەسەن)یان ڕاسپارد کە بەرپرسی(بەشی ڕاگەیاندن) بوو، بەم ئەرکە هەڵبستێت، ئەویش لە ڕۆژێکی باراناوی بەهارێدا کۆڵەپشتەکەی کردە پشت و ڕێگای سەخت و پڕ مەترسی (خواکورک)ی گرتە بەر بۆ لای ڕاگەیاندنی حزبی شیوعی عێراق، بەڵام ڕێکناکەوێت لەوێ چاپی بکات و دەگەڕێتەوە، دوا جار هەوڵ دەدەن خۆیان ئەم کارە بکەن بە هەر شێوەیەک بێت، بەشی ڕاگەیاندن تەنیا (تایپ و ڕۆنیۆ[1]) یەکی دەستی هەبووە، ئەویش لەبەر زۆر وارکردن و گواستنەوە بە سەر پشتی وەڵاغ تەڕو ژەنگاوی بووبوون و

[1] تایپو ڕۆنیۆ، تایپ ئامێرێکی چاپی دەستی بوو، تا پەیدابوونی کۆمپیوتەر بە تایپ نووسراو بڵاوکراوە و ....تاد پێی دەنووسرا، ڕۆنیۆ ئامێرێکی زیادکردنی لاپەڕەکانی چاپکراو بوو، کاغەزی (ستێنسل) جۆرێکی تایبەت بوو دەخرایە سەر ئامێری تایپ و نووسینی لەسەر چاپدەکرا و پاشان دەخرایە سەر ڕۆنیۆ کۆپی دەکرایە سەر کاغەزی ئاسایی، ڕۆنیۆ کاری پرنت و (استنساخ)ی ئێستای دەکرد، جۆرێک لە مەڕەکەبی تایبەتی هەبوو بە دەست و بە کارەبا ئیشی دەکرد.

بە هەوڵ و خەمخۆری کادیرانی ئەم بەشە توانیویانە بە کاریان بخەنەوە و ئامادەیان بکەن، کاغەز و مەرەکەب و پێداویستییەکانی تر ڕێکخستنە نهێنیەکانیان لە هەولێر دابینی دەکەن و لە ڕێی ڕێکخستنکانی خەلیفان بە کۆڵ بە دەستیان گەیشتووە، لە ئەشکەوتێکی بناری چیای (پێرس) وەک سەرەتایەک دەست بە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) دەکەن، بە دوای ئەویشەوە گۆڤاری (پێشکەوتن) دەردەکەن، پاشان چەندین نامیلکە و بڵاوکراوە و بەیاننامە لە (بەشی ڕاگەیاندن) بە هەمان ئامێر و دەزگا دەردەکەن.

بەشێک لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی (بەشی ڕاگەیاندن)ی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لەساڵی ١٩٨٥ تا ڕاپەڕینی١٩٩١.

ڕۆژنامە و گۆڤار:

١.ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی).
٢.گۆڤاری (پێشکەوتن).
٣.ڕۆژنامەی (راية الحرية).
٤.صوت الشبيبة الكردستانية.
٥.ڕێبازی لاوان.
٦.ژیانی نوێ.
٧.ژیلەمۆ.

بەشێک لە نامیلکە و بڵاوکراوەکان:

١.نامیلکەی (هەڵوێستی شۆڕشگێڕی، نەک لادان و پاشگەزبوونەوە[1]).
٢.پڕۆژەی بەرنامەی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان–عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ)، بۆ کۆنفرانسی یەکەم.
٣.پڕۆژەی پەیڕەوی ناوەخۆی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ)، بۆ کۆنفرانسی یەکەم.
٤.پڕۆژەی ڕاپۆرتی سیاسی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق/

[1] بۆ دەقی بڵاوکراوەی (هەڵوێستی شۆڕشگێڕی، نەک لادان و پاشگەزبوونەوە) بڕوانە بەشی بەڵگەنامەکان.

ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ)، بۆ کۆنفرانسی یەکەم.
٥.بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان/ پەسندکراوی یەکەمین کۆنفرانس (٢٤-١٩٨٨/٤/٢٦[1]).
٦.ڕاپۆرتی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان/ پەسندکراوی یەکەمین کۆنفرانس (٢٤-١٩٨٨[2]/٤/٢٦).
٧.نسکۆ و سەرەتایەکی هەڵسەنگاندن، هۆیەکان- ئەنجامەکان- ڕێگەی چارەسەرکردنی.
٨.لە چ ڕوانگەیەکەوە داوای پێکهێنانی پارتی پێشڕەوی کرێکارانی کوردستان دەکەین.
٩.بۆ نابێ کرێکارانی کوردستان حزبی خۆیان هەبێ ؟
١٠.شێواندن لە بەرژەوەندی کێ دایە ؟
١١.ڕاپۆرتی سیاسی/ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان- عێراق لە (١٨-١٩٨٩/٧/٢٠ بڕیاری لەسەر دراوە.

ئاڵای ئازادی[3]

ئاڵای ئازادی ئۆرگانی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بوو، (بەشی ڕاگەیاندن) یەکەم بەرهەمی چاپکراوی، (ئاڵای ئازادی) بوو، چونکە بڵاوکراوەیەک بۆ ئەم حزبە جێگای گرنگی و بایەخی خۆی هەبوو، بۆ ئەوەی دیدو بۆچوونی لەمەڕ بارودۆخی سیاسیی ئەوسا و هەڵوێستەکانی و هەنگاوە سیاسی و چالاکییەکانی پێشمەرگە و هۆکاری جیابوونەوە و دامەزراندنی خۆی، بگەیەنێتە جەماوەر و هێزە سیاسییەکان و ڕێکخستن

[1] بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان/ پەسندکراوی یەکەمین کۆنفرانس (٢٤-١٩٨٨/٤/٢٦) چەند ڕۆژێک بەر لە ئەنفالی بادینان چاپکرابوو، دەرفەتی ئەوە نەبووە بڵاوبکرێتەوە و تیا چوو.

[2] ڕاپۆرتی سیاسیی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان/ پەسندکراوی یەکەمین کۆنفرانس (٢٤-١٩٨٨/٤/٢٦). چەند ڕۆژێک بەر لە ئەنفالی بادینان چاپکرابوو، دەرفەتی ئەوە نەبووە بڵاوبکرێتەوەو تیا چوو.

[3] ئاڵای ئازادی لە دوای ئەنفالەکان هیچ ژمارەیەکی لێدەرناچێت و لە بڵاوبوونەوە دەوستێت، تا لە ڕاپەرین خولی دووەمی دەردەچێت، یەکەم ژمارەی لە (مانگی چواری ١٩٩١) بڵاودەبێتەوە، سەرەتا مانگانە دەبێت و پاشان دەبێتە هەفتانە، بەردەوام دەبێت تا ساڵی ٢٠١٣پاشان بە شێوەیەکی کاتی دەوەستێت.

و دۆست و لایەنگرانی، ئەوە پێویستی بە بڵاوکراوەیەک هەبوو، بۆ ئەو ڕۆژگارە و هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەم حزبە، گرنگ و جێگای بایەخ بوو، بەڵام ڕووداوەکان و گەمارۆو فشار خستنە سەری لە هەموو ڕوێکەوە، نەیتوانی لە سەرەتاوە بەم ئەرکە هەڵبستێ، وێڕای هەوڵدانی زۆری.

لە ئازاری (١٩٨٦) یەکەم ژمارەی (ئاڵای ئازادی) چاپکراو بڵاوکرایەوە، بە دوای ئەویشدا یەکەم ژمارەی گۆڤاری (پێشکەوتن) لە هەمان مانگدا دەرچوو، ئەمە بۆ ئەو کاتە کە (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) بە بارودۆخێکی سەختدا تێدەپەڕی کارێکی ئاسان نەبوو، بەو توانا کەمەی لە ڕووی مادی و ئامێری چاپ و پێداویستییەکانی بتوانێت هاوکات ڕۆژنامەیەک و گۆڤارێک دەربکات، هەڵبەتە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لەخۆبوردەیی و دڵسۆزی و باوەڕ بە خۆبوونی ستافی بەشی ڕاگەیاندن.

سەبارەت بە دەرکردنی یەکەم ژمارەی ئاڵای ئازادی، ئاسۆ حەسەن لە نووسینێکی کورتدا وەک یادێک بۆ ئەو ڕۆژە کە لە ژمارە(١١٤)ی ڕۆژی یەک شەممە ١٩٩٤/٣/٢٠ی هەمان ڕۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە، وەها ئاماژە بە پرۆسەی چاپکردنی دەدات: (کات ساڵی ١٩٨٦ە ...ئەو کاتەی بارەگای سەرەکی حزبمان لە گوندی ((کۆلەکا))ی سەر زێی بادینان سەنگرابووەوە و لە یەک کیلۆ مەتری چوارگۆشەدا ئازاد بووین بە ئارەزووی خۆمان قسان بکەین، لە ئاخر و ئۆخری مانگی ئادار نۆبەرەی ((ئاڵای ئازادی)) چاوی هەڵێنا. بە شێوەیەکی مانگانە لە ژوورێکی بچکۆلانەی بە دڵۆپە... دەنووسراو چاپ دەکراو لە ئەشکەوتێکی کلکەی چیای (پێرس)یش لە (ڕۆنیۆ) دەدراو بە هەشت لاپەڕەی شێوەی ڕۆژنامەی چیا دەکەوتە دەستی پێشمەرگە و بەر چاوی شۆڕشگێڕانی شارەکان).

لە(ئازاری ١٩٨٦ تا حوزەیرانی ١٩٨٨)، (٢٠) ژمارەی (ئاڵای ئازادی) وەک خولی یەکەم (خولی شاخ) بڵاوکرایەوە، ژمارە (١ت٧) لە گوندی (کۆلەکا)ی بەری نزارێی بناری پێرس دەرچووە، کە ئەوکات بارەگاکانی ئەم حزبە لەوێ بووە، پاشان لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ بارەگای بەشی ڕاگەیاندن گوازراوەتەوە بۆ گەڵی (توبا)ی نزیک گوندی (کافیا)ی ناوچەی زێباریا، شوێنی بارەگاکانی پێشووتریان، ژمارەکانی تر (٨تا٢٠) لەوێ دەرچوون،

نووسەرە سەرەکیەکانی ئاڵای ئازادی کە بابەتیان بۆ دەنووسی بریتی بوون لە: (ئاسۆ حەسەن وەک سەرنووسەر، قادر عەزیز، مامۆستا دارا، هەژار دێدەوانی، ڕابەر ڕەشید و هەڵمەت)، هەندێ جار لەلایەن ڕێکخستنەکانەوە کە ڕاپۆرتەکانیان دەناردن ڕێپۆرتاژیان لەسەر بارودخی شارەکان ئامادەدەکرد، سەرچاوەی هەواڵەکانیش، ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگە و ئێزگە جیهانیەکان بوون کە بەشی (ئەنسات[1]) بەوکارە هەڵدەستا.

هەڵبەتە (ئاڵای ئازادی) ئۆرگانی ناوەندی حزبێکی سیاسی بوو، لە ژمارە (١تا١٨) تا پێش بەستنی یەکەمین کۆنفرانسی ئەم حزبە، پێناسەی (ئاڵای ئازادی) بەم جۆرە بوو، (ئۆرگانی ناوەندی حزبی سۆسیالیستی کوردستان_ عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ)ە لە کۆنفرانسی یەکەم ناوی حزب دەگۆڕدرێت، لە ژمارەکانی داهاتوویدا ئەم پێناسە نوێیە وەردەگرێت (ئۆرگانی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان_عێراق)ە، هەڵبەتە دروشمی ئەم حزبە بەسەر لاپەڕەی هەموو ژمارەکانیەوە بوو، تا پێش کۆنفرانس دروشمی (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان) بوو، لە کۆنفرانس ئەم دروشمە گۆڕانی بەسەرداهات و بوو بە (دیموکراسی بۆ عێراق و مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد).

لە سەروتاری یەکەم ژمارەی (ئاڵای ئازادی)دا کە لە لاپەڕەی (١و٧) بڵاوکراوەتەوە، بە ناونیشانی (ئاڵای ئازادی و ئەرکی سەرشانی) ئاماژە بە ڕۆڵ و ئەرکی ڕۆژنامەگەری دەدات لە قۆناغی خەباتی شۆڕشگێڕانەی شاخدا، لێرەدا ئاماژە بە بڕگەیەکی وتارەکە دەکەین: (حزبمان لە کۆبوونەوەی فرەوانی کادیرانی خۆی بایەخێکی تایبەتی بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندن داناو

[1] بەشی ئەنسات (انصات)، ئەنسات وشەیەکی عەرەبیە بە مانای (گوێلێگرتن) دێت، سەرجەم ڕاگەیاندنی لایەنەکان لە سەردەمی شاخدا بەشێکیان هەبوو بە ناوی (بەشی ئەنسات) کەسێک یان زیاتر تەرخان دەکرا کە شەوانە گوێ لە دەنگوباس و ڕاپۆرت و بەرنامە سیاسییەکانی ئێزگە جیهانیەکان بگرێت و لە هەمان کاتیشدا گرنگەکان لەسەر کاسێت تۆماربکات، پاشان پوخت دەکرایەوە و دەخرایە سەر کاغەزو هەندێ جاریش چاپ دەکرا، پاشان بۆ ئامادەبوان دەخوێندرایەوە، ڕاگەیاندنەکان سوودیان لێدەبینی بۆ ڕۆژنامەو بڵاوکراوە و هەواڵو بەرنامەکانی ئێزگەکانی خۆیان، ئێزگە جیهانیەکانیش کە ئەوکات ڕۆلیان هەبوو وەک: (دەنگی ئەمەریکا، لەندن بی بی سی، مونتکارلۆ، دەنگی ئیسرائیلو ڕادیۆی مۆسکۆ ...تاد).

بڕیاری تەواوکردنی ڕێبازی سەروەریانەی ڕۆژنامەگەری حزبی وەرگرت و بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاردرا هەر زوو دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکان ڕۆژنامەی ناوەندی حزب ((ئاڵای ئازادی)) و پاشکۆی (راية الحرية) بە زمانی عەرەبی لە دەرەوە و گۆڤاری سیاسی و ڕۆشنبیریش بە ناوی (پێشکەوتن) دەربکات. ئەگەرچی بە داخەوە بە هۆی ئەو هەڵومەرجە دژوارەی دوای کۆبوونەوی فرەوانی کادیران «پلینیۆم» بۆ حزب هاتە پێشەوە دەرچوونی ئاڵای ئازادی و بڵاوکراوەکانی دیکە بۆ ماوەیەک دواکەوت.

حزبمان تەنیا بەرپەچدانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی هێرشی ڕاگەیاندنی ڕژێم و هوشیاکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش بە ئەرکی سەرەکی ڕۆژنامەگەری خۆی نازانێ، بەڵکو لە بواری خەباتی دەروونی حزبیشدا پێی وایە دەبێ ڕۆژنامەگەری حزب ڕۆڵێکی دیار و کاریگەر ببینێ لە هوشیارکردنەوەی کادیر و ئەندام و پێشمەرگەکانی حزب و بۆ پێگەیاندن و پتەوکردن و بەهێزکردنی یەکیتی بیروباوەڕ و دیسپلین لە حزبدا هاندان و ڕێکخستنیان بۆ خەباتێکی شێلگیرانە و بەگژاچوونەوەی هەموو پاشماوە و هۆکاری بیر و بۆچوونێکی عەشایەریانە و بورژوایانە لە نێو حزب و لە کۆمەڵیشدا. چونکە ڕۆژنامەگەری حزب هەر تەنیا ((سازدەر و هاندەری سیاسی نییە بەڵکو ڕێکخەریشە)).

هیوادارین ڕۆژنامەگەری حزبمان بە تایبەتیش ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ئۆرگانی ناوەندی حزب بە شایستەوە لە ئاست ئەنجامدانێکی هوشیارانە و داهێنەرانەی ئەو ئەرکەی سەر شانی بیت).

بەکورتی ئاماژە بە بیبلۆگرافیای (ئاڵای ئازادی) دەکەین کە (٢٠) ژمارەی لێدەرچووە و تەنیا(١٤) ژمارەی لەبەر دەستدایە (٦) ژمارەی بەردەست نین کە بریتین لە ژمارەکانی (١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٧، ١٨)، ژمارە (٢١)ی لە ژێر چاپدابووە بە هۆی پرۆسەی ئەنفالی بادینان ئەم ژمارەیەش ئەنفالکراوە، بە تایپ لەسەر (ستێنسل[١]) تایپ دەکراو بە ڕۆینۆی دەستی ڕادەکێشرا، ئەم جۆرە چاپکردنە وردەکاری دەویست، بە تایبەتی لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکان

[١] ستێنسل، جۆرێکی کاغەزی تایبەت بوو، دەخرایە سەر ئامێری تایپ نووسینی لەسەر چاپدەکراو دواتر دەخرایە سەر ئامێری ڕۆنیۆ بۆ چاپکردنی لاپەڕەی زیاتر.

و دابەشکردنی بابەت بەسەر لاپەڕەکاندا، سەرجەمی ژمارەکان مانشێت و سەروتاری لە خۆگرتووە و لە نێوان (٦تا٨) لاپەڕەی (A٤) دابووە، لە دوا لاپەڕەیدا گۆشەیەک بۆ یادی شەهیدان تەرخان کراوە، لە زۆربەی ژمارەکاندا ئاماژە بە چالاکیی پێشمەرگە دراوە، ناونیشانی بابەتەکانم وەکو خۆی نووسیونەتەوە و دەستکاریم نەکردوون.

* ژمارە (١) ساڵی یەکەم/ ئازاری ١٩٨٦(٨)لاپەڕە.

لاپەڕە (١) ژمارەی بابەت (٤).

١.مانشێت (نەورۆز ڕەمزی سەرکەوتنی زەحمەتکێشانە)

٢.سەروتار (ئاڵای ئازادی و ئەرکی سەر شانی)

٣.ناحیەی قەراج و یەکەمین هەڵمەتی پێشمەرگە.

٤.هەواڵێکی دڵتەزێن و تاوانێکی درندانە.

لاپەڕە (٢) ژمارەی بابەت (٢).

١.دکتاتۆرەکان لە بەرامبەر ڕاپەڕینی گەلدا.

٢.ئەمریکا جارێکی دیکەش لووتی دەشکێ.

لاپەڕە (٣) ژمارەی بابەت (٢).

١.مەبەستە ڕەگەزپەرستانەکەی ڕژێم لە سیاسەتی خاک سوتاندا.

٢.کۆماری پاسەوان!

لاپەڕە (٤) ژمارەی بابەت (٤).

١.بۆ بەرزکردنەوەی وردی داتەپیو.

٢.نەوجوانان لە بەردەم هەڕەشەی مەرگدان.

٣.ئیعدامکردنی چەند ئەفسەرێکی تر.

٤.بر وسکەی پیرۆزبایی بۆ ی.ق.ک.

لاپەڕە (٥) ژمارەی بابەت (٣).

١.چی بنووسین؟!

٢.ڕووتاندنەوەی خەڵک هەر بەردەوامە.

٣.صوت الشبیبه الکردستانیه.

لاپەڕە (٦) ژمارەی بابەت (١) لەگەڵ پاشماوەی بابەتەکان.

١.پێشکەوتن.

لاپەڕە (٧) تەنیا پاشماوەی بابەتەکان.
لاپەڕە (٨) دوا لاپەڕە، ژمارەی بابەت (٤).
١.لە ڕێگای ئازادیدا، شەهیدی نەمر(محەمەدی مام بەکر).
٢.لە تۆمارگەی کاروانی ئازادیدا.
٣. ٨ی ئازار جەژنی ئافرەتانی جیهان.
٤.لە ناوجەرگەی شەقڵاوەدا.

*ژمارە (٢) ساڵی یەکەم/ ئایاری ١٩٨٦(٦)لاپەڕە.
لاپەڕە (١) ژمارەی بابەت (٥).
١.مانشێت (ڕێز و شانازی بۆ یەکی ئایار).
٢.سەروتار (یەکخستنی ڕاستەقینەی ڕیزەکان ناهاوێرکردن و مەرج دانان)
٣.شاڵاوی گرتن و گوللەبارانکردن.
٤.پێشمەرگە هێزێکی گەورەی دوژمن تێکدەشکێنێ.
٥.کۆچی دوایی هێمنی شاعیر.
لاپەڕە (٢) ژمارەی بابەت (٢).
١.ئاشتی داخوازیەکی هاوبەشی گەلانی جیهانە.
٢.کۆنگرەی یەکەم پێنج ساڵ خەبات.
لاپەڕە (٣) ژمارەی بابەت (٤).
١.ڕاپۆرتێک لە هەولێرەوە.
٢.بازرگانیکردن بە مرۆڤ .
لاپەڕە (٤) ژمارەی بابەت (٤)، لەگەڵ پاشماوەی بابەتەکان.
١.لە بەرامبەر هەڵمەتی پێشمەرگە دوژمن خۆ ناگرێ.
٢.پێشمەرگە دەچێتە ناو شاری هەولێر.
٣.لە ڕیزی سوپای فاشیزمدا.
٤.زیندووکردنەوەی.....پاشماوەی ئەم ناونیشانە لەبەر ناروونی ناخوێندرێتەوە) .
لاپەڕە (٥) تەنیا پاشماوەی بابەتەکان.
لاپەڕە (٦) دوا لاپەڕە، ژمارەی بابەت (٤).
١.لە ڕێگای ئازادیدا، شەهیدی نەمر(عومەر کاکل عەلی) ناسراو بە (نەوزاد).

٢.حەوت ساڵ زیندان لە بەرامبەر وتەیەکی ڕاستیدا.
٣.سێیەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی ی.ل.س.ک .
٤.جاشی شەعبی بە موالید.

*ژمارە (٣) ساڵی یەکەم/ حوزەیرانی ١٩٨٦ (٦)لاپەڕە.
لاپەڕە (١) ژمارەی بابەت (٥).
١.مانشێت (نەمری و سەروەری بۆ شەهید سەیدا).
٢.سەروتار (بەرەو ڕاپەڕینی جەماوەری بەرەو ڕووخانی ڕژێمی فاشی).
٣.نارەزایی و خۆپیشاندان دژی شەڕ.
٤.تاوانی فاشستەکانی تورکیا.
٥.دوو چالاکیی پێشمەرگانە.
لاپەڕە (٢) ژمارەی بابەت (٣).
١.ڕژێمی پریتۆریا و تەوژمی جەماوەری.
٢.تاوانێکی دیکەی فاشیەکان.
٣.شەڕی چادرگەکان لە قازانجی کێیە؟
لاپەڕە (٣) ژمارەی بابەت (٢).
١.کێن بکوژان؟
٢.خاپورکردنی کوردستان هەڕەشە لە نەمانی گەلەکەمان دەکا.
لاپەڕە (٤) تەنیا پاشماوەی بابەتەکان.
لاپەڕە (٥) تەنیا پاشماوەی بابەتەکان.
لاپەڕە (٦) دوا لاپەڕە، ژمارەی بابەت (٣).
١.لە ڕێگای ئازادیدا، شەهیدی نەمر(مامۆستا شەریف مەولود).
٢.ڕۆژی شەهیدی کوردستان.
٣.ملحق رایە الحریە.

*ژمارە (٤) ساڵی یەکەم/ ناوەڕاستی ئابی ١٩٨٦(٨) لاپەڕە.
لاپەڕە (١) ژمارەی بابەت (٥).
١.مانشێت (پایەداربێت یادی دامەزراندنی حزب)
٢.سەروتار (یەکخستنی ریزەکان و بەرەی فراوان دوو ئەرکی بە پەلەی ئێستامانن)

٣.پێشمەرگەکان بە گڕی لوولەی تفەنگ یادی هەشتی ئاب دەکەنەوە.
٤.لە بیرەوەری ٨ی ئابدا.
٥.ڕەشبگیری جاشەکانیش دەگرێتەوە.
لاپەڕە (٢) ژمارەی بابەت (٣).
١.خۆ بەدەستەوەدان گەلی فەلەستین رق ئەستوورتر دەکا.
٢.بۆ سەرکوتکردنی جەماوەر.
٣.حوسنی و حوسێن هەنگاوێکی تری خیانەتکاری.
لاپەڕە (٣) ژمارەی بابەت (٣).
١.ناکۆکیەکانی نێوان سەرانی ڕژێم توند و تیژتر دەبن.
٢.ڕاپۆرتێک لە مەڕ شالاوی ڕەشبگیری.
٣.زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە.
لاپەڕە (٤) ژمارەی بابەت (٤)، لەگەڵ پاشماوەی بابەتەکاندا.
١.هەڵوێستی شۆڕشگێڕی، نەک لادان و پاشگەزبوونەوە.
٢.هەواڵێکی خوێندکاران.
٣.بۆردومانکردنی گوندە ئاسووریەکان.
٤.لە ڕیزی سوپا شلۆقەکەی فاشیزم دا.
لاپەڕە (٥) ژمارەی بابەت (٢).
١.نوێنەرانی گەل یان ئەنجومەنی خائینان.
٢.بانگەواز.
لاپەڕە (٦) تەنیا پاشماوەی بابەتەکان.
لاپەڕە (٧) تەنیا پاشماوەی بابەتەکان.
لاپەڕە (٨) دوا لاپەڕە، ژمارەی بابەت(٥).
١.لە ڕێگای ئازادیدا، شەهیدی نەمر(سابر عەلی ئەحمەد) ناسراو بە سابر گەلوزی.
٢. نیشانی ئازایەتی بە پارە.
٣. ئیجرائاتێکی دیکە دژ بە خوێندکاران.
٤. ناحەقیان نیە.
٥.دوو گوندی دیکەش.

*ژمارە (٥) ساڵی یەکەم/ کۆتایی ئەیلولی١٩٨٦(٦) لاپەڕە.

لاپەڕە (١) ژمارەی بابەت (٥).

١. مانشێت و سەروتار(با لە گۆڕ بنرێ شەڕی کاولکاری).

٢. ساڵی تازەی خوێندن!!

٣. هەڵمەتێک بۆ سەر نووسینگەی هێڵی ئاسمانی عێراق لە پاریس.

٤. کەرکوک و سیاسەتی شۆڤینیانەی ڕژێم.

٥.بەڕێز (معر القزافی) پشتیوانی لە گەلەکەمان دەکات.

لاپەڕە (٢) ژمارەی بابەت (٣).

١.سەرکەوتنێکی دیکەی بزووتنەوەی بێلایەنی.

٢.شیلی خۆفرۆشتن تا ئەو ڕادەیە.

٣.کێ یارمەتیدەری ئیرهابە!!

لاپەڕە (٣) ژمارەی بابەت (٣).

١.تورکیا..جارێکی دیکەش تاوانکاری.

٢.جاشەکان بەردەوامن لە ڕاو و ڕووت.

٣.سیاسەتێکە ڕیسوا کراوە.

لاپەڕە(٤) ژمارەی بابەت (٢)، لەگەڵ پاشماوەی بابەتەکان.

١.کوردەکانی هەندەران و خۆپیشاندانێکی فرەوان.

٢.دوو هەواڵ لە هەولێرەوە.

لاپەڕە (٥) تەنیا پاشماوەی بابەتەکان.

لاپەڕە (٦) دوا لاپەڕە، ژمارەی بابەت (٤).

١.لە ڕێگای ئازادیدا، شەهید عەبدوڵلا حەسەن عەبدوڵلا ناسراو بە عەبدوڵلا سەر سۆر.

٢. سێ گوند و ٢١ شەهید.

٣.ئەی باوەڕ بە کێ دەکەن؟

٤.کەفالەت بکەن دەنا.

*ژمارە (٦و٧) ساڵی یەکەم/ ت ٢- ک ١ ١٩٨٦(٨)لاپەڕە.

لاپەڕە (١)، ژمارەی بابەت (٦).

١.مانشێت (پایەداربێ یادی ئۆکتۆبەری مەزن).

٢.سەروتار(تەبایی و یەکێتیی ریزەکان زامنی سەرکەوتنە).

٣.بەرەو ساڵی نوێ.
٤.داستانە بێ وێنەکەی ترپەسپیان...
٥.هەڵمەتێکی دەستوبرد.
٦.تاوانێکی تر دەرحەق بە خوێندکاران.
لاپەڕە (٢)، ژمارەی بابەت (٣).
١.پیلانی سێ قۆڵی دژی سوریای خۆڕاگر.
٢.دوای شەش ساڵ شەڕ.
٣.کۆچی دوایی سامۆرا ماشێل.
لاپەڕەی(٣)، ژمارەی بابەت (٣).
١.ساڵەیی و بڕیارێکی دیکەی فاشستەکان.
٢.ڕاپۆرتێک لە سلێمانیەوە.
٣.حەڵاڵکردنی کوشتوبڕی هاوڵاتیان.
لاپەڕە (٤)، ژمارەی بابەت (٣).
١.ئەدەبیاتی حزب بە فرەوانی بڵاو دەکرێتەوە.
٢.دان پیانان.
٣.بۆردومانکردنی گوندەکان بەردەوامە.
لاپەڕە (٥) ژمارەی بابەت (٦)، لەگەڵ پاشماوەی بابەتێک.
١.شکاندنی زیندانی سەربازگەی (الغزلانی).
٢.جەردەیی سەرۆک جاشەکان.
٣.چەند هەواڵێک.
٤.فیڵێکی تر بۆ سیخوریکردن.
٥.لە ڕیزی سوپا شڵۆقەکەی فاشیزم.
٦.کەسوکارایش تاوانبارن.؟!
لاپەڕە (٦)، ژمارەی بابەت (تەنیا پاشماوەی بابەتەکان).
لاپەڕە (٧)، ژمارەی بابەت (تەنیا پاشماوەی بابەتەکان).
لاپەڕە (٨) دوا لاپەڕە، ژمارەی بابەت (٣) بابەت.
١.لە ڕێگای ئازادیدا، شەهیدی نەمر (قەهار عەزیز).
٢.دوو هەواڵی دڵتەزێن.
٣.سەیرە!!

*ژمارە (٨) ساڵی یەکەم/ کانوونی٢ی ١٩٨٦(٦)لاپەڕە.

لاپەڕە (١)، ژمارەی بابەت (٥).

١.مانشێت (کۆماری کوردستان یادی خەبات و قوربانیدانە).

٢.سەروتار (لە پێناوی داخوازییەکانی جەماوەر و ڕزگارکردنی نیشتماندا..).

٣.هێرشێکی دڕندانەی دوژمن تێکدەشکێ.

٤.کوژرانی فڕۆکەوانێک.

٥.دەربەدەرەکانی بەسڕە دەگەنە کوردستان.

لاپەڕە (٢)، ژمارەی بابەت (٢).

١.ئەفغانستان هەنگاوێکی دڵسۆزانەی حکومەت.

٢.عەرەب لە ئەمریکا دەڕەنجێ. یان پیلانێکی ترە.

لاپەڕە (٣)، ژمارەی بابەت (٣).

١.گاڵتەجاڕیەکی دیکە.

٢.لە بیرەوەری دامەزراندنی سوپای عێراقدا.

٣.ببوورە، درۆدەکەی جەنابی پارێزگار!!

لاپەڕە (٤)، ژمارەی بابەت (٥).

١.هەترەشیان لە ڕێکخستن چووە.

٢.تاوانێکی تری فاشستەکان.

٣.تەبەڕوع بۆ قادسیە.

٤.فڕۆکەکانی ڕژێم و چوار تاوانی دیکە.

٥.تاوانی نامرۆڤاتەی خۆفرۆشێک.

لاپەڕە (٥)، ژمارەی بابەت (١)، لەگەڵ پاشماوەی باتەکان.

١.جاشەکان..خەڵکی بێدیفاع ئازار دەدەن..

لاپەڕە (٦) دوا لاپەڕە، ژمارەی بابەت (٥).

١. لە ڕێگای ئازادیدا، شەهیدی نەمر(جامی شێخ عومەر).

٢. هەڵمەتی کانوون مێژوو دەرس و ئەزموونە.

٤. خوێن وەرگرتن.

٥. ڕەشبگیری هەر بەردەوامە.

٦.ڕژێم لە گوندی سووتاویش دەترسێ...

*ژمارە (٩) ساڵی دووەم/ ئازاری ١٩٨٧(٦) لاپەڕە.

لاپەڕە (١)، ژمارەی بابەت (٥).

١.مانشێت (نەورۆز جەژنی نەتەوەیی و سەرکەوتنە).

٢.سەروتار (ئاڵای ئازادی ساڵێک تەمەن لە سەنگەری خەباتدا..)

٣.دەستدرێژکاری تورکیا ڕیسوا دەکەین.

٤. ٢٥٠ کرێکاری دیکە لە کار دەردەکرێن.

٥.لە چلەی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی.

لاپەڕە (٢)، ژمارەی بابەت (٢).

١.تورکیا..لە کەلکەلەی داگیرکردن ناکەوێ.

٢.دوو هەڵوێستی پشتیوانی بۆ گەلی کوردمان.

لاپەڕە (٣)، ژمارەی بابەت (٢).

١.نیشانی ئازایەتی بە دەرزەن.

٢.قەرزەکان و ..باری شڵۆقی ئابووری جیهان.

لاپەڕەی (٤) ژمارەی بابەت (٢)،(لەگەڵ پاشماوەی بابەتەکان).

١.چەند هەواڵێک.

٢.ناڕەزایی دەربڕین.

لاپەڕە(٥)، تەنیا پاشماوەی بابەتەکان.

لاپەڕە (٦) دوا لاپەڕە، ژمارەی بابەت (٣).

١.لە ڕێگای ئازادیدا، لە یادی یەکساڵەی شەهید بوونی هەڤاڵانی نەمر.. (عەبدوڵلا عەلی شاهێن، عەبدولقادر محەمەد).

٢.لە جەژنی ئافرەتانی جیهاندا.

٣.پێشکەوتن.

*ژمارە (١٠) ساڵی دووەم/ ئایاری ١٩٨٧(٨)لاپەڕە.

لاپەڕە (١)، ژمارەی بابەت (٧).

١.مانشێت (با بە یەک ریز شاڵاوی ڕاگواستن تێکبشکێنین).

٢.سەروتار (پێکهێنانی بەرەی فراوان وەڵامدەری مەترسیەکانی ئەمڕۆیە).

٣.پێشمەرگەکانمان و زنجیرەیەک چالاکی.

٤.شکۆ داربێ جەژنی کرێکارانی جیهان.

٥.بەیانێک لە مەڕ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی.

٦.لە جەژنی لاوە سۆسیالیستەکاندا.
٧.کۆچی دوایی خەباتگێر مەهدی عەبدولکەریم.
لاپەڕە (٢)، ژمارەی بابەت (٣).
١.یەکێتی و خەبات تاکە ڕێگەی سەرکەوتنی شۆڕشی فەلەستینە.
٢.ڕاپۆرتێک دەربارەی قوربانیەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی.
٣.سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا.
لاپەڕە (٣)، ژمارەی بابەت (٢).
١.شەهیدان و ڕاپەڕین لە ویژدانی گەلەکەماندان.
٢.بانگەوازێک بۆ جەماوەری گەلەکەمان و چەکدارانی ڕژێم.
لاپەڕە (٤)، ژمارەی بابەت (٥).
١.ئەدەبیاتی حزب بە شێوەیەکی فراوان بڵاودەبێتەوە..
٢.ڕاگواستن شارەکانیش دەگرێتەوە.
٣.میرگەتووو ٣ شەهید.
٤.فەیلەقێک بۆ پۆلیسان.
٥.داپڵۆسینی کوێرانەی ڕژێم.
لاپەڕە (٥) (تەنیا پاشماوەی بابەتەکان).
لاپەڕە (٦) (تەنیا پاشماوەی بابەتەکان).
لاپەڕە (٧) (تەنیا پاشماوەی بابەتەکان).
لاپەڕە (٨) دوا لاپەڕە، ژمارەی بابەت (٤).
١.لە ڕێگای ئازادیدا، شەهیدی نەمر کەریم عەبدوڵڵا ((کەریم عەرەب)).
٢.ڕاپەڕینی جەماوەر لە شارەزوور.
٣.گوللەبارانکردنی ٤٠ هاوڵاتی لە کەرکووک.
٤.جەژنی ڕۆژنامەگەری کوردی.

*ژمارە (١١) ساڵی دووەم/ حوزیرانی ١٩٨٧(٨)لاپەڕە.

لاپەڕە(١) ژمارەی بابەت (٥).
١.مانشێت (لە یادی شەهیدبوونی سەیدا و شۆڕش).
٢.سەروتار (کۆبوونەوەی کۆمیتەی ئامادەکردنی..هەنگاوێکی دیکەی بەرەوپێشەوە بردنی حزبە).
٣.شەهیدبوونی هەڤاڵی نەمر هەژار دێدەوانی.

٤.زنجیرەیەک چالاکی پێشمەرگانە.
٥.تاوانێکی دیکەی فاشیستەکان.
لاپەڕە (٢) ژمارەی بابەت (٣).
١.ئیمپریالیزم چی لە کەنداوی عەرەبیدا دەوێ.
٢.زایۆنیزمەکان لە کوردستان هارترن.
٣.تاوانی شەهیدکردنی (ڕەشید کەڕامی).
لاپەڕە (٣) ژمارەی بابەت (١).
١.کورتە ڕیپۆرتاژێک لە مەڕ ڕاپەڕینەکانی جەماوەری ڕواندز، هەریر، شەقلاوە.
لاپەڕەی (٤)، ژمارەی بابەت (٣).
١.لە ئیجازەشدا چاودێری دەکەن.
٢.بە دوای هەر بیانوویەکدا دەگەڕێن.
٣.دیسان بە عەرەبکردنی ناوچەی کەندیناوە.
لاپەڕە (٥) ژمارەی بابەت (١)، (لەگەڵ پاشماوەی بابەتەکان).
١.بڕیاری دەسەڵات پێدانی تاوانبار(عەلی حەسەن مەجید)
لاپەڕە (٦) ژمارەی بابەت (تەنیا پاشماوەی بابەتەکان).
لاپەڕە (٧) ژمارەی بابەت (تەنیا پاشماوەی بابەتەکان).
لاپەڕە (٨) دوا لاپەڕە، ژمارەی بابەت (٤).
١.لە ڕێگای ئازادیدا، شەهیدی نەمر حیسامەدین سەید حەسەن (عیسا).
٢.تەنگوچەڵەمە ئابووریەکان زۆریان بۆ گەل هێناوە.
٣.دڵسۆزی و وەفا بۆ خوێنی شەهید هەژار.
٤.نەمری بۆ شەهیدانی حوزەیران.
*ژمارە (١٢) دەست نەکەوت.
*ژمارە (١٣) دەست نەکەوت.
*ژمارە (١٤) دەست نەکەوت.
*ژمارە (١٥) دەست نەکەوت.
*ژمارە (١٦) ساڵی دووەم/ شوباتی ١٩٨٨(٨)لاپەڕە.
لاپەڕە (١) ژمارەی بابەت (٦).
١.مانشێت (ڕاپەڕینی جەماوەر زامنی سەرکەوتنە).

٢.سەروتار (هاوپمانێتی هێزەکان هاندەری سەرەکیە بۆ ڕاپەڕین).
٣. قەسابخانەیەکی فرەوان.
٤.تاوانێکی ڕیسواکراو.
٥.بۆردومانێکی دیکە بە گازی کیمیاوی.
٦.ئیدانەکردنی ڕژێمی سەدام.
٧.زنجیرەیەک چالاکی پێشمەرگانە.
لاپەڕە (٢) ژمارەی بابەت (٢).
١. ڕاپەڕینی گەلی فەلەستین لە پیلانی دوژمنانی بەهێزترە.
٢. چەند بروسکەیەکی پیرۆزبایی.
لاپەڕە (٣) ژمارەی بابەت (٢).
١.شانۆگەری تەسریح کردن.
٢.ڕژێمی سەدام. لە خزمەتی نەخشەکانی ئیمپریالیزمە.
لاپەڕە (٤) ژمارەی بابەت (٥).
١.یادێکی تاڵ.
٢.بازرگانی کردن بە چارەنووسی هاوڵاتیان.
٣.هاوکاریکردن لەگەڵ گەلەکەمان.
٤.وێرانکردنی کوردستان بەردەوامە.
٥.گوندەکان لە بەرامبەر بۆردوماندا.
لاپەڕە (٥) ژمارەی بابەت (تەنیا پاشماوەی بابەتەکان).
لاپەڕە (٦) ژمارەی بابەت (تەنیا پاشماوەی بابەتەکان).
لاپەڕە (٧) ژمارەی بابەت (تەنیا پاشماوەی بابەتەکان).
لاپەڕە (٨) دوا لاپەڕە، ژمارەی بابەت (٣).
١.لە ڕێگای ئازادیدا، شەهیدی نەمر (قەندیل عەبدوڵڵا ڕەشید).
٢.سڵاو لە ڕۆژی خوێندکاران.
٣.هاوکات لەگەڵ ڕژێمی عێراق.
*ژمارە (١٧) دەست نەکەوت.
*ژمارە (١٨) دەست نەکەوت.
*ژمارە (١٩) تایبەت، ساڵی (٣) ئایاری ١٩٨٨ نرخی ١٥٠ فلسە (٨)لاپەڕە،

(ئەم ژمارەیە تایبەت بووە بە کارەکانی کۆنفرانسی یەکەم).
لاپەڕە (١) ژمارەی بابەت (٤).
١.مانشێت (یەکەمین کۆنفرانسی حزب و سەرکەوتنێکی مەزن).
٢.سەروتار (کۆنفرانسی خۆڕاگری و سەقامگیربوون).
٣.ڕێزو شکۆ بۆ جەژنی کرێکارانی جیهان.
٤.بەرەی کوردستانی و هەنگاوێکی بەرپرسانە.
لاپەڕە (٢) ژمارەی بابەت (٢).
١.لە سڵاونامەکانی کۆنفرانس.
٢.هەندێ سڵاونامەی دیکە.
لاپەڕە (٣) ژمارەی بابەت (١).
١.یەکەمین کۆنفرانسی حزب و چەند هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە چوون.
لاپەڕە (٤) ژمارەی بابەت (١)، (لەگەڵ پاشماوەی بابەتەکان).
١.پێشکەوتن.
لاپەڕە (٥) ژمارەی بابەت (تەنیا پاشماوەی بابەتەکان).
لاپەڕە (٦) دوا لاپەڕە، ژمارەی بابەت (٤).
١.بانگەوازی کۆنفرانس.
٢.شاری کۆیە لەبەر دەم پەلاماری دوژمندا.
٣.دیسان بۆردومانکردنی کیمیاوی.
٤.هێرشێکی بەربڵاوی ڕژێم.

*ژمارە (٢٠) ساڵی (٣) حوزیرانی ١٩٨٨ نرخی ١٥٠ فلسە (٦) لاپەڕە.

لاپەڕە (١) ژمارەی بابەت (٣).
١.مانشێت (نەمری بۆ شەهیدانی حزب و گەل).
٢.سەروتار (هەڵومەرجی ئێستا و هاوپەیمانێتی پێویست).
٣.پێشمەرگە. هێرشێکی بەربڵاوی دوژمن تێک دەشکێنێ.
لاپەڕە (٢) ژمارەی بابەت (٣).
١.(فەلەستین) کێ قازانج لە شەری، نێوخۆ دەکات!
٢.(١٠٥) ڕێکخراو تاوانەکانی ڕژێم ڕیسوا دەکەن.
٣.هەموو قیناعەکان وەلا کەوتن.

لاپەڕە (٣) ژمارەی بابەت (٢).
١.پێشمەرگەو ئەرکەکانی.
٢.کۆنفرانسی یەکەمی حزب و ئەرکە پێویستەکانی ئەندامان لە نێو جەماوەر.
لاپەڕە (٤) ژمارەی بابەت (٣).
١.نۆرە...بەویش گەیشت.
٢.تاکسی بەکارهێنان بۆ ڕاونان و خەڵک گرتن.
٣.ئوردوگاکانی دیان! یان زیندانی ڕەشی مەرگ؟
لاپەڕە (٥) ژمارەی بابەت (١)، (لەگەڵ پاشماوەی بابەتەکان).
١.هەموو هەنگاوێک بۆ کۆکردنەوەی پارەی زیاتر.
لاپەڕە (٨) دوا لاپەڕە، ژمارەی بابەت (٤).
١.لە ڕێگای ئازادیدا، شەهیدی نەمر ڕزگار عەبدوللا (ڕێباز).
٢.ئا ئەمە سزای خەڵکی خائین و کرێگرتەیە.
٣.لە پێناوی چی؟!
٤.وەسیلەیەکی تر بۆ جاسوسی کردنە سەر سەربازەکان.

گۆڤاری پێشکەوتن

مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی لە سەردەمی خەباتی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی لە باشوور بەتایبەتی لە ساڵەکانی هەشتایەکاندا مێژوویەکی درەوشاوە و پڕ لەخۆڕاگری و قوربانیدان و ماندوبوون بووە، ئەو ڕۆژگارە سەخت و دژوار بوون، ڕۆژگاری شۆڕش و تیکۆشان بوو، ڕەوتی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی کوردی لە سەردەمی شاخدا سەرەڕای کەمی پێداویسیەکان و سادەیی ئامێرەکانی چاپکردن، ئەم ڕەوتە لە بەرەو پیشچووندا بوو، ئامانجیشی هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵانی خەڵک بوو.

هەر ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەیەک کە لە بارەگاکانی پیشمەرگە لە ئەشکەوت و دۆڵو چیاکان بەسادەترین ئامیری چاپ، چاپدەکران و بەکۆڵەپشتی پیشمەرگە دەگەیشتنە دەست خوێنەران کاریگەری بەرچاوی خۆی دەنواند لە هۆشیارکردنەوە و ڕۆشەنفیکری لەوسەردەمەدا .

لەو ڕۆژگارەدا چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی گۆڕەپانی خەبات، کەم یان زۆر بەشداریان هەبووە لەم ڕەوتەدا، هەر لایەنێک لە ڕێی بڵاوکراوەکانی خۆی بەشداری هەبووە لە درەوشانەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی لەوێ ڕۆژێدا.

(حزبی زەحمەتکیشانی کوردستان)یش بەشێک لەم بەشداربوونەی بەر دەکەوێت کە لەو ڕۆژگارەدا ئامادەگی هە بووە، جگە لە بڵاوکردنەوەی چەندین نامیلکە و بڵاوکراوە، گۆڤارێکی وەرزیشی هەبوو بە ناوی (پیشکەوتن) .

گۆڤاری (پێشکەوتن) یەکێک بووە لەو دەیان بڵاوکراوانەی کە لە شاخ دەردەچوون، پێنج ژمارەی لێدەرچووە و ژمارەی یەکەمی لە ئازاری (١٩٨٦) و دوا ژمارەشی لە نیسانی (١٩٨٨)، ژمارە(٦)ی ئامادە بووە بۆ چاپ، بەڵام بە هۆی پرۆسەی ئەنفالەکان ئەم ژمارەیە بڵاونەکراوەتەوە و لەبەین چووە و بە یەکجارەکی لە دەرچوون وەستاوە، قەبارەکەی (٢٢×١٧ سم) بووە ژمارەی لاپەرەکانیشی بۆ هەر ژمارەیەک جیاوازی هەبووە، بە تایپی دەستی لەسەر (ستێنسل) چاپ دەکراو خراوتە سەر (ڕۆنیۆ)و ڕاکێشراوە، کارکردن بۆ چاپکردنی ئەم گۆڤارە کارێکی ئاسان نەبووە لە مەحاڵ دەچوو بە تەنیا

بە شڕە (تایپێکو ڕۆنیۆییێک)و ستافێکی کەم کە لەپەنجەی دەستێک تێپەری نەدەکرد هەرجارە و لە دۆڵ و گەلییێک بە چاپیان دەگەیاند، لە ژمارە(١) لە لاپەڕەی یەکەم لە بابەتی (چەندوشەیەک) ئاماژەی بەم سەختیەی کارکردنی کردووە: (بە تاسەوە بووین زوو ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنین و لەگەڵ ساڵی نوێدا ژمارەی یەکەمی بکەوێتە بەر دەستان، بەڵام بەداخەوە لەو هەڵومەرجەدا بارودۆخێکی نالەبار بۆ حزبمان دروستکرا، هەوڵماندا ئارەقەی ڕەش و شینمان هەڵڕشت ڕێگای سەخت و پڕ مەترسیشمان گرتە بەر هەر بۆئەوەمان بوو گۆڤارەکە لە وەختی خۆی دەربچێت، یان هەرنا زۆر دوا نەکەوێ کەچی بەداخەوە ئەو بارودۆخە زەبری خۆی هەر وەشاند و ((پێشکەوتن)) بۆ چەند مانگێک دوا کەوت).

دیزاینی بەرگی دەرەوەی هەر پێنج ژمارەی یەک شێوە بووە، بەرگی یەکەمی جگە لە ناو و ژماری گۆڤار بە ژمارەی ئینگلیزی نووسراون پێناسەی گۆڤار (گۆڤارێکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە) بوو، (حزبی سۆسیالیستی کوردستان –عیراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆرشگێڕ دەری دەکات) مانگ و ساڵیشی لەسەر نووسراوە، بەرگی کۆتایشی بە هەمان شێوە یەک دیزاین بووە بە پیتی لاتینی ناوی نووسراوە هەروا بەعەرەبی ناو و پێناسە و ژمارە و مانگ و ساڵ و نرخی نووسراون، تەنیا دوا ژمارە، ژمارە (٥) ناوی حزب گۆڕدراوە بە (حزبی زەحمەتکیشانی کوردستان)، چونکە ئەم ژمارەیە دوای کۆنفرانسی یەکەم بووە و لە کۆنفرانس ناوی حزب گۆڕدراوە، تەنیا ژمارە یەکی نەبێت ژمارەکانی تر بابەتی عەرەبی تیا بڵاوکراوەتەوە لە هەر پێنج ژمارەشدا، دوو گۆشەی هەمیشەیی هەبوون بە ناونیشانی (لە داستانەکانی پێشمەرگە)و (لە ڕۆژمێری پێشمەرگەدا)، بەشێوەیەکی گشتی بابەتەکانی هەمە جۆر بوون (سیاسی و فیکری و مێژوویی و لێکۆڵینەوە و ئەدەبی)، نووسەرەکان هەندێکیان بە ناوی خوازراو و نهێنی بابەتەکانیان بڵاوکردۆتەوە، (ئاسۆ حەسەن)وەک سەرنووسەر و (مامۆستا دارا)وەک نووسەر و وەرگێڕ، دیزاین و خۆشنووسی هەر لەلایەن ئەو دەکراو سەرپەرشتی دەکرا، (مەریوان و هەڵمەت و ڕابەر ڕەشید و خەسرۆ و هۆشمەند)وەک ستاف لەدەرکردنی ڕۆڵیان هەبووە، لە بەرگی یەکەمی ناوەوەی هەموو ژمارەیەک وتەیەکی(لینین) دووبارە بووەتەوە.

بلۆگرافیای گۆڤاری پێشکەوتن:
*ژمارە (١) ساڵی (١) ئازاری ١٩٨٦ دەرچووە، (١١) بابەت (٤٤) لاپەڕە.
١.چەندوشەیەک، (ل ١).
٢.فەشەلهێنانی تاقمی لادەر لە سەرکردایەتی کردنی حزب فەشەلبوونی ڕێبازی دیموکراتی شۆڕشگێر نیە لە کوردستان، (دەستەی نووسەران)، (ل٢-٧) .
٣.لەچ روانگەیەکەوە داوای ڕاگرتنی شەڕ دەکەین، نووسینی(هێرش)، (ل ٨- ل ١٠).
٤.دیموکراتی شۆڕشگێر دیاردەیەکی بابەتی و مێژوویيە/ بەشی یەکەم، نووسینی (ئاسۆ)،(ل ١١- ل ٢٥).
٥.وڵاتانی سیستەمی سۆسیالیستی لەسەروشیانەوە یەکێتیی سۆڤییێت قەڵای ئازادی و سەربەخۆیی گەلانن، (دارا) کردوویە بەکوردی، (ل ٢٦ - ل ٢٩).
٦.ڕۆڵی ئەدەب لە شۆڕش و گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکاندا، ئامەدەکردنی (ب/ دەوەن)، (ل ٣٠- ل ٣٣).
٧.هەڵوێست، شیعری (کاردۆ)، (ل ٣٤ - ل ٣٥).
٨.دوو هەڵوێست و هەروەستەیەک، شیعری (ئومێد)، (ل ٣٦ - ل ٣٧).
٩.یەکێتیی بیروباوەڕ و ڕێکخستن لە حزبدا، نووسینی (دلێر)، (ل ٣٨ - ل ٣٩).
١٠-لە داستانەکانی پێشمەرگە، داستانی وەڵزێ، ئامەدەکردنی(ئاشتی)، (ل٤٠-ل ٤٢).
١١.لەرۆژمێری پێشمەرگەدا/ ئەو ڕێویەی لە مردن ڕزگاری کردین، نووسینی (ڕێباز)، (ل ٤٣ تا ل ٤٤).

نموونەی هەڵبژاردەی بابەتی ژمارە/ بابەتی (ڕۆڵی ئەدەب لە شۆڕش و گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکاندا) ئامەدەکردنی (ب/ دەوەن)، (ل ٣٠).

(لەپێش هەموو شتێک دەبێت هەست بەوە بکەین، کە لە هەموو کەلەبەر و قوژبنێکی جیهاندا، هەر دەنگێکی ئازادیخواز و سەر بە میللەت دەرکەوتبێ چەوسێنەران و داگیرکەران ئارامیان لێ هەڵگیراوە و هەولی بێشوماریان داوە بۆ خەفەکردن و لە بار چواندنی زایەڵەی ئەم دەنگانە، ئەدیبانیش لە ئەنجامی

ئەو ڕێبازە سەختەی گرتوویانەتە بەر توشی گرتن و کوشتن و تۆقاندن هاتوونە. چونکە دیاردەیەکی مێژووییە لە هەر شوێنێک چەوساندنەوە و زۆرداری هەبێت، ئەوا ئەدەبێکی نوێی بەرگری لە دایک دەبێت و بەرپەرچی ئەو تیرۆرە فاشیستانە دەداتەوە).

*ژمارە (٢) ساڵی (١) تەشرینی یەکەمی ١٩٨٦ دەرچووە، (١٢) بابەت (٦٠) لاپەڕە.

١.بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و ڕێگای دەربازبوون لەو تەنگوچەڵەمەیەی کە دووچاری بووە، نووسینی (هێرش)، ل ١- ل ٤.

٢.دیموکراتی شۆڕشگێڕ دیاردەیەکی بابەتی و مێژووییە/ بەشی دووەم نووسینی (ئاسۆ)، ل٥-ل١٧.

٣.کوردستانی نیشتمان و کێشە لە بەڵگەنامە و هەڵوێستی نێودەوڵەتاندا/ بەشی یەکەم، نووسینی (د. بیجەرمانی)، (هەڵمەت) لەعەرەبییەوە کردوویە بە کوردی، ل ١٨- ل ٢٦.

٤.بەرنامەی دیراسەکردنی بنیادی کۆمەڵ/ ئامادەکرن و وەرگێرانی(ح. م)، ل٢٧-ل٣٧.

٥.لە پێناوی ئەو هونەرەی کە لە خزمەتی پێشکەوتن و ئاشتیدایە، لە نووسینی (میگس تیودوراکیس)، (ڕابەر) لە عەرەبییەوە کردوویە بەکوردی، ل ٣٨- ل ٤٦.

٦.شەهید، شیعری (سەفین. خ) ل ٤٧.

٧.ب دەنگێ بڵند، شیعری (هێڤی) ل ٤٨.

٨.لە داستانەکانی پێشمەرگە/ داستانی شیوەپیران، ئامەدەکردنی (هەژار دێدەوانی)، ل٤٩ - ل ٥٢.

٩.لە بەڵگەنامەکانی حزب/ بەیانی ڕێکخراوی سوێدی حزب، ل ٥٣ - ل ٥٥.

١٠-ڕوونکردنەوەیەک لە لایەن یەکیتیی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان- عیراق ڕێکخراوی یەکیتیی سۆڤیەت،ل ٥٦.

١١.امریکا وجنون سباق التسلح/ اعداد (فارس)، ل ٥٧ - ل ٥٨.

١٢.المراءة فی ضل الحرب والفاشیه/ اعداد (زۆزان)، ل ٥٩- ل ٦٠.

نموونەی هەلبژاردەی بابەتی ژمارە/ کوردستانی نیشتمان و کێشە لە بەڵگەنامە و هەڵوێستی نێودەوڵەتاندا / بەشی یەکەم نووسینی (د.

بیجەرمانی)،(هەڵمەت) لەعەرەبییەوە کردوویە بە کوردی، ل ١٨.
(کوردستان هەر لەکۆنەوە تا ئێستا مەیدانی شەڕ و پێکدادان و مانۆڕسازی لایەنی جیاجیابووە و مێژووی کوردیش مێژووی خەباتێکی سەخت و بێوچان بووە لە دژی داگیرکەران و تاڵانکەرانی کوردستان و هەمیشە بەرنگاری (ڕۆمانیەکان، سلجووقیەکان، مەغۆلەکان، تورکەکان و فارسەکان و ...هتد) بۆتەوە و توانیویەتی نەک هەر تەنها کەلتور و زمان و ئەدەبی خۆی بپارێزێ، بەڵکو لەئاکامی ئەم جەنگانەدا لەجاران خۆ ڕاگرتر و خاوەن ئەدەبێکی تێروتەسەل و زمانێکی زیندووی پاراو و نەبردی قارەمانانە و مێژووییکی بە زێڕ نەخشاو سەری دەرکردووە).

***ژمارە (٣) ساڵی (١) شوباتی ١٩٨٧ دەرچووە (١٣) بابەت (٨٠) لاپەڕە، (دەبێت ساڵی ٢ بێت نەک ساڵی ١).**

١.بۆئەوەی خەڵکی زیاتر لە دەوری دروشمەکانمان کۆبنەوە، (دەستەی نووسەران)، ل ١ – ل ٦.

٢.مقابلة مع المناظل ((عبالخالق زنگنة)) ئەم چاوپێکەوتنە لە ژمارە(٨)ی گۆڤاری ((الصدی)) لە تەشرینی یەکەمی١٩٨٦ بلاوکراوەتەوە، لە سوریا دەردەچووە، پێشکەوتن بە پێویستی زانیووە دووبارە بڵاوی بکاتەوە، ل ٧ – ل ١٦.

٣.چەند لایەنەکی گرنگ لە خەباتی نێوخۆی حزبدا، نووسینی(خەبات)، ل ١٧– ل ٢٣.

٤.کوردستانی نیشتمان و کێشە لە بەڵگەنامە و هەڵوێستی نێودەوڵەتاندا/ بەشی دووەم نووسینی(د. بیجەرمانی)، (هەڵمەت) لەعەرەبییەوە کردوویە بە کوردی، ل ٢٤ – ل ٣٩.

٥.هێرشی ناڕەوای تورکیا بۆسەر کوردستان، لە نووسینی(عەبدولڕەزاق مەرزەنگ)، ل ٤٠ – ل ٤٤.

٦.ستراتیژی ئاژاوە و پەلاماردانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، ئامادەکردنی(ر. هۆشەنگ)، ل ٤٥ –ل ٥٢.

٧.جگەرخوێن شاعیری گەل و پێشکەوتن و ئاشتییە، نووسینی (ڕابەر)، ل٥٣ – ل٦٢.

٨.چیرۆکی ژمارە/ ڤەهێل، نووسینی (ک.حەسەن)، ل٦٣ – ل ٦٨.

٩.بووکی تارا سوور، شیعری (هەژار دێدەوانی)، ل٥٩ – ل ٧١.
١٠.لە ئەفریقیای ڕەشەکاندا، شیعری (باوکی سەیران)، (ل٧٢).
١١.لە داستانەکانی پێشمەرگە/ داستانی دەشتێو، ئامەدەکردنی (م.سەنگەر)، ل ٧٣ – ل ٧٦.
١٢.لە ڕۆژمێری پێشمەرگەدا/ برایەتی، نووسینی پ.م (م.ح)، ل ٧٧– ل ٧٨.
١٣.لە بەڵگەنامەکانی حزب/ ایضاح سیاسي الحزب الاشتراكي الكردستاني –العراق الاتجاه الديمقراطي الثوري/ منظمة الدنمارك، ل ٧٩ – ل ٨٠.
نموونەی هەڵبژاردەی بابەتی ژمارە/ چەند لایەنەکی گرنگ لە خەباتی نێوخۆی حزبدا، نووسینی (خـــەبات)، ل ١٧.
(حزبی شۆڕشگێڕ سەرەڕای خەباتی ئایدۆلۆژی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و جەماوەری، لەناو ڕێزەکانی خودی خۆشیدا، خەباتێکی گەرم و بێپەروا دەکات، بۆ ئەوی لە گشت ئەو شێوە خەباتانەی سەرەوە سەرکەوتووبێت، هەروەها لە ئاستی لێپرسراویەتی ئەرک و فەرمانەکانی دابێ و چالاکانەش سەرکردایەتی خەبات و تێکۆشانی جەماوەر بکات لە پێشەوەی هەموو ئەمانەشدا دەبێ ژیانی نێوخۆیی بە باشی ڕێکبخا و بەهێزی بکات).

*ژمارە (٤) ساڵی(٢) تەشرینی یەکەمی ١٩٨٧ (١٤) بابەت (٥٦) لاپەڕە.

١.لەچ دیدێکەوە داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەین، ئاماژە بەناوی نووسەر نەدراوە، ل ١ – ل ٦.
٢.بۆ یادی (٧٠) ساڵەی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر، بەناوی گۆڤاری پێشکەوتن بلاوکراوەتەوە، ل ٧– ل ٩).
٣.شۆڤینیزم هەڕەشەی نەمان لە گەلەکەمان دەکات، نووسینی (هێرش)،ل١٠ – ل١٥.
٤.مەرجە بابەتی و خودییەکانی شۆڕش، ئامادەکردنی (ئاشتی)، ل١٦ – ل٢١.
٥.ئافرەت لە کۆمەڵی فرەچین و چەوساندنەوەدا، نووسینی (هاوار)، ل٢٢ – ل٢٧.
٦.ڕێنوێنیەکانی مارکسیزم–لینینیزم و یەکێتیەکانی لاوان، وەرگێڕانی (ر.هۆشەنگ)،ل٢٨ – ل٣٣.

٧.بە پاککردنەوەی ڕیزەکان لە کەسانی هەلپەرست حزب بە هێزتر دەبێت، نووسینی (ستالین)، (بروسک) کردوویە بە کوردی، ل٣٤ – ل٣٥.
٨.قەناتی کوردۆ ئەستێرەیەکی دیکەی ئاسمانی ڕۆشنبیری کوردییە/ نووسینی (زۆزان)، ل٣٦– ل٣٧.
٩.گۆرانی پێشمەرگەیێ، شیعری (کاردۆ)، ل٣٨.
١٠.خۆری ئەم هەژارەشمان ئاوابوو، شیعری (ڕێکان)، ل٣٩– ل٤٠.
١١.چیرۆکی ژمارە/ بڕیار، نووسینی (ک.حەسەن)، ل٤١ تا ل ٤٣.
١٢.لە داستانەکانی پێشمەرگەدا/ داستانی ترپەسپیان، نووسینی (ب. پێشمەرگایەتی)، ل ٤٤ – ل ٤٨.
١٣.لە بەڵگەنامەکانی حزب/ چاوپیاخشاندنێک بە پڕۆژەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حزب/ ئاماژە بەناوی نووسەر نەکراوە، ل ٤٩– ل ٥٢.
١٤.البلاغ الختامي لكونفراس منظمات الخارج للحزب الاشتراكي الكردستاني– العراق الاتجاه الديموقراطي الثوري، ل ٥٣ – ل ٥٦.
نموونەی هەڵبژاردەی بابەتی ژمارە/ خۆری ئەم هەژارەشمان ئاوابوو، شیعری (ڕێکان) ل٣٩.

(هەڤاڵەکەم
کاتێ مۆری گوللەی ڕەوات
دەدا لە بەرۆکی دووژمن،
کاتێ شاڵاوی پیرۆزت
دەکردە سەر فاشستەکان
بە نیازی مۆڵگە گرتن،
هەر لەو کاتە
وشەی پیرۆز
دادەڕژانە ناو دەروونی
پێنووسی داستان و تۆڵە
شاکارێکی کۆڵنەدانت دەهۆنیەوە
بۆ ئەو پێشمەرگە شەهیدەی
تا گیانیدا لە سەنگەرا
سوێندی دەخوارد

بە ڕەوەز و لووتکە و نەوالا
بە مشتێک لەم خاک و خۆڵە
هەر پێشمەرگە و چەک لەشان بێ
بۆ ڕزگاری زەحمەتکێشانی کوردستان).

*ژمارە (٥) ساڵی (٣) نیسانی ١٩٨٨ (١١) بابەت (٥٢) لاپەڕە.

لە سەرەتای ئەم ژمارەیە بابەتێک بە ناونیشانی ڕوونکردنەوەیەکی کورت لە لایەن دەستەی نووسەران بڵاوکراوەتەوە چەند بڕگەیەک بە نموونە دێنینەوە: (پێشکەوتن لە سەرووبەری تەواوبوون دابوو، یەکەمین کۆنفرانسی حزب بەستراو بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە کارەکانی تەواو بوو. بەم بۆنەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی حزب و تەواوی کادیر و پێشمەرگە و ڕێخستنەکانی نێوخۆ و دەرەوە دەکەین، بە پێویستمان زانی لەم ڕوونکردنەوەیەدا بە هەموو خوێنەرانی تێکۆشەر و دۆستانی هێژا ڕابگەینین لەمەودوا ((پێشکەوتن)) بەناوی ((حزبی زەحمەتکیشانی کوردستان – عێراق)) ە وە دەردەچێ).

١.دوو هەنگاوی پێویست لە یەکێتی و یەکبوونی ڕێزەکانمادا/ ئاماژە بەناوی نووسەر نەدراوە، ل ١– ل ٤.

٢.تیۆر و پراکتیک لە حزبی شۆڕشگێڕدا/ نووسینی(ئاشتی)، ل ٥ – ل ٨.

٣.کام شۆڕش و کام شۆڕشگێڕمان مەبەستە/ نووسینی (ب. ڕێگا)، ل ٩ – ل ٢١.

٤.ئافرەت و شۆڕش، نووسینی (ڕێکان)، (ل ٢٢– ل ٢٧.

٥.ڕۆڵ و پایەی لاوان لە پەرەسندنی کۆمەڵگادا، (هۆشمەند) کردوویە بەکوردی ل٢٧ – ل٣٠.

٦.لە بیرەوەری تێپەڕبوونی (٩٥) ساڵ بەسەر کۆچی دوایی کارل مارکس/ ئامادەکردنی (گۆران)، ل ٣١– ل ٣٤.

٧.(کوردستان) سەرقافلەی ڕۆژنامەگەری کوردیە، (د.جەلیلی جەلیل)، (سۆران) لە عەرەبییەوە کردوویە کوردی، ل٣٥ – ل ٤٣.

٨.ئێوارەیەکی پەمەیی، شیعری (ئاکۆ ئاکۆیی)، ل٤٤ – ل٤٥.

٩.لە داستانەکانی پێشمەرگەدا/ داستانی سماقولی، نووسینی(ب. پێشمەرگایەتی)، ل ٤٦ – ل ٤٧.

١٠.لە ڕۆژمێری پێشمەرگەدا/ ڕێگا سەختەکان، نووسینی (حەسیب)، ل ٤٨ – ل ٥٠.

١١.لە بەڵگەنامەکانی حزب/ حلبجة هیروشیما اخری فی تاریخ، ل ٥١ – ل ٥٢.

نموونەی هەڵبژاردەی بابەتی ژمارە/ بابەتی ((کوردستان)) سەرقافلەی ڕۆژنامەگەری کوردیە، (د.جەلیلی جەلیل)، (سۆران) لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی (ل٣٥).

(ڕۆژنامەی ((کوردستان)) لە ڕێگای سوریاوە بۆ کوردستان دەنێردراو بە پلەی یەکەم لە بەشەکانی خواروی کوردستان دابەش دەکرا، هەروەها بەشێکیش ڕەوانەوی ئەوڕوپا دەکرا بۆ ئەو کوردانەی کە لەوێ جێنشین بوون، هەروەها بۆ ئەو ئەوڕوپیانەی کە بەیاخیان بە زمان و ئەدەبی کوردی دەدا، ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن کوردەکانەوە بە گەرمی پێشوازی لێدەکرا، وەکو لەو نامانە بەدیار دەکەوێ کە بۆ دەستەی نووسەرانی دەهاتن و داوای دانەی زیاتریان دەکرد لە ژمارەکانی (کوردستان).

مقداد مدحت لە پاشکۆی ژمارە یەکەمدا بە زمانی فەرنسی نووسیویەتی ((لە دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیەدا مەبەستم ئەوەیە، کە بایخدان و خولیایی بۆ خوێندەواری لە دڵ و دەرونی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەم بچەسپێنم و بوار بۆ گەلەکەم بڕەخسێنم بۆ شارەزایی پەیداکردن لە سەر پێشکەوتنی شارستانیەتی هاوچەرخ و ئەدەبەکەی..لە کاتێکدا لە میسرم، بە هیوای بوونی نیزامم لە کوردستان، مەبەستم لە نووسینی ئەم ڕۆژنامەیە، هەرچەندە لە دووریشەوەیە، تەنها خزمەتکردنی بەرژەوەندی و ئاسوودەیی گەلەکەم و بەرز کردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ڕۆڵەکانیەتی))).

ئەو کەسانەی بابەتەکانیان لە گۆڤاری (پێشکەوتن) بڵاوکردۆتەوە، کە بەشێکیان بەناوی نهێنی و خوازراو بووە، لێرەدا ئاماژە بە ناوەکانیان دەکەین:

١. هێرش/ قادر عەزیز.
٢. ئاسۆ، ئاشتی، کاردۆ، ک.حەسەن/ ئاسۆ حەسەن.
٣. دارا، سۆران/ ماموەستا دارا عومەر.
٤. ب.دەوەن، ڕێکان/ ئیسماعیل تەنیا.
٥. ئومێد/ زرار جۆڵا.
٦. دلێر/ دلێر جەلال.

٧. ڕێباز/ ڕێباز مستەفا.
٨. هەڵمەت/ شەهید ئیبراهیم حەمید.
٩. ح.م، ب.ڕێگا/ عباس محەمەد حوسێن (حاجی مەمۆ).
١٠.ڕابەر/ ڕابەر ڕەشید.
١١. سەفین.خ /ئەبوبەکر خۆشناو[1].
١٢. هیڤی/ فەتاح زاخۆیی.
١٣. م.سەنگەر، م.ح، هەژار دێدەوانی/ شەهید هەژار دێدەوانی.
١٤. فارس/ ئەم ناوە نەناسراوە.
١٥. زوزان، هاوار/ عەبدولڕەزاق مەرزنگ.
١٦. خەبات/ بەڵین عەبدوڵڵا.
١٧. ر.هۆشەنگ/ ڕەشید محەمەد(گۆران)ی ئاڵای شۆڕش.
١٨. باوکی سەیران/ هەژار کەریم کۆرین[2].
١٩. بروسک/ ئەم ناوە نەناسراوە.
٢٠. هۆشمەند/ هۆشمەند نەجمەدین سورچی.
٢١. گۆران/ گۆران جەلال.
٢٢. ئاکۆ ئاکۆیانی/ ئاکۆ ئاکۆیی.
٢٣. حەسیب/ ئاریز عەبدوڵڵا.

---

١ ئەبوبەکر خۆشناو، نووسەر و شاعیر و پێشمەرگەی دێرین لە ١٩٥٦/١١/١٩لە دایک بووە، خوێندنی لە هەولێر تەواوکردووە، لە کۆلیژی ئاداب لە بەغداوەردەگیرێت و لەبەر کاری سیاسی کۆلیژ جێدەهێڵێو لە ١٩٨٠/٥/٩دەبێتە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی یەکێتی، لە ڕاگەیاندنی شاخ ڕۆڵی هەبووە و دەستەی نوسەرانی چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە بووە، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی ئاڵای شۆڕش، ٢٠٠٦ دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی وەرگرتووە و خاوەنی ٣٠ بەرهەمی چاپکراوە، لە ٢٠١١/٧/٢٥ کۆچی دوای کردووە.

٢ باوکی سەیران، هەژار کەریم (کۆرین)، لە ١٩٦٧/٥/٥لە شەقڵاوە لەدایک بووە، تا قۆناغی ناوەندی خوێندووە، لە ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە کردووە، هاوینی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگەی یەکێتی، کەسێکی هوشیار و ڕۆشەنبیر بووە، لە ١٩٨٦ پەیوەندی کردوە بە ڕێکخستنەکانی ئاڵای شۆڕش، لە١٩٨٨ بەهۆی نەخۆشی دانیشتووە، لە ٢/٢٧/ ١٩٩١بەهۆی کۆنە برینەکەیەوە کۆچی دوایی کردووە.چامەیەکی بەناوی (کۆچ بۆ هەوارێکی نامۆ) و نامیلکەیەک بەناوی (مرۆڤ و چەک) لە شاخ بڵاو کردۆتەوە.

ڕۆژنامەی (راية الحرية)

ڕۆژنامەی (راية الحرية)، پاشکۆی ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) بووە و بە زمانی عەرەبی دەردەچوو، یەکەم ژمارەی بە (٨) لاپەڕە و بە قەبارەی (A٣) لە (١ ئایاری ١٩٨٦) لە لایەن مەکتەبی پەیوەندیەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دیمەشق دەرچووە، چەندین بابەتی هەمەڕەنگی لە خۆ گرتووە، وەک وتاری سیاسی، بۆچوون و هەڵوێستی ئەم حزبە لە سەر ڕەوش و بارودۆخی سیاسی و چالاکیەکانی بەشی پەیوەندیەکانی دیمەشق و دەرەوە و ناوخۆی وڵات و هێزی پێشمەرگە.

(راية الحرية) بەردەوام بووە لە دەرچوونی لە دیمەشق تا ڕاپەڕینی ١٩٩١، کە ٢٥ ژمارەی لێدەرچووە، خوڵی دووەمی لە دوای ڕاپەرین لە شوباتی ساڵی ١٩٩٢ لە هەولێر و پاشان لە سلێمانی دەرچووە، واتا بە سێ خول دەرچووە، خوڵی یەکەم ساڵی ١٩٨٦ لە دیمەشق، خوڵی دووەم ساڵی ١٩٩٢ لە هەولێر، خوڵی سێیەم لە حوزەیرانی٢٠٠٠ لە سلێمانی.

صوت الشبيبة الكردستانية (دەنگی لاوانی کوردستان)

بڵاوکراوەی صوت الشبيبة الكردستانية (دەنگی لاوانی کوردستان) بە زمانی عەرەبی لە لایەن لقی سوریای یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستیی کوردستان دەردەچوو، ئەم بڵاوکراوەیە بە هەشت لاپەڕەی قەبارە گەورە بە ئۆفێست چاپکراوە، چەندین بابەتی جیاجیای تیادا بڵاوکراوەتەوە، وەک بابەتی سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هەواڵ و چالاکی لقەکانی سوریا و یەکێتیی سۆڤیەت و ناوەوەی وڵات.

لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ژمارە(١)ی ئازاری ١٩٨٦ لاپەڕە (٥)وەک هەواڵێک دەرچوونی ئەم بڵاوکراوەیە (صوت الشبيبه الكردستانيه) بە خوێنەران ڕادەگەینێ، لە بڕگەیەکدا واهاتووە: (بڵاوکراوەی دەنگی لاوانی کوردستان. صوت الشبيبه الكردستانيه، کە یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان_ عێراق لقی سوریا بە زمانی عەرەبی بڵاوی دەکاتەوە ژمارە ٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ گەیشتە دەستمان)، لە دوای کۆنفرانسی یەکەمی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ساڵی ١٩٨٨ئەم بڵاوکراوەیە بۆتە ئۆرگانی لقی دەرەوەی (یەکێتیی خوێنکاران و لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان)، تا ساڵی

١٩٩٠بەردەوام بووە لە دەرچوون.

ڕێبازی لاوان

ژمارە(٨)ی گۆڤاری (ڕێبازی لاوان) ئۆرگانی ناوەندی ڕێکخراوی (یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستیی کوردستان) لە تەموزی ١٩٨٦ دەرچووە، کە درێژە پێدەری ژمارەکانی پێشووتر بووە، ئەم ڕێکخراوە لە دوای دامەزراندنی لە (١٩٨٣/٤/٤) لە شاخ، یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (ڕێبازی لاوان) لە ئابی هەمان ساڵ دەردەکات.

ببلۆگرافیای ژمارە (٨)ی گۆڤاری (ڕێبازی لاوان):

لە تەموزی ١٩٨٦ بە قەبارەی (١٧×٢١ سم)و بە (١٦) لاپەڕە دەرچووە کە (١٥) بابەتی لە خۆ گرتووە.

١.بەرەو ڕاپەڕینی سەرتاسەری، (مانشێت) ل١.
٢.هەڵوێستمان، ل ١.
٣.لەم ژمارەیەدا، ل ١.
٤.شەڕی قادسیە ڕوو لە ساڵی حەوتەمە، حەسیب (ئاسۆ حەسەن) ل٢.
٥.بەیانێکی هاوبەش، ل٤.
٦.خوێندکاران بە خۆپیشاندان شاڵاوی ڕەشبگیری ڕەت دەکەنەوە، ل٥.
٧.هەش بەسەری ئەوانەی بە دڵیان نین، ئاڵا، ل٦.
٨.شاڵاوێکی تری ڕەشبگیری، ل٧.
٩.ملحق راية الحرية، ژمارە یەکی بڵاوکرایەوە، ل٧.
١٠.ڕوونکردنەوەیەک، ل٧.
١١.ئاوڕدانەوەیەک لە هونەری سینەما، کاردۆ (ئاسۆ حەسەن)، ل٨.
١٢.بنگرد بووکی سەربڕاوی کوردستانە، ل٩.
١٣.کوڕە کەچەڵ، شیعری هەژار دێدەوانی، ل١٠.
١٤.چیرۆکی ژمارە: کاروان سەرایەک، گۆران (گۆران جەلال)، ل١١.
١٥.لە پێناوی دزیەکی خۆیاندا، پاشماوەی هەردووک بابەتی لاپەڕە پازدە (بەرەو ڕاپەڕینی سەرتاسەری)و لاپەڕە هەشت، (ئاوڕدانەوەیەک لە هونەری سینەما)، ل١٣.
١٦.پاشماوەی لاپەڕە یەک، (هەڵوێستمان)، ل١٤.

١٧.بەرەو ڕاپەڕینی سەرتاسەری، ل١٥.
١٨.شەهیدی نەمر وەهاب حەمە ڕەش (شوان)، ل١٦[1].

ژیانی نوێ

ژیانی نوێ ئۆرگانی ناوەندی (یەکێتیی خوێندکاران و لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان) بووە، ژمارەی یەکەمی بە قەبارەی (A٤)، لە شوباتی ١٩٨٩لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرچووە تا ڕاپەڕین چوار ژمارەی لێدەرچووە، ژمارە (٥)ی لە پاش ڕاپەڕین لە ئابی ١٩٩١دەرچووە، تا حوزەیرانی ١٩٩٤ ژمارە (١٦)ی لێدەرچووە، بە شێوەی گۆڤار و ڕۆژنامە بەردەوام بووە تا ساڵی٢٠١١و ٢١٠ ژمارەی لێدەرچوو.

ژیلەمۆ

پاش وەستانی شەڕی عێراق _ ئێران و ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال و دوورکەوتنەوەی هێزی پێشمەرگە لە گۆڕەپانی کوردستان و هەڵکشانیان بەرەو سنوورەکان، کە بووە هۆی جۆرێک لە نسکۆ بە سەر شۆڕش و نائومێدی بۆ جەماوەر، بۆ بەگژداچوونەوەی سیاسەتی شۆڤینیانەی بەعس و ڕەواندنەوەی نائومێدی، بە تایبەتیش لە نێو لاوان و خوێنکاران، چەند تێکۆشەرێک لە ڕێکخستنە نهێنیەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ناو شاری هەولێر، بیریان لەوە کردەوە کە بە دەرکردنی بڵاوکراوەیەک هەنگاوی بە گژداچوونەوەی نائومێدی بهاوێژن ئەگەر بچووکیش بێت، بڕیار دەدەن بڵاوکراوەیەک بە ناوی (ژیلەمۆ) دەربکەن، لە ڕۆژی ١٩٨٩/٨/٨ یەکەم ژمارە لە هەولێر بڵاودەکەنەوە و بۆ (سلێمانی، بەغدا، کۆیە، زاخۆ، ڕواندز، چەمچەمال و خەلیفان)ی دەنێرن، دەستەی نووسەرانی بریتی بوون لە (غازی حەسەن، ئیسماعیل تەنیا، گۆران جەلال) هەر ئەم سێ کەسەش بووینە بە هەموو کارەکان هەڵساون، هەر لە نووسینی بابەت و ئامادەکردنی بۆ چاپو کۆپی کردن و لێکدانی لاپەڕەکان، بە دەستنووس دەنووسراو(غازی حەسەن) دەی بردە بەغدا، لە یەکێ لە دوکانەکانی فۆتۆ لە بەغدا کۆپی دەکرد

[1] ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم / هەولێر٢٠١٩، ل١٨٢.

بە ناوی ئەوەی کە خوێندکارە و ژیلەمۆش (محازەریە).

ژیلەمۆ، وەک لەسەر بەرگی نووسراوە(گۆڤارێکی رۆشنبیری سیاسی گشتی یە، لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان دەری دەکات)، شەش ژمارەی لە بەغدا کۆپی دەکران، حەوت ژمارەی لێدەرچووە، ژمارە یەک تا پێنج بە دەست نووسراون، ژمارە شەش‌و حەوت بە تایپ چاپکراون.

-ژمارە(١) لە ئابی ١٩٨٩دەرچووە، ٢٢ لاپەڕە بووە.

-ژمارە(٢) لە ئەیلولی ١٩٨٩دەرچووە، ٣٠ لاپەڕە بووە.

-ژمارە(٣) تەشرینی یەکەمی ١٩٨٩دەرچووە، ٣٠ لاپەڕە بووە.

-ژمارە(٤) لە کانوونی دووەمی ١٩٩٠دەرچووە، ٤٤ لاپەڕە بووە.

-ژمارە(٥) لە بەهاری ١٩٩٠دەرچووە، ٤٤ لاپەڕە بووە.

-ژمارە(٦) لە ئابی ١٩٩٠دەرچووە، ١٦لاپەڕە بووە.

-ژمارە(٧) لە تەشرینی دووەمی ١٩٩٠دەرچووە، ٢٠ لاپەڕە بووە[١].

بەم ناوانە بابەتەکان بڵاوکراونەتەوە: (سمکۆ، بێستون، هەندرێن، ئازاد، هیوا، زەروەند، شێروان، هێژا، لاوەند، دژوار، هێڤی، رۆزابی ئیبراهیم زادە، هەڵوێست، چرا، بژار، پیرۆت، هاوڕێ، دەشتی، گۆڤان) زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکان هی (غازی حەسەن و گۆران جەلال و ئیسماعیل تەنیا) بووینە و بەم ناوە خواستراوانە بڵاویان کردونەتەوە.

هەروەها نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە سەید ئارام بە دەست دەینووسیەوەو بەدران حەبیبیش هاوکاری دەرچواندنی دەکرد، بەرگی ژمارەی یەکەم و دووەمی بەشیوەیەکی زۆر سەرەتایی لەلایەن گۆران جەلال دیزاین کرا بوو، بەڵام پاشان لە رێگای هاورێیەکی فەتاح زاخۆیی کە ئەوکات لە زانکۆی بەغدا خوێندکاری کۆلیژی ئەندازیاری بوو بەرگێکی جوانتری بۆ دیزاین کرا، جێگای باسە تەنها یەک ژمارەی بەنهێنی لە دوکانێکی لەبەرگرتنەوە (استنساخ) لە هەولێر کرا ئەوانی دی هەمووی لە بەغدا کۆپی کراو غازی حەسەن ئەرکەکەی لەئەستۆ دابوو، هەروەها دەبێ ئەوەش باسبکرێ کە بەر لەدەرچوونی ژمارە شەش لە رێگای کۆکردنەوەی پیتاک لە هاورێیانی رێکخستن بە بڕی(٣٠٠) دیناری ئەو کات ئامێرێکی تایپی دەستی لە بەغدا

[١] ئیسماعیل تەنیا، چەند پوشێک بۆ هێلانەیەکی تر، هەولێر ٢٠٠٠/ ل ٥٧-٦٠.

دەکڕن، هەر غازی حەسەن خۆی تایپەکە دەکڕێو هەر خۆشی لە بەغدا دەیگوازێتەوە هەولێر ژمارە شاش و حەوت بەو تایپە تایپ دەکرێن.

لە بەر گیرانی(غازی حەسەن و گۆران جەلال) لە لایەن رژێمی بەعسەوە لە ١٩لەسەر١٩٩١/١/٢٠، هەروا دەست بەسەرداگرتنی سەرجەم کەلوپەلەکانی ژیلەمۆ هەر لە ئامێری تایپ تا کاغەز و پێداویستیەکانی تری چاپ، چیتر نەتوانراوە ژیلەمۆ دەر بکرێت.

بەشی یازدەهەم

ئەنفالەکان

ئەنفال

پرۆسەی ئەنفال گەورەترین پرۆسەی سەربازی و سیاسی بووە، لە لایەن ڕژێمی لەناوچووی سەددامەوە ئەنجامدرا، بۆ لەناوبردن و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و سڕینەوەی هەموو شوێنەوارێکی چەکداری، پشتگیری جەماوەری، شوێنەواری، کەلەپوری و کەلتوری، ئەتنۆگرافی و دیمۆگرافی گەلی کورد، ڕژێمی دڕندەی سەددام بە هەموو توانایەوە هەڵمەتی قڕکردن و تواندنەوەی گەلی کوردی لە باشوور دەست پێکرد، ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتیی شۆڕش و سەرۆکەکەی سەددام حوسێن لە ڕۆژی (١٩٨٧/٣/٢٩) بەشێوەیەکی فەرمی (عەلی حەسەن مەجید) ی ئامۆزای ناسراو بە (عەلی کیمیایی)، دەستنیشان کرد و کردیە بەرپرسی یەکەمی حزبی و سەربازی و ئەمنی و هەواڵگری لە کوردستان، عەلی کیمیایی یەکەم بڕیار کە دەری کرد، ترسناکترین بڕیاربوو، بڕیاری جینۆسایدی گەلی کورد، کە ناسراوە بە (ئەنفال)، ئەمەی خوارەوە دەقی بڕیارەکەیە:

بڕیاری ٤٠٠٨
ژمارە: ٨٠٠٤/٢٨
بەروار: ٢٠-٦-١٩٨٧
لە سەرکردایەتیی نوسینگەی سکرتارییەتی ڕێکخستنی باکوورەوە.
بۆ/ قیادەی فەیلەقی یەک، قیادەی فەیلەقی دوو، قیادەی فەیلەقی پێنج
لەبەر ئەوەی ماوەی فەرمی بۆ کۆکردنەوەی ئەو گوندانە لە بەرواری ٢١ی حوزەیران -١٩٨٧ کۆتایی هاتوە، بڕیارماندا لە ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧ دەستبەکاربین بەم شێوەیەی خوارەوە:
١-هەموو گوندەکان لەمەودوا بە ناوچەی قەدەغەکراو دادەنرێن لە ڕووی ئەمنییەوە، کە هەتا ئێستا شوێنی بە کرێگیراوانی ئێران و تێکدەران و خائینزادە و نموونەکانیانن کە خیانەتکارانی عێراقن.
٢-بە تەواوی قەدەغەیە خەڵک و ئاژەڵی تێدا بمێنێت، ئەم ناوچانە بە ناوچەی

قەدەغەکراو دادەنرێن و تەقەکردن تیایاندا ئازادە بێ مەرج و بێ تەعلیمات، مەگەر تەعلیماتی تر دەربچێت لە لایەن بارەگاکەمانەوە.
٣-هاتوچۆ لەوێوە بۆ ئێرە و لێرەوە بۆ ئەوێ، یان کشتوکاڵ و تۆوکردن و پیشەسازی و ئاژەڵداری قەدەغەن و لەسەر دەزگا پەیوەندیدارەکان پێویستە بە دواداچوونی جدییان لەم بارەوە هەبێت و هەریەکەو بەپێی تایبەتمەندیی خۆی.
٤-سەرۆکایەتیی فەیلەقەکان لێدانی تایبەت ئامادەبکەن، ناو بەناو بە تۆپو فڕۆکە و سەمتی و کۆپتەر لە هەموو کاتێکدا بە شەو و بە ڕۆژ بخەنە کار بۆ کوشتنی گەورەترین ژمارە لەو کەسانەی کە لە شوێنە قەدەغەکراوەکاندان و ئاگادارمان بکەنەوە.
٥- دەستبەسەرداگردنی هەموو ئەو کەسانەی کە دەستگیر دەکرێن لە گوندەکانی ئەو ناوچانە، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە و سزای لە سێدارەیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت، ئەوانەی کە تەمەنیان لە ١٥ ساڵ زیاترە هەتا ٧٠ ساڵ، دوای سوودوەرگرتن لەو زانیاریانەی پێیەتی و ئاگادارمان بکەنەوە.
٦- دەزگا پەیوەندیدارەکان هەڵدەستن بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوانەی خۆیان بە دەستەوە دەدەن لە دەزگا حکومییەکان و حزبییەکاندا بۆ ماوەیەک کە ئەو پەڕی ١ هەتا ٣ ڕۆژبێت، دەبێت لەو حاڵەتانە ئاگادار بکرێینەوە، ئەگەر ماوەکە پێویستی کرد لەو ماوەیە زیادبکرێت ئەوا دەبێت بە تەلەفۆن، یان بروسکە ڕەزامەندی ئێمە وەربگرن، لە ڕێی هەژاڵ (تاهر ئەلعانی) یەوە.
٧- هەموو ئەو شتومەکانەی کەوا فەوجەکانی دیفاع وەتەنی و جەنگاوەرەکانیان دەستیان دەکەوێت بۆ خۆیان دەبێت تەنها چەکە قورسەکان و چەکی ئەسنادو چەکی مام ناوەندی نەبێت، چەکە سووکەکان بۆخۆیان دەبێت، ئێمەی لێ ئاگادار بکەنەوە و تەنها ژمارەکانیان تۆمار بکەن. پێویستە لە سەر فەرماندەی جەحافل (فەیلەق)ەکان چالاک بن بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموو مووستەشارەکان و فەرماندەی سرییەکانیان و مەفرەزەکانیان بەوردی ئێمە ئاگادار بکرێینەوە لە چالاکییەکانی فەوجەکانی دیفاع وەتەنی.

سەرۆکایەتیی مەجلیسی تەشریعی، سەرۆکایەتیی مەجلیسی تەنفیزی، دەزگای زانیاری، سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپا، پارێزگارەکان، سەرۆکەکانی لیژنە ئەمنییەکان (نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین، سلێمانی، ئەربیل، دهۆک، ڕازگری لقەکانی ئەو پارێزگایانەی کە لەسەرەوە ناویان هاتوە، بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگری سەربازی گشتی، بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی گشتی، بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی حوکمی زاتی، بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگاکانی نەینەوا، تەئمیم، دیالە، سەلاحەدین، سلێمانی، ئەربیل، دهۆک). تکایە بۆ تێڕوانین و جێبەجێکردن هەرکەسەو بە پێی تایبەتمەندێتیی خۆی، ئاگادارمان بکەنەوە.

ئیمزا

عەلی حەسەن مەجید

ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی

سەرکردایەتیی نوسینگەی ڕێکخستنی باکوور[1]

ڕژێمی بەعس لە ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال ئامانجی سەرەکی بۆ لەناوبردنی شۆڕشی سیاسی و چەکداری گەلی کورد و سڕینەوەی بوو، ئەنفال زیانی ماددی و مەعنەوی گەورەی بە باشووری کوردستان گەیاند، ڕژێم بەرنامە و پلانی قڕکردنی داڕشتبوو، لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا بنەماکانی ژیان لە کوردستان هەڵتەکێنران، (١٨٢ هەزار) گەنج و پیر و ژن و منداڵ ئەنفاڵ و شوێنبزر کران، نزیکەی (٥٠٠٠) گوند کە دەیکردە ٩٠٪ ی گوندەکانی کوردستان و زیاتر لە ٢٠ شار و شارۆچکە لەسەر نەخشە سڕانەوە، دانیشتوانی گوندەکان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان گوێزرانەوە، نزیکەی ١٠٪ کوردی باشوور لەناوبران، بەمەش نزیکەی ٧٧٢٩ کم دووجا لە ڕووبەری باشووری کوردستان سوتماک کرا [2].

شاڵاوەکانی ئەنفال لە بەرواری ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ دەستپێکرد و لە

[1] ئەنفال گەورەترین تاوانی مرۆڤایەتی سەدەی بیستەم ماڵپەڕی (PUKmedia) ئامادەکردنی/ کاوان ئەحمەد حەمە ساڵح هەڵەبجەیی.

[2] پرۆسەی ئەنفال چییە و کەی دەستی پێکرد؟ ماڵپەڕی (Kurdiu).

١٩٨٨/٩/٦کۆتایی پێهات، بە هەشت قۆناغ جێبەجێ کرا کە سەرجەمی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە:
قۆناغی یەکەم/ لە ٢/٢٣ تا ١٩٨٨/٣/١٨ بۆ سەر ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی.
قۆناغی دووەم / لە ٣/٢٢ تا ١٩٨٨/٤/١ بۆ سەر ناوچەی قەرەداغ و بازیان و دەربەندیخان.
قۆناغی سێهەم / لە ٤/٧ تا ١٩٨٨/٤/٢٠ بۆ سەر ناوچەی گەرمیان.
قۆناغی چوارەم/ لە ٥/٣ تا ١٩٨٨/٥/١٥ بۆ سەر ناوچەی قەڵاسێوکە و دۆڵی زێی بچوک.
قۆناغی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم/ لە ٥/١٥ تا ١٩٨٨/٨/٢٦ بۆ سەر ناوچەکانی شەقڵاوە و ڕواندز و دۆڵی خۆشناوەتی.
قۆناغی هەشتەم و کۆتایی / لە ٨/٢٦ تا ١٩٨٨/٩/٦ بۆ سەر ناوچەی بادینان.

جەولەی پێشمەرگەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی ئەنفالەکان

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دوای کۆنفرانسی یەکەمی، سەرجەم ئۆرگانەکانی خۆی ڕێکخستنەوە، یەکێک لە ئۆرگانە هەرە گرنگەکان (بەشی پێشمەرگایەتی)بوو، هەر دوای ڕێکخستنەوەی ئەم بەشە و پێکهێنانی هەرێمەکان، بەشێکی لە هێزەکانی ناردووە بۆ ناوچەکانی دەشتی هەولێر و هەریر و شەقڵاوە و کۆیە، هەمیشە هێزی پێشمەرگەی ئەم حزبە لەو ناوچانە و ناوچەکانی تری کوردستان بەتایبەتیش ناوچەکانی سنووری (شەقڵاوە، خەلیفان، هەریر، بەڕانەتی، مرکیە و شەمامک و کەندیناوە، دەشتی هەولێر و کۆیە) بوونیان هەبوو، تەنانەت لە ڕۆژگارەکانی ئەنفال و سەردەمی مەفرەزەی پارتیزانی دوای ئەنفالەکان ئەم ناوچانە جێ پێگەی چالاکییەکانی بوو.

بەشێک لە پێشمەرگەکانی هەرێمی سێ و چەند کادیرێکی ناوچەی دەشتی هەولێر سەرەتای تەموزی ١٩٨٨ بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێشمەرگایەتی

و ڕێکخستن بە جەوڵە دەچنە ناوچەی خەیلانیەتی و هەریر و شەقڵاوە، ماوەیەک لەو ناوچە دەمێننەوە و پاشتر دەچنە سنووری کۆیە، پاش ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بە تایبەتی پەیوەندیکردن بە ڕێکخستنەکانی کۆیە و هەولێر، دەگەڕێنەوە سنووری شەقڵاوە، شەوی (١٩٨٨/٨/١) لە گوندی (ئارمەوان[1])ی نزیک کۆڕێ دەبن لە کاتی دەرچوونیان دەکەونە نێو کەمینی جاشەکانی خۆفرۆش (سەڵاح شینە[2])، پێشمەرگەیەکیان بە ناوی (ڕۆستەم سیاوی) شەهید دەبێت، ئەم هێزە لە ناوچەکە دەمێنێتەوە و درێژە بە کار و چالاکییەکانی دەدات.

لە (١٩٨٨/٨/١٢) هەرێمی یەک و چەند پێشمەرگەیەکی هەرێمی سێ و کادیرانی(ناوچەی دەشتی هەولێر) لە بارەگای سەرکردایەتیان بۆ جەوڵە بەڕێدەکەون بۆ ناوچەی هەریر و شەقڵاوە و بەڕانەتی و شوێنەکانی تر، تا لەگەڵ هێزەکەی تریان کە لەوێن یەکتر بگرنەوە، ئەوان لە کاتێکدا ئەم جەوڵەیان کردووە کە بارودۆخی کوردستان لە هەموو بوارەکانەوە لەوپەڕی خراپیدابووە، ڕژێم لە خۆئامادەکردندا بووە بۆ ئەنجامدانی دوا قۆناغی ئەنفال (ئەنفالی بادینان) نەدەبوایە سەرکردایەتیی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەو هەڵومەرجە نالەبارە ئەم هێزەشی ناردبا بۆ جەوڵە، لە کاتێکدا زانیاریی ئەوەی هەبووە کە ئەو ناوچەیەی ئەم هێزەی بۆی دەچێت گونجاو نیە پێشمەرگە لێی بمێنێتەوە و جەوڵەی تیا بکات، ڕێگای گەیشتنیش بە ناوچەکە زۆر سەخت و دژوار بووە، بە تایبەتی ڕێگای پەڕینەوە لە زێی بادینان (زێی گەورە)، لە هەمانکاتیشدا هێزێکی تری لەوێ بووە، (شاخەوان عەبدوڵڵا) یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی ئەم هەرێمە (هەرێمی یەک) لە بڕگەیەکی یادداشتە تایبەتییەکاندا لە بارەی بارودۆخی ناوچەکە، بەم جۆرە باسی لێوە دەکات: (لە ١٩٨٨/٨/١٢ لەگەڵ هاوڕێیانی کادیرانی ناوچەی دەشت لە سەر بڕیاری حزب بە ڕێکەوتین بۆ خوارەوە بۆ جەوڵە، ئەو چوونە خوارەوەیە

[1] گوندی ئارمەوان، سەربە ناحیەی پیرمامە و نزیکە لە شەقامی گشتی نێوان شەقڵاوە و پیرمام.

[2] سەلاح شینە، یەکێک بوو لە بەرپرسە مەفرەزە خاسەکانی ڕژێمی بەعس، کە دەستی سووربوو بە خوێنی دەیان تێکۆشەر و پێشمەرگەی کوردستان.

وەک ئەوە وابوو کە ڕووبار بە پێچەوانەی ئاراستەی خۆی بڕوات، چونکە هەر خەڵکی ئەو گوندانەی کە پێیدا دەڕۆیشتین پێیان سەیر بوو کە مەترسیی هێرشی دووژمن بۆ ناوچەکە زۆر نزیک ببۆوە، ئێمەش دەچووینە خوارەوە بۆ ئەو ناوچانە)، (١٩٨٨/٨/٢٠)دەگەنە ئەودیوی چیای (کۆریس) بە دیوی ئاکرێ، لەوێ لە (گەلی)یێک خۆیان حەشار دەدەن و فەرهاد مەنتک (جێگری فەرماندەی هەرێمی سێ) دەچێتە ئەو گوندەی کە یەکێک بە (کەلەک) لە زێی بادینان بیانپەڕێنێتەوە، شەو دەپەڕنەوە دەچنە گوندەکانی دەشتی هەریر و خەیلانەتی، بارودۆخی ئەوێش نائاسایی بووە و ڕژێم لە جموجۆڵ دابووە، لە(١٩٨٨/٨/٢٦) لەگەڵ پێشمەرگەکانی (هەرێمی یەک) کە پێش ئەوان لەو ناوچەیە و دەشتی هەولێر لە جەولە بووینە یەکتر دەگرنەوە، بۆ چەند ڕۆژێک پێکەوە لەو ناوچەیە جەولە دەکەن و دەگەڕێن، بەڵام ژیانیان زۆر سەخت دەبێت بە هۆی دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفالی بادینان و چۆڵی ناوچەکە و دەستنەکەوتنی خواردن، زۆر جار بۆ ژەمێک خواردن بە ناچاری ڕێگای دوور و پڕ مەترسیان گرتۆتە بەر، شەوێک دەچنە گوندی (سەرکەند)، لەم گوندە زانیاری و هەواڵی دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالی بادینان وەردەگرن، کە هێرشێکی بەر بڵاو بۆ سەرجەم ناوچەکانی بادینان دەستی پێکردووە و هێزی پێشمەرگەش بڕیاری پاشەکشێی داوە بۆ سنووری ئێران و تورکیا بێ ئەوەی بەرگرییێکی ئەوتۆ بکات، تا (١٩٨٨/٩/٧) ئەم هێزە بە هەر شێوەیەک بووبێ پێکەوە بووینە، بەڵام دواتر نەیانتوانیوە چیتر بە یەکەوە درێژە بە مانەوەیان بدەن لە ناوچەکە، چونکە لەو هەڵومەرجە سەختەدا هێزی زۆر بۆ جەولە و گەڕان شیاو نەبووە، دەبوایە شێوازی پارتیزانیان پەیڕەو کردبا، هەواڵی ئەوەشیان زانیووە کە ڕژێم لەم چەند ڕۆژەدا هێرش بۆ ناوچەکە دێنێ و کێوماڵی دەکات، بەرپرسانی هێزەکە کۆبوونەوەیەک دەکەن کە بەرنامەی لەمەودوایان چی بێت، بڕیار دەدەن ببن بە سێ (مەفرەزە) و بە شێوەی پارتیزانی لەو ناوچانەی بۆی دەچن کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن. مەفرەزەیەک بۆ دەشتی هەولێر کە بریتی دەبن لە:

١- مام جەوهەر.

٢- فازل حەسەن.
٣- کرمانج عەوێنە.
٤- ڕزگار چاوشین.
٥- شاخەوان عەبدوللا.
٦- سەنگەر دهێماتی.
٧- ڕێبین سوور و چەند پێشمەرگەیەکی تر.
مەفرەزەیەک بۆ کۆیە و دەوربەری بریتی بوون لە:
١- ئاوارە کۆیی.
٢- موحسین بانیمارانی.
٣- بێکەس قادر.
٤- دێدەوان (حامد مەولود[1]).
٥- هەڵۆ کەرکوکی.
٦- مەلا هەندرێن و چەند پێشمەرگەیەکی تر.
مەفرەزەیەک لە ناوچەی خەیلانیەتی دەمێننەوە:
١- فەرهاد مەنتک.
٢- سەعد خالید.
٣- تەنیا.
٤- دەشتی.
٥- هۆشەنگ دهێماتی.
٦- رەنجدەر کەرکوکی.
٧- کاوە دهێماتی.

[1] شەهید دێدەوان (حامید مەولود)، لە ١٩٦٥ لە گوندی شیوانی بناری دێدەوان لە دایک بووە، لەبەر هەژاریی نە چۆتە قوتابخانە، لە سەرەتایی هەشتایەکان پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنیەکانی حزبی سۆسیالیست دەکات، لە ١٩٨٥ ماڵیان دەگوازنەوە بۆ ناو شاری هەولێر و بە سەختی ژیان بە ڕێ دەکات، لە ١٩٨٧/٧/١٠ پەیوەندی بە پێشمەرگەکانی حزبی زەحمەتکێشان دەکات، لەگەڵ شەهید (دکتۆر چالاک) لە ناوچەی شەقڵاوە، دەکەونە نێو کەمینی پیاوە خۆفرۆشەکانی ڕژێمی بەعس (مەفرەزە خاسە)و دەستگیر دەکرێن و لە ١٩٨٨/١١/٢٩لە دائیرەی ئەمنی هەولێر گوڵلە باران دەکرێن و تەرمەکانیشیان نادەنەوە بە خانەوادەکانیان ووەک سەربازی ون تا ئێستا نازانرێ لە کوێ نێژراون.

٨- پەروەر.
٩- دکتۆر چالاک[١].
١٠- وریا گردعازەبانی.
١١- ئاسۆ کەرکوکی.
١٢- نەهرۆ هەینی و چەند پێشمەرگەیەکی تر.

ئەم مەفرەزەیان کە لە ناوچەی خەیلانیەتی مابووەوە دوای چەند ڕۆژێک، کە سوپا و جاش هێرش بۆ ناوچەکە دێنێ، ئەوان لە دەوربەری گوندی (گڕاو) دەبن، خۆیان لەم هێرشە دەپارێزن و هەوڵی ئەوە دەدەن ناوچەکە جێبهێڵن تا سوپا و جاش پاشەکشێ دەکات، بۆ ئەم مەبەستە ڕوو لە ناوچەی (زرارەتی) دەکەن و پاشان بە ڕێگایەک لە نزیک (مەلا ئۆمەر[٢]) دەچنە دەوربەری هەولێر پاش چەند ڕۆژێک دەگەڕێنەوە ناوچەکە.

ئەو مەفرەزەی چووبووە دەشتی هەولێر، چەند ڕۆژێک لە دەوربەری گوندی (جەدیدە) دەبن و لەوێ دەزانن (هەڤاڵانی بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتیان لە بەری گارا بەرە و سنووری تورکیا ڕۆیشتوون، مەفرەزەیەکی(١١) پێشمەرگە لە ناوچەکە ماونەتەوە و کەوتونەتە نێو گەمارۆی ئەنفالەکان و بە ناچاری بە لێبوردنی گشتی خۆیان ڕادەست کردووە و هێنراونەتە ئۆردوگای جەژنیکان[٣]، بە ڕێگای بەڕانەتی دەگەنە شەمامک و گوندەکانی دەوروبەری (باغەمرە[٤])، بە شێوەی پارتیزانی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دەمێننەوە، پاشان بە هەمان ڕێگای بەڕانەتی لە کۆتایی مانگی(ئەیلولی ١٩٨٨) دەگەڕێنەوە بۆ

---

١ شەهید دکتۆر چالاک (سالح مستەفا خالید) لە ١٩٦٦ لە دایک بووە، لە ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی سۆیالیست دەکات، ئامادەیی پەرستاری لە هەولێر تەواو دەکات، لە ١٩٨٧/٦/٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەکات، لە ١٩٨٨/١٠/١١ لە گەڵ هاوڕێیەکی تری بە ناوی (دێدەوان) لە کاتی ئەرکی پێشمەرگایەتی لە دەوربەری شەقڵاوە دەکەونە نێو کەمینی نۆکەرانی بەعس (مەفرەزە خاسە) دەستگیر دەکرێن، لە ١٩٨٨/١١/٢٩ لە دائیرەی ئەمنی هەولێر بێ دادگایکردن گوڵلە باران دەکرێن و تەرمەکانیان نادرێتەوە بە خانەوادەکانیان و تا ئێستا نازانرێ لە چ شوێنێک نێژراون و گۆڕونن.

٢ مەلا ئۆمەر، گوندێکە دەکەوێتە سەر شەقامی گشتی نێوان پیرمام _ هەولێر.

٣ جەژنیکان، گوندێکە سەر بە ناحیەی بەحرکەیە.

٤ گوندی باغەمرە، دەکەوێتە سنووری ناحیەی دارەتووی نزیک هەولێر.

ناوچەی خەیلانیەتی و لە گەڵ هەردووک مەفرەزەی کۆیە و خەیلانیەتی یەکتر دەگرنەوە، پێش ئەوان مەفرەزەی کۆیە گەڕاوەتەوە ئەو ناوچەیە، لە (١٩٨٨/٩/٢٩) دوو پێشمەرگەیان بە ناوەکانی (دێدەوان)و (د.چالاک) لە هەڤاڵەکانیان دادەبڕێن و دەکەونە کەمینی جاشان و ئەنفال دەکرێن، لە دوای ڕاپەڕین دەزانرێ شەهید کراون. (دڵشاد کۆیی و نەبەز ئیسماعیل) دوو فەرماندەی ناو ئەو مەفرەزە(١١) پێشمەرگەیە لە ڕێی ڕێکخستنەکانی هەولێر دەگەنەوە ئەو هێزەی کە لە ناوچەی خەیلانیەتی بوون، بۆ بەرنامەی کاری داهاتوویان کۆبوونەوەیەک لە گوندی (زێبارۆک) ئەنجام دەدەن، کە بۆ داهاتوو چی بکەن! چونکە بارودۆخی ناوچەکە گەیشتبووە ئاستێک کە مانەوە لەوێ نەدەکراو زۆر ئەستەم بوو، بە تایبەتیش بۆ هێزێکی زۆر، بڕیار دەدەن بەرەو سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بچن و بگەنەوە هەڤاڵەکانیان، بەڵام چۆن و بە چ ڕێگایەک! گرفتەکە ئەوە بووە ئەم هێزە لەم بارودۆخەی ئەنفالدا چۆن بتوانێت بگاتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان! بۆیە بە ناچاری بڕیار دەدەن ژمارەی هێزەکەیان کەمکەنەوە، فەرماندە و کادیرەکان بە ڕاشکاوی بە هەڤاڵەکانیان دەڵێن کە ناتوانین بەو ژمارە زۆرە بۆ هیچ لایەک جووڵە بکەین و ناشتوانین لەم ناوچەیە بمێنینەوە و دەبێت تا زووە لێی دەرچین، بۆیە وەک بڕیارێکی حزبی باشترین چارەسەر ئەوەیە ژمارەمان کەم کەینەوە، چونکە بارودۆخەکە وا دەخوازێ، مانەوە و چوون بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەنە هەڵبژاردە، گەر یەکێک خواستی گەڕانەوەی نیە دەتوانێت سوود لە لێبووردنی گشتی وەربگرێت و بگەڕێتەوە نێو خانەوادەکەی و بە شێوازی ڕێکخستنی نهێنی بەردەوام بێت لە خەبات و تێکۆشان، چەند کەسێکیان خۆیان ڕادەست دەکەن و ئەوانی تر ئامادەکاری دەکەن بۆ چوونە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشێک لەوان ئەمانە بوون:

١- ئاوارە کۆیی.

٢- سەعد خالید.

٣- فەرهاد مەنتک.

٤- موحسین بانیمارانی.

٥- بێکەس قادر.
٦- مەلا هەندرێن.
٧- فازل حەسەن.
٨- دڵشاد کۆیی.
٩- نەبەز ئیسماعیل.
١٠- ڕزگار چاوشین.
١١- شاخەوان عەبدوڵلا.
١٢- تەنیا.
١٣- نەهرۆ هەینی.

لە(١٩٨٨/١٠/٢٧) لە ڕێی ڕێکخستنەکانی (خەلیفان) بە شەو بە دەشتی هەریر و پاشان بە نزیک سەربازگای (سپیلک[١]) و گوندی (کەلەکین[٢])دا دەڕۆن و بەرەبەیان دەگەنە گوندی (کانی وەتمان[٣])ی پشت خەلیفان، لە ماڵی (مام ساڵح[٤]) دەمێننەوە و پشوو دەدەن تا ئێوارە، ئێوارە لەم گوندە دەردەچن و ڕۆژێک لە گەلیێک لە نزیک گوندی (سرێشمە[٥]) دەمێننەوە و ئێوارە دەچنە چیای (برادۆست[٦]) و شەوی پاشتر لە نزیک گوندی (لەیلوک[٧]) لە شەقامی سۆران مێرگەسۆر دەپەڕنەوە و دەچنە گوندی (خەردن[٨])، (مام غەزالی) کە خەڵکی ئەم گوندە بووە هاوکاریان دەکات و کەسێکی تریان پێ

١ سپیلک، دەکەوێتە سەر شەقامی هاملتۆن نزیک ناحیەی خەلیفان، لە کۆنەوە تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ سەربازگەی سوپای عێراقی لێبووە و قەڵایەکی پتەوی لێدروستکراوە.

٢ گوندی کەلەکین، دەکەوێتە ڕۆژئاوای شارۆچکەی خەلیفان، نزیکە لەم شارۆچەکەیە.

٣ گوندی کانی وەتمان، دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای ناحیەی خەلیفان.

٤ مام ساڵح، دانیشتووی گوندی کانی وەتمانی نزیک خەلیفانە و کوڕەکانی ئەندامی ڕێکخستنە نهێنیەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بوون.

٥ گوندی سرێشمە، دەکەوێتە چوار کیلۆ مەتری ڕۆژئاوای باکوری ناحیەی خەلیفان.

٦ چیای برادۆست، پێگەیەکی بەرفرەوانی هەیە دەکوێتە باکووری خۆرئاوای قەزای سۆران، سنووری ناحیەی خەلیفان و قەزای سۆران و مێرگە سۆر بەیەک دەبەستێتەوە.

٧ لەیلۆک، گوندێکە سەر بە ناحیەی مەزنێی قەزای مێرگە سۆر.

٨ گوندی خەردن، دەکەوێتە نزیک شەقامی نێوان قەزای سۆران_ قەزای مێرگە سۆر، سەر بە قەزای مێرگە سۆرە.

ئەناسێنێ بە ناوی (خۆشەوی) ماڵی لە نزیک گوندی (مەڕان[1]) بووە، دەچنە لای و هاوکاریان دەکات، بە تایبەتی بۆ ڕێگا نیشاندان و ڕێنوێنیکردنیان، لەو ناوچەیە لە دەوربەری چیای (پیران[2]) چەند ڕۆژێک دەمێننەوە تا ڕێگایەک دەدۆزنەوە بۆ گەیشتن بە سنوور، لە هەمان کاتدا هێزێکی زۆری سوپا و جاش لە ناوچەکە بووینە بۆ سوتاندن و وێرانکردنی گوندەکان، لەوێوە کەسێکی دانیشتووی گوندەکانی سەر سنووری باکووری کوردستانیان دەبێتە هاوڕێگایان کە ئەمە بۆ مەفرەزەکە باش بووە بۆ زیاتر شارەزابوونی ڕێگا، (١٩٨٨/١١/٣) دەگەنە گوندی (بێگژنێ[3])ی سەر سنوور، بە ڕۆژ خۆیان لە نزیک گوندەکانی باکووری کوردستان حەشار داوە و بە شەو بە نێو خاکی باکووری کوردستان و نزیک بنکە و پێگەکانی سوپای تورکیادا ڕۆیشتوون تا گەیشتوونەتە سێگۆشەی سنوور[4] (ئێران، ئێراق، تورکیا) لەوێ تووشی سەختییێکی دژوار دەبن، سەرەتای مانگی تشرینی دووەم دەبێت و بەفر دەبارێت، بە هەر شێوەیەک بێت دەگەنە سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوچەی (مەرگەوەڕ[5])، بەر لەوەی بەرەو سێگۆشەی سنوور بە ڕێبکەون چەند پێشمەرگەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەندێکیان بێچەک بوون دەبنە هاوڕێگایان، ئەوانیش ویستوویانە بگەڕێنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە پێشمەرگەکانی زەحمەتکێشان دەڵێن ئێمەش لەگەڵ ئێوە دێین بۆ ڕۆژهەڵات، بەڵام گەر کەوتینە نێو کەمینی هێزەکانی تورکیا، بۆ سەلامەتی گیانمان وا باشترە تەقە نەکەین و یەکسەر خۆمان ڕادەست کەین، ئەوانیش دەڵێن هەرگیز شتی وا ناکەین و ئێمە خۆمان ڕادەست ناکەین و بەرگری دەکەین جا ئاکامەکەی هەر چیەک بێت، مەترسیی ئەوان زیاتر لەوە

---

١ گوندی مەڕان، سەر بە ناحیەی پیرانە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای مێرگە سۆر و بە بناری چیای پیرانە.

٢ چیای پیران، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای مێرگە سۆر.

٣ گوندی بێگژنێ، دەکەوێتە سەر سنووری باکوور و باشووری کوردستان بە دیوی باکووری کوردستان سەر بە شاری گەڤەرە.

٤ سێگۆشەی سنوور، سنووری هەرسێکوڵاتی (تورکیا، ئێران، عێراق) لە سێگۆشەیەک بە یەک دەگەن لە ناوچەی خواکورک، ئەم ناوچەیە شوێنێکی سەختە.

٥ مەرگەوەر، ناوچەیەکە سەر بە پارێزگای ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

بووە هاوڕێیەکی پێشمەرگەیان لەگەڵ بووە بە ناوی (نەبەز ئیسماعیل) کە خەڵکی باکووری کوردستان بوو، گەر لەگەڵ هێزەکانی تورکیا تووشی هەر ڕووبەڕووبوون و کێشەیەک بان، یان لە کاتی کەوتنە نێو کەمینی هێزەکانی تورکیا و ڕزگاریان نەبوایە و ئەم هاوڕێیەیان ژیانی دەکەوتە مەترسی و ڕووبەڕووی زیندانی درێژخایەن، یان مەرگ دەبۆوە، بەخت یاوەریان دەبێت و بێکێشە لە شوێنی مەترسیدار دەربازدەبن و دەگەنە سێگۆشەی سنوور.

کە نزیک دەبنەوە لە سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەسێک دەنێرنە بنکەی سنوور تا ڕێگایان پێبدەن بچنە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بگەنەوە هەڤاڵەکانیان، بەڵام ڕێگایان پێنادەن، بە قاچاغی و بە نهێنی بەرەبەیانی (١٩٨٨/١١/٧) بە دەوربەری گوندی (بێراسپێ)ی سەر سنوور دەچنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پاشان بۆ ئۆردوگای زێوە، کە بارەگا و بنکەکانیان لەوێ بووە.

ئەنفالی بادینان و بڕیاری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

کە شەڕی هەشت ساڵەی عێراق _ئێران لە (١٩٨٨/٨/٨)وەستا، چوار قۆناغی ئەنفال کۆتایی پێهاتبوو، ڕژێم بۆ ئەنجامدانی قۆناغەکانی پێنجەم، شەشەم، حەوتەم و هەشتەم زۆربەی هێزەکانی خۆی لەبەرەکانی شەڕ لەگەڵ ئێران کێشایەوە و لە پرۆسەی هەر چوار قۆناغ بەکاری هێنان و بەشداریانکرد.

چەند ڕۆژێک دوای وەستانی شەڕ، لە بارەگاکانی سەرکردایەتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆڕێکی فرەوان لەسەر بارودۆخی سیاسیی کە تایبەت بوو بە وەستانی شەڕ و هەڵومەرجی داهاتووی بارودۆخەکە، بۆ سەرجەم ئەو کادیر و پێشمەرگانەی کە لە بارەگاکان بوون، ئەنجام درا، (قادر عەزیز) سکرتێری ئەو کاتەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە کۆڕەکە ئاماژەی بەوەداوە: (بەکۆتایهاتنی شەڕی ئێراق – ئێران، ڕژێم زیاتر دەستی بەتاڵ دەبێت و بواری زیاتری بۆ دەڕەخسێت بۆ شەڕکردنی هێزی پێشمەرگە و پەلاماردانی ناوچە ئازادکراوەکان و ئەنجامدانی پیلانە

گڵاوەکانی لەبەرامبەر گەلەکەمان، بەمەش خەبات و تێکۆشانمان سەخت و زەحمەتر دەبێ، بۆیە دەبێت خۆمان بۆ ئەو ڕۆژە و هەموو پێشهاتێک ئامادە بکەین و شێلگیرانەتر بەگژ پیلانەکاندا بچینەوە، لەوانەیە شێوازی خەباتی چەکداریمان گۆڕانی بەسەردابێت و شەڕی پارتیزانی پیادە بکەین).

چەند ڕۆژێک بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفال، هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەچنە سەر بەرزایەکانی ناوچەکە بۆ چاودێریکردنی جموجۆڵی ڕژێم و بارودۆخ و هەر ڕووداو و پێشهاتێک، دوای وەرگرتنی زانیاری لەسەر بارودۆخی ناوچەکە گەڕاونەتەوە بارەگاکانیان و زانیاریان داوە کە ڕژێم هێزێکی زۆری کۆکردۆتەوە و لە ئامادەباشی دایە، دواتر دەرکەوت نزیکەی (٢٠٠ ٠٠٠) دووسەد هەزار سەرباز لە فەیلەقەکانی (١، ٣، ٥، ٦، ٧)و (١٨١) فەوجی سووکی جاشان بەشداریانکردووە لە پرۆسەی ئەنفالی بادینان.

لە هەمان کات لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بروسکەیەک بۆ سەرجەم بارەگاکانی دەنێرێت کە هێزەکانیان بەرەو سنوور بکشێننەوە لەبەر مەترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، چونکە لە ناوچەی بادینان ڕژێم بەکاری هێنابوو، لە ڕۆژانی ٢٣و١٩٨٨/٨/٢٤بە بۆمبای کیمیایی هەندێ شوێن بۆردوومان کرابوون، پێشمەرگە و هاوڵاتی شەهید و بریندار بووبوون.

ڕژێم ئەنفالی ناوچەی بادینانی دەستپێکرد و بە بەرفرەوانی پەلاماری ناوچەکەی دا، لایەنەکان و بەشێک لە دانیشتوانی گوندەکان ناوچەکەیان چۆڵکردو پاشەکشێیان کرد بۆ سنووری ئێران و تورکیا، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان وەکو هەموو ئەو لایەنانەی کە لە بەری گارا بارەگایان هەبوو وەک (پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی) بڕیاری دا بە شێوەیەکی کاتی ناوچەکە جێبهێڵێت و بەرەو چیای شیرین بچن، لەوێ بارەگا و بنکە دابنێن و چاودێری بارودۆخەکە بکەن، ئەوان دوا لایەن بوون کە ناوچەکەیان جێهێشت، بەر لە ڕۆیشتنیان هەوڵدەدەن ژن و منداڵی پێشمەرگەکانیان بنێرنەوە شار، بۆ ئەم مەبەستە تا نزیک دینارتە

دەیانبەن، بەڵام ڕێگاکان گیرابوون.

ڕۆژی ٢٥/٨/ ١٩٨٨ ڕۆژی یەکەمی دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفالی بادینان، بارەگاکان جێدەهێڵن بە نیازی گەیشتن بە چیای (شیرین[١])کە بەرنامەیان بۆ دارشتبوو، سەرجەمی هێزەکەی ئەوێ کە ژن و منداڵی پێشمەرگەشیان لە گەڵدابوو، بە ڕێدەکەون و مەفرەزەیەک بەجێدەمێنێ بۆهەندێ کاری پێویست کە ژمارەیان (١١) پێشمەرگە بوون، بریتی بوون لە: (دڵشاد کۆیی، نەبەز ئیسماعیل، دانا حەوێز، ئاری، سەرەتا، کاروان، ئاکۆ ئاکۆیی، کۆسرەت، سالار، هەرێم و ئومێد) وا بڕیار بووە ئەم مەفرەزەیە کە کارەکانی ئەنجام دان بەڕێبکەون و لە چیای (شیرین) بە هاوڕێکانیان بگەنەوە، ئەرکی ئەم مەفرەزەیەش ئەوە بووە، گەیاندنی هاوڕێیەکیان بە ناوی (هەرێم) بۆ نزیک یەکێ لە گوندەکانی(دینارتە[٢]) بۆ ئەوەی بچێتە هەولێر، کۆمەڵێک ڕاسپاردەی پێ بووە بۆ ڕێکخستنەکانیان، هەروا شاردنەوەی کەلوپەلی بارەگا، ئەو بەرنامەی دایاننابوو هیچی وەکو خۆی جێبەجێ نەکرا، بە هۆی دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفال، سەرجەمی بەرنامەکەیان لێ تێکدەچێت، تەنیا ئەوە نەبێت ئەو (١١) پێشمەرگەی مابوونەوە توانیبویان کەلوپەلەکان بشارنەوە و هەوڵی ئەوەشیان دابوو هاوڕێکەیان بگەیەنە نزیک دینارتە، بەڵام بۆیان نەکرابوو، نەشیانتوانی بگەنەوە بە هێزەکەی خۆیان و لێکدابڕان.

نووسەری ئەم کتێبە یەکێک ئەبێت لەو(١١) پێشمەرگەیە کە لە سەرکردایەتی بە جێدەمێنن و گەمارۆ دەدرێن، لە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بە ناونیشانی (بیرەوەری ڕۆژانی ئەنفال، بەری گارێ و زێبارەتی) لە ژمارە (٢٦) گۆڤاری چیا بڵاوکراوەتەوە، باس لەو ڕۆژانە دەکات کە ئەنفالی بادینان دەستی پێکردووە لەو ناوچەیەی ئەوانی لێبووە، دەقی بیرەوەرییەکە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدایە.

---

[١] چیای شیرین، دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی بارزان چیایێکی سەختە.

[٢] (دینارتە) ئێستا ناحیەیە و دەکەوێتە بناری چیایی مەتین، سەربە قەزای ئامێدیە.

بەرەو سنووری باکووری کوردستان، پاشان بۆ ڕۆژهەڵات

ئامادەکاری دەکەن تا ئەوانیش ناوچەکە جێبهێڵن، ئەو کەلوپەلانەی بارەگا وەک (دەزگای چاپو کتێبخانە و ئەرشیفو بێتەل و چەکو تەقەمەنی) کە نەدەکرا لەگەڵ خۆیان بیانبەن لە دەوربەری بارەگاکانیان شاردونەتەوە، هەر لەو سەروبەندە گوندەکانی (ئێکمالە، ڕدێنیا، شێرانە، ساتێ، ئەسپیندارە و ئاڤۆکێ[1])و چەندین گوندی تری بەرەی (گارا) بە چەکی کیمیایی بۆردوومانەدەکرێن و هەندێ هاوڵاتی بەردەکەون.

بڕیاری بەجێهێشتنی بارەگاکان لە لایەن حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بەم شێوەبوو: (سەرەتا بچنە دەڤەری بارزان و چیای شیرین لەوێوە ئەگەر تواندرا بەرگری بکرێ و وەک پارتیزان هێزەکان بکرێنە چەند مەفەرەزیەک[2]).

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (١٩٨٨/٨/٢٥) بارەگاکانیان جێدەهێڵن و بەڕێدەکەون، سەرجەمی ئەو هێزە بریتی بووە لە (ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرانی بەشی ڕاگەیاندن و ئیدارە و ئۆرگانەکانی تر و هەرێمی پارێزگاری و ژن و منداڵانی پێشمەرگە)، شەو دەگەنە گوندی (شنێ[3])ی سەر زێی بادینان (زێی گەورە) شەو لەسەر زێ دەمێننەوە و چاوەڕێدەکەن تا لە زێ بە (کەلەک[4]) بپەڕنەوە، بەهۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆببوونەوە بۆ پەڕینەوە، دەرفەتی زوو پەڕینەوەیان نابێت، بەرەبەیانی(١٩٨٨/٨/٢٦) دەپەڕنەوە و دەچنە گوندی (بازێ[5]) و بەر لە نیوەڕۆ لە ناکاو بە سەختی تۆپباران بۆ سەر ناوچەکە دەستپێدەکات و لێیان نزیک دەبێتەوە، بە ناچاری ئەوێ جێدەهێڵن و

---

١ ئێکمالە و ڕدێنیاو شێرانە و ساتێو ئەسپیندارە و ئاڤۆکێ، ئەم شەش گوندە دەکەونە بەری چیای (گارا)، لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەنفالی بادینان (قۆناغی هەشت) بە فڕۆکە کیمیاباران کران.

٢ مەریوان سابیر، بەرەو سنوور/ گۆڤاری چیا ژمارە (٢٦) ل ٢٠-٣٥.

٣ گوندی شنێ، سەر بە ناوچەی زێباریایە و دەکەوێتە سەر زێی بادینان(زێی گەورە).

٤ کەلەک، ئامێرێکی سادەیە بەکار دێت بۆ پەڕینەوە لە ڕووبار و زێ، چەند تەختە دارێکیان بەسەر چوپێک، یان دوو چوپی ئۆتۆمبێل دەبەسترێووەک بەلەم بە کار دەهێنرێ.

٥ گوندی بازێ، دەکەوێتە ناوچەی بارزان و لەسەر زێی بادینان(زێی گەورە)یە.

بەرەو بناری چیای (شیرین) هەڵدەکشێن، دەبن بە بەشێک لەو خەڵکە زۆرە و پێشمەرگانەی کە بەر لەوان دەرباز ببوون و بە ڕێگاوە بوون بۆ سەر چیای شیرین و بگەنە سنوور، کە دەگەنە سەر چیا لەوێ کۆبوونەوەیەک دەکەن، چونکە بارودۆخەکە دەشڵەژێ و هەواڵی ناخۆشیان پێدەگا سەبارەت بە هێرش و پێشڕەویەکانی سوپا و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، کۆبوونەوەکە بۆ ئەو مەبەستەبووە (ئایا لە چیای شیرین بمێننەوە وەک پارتیزان، کە پێشووتر بڕیار و نیازیان وابوو، یان وەکو حزبەکانی تر و خەڵکەکە بەرەو سنوور پاشەکشە بکەن)، بارودۆخەکە ئەوەندە دژوار دەبێت دەرفەتی هیچ ڕێگایەک لەبەر دەمیان نامێنێ جگە لە چوونیان بۆ سنوور، بڕیار ئەدەن بەرەو سنوور بچن، هەروا کۆمەڵێک ژن و منداڵیشیان لە گەڵ بووە، هەر دەبوا ئەم بڕیارە بدەن، بە ڕێگای سەخت و هەڵدێر ئەو دیوی چیا دەبن و دەگەنە گوندی (داویتکە[1])، خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆبۆتەوە و تا ڕادەیەک ناوچەکە ئارام بووە، لەوێ کۆبوونەوەیەک لە نێوانی (پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) ئەنجامدەدرێت، بۆ ئەوەی بەرنامەیەک دابنێن بۆ بەردەوامیدان بە ڕۆیشتن بۆ سنووری ئێران، بەرنامەیان وا داناوە کە بچنە گوندی (سێلکێ[2]) لەوێشەوە بۆ گوندی (کانی بۆت[3])و گوندی زێتێ و پاشان خواکورک)، کەچی هێشتان بە ڕێنەکەوتبوون هەواڵیان پێدەگا کە ڕێگاکە گیراوە و سوپاو جاش تا بەرزایەکانی پشتی گوند هاتوون، ئەوەندەی پێناچێت دەنگی تەقە و دەستڕێژی تفەنگ دێت و بڕیارەکە دەگۆڕن و دەیانەوێت بە قەراغ ڕووباری (ڕووشین[4]) بەرەو گوندی (سپیندارە)[5]ی ناوچەی (مزووری باڵا) جووڵە بکەن، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، (٨) ژنیان لە گەڵدابوون کە بەشێکیان پێشمەرگە و هاوسەری

[1] گوندی داویتکە، سەر بە ناحیەی شێروان مەزن قەزای مێرگە سۆر.

[2] گوندی سێلکێ، سەر بە ناحیەی شێروان مەزن قەزای مێرگە سۆر.

[3] گوندی کانی بۆت، سەر بە ناحیەی شێروان مەزن قەزای مێرگە سۆر.

[4] ڕووباری ڕووشین، سەرچاوەکەی لە ناوچە سنووریەکانی باشوور و باکووری کوردستانە و بە نێو گەلی باڵندە دێت لە نزیک ناحیەی شیلادزە تێکەڵی زێی بادینان (زێی گەرە) دەبێت.

[5] گوندی سپیندارە، دەکەوێتە ناوچەی مزووری باڵا سەر بە ناحیەی شێروان مەزن قەزای مێرگە سۆر..

پێشمەرگەکانیان بوون، دوویان دووگیان بوون، دوو منداڵی ساوای شیرە خۆرەشیان پێبووە، پێشمەرگەکانی حزبی شیوعیش بە هەمان ڕێژە ژنیان لەگەڵدا بوون، بەڵام ئەوەی کێشە بووە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە زۆربەیان خێزاندار بوون، بوونی ژن و منداڵ لەگەڵ سەرجەمی ئەم هێزە کێشەی گەورەی دروستکردووە، لە ڕێکردن و خۆ شاردنەوە (حەشاردان) و دابینکردنی خواردەمەنی. لە ئێوارەی ١٩٨٨/٨/٢٧ کاتی خۆر ئاوابوون بە ڕێدەکەون بەرەو گوندی (سپیندارە) و مەفرەزەیەکی هاوبەش لە هەرسێک لایەن (پارتی و شیوعی و زەحمەتکێشان) پێکدەهێنن و لە پێشی هێزەکە دەڕۆن بۆ دڵنیا بوون لە سەلامەتی ڕێگا، پێشمەرگەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بریتی بوون لە (نایف ڕەحمان، هۆشمەند سورچی، هێمن سیاویی، شەماڵ دهێماتی و سوورە) مەودایەک لە پێشەوەی هێزەکە دەڕۆن تا بەرەبەیان لە نزیک گوندی (هیران[1]) لە کاتی سەرکەوتنیان بۆ بەرزایەکانی گوندی (سپیندارە) گوێبیستی تەقە دەبن، ئەوجا دەزانن کە هێزێکی گەورەی سوپاو جاش لە قۆڵی (مێرگە سۆر[2]) هاتوون و سەرجەم ڕێگا و شوێنە ستراتیژیەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری (ڕووشین)یان گرتووە و کەس ناتوانێ بەو ڕێگایەدا بڕوات، ئەمە بۆ هێزەکە زۆر خراپ بووە، چونکە ئەو ڕێگایەی گرتبوویانە بەر نزیکترین ڕێگا بووە بۆ گەیشتن بە سنووری تورکیا، ئەوان ئیتر نەیاندەتوانی بەرەو سنووری ئێران بڕۆن و هیچ ئومێدێکیان بەوێ نەمابوو، تەنیا هیواییێک هەیانبووە بۆ دەربازبوون گەیشتن بووە بە سنووری تورکیا، ئەمەش دەبوایە بە هەر جۆر و نرخێک بوایە هەوڵی بۆ بدەن، بەیانی ڕۆژی (١٩٨٨/٨/٢٨) کۆبوونەوەیەکی بە پەلە ئەنجام ئەدەن بۆ دانانی ڕێوشوێنک بۆ دەربازبوون لەو گەمارۆیە، لە (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان قادر عەزیز و بەڵێن عەبدوڵڵا، لە پارتی دیموکراتی

---

١ گوندی هیران، دەکەوێتە ناوچەی مزووری باڵا سەر بە ناحیەی شێروان مەزن قەزای مێرگە سۆر.

٢ مێرگە سۆر، یەکێک لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر لە ٥ ناحیە (بلێ، گۆڕەتوو، مەزنێ، پیران و شێروان مەزن)و ٦٧ گوند پێکدێت. قەزاکە دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاوی کە چیای بەناوبانگی وەک شیرین، پیران، قەلەندەر و برادۆستی هەیە. سێ ڕووبار، زێی سەروو، چامە و باڵندە هەیە، لە ساڵی ٢٠١٠دا، ژمارەی دانیشتووانی ئەم قەزایە ٥٢٨٦٥ کەس بووە.

کوردستان رەزا مەحمود ئاغا، لە حزبی شیوعی عێراق مام خدر روسی و ئەبو دڵشاد)، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار دراوە بەرەو گوندی (سینا[1]) بڕۆن و بە (داڤەڕست[2]) لە ڕووباری (ڕووشین) بپەڕنەوە بۆ ئەوبەری ڕووبار و لەوێش تاکە ڕێگایەک هەیە بۆ گوندی (سۆریا[3]) کە سوپا پێی نەگەیشتووە، لەوێشەوە بۆ گوندی (خانکێ[4]) و گوندی (بیارێ[5]) و دواتر گوندی (نێر وێ[6]) ی ڕێکانیان و سنووری باکووری کوردستان.

دەگەنە گوندی (سینا) و لەبەر کۆبوونەوەی خەڵکێکی زۆر لەوێ، لە بەیانی (١٩٨٨/٨/٢٨) تا ئێوارە خەریکی پەڕینەوە دەبن بە داڤەڕست، (مەریوان سابیر) ئەوکات کادیری بەشی ڕاگەیاندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بووە و یەکێک بووە لە بەشداربووانی ئەم هێزە، لە یادەوەرییەکانی خۆیدا بە ناونیشانی (بەرەو سنوور) لە گۆڤاری (چیا) ژمارە (٢٦) بڵاوکراوەتەوە، دەقەکەی لە بەشی پاشکۆی ئەم کتێبە دایە، دەڵێت: (شەو و ڕۆژێک بەردەوام خەڵکەکە بێ پسانەوە بە ڕێگاوە بوون بێ ئەوەی پاروە نانێک بخۆن یان پشوێک بدەن، ئەوەی لەو ڕێگایەوە بینیمان تەنیا وەک دووبارە بوونەوەی مێژوو لە کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ بیندرا، چەندین کەس لە ڕێ ڕۆیشتن خەوی لێدەکەوت و یان دایک منداڵەکەی جێدەهێشت، چەندین ژن لەو ڕێگایەدا منداڵی بوو، وای لێهاتبوو لە ماندوێتی و لە برسان تاقەتی ڕۆیشتنی نەمابوو). دوای ئەوە دەپەڕنەوە ئەوبەر هەر کەسە و ناو دەوەنێک، یان بن دار و بەردێک دەکاتە شوێنی پشوودانی، تا شەو دەبوایە خۆیان بشارنەوە بۆ ئەوەی هەست بە جووڵەیان نەکرێت، چونکە لە بەری ڕۆژهەڵات و باکوور و خۆرئاوایان سوپا و جاش گرتبووی، ئەوەی لەبەردەمیشان مابوو

---

١ گوندی سینا، سەر بە ناحیەی شێروان مەزنە.

٢ داڤەڕست، لە شێوەی سندۆقە لە دار دروست دەکرێت و بە سیمێکی قایم شۆڕ دەبێتەوە و لەم بەری ڕووبار بۆ ئەو بەری ڕووبار سیمەکە قایم دەکرێت و بۆ پەڕینەوە بەکار دەهێت، لە شێوەی (تەلەفێک)ە.

٣ گوندی سۆریا، سەربە قەزای ئامێدیە.

٤ گوندی خانکێ، سەربە قەزای ئامێدیە، نزیک سنووری باکووری کوردستانە.

٥ گوندی بیارێ، سەربە قەزای ئامێدیە، نزیک سنووری باکووری کوردستانە.

٦ گوندی نێر وێ، سەربە قەزای ئامێدیە، نزیک سنووری باکووری کوردستانە.

بۆ دەربازبوون ڕێگای گوندی (سۆریا) بووە و ماوەی نیو کاتژمێر زیاتر لێیانەوە دوور بووە، ڕێگایەکەش هەورازێکی ڕک بووە، دوای نیوەڕۆ بە هەر شێوەیەک بووبێ (حزبی زەحمەتکێشان) مەفرەزەیەک سەردەخات بۆ نێو گوندی (سۆریا)، مەفرەزەکە بریتی دەبێت لە (دکتۆر سەردار، مامۆستا دارا، مامۆستا سەمەد، هێمن سیاویی، ڕابەر، هونەر، شەماڵ دهێماتی، هۆشمەند سورچی و چەند پێشمەرگەیەکی تر) بۆ ئەو مەبەستە چوبوون تادڵنیا بن لە ڕێگایەکە و لە ڕووی ئاسایش بیپارێزن لە هەمانکاتیشدا گەر توانیان خواردنێک بۆ هەڤاڵەکانیان ئامادە بکەن، کە دەگەن گوندەکە چۆڵ بووە و کەسی تیا نەبووە، کاتەکەش بەرەو ئێوارە چووە، پێیان وابووە کە تا ئێستا سوپا نەهاتووەتە ئەو شوێنە و لەمەودواش بەم ئێوارەیە نایێت، دەست دەکەن بە ئامادەکردنی خواردن و هەویر شێلان و نانکردن، لە پڕێکدا سوپا و جاش دەگەنە ناو گوندو هەر ئەوەندەیان پێدەکرێت چەند دەستڕێژییێک بکەن و بەرەو لای هەڤاڵەکانیان بکشێنەوە، کە لە خوارەوە دەنگی تەقە دەبیسترێت پێشمەرگەکانی (زەحمەتکێشان و شیوعی) بەرەو ڕووی شەڕەکە و گوندی (سۆریا) سەردەکەون و لە نزیک گوند دەگەنە ئەو مەفرەزەیەی لە ناو گوندا توشی شەڕ هاتبوون، لەوێ یەکتر دەگرنەوە و بڕیار دەدەن بە هەر شێوەیەک بێت، دەبێت گوند بگرنەوە، چونکە تاکە ڕێگای دەربازبوون بەو گوندەدا بووە و چارەنووسی خەڵکەکە بەند بووە بەوێوە، لە هەردووک لا ژمارەیەک پێشمەرگە نزیکەی (١٠٠) پێشمەرگە بەشداری هێرش بردنە سەر گوند دەکەن و دەتوانن گوندەکە لە کاتژمێر (یەکی شەو) لە دەست سوپا و جاشوەرگرنەوە و لە هەمان کاتیشدا تۆپبارانی ناوچەکە دەست پێدەکات، لەم هێرشە پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی ڕۆڵیان هەبووە، زیانەکانی سوپا و جاش کوژرانی (٣) کەس بووە و سێ چەکو دوو دەزگای بێتەلیش کەوتوونەتە دەست پێشمەرگە، (٣) پێشمەرگەش بریندار بوون، پێشمەرگەکان هەواڵی وەرگرتنەوەی گوند و کردنەوەی ڕێگا بە خەڵکەکەی سەر ڕووبار دەگەیەنن کە بێن و سەرکەون و بەردەوامی بدەن بە ڕۆیشتن تا دەرباز دەبن بەرەو سنوور، بەشێکی خەڵکەکە دێت

و بەشێکی تریان نایێن، هێزەکەی پارتیش بە هۆی دژواری بارودۆخەکە لە هێزەکەی (شیوعی و زەحمەتکێشان) دادەبڕێ، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە ئامادە دەکرێت و کەسێکی شارەزای ناوچەکەش لە گەڵیاندا دەبێت، بە پێش هێزەکە و خەڵک دەکەون بە ڕێگایەکی سەختدا دەڕۆن و چەندین جار ڕێگا ون دەکەن بە هەر جۆرێک بێت بەیانی ڕۆژی (١٩٨٨/٨/٢٩) ئەو شوێنەی کە زۆر مەترسی لێ هەبووە لێی دەرباز دەبن، شەو کچێکی (٥-٦) ساڵان بە ناوی (فەیرۆز[١])لە دایک و باوکی دادەبڕێ و بە جێدەمێنێ، پێشمەرگەیەکی (حزبی شیوعی) بە ناوی (بۆتان) پێی دەگات و لەسەر کۆڵی خۆی دادەنێت و دەربازی دەکات، دوای چەند ڕۆژێک لە سەر سنوور بە دایک و باوکی شاد دەبێتەوە، (نایف ڕەحمان) کادیر و پێشمەرگەی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) شەو لە گوندی(سۆریا) لە هێزەکەی دادەبڕێت و بە چەندین ڕۆژ و سەختییێکی زۆرەوە توانیویەتی بگاتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێ لەگەڵ هاوڕێیەکانی یەکبگرێتەوە.

ڕۆژ دادێت و چیتر ناتوانن ڕێبکەن لە بەر شەکەتی و ماندوبوون، هەروا هەموو هێزەکەش نەهاتبوو دەبوایە چاوەڕوانیان بکەن و نەشدەکرا بە ڕۆژ ڕێبکەن لە بەر ئاشکرا بوونیان، هەر لەوێ لە قەدی بەرزایەکی پڕ دار ودرەخت و تاوێرە بەرد خۆیان حەشار دەدەن و لە دەوربەری خۆشیان ئێشکگری دادەنێن و هێزەکەی تریشیان پێدەگاتەوە. دەبوایە تا شەو چاوەڕێبکەن و ئینجا بەرەو گوندی (بیارێ) بەڕێبکەون، کاتێ (بەڵێن عەبدوللا لە زەحمەتکێشان و مام خدر روسی لە شیوعی) بۆ پشکنین و چاودێریکردنی ناوچەکە بەسەر بەرزایەکە دەکەون، بۆیان دەردەکەوێت ئەو شوێنەی ئەوان خۆیان تیا حەشار داوە ڕێگای لێیە و بە ئاسانی سوپاو جاش دەگاتە لایان، بەڵام ئەم زانیاریە بڵاو ناکەنەوە و دوایی نیوەڕۆ پەلە لە هێزەکە و خەڵکەکە دەکەن کە شوێنەکەیان جێبهێڵن و بە هێمنی و لەسەر خۆ بەرەو گوندی (بیارێ) شۆڕببنەوە، چونکە سوپاو جاش دەیانزانی هێزێک لەو ناوچەیە هەیە، پێشمەرگەش لە ڕێی ئەو بێتەلانەی گرتبوویان هەندێ زانیاریان

١ خدر ڕوسی/ کار وانێک بە ناو دووکەڵدا، ٢٠٢١ ل٢٦.

لەسەر دوژمن دەستکەوتبوو، لەگەڵ جووڵەیان سوپا هەستیان پێ دەکات و تەقیان لێدەکات، بەڵام ئەوان بەردەوام دەبن لە ڕێکردن و لە عەسردا دەگەنە گوندی (بیارێ) و دەستدەکەن بە ئامادەکردنی خواردن، لەو گوندە هەموو شتێک هەبووە، تۆپبارانیش بەردەوام بووە، بە پەلە خواردنێک دەخۆن و بەرەو گوندی (نێروێ)ی ڕێکان بەڕێدەکەون، لە ڕێگادا بەر لە خۆر ئاوابوون لەوبەری ڕووبار لەلایەن سوپاو جاشەوە دەدرێنە بەر دەستڕێژی چەکی بیکەیسی، ئەوان دەکەونە نێوانی هێزێکی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە لایەک و لە لایەکەی تریش سوپا و جاش، ئەو هێزەی (پارتی) کە مەودای نێوانیان ئەوەندە زۆر نەبووە، وەڵامی تەقەکانی سوپا و جاش دەدەنەوە و ئاراستەی تەقەی سوپا و جاش بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، مەترسی ئەوەیان دەبێت نەوەک هێزەکەی (پارتی)ش تەقیان لێبکات و وابزانن سوپا و جاشن، بەڵام لەبەر بوونی ژن و منداڵ لەگەڵیان بەلای هێزەکەی (پارتی) هەر زوو دەزانرێ کە پێشمەرگە و خەڵکن، ماوەی تەقە لێکردنیان و دووبارە ڕێکردنەکە نیو کاتژمێری خایاندووە، لە ڕێکردن بەردەوام دەبن تا دەگەنە گوندی (نێروێ)ی نزیک سنوور و تێکەڵی ئەو خەڵکە زۆرە دەبن کە لە ناوچەکانی بادینان هاتبوون و لە چەمی ئەم گوندە کۆببوونەوە و چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە تورکیا ڕێگایان پێبدات ئاودیوی سنوور ببن، لەوێ بارودۆخیان زۆر خراپ دەبێت، خواردن و پێخەویان دەست ناکەوێت و پارەشیان پێنەبووە تا هەندێ پێداویستی پێ دابین بکەن و وەرزیش بەرەو پایز چووە، ناوچەکەش سارد بووە بەتایبەتی لە شەواندا، سەرەڕای ئەوەی مەترسیی ئەوەشیان هەبووە کە سوپاو جاش هێرشیان بۆ بێنێ، سوپای تورکیاش نەیانهێشتووە خەڵکی گوندەکانی سەر سنووری باکوور هاوکاریان بکەن. ڕۆژی (١٩٨٨/٨/٣٠) بەشێک لە پێشمەرگەکانیان لەگەڵ هێزێکی (حزبی شیوعی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بە درێژایی سنوور بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێدەکەون و بە نێو چەند گوندێکی سەر سنوور بە دیوی باکووری کوردستان ڕەت دەبن و بە هیلاک و ماندووبوونێکی زۆر تا دەگەنە سێگۆشەی سنوور و

دەچنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوچەی شنۆ، لەوێشەوە لەگەڵ هێزێکی حزبی شیوعی بەرەوقەندیل دەچن و لە نیوەی مانگی ئەیلوول دەگەنە هەوارگەی (گوێزێ[1])ی سەر سنووری ڕۆژهەڵات و باشوور.

ئەوانەی لە گوندی (نێرەوە) مابوونەوە لەگەڵ کۆی خەڵک لە چاوەڕوانی دابوون سوپای تورکیا ڕێگایان پێبدات دەربازی باکووری کوردستان بن، لە لایەک سوپی تورکیا لەو ناوچەیە بە درێژای سنوور هێزی دانابوو بۆ ڕێگریکردن لە پەڕینەوەی خەڵک، لە لایەکەی تر بەرەبەرە سوپا و جاش ناوچەکەیان گەمارۆ ئەداو لێیان نزیک دەبوونەوە، ئەمە گەورەترین مەترسی بووە بۆیان و کەوتبوونە نێوان دوو سوپای داگیرکەر، ئێوارە هەواڵێک لە نێو خەڵک بڵاو دەبێتەوە کە ڕژێم بە نیازی پەلاماردانە، لەوەش دەترسان نەوەک چەکی کیمیاویش بەکار بهێنرێت، پەشێویەک دەکەوێتە نێو خەڵکەکەو دەشڵەژێن و جولەیان تێدەکەوێ و لە ناکاو شاڵاوی خەڵک لە پشتەوە بەرەو سنوور دێت و هاوار دەکەن هات، ئیتر خەڵکەکە بە لێشاو بەرەو سنوور ڕادەکەن و هێزە پاسەوانیەکانی تورکیا کە شاڵاوی خەڵک بەم جۆرە دەبینن پاشەکشە دەکەن و خەڵکەکەش بە یەکجاری بۆ ئەو دیوی سنوور دەرباز دەبن، خەڵکی گوندەکانی ئەوێ بە گوێرەی توانا یارمەتیان داون، بەڵام بەشی ئەم هەموو خەڵکەی نەدەکرد و تورکیاش نە یارمەتی داون و نە ڕێگاشی بە دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەر داوە تا هاوکاریان پێبگەیەنن.

چەند ڕۆژێک لەوێ دەمێننەوە، بەڵام بار ودۆخ بە گشتی خراب بووە بۆ خەڵکو بە تایبەتیش بۆ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە سکرتێری ئەم حزبە لە لایەن هێزەکانی تورکیا دەستبەسەر بکرێت، ئەمەش هەمووی لەبەر هەڵوێستە نیشتیمانی و نەتەوایەتی و چینایەتییەکەی بووە، لە بەیاننامە و ئەدەبیاتی خۆیدا بە ڕاشکاوی تورکیای بە داگیرکەر و چەوسێنەر داناوە، بۆ نموونە لە ژمارەکانی (٣و٥و٩)ی (ئاڵای ئازادی)دا

[1] گوێزێ، هەوارگەی (گوێزێ) هەوارگەیەکی کوێستانیە و هەوارگەی ئاژەڵدارانە و پڕ لە کانیاوو دار ودرختە، دەکەوێتە ئەو دیوی قەندیل لە سەر سنوورە لە نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانە بە دیوی باشووری کودستاندایە، لە دوای ئەنفالەکان زۆربەی لایەنەکان بارەگایان لەوێ داناوە.

چەند وتارێک بڵاوبوونەتەوە لە سەر دەستدرێژی و تاوانەکانی تورکیا لە هەمبەر خەڵکی کوردستان، لە ژمارە (٥ی ئەیلولی١٩٨٦لە لاپەڕە٣) وتارێک بە ناونیشانی(تورکیا..جاری دیکەش تاوانکاری) بڵاو بۆتەوە، لە بڕگەیەکداوا هاتووە: (ڕژێمی عەسکەری فاشی تورکیا جگە لەوەی کە بە ئاگر و ئاسن حوکمی گەورەترین پارچەی کوردستان دەکاو هەموو مافێکی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی نزیکەی ١٠ملیۆن کوردی خستۆتە ژێر پێ و نکۆلی لە بوونی خۆیان و خاکەکەیان دەکات. بەو پەڕی فاشیستیانەش سەرکوتی هەموو دەنگێکی نارەزایی دەکات و لە هەمان کاتیشدا هەترەشی لە جووڵانەوەی گەلی کورد چووە و ئامادەیە هەموو توانای بخاتە کار و گشت تاوانێکیش ئەنجام بدا و هەموو یاسا و دەستورێکی نێو دەوڵەتان و مرۆڤایەتی پێشێل بکات و هاریکاری لەگەڵ هەموو ئەو دەوڵەتانەدا بکات کە بەشێک لە کوردستانیان خراوەتە سەر، هەر بۆ ئەوەی نەهێڵێ گەلێکی ستەمدیدەی وەک گەلی کورد، لە پارچەکانی کوردستاندا داوای مافی خۆی بکات). لە لایەکی تر چەند تێکۆشەرێکی باکووری کوردستان کە پێشووتر (گەریلا) بووینە لە ڕیزەکانی (pkk)، پاشان هاتوونەتە لای حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، تورکەکان زانیاریان هەبووە لە ڕێی خەڵکانێک کە کاریان بۆ (میت[1])ی تورکیا کردووە لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، لە کاتی پەنا بردنی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە بۆ ناو سنووری تورکیا، کاری ئەم کەسانە ئەوە بووە بە دەموچاوی دەمامکدراو بەگەڵ پیاوانی میت کەوتوون بۆ دەستنیشانکردنی ئەو تێکۆشەرانەی باکووری کوردستان، کە لەگەڵ خەڵک و پێشمەرگە بە ناچاری پەنایان بۆ ئەوێ بردبوو تا دوای بۆیان ڕێکدەکەوێت بچنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو کات تەنیا یەکێک لەو تێکۆشەرانە لە ڕیزەکانی حزبی زەحمەتکێشاندا مابوو، بۆیە چەند جارێک دەچنە نێو پێشمەرگەکانی ئەم حزبە و بە دوای ئەو تێکۆشەرەی باکووردا دەگەڕێن تا دەستگیری بکەن، بەڵام ئەو کەسە لە گەڵیان نەبووە، لەگەڵ ئەو مەفرەزە(١١) پێشمەرگەیە بووە کە لە دەوربەری بارەگاکانی سەرکردایەتی

[1] میت، ڕێکخراوی هەواڵگری نیشتمانی تورکیا (MIT)، دەزگایەکی هەواڵگری حکومەتی تورکیایە لە ساڵی ١٩٦٥دامەزراوە.

لە ناوچەی زێباری و بەری گارا مابوونەوە، دوا جار بە هەوڵی هاوڕێکانییان و نارەزایەتی بە کۆمەڵی خەڵکی پەنابەری ئەوێ تورکەکان سکرتێری ئەم حزبە ئازاد دەکەن، هەروا داوا دەکەن ڕێگایان پێبدرێت، یا خود بیانگوازنەوە بۆ سەر سنووری ئێران و تا لەوێ بچنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاش مانەوەیان بۆ چەند ڕۆژێک ئینجا دەیانگوازنەوە بۆ سەر سنووری ئێران و لە ناوچەی مەرگەوەڕی سەر بە پارێزگای ورمێ دەچنە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئۆردوگای زێوە نیشتەجێ دەبن.

ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ پێشمەرگەکانی (پارتی و شیوعی و یەکێتی) بەرەو سنووری ئێران ڕۆیشتبوون، شەو لە گوندی (ڕندێلا[1]) دەمێنەوە و بەیانی ڕۆژی (١٩٨٨/٨/٣١) بەڕێدەکەون و ئێوارە دەگەنە گوندی (چەمیتوو[2]) ئەم گوندە لە سەر سنووری ئێراق و تورکیایە و هێڵی سنووری دەسکرد کردوویە بە دوو بەش، ئاسۆ حەسەن کە بەرپرسی ئەو پێشمەرگانە بووە کە بەرەو سنووری ئێران ڕۆیشتوون دەڵێت: (ئەوەی کە لەوێ سەرنجی ڕاکێشام هەموو ماڵەکانی بەشی باکوور ئاڵای تورکیایان لەسەر خانووەکانیان بەرز کردبۆوە نەخۆ سوپای ئێراق بگاتە ئەوێ و دەستدرێژیان بکاتە سەر، بەشی باشووریشی هەموو خەڵکەکە کۆچیان کردبوو، تەنها پێشمەرگەی لێبوو. لەوێ هەموو حزبەکانی دی یەکتریان گرتەوە. پارتی، یەکێتی، شیوعی، زەحمەتکێشان، سۆسیالیست، حزبە ئیسلامیەکان..تد[3]) پاش چەند ڕۆژێک دەگەنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێشەوە لەگەڵ پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی دەچنە قەندیل و لە دۆڵی گویزێ دەگیرسێنەوە.

هەڵسەنگاندنێک بۆ بارودۆخی سیاسیی کوردستان دوای ئەنفالەکان

[1] گوندی رندێلا، سەربە قەزای ئامێدیە، نزیک سنووری باکووری کوردستانە.

[2] گوندی چەمیتوو، سەربە قەزای ئامێدیە، دەکەوێتە سەر سنووری باشوور و باکووری کوردستان هێڵی سووری سنووری دەستکرد کردوویەتیە بە دوو بەش.

[3] ئاسۆ حەسەن، لە دووڕیانی مەرگو ژیاندا، چاپخانەی دەزگای ئاراس/ چاپی یەکەم ٢٠٠٧، ل١١٠.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دوای ئەنفالەکان و گیرسانەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە جۆرێک لە جۆرەکان فشاری دەوڵەتی ئێرانی لەسەر بووە، هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ ئێران نەبووە و وەک حزب مامەڵەی لەگەڵ نەکردوون و وەک پەنابەر سەیری کردوون، چەندین جار داوای لێکردوون پێشمەرگەکانی بەتایبەت (سەڵتەکان) ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێبهێڵن، ئێران هیچ کارئاسانییێک بۆ ئەم حزبە ناکات، بەڵکو ئاگاداریان دەکاتەوە نابێت هیچ چالاکیەکی سیاسی بکات و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە دەربکات، ئەو نامیلکە و بڵاوکراوانەی لەوێ ناوەناوە بڵاویان دەکردنەوە، بە شێوەیەکی سنووردار، یان ناونیشانی ئەم حزبەی بەسەرەوە نەبووە.

لە نێوان هەندێ حزب و کەسایەتی سیاسی جولە و بزاڤێک هەبوو بۆ پێکهێنانی حزبێکی کرێکاری کوردستانی، چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینار ئەنجامدران وتار و نامیلکە سەبارەت بەم بابەتە بڵاوکرانەوە، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە نێو ئەم بزاڤەدا، سێ نامیلکەی سەبارەت بەم بابەتە بڵاوکردنەوە، بە ناونیشانی(لە چ ڕوانگەیەکەوە داوای پێکهێنانی پارتی پێشڕەوی کرێکارانی کوردستان دەکەین، بۆ نابێ کرێکارانی کوردستان حزبی خۆیان هەبێ؟، شێواندن لە بەرژەوەندی کێ دایە؟) بەڵام کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینارەکان بەرهەمێکی ئەوەتۆی نەبوو، ئەوەی هەوڵیان بۆ ئەدا کە سەرجەم لایەن و کەسایەتیە چەپەکان لە حزبێکی کرێکاری کوردستانی یەکبگرن، تەنیا ئەوە نەبێت لە نێوان حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و ئاڵای شۆڕش کۆنفرانس لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠لێژنەیەکی سەرکردایەتی هاوبەش پێکدەهێنن وەک سەرەتایەک بۆ یەکگرتن، لە دوای ڕاپەڕین لە ١٩٩١/٦/٣ ئاڵای شۆڕش کۆنفرانس بە فەرمی لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان یەکدەگرن.

حزبی زەحمەتکێشان لە دوای ئەنفالەکان هەڵسەنگاندنێک دەکات بۆ بارۆدۆخی سیاسیی کوردستان و ئەو نسکۆیەی لە ئەنفالەکان بەسەر شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستاندا هات، هەڵسەنگاندنەکە لە نامیلکەیەکدا بە ناونیشانی (نسکۆ و سەرەتایەکی هەڵسەنگاندن، هۆیەکان_ ئەنجامەکان_

ڕێگای چارەسەرکردنی[1]) بڵاودەکاتەوە، لێرەدا ئاماژە بە پەرەگرافێکی ئەم نامیلکەیە دەکەین: (چارەنووسی خەباتی ئایندەشمان لەبەر ڕۆشنایی دەرککردن بە هۆیە بابەتی و خودییەکانی کە ئەم ئەنجامە تراژیدییەیان لێ وە ئاکام هات دیاری دەکرێ. ئەمە بە سەر هەموماندا دەسەپێنێ. کە ئەم ئەزموونە دیراسە بکرێ و بیرێکی ڕەخنەگرانەی بابەتی و شۆڕشگێڕانە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. تا ئەم نسکۆیە ببێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ خەباتی ئایندەمان نەک ئاستەنگێک لە بەردەم بزاڤی شۆڕشگێڕی و جووڵە و توانای دەستپێشخەرانەی پەک بخات. بە بێ گوێدان بە نیاز و پاساوەکان.

بێگومان هەر بەردەوام بوونێکی ئەو بارودۆخە وەک هەیە، خزمەت بە ڕژێمی فاشی و شۆڤینی دەکات.

تا ئێستا بیروڕای جیاواز هەیە دەربارەی ئەوەی کە پێویستە لە مەڕ ڕووداوە خوێناوییەکاندا بگوترێ.

هەندێک پێیان وایە هەرەس و نسکۆیەکە لە نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ی شۆڕشی ئەیلول گەورەترە و ئەمانە هەست و نەستی ڕەشبینی و ڕووخانیش بڵاو دەکەنەوە.

هەندێکی دیکە بە مەبەستی خۆدۆزینەوە لە لێپرسراویەتیی مێژوویی ..هەوڵ دەدەن خۆ لەم بارودۆخە گێل بکەن وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ.

لایەنی سێیەمیش وا دەبینێ . کە نسکۆیەکی گەورەیە و پێویستە دیراسە بکرێ و هەڵبسەنگێنرێ و بە نیازی دەربازبوون تیایدا چارەسەری بە کردەوە و دەستوبردی بۆ دیار بکرێ، ئەم ڕایەی دوایش، ڕای زۆربەی بنکەی حزبەکان و جەماوەرە.

ئێمە وەک پەلێکی شۆڕشگێڕی کوردستانی، کە هاوشان لەگەڵ پەلە کوردستانی و عێراقییەکان لە گۆڕەپانی خەباتدا بووین و لە کاتی ڕووداوەکانی ئەم دواییەشدا هەر لەنێو جەرگەی ڕووداوەکانی کوردستاندا بووین. لەم سەنگەرەوە هەرگیز ناتوانین لەگەڵ بیر و بۆچوونی لایەنی یەکەم و دووەمدا ڕێک بکەوین، بەڵکو بیروڕامان لەگەڵ لایەنی سێیەم دایە.

[1] سەرجەمی نامیلکەکە لە پاشکۆیی ئەم کتێبە دایە

پێمان وایە ئەوەی ڕوویدا نسکۆیەکی پێشمەرگەییە و لە ئەنجامی زۆر هۆی دەرەکی و نێوەخۆیی، هەروەها هەندێ هۆی خودی پابەند بە هەڵەی سیاسیی کوشندەوە، کە هەندێ لایەنی کوردستانی تێی کەوتن وە ئاکام هات[1].

مەفرەزەی پارتیزانی

پاش ئەنفالەکان کە سەرجەم حزبەکان بەرەو سنووری ئێران، یان ئەو دیو سنوور بوون، بە هۆی ئەو بارووداوخەوە پەرتەوازەیی لە ڕیزەکانیان دروست دەبێت، بەڵام ئەوەندەی پێناچێت بە گوێرەی توانا هەوڵی خۆڕێکخستنەوە دەدەن و خۆیان بۆ قۆناغێکی تر ئامادە دەکەن، لەوێ بنکە و بارەگاکانیان دادەنێن و بە جۆرێک خۆیان ڕێکخستەوە و هەندێک لە حزبەکان مەفرەزەی تایبەتیان پێکهێنا و بەرەو ناوچەکانی باشووری کوردستانیان ناردن، بە (مەفرەزەی پارتیزانی پاش ئەنفال[2])ەکان ناسران، دەبوایە ئەم مەفرەزانە بە شێوەیەکی نهێنی و زۆر بە ئاگایانە هەڵسوکەوت بکەن، چونکە ڕژێمی بەعس بە بەردەوامی چاودێریی ناوچەکانی دەکردو هەر جووڵەیەکی هەست پێکردبا مەفرەزەی تایبەتی و هێزی بۆ دەناردن، بۆیە (مەفرەزە پارتیزانی) یەکانی پێشمەرگە بۆ ئەوەی بتوانن کارەکانیان بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەن و خۆشیان بێ زیان بن، زۆر بە هوشیاری لە ناوچەکانی خۆیان جووڵەیان دەکرد، ئەمەش بۆ ئەوان زۆر گران و سەخت بووە کە بتوانن لەو ناوچە چۆڵ و وێرانانە بەردەوامی بە خەبات و تێکۆشانیان بدەن، هەندێ جار ڕووبەڕووی مەترسی دەبوونەوە، یان دەکەوتنە کەمین و بۆسەی دوژمن، هەڵبەتە بۆ ئەم کارە پێشمەرگەی چوست و چالاک و بە ئەزموون هەڵدەبژێردران.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان یەکێک لەو حزبانە بووە کە بەو

---

[1] ناملیکەی نسکۆو سەرەتایەکی هەڵسەنگاندن، هۆیەکان_ ئەنجامەکان_ ڕێگای چارەسەرکردنی، لە بڵاکراوەکانی ئاڵای ئازادی/ ئایاری١٩٨٩ ل٢-٣.

[2] مەفرەزەی پارتیزانی پاش ئەنفال، لە دوای ئەنفالەکان زۆربەی حزب و لایەنەکان لە دوای خۆڕێکخستنەوەیان، مەفرەزەی پارتیزانیان دەناردەوە ناوچەکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشو کارەکانیان، ئەم مەفرەزانە بە (مەفرەزەی پارتیزانی پاش ئەنفال) ناسران.

بارودۆخەدا ڕەت بووە، لە دوای ئەنفالەکان بارەگاکانی لە ئۆردوگای زێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوچەی مەرگەوەڕ دادەنێت، دوای خۆ ڕێکخستنەوەی لە دوای پەرتبوونی لە پرۆسەی ئەنفالەکان، چونکە ئەم حزبە وەکو سەرجەم حزبەکان لە پرۆسەی ئەنفالەکاندا دووچاری گرفتێکی گەورە بووبووەوە، بەشێکی لە هێزەکانی لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر و کۆیە و شەقڵاوە بووە، مەفرەزەیەکی لە ناوچەی بادینان (بەری گارا) بووە و لە هێزەکانیان دابڕابوون، (گۆران جەلال و کرمانج عەوێنە) و چەند کادیرێکی تر بە ئیشوکاری ڕێکخستن لە ناو شاری هەولێر بووینە، دوو کادیر (ئارێز عەبدوڵڵا و حەمید عەسکەری) لە تورکیا زیندانی کرابوون، هێزە زۆرەکەی کە سەرکردایەتیی حزب و کادیرانی دامودەزگاکان و بەشێکی هێزی پێشمەرگەی کەوتووبوونە نێو گەمارۆی ئەنفالی بادینان و بە زەحمەتییێکی زۆر توانیبوویان بگەنە نێو سنووری باکوور و پاشان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆیە بە پێویست دەزانن بۆ پەیوەندیکردن بە ڕێکخستنەکانی، چەند جارێک (مەفرەزەی پارتیزانی) بنێرێتە ناوچەکانی (هەولێر، خۆشناوەتی، ڕواندز، هەریر، خەلیفان، شەقڵاوە، کۆیە و بەڕانەتی) لەو پێناوەشدا کادیر و پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی کەوتوونەتە بەر هەڵمەتی گرتن و زیندانیکردن لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە.

١. شەوی١٠لەسەر ١٩٩٠/٧/١١ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە (مەفرەزەی پارتیزانی) کە(٣) کادیر دەبن (ئارێز عەبدوڵڵا[١]، فەرهاد مەنتک، موحسین بانیمارانی) لە گوندی (بادیناوا[٢])ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرە و قەندیل بە ڕێدەکەون بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ ئەو ناوچانەی بۆیان دیاری کرابوو کە بتوانن ئەرکەکانیان تیادا ڕابپەڕێنن، وا ڕێکدەکەوێت لەگەڵ (٥) پێشمەرگەی پارتی و (١) پێشمەرگەی ئاڵای شۆڕش یەک بگرنەوە و ببنە مەفرەزەیەکی (٩) کەسی، هەر لە قەندیل تووشی تەقینەوەیەکی بچوک دەبن و پێشمەرگەیەکی پارتی بە سوکی بریندار دەبێت، بە (شێخ ئایش و گۆمی کرمە سۆرا و

١ ئارێز عەبدوڵڵا ئەو کات لە زیندانەکانی تورکیا ئازاد کرابوو، گەڕابۆوە لای هاوڕێکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٢ گوندی بادیناوا، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەر بە شاری خانەیە.

گۆڕتێسو[1]) ڕەت دەبن، تا ڕادەیەک تا ئەوێ بە بێ مەترسی ڕێدەکەن، بەڵام لە ڕۆیشتنی ڕۆژانی داهاتوویان مەترسی دێتە ڕێگایان، چونکە دەبێت بە نزیک مۆڵگاکانی سوپای بەعسدا ڕەتبن، بە شەو بە (ئاشقۆڵکە و کۆمتان[2]) دا دەڕۆن تا دەگەنە چیای (ماخۆبزنان)[3]و ١٩٩٠/٧/١٥ دەگەنە (دۆڵە ڕەقە[4]) و شەو بە گوندی (گوڵان[5])دا ڕەت دەبن و ٧/١٧ دەگەنە (دۆڵی مەلەکان[6]) و لە هەندێ شوێن بە ڕۆژ ڕێدەکەن، شەوی ١٨ لەسەر ٧/١٩ لە شەقامی شەقڵاوە نزیک گوندی (قادیانە[7]) دەپەڕنەوە و هەر لەوێ مەفرەزەکە لە یەکتر جیا دەبنەوە، چونکە هەر لایەنێک کاری تایبەتی خۆی هەبووە و دەبوایە بە دوایدا بچێت، سێ کادیری زەحمەتکێشان ماوەیەک لە دەوربەری گوندەکانی (میر ڕۆستەم، خەتیبیان، مەرزان، ئازەرا[8]و ئافریان[9]) لە دەشتی هەریر دەمێننەوە و پاشان (ئاریز عەبدوڵڵا) جودا دەبێتەوە و دەچێتە شوێنێکی تر، (فەرهاد مەنتک و موحسین بانیمارانی) شەوی ٢٥ لەسەر ١٩٩٠/٧/٢٦ بە ئوتومبێلی دۆستێکیان تا حوجران دەچن، لەوێوە بە مەبەستی چوونە کۆیە بە دۆڵی تەوسکە ڕێدەکەن و شەوی ٢٧ لەسەر ٢٨ دەگەنە کۆیە و دەچنە ماڵی (مام عەبدوڵڵا ڕەشید باوکی شەهید قەندیل[10]), لەوێ دەمێننەوە و

---

١ شێخ ئایشو گۆمی کرمە سۆراو گۆڕتێسو ، سێ شوێنن دەکەونە سەر چیای قەندیل.

٢ ئاشقۆڵکە و کۆمتان، دوو گوندن دەکەونە بناری چیای قەندیل، سەر بە ناحیەی سەنگەسەرن.

٣ چیای (ماخۆبزنان) دەکەوێتە نزیک گوندی ماخۆبزنان سەربە ناحیەی سەنگەسەرە.

٤ دۆڵە (ڕەقە)، دەکوێتە سنووری ناحیەی سەرکەپکان سەر بە قەزای ڕانیە.

٥ (گوڵان)، گوندێکە دەکوێتە سنووری ناحیەی سەرکەپکان سەر بە قەزای ڕانیە.

٦ دۆڵی (مەلەکان) ناوچەیەکی فرەوانە چەندین گوند لە خۆ دەگرێت، سەر بە ناحیەی خەلیفانە.

٧ قادیانە، گوندێکە دەکوێتە باشووری خۆرئاوای ناحیەی باسرمە.

٨ میر ڕۆستەم و خەتیبیان و مەرزان و ئازەران، چوار گوندن دەکەونە باشووری خۆرئاوای ناحیەی باسرمە.

٩ ئافریان گوندێکە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای ناحیەی هەریر.

١٠ مام عەبدوڵڵا ڕەشیدو پورە فاتیمەی هاوسەری و کوڕو کچەکانی، کەسانی دڵسۆزو کورد پەر وەر بوون، خەڵکی کۆیەن، ماڵیان هەمیشە جێگاو پەنای پێشمەرگە بووە، ڕۆڵەیەکیان بە ناوی (قەندبل) کادیری حزبی زەحمەتکێشان بووە و لە پایزی ١٩٨٧شەهید بوو، کاتێ مام عەبدوڵڵا ئامادەی بە خاکسپاردنی ڕۆڵەکەی دەبێت ووتەیەک پێشکەش دەکاو دەڵێت: (سەربەرزیە بۆ ئێمە کە ڕۆڵەیەکمان شەهید بووە و لە ڕێگای کوردستان گیانی فیدا کرد، من تەنیا ئەم ڕۆڵەیەم نەبوو، بەڵکو ئێوەی پێشمەرگە و هاوسەنگەرانی شەهید قەندیل ڕۆڵە و جەرگی منن).

پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆیە و هەولێر دەکەن و ڕاسپاردەکانی حزبیان پێدەگەیەنن، شەوی ٧/٣٠ کۆیە جێدەهێڵن و بە باواجی سەردەکەون و بە بناری سەفیندا دەڕۆن و شەوەی ٨/٢ دەگەنە هەردووک گوندی (قەراسنجی سەرو و قیرژە[١]) شەوی پاشتر لە نزیک گوندی (حوجران[٢]) لە شەقام دەپەڕنەوە و دەچنە گوندی (زێبارۆک)، شەوانی پاشتر دەچنە گوندەکانی دەشتی هەریر[٣]، لە گوندی (ئافریان) لە گەڵ (ئاریز عەبدوڵڵا) یەکتر دەگرنەوە و پلانی گەڕانەوە بۆ (سەرکردایەتی) و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێن، (ئاریز عەبدوڵڵا) لەگەڵ ئەوان ناچێت و بە ڕێگای سەنگەسەر و قەڵادزە و قاسمەڕەش دەگەڕێتەوە، ئەوانیش لە ڕێگای ڕێکخستنەکانیان بە شەو بە ئوتومبێل دەچنە خەلیفان و پاشان لە خوار گوندی (سرێشمە) دەچنە نێو گەلی (عەلی بەگ) لە ڕێگادا بە هۆی خواردنی گۆشتی برژاو کە لە خەلیفان بۆیان ئامادەکرابوو تەندروستیان تێکدەچێت و (گەدەیان) ژان دەکات و ناتوانن لە ڕۆیشتن بەردەوام بن، لە سەر ڕووبار لە پەنایەک خۆیان حەشار دەدەن تا ئێوارە ئەوسا بە چیای (برادۆست) سەردەکەون و تا ڕۆژ دەبێتەوە بەردەوام دەبن لە ڕۆیشتن پاشان لە گەلیەک دەمێننەوە تا ئێوارە، شەو لە شەقامی (مێرگە سۆر) دەپەڕنەوە و بەیانی دەگەنە چیای (پیران) و تا ئێوارە لەوێ دەمێننەوە، پاشان بە دەشتی (بەرازگر[٤])دا دەڕۆن و ڕۆژێک لە نزیک ڕووبار دەمێننەوە و شەو دەپەڕنەوە، ئەوان بە ڕۆژ ناتوانن بڕۆن تەنیا بە شەو نەبێت، بە ڕۆژ خۆیان حەشار داوە تا شەو، هەڵبەتە ئەوان لەم ڕێگایە شارەزا بووینە و چەندین جار پێیدا هاتووچۆیان کردووە، کە شەو دادێت لە ڕووبار دەرباز دەبن و بەرەو سنووری باکووری کوردستان دەچن، بەرەبەیان دەگەنە گوندی (بێگژنێ)ی سەر سنووری باکووری کوردستان، خەڵکی گوند هاوکاریان دەکەن و تا ئێوارە لە دەرەوەی گوند خۆیان پەنا

١ قەراسنجی سەروو قیرژە، دوو گوندن سەر بە قەزای شەقڵاوەن.

٢ حوجران گوندێکە دەکوێتە باشووری ڕۆژئاوای شەقڵاوە، لە سەر شەقامی سەرەکی نێوان شەقڵاوە _ هەولێرە.

٣ دەشتی هەریر، ناوچەیەکی تەختە دەکەوێتە سنووری هەردووک ناحیەی هەریر و باسرمە، کۆمەڵێک گوند لە خۆ دەگرێت.

٤ دەشتی (بەرازگر) دەکەوێتە سنووری ناحیەی سیدەکان و نزیکە لە سنووری تورکیا.

دەدەن نەوەک قەرەقۆلی تورکیا پێیان بزانێ، ئێوارە دوو لە پیاوەکانی گوند هاوکاریان دەکەن تا لە مەترسیی قەرەقۆل دەرباز دەبن و پێیان دەڵێن نابێت لەم ناوچەیە بمێننەوە دەبێت بەردەوام بن لە ڕۆیشتن تا دوور دەکەونەوە، دوو شەو و ڕۆژێک بە کوێستانەکانی سێگۆشەی سنوور ڕێدەکەن، وێڕای برسیبوون و شەکەتی، سارد و سەرمای کوێستانەکانیش زیاتر هیلاکیان دەکات، دەگەنە نزیک سنووری ئێران و لە بنکەی گومرگی پێشمەرگەکانی (پارتی) پشووییێک دەدەن و پاشان بەرەو ئەو دیوی سنوور بەڕێدەکەون، لە ڕەبایەکانی ئێران تەقەیان لێدەکرێت و گورج و گۆلانە خۆیان دەرباز دەکەنە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژی دواتر دەگەنە بارەگاکانیان لە ئۆردوگای زێوە، ئەم ئەرکەیان نزیکەی دوو مانگی خەیاندووە.

٢. لە پایزی ١٩٩٠ مەفرەزەیەکی تری پارتیزانی ئامادە دەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی حزبی و پەیوەندیکردن بە ڕێکخستنەکان، بە تایبەتیش ڕێکخستنەکانی هەولێر، چونکە هەولێر چەقی جموجۆڵی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بووە، بۆیە دەبوایە هەمیشە لەگەڵ ئەم ناوەندەیان لە پەیوەندیدابان. مەفرەزەکە بریتی دەبێت لە سێ کادیر(موحسین بانی مارانی، ڕزگار چاوشین و تەنیا) لە بارەگاکانیان لە زێوەی مەرگەوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو گوندی (بێگژنێ)ی سەر سنوور بە دیوی باکووری کوردستان ڕێدەکەن، بۆ سێ گۆشەی سنوور، دەبوایە نزیکەی ڕۆژە ڕێیەک بە نێو باکووری کوردستاندا بە نهێنی و بە شەو بڕۆن و ئینجا بێنەوە نێو باشووری کوردستان، لەسەر ڕووباری (کەتەینە) دەمێننەوە تا شەو دادێت، ڕێگایەکە بێ کێشە دەبڕن و دەچنە دیوی باشووری کوردستان ناوچەی (دەشتی بەرازگر)، هەڵبەتە بە شەو بە ڕێگادا دەڕۆن، پاشان لە ئاستی گوندی (خەردن) لە شەقامی مێرگەسۆر دەپەڕنەوە و دەچنە شاخی برادۆست، لە ڕۆژی بەڕێکەوتنیان تا دەگەنە برادۆست دوو شەو و دوو ڕۆژیان پێدەچێت، شەو دەچنە سەر ڕووباری نێو دۆڵی خوار گوندی (سرێشمە)، (موحسین بانیمارانی) کە شارەزای ڕێگا و بانەکانی دەڤەرەکە بووە و چەندین جار بەو ڕێگایەدا هاتووچۆی کردووە، بە ڕۆژ بە بێ چەک دەچێتە گوندی سرێشمە و

پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی ئەوێ دەکات، دوو شەو لە سرێشمە دەمێننەوە، لە خەلیفان و سرێشمە و دەوربەری ڕێکخستنێکی چالاکی ئەم حزبەی لێبووە، دەیانەوێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان بچنە ناو شاری هەولێر، پاش دانانی بەرنامە و لە کاتی دیاریکراو لە ڕێی ڕێکخستنەکان بە ئوتومبێل بەڕێدەکەون بۆ هەولێر، بێئاگا بووینە لەوەی کە پیاوانی ڕژێم لە خەلیفان پێیان زانیوە و زانیاریی تەواویان لە سەر مەفرەزەکە هەبووە کە نیازیان چیە و جووڵە و هەڵسوکەوتیان خراوەتە ژێر چاودێری، چەکەکانیان لە خەلیفان جێهێشتووە بێ چەک بووینە بەیاننامە و نووسراویان پێبووە، تەنیا شوفێری ئۆتۆمبیل لە گەڵیان بووە، بە شەو بە ڕێدەکەون، تا نزیک دەبنەوە لە شەقڵاوە بە لای ئەوان بارووداوخەکە ئاسایی دەبێت و هیچ ڕوونادات لە دەربەندی شەقڵاوە مەفرەزەیەکی تایبەتی نزیکەی ٧٠کەسی سەر بە ئەمنی هەولێر بۆیان دانیشتوون و دەکەونە ناویان و دەستگیر دەکرێن، یەکسەر دەیانگوازنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی هەولێر، دوای لێکۆڵینەوە و ئازاردان و جۆرەها ئەشکەنجە، دان بە هیچ دانانێن و هیچ زانیارییێک نادەن، ئەو نووسراوانەی پێیان بووینە لە کاتی کەوتنە نێو کەمین بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ناویان بردوون، ڕژێم هەوڵی داوە کە زانیاریی ئەوەیان دەسکەوێت کە ئەم مەفرەزەیە بە نیازی چ بووە بۆچی هاتوون و پەیوەندی بە کێوە وەبکەن! هەوڵیان داوە ڕێکخستنەکانی هەولێری ئەم حزبەیان بۆ ئاشکرابێت، دوای سێ مانگ لە گیرانی ئەم مەفرەزەیە، هەر لە ڕێگای ئەو کەسەی کە هەواڵی لە سەر ئەم مەفرەزەیە دابوو بە ڕژێم، زانیاریی تەواو لە سەر کادیرێکی پێشمەرگە بە ناوی (گۆران جەلال) کە لە شار بووە، لەگەڵ چوار کادیری چالاکیی ڕێکخستنە نهێنیەکانی شاری هەولێر دراوە بە پیاوانی ئەمن و هەر پێنج کادیرەکە دەستگیر دەکرێن بە ناوەکانی (گۆران جەلال، غازی حەسەن، محەمەد سلێمان، عەلی عەبدوڵلا و حوسێن کۆیی) پیاوانی ئەمن دەیانخەنە ژێر جۆرەها ئەشکەنجەدان تا زانیاری بدرکێنن، بەڵام ئەوەندە خۆڕاگر بوون ئامادە نەبوون بە هیچ جۆرێک زانیاری و نهێنی بدرکێنن، دەزگای ئەمنی ڕژێمی بەعس کە یەکێک بووە لە دەزگا

هەرە دڕندەکانی سەددام و بەناوبانگ بووە لە هۆڤیەتی و دڵڕەقی، کە هیچ سنوورێکی نەبووە لە کوشتن و بڕین و ئازاردان، جا ئەم دەزگایە ئەمە کردەوە و ئاکار و ڕەوشتی بێت و پێشمەرگە و کادیری حزبێکی بەرهەڵستکاری بکەوێتە دەست چ جۆرە ئەشکەنجەیەکیان ئەدات، لەوێ هەردووک لای گیراو مەفرەزەکە و کادیرەکانی ڕێکخستن بە یەکتر دەزانن کە چیان بەسەر هاتووە، هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی دەروونی و جەستەیی لە بەرامبەریان بەکار دەهێنرێت، بەڵام نەڕوخاون و بە کۆڵنەدان و خۆڕاگری بە گژپیاوانی ئەمندا چوونەتەوە، ئەوان دەیانزانی کە چارەنووسیان پەتی سێدارەیە، ڕۆژانە لەوپەڕی خۆڕاگرییەوە لە چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەدا بوون، ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بۆ ئەوان مژدەیەکی دووانە بووە، لە ڕاپەڕینی خەڵکی هەولێر لە ڕۆژی ١١ئازاری ١٩٩١ کە هەولێر بانگی ئازادی تیا بەرز بۆوە، لە لایەن جەماوەری ڕاپەڕیو کە هێرش دەبەنە سەر دامودەزگاکانی ڕژێمی بەعس، زیندانییەکان ئازاد دەکرێن، ئەوانیش پاش شەش مانگ مانەوە لە ژێر ئەشکەنجە ئازاد دەبن و تێکەلی جەماوەری ڕاپەڕیو دەبن و دەست لە ملانێی ئازادی دەبن.

پاشکۆکان

نامیلکە، وتار، یادداشت، دیکۆمێنت، وێنە

نامیلکە

-هەڵوێستی شۆرشگێڕی نەک لادان و پاشەگەزبوونەوە

-نسکۆ و سەرەتایەکی هەڵسەنگاندن

دوای ئەوەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان خۆی وەک لایەنێکی سەربەخۆ ناساند، ئەم بڕیارەشی لە پلیۆنۆمی دامەزراندنی ١٩٨٥/١٢/١٢وەگرت و وەک هێزێکی نوێ دەرکەوت، لە نامیلکەیەکدا هەڵوێستی ڕوونی خۆی لە بارەی کێشەکانی نێوخۆی حزبی سۆسیالیستی کوردستان ڕاگەیاند و بە وردی ئاماژەی بە کێشەکان داوە و هەر وەستەی لەسەر کردووە و هەڵوێستی لە بارەیەوە نواندووە، ئەم نامیلکەیە (هەڵوێستی شۆڕشگێڕی نەک لادان و پاشگەزبوونەوە) بە مانیفێستی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان هەژمار دەکرێت لە سەردەمی خۆیدا کە تیایدا بڵاوکراوەتەوە.

هەڵوێستی شۆڕشگێڕی نەک لادان و پاشگەزبوونەوە

بەستنی کۆنگرەی یەکەمی حزب لە نێوان ١٢-١٩٨١/٥/١٥دا نوختەی گۆڕانێکی گرنگ بوو لە ژیانی خەبات و تێکۆشانی حزبەکەماندا (حزبی سۆسیالیستی کوردستان ــ عێراق).

سەرکەوتنی حزب لەو کۆنگرەیەدا دوو بواری گرتەوە یەکێکیان لە بواری جێگیرکردنی ئەو ڕێبازە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازەی کە هەر لە سەرەتاوە (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)، وەکو ڕێکخراوێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕ گەڵالەی بۆ کردبوو. دووەمیشیان لە بواری تێکشکاندنی ئەو هەوڵ و تەقەللا بێ ئاکامەی کە دەیویست ڕێگربێ لە جێگیرکردنی ئەو ڕێبازە تازەی حزبدا.

دیارە لە بارودۆخی وڵاتەکەمان و واقیعی دواکەوتوی کۆمەڵگای کوردستان و هەڵومەرجی خەباتی چەکدارانەدا، هەموو کار و هەنگاوێک هەرچەندە مەزن و پڕشەنگداریش بێ، بەڵام بێ کەم و کوڕی و لایەنی سلبیش نابێ.

کۆنگرەی حزبەکەی ئێمەش لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە گەورەش کە بە دەستی هێنا، بەڵام وەنەبێ خۆی لە هەموو دیاردە و پاشماوەیەکی زیان بەخش پاک کردبێتەوە، لایەنی زیان بەخشی ئەو سەرکەوتنەی، ئەوەبوو کە چەند کەسێکی هەلپەرست بە خۆدەرخستن و سوود وەرگرتن لەم بۆشاییەی

کە دەرچوونی باڵی ڕاستڕەو لە حزبدا دروستی کردبوو، توانیان خۆیان بێنە پێشەوە و شوێن پێیەک لە سەرکردایەتیەکەی بۆ خۆیان بکەنەوە. کە ڕاستەڕێ نەبوونی حزبەکە لە پاش کۆنگرە و دروستبوونی ئەو ئاکامە تاڵەی دواییش زۆربەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو دەستە هەڵپەرستە لە سەرکردایەتیەکەیدا.

کادیرانی حزب و بنکەکانی خوارەوە، بە ئومێدێکی زۆرەوە دەیانڕوانیە ئەو سەرکەوتنەی کۆنگرە، هیوایان وابوو ئەو سەرکەوتنە دەبێتە چەکێکی کاریگەر لە دەستی حزب و گوڕ و تین و تەوژمێکی تازەتریش بە گەشەکردنی خەبات و تێکۆشانەکەی دەبەخشێ، بەڵام هێشتا پەیڕەوو پڕۆگرامەکەی حزب کە لە لایەن کۆنگرەوە پەسند کرابوو لە چاپ نەدرابوو، یەکەمین هەنگاوی پەشیمان بوونەوە لە لایەن ئەو تاقمە هەڵپەرستە، بە بیانوی لێک دابڕینی دوا هەوڵ و تەقەڵلای باڵی ڕاستڕەو لە دژایەتی کردنی حزب دەستی پێکرد. ئەوەبوو هەڵسان بە هێنانەوەی کۆمەڵە خەڵکێک کە لەسەرانی ئەو باڵە دابوون، هێنانی خەڵکێکیان بۆ کۆمیتەی ناوەندی بە پێچەوانەی سەرەتاکانی حزبی، کە دەبی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرێ نەک دابندرێ، ئەو هەنگاوە، بێجگە لەوەی کە بەزاندنێکی ئاشکرای سەرەتاکانی تەنزیمی حزب بوو، هەروەها شتێکی لە ناکاو و سەیر و سەمەرەش بوو بۆ هەڤاڵانی حزب کە لە کاتێکدا هێشتا بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە لە چاپ نەدراون، کە لادانێکی ئەوهای دەرحەق بکرێ. بەڵام ئەم هەنگاوە و چەندین خروقاتی تری تەنزیمی و تاوتێکردنی عەشائیریانە، لە چارەسەرکردنی مەسەلە تەنزیمیەکان. کادر و ئەندامانی حزبی سارد و نائومێد نەکرد لەوەی کە شێلگیرانەتر پەرە بە خەبات و تێکۆشانیان بدەن و ئەو سەرکەوتنەی کۆنگرەش ئەگەر لەلایەن سەرکردایەتیەکەشەوە وەکو هەیە پیادە نەکرێ، بەڵام لە لایەن خەڵکە دڵسۆز و شۆڕگێڕەکەی تر کە بەرژەوەندیان لە قوڵکردنەوەی ڕێبازی حزبەکە دایە، بە باشترین و داهێنەرانەترین شێوە پەیڕەوی لێبکرێ.

ئەوە بوو حزب لە دوای کۆنگرە، سەرەڕای سستی سەرکردایەتیەکەشی لە جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی بڕیار و ڕاسپاردەکان، بەڵام بە هیمەتی

شۆڕشگێڕانەی کادر و ئەندام و پێشمەرگەکانی و لە سایەی قوربانیدانێکی پڕ سەخاوەتی شەهیدە سەربەرزەکانی، گەشەکردنێکی دیار و بەرچاوی بە خۆیەوە بینی لە شار و شارۆچکە و ناوچە ڕزگارکراوەکان ڕێکخستنەکانی حزب گەشەکردنی باشیان بە خۆوە بینی و پەلوپۆیان هاویشت، هێزێکی پێشمەرگەی زۆر و زەبەندی بۆ پەیدابوو جەماوەریش بەتایبەتی خەڵکە هەژار و زەحمەتکێشەکە ڕۆژ بە ڕۆژ لێی نزیکدەبوونەوە و وەکو ئومێدێکی دوارۆژی خۆیان پشتیوانیان لێدەکرد پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ لایەنە شۆڕشگێڕکانی سەر گۆڕەپانەکە تا دەهات بە هێزتر دەبوو ناوبانگی باشی لە ناوەوە و دەرەوە بۆ خەبات و فیداکاریەکەی پەیدا دەبوو بەشێوەیەک کە هەندەی نەبرد بووە حزبێکی بەهێزی سەر گۆڕەپانەکە و دۆست و دوژمنیش حسابی بۆ دەکرد.

شەڕی عێراق و ئێرانیش لەسەرەتادا، وەکو بۆ هێز و لایەنە بەرهەڵستکارەکانی تر هەڵومەرجێکی بابەتی لەبارەی بۆ خەبات و تێکۆشانی حزبەکەمان هێنایە پێشەوە، چ لە ڕووی خەریک بوونی ڕژێم بە شەڕێکی لابەلا دژی گەلانی ئێران و کەم بوون و لاوازبوونی پالەپەستۆ سەربازیەکەی لە کوردستان بەرامبەر بە هێزە بەرهەڵستکارەکان، یان لە ڕووی قوڵبوونەوەی تەنگوچەڵەمە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی و پاڵدانی خەڵکێکی زۆر لە ناڕازی و ڕەتکەرەوانی شەڕ بە هێزە بەرهەڵستکارەکان. کە ئەمانە هەمووی لەسەرتادا وەکو گوتمان زروفێکی بابەتی لەباری بۆ خەبات و تێکۆشانی هێزە بەرهەڵستکارەکان ڕەخساند. ئەگەر بهاتبا ئەو هێزانەی بە پێی بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و گونجاو تەنگ و چەڵەمەکانی ڕژێمیان لە قازنجی شۆڕشەکەوە بقۆزستباوە و ڕیزەکانی جەماوەریشیان دژ بە شەڕ و فاشیزم ڕێکخستبا، دەیانتوانی سەرکەوتنێکی گەورەی لێ بەدەست بهێنن و ئەو شەڕە کاولکاریەش هەر بەسەر هەڵگیرسێنەرەکەیدا بشکێتەوە. بەڵام حزبمان بەهۆی لاوازی بارودۆخە زاتیەکەی کە خۆی لە نەبوونی سەرکردایەتێکی شۆڕشگێڕ دەنواند، نەک هەر نەیتوانی وەکو هەموو لایەنەکانی تر ئەو بارودۆخە بابەتیە لە بارەی دوای هەڵگیرساندنی شەڕەکە بقۆزیتەوە، بەڵکو

کار گەیشتە ئەوەی ئەو گەشەکردن و بۆ پێشەوە چوونەی خۆشی کە بەفیداکاری و قوربانیدانی خەڵکە شۆڕشگێرەکەی بەدەست هاتبوو لەبەر نەبوونی بەرنامەیەکی داڕێژراو و ڕێکوپێکی کارکردن لە کیس بدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئەو گەشەکردن و سەرکەوتنە بەرەو کزی و لاوازی بچێ. بۆ نموونە حزب لە ساڵەکانی ١٩٨٢ـ١٩٨٣ خاوەنی گەورەترین هێزی پێشمەرگە بووە لە گۆڕەپانەکەدا، لەبەر نەبوونی نەخشە و بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانەی پەروەردەکردن، نەتونرا ئەو هێزە لە چەندایەتیەکی زۆر بگۆڕێت بۆ چلۆنایەتییێکی ڕێک و پێک و هێزێکی بە بیر و باوەڕ، کە نەک هەر دەورێکی کاریگەری هەبێ دژی ڕژێم و داموودەزگاکانی بەڵکو ببێتە هێزێکی بە بیر و باوەڕی ئەوتۆش کە لە هەموو هەڵومەرجێکدا بتوانێ بەرامبەر بە پیلانی دوژمنان و شەڕی لاوەکی داکۆکی لە حزب و سەربەخۆیەکەی بکات. بۆیە هەر وەکو دیتمان لەگەڵ یەکەم ساردی و گەرمی کە بەسەر حزبدا هات ئەو هێزە بەرگەی نەگرت و کاکلە هۆشیار و بەبیر و باوەڕەکەی نەبێ ئەوەی تر نەک هەر ڕیزەکانی حزبیان بەجێهێشت، بەڵکو چوونە سەنگەری دژایەتی کردنیشیەوە.

بەم شێوەیە بارودۆخی دەروونی حزب لە سایەی نەبوونی ژیانی حزبایەتی و سەرکردایەتیەکی لێهاتودا تا دەهات خراپتر دەبوو. ئەم تاقمە بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان دەدا سەرەتاکانی ژیانی حزبایەتی پێشێل بکەن، وەک سەرەتای سەرکردایەتی کردنی بە کۆمەڵ بە تایبەتیش لە مەکتەبی سیاسیدا کە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی تاک ڕەوی خۆیان هەرجارە بە بیانوێک ئەندامانی (م.س)یان دوور دەخستەوە.

کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیش کە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبووایە هەر چوار مانگ جارێک ئەو کۆبوونەوانە ببەسترێن کەچی جاری وا هەبوو زیاتر لە ساڵ و نیوێک خۆیان لێدەبوارد، بەوەش گیروگرفتەکان نەک هەر بێ چارەسەر دەمانەوە بەڵکو زیاتر ئاڵۆز و تەشەنەیان دەکرد ئەمە سەرەڕای دەست بەرەڵاکردنی خەڵکێکی هەڵپەرستی دژ بە ڕێبازی حزب و نەبوونی سەرەتای پێشخستن و دەستگرتن و پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕازیکردن، بە

تایبەتیش بۆ ئەو خەڵکانەی کە لە خۆیان نزیک بوون و لە گوێ و حەمدی خۆیاندابوون، کە ئەمەش هەمووی لەسەر حیسابی مەغدورکردنی خەڵکە حزبیەکە بوو. بایەخ نەدان بە دەوری ڕێکخستن و شێواندنی هێڵە فکریەکەی، گرینگی نەدان بە ڕێکخراوە جەماوەریەکان، خاو و خێزانی پێشمەرگە، خێزان و کەس و کاری شەهیدان، ئەمانەو زۆر دەستدرێژکردنی تر بۆسەر ڕێورسمەکانی تری حزباتی، وایکرد حزب ڕۆژ بە ڕۆژ لە توانای (زاتی) کەم بێتەوە نەتوانێ سەرکەوتوانە بە ئەرکی سەر شانی خۆی هەڵسێت و ئەندامانی حزب و پێشمەرگەش لە جێبەجێکردنی ئەرکە شۆڕشگێڕیەکاندا سارد ببنەوە و نارەزایی و بێزاریەکی زۆریشی لە ڕیزەکان دروست بێ، کە گەڵێ جار دەگەیشتە ڕادەی تەقینەوە، بەڵام ئەو پاڵە پەستۆیەی کە لەسەر حزب هەبوو چ لە لایەن ڕژێمی فاشی بەغدا، یا لە لایەن کۆنە پەرستی کوردی سەر گۆڕپانەکە کە هەمیشە حزبیان بە شەڕێکی لا بەلا خەریک دەکرد ئەمە زۆر جار بە پێچەوانەی مەرام و نەخشەکانی ئەوان ئەو پاڵەپەستۆیە لە جیاتی ڕیزەکانی حزب لێک هەڵوەشێنێ کە چی هەمیشە ڕیزەکانی یەکگرتوو تر دەکرد و تەقینەوەی گیروگرفتەکانیشی سارد یا بۆ ماوەیەکی تر دوا دەخست.

هێرشە نارەواو گومانلێکراویەکەی سەرکردایەتی(ینک) لە یەکی ئایاری (١٩٨٣) بۆ سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی لە (ئاشقولکە و پشت ئاشان) کە هەر تەنها بەرتیلێک بوو بۆ ڕژێمی فاشی و سەرگرتنی سەوداکەیان، هەڵومەرجێکی سەخت و دژواری بۆ خەباتی حزب هێنایە پێشەوە. سەرەڕای ئەو شکستە عەسکەریە کاتیە ڕیزەکانی حزبی لە بێژینگ داو قەوارەی ڕاستەقینەی حزبەکەشی ساخ کردەوە هەر وەستەیەکی قوڵیشی بە خەڵکە هۆشیار و شۆڕشگێڕەکە کرد و ئەو وتەی ئەنگلسی بە ڕاست گێڕا کە دەڵێت (هێزی شکاو باشتر لە دەرس و پەندەکان دەگات). بۆیە هەر زوو ئەو پرسیارە خۆی ئاراستە کرد: ئایا ئەم سیاسەتە بێ بەرنامە و چەوتەی ئەو سەرکردایەتیە، حزب بەرەو کوێ دەبات؟ دەنگی نارەزاتیەکی زۆر بەرز بووەوە، هەموو خەڵکەکە داوای چارەسەری گیروگرفتەکانیان دەکرد و پێیان

وابوو حزب لە وەزعێکی ئاوادا ناتوانێ شتێک بە شتێک بکات. بەڵام تاقمە باڵادەستەکەی ناو سەرکردایەتی نەک هەر ئامادە نەبوون گوێ بۆ ئەو داوایانە شل بکەن و هەوڵی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان بدەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە جیاتی ئەوەی بە هەڵە و کەم و کوڕیەکانی خۆیاندا بێنەوە و هەڵسەنگاندنێکی بابەتی و زانستیانە بۆ وەزعەکە بکەن و بەوردیش لەو هۆیانە بکۆڵێتەوە کە خەبات و تێکۆشانی حزبیان لاوازکردوە و هەوڵبدەن لە ڕێگەی داڕشتنی نەخشە و پلانێکی وردی هەمەلایەنە ئەو شکستە کاتیە بە سەرکەوتنێکی سیاسی و جەماوەری و پێشمەرگەیی بگۆڕنەوە. لە جیاتی ئەمانە هەمووی، ئاوارەبوونی سەرکردایەتی حزبیان بۆ دیوی ئێران و لە دەستدانی هەندی ناوچەی ڕزگارکراو بە هەڵ زانی، کە نەخشە و پیلانە گڵاوەکانی خۆیان دژ بە خەڵکە شۆڕشگێرەکە جێبەجێ بکەن. ئەوەبوو بۆ تێپەڕکردنی ئەو پیلانە تازەیەشیان کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیان بۆ ئەم مەبەستە لە ٩ـ ١٩٨٣/٩/١٣ بە نیوە چلی ساز کرد. ئەو کۆبوونەوەیە کە دوو ساڵ بەسەر مەوعیدی ئاسایی بەستانی تێپەڕ دەبوو لەم کۆبوونەوەیەدا سەرەڕای ئەوەی هەوڵیاندا ئەو شکستە زیاتر لە ملی خەڵکە شۆڕشگێڕەکە ڕابکەن، بە زۆربەیەکی درۆزنانەش کە هەر لە سەرەتاوە کلکی خۆیان بۆ کردبووە یەک، چەندین بڕیاری بێ سەروپێ و نا شۆڕشگێرانەشیان بە زۆر بەسەر خەڵکەکەدا سەپاند، ئەو بڕیارانەی کە نەک هەر بە پێچەوانەی ڕێوڕەسم و سەرەتایانە بوو کە لە پەپڕەو و پڕۆگرامی حزبدا هەبوو، بەڵکو پێچەوانەی ویستی خەڵکە دڵسۆزەکەش بوو. کە داوای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان دەکرد. بەمەش خەڵکە شۆڕشگێرەکەیان خستە بەردەم هەڵبژاردنێکی ناخۆش کە یا دەبوایە ئەو بڕیارانە جێبەجێ نەکەن کە بە پێچەوانەی ویستی خۆیان و ڕێبازی شۆڕشگێرانەی حزبەکەیانە، یا هەرچی چۆنێک بێ ملکەچ بکەن بۆ جێبەجێکردنیان بە هیوای ئەوەی بەڵکو لە ڕەوتی خەباتی ئایندەدا ڕێگا چارەیەک بۆ ئەو وەزعە بدۆزنەوە. چونکە ئەم تاقمە کاتێکی باشیان هەڵبژاردبوو لە تێپەڕکردنی پیلانەکانیان کاتێک بوو کە حزب بە دەستی پیلانی دوژمن و ناحەزانی گەورەترین شکستی پێشمەرگانەی

خواردبوو (کە لە ڕاستیدا شکستی سەرکردایەتی بوو) کە لە وەختێکی ئاوا ناسک و تەنگانەشدا هەر ناڕەزایی و مل نەدانێکیش بە بەزین دەدرێتە قەلەم. بە هەڵیشان دەزانی لەو کاتەدا چەند کادر و دڵسۆزێکی حزبی درپەڕێنن، کە کۆسپی بەردەم لادان و سیاسەتە چەوتەکانیان بوون. بۆیە لەگەڵ ئەوەش کە پێشەکی دەزانرا، ئەو بڕیارانە هەر تەنها باری ئالۆز و ناهەمواری ڕیزەکانی حزب قوڕستر دەکەن، بەڵام لەو کاتەدا جگە لە سووربوون لەسەر خەبات و تێکۆشان ڕێگەیەکی تر نەبوو، ئەویش هەر وەکو گوتمان بە هیوای دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک لە ئایندەدا.

ئەوە بوو هەڤاڵانی حزب شێلگیرانەتر و رق ئەستوورتر لە جاران ملیان دایەوە ئیشکردن و لە هەڵومەرجێکی سەخت تر بە پەیڕەوکردنی تاکتیکی تازە و گونجاوی ئیشکردن لەگەڵ هەڵومەرجی تازە بەوپەڕی فیداکاری و خۆنەویستی بە ئاشکرا و بە نهێنی چوونەوە ناوچەکان و لە ماوەیەکی کەمدا، بە ئەنجامدانی چاڵاکی زۆری سیاسی و تەنزیمی و پێشمەرگەیی و جەماوەری توانیان تا ڕادەیەکی زۆر خەباتی حزب بۆ پێشەوەببەن و برینەکانیش سارێژ بکەنەوە. کە ئەمەش نەک هەر وەڵامێکی دەم شکێن و ڕیسواکەری پیلانی دوژمنان و ناحەزانی حزب بوو بەڵکو وەڵامێکی شۆڕشگێڕانەی نەخشە گڵاوەکانی ئەو تاقمە هەلپەرستەی ناو سەرکردایەتی حزبیش بوو، کە چاڵاکی و لێهاتوویی کادر و پێشمەرگەکانیان بۆ پوچەڵکردنی نەخشەکانی خۆیان دەزانی. بۆیە ئەو تاقمە جارێکی تریش بە مەبەستی خەریکردن و دەرپەڕاندنی خەڵکە شۆڕشگێڕەکە کەوتنە ئاژاوە نانەوە و ئالۆزکردنی وەزعەکە، بەڵام ئەو جارەیان بەربوونە گیانی خەڵکەکە، هەر ڕۆژە هەنجەتیان بە یەکێ دەگرت و پیلانی دەرپەڕاندنی یەکێکی تریان ساز دەکرد، تاوای لێهات خەڵکێکی زۆریان لە ناوچەکانی سەرکردایەتی و لقی هەولێر و ناوچەکانی تر دەرپەڕاند، خەڵکەکەی تریش زۆر خۆڕاگر و پشوو درێژ نەبوایە نەیدەتوانی بەرگەی ئەو وەزعە بگرێت، لە لایەکی تریش هەر بۆ زیاتر تێکدانی حزبەکە دەستی خەڵکێکی زۆریان لە ناوچەکانی سەرکردایەتی لقی سلێمانی و لقی هەولێر و عیلاقاتی دەرەوە بە هەردوو بەشەکەی لە

ئێران و سووریا بەرەڵلا کرد. بۆ نموونە لە لقی هەولێردا پسولەیەک بە ناوی پەیڕەو و پڕۆگرامی حزب لە لایەن لێپسراوی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر دەرکراو تیایدا ڕایگەیاند ڕێبازی سۆسیالیستی زانستی لەسەر ئاستی جیهانی فەشەلی هێناوە و خەڵکەکەی ئێمە تازە دەیانەوێ لە کوردستان ئەو بیروباوەڕە بڵاوبکەنەوە. لە کاتێکدا هەموو لایەک دەزانێ دەستکاری کردن لە پەیڕەو و پڕۆگرامی حزب، لە دەستەڵاتی کۆنگرە دایە.

بەم شێوەیە پاشەگەردانیەکی زۆر بڵاو بووەوە، شیرازەکانی تەنزیم زیاتر لەباریەک ترازان بە هۆی نەمانی مەرکەزیەت و دیسپلینی حزبی هەر یەکە بە جۆرێک و بە ئارەزووی خۆی ڕێبازی ئایدۆلۆژی و سیاسی و هەڵوێستەکانی حزبیان لێکدەدایەوە تاوای لێهات تەنیا لە حزبێکی شۆڕشگێڕ نەبێ لە هەموو شتێکی تر دەچوو.

وەفدی حزبیش بە پێی بڕیاری کۆبوونەوەی (٩ ـ ١٩٨٣/٩/١٣) لە سکرتێر و دوو ئەندامی (م.س) پێکهاتبوو دەبوایە سەفەرێکی (٤٥) ڕۆژە بۆ دەرەوەی وڵات بکات، سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە (٨) مانگ بە هۆی هەندێ شتی زاتی سەفەرەکەی خۆیان دوا خست و لە چوونە دەرەوەشدا لە جیاتی (٤٥) ڕۆژ کە بۆی دیاری کرابوو، نزیکەی ساڵێکی پێچوو. بێجگە لەوەی کە دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیشیان لە سووریا بە بێ بڕیار کردبووە ئەندامی وەفدەکە لە کاتێکدا ئەو دوو ئەندامەی کۆمیتەی ناوەندی دوو ساڵ بوو لە حزب یاخی ببوون و ئامادە نەبوون بەشداری کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیش بکەن. ئەو لێژنە کارتۆنیەش کە لە دوای خۆیان بەجێیان هێشتبوو ناوی (م.س)یان لێنابوو نەک هەر گیروگرفتەکانی چارەسەر نەکرد بەڵکو خۆشی زیاتر بە مەبەستی خولقاندن و تیرکردنی گیروگرفتەکان قیت کرابووەوە.

ئەو وەزعەی سەرەوە تێکڕا وایکرد کە خەبات و تێکۆشانەکەی حزب نەک هەر بەرەو لاوازی و پەک کەوتن بچێ بەڵکو حزب ناتوانێ لە ئاستی وەڵامدانەوەی شۆڕشگێڕانەی گۆڕان و ڕووداوە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانەکەش بێ. بۆ نموونە ئەو سەودایە زلەی کە سەرکردایەتی (ینک) لەگەڵ ڕژێمی فاشی بەغدایان ئەنجامدا کە بووە هۆی ئەوەی شوێنەواری زۆر مەترسیدار و

زیانبەخش بەسەر جولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بە جێبهێڵێ، حزب تاکە کۆبوونەوەیەکیشی بۆ دیراسە کردنی ئەو بارودۆخە نالەبارە نەکرد ئەمەش وایکرد هەر ناوچەیە و هەر کەسە بۆخۆی بە جیا لە هەڵوێستی ڕوون و یەکگرتویی حزب بەرامبەر ئەو دیاردەیە بڕیار وەربگرێ. بۆ نموونە لە کاتێکدا هێزەکانی حزب و (جود) لە ناوچەکانی هەولێر لە زێبارۆکو قەڵاسەنج و سەفین و شوێنەکانی تر کەوتبوونە بەر شاڵاوێکی درندانەی (ینک) و ڕژێم، لە ناوچەی سلێمانی بە جیا لە سیاسەتی حزب و تەنانەت بە دەرچوونیش لە سیاسەتی (جود)، لەسەر ئاستی سەرکردایەتی کۆبوونەوە و ڕێکەوتنیان لەگەڵ (ینک) ساز دەکرد. بەم جۆرە وەزعی حزبەکە بەرادەیەک گەیشت کە بێجگە لە تروسکە هیوایەک بە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی یان کۆنگرە کە دوو ساڵی بەسەرا تێپەڕیبوو ئەگینا هیچ هیوایەکی تر بەووەزعە و بە ئاکامی ئەو وەزعە نەمابوەوە. کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیش هەر وەکو لە پێشەوەش باسمان کرد بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆ دەبوو هەر چوار مانگ جارێک ببەسترێ، کەچی لە سایەسەری ئەو تاقمە نەک هەر لە کاتی ئاسایی بەڵکو لە کاتی نا ئاسایی و پێویستیشدا بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان یان دیراسەکردنی بە پەلەی گۆڕان و پێشهاتە سیاسیەکان ئەو کۆبوونەوانە هەر جارە زیاتر لە ساڵ و نیوێکیان بەین بوو. بۆ نموونە ئەو کاتەی کە گیروگرفتەکە بە ئاشکرا هەڕەشەیان لە یەکیتی حزبەکە دەکرد و پێویستیان بە چارەسەرکردنێکی خێرا و بە پەلە هەبوو کەچی لە دوای کۆبوونەوەی (٩ – ١٩٨٣/٩/١٣) تاکو کۆبوونەوەی (١ _ ١٩٨٥/٨/١٠) کە دەکاتە نزیکەی دوو ساڵ هیچ کۆبوونەوەیکیان نەبەست. بە بی ئەوەی هیچ بیانوێک یا گیروگرفتێکی ئەوتۆ لەبەردەم گرێدانی ئەو کۆبوونەوانە لە گۆڕێدابێ. لە سەروبەندی پێش بەستانی دوا کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیش کە تاکە هیوای خەڵکەکە بوو بۆ چارەسەرکردنی وەزعەکە و گیروگرفتەکان لە هەموو کاتێک زیاتر کەلەکە ببوون و هەڕەشەیان لە یەکێتی ڕیزەکانی حزب دەکرد، وێڕای ناکۆکیە ئایدیۆلۆژی و تەنزیمیەکان چەندین ناکۆکی زەقیش سەری هەڵدا، سەرکردایەتیش بۆ شاردنەوەی داماوی خۆی لە چارەسەرکردنی

ئەو گیروگرفتانە هەر تەنها هەوڵی دەدا مۆرکێکی زاتی و شەخسی بەو ناکۆکیانەوە بلکێنێ، بەڵام ڕاستی ڕووداوەکان لە پێش کۆبوونەوە و لە ناو کۆبوونەوەکانیشدا پێچەوانەی ویست و ئارەزووی ئەوان بوو لە شاردنەوە و پوش بەسەرکردنی وەزعەکە، کە خۆی لە ململانێی هەردووک باڵەکەی ناو حزبدا دەنواند، باڵێکی ڕاسترەوی هەڵپەرست کە باوڕی بە خەباتێکی شۆرشگێڕانە و درێژ خایەن و پشت بەستن بە هێز و توانای جەماوەر و پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی حزبەکە نەمابوو لە ڕێبازە ئایدۆلۆژی و سەرتا تەنزیمیەکانی بە تەواوی پاشگەز ببوەوە، باڵە چەپە شۆڕشگێڕەکەش کە دژی ئەو دید و تێگیشتنە بەزی و ڕیفۆرمیستانەی (اصلاحی) ئەوان بوو، داوای قوڵکردنەوەی شۆڕشگێڕی ڕێبازی حزبەکەی دەکرد و ئامادە نەبوو هەرگیز لە ژێر هیچ بڕوبیانو و بەهانەیەکدا سەربەخۆیی سیاسی حزبەکەی لە دەست بدا. کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە (١- ١٩٨٥/٨/١٠) لە جەوی ململانێیەکی توند و تیژدا بەسترا وەکو گوتمان بێجگە لە ناکۆکی ئایدۆلۆژی و گیروگرفتە تەنزیمیەکان چەندین ڕاو بۆچوونی جیاوازیش لە مەڕ مەسەلە سیاسیەکان وەکو هەڵوێست لە شەڕی عێراق و ئێران پەیوەندی لەگەڵ ئێران و پارێزگاری کردن لەسەربەخۆیی حزب پەیوەندی لەگەڵ (جود)، هەڵوێست لە (ینک) لێکدانەوەی وەزعی نێودەوڵەتان...هتد، دروست ببوو. سەرباری ئەمانەش هەمووی گیروگرفتێکی ئیداری و دارایی زۆر کە خۆی لە دەستکاری (تلاعب) داهات و سەرفیاتی حزب دەنواند. ئەوە بوو دوای (١٠) ڕۆژ لە مناقشەیەکی توند و خەست و خۆڵدا، لەسەر ڕاوبۆچوونی جیاوازی هەردوو لا بەرامبەر بەو ناکۆکیانەی سەرەوە، دەرکەوت ئەم تاقمە سەرەڕای لادانی بە ئاشکرایان لە ڕێبازی ڕاستی حزب بڕیارێکی پێشەکیشیان (مسبق) دەرحەق بە خەڵکە شۆڕشگێڕەکە وەرگرتووە و چارەسەرێکی ئامادەکراویشیان هێناوەتە کۆبوونەوەکان. کە ئەوەی پێی ڕازی نەبێ خۆیان گۆتەنی (دەتوانێ خوا حافیزی لێ بکات). بەڵگەشمان بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستیەی سەرەوە ئەو کارە دەستەبەندیە (تکتل)ە بوو کە خۆی لە نووسراوی (١٩٨٥/٤/٢٨) دەنواند کە لە ئێران لە ئوتێل (حافض)دا لە شاری ورمێ چوار ئەندامی

کۆمیتەی ناوەندی پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی هەندێ لە ئەندامانی وەفدی حزب لە دەرەوەی وڵات لە سەری ڕێکەوتبوون و پاشان پەنجە مۆری (٣) کەسەکەی کۆمیتەی سەرکردایەتی سلێمانیان پێوە نابوو، کە بریتی بوو لە مەزبەتەیەکی گەورە بە دەرکردنی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و چەندین کادری دیکەی پێشکەوتووی حزب لە دەزگا سەرکردایەتی و کۆمیتە و لقەکانی تر، کە گوایە ئەمانە تەکەتولیان کردووە دەبێ لە ئوتێل (حافض) ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکرێ ئەم تاقمە هەلپەرستە لە ئوتێل و شەقەمەکانی ئێران بڕیاری دەرکردن و هەلپەساردنی ئەو شۆڕشگێڕانەیان دەرکرد، کە لە ناوچەکانی کوردستاندا لە بەرامبەر شالاوی بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی دکتاتۆری دابوون و زۆربەش لەو دەرکراوانە لە (١٩٨٥/٥/١٥) بەبێ ئەوەی ئاگادار بن لە بڕیاری دەرکردنیان گەیشتبوونە ناوچەی سەرکردایەتی (شوشان)، کاتێکیش لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی و پێشتریش لە کۆبوونەوەکانی (م.س) لەگەڵ کادیرانی حزب ئەم کێشەیە هاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و پرسیاریان لێکرا، ئایا چۆن و بە چ حەقێک ڕێگایان بە خۆیان داوە لە ئێران و بە بێ ئەوەی دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێ ئیجرائاتیان دەرحەق بەو خەڵکە کردووە؟ ئایا کەم و کوڕی و هەڵەی ئەم هەڤاڵانە چیە؟ بەپێی چ مادە و بەندێکی پەیڕەوی ناوخۆ ئەم سزایەیان بەسەردا سپێنراوە؟ بەڵگە و ڕاستیەکان چین کە دەیسەلمێنن کە ئەوانە تەکەتولیان کردووە؟ ئەم تاقمە لە ئاست هەموو ئەو پرسیارانە وەڵامێکیان نەبوو لە کاتێکا ئەگەر لە ڕووی نیزامیشەوە بیگری، گریمان ئەم هەڤاڵانە تەکەتولیشیان کردووە خۆ دەبوو لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکرێ نەک لە ژوورەکەی عیلاقات لە ئوتێل (حافض) لە ئێران.

بەڵگەی زیندوو بەردەستی تریشمان بۆ ئەو بڕیارە پێشەکیەی ئەوان ئەو کۆبوونەوە حەوت قۆلیەی ئەوانە کە پێش هاتن بۆ کۆبوونەوەکان بە چەند ڕۆژێک. ئەویش هەر لە شاری (ورمێ) لە ئێران بە ئامادەبوون و سەرپەرشتی (دۆستان) ئەنجام درا، کە تێیدا بڕیاری پێشەکی بۆ لێدانی خەڵکە شۆڕشگێڕەکە وەرگیرا. شایانی باسە لەو کۆبوونەوەیە کۆمیتەی

سەرکردایەتی سلێمانیش بەشداریان تیا کردبوو، لە کاتێکدا ئەم تاقمە لادەرە پێش کۆبوونەوەکان شیر و تیریان لە وانی سلێمانی دەسوی، کە بە قسەی خۆیان دەبوایە توندرین ئیجرائاتیان لەگەڵ بکرێ لەسەر ئەوەی کە:

- هاوپەیمانیەتی لەگەڵ لایەنەکانی (جود) پەیڕەو ناکەن.
- لە پشتی حزب و بێ ئاگاداری پەیوەندی دەرەوە لە ئێران، ڕاستەوخۆ پەیوەندیان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران کردووە و کۆمەک و یارمەتی تایبەتیان بۆ خۆیان لێوەرگرتوون و بە حزبیشیان نیشان نەداوە.
- بەبێ وەرگرتنی ڕای مەکتەبی سیاسی بە دەرچوونیش لە سیاسەتی حزب و (جود) پەیوەندی و ڕێکەوتنیان لەگەڵ (ینک) کردووە.
- بڕیار و ڕاسپاردەکانی مەکتەبی سیاسیان پشت گوێ خستووە و پەیڕەویان نەکردووە.

هەڵبەتە ڕاستیان دەکرد، ئەو بەڵگانەش وەک ڕۆژی ڕووناک دیار بوون و ببونە واقیعی سەرکردایەتی لقی سلێمانی حزب. بەڵام کاتێ ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە گەیشتنە ورمێ و بە ئامادەبوونی (دۆستان) بەشداری کۆبوونەوە حەوت قۆلیەکەیان کرد، ئەو مەسەلەیە (١٨٠) پلە بە پێچەوانەوە گۆڕدرا، لە هەموو لایەک لەسەر داوا و ئامۆژگاری (دۆستان) کلکیان کردە یەک دژی خەڵکە شۆڕشگێڕەکە، چونکە بە قسەی خۆیان خەتەری ئەوان لە پێشترە لە شتەکانی تر. ئەوە بوو بە زۆربەیەکی درۆزنانە لە سەرکردایەتی حزبدا پیلانەکانی خۆیان ئەنجامدا، جا ئەمە بوو بە بەڵگەی زیندووی بڕیاری پێشەکی و یەک لایەنی ئەو تاقمە نیە پێش هاتنە کۆبوونەوە؟ ئەمە بۆ مانای وا نیە تەقاندنەوەی وەزعەکە و تێکدانی حزبەکە دەستی خەڵکی لایدەشی تێدا نەبووە؟ ئێمە ئەو حوکمە تەنها بۆ هەڤاڵانی حزب و دۆستەکانمان و جەماوەری شۆڕشگێڕی گەلەکەمان بەجێ دێلین.

سەبارەت بەو کێشە ئایدۆلۆژی و تەنزیمی و سیاسی و ئیداریانەی کە لە سەرەوە پەنجەمان بۆ ڕاکێشان ڕاوبۆچوونی جیاوازی زۆریان لە سەر دروستبببوو. بە تایبەتیش لە کۆبوونەوەی ئەم دوایەی کۆمیتەی ناوەندی، خۆی لەم خاڵانەی خوارەوە دەنواند:

١- لە ڕووی ئایدۆلۆژیەوە:

ئەو تاقمە زۆر بێ شەرمانە و بە ڕاشکاوی لە کۆبوونەوەدا ڕایانگەیاند و پاشان بڕیاریشیان پێوەرگرت کە حزبی دیموکراتی شۆڕشگێڕ کە تەنها حزبێکی نەتەوەییە و خەباتەکەشی هەر خەباتێکی نەتەوایەتیە ئێستا بە هیچ جۆرێک نابێ خۆی لە قەرەی خەباتی چینایەتی بداو لە ئایندەشدا واتە دوای تەواوکردنی ئەرکەکانی ئەم قۆناغەش (قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی) بۆی نیە تحویل ببێ بۆ حزبێکی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بەو پێیە بە فەرمودەی ئەوانبێ دەوری مێژوویی ئەو حزبە لەگەڵ تەواوبوونی خەباتە نەتەوایەتیەکە تەواو بێت و کۆتایی پێبێت. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پاشگەزبوونەوەیەکی تەواوی ئەم تاقمە بوو لە ڕێبازی ئایدیۆلۆژی حزبدا کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە و دەڵێت: (حزبی سۆسالیستی کوردستان _ عێراق، حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕی پێشکەوتن خوازە). هەر لە هەمان مادەش لە خاڵی دووەم هاتووە دەڵێت: (حزب خەباتی نەتەوایەتی خۆی بە خەباتی کۆمەڵایەتی دەبەستێتەوە). لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەشدا هاتووە دەڵێت: (حزبمان باوڕی تەواوی بە سۆسیالیزمی زانستی و بە یەکەوە گرێدانی دیالیکتیکیانەی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی هەیە). لێرەدا زۆر بە باشی بۆمان دەردەکەوێ کە حزبمان وەکو لە پەیڕەو و پڕۆگرامەکەشیدا هاتووە قۆناغێکی سەروتری حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕە. تاقیکردنەوەی حزبی دیموکراتی شۆڕشگێڕیش وەکو ئاشکرایە تاقیکردنەوەیەک نیە تەنها تایبەت بێ بەکوردستانی ئێمە و ئەو تاقمە بە تێکەل و پێکەلکردن و تێگەیشتنێکی نا زانستیانە لە مەڕ ڕێبازی ئیمڕۆی دیموکراتی شۆڕشگێڕ لە دونیادا بە کەیفی خۆیان لێکدانەوەی بۆ بکەن و لە قالبی بدەن چونکە حزبی دیموکراتی شۆڕشگێڕ دەمێکە لە جیهاندا بە تایبەتیش لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیادا دیاردەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تازە پێکدێنێ، وە دەربڕینێکی ئارەزووی (تطلعات) ئەو هێز و ڕێکخراونەیە کە دەیانەوێ گۆڕانێکی قووڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا بکەن و بۆ خۆ بواردنیش لە ڕێگەی گەشەکردنی سەرمایەداری چوون بەرەو سۆسیالیزم

(طريق التوجه الاشتراكى) لە گەشەکردنی کۆمەڵدا بگرنە بەر، تاقیکردنەوەی سەرکەوتووانەی ئەو چەند ساڵەی دوایی دیموکراتە شۆڕشگێڕەکانیش لە چەندین وڵاتدا هەر ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە مادام ئیمڕۆ سۆسیالیزم لە جیهاندا بووە بە هێزێکی دیاریکەری ڕێگای ئاسایی گەشەکردنی مرۆڤایەتی، حزب و ڕێکخراوە دیموکراتیە شۆڕشگێڕەکان کە تیوری سۆسیالیزمی زانستی لە خەباتیاندا ئیلهام بەخش و ڕێپیشاندەریانە، ئەوا لە توانایاندا هەیە ڕابەرایەتییەکی سەرکەوتوانەی بنکەیەکی بەرینی جەماوەر بکەن چ لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیدا کە خەبات ئەو کاتە لە پێناوی نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوایەتی دەسەلاتی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم و ڕژێمە دکتاتۆر و فاشستەکانی نۆکەریانە، یا لە دوای تەواوکردنی ئەرکەکانی ئەو قۆناغەش کە خەباتی دیموکراتی شۆڕشگێڕەکان پێ دەنێتە قۆناغی تازە و باڵاتر، کە ئەویش سەنگەر گرتنە دژ بە دەستەڵاتی سەرمایەداری و لە پێناوی نەهێشتنی چەوساندنەوەی چینایەتی دامەزراندنی سیستەمێکی سۆسیالیستی. هەر پێکەوە گرێدانێکی دیالیکتیکانەی ئەو دوو قۆناغەشە، خەبات و ناسنامەی حزبە دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان لە حزبە نەتەوەییە بۆرژواکان جیا دەکاتەوە، کە ئەو تاقمە لادەرە یا تێی نەگەیشتوون، یا ئەوەتا بە حوکمی بەرژەوەندی چینایەتی تەسکی خۆیان لێی پاشگەز دەبنەوە و خۆی لێ گێل دەکەن.

دیموکراتی شۆڕشگێڕ لە سەردەمی ئیمڕۆدا بەو حزبانە دەگوترێ کە باوڕی تەواویان بە سۆسیالیزمی زانستی هەیەو لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیدا هەردوو خەباتەکە (نەتەوایەتی و چینایەتی) بە یەکەوە دەبەستێتەوە و بنکەکانی خۆیان بە بیر و باوەڕی سۆسیالیزم و سەرەتایەکانی تری مارکسیزم _ لینینزم پەروەردە دەکەن و لە ڕێڕەوی گەشەکردنی پرۆسەی شۆڕشگێڕی ئەو خەباتەشیاندا، خۆشیان زرەفی زاتی و بابەتی لە باریان بۆ دەڕەخسێ کە لە حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕ بگوازنەوە بۆ حزبێکی شۆڕشگێڕی چینی کرێکاران. ئەمەیە سروشت و ناسنامەو هێڵە فکریە ڕاست و ڕەسەنەکەی حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، کە ئەو تاقمە بە حوکمی

سروشتی چینایەتی خۆیان لە نیوەی ڕێگادا وەستاون و لێی پاشگەز بوونەوە.

٢ . لە ڕووی تەنزیمیەوە:

هەر وەکو لەوە پێش پەنجەمان بۆ ڕاکێشا کە ئەو تاقمە لادەرە هەر لە سەرەتاوە لە دارشتنی بەرنامەیەکی ڕێک و پێک و هەمە لایەنە لە بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی حزب خۆیان دەبوارد مەسەلەی ڕێکخستنیش (کە بنچینەی هەر حزبێکی شۆڕشگێڕە) ئەمەشیان نەک هەر بایەخی پێ نەدرا، بەڵکو بە ئاشکراترین شێوە سەرەتاکانی دەبەزێنرا ئەو بەزاندنەی کە هەمیشە خۆی لەو خروقاتانەی خوارەوە دەنواند:

(نەبوونی سەرکردایەتیەکی بە کۆمەڵ، خۆ بواردنی بەردەوام لە ئەنجامدانی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی، دابەشکردنێکی نا دروستی کادران بەسەر ئیش و کارەکان، نەبوونی پەروەردە و پێگەیاندنی حزبی، بەزاندنی زنجیرە و شیرازەی ڕێکخستن، داپۆشینی گیرۆگرفتەکان یا خستنە ڕوویان لە دەرەوەی کۆبوونەوە حزبیەکان، تێپەڕکردنی (تجاوز) دەسەڵات و سنووری ئیشکردنی دەزگا و لق و ناوچەکان، پەیڕەو نەکردنی سەرەتای پێشخستن و دەستگرتن لە حزبدا، لە سەرووی ئەمانەش هەمووی خۆ بواردنی بە ئەنقەست لە بەستانی کۆنگرەی دووەمی حزب کە بە پێی بڕیاری کۆنگرەی یەکەم دوو ساڵی بە سەردا تێپەڕیبوو).

ئەم خروقاتە تەنزیمیانەی سەرەوە و چەندین خروقاتی تریش، دەورێکی ڕاستەوخۆیان هەبوو لە سەرهەڵدان و دروستبوونی گیروگرفتەکان کە لەم دواییەدا هێز و توانای حزب و حەماسەتی ئیشکردنی کادیر و پێشمەرگە و ئەندامانی بە تەواوی کزو لاواز کردبوو. چونکە لاوازبوونی ڕێکخستن لە ژیانی حزبدا واتە نەمانی ناوەندییێتی حزب، نەمانی دیسپلین و زەبت و ڕەبتی حزبی، کە ئەمەش بە مانای فەساد بوونی ورە و تواناو دەست پێشخەری کادیر و ئەندامانی حزب و نەمان و لێک ترازانی یەکێتیە ئایدۆلۆژی و سیاسیەکەیەتی کە بە تەنها لە یەکێتیی ڕێکخستنێکی پۆڵاینەوە دروست دەبێ.

٣ .لە ڕووی ئیداری و داراییەوە:

مەسەلەی ئیداریش وەکو هەموو مەسەلەکانی تر لە سایەی نەبوونی نەخشەیەکی ڕێک و پێکی ئیدارە و دارایی لە کۆکردنەوە و زەبتکردنی داهات و دابەشکردنی عادیلانەی بەسەر دەزگاکانی حزب و هێزی پێشمەرگە یەکێک بوو لەو گرفتانەی کە تووڕەیی و ناڕەزاییەکی زۆری لەسەر بوو. دەمێکیش بوو حزب بە دەستیەوە دەینالاند، تاوای لێهات ببێتە یەکێک لە گیروگرفتە سەرەکیەکانی حزب و لە توانادا نەمینێ چیتر تەحەمول بکرێ، بە تایبەتیش لەو ساڵانەی دواییدا کە دەسکاری و دەستێوەردانێکی (تلاعب) بێ حسێب و بە ئاشکرا لە داهات و دەستکەوتەکانی حزب دەکرا، ئەمە جگە لەو پاشاگەردانیەی کە لە هەرێمەکانی هێزی پێشمەرگە و دەزگاکانی عیلاقاتی دەرەوە دروست ببوون. دوو نموونەی زەقمان لەو بارەوە ئەو (١٨٠) هەزار دینارە بوو کە لە ساڵانی (١٩٨٢ – ١٩٨٣) لە لایەن شەخسی سکرتێرەوە بێ حساب و کتاب سەرف کرابوو، کاتێکیش لە کۆبوونەی ئابی (١٩٨٣) بە ڕەسمی داوای خستنە ڕووی شێوە و چۆنیەتی ئەو سەرف کردنەی لێ کرا بە ئیحراجییێکی زۆرە دیگووت: (هیچم بە بێ لیست سەرف نەکردووە بەڵام لیستەکان هەموویان لە ئینسحابەکەی ئاشقولکە بزر بوون و سەریان تێچووە).

هەروەها ئەو (٦٠) هەزار دینارەی ئەو دواییە (وەفدی حزب) بە هەرچی تەنازولێک لە دەرەوە پەیدایان کرد بوو، بەڵام وەکو هەر بۆ شەخسی خۆیان پەیدا کردبێ لە هەر هەموو ئەومەبلغە تەنیا (٣٥٠٠) دینار گەیشتەوە کوردستان و دەستی هەڤاڵانی(م .س).

کاتێکیش لە کۆبوونەوەی ئەم جارە ئەم مەسەلەیە لە بەردەمی هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی داوای چۆنیەتی سەرفکردنی ئەو مبلغەی لێکرا، هیچی نەوتوو و تەنانەت لیستی سەرفەکەشی پێنەبوو بیخاتە ڕوو، تەنیا ئەوە نەبی گوایە ئەو مەبلغە دراوتەوە قەرزە کۆنەکان! جەنابی سکرتێریش ئامادەیە ئەگەر پێی باوەڕ ناکەین لیژنەیەکی لێکۆلینەوەی لە سەر دروست بکەین، بەڵام مەسەلەکە ئەوەندە ڕوون بوو بۆ ئێمە پێویستی بە لیژنەی لێکۆلینەوەش نەدەکرد. هەتا ئەگەر ئەو لیژنەیەش دروست کرابا لە کێ؟

لەوانەی کە شەریکی جەنابی سکرتێرن لەو هەموو مەسەلانە.

٤ . مەسەلە سیاسیەکان:

هەر وەکو گوتمان بێجگە لە ناکۆکیە ئایدۆلۆژی و تەنزیمی و ئیداریەکان، لەو دوایەدا ڕاوبۆچوونی جیاوازیش لە سەر زۆر مەسەلەی سیاسی گرنگ دروست ببو کە ئەوانیش زیاتر خۆیان لەم مەسەلانەی خوارەوە دەنواند:

أ- هەڵوێست لە شەڕی عێراق و ئێران:

دوای ئەوەی درێژ بوونەوەی شەڕی کاولکاری عێراق و ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاکامی زیانبەخش و مەترسیداری لەسەر گەل و وڵاتەکەمان دەهێنا گۆڕێ، کە هەموو بوارەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی گرتبووەوە، وێڕای هۆکاری هێزە بەرهەڵستکارەکان ئەویش بە لەدەست چوونی زۆر لە ناوچە ڕزگارکراوەکان، دوای ئەوەی ئەو ناوچانە بوونە مەیدانی پێکدادانی هێزەکانی عێراق و ئێران و بە ناچاری پێشمەرگەی لێکشایەوە. سەرەڕای ئەمانە جیاوازیەکی زۆریشی لە هەڵوێست و بۆچوونی هێزە بەرهەڵستکارەکان پەیدا کرد تاوای لێهات وەکو ئێستاش بە ڕوونتر دەیبینین دوو هەڵوێست لەسەر ئەم شەڕە دروست بێ هەڵوێستێکیان داوای ڕاگرتنی بە پەلەی ئەو شەڕە بکات، ئەوی تریشیان بەردەوام بوونی شەڕەکە لە خزمەتی بەهێزبوونی شۆڕش و پاشانیش ڕوخاندنی ڕژێم بزانێت. بە نیسبەت حزبەکەی ئێمەش بەو دواییە نەک گیروگرفتەکانی، بەڵکو سلبیات و تەئسیری ئەو شەڕە، تێگەیشتنێکی ڕوخێنەرانەشی بۆ ئەو تاقمە دروست کرد، بە جۆرێک کە بەڕاشکاوی و بێ شەرمانە چ لە کۆبونەوە یا لە دەرەوەی کۆبونەوەکان ڕایانگەیاند کە (هەڵومەرجێکی دژواری وەکو ئیمڕۆدا کە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان لە سایەی درێژە کێشان و ئاکامە زیان بەخشەکانی شەڕ پێیدا تێدەپەڕێ لایەنە سیاسیەکان هەرگیز لە توانایاندا نەماوە بە بڕوا بە خۆ بوون و پشت بەستن بە جەماوەر خەبات بکەن، بەڵکو لە ڕووی عەمەلیەوە دەبێ لەگەڵ یەکێک لە هەردوو دەوڵەتی شەڕکەر ئێران یا عێراق هاوکاری بکەن، مەسەلەی سەربەخۆیی سیاسی حزبیش، وەکو هەندێ کەس بە دەمیانەوە گرتووە ئەوە هەر زۆر بلێی و مزایەدەی ئەو کەسانەیە،

هەڵومەرجی بابەتی خەبات لە بەر چاو ناگرن). دیارە مەبەستیان لەو کەسان ئێمە بوو، کە بە توندی داوای پارێزگاری سەربەخۆیی حزبەکەمان دەکرد و دژی ئەو بۆچوونە بەزیوو هەڵپەرستانەی ئەوان بوو. مەسەلەی دیاریکردنی هەڵوێستێکی مەبدەئی و نیشتمانیش لەو شەڕە کۆنە پەرستیە، دیارە هەر بەهەمان شێوەی سەرەوە جێگەی ناکۆکی و مشتومڕێکی زۆربوو لە کۆبوونەوەکاندا. لێدوان لەسەر ئەم خاڵە بە تەنیا زیاتر لە شەو و ڕۆژێکی وەختی کۆبوونەوەکانی داگیرکرد، ئەوان بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوون حزب بە ڕاشکاوی دروشمی ڕاگرتنی شەڕ، وەکو پێویستیەکی نیشتمانی لە ئێستادا خۆی دەنوێنێ بەرز بکاتەوە. کاتێکیش لە گەرمەی مناقشەکاندا لێمان پرسین باشە ئەدی ئێوە لەو ڕۆژانە بۆ خۆتان واتە (وەفدی حزب) کە لە دەرەوە بوون بەیانێکی هاوبەشتان لەگەڵ برادەرانی (حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی _ سەرکردایەتی هەرێمی عێراق) دەرکردوە و تێیدا داوای ڕاگرتنی بە پەلەی ئەو شەڕە دەکەن؟ لە وەڵامدا بە بێ چرکەیەکیش دابمێنن گوتیان ئێمە باوەڕمان بەو شتە نەبووە ئەو بەیانە هاوبەشەش لەگەڵ حزبی بەعس دەرمانکردووە شتێکی تاکتیکی بوو.

ب- پەیوەندی لەگەڵ ئێران:

یەکێک لەو بڕیارانەی کە لە کۆنگرەی یەکەمی حزب وەرگیرا ئەوە بووە هەوڵبدرێت پەیوەندییێکی دۆستانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دروستبکرێ، ئەو پەیوەندیەش بریتی بێ لە توندکردنی خەباتی حزب لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لە ناوچەکەدا و سوود ورگرتن لەو ناکۆکیەی کە دەوڵەتی ئێران لەگەڵ ڕژێمی فاشی سەددام هەیەتی. بۆ ماوەیەکی زۆر واتە تا ئەو کاتەی ئەو تاقمە باڵا دەستییەکی ئەوتۆیان لە سەرکردایەتی حزب پەیدا نەکردبوو ئەو بڕیارەی کۆنگرە بە ئەمانەتەوە جێبەجێ دەکرا، ئەو پەیوەندیەش کە هەبوو نەک بۆ بەهێزکردنی خەبات دژی ڕژێمی فاشی سەدام کە دوژمنی ناوکۆی هەدوولا بوو، بەڵکو هەمیشە بۆ قازانج و بارسوکی دۆستەکانی حزبیش سوودی لێ وەردەگیرا، بەڵام لە دوای ساڵەکانی (١٩٨٣- ١٩٨٤) دا بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە

ئەو تاقمە لاوازی حزبەکەیان قۆستەوە و زیاتر دەستیان بەسەر حزبەکەدا گرت و بارەگاکانیشمان بە ناچاری کەوتبوونە سەر سنوورەکانی دیوی ئێران هەروەها ئەو تاقمە سەرەڕای بەرهەڵستکردنێکی زۆر و بەردەوامی کادیر و پێشمەرگەکانی حزب هەمیشە لە ژێر ناوی موحتاجی و دابینکردنی ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە کە هەوڵیان دەدا بە خشکەیی ئەو سەرەتاییە پێشێل بکەن کە لە کۆنگرەدا بڕیاری لەسەر درا بوو، تاوای لێهات لەو دوایەدا پەیوەندیەکە بە تەواوی کەوتنە سەر حیسابی سەربەخۆی حزب ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو بەرەڵلایی و خروقات و تجارەتەی کە بە هۆی ئەو عیلاقاتەوە دەکرا ئەوش نەک هەر بۆ هەڤاڵانی حزبی خۆمان، بەڵکو بۆ خەڵکی لایدە و هەندەرانیش شاراوە نەبوو، چونکە کێ پێ نەزانێ ئەو تاقمە چۆن و بە چ شێوەیەک دەستی خەڵکێکی دزو جەردەی شەریک و ئەلقە لە گوێی خۆیان بەرەڵا کردبوو کە هەرچی دەیکەن بیکەن. تەنانەت لێپێچینەوەشیان لەسەر نەبوو. ئێمە لەو تاقمە و دۆست و لایەنەکانیش دەپرسین کە شایەتی ئەو ڕاستیەن، ئایا ئێمە مەکتەبی عیلاقەتی خاریجیمان هەبوو لە ئێران یا مەکتەبی سەفەریات و تجارەت و قۆڵبڕینی خەڵک؟ کێ بێ نەزانێ (خروجیە)ی چوونە دەرەوە (لیسەپاسە) و ئیجازە فرۆشتن تەنیا لە دوکانەکانی عیلاقاتی حزبەکەی ئێمە لە ئێران دەست دەکەوت. ئەمە سەرەڕای ئەو (٢٠) تۆن ئەرزاقەی کە مانگانە وەردەگیرا لەگەڵ ئەو هەموو داو و دەرمان و پەتوو کۆمەکەی تر کە هیچی نەدەگەیشتە پێشمەرگە. ئایا خەڵکە دڵسۆز و حزبیەکە تەنانەت نەخۆش و زەماله و بریندارەکانمان ئەوان بەرێ دەکران بۆ دەرەوە یان ئەو بەرێزو نەناسیارانەی کە پارە و بەرتیلیان دەدا؟. بچوکترین نمونەی زیندومان بۆ ئەو ڕاستیەی سەرەوە هەر تەنها مشتێکی خەر واریکە، ئەو ڕۆژانە بوو کە هەموومان زیاتر لە (١٥٠) پێشمەرگە لە سەر وبەندی دوا کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە (شوشان) کۆبوینەوە کە چەند ڕۆژ بوو ئەو خەڵکە چایە نەبوو بیخواتەوە چونکە ئەو (٥) تۆن چایەی کە وەکو وەجبەیەکی تایبەتی وەرگیرابوو لە عیلاقات فرۆشرابوو! یان ئەو هەڤاڵ و پێشمەرگانەی کە ماڵیان لە ئێران

بوو، ئەو هەموو ئەرزاق و کۆمەکەش بە ناوی ئەوان وەردەگیرا کەچی نان نەبوو بیخۆن و بۆ خۆژیاندن هەندێکیان کرێکاریان دەکرد، یان بەناچاری و لەبرسان تەسلیم بە ڕژێم بوونەوە جگە لە وەش سەیر و سەمەرەتر ئەو تاقمە لە کاتێکدا خۆیان لە قەسرەکانی شاری (ورمێ) لە ئێران دژیان بانگی ئەو هەڤاڵانەی ئێرانیان کرد بوو پێیان گوتبوون ناتوانین بتانژێنین دەبێت بۆ خۆتان کاسبی بکەن، یان ئەوەتا وەکو تەکتیک و بۆ خۆ ژیاندن ئەگەر دەتوانن ببن بە ئیسلامی. ئەمە و دەیان و سەدان دزی قۆڵبڕی تر کە ئەو تاقمە لە کاروباری ئەو عیلاقاتە بەناوی پێشمەرگە و لەسەر حسابی خوێنی شەهیدان بازرگانیان پێدەکرد.

ج- پەیوەندی لەگەڵ (جود):

ماوەیەک بوو ئەو تاقمە بە تایبەتیش لە دوای گەڕانەوەی هەندێکیان بە ناوی وەفدی حزب لە دەرەوە، هێرشێکی سلبی ناڕەوایان دژی (جود) و لایەنەکانی دەست پێکرد بوو کە گوایە لەو سەفەرە لە دەرەوە بۆیان دەرکەوتووە کە(جود) کۆسپە لەبەردەم پێکهێنانی بەرەی بەرفراوان یا خود دەیانگوت (جود) هەر بۆ داپۆشینی کەم و کوڕی لایەنەکە و ئەو چوارچێوەیە ئێستا بە دەردی ئێمە نایخواو زۆر شتی تری لەو بابەتە. لە ڕاستیدا ئەو بۆچوون و پڕوپاگەندەی ئەوان بۆ سەر (جود) و لایەنەکانی پێش کۆبوونەوە یاخود دوای کۆبوونەوەکان لەلایەن ئێمەوە زۆر بە توندی بەرپەرچ دەدرایەوە و بە ڕاشکاوی پێیان دەگوترا کە ئەو بۆچوون و تێگەیشتنە عەنتیکەیە تەنیا ئێوە بۆ خۆتان لەسەفەری دەرەوەتان قەرز کردووە، ئەگینا ئەوە بە هیچ شێوەیەک ئەوە سیاسەتی حزب نییە کە لە کۆنگرەی یەکەمدا لەمەڕ هاوپەیمانیەتی لەگەڵ (جود)دا بڕیاری لەسەر دراوە. (جود) سەرەڕای کەموکوڕی و سلبیاتەکانی یا ئەو کەند و کۆسپانەی کە دەهێندرێتە ڕێگای خەبات و تێکۆشانی بەڵام تاقی کردنەوەی چەند ساڵەی رابردوو لە خەباتی پڕ سەروەریانەی (جود) و لایەنەکانی زۆر بە ئاشکرا دەریان خستووە کە (جود) ئیمڕۆ بەهۆی نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتووی بەرفراوان باشترین و سەرکەوتووترین چوارچێوەیە و قسەو قسەلۆک و دژایەتی کردنی (جود)

و لایەنەکانیشی ئەگەر بۆخۆشتان بێ و بۆ خەڵکانی تریش لێک نەدرێتەوە، ئەوە بە هیچ جۆرێک خزمەت بە ڕاستکردنەوەیەکی دڵسۆزانەی یەکتر لە چوارچێوەی کۆبوونەوەکاندا لە ڕەوتی خەباتێکی شێلگیرانەی هەموو لایەک زامن و دەستەبەری بە هێز کردنی ئەو بەرەیە و نەهێشتنی کەموکوڕی و ناتەواویەکانیەتی.

د- هەلوێست لە (ینک):

ئەوەی جیاوازیەکی ئەوەتۆی لەسەر نەبوو لە کۆبونەوەکاندا دیاریکردنی هەڵوێستی ڕاست و دروست بوو لە پێکهاتنەوە و ڕێکەوتن لەگەڵ (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)دا. کە بڕیار درا هەڵوێستی حزب هەڵوێستی ڕوون و ڕاگەیاندراوی (جود) بێ لە سەر بنچینەی هەڵوێستی ڕوونی (ینک) لە بەرزکردنەوەی دروشمی ڕوخاندنی ڕژێم و دان نان بە هەڵە و بێ ئاکامی (مفاوضات)ەکەیان دیاریکراوە.

بۆیە بڕیار درا کە حزب بێ لایەنەکانی (جود)و لە دەرەوەی چوارچێوەی (جود) هیچ نزیک بوونەوە و ڕێکەوتنێک لەگەڵ (ینک) ناکا. ئەمە دەقی هەڵوێستی حزب بوو بەرامبەر(ینک) لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ئەم دوایەدا، کە هەر وەکو گوتمان جیاوازیەکی ئەوەتۆ لەسەری لە نێواندا نەبوو، بەڵام ئەوەی بە پێویستمان زانی سەرەڕای نەبوونی جیاوازیشمان لەو هەڵوێستەدا لێرە ڕوونی بکەینەوە سیاسەتی خۆ بەدەستەوەدان و هەڵپەرستانەی ئەم تاقمەیە کە لە سەرەتا چۆن و بە چ شێوەیەک هەڵوێستی مەبدەئی ئێمەیان بەرامبەر بە (ینک) دەشێواند کەچی هێندەی پێ نەچوو وەکو زۆربەی مەسەلەکانی تر کە هەڵپەرستی و گەڕان بە دوای دەستکەوتی تایبەتی و کاسە لێستنەوە هەر لە خۆیان دەوەشێتەوە ئەوتا وەکو دەیبینین چۆن بێ قەیدو شەرت تەسلیمی (ینک) بوون ئەم تەسلیم بوونەی نەک هەر دەرچوونە لە هەڵوێستی یەکگرتوانەی (جود)و لایەنەکانی بەڵکو دەرچوون و بادانەوەشە لە سیاسەتی حزب کە دوێنێ خۆیان لە کۆبوونەوەکان بڕیاریان لەسەر دابوو.

هـ - هەڵوێست لە لێکدانەوەی وەزعی نێودەوڵەتان.

مەبەست لە لێکدانەوەی وەزعی نێودەوڵەتان دیتن و ناسینی ڕاست و دروستی حزبە شۆڕشگێڕەکانە لە دوو سیستەمە کۆمەڵایەتیە جیاوازو دژ بە یەکەی ئیمڕۆ لە جیهاندا، سیستەمی سۆسیالیستی و سیستەمی سەرمایەداری. ئەو دیتن و ناسینەی کە تەنیا خۆی لە لێکدانەوەیەکی واقیعانە و زانستیانەی حزبە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتووخوازەکان دەبینێ بەرامبەر بە دوو سیستمە کۆمەڵایەتیە جیاوازە و ئەو کێشە و گیروگرفتانەی کە ئیمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر ئاوقای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبنەوە و هەڕەشەی نەمان و لە نێوچوونی لێ دەکەن. ئیمڕۆ بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی گەلان شانبەشانی هەردوو پەلەکەی تری شۆڕشی جیهانی دژ بە ئیمپریالیزم (ڕێکخراوی وڵاتانی سۆسیالیستی و بزووتنەوەی کرێکاران لە وڵاتانی سەرمایەداری) ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو دەبینێ لە خەبات دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و لە پێناوی دابین کردنی سەربەستی و دیموکراسی و سۆسیالیزم لە جیهاندا. یەکێکیش لەو کێشە ئالۆز و چارەنووس سازەی کە ئیمڕۆ لەم سەردەمەدا لە هەموو کاتێک زیاتر ئاوقای ئەو شۆڕشە مەزنە و سەرجەم مرۆڤایەتی دەبێتەوە مەسەلەی ئاشتیە ئەو مەسەلە گرنگەی هەموو شێوازەکانی تری خەباتیشی پێوە بەستراوەتەوە لە خەباتی چینایەتیەوە بگرە تا دەگاتە بنیادنانی سۆسیالیزم. بۆیە دیاریکردنی هەڵوێستێکی ڕاست و دروست و بەرپرسیارانە بەرانبەر ئێمە و ئەم مەسەلە گرنگەش لە لایەن حزبە شۆڕشگێڕەکانەوە زیاتر بەستراوەتەوە بە هەڵوێستی نێونەتەوەیی ڕوون و بە کردەوەی ئەو حزبانەوە. ئەو هەڵوێستەش خۆی لە خۆیدا ڕەنگدانەوەی سیاسەتە ناوخۆییەکەمانە. بەڵام ئەوەی ئەم جارەیان بە پێچەوانەی هەموو جارەکانی تر لە کۆبوونەوە بینیمان پاشگەزبوونەوە و لادانێکی تەواوی ئەو تاقمە بوو لەو ڕاستیانەی سەرەوە کە تا ئەو کۆبوونەوەیەی دوایی خۆی لە هەڵوێستێکی ڕاستی حزبەکەمان دەنواند بەرامبەر لێکدانەوەیەکی زانستیانەی وەزعی نێو دەوڵەتان.

لێرەدا تەنیا یەک نموونە بەسە بۆ ڕاست دەرچوونی ئەم قسانەی سەرەوەمان ئەویش ئەوەیە، کاتێک بەیانی کۆتایی هێنان بە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی

پاکنووس کرابوو لە هەڵوێستی حزب بەرانبەر وەزعی نێودەوڵەتاندا هاتبوو کە (حزب پشتگیری لە دەست پێشخەری ئاشتیخوازانەی یەکێتیی سۆڤیەت وولاتانی تری سۆسیالیستی دەکات لە چارەسەرکردنی باری گرژی نێو دەوڵەتان). تەنیا لەسەر ئەوەندە خەڵکێک لە ڕیزی ئەو تاقمە کۆبوونەوەی بە جێهێشت و ڕایگەیاند کە لەسەر ناوهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت (ڤیتۆ)ی هەیە ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە میانی کۆبوونەوەکەدا زۆر بە توندی دژی دەسپێشخەریەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەستان. وەک بینیشمان بەلاغی کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەرچوو بێ ئەوەی ئەم سەرەتایانەی لە سەرەوە خستمانە ڕوو لە ناوەڕۆکی خۆیدا بگرێ. لێرە ئەم پرسیارە خۆی ئاراستە دەکات، ئایا دەبێ حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕ پەیڕەو لە سۆسیالیستی زانستی بکاو کەچی دژی دەست پێشخەریەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیستەکان بێت و تەنانەت دژی ناوهێنانیشیان بێ؟.

ئەمە بوو بەشێکی زۆری ئەو ناکۆکیە ئایدۆلۆژی و سیاسی و گیروگرفتە تەنزیمی و ئیداریانەی کە لادان و پاشگەزبوونەوەی بە ئاشکرای ئەو تاقمەی پێوە دیارە، ئەمەش سەرەڕای ئەو بڕیارە نادروست و ناڕاستەی کە ئەم تاقمە لادەرە لە کۆبوونەوەکانیدا بە زۆربەیەکی درۆزنانەی بەسەر خەڵکە شۆڕشگێڕەکەیاندا سەپاند. کە هەر هەمووی بە پێچەوانەی سەرەتاکانی پەیڕەو و پڕۆگرام و ویست و خواستی کادیر و هەڤاڵانی حزب بوو جێبەجێ کردنیشیان، نەک هەر لە توانای دانەبوو بەڵکو بە هیچ جۆرێکیش لە خزمەتی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و بۆ پێشەوە بردنی حزبەکە نەبوو. ئەمەش وایکرد کە دەزگا ناوەندیەکانی حزب و لق و ناوچەکان لە هەولێر و دهۆک و باڵەک و قەڵادزە هەموویان تێکڕا لە (١٩٨٥/٨/١٣) یاداشتێک بە مەکتەبی سیاسی بدەن تیایدا داوای چاوخشانێک بەو بڕیارانەیان لێکردن کە بە زۆر سەپاندویانە و هەڕەشە لە یەکێتی ڕیزەکانی حزب دەکەن. بۆ ئەم مەبەستەش لە یاداشتەکە پێشنیاریان کرد، ئەگەر چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە لە دەستی ئێوەش واتە سەرکردایەتی حزبدا نەماوە داوا دەکەین کە زمینە

خۆشبکرێ بۆ بەستانی کۆنفرانسێک لە ماوەی دوو مانگدا، ئەگەر هەر نا کاتی بەستنی کۆنگرەی دووەمی حزب دیاری بکەن کە دوو ساڵی بەسەردا تێپەڕیووە. بەڵام وەک چاوەڕوانیش دەکرا ئەو تاقمە نەک هەر ئامادە نەبوون ئەمە بکەن بەڵکو ئامادە نەبوون تەنیا وەڵامێکی ئەو یاداشتەش بدەنەوە سەرباری ئەوەش وەکو ئەم خەڵکە کرێگرتەی ئەوان بێت بە شێوەیەکی زۆر ناڕەواو بیرۆکراتیانە و دوور لە ساکارترین سەرەتای حزبایەتی و ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە ڕایانگەیاند ئەو بڕیارانەی دراون هەر ئەوەیە و ئەوەی ڕازیش نیە جێبەجێیان بکات دەتوانێ خواحافیزی لێبکات.

بەم جۆرە، ئەم خەڵکەیان خستە بەردەم هەڵبژاردنێکی گران، یان دەبوایە ڕازیبن بەو لادان و پاشگەزبوونەوەی ئەوان و ببنە ئامرازێکی جێبەجێکەری سیاسەتە چەوتەکەی ئەوان، ئەو سیاسەتەی بە تاقیکردنەوە بێ ئاکامی و نەزۆکی دەرکەوتووە یان دەبوایە هەڵوێستێکی مەبدەئی و شۆڕشگێڕی دژ بە لادان و پاشگەزبوونەوەی ئەوان وەربگرن هەتا ئەگەر ئەو هەڵوێستە بە کەرت بوونی حزبەکەش کۆتایی پێبێت. ئەوە بوو بە پێناخۆشبوونێکی زۆرەوە ڕێگەی دووەم واتە ڕێگەی وەرگرتنی هەڵوێستی شۆڕشگێڕی پەسند کرا، کە ئەمەش لە سەرەتا بریتی نەبوو لە جیابوونەوە، بەقەدەر ئەوەی بریتی بوو لە داواکردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی شۆڕشگێڕانە لە لابەلا کردنی گیروگرفتەکان و ڕێگا گرتن لە مەترسی تەقینەوی وەزعەکە یان بە لای کەمی دواخستنی بۆ ماوەیەکی تر. بۆیە بڕیار درا ئەو هەڵوێستە بە دوو قۆناغ دەستپێبکات قۆناغی یەکەم دوورکەوتنەوە لەو تاقمە، چونکە هەوڵیان دەدا سەرەڕای دروستکردنی ئەو وەزعەش پیلان بۆ لێدانی خەڵکەکە و تەقاندنەوەی وەزعەکە بە پێکدادانێکی چەکداری ساز بکەن، بۆ لەکەدارکردنی هەڵوێستی خەڵکە شۆڕشگێڕەکە بۆیە ئەم دوورکەوتنەوەمان هەر بۆ ئەوە بوو، هەم ئەو پیلانەیان بۆ سەرنەگرێ و هەمیشە بوارێکیان بدرێتێ بەڵکو چاوێک بەم سیاسەتە چەوتەیاندا بخشێنن، قۆناغی دووەمیش لەو هەڵوێست وەرگرتنە بریتی بوو لە ماوەیەک چاوەڕێکردن، ئەگەر هاتوو ئەو تاقمە هەر سوور بوون لە سەر سەپاندنی ئەو بڕیارنەی خۆیان ملیان

نەدایە چارەسەرکردنی لایەنی کەمی گیروگرفتەکە ئەو خەڵکە واتە هەڤاڵانی خاوەن هەڵوێست بۆخۆیان کۆبوونەوەیەکی فرەوان یان کۆنفرانسێک دەبەستن و لەبەر ڕۆشنایی بێ هیوا بوون لە پێکەوە ژیان لەگەڵ ئەم تاقمە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان دەدەن. ئەوە بوو لە ئێوارەی (١٩٨٥/٨/١٥) بە ئاگاداری خۆشیان ئەو هەڵوێستە ڕاگەیاندرا و ناوچەی (شوشان) کە ئەوانی لێبوو بە جێهێڵرا. پاشان بۆ چاوەڕێکردنی ئەو ماوەیە کە بڕیار درا هەڤاڵان هەر هەموویان جگە لە هەڤاڵانی کۆمیتەی ناوچەی قەڵادزە و باڵەک کە لە گوندی ئەلوەتان بوون، ئەوانی تر بگەڕێنەوە لقی دهۆک «ناوچەی بادینان» پێش گەڕانەوەش بە باش زانرا هەڤاڵێک لە نوێنەرایەتی ئەو هەڵوێستە سەردانی هەردوو مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان بکات بۆ ئەوەی وەکو دوو حزبی دۆست و هاوپەیمان لە نزیکەوە ئەو هەڵوێستە و هۆیەکانی هەڵوێستیان بۆ ڕوون بکرێتەوە لە ڕوانگەی هەستکردن بە لێپرسراویەتی و بە پەرۆشیش بۆ یەکێتی حزبەکەش داوایان لێبکرێ بکەونە نێوان چارەسەری یان بە لایەنی کەم ڕێگا بگرن لە تەقینەوەی وەزعەکە ئەوانیش دوای دەربڕینی هەرەسانی زۆر بۆ وەزعەکە ئامادەی خۆیان نیشاندا کە لەو بارەوە چی لە دەستیان بێ درێخی ناکەن و بۆ ئەو مەبەستەش دەچن لە نزیکەوە داوایان لێدەکەن کە گیروگرفتەکە بە ڕێگەیەکی ئسولی و لە خزمەت یەکێتی حزبکە و سەرجەم بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی لە وڵاتدا چارسەر بکەن و هەوڵیان لەگەڵ بدەن ئەوەندەی بۆیان دەکرێ لەو بارەوە نەرمی بنوێنن. ئەوەش وایکرد کە گەشبینییێک بۆ ئێمە پەیدا ببێ چاوەڕوانی ئاکامێکی ئیجابیانەی ئەو تەقەڵلا دڵسۆزانەی دۆستەکانمان بین. بەڵام ئەم تاقمە سەر لێشێواوە هەر وەکو چۆن بڕیاری پێشەکی خۆیان دابوو لە تێکدانی حزبەکە ئەوەش لە جیاتی پیشاندنی هەڵوێستێکی ئیجابیانە لە چارەسەرکردنی ئەو وەزعە بە جۆرێک وەڵامی ئێمەو دەستپێشخەری دۆستەکانیشیان داینەوە کە دوور بوو لە هەموو خوڕەوشتێکی شۆڕشگێڕانە. ئەویش ئەوە بوو هەڵسان بە بەگرتندانی نوێنەری حزبمان لە ئێران لە ڕۆژی (١٩٨٥/٨/٣٠) لە کاتێکدا هێشتا میوانی

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، پاشانیش بە گرتندان و چەکردنی زیاتر لە (٢٠) هەڤاڵمان لە ڕۆژی (١٩٨٥/٨/٣١) لە هەڤاڵانی کۆمیتەی ناوچەی قەڵادزە و باڵەک بە دەستی پاسدار هەر بەوەشەوە نەوەستان بۆ زیاتر پەرەدان بەو ئسلوبەیان لە چارەسەرکردنی وەزعەکە، هێزێکیان لە چەکدارە هەڵخەڵەتاوەکانیان بە سەرکردایەتی(قادر مستەفا) نارده سەر هەڤاڵانمان لە سنووری لقی هەولێر کە لە ڕۆژی (١٩٨٥/١١/٥) بوو بە هۆی ڕووداوی گوندی (ئالکا) کە تیایدا جگە لە بەدیلگرتنی (٨) کەسیان قادر مستەفا خۆشی بوو بە قوربانی سیاسەتە چەوتەکەیان. ئەو ڕووداوە و دەستدرێژیەکانی پێشتریش لە بەگرتندان و چەککردنی هەڤاڵان سەرباری ئەو هەموو درۆ و دەلەسە و بوختانانەش کە هەر بۆ شێواندن و دزێوکردنی هەڵوێستە شۆڕشگێڕیەکە دەیاندا پاڵمان، نەک هەر وەزعەکەیان زیاتر ئاڵۆز کرد بەڵکو ئەو تروسکە هیوایەشیان بڕی کە پێشتر هەبوو بۆ لێک نزیک بوونەوە و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان.

ئەوە بوو لە بەر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخەی سەرەوە بۆ زیاتر دراسەت کردن و بڕیاردان لە چارەنووسی ئەو خەڵکە لە ڕۆژانی (١٢-١٤/١٢/١٩٨٥) کادیرانی تەنزیمی و پێشمەرگەیی حزب زنجیرەیەک کۆبوونەوەی خەست و خۆڵیان بەست کە کادیرانی هەردوو لقی هەولێر و دهۆکو کادیرانی دەزگا ناوەندیەکانی حزب و کۆمیتەی ناوچەی قەڵادزە بەشداریان تێدا کرد. پاش دیراسەت کردنێکی قوڵ و هەمە لایەنەی بارودۆخی ناوخۆی حزب و دەست نیشانکردنی ئەو هۆیانەی ئەو ئاکامەیان خولقاند بە داخێکی زۆرەوە گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە هیچ بوارێکی بەیەکەوە ژیان لەگەڵ ئەو تاقمە لە حزبدا نەماوتەوە، ئەوەش هەر تەنها ئەو تاقمە بەرپرسیارە تێیدا.

لە مەڕ ڕێکخستنەوەی کاری ئایندەش وەکو لایەنێکی سەربەخۆ بە تایبەتیش وەکو دوای جیابوونەوەی یەکجاری لەو تاقمە بەشدارانی کۆبوونەوە ئەوەیان دووپاتکردەوە کە هەر چەندە ئێمە زۆربەین لە حزبەکەداو شەرعیەتی ڕاستەقینەش لەگەڵ ئەو زۆربەیە دایە، بەڵام چونکە ئەو تاقمە لادەرە بە ناوی زۆربەیەکی درۆزنانەش لە سەرکردایەتیەکەدا دەستیان

بەسەر حزب و دەزگاکانی داگرتووە بۆیە کۆبوونەوە بۆ خۆ جیاکردنەوە لە وان بڕیاری دا کە (ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) بخاتە سەر ناوی حزب ئەو ئیتجاهەی کە لە ناوەڕۆکدا هەر ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی ڕێبازی حزب و هەڵوێستە شۆڕشگێڕەکەیە. پاشان کۆبوونەوە کۆمیتەیەکی ئامادەکردنی(لجنە تحضیریە) هەلبژارد کە ئەرکی سەرکردایەتیکردنی ئەو ئیتجاهە و زەمینە خۆشکردن بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی حزبی لە دەرفەتێکی گونجاو و لەباردا بگرێتە ئەستۆ. بەم شێوە کەرتبوونی (انقسام) حزبەکە لە ڕووی فکری و سیاسی و تەنزیمیەوە بۆ دوو باڵ یەکێکیان شۆڕشگێڕ و ئەوەی تریان هەڵپەرست و لادەر بوو بە واقع.

ئەو واقیعە تاڵەی نۆ ساڵ لە خەبات و قوربانیدانی پڕ سەروەریانەی ئەو حزبە شۆڕشگێڕە کە هەر تەنها ئەو تاقمە تێدا تاوانبار و لێی بەرپرسیارن.

لە کۆتایدا لەگەڵ ئەو ڕوونکردنەوەی سەرەوەش دەمانەوێ چەند ڕاستییێکی پێویست هەیە بەم شێوەی خوارەوە بیخەینە ڕوو:

ئێمە بە لەبەر چاوگرتنی ئەو هەڵومەرجە ناسکەی ئیمڕۆی خەبات و تێکۆشانی گەلە ستەمدیدەکەمان لە لایەک و واقیعی پەرش و بڵاوی بزووتنەوەی شۆڕشگێری سەر گۆڕپانەکە لە لایەکی ترەوە، هەرگیز لەگەڵ دروستبوونی ئەو ئەنجامە دڵتەزێنە نەبووین و بەڵکو بەو پەڕی دڵسۆزیەوەش هەوڵماندا گیروگرفتەکەکان بە ڕێگایەکی برایانە و دیموکراتیانەی ناو چوارچێوە تەنزیمیەکانی حزب چارەسەر بکەین و هەوڵبدەین لەو کاتەدا بەو شێوەی کە بوو نەتەقێتەوە، یا بەلای کەمی ئەو تەقینەوەیە بۆ ماوەیەکی تریش دوا بخرێ، بەڵام هەر وەکو گوتمان بڕیاری پێشەکی یەک لایەنی ئەو تاقمە لە لایەک و هەستنەکردنیان بە ئەرکی مێژوویی سەر شانیان و لەبەر چاو نەگرتنی ویستی خەڵکە شۆڕشگێڕەکە و خوێنی شەهیدە نەمرەکان لە لایەکی تر وایکرد کە ئەو گیروگرفتانە هەر بە ئارەزووی یەک لایەنەی ئێمە چارەسەر نەکرێ و چارەنووسی حزبەکەش دوای نۆ ساڵ لە خەبات و قوربانیدان بەو ئاکامە بگات ئاکامێک کە تەنیا لە خزمەتی بەرژەوەندی دوژمن و ناحەزانی حزبکە بوو ئەوانەی کە دەمێک بوو هیوا بڕاوانە خەویان پێوە دەبینی.

دیاردەی پچڕ پچڕی پەرش و بڵاوی ڕیزەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلەکەمان لە زرەفی ئیمڕۆدا ئەگەر چی دیاردەیەکی سلبی و زیانبەخشیش بێ بە پەرۆشی بۆ وەزعەکە بەڵکو هەر بۆ چەپەکە بە زاریانەوە گرتبوو، بەڵام دیاردەی دەست کردنەوە و بە گژ هاتنەوەی سیاسەتی لادان و پاشگەزبوونەوەی سەرکردایەتیە بۆرژواو ڕاستڕەوەکانی ناو بزووتنەوەکە لە ڕێبازی ڕاستی شۆڕشگێڕانە لە لایەن خەڵکە چەپەکانی ناو ئەو حزب و ڕێکخراوانە خۆیان باشترین و ئیجابی ترین دیاردەی زیندوی ئەو حزبانەیە. چونکە ئەو سەرکردە بۆرژوایانەی ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلەکەمان کە ئیمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر خۆیان بە بۆرژوازیەتی فەرمانڕەوای ناوچەکە بەستۆتەوە و هەرگیز لە توانایاندا نەماوە ڕابەرایەتیەکی سەرکەوتوانەی ئەو قۆناغە بکەن، بۆیە خۆ پەڵکێش کردنی خەڵکە چەپ و شۆڕشگێڕەکەش بە دوای ئارەزووو سیاسەتی چەوت و بێ ئاکامی ئەو سەرکردایەتیانە نەک هەر کارێکی سلبیە بۆ خۆیان و بزووتنەوەکە بەڵکو کوشندە و مردنیشە.

مێژووی خەباتی گەلان بە گشتی و هی گەلی کوردیشمان بە تایبەتی زۆر دیاردەی وەکو ئەو دیاردەی سەرەوەی بە خۆیەوە دیووە، کە تاقمێکی لادەر سەرەڕای ناکۆکی ئارەزووو بەرژەوەندیان لەگەڵ بەرژەوەندیە بنەڕەتیەکانی جەماوەری شۆڕشگێڕی گەلەکەیان بەهۆی هاتنە پێشەوەی زروفێکی بابەتی بۆ ماوەیەک و بە شێوەیەکی کاتی دەستیان بەسەر حزب و ڕێکخراوەکەیان بەشێکی بزووتنەوەکەدا گرتووە، بەڵام زۆری پێنەچوو یاسا بابەتیەکانی گەشەکردنی بەکۆمەڵ و بزووتنەوەکە بەبێ ئاگاداریی و بە پێچەوانەی ئارەزووی نەخۆشی ئەوان دەچنە پێشەوە تورِی داون و لە مەیدانی وەدەر ناون، چونکە نەک هەر ئەوان بەڵکو هیچ هێزێک ناتوانێ ڕێگەی ئاسایی ئەو گەشەکردن و بۆ پێشەوەچوونە بگرێت یان بیگێڕیتەوە دواوە.

فەشەل هێنانی تاقمێکی لادەر لە سەرکردایەتیکردنی حزب و دەرچوونی لە گۆڕەپانەکە بە هیچ جۆرێک فەشەلهێنان و کزی و لاوازی ڕێبازی دیموکراتی شۆڕشگێڕی حزبەکەمان نیشان نادا و بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمەوە دەرچوونی ئەم تاقمە و گەڕانی بە دوای بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی

خۆیی و شوێنچۆڵکردنی بۆ سەرکردایەتییێکی شۆڕشگێڕی چینایەتی لە حزبەکەدا زیاتر خەبات و تێکۆشانی ئەو حزبە بۆ پێشەوە دەبات و ئاسۆی بە سەرکەوتنی دواڕۆژ نزیکتر دەکاتەوە، هەڵوێستی شۆڕشگێڕیمان دژی ئەم تاقمە لادەر و هەڵپەرستە بە هیچ جۆرێک مانای زیاتر لێکترازن و پەرش و بڵاوی بزووتنەوەکە نیە بەڵکو ئێمە هەمیشە لە کۆن و لە ئێستاشدا لەگەڵ یەکگرتن و لێک نزیکبوونەوەی هێزە شۆڕشگێڕەکانین بە مەرجێک ئەو یەکگرتن و لێکنزیکبوونەوانە لەسەر بناغەی ئامانجی هاوبەش و لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی گەل و وڵاتەکەمان دابێت نەک هەر بۆ دەستکەوت و بەرژەوەندی تەسکی ڕێکخراوەیی لایەنێک یان چەند لایەنێکی تر وەکو تا ئێستا بینیومانە و دەبینین کە هەر تەنها بە زەرەر و زیان بۆ بزووتنەوەکە گەڕاوەتەوە.

مسۆگەر بوونی دیموکراسی سیاسی لە گۆڕەپانەکەدا کە خۆی لە کارکردنێکی ئازادانەی سیاسی، جەماوەری و پێشمەرگەیی تەواوی هێز و لایەنەکان دەنوێنێ تاکە ڕێگە و بوار خۆشکەری یەکگرتنێکی ڕاستەقینە و سەرکەوتوانەی هێزە شۆڕشگێڕەکانە.

ئێمە لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان_ عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ خۆمان بە درێژە پێدانێکی گەشەسەندوو و میراتگری هەموو سەروەری و لایەنە گەشبینیەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان دەزانین، ئەو حزبە شۆڕشگێڕەی کە هەر لە سەرەتاوە وەکو پێداویستیەکی مێژوویی بوون و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان هاتۆتە کایەوە و هەر لەگەڵ بۆ پێشەوە چوون و قوڵبوونەوەی ناوەرۆکە کۆمەڵایەتیەکەی ئەو بزوتنەوەیەش گەشە دەکا و دەچێتە پێشەوە.

بەرنامە و هەڵوێستی نیشتمانی و چینایەتیەکانی حزب هەر ڕەنگ دانەوە و دەربڕینی هەردوو خەباتە لێک دانەبڕاوەکەیەتی (نەتەوایەتی و چینایەتی) کە ئەمەش وا لە حزبەکەمان دەکات نەک هەر حزبی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی بین، بەڵکو لە دوای تەواوکردنی ئەرکەکانی ئەو قۆناغەش بچێتە سەنگەری خەباتی دژی سەرمایەداری و چەوسانەوەی چینایەتی و هەنگاو نان بەرە

و سۆسیالیزم لە پێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی لە وڵاتدا و کە گەلی کوردمان تەنیا ئەو کاتە بە تەواوی مافە ڕەواکانی دەگا، لە سەروی هەموو ئەو مافانەش مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسین.

تاقیکردنەوەی چەند ساڵەی حزبەکەمان بە تایبەتی و لایەنەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە گشتی، بە تەواوی ئەو ڕاستیەی ساغکردۆتەوە کە لە سەردەمی ئیمڕۆدا، بە هۆی ئالۆزبوونی کێشەی نەتەوایەتی و پاڵپەستۆی زۆری دوژمنان و کۆنەپەرستی ناوچەکە لەسەرکوتکردنی ئەو کێشەیە نەک هەر بۆرژوای نیشتمانی کە دەمێکە بەرنامەکەی فەشەلی هێناوە و لە سەرکردایەتی کردندا پەکی کەوتووە بەڵکو بۆرژوای بچوکیش کە بە گوڕ و پفێکی هەڵچوانە جێگەی بەو بۆرژوایە چۆلکرد، بەڵام وەکو دەیبینین لە بەر ڕاڕایی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی تەسکی چینایەتی خۆی کە ڕەنگ لە پشووی کورتی دەداتەوە، نەیتوانی بە بڕوا بەخۆبوون و بە هێزی لە بن نەهاتووی جەماوەری فراوانی گەل ڕابەرایەتیێکی سەرکەوتوانەی بزووتنەوەکە بکاو سەربەخۆییە سیاسیەکەشی لە بەرامبەر پاڵەپەستۆی دوژمنان و گۆڕانە سیاسیەکان بپارێزێ، بۆیە تاکە سەرکردایەتی کە بە پشوویەکی درێژی شۆڕشگێڕانە ڕابەرایەتیەکی سەرکەوتوانەی ئەم قۆناغە و قۆناغی دواتریش بکات تەنیا سەرکردایەتیەکی چینایەتی شۆڕشگێڕە.

لە کۆتاییدا بە دڵنیاییەوە دەڵێین کە حزب ئیمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر لە دەستێکی ئەمین دایە و هیواش بە سەرکەوتن زۆرە.

حزبی سۆسیالیستی کوردستان _عێراق

ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ

کۆمیتەی ئامادەکردن

سەرەتای ئابی ١٩٨٦

نسکۆ و سەرەتایەکی هەڵسەنگاندن
هۆیەکان، ئەنجامەکان، ڕێگای چارەسەرکردنی

پێشەکی

بێگومان ڕووداوە تراژیدییەکانی ئەم دواییەی کوردستانی عێراق و ئەوەی بەسەر گەلی کورد و خەباتە چەکدارییەکەی داهات، لە لایەن ڕای گشتی کوردستان و عێراق و جەماوەری نەتەوەی کورد و حزب و ڕێکخراوەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و هەروەها حزب و گەلانی هاوپەیمان و دۆستانی کورد لەناوچەکە و جیهاندا، بە شێوەیەکی فراوان بایەخی پێدرا، تا بە شێوەیەکی بابەتیانە ڕاست و دروستی هۆیەکان و ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوە بەسەر ڕەوتی ئایندەی خەباتی گەلەکەمان و بزاڤە شۆڕشگێڕانەکەی لەوانەوە بزانن، کە لەنێو جەرگەی ڕووداوەکاندا بوون، بەڵام پێویستی بابەتیانە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ڕوویدا مانای ئەوە نیە حزبە کوردستانیەکان وەدەنگ هاتوون و دید و بۆچوونێکی هەمەلایەنەو یەکانگیریان دەربارەی ڕووداوەکان پێشکەش کردووە و هۆیەکانیان دەستنیشان کردووە و ڕێگای دەربازبوون لەم مەینەتەیان دۆزیوەتەوە، ئەوەی تا ئێستا زانراوە هیچ لایەنێکی کوردستانی و عێراقی ئەو ڕووداوە خوێناوییەی بە شێوەیەکی تێروتەسەل نەخستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ئەم هەڵوێستەش لە چەند ڕوانگەیەکەوە سەرهەڵدەدا:

هێندێک خۆیان دەپارێزن لەوەی بەنێو قۆڵایی ڕووداوەکاندا بچنە خوار و هەڵە و کەموکوڕییە خودییەکان دەستنیشان بکەن، کە ئەم کەموکوڕییە خودییانە لە ڕیزی هۆیە سەرەکیەکانی ئەم ئەنجامە تراژیدییایە بوون.

هەندێکی دیکە بێدەنگن، پاساویشیان بۆ بێدەنگیەکە ئەمەیە کە چوونە نێو لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی ئەوەی ڕوویدا، دەبێتە هۆی ورژاندنی ناکۆکی و ململانێ لە گۆڕەپانەکە، یان چوونە نێو جەنگێکی سیاسیە لەگەڵ ئەم و ئەو لایەندەدا.

لایەنی سێیەمیش بێدەنگی خۆیان بەمە پاساو دەکەن، کە کارەساتەکە زۆر

گەوریە و ئەم قۆناغە ناسکەش باری مشتومڕ هەڵناگرێ.
بەڵام هەر چەندە ئەم هۆیانەی کەبۆ پەردە بەسەردادانی بێدەنگی دەخرێتە ڕوو لێک جوودا بن، بارودۆخی دلتەزێن و گەورەیی ئەو کارەساتە و ئەم هەلومەرجە سەختەی کە جەماوەر و پێشمەرگە و بنکەی حزبەکان لە نێو خۆ و سەر سنوورەکان و دەرەوە تیایدا دەژین، چاوەڕوانی بیانوو هێنانەوە ناکان.
بەڵکو ئەم بارودۆخە واکاری خۆی لە مێشک و هەستی دەیان و سەدان و هەزاران هاوڵاتی دەکات، جا چ ئەوانەی لە ڕیزی حزب و لایەنە کوردستانیەکان و عێراقیەکانن، یان لە ڕیزی جەماوەردان، کە بە ڕوونی لە گفتوگۆ و مشت و مڕە بەردەوام و فراوان و هەندێ جاریش توند و تیژەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە و ناکرێ پشتگوێ بخرێن، چونکە پشتگوێ خستن واتە بەردەوام بوون لەگەڵ ئەم بارودۆخە ناجوورەی کە هەیە و ڕێگە ئاوەڵا کردنیشە بۆ کاری ڕمەکی و سەرەڕۆیی و بە حەز و ئارەزووی یەک لایەنە و بە پەلەش لە هەندێ جاردا، بە بێ ئەوەی هیچ لایەنێک ببینرێ لە ڕووی فیکری و شێوازی کارکردنەوە چارەسەری ئەم مەسەلەیەی کردبێ، هەموو ئەمانە دەبێتە هۆی ئەوەی سەرەڕای مینەتەکە گێژەلووکەی فیکری و سیاسی نێو جەماوەر و هاوپەیمان و دۆستەکانی وەدەستدەخا، بەلکە چارەنووسی خەباتی ئایندەشمان لە بەر ڕۆشنایی دەرککردن بە هۆیە بابەتی و خودییەکانی کە ئەم ئەنجامە تراژیدییەیان لێ وە ئاکام هات دیاری دەکرێ. ئەمە بە سەر هەموواندا دەسەپێنێ. کە ئەم ئەزموونە دیراسە بکرێ و بیرێکی ڕەخنەگرانەی بابەتی و شۆڕشگێڕانە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. تا ئەم نسکۆیە ببێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ خەباتی ئایندەمان نەک ئاستەنگێک لە بەردەم بزاڤی شۆڕشگێڕی و جووڵە و توانای دەستپێشخەرانەی پەک بخات.
بە بێ گوێدان بە نیاز و پاساوەکان.
بێگومان هەر بەردەوام بوونێکی ئەو بارودۆخە وەک هەیە، خزمەت بە ڕژێمی فاشی و شۆڤینی دەکات.
تا ئێستا بیروڕای جیاواز هەیە دەربارەی ئەوەی کە پێویستە لە مەڕ ڕووداوە

خوێناوییەکاندا بگوترێ.
هەندێک پێیان وایە هەرەس و نسکۆیەکە لە نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ی شۆڕشی ئەیلول گەورەترە و ئەمانە هەست و نەستی ڕەشبینی و ڕووخانیش بڵاو دەکەنەوە.
هەندێکی دیکە بە مەبەستی خۆدۆزینەوە لە لێپرسراویەتیی مێژوویی هەوڵ دەدەن خۆ لەم بارودۆخە گێل بکەن وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ.
لایەنی سێیەمیش وا دەبینێ . کە نسکۆیەکی گەورەیە و پێویستە دیراسە بکرێ و هەڵبسەنگێنرێ و بە نیازی دەربازبوون تیایدا چارەسەری بە کردەوە و دەستوبردی بۆ دیار بکرێ، ئەم ڕایەی دوایش، ڕای زۆربەی بنکەی حزبەکان و جەماوەرە.
ئێمە وەک پەلێکی شۆڕشگێڕی کوردستانی، کە هاوشان لەگەڵ پەلە کوردستانی و عێراقییەکان لە گۆڕەپانی خەباتدابووین و لە کاتی ڕووداوەکانی ئەم دواییەشدا هەر لە نێو جەرگەی ڕووداوەکانی کوردستاندا بووین. لەم سەنگەرەوە هەرگیز ناتوانین لەگەڵ بیر و بۆچوونی لایەنی یەکەم و دووەمدا ڕێک بکەوین، بەڵکو بیروڕامان لەگەڵ لایەنی سێیەم دایە. پێمان وایە ئەوەی ڕوویدا نسکۆیەکی پێشمەرگەییە و لە ئەنجامی زۆر هۆی دەرەکی و نێوەخۆیی، هەروەها هەندێ هۆی خودی پابەند بە هەڵەی سیاسیی کوشندەوە، کە هەندێ لایەنی کوردستانی تێی کەوتن وە ئاکام هات. هەلبەتە ناتوانرێ تەماشای ئەو فاکتەرانە بکرێ کە بوونەتە سەبەبکاری ئەم بارودۆخە، تەنیا لە چوارچێوەی ئاوێتە بوون و پێکداقژانی بابەتیانەی خۆیان و تەئسیرکردنی هاوبەشیاندا نەبێ بەسەر تێکڕای هۆیەکان، لێرەدا دەبینین مەینەتەکە بەسەر هەموو حزب و ڕێکخراوەکاندا دەسەپێنێ، تا لە هەموو لایەنەکانیەوە ئەم نسکۆیە هەڵبسەنگێنن و هەوڵبدەن ستراتیژ و تاکتیکی نوێی خەباتی وای لێ هەلبهێنجن، لەگەڵ چوونە پێش و بارودۆخی ئەم دواییەی ئەو پێداویستە نوێیانەی کە گۆڕەپانی خەبات گەرەکیەتی بگونجێ.
لە مەسەلە گرنگ و پێویستیەکانی ئەم قۆناغە سەخت و ئالۆزە، خۆڕاگری و بەردەوام بوون لە خەبات و بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەستدرێژکاریانەیە

کە هەڕەشە لە بوونی گەلەکەمان و داهاتووی خەباتەکەی دەکەن، بەڵام بانگهێشتکردن بۆ خۆراگری بە تەنیا نابێتە هۆی بنیاتنانەوەی ڕێخستن و گۆشکردنەوەی سەر لەنوێ ڕێکخستن و گۆشکردنەوەی سەرلەنوێی جەماوەر بۆ خەباتی شێلگیرانە دژ بە ڕژێمی فاشی و شۆڤینی عێراق، چونکە نسکۆ و ئاسەوارەکانی بەسەر جەمەوەر و هەڵسوکەوت و ورە و خواستەکانیان گەلێ گەورەیە ئاکامێکی وای دروستکردووە، بەسەر هەر لایەنەکی سیاسی و هەموو شۆڕشگێرێکدا پێویست دەکات، بە بەرچاو ڕوونیەوە لێی بکۆلنەوە و باشترین ڕێگای بابەتی بۆ بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە جەماوەری گەلەکەمان بە شۆڕش گرێبداتەوە و ڕێکی بخاتەوە، گۆشی بکات و هیوا و ئومێدی ببوژینیتەوە بە کردەوە نەک بە گفتار، باوڕی بە شۆڕش زیندی بکاتەوە.

بە تێڕوانین و بۆچوونی ئێمە وێڕای پەرە پێدان و سەقامگیرکردنی پەیوەندیەکان و ئەو هاوپەیمانیەتەی کە هەیەتی زێتر بەرەو یەکگرتنی ببات، پێویستە بە هەموو جورئەت و مەبدەئیەت و گیانی هەستکردن بە لێپرسراویتی و دوور لە هەموو شێوەیەکی کەمکردنەوە لە ڕۆڵی ئەم و ئەو و نابابەتی خۆدۆزینەوە لە لێپرسراویەتی، ڕووداوەکانی ئەم دواییە هەڵبسەنگێنین، مەینەتەکە گەورەیە و هەمووانی گرتۆتەوە، پێویستە بە هاوبەشی و گیانی دیموکراسیانە و لێپسراوانە بەرەو چارەسەرکردنی هەنگاوی بۆ بنرێ و بە هاریکاری هەموولا بیروڕا پێشکەش بکرێ و ڕێز بۆ ڕاوبۆچوونی یەکتردا بنرێ.

ئەم لێکۆلینەوەی کە دەیخەینە بەردەستان، تەنیا بەشێکە، یان سەرەتایەکە بۆ هەڵسەنگاندنێکی فراوان لەلایەن حزبمانەوە، هیوادارین دەرگە کردنەوەش بێت بۆ گفتوگۆیەکی ئازاد و دیموکراسیانە لەمەڕ هۆیەکانی نسکۆ، ببێتە هاندەرێک بۆ گشت لا لەپێناوی دەربڕینی بیروبۆچوونی خۆیان و خزمەتکردن بە کێشەی گەلەکەمان و خەباتی ئایندەمان، بۆ هێنانەدی مافە نەتەوایەتیە ڕەواکانی گەلەکەمان.

وەرچەرخان

لە کۆتایی مانگی ئاب و سەرەتای ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨دا، کوردستانی عێراق

ڕووداوێکی دڵتەزێن و ترسناکی وای بە خۆیەوە بینی، لە هەست و خەیاڵی مرۆڤ بەدەربوو! شەڕی عێراق _ ئێران وەستا، بەڵام بە هۆی شاڵاوێکی درندانەی ڕژێمی فاشی و شۆڤینی بەغدا، کوردستان بووە مەیدانێکی فراوانی بە چەکی کیمیاوی لەناوبردن، هەرچەندە ئەوەی ڕوویدا چاوەڕوان نەکراو و لە ناکاو نەبوو، پاش ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بڕیاری(٥٩٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی قبوڵکرد و دەنگی تۆپەکان لە بەری جەنگدا کپ بوون، ڕژێمی فاشی دەسەڵاتدار لە بەغدا، ئەو دەرفەتەی قۆزتەوەو چی قینی ڕەشی شۆڤینی خۆی هەبوو بەسەر جەماوەری بێدیفاعی گوندەکان و بارەگای حزبەکان دارشت لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، ئەو شاڵاوەی کە فاشستەکانی بەغدا بە نیازی لەناوبردنی گەلی کورد کردیانە سەر کوردستان، یەکێک بوو لە گەورەترین هێرشە عەسکەرییەکان لەم ساڵانەی دوایی و بووە هۆی ئەوەی بە هەزاران کەس شەهید و بریندار بن و زێتر لە ١٠٠ هەزار هاوڵاتیش مەوتەن و گوندەکانیان جێبهێڵن و لە ترسی مردن پەنا ببەنە بەر چادرگەکان لە تورکیا و ئێراندا، کە تا ئێستا لە نالەبارترین گوزەراندا دەژین، ئەوانەش کەنایانتوانی گیانی خۆیان لەو هێرشە بەربەریستانەیە دەربازبکەن، کەوتنە ژێر چەپۆکی ڕژێمی فاشی و شۆڤینی و بە شێوەیەکی درندانە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان گواسترانەوە و لەوێدا لە سادەترین پێداویستی ژیانی مرۆڤانە بێبەشکراون و ڕووبەڕووی مردنێکی لەسەرخۆ بوونەتەوە. لەو شاڵاوە بەرفراوانەی ڕژێم، ئەو گوندانەش کە مابوون تا ئەو وەخت، لەگەڵ زەویدا تەختکران و ئێستا کوردستان وێرانە خاکێکی بێ گوند و دێهات و کشتوکاڵە، ئایا ئەوەی ڕوویدا لە ناکاو بوو؟! نەخێر، بەڵکو ئەمە لە لایەن زۆربەوە چاوەڕوان دەکرا، لە میانیشیانەوە حزبەکەمان، ئەویش لە ڕوانگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- لەم ساڵانەی دواییدا شەڕی عێراق و ئێران لەهەردوو بەرەی عەسکەری و سیاسیدا خاوبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە دەدی، هەردووک لا شەکەت ببوون و خەرجی و باری قورسی عەسکەرییان پێوە دیاربوو، شەڕەکە مۆرکی شەڕێکی درێژخایەن (استنزاف)ی وەرگرتبوو، هیچ لایەکیان توانای

ئەوەیان نەمابوو ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە وەدی بهێنن، لە ڕووی سیاسیشدا پڕوپاگەندەکانی هەردوو لایان هیچ مانایەکی نەما و ڕای گشتی جیهانی پالەپەستۆی دەکردو پێی لەسەر خاڵێک دادەگرت ئەویش شەڕ وەستان بوو، بێئەوەی سەرکەوتن و ژێرکەوتن هەبێ، چونکە بە کردەوە ڕوون بووەوە هیچ لایەکیان ناتوانن بە هێزی عەسکەری شەڕەکە یەکلابکەنەوە، بۆیە لەو کاتەی کە هەردوولا گەیشتنە بەرزترین پلەی هەڵلوشینی توانای مرۆیی و ئابووری، هەردەبوو شەڕەکە بوەستێ، ئەمەش یاسایەکی مەنتقیە بۆ هەموو شەڕێک کە بگاتە بارودۆخێکی وا، بێگومان شەڕ وەستانیش ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی بەسەر کوردستاندا هەبوو، وەک ئەوەی ڕوویدا کە نسکۆی خەباتی چەکداری بوو.

ئایا ئەمە بێسەرەتا بوو؟ نا، هەر لە سەرەتای شەڕەوە چارەنووسی بزاڤەکەمان و خەباتە چەکدارییەکەی بە شەڕەوە بەسترایەوە، هەموو هیوایەک بەوە بوو، کە بە هۆی شەڕەوە ڕژێم دەڕوخێ و جەماوەری پێشمەرگەش بەم بۆچوونە هەڵەیە گۆشکران، ئەنجامەکەشی وەک بینیمان ئاوا ڕاست و دروست دەرچوو، ئەوەی خۆی بە ڕەوڕەوەی شەڕ ببەستێتەوە، لەگەڵ وەستانی شەڕدا ڕەوڕەوەی ئەویش دەوەستێ، بە داخەوە ئەمە ڕوویدا، بزاڤەکەمان نەیتوانی بە ڕێکوپێکی خۆی لە شەڕ جودا بکاتەوەو بە گیانێکی مەبدەئیانە بڕوانێتە مۆرک و داهاتووی بزووتنەوەکەو خۆی بە هەلومەرجێکەوە گرێ نەدات، کە خودی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد سەلماندوویەتی لە هەرەس بەولاوە چیدیکەی پێنیە.

٢- ڕژێمی فاشی و شۆڤینی عێراق، بەهۆی سروشتی خۆی و سیاسەتی بەربەریستانەی و توند و تیژکردنی ئەو سیاسەتەی دوای هاتنە سەر حوکمی تاقمی خوێنڕێژی سەدام و پەرە پێدانی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە دەرهەق بە گەلی کورد و هێزە نیشتمانی و شۆڕشگێڕەکانی لە ساڵانی شەڕدا، ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی ئەوەی کە بگەینە دەرئەنجامێکی مەنتیقی، ئەویش بریتیە لەوەی کە تاقمی خوێنڕێژ لە شەڕەکەیان لەگەڵ ئێراندا هەر هەناسەیەکیان وەبەر بێتەوە، ئەوا پەنا دەبەنە بەر کۆکردنەوەی هێزی

عەسکەری لە رادەبەدەر، بۆ ئەوەی زەبرێکی کاریگەری لە جوولانەوەی ئازاد کراوەکان و لایەنگرانی شۆڕش رەتکەرەوانی شەڕی وێرانکاری کە لەدەوری شۆڕش کۆببونەوە، بکاتەوە.

لەبەر ئەوەی وەک بینیمان هەر دوای وەستانی شەڕ، رژێم بەپەلەبوو تا وەخت بەفیڕۆ نەدات و ئەو نەخشە بەربەریستانەی کە پێشتر دایڕشتبوو، بە خێرایی جێبەجێی بکات. بۆ ئەم مەبەستەش زێتر لە (١٥٠)هەزار سەرباز تەقدیر دەکرا، لەبەرەکانی شەڕ کێشایەوە و لەگەڵ دەیان هەزار جاش، کە وەک یارمەتیدەر و ڕێنیشاندەر بوو ئەو شاڵاوە ئامادەی کردن، هێنایە سەر کوردستان. هەروەها ڕژێم ژمارەیەکی زۆری لەفڕۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەر و تانک و تۆپی قورس و کاتیوشای بەکارهێنا. هێندەش بەس بوو تا گۆڕانێکی گەورە لە هاوسەنگی هێز لەنێوان هێزی سەربازی رژێم و هێزەکانی پێشمەرگەدا دروست بکات.

٣- بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، بەو شێوە فراوانەش، هۆیەکی تازەتر بوو بەشێوەیەکی زۆر ترسناک هاوسەنگی هێزی بەلای رژێمدا شکاندەوە، بەتایبەتی لەبارودۆخێکدا بوو کە پێشمەرگە هیچ وەسیلەیەکی بەرگری، یان خۆپاراستنی لە گازی ژەهراوی لادەست نەکەوت.

وەک زانراوە هاوسەنگی هێزی عەسکەری لەشەڕدا، لەهەردوو حالەتی هێرش و بەرگری بەڵێک نزیکی ڕێژەی هاوسەنگی هێزی هەردوولا دەپێورێ لەهەموو بەشەکانی کوشتار و سیاسییدا، کەچی لەکاتی شاڵاوە کیمیاوییەکەی ئەم دواییەدا. ئەو هاوسەنگییە نەبوو.

٤- هیچ نەخشەیەکی هاوبەش بۆ بەرەنگار بوونەوەی بارودۆخی نوێی عەسکەری و سیاسی و لەپاشانیش بۆ پاشەکشە کردن، لەنێوان حزب و هێزەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستاندا نەبوو. لە رووی سیاسییەوە هی واهەبوو – دوای شەڕ وەستان- ئومێدێکی زۆریان بەبەرەڤانی و پاڵەپەستۆی دەرەکی هەبوو تا سنوورێک بۆ ستەم و چەوساندنەوەی گەلەکەمان دابنێ بەتایبەتی بەوخەیاڵە بوون. لەمیانی گفتوگۆ لەگەڵ رژێمدا، سنوورێک بۆ ئەم شەڕە شۆڤێنییە دابندرێ کە رژێم دەرهەق بە گەلی

کوردمان هەڵیگیرساندووە. ئەو بۆچوون و تەقدیرە هەڵەیە بووە هۆی ئەوەی خۆسازدان بۆ رووبەڕوو بوونەوەی شاڵاوەکە و پەڕینەوەی بەپەلە لەشێوازێکی کارکردن بۆ شێوازی دیکە و خۆڕاهێنان لەگەڵ بارودۆخی تازە پەک بخات و بەشێوەیەکی بەرچاو ئاگایی شۆڕشگێڕی لاواز بکات و زیانەکانی زێتر و سەرکەوتنی شاڵاوەکەی رژێمیش هاسانتر بکات. پێویستە دانبەوەدا بنێین کە هێزە شۆڕشگێڕەکان لەکوردستاندا نەخشە و پلانێکی مەیدانیان نەبوو بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەر هێرشێکی گەورە و دەستوڕستی دوژمن، چونکە هاوسەنگی راستەقینەی هێزیان لەبەرچاو نەگرتبوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی توانای هێزی پێشمەرگە لاواز بکات و نەتوانی لەشێوازی شەڕی بەرەییدا زوو خۆی بۆ شەڕی پارتیزانی بگۆڕی، کە هەرگیز دوژمن ناتوانێ بە جارێک زەفەری پێ ببات و تێکی بشکێنی.

ئەوەی خستمانە روو بەشێکی سەرەکی بوو لەو هۆیانەی کەنسکۆکەی لێ وەئاکام هات و گەلەکەشمانی ئاوقای مەینەتیەک کردەوە، لەمەینەتی نسکۆکانی پێشتر کەمتر نییە و زیان و ئاسەوارەکانیشی لە داهاتوویەکی وازوودا قەرەبوو ناکرێتەوە.

نسکۆو رێگەکانی دەرباز بوون

زێدەڕۆیمان نەکردووە ئەگەر بڵێین. ئەوەی لەم دواییە لە کوردستاندا روویدا بەرهەم و دەرئەنجامی سیاسەتێکی هەڵەبوو کە هەر لەسەرەتای سۆڕشی نوێدا پەیڕەوی لێکرا. وێرای فاکتەرە بابەتییەکانی کە لەپێشەوە ئیشارەتمان پێدا، فاکتەرە خودییەکانیش ئەگەر نەڵێین نەخۆشی سەرەکی بوون، بەڵام رۆڵێکی بەرچاویان گێڕا بۆ هێنانەکایەی ئەم نسکۆییە. بەدرێژایی ئەو ساڵانەی کە شۆڕشی نوێ تیایدا گەشەی کرد گۆڕەپانی کوردستان شەڕێکی نێوخۆیی سامناک و بێمانای بەخۆییەوە بینی گەر لەهەر روانگەیەکیشەوە سەیری بکەین هیچ پاساو هێنانەوەیەکی بۆ نییە، لەساڵانی شەڕی عیراق – ئێراندا یەکێتی نیشتیمانی و نەتەوایەتی لاواز بوون، ئومێد بوون بەوەی کە بەهۆی دەرەکییەوە رژێمی عیراق دەڕوخێ، هەڵەیەکی کوشندەبوو بۆ جاری دووەم شۆڕش تێی کەوتەوە، چارەنووسی بزاڤەکەمان بەچارەنووسی

شەڕەکە بەسترایەوەو ئەمەش زیانێکی گەورەی پێگەیاند و وایلێکرد وەک پاشکۆی پرۆژەیەکی دیکە سەیری بکرێ و لەهەمان کاتیشدا لەجوولانەوەی سیاسی و پێشمەرگەیی هاوپەیمانێتیدا، لەئازادی و سەربەستی کەمبکاتەوە و کۆتێکی وای خستە گەردن. لەگەڵ سروشت و ئامانجەکانیدا نەدەگونجا ئەمە وێرای چەندان هەڵەی دیکە کە پەیوەندیان هەیە بەهەڵسوکەوت و مامەڵەی نادیموکراسیانە لە نێوان هێزە سیاسییەکان و جەماوەر. گەر ئەمانە نەبوونایە، ئەوەی کە رووویدا دەکرا روونەدات و ئەو ئاکامەشی لێ وەدی نەیێ کە وەدیهات، بەڵام کەمێ ئەگەر لەرووی قەبارە و تەئسیر کردنەوەش بوایە. ئەوەی لەبنچینەدا پشت بەهێزی خودی خۆی نەبەستێ، لەهەرسات و وەرچەرخانێکدا خۆی دەبینێتەوە کەسی لەپشت نییە، یان لەتەکدا نەماوە.

ئەوەی باسکرا.. واتە ئەو هۆیانەی هەرەسیان بەو بزاڤ و شۆڕشانە هێناوە کە گەڵەکەمان لەماوەی رابردوودا بەرپای کردووە -کە تێکڕای لایەنەکان لەسەری رێککەوتوون پەند و ئەزموونی لێوەربگرن و دووبارەی نەکەنەوە- جارێکی دیکەش. لەبارودۆخێکی ئاڵۆزتر و بەهێزێکی گەورەتر کاری خۆی کردەوەو وای کرد نسکۆکەش ترسناکتر بێ.

دەرس و پەند وەرنەگرتن لەئەزموونە سەرنەکەوتووەکانی پێشان و بەردەوام بوون لەسەر دووپات کردنەوەی هەڵەکان -کە بۆتە دیاردەیەک لەبزاڤی رزگاریخوازی نەتەوایەتیمان- تێکۆشانی گەلەکەمان و خەباتە چەکدارییەکەی لەنسکۆیەکەوە بەرەو نسکۆیەکی دی دەبات.

شارێگەی دەربازبوون لەم نسکۆو مەینەتەی ئێستا، بە تەقدیری ئێمە پێویستی بە:

أ- ئەم نسکۆیە بەشێوەیەکی بابەتیانە هەڵسەنگێنرێ و ئەو کەم و کوڕی و ناتەواوییانە دەست نیشان بکرێ کە ئەم تراژیدییەیان هێنایە کایەوەو بە جورئەتەوەش دان بەهەلەکاندا بنرێ و بەجەماوەر بگوترێ، لەهەڵسوکەوت و کردەوەش ئیلتیزامی پێوە بکرێ و لەهەر هەڵومەرجێک و لەژێر هەر پاساو و بیانوییێک دابێ، دووپات نەکرێتەوە.

ب- ستراتیژییەکی نوێ بۆ بزاڤەکە و سەرکردایەتی خەباتی ئایندەمان

دابنرێ، کە لەگەڵ هەلومەرجی نوێی پاش وەستانی شەڕی عێراق و ئێران بگونجێ و لەوبارودۆخە بەرجەستەییە بکۆڵرێتەوە، کەپاش شەڕ وەستان و شاڵاوەکەی ئەم دواییە دروست بووە، هەروەها بارودۆخی نوێی نێودەوڵەتانیش لەبەرچاو بگیرێ. مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەو شێوازە خەباتەی کە لەگەڵ هەلومەرجی تازەو ئامادەیی جەماوەر دەگونجێ. بایەخێکی زۆری هەیە و دەتوانێ جەماوەر بکاتە قەڵاییەکی راستەقینە بۆ پاراستنی بزووتنەوەی چەکداری، یان مۆرکێکی جەماوەری بەبزوتنەوەکە ببەخشێ، لەخەباتی سیاسی و ئابووری کەم نەکرێتەوە. بەڵکو بەشێوەیەکی ئۆرگانی بەخەباتی چەکدارییەوە گرێ بدات، لەپێناوی ئەوەش بەکردەوە گەلەکەمان بۆ خەبات ساز و ئامادە بکات و شێوازی بەجێ و رێکخستن و گۆشکردنیان بدۆزێتەوەو خەباتەکە لە پلە نزم و سادەکەیەوە بەرەبەرە پەرەی پێبدا.

ج-مەسەلەی بەشداریکردنی فراوان و بەکردەوەی جەماوەر لەرەسمکردنی ستراتیژی درێژخایەنی خەباتدا، بایەخێکی گرنگ و بێوێنەی هەیە و لە هەموو وەختێکدا پێویستە جەماوەر لە هەموو شتێک ئاگادار بکرێتەوە کە پەیوەندی بە چارەنووسی ئەوەوە هەیە.

د- لەهەر باررودۆخێکدا بێ، سەربەخۆیی بزوتنەوەکە بپارێزرێ و مۆرکی سەقامگیری خۆی هەبێ. ئەمەش دەبێتە هاندەرێک تا هاوپەیمانە راستەقینەکانی گەلەکەمان کۆمەک بە شۆڕشەکەی بکەن.

هـ- خەسڵەت و گیانی کوردستانێتی بزاڤەکە مسۆگەر بکرێ و بەرنامەیەکی گونجاو بۆ هاریکاری و یەکخستنی هێزە کوردستانییەکان دابڕێژرێ. بەرنامەیەک دوور بێ لەهەموو چوونە باوەش و خۆدانە پاڵ ئەو رژێمانەی کە کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە.

و- لەسەر بناغەی خەباتی هاوبەش و توندوتۆڵکردنی رێزەکان و دان پێدانانی روون و بێ پێچ و پەنا بەتەواوی مافەکەنی گەلی کورد تا مافی چارەنووس، پەیوەندی خەباتگێڕانە لەگەڵ هێزە نیشتمانیەکانی عێراق –بەتێکڕای رەوتە جیاوازەکانەوە_ توندوتۆڵتر بکرێ.

ز- لەمیانی پێکەوە بەستانی بابەتیانەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی

کورد بەبزاڤی رزگاریخوازی گەلان لەناوچەکەو جیهاندا، دەبێ هاوکاری و هاوسۆزی عەرەبی و جیهانی بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد مسۆگەر بکرێ و لەگۆڕەپانی نێودەوڵەتاندا هەلومەرج و زەمینەی پێویستی کارکردنی بۆ بخوڵقێندرێ. ئەمەش لەو روانگەوە کە بزاڤەکەمان بەیەک چوارچێوە و یەک ئیرادە و خواستی روون و واقیعیانە بخەینە روو.

ح- بزووتنەوەکەمان هاوچەرخ بکرێ و بەقسە و کردەوە دیموکراسیەتی تێدا بڵاوبکرێتەوە، مامەڵەی هاوچەرخ و دیموکراسیانە لە نێوان لایەنەکاندا دابین بکرێ. تا ئەو پلەیەش کەخزمەت بە بزووتنەوەکەمان و چوونە پێشەوەی دەکات. بواری رەخنە و رەخنە لەخۆگرتن بەرئاواڵا بکرێ.

گ- یەکێتی رێزەکانی نیشتمانی کوردستانی دابین بکرێ، ئەمەش ئێستا لەو رێگەیەوە دەبێ کە بەرەی کوردستانی فراوان و سەقامگیر بکرێ و کەم و کوڕییەکانی نەهێڵرێ، بەڕاستی بەرەی کوردستانی بەرەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێ و ئامرازێکی کاریگەر بێ بۆ گۆشکردن و بوژانەوەی جەماوەر و بەجێگەیاندنی ئەرکە مێژووییەکان، ئەمەش هەر بەهاریکاری یەکترکردنی بەکردەوەی نێوان لایەنەکان و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی تیایدا و پێکەوەنانی دەزگا چاڵاکەکانیەوە دێتەدی.

ی- یەکلاکردنەوەی هەندێ لەو مەسەلە گرنگانەی کە رووبەڕووی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردمان دەبنەوە وەک: دۆست و دوژمنە ستراتیژییەکان بە روونی و دروستی دەستنیشان بکرێن و خۆلەوە بپارێزێ ئەگەر لەتەنگ و چەڵەمەیەک دەربچین خۆ تووشی تەنگ و چەلەمەیەکی دیکە بکەینەوە. مەسەلەی گفتۆگۆ و مفاوەزات لەگەڵ رژێمدا، لەسەر بناخەی ناسینی راست و دروستی ئایدۆلۆژیاو سروشتی سیاسی و چینایەتی تاقمی دەسەڵاتدار یەکلابکرێتەوە. ئەوەش ئەمە ناگەیەنێ کە هەڵومەرجی نێودەوڵەتان لەبەرچاو نەگیرێ، یان چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد رەتبکرێتەوە. بەڵکو بۆیەک ئامانجە. ئەویش دیماگۆگییەتی رژێم لەبەرانبەر رای گشتی جیهانیدا ریسوا بکرێت.

لەدیبلۆماسییەتی نهێنی دوور بکەوێتەوە و هەموو مەسەلەکانی کە پەیوەندیان

بەمەوە هەیە بخرێتە بەردەستی جەماوەری کوردستان و عێراق و هاوپەیمان و دۆستەکانیەوە، هەروەها لەتەقەڵای یەکلایەنە و بەنهێنی و ئەنجامەکەشی دوور بکەوێتەوە.

ئەم خاڵانەی کە بۆدەرباز بوون لە نسکۆکە خستمانە روو، ئەوانەش کە پەیوەندیان پێیانەوە هەیە. پێویستە ببنە بناغەیەکی جێگیری بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و مەحەکێکە بۆ ئەوەی بزوتنەوەکەمان پایەگەی سروشتی خۆی بگرێت کەبزاڤێکی پێشکەوتووخواز و رزگاریخوازی گەلێکی چەوساوەیە لەسەنگەری دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی دایە. هەر ئەمەش خۆڕاگری و سەرکەوتن بەسەر دووژمندا دابین دەکا..

دیماهی

رژێمی فاشی و شۆڤێنی وای خۆنیشان دەدا، بەهێزە و تەواوی مەسەلەکانی کۆنترۆڵ کردووە و لەتوانای دایە لەبارودۆخێکی ئاسایی کاروبار بەڕێوە ببا، بەڵام واقیع ئەمە بەدرۆ دەخاتەوە. لەوەتەی ئەم رژێمە دەسەڵاتی وەرگرتووە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی صدام و دارودەستەکەی هاتنە سەر دەسەڵات، عێراق لەهەژانێکی توندەوە بەرەو توندتر دەچێ، بەشێکی زۆریش لەو هەژانە لەنێو تاقمی حوکمڕاندا روودەدات و هەروا زێتر توندتریش دەبێ. رژێم لەشەڕەکەدا بەساغلەمی دەرچوو، ئەو دەرفەتەشی قۆزتەوە تا زەبرێکی گەورە لەخەباتی چەکداری و جەماوەری گەلەکەمان بدات و لە رێگەی پەنابردنە بەر چەکی کیمیایی قەدەغەکراودا ئەو گوندانەش کە لەکوردستاندا مابوون وێرانی بکات. بەڵام تەنگ و چەڵەمە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی رژێم هەرماوە و رۆژ لەدوای رۆژیش زێتر تەشەنە دەکات. بەڵگەش بۆ ئەو واقیعە ئەمەیە کە صدام ناتوانێ بەشێوازی ئاسایی وڵات بەڕێوەببات و بەردەوام پەنا دەباتە بەر شێوازی تیرۆر و داپلۆسینی بێوێنە. لەنێوەندەکانی جەماوەردا کارەساتەکانی شەڕ هەر تێک هەڵدەچێ و هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگەی عێراقی گرتۆتەوە: زێتر لە (٣٠٠٠٠٠) سێسەد هەزار کوژراو و (٧٠٠٠٠٠) حەوسەت هەزار بریندار و

دیل و ئیفلیج هەیەو بەسەدان هەزاریش ئاوارەی وڵاتانن. بەمانایەکی دیکە، خێزانێکی عێراقی نییە زەبری سیاسەتی تیرۆریستانەی رژێمی بەرنەکەوتبێ. ئابووری وڵات لەژێر باری گرانی قەرزێکی زۆر و زەبەندی دەوڵەتاندا دەناڵێنێ، وەک چۆن لەژێر باری تێکوپێک چوونی ئابووری و گرانی و نەهامەتیدایە، کەهەر شەڕ و سیاسەتی رژێم بەم ئاکامەی گەیاندو و لەسەر حسابی ملیۆنەها زەحمەتکێش، داهات و توانای وڵاتی خستۆتە بن دەستی تاقمێک بۆرژوا برۆکراتی مشەخۆر و هەروا هەوڵیش دەدا ئابووری وڵات بۆ کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان هەراج بکا. ئەمە وێرای تەشەنە بوونی تەنگ و چەڵەمە کۆنەکان و هاتنە پێشەوەی تەنگ و چەڵەمەی دیکە، ئەمەش خۆی لەو شاڵاوەی پاکتاوکردن دەبینێ کەدوای شەڕ وەستان صەدام کردییە سەر دەیان ئەفسەری نێو دەزگاکانی عەسکەری. ئەمانە هەمووی رووی راستەقینەی رژێم وەدیار دەخا کەناتوانێ تاکە رۆژێکیش بێخوێن رشتن بژییت و بەئاگر و ئاسن نەبێ وڵاتی پێ بەڕێوە نەچێ. رژێمێکە بەزێدە کردنی تیرۆر و داپلۆسین و لەژێر پێنانی مافی مرۆڤ و دەست درێژیکردنە سەر کەرامەتی گەل و هاوڵاتیان، لەدەست تەنگ و چەڵەمەکانی رادەکا.

گەورەترین ساختمان دادەڕمێ، ئەگەر بناغەکەی شل بێ، رژێمی فاشی و شۆڤێنی عێراقیش لەسەر بناغەیەکی توندوتۆڵ دانەمەزراوەو لەسەر بڵاوکردنەوەی ترس و بیم دەژی، چۆن بەردەوام لەچارەنووسی رەشی خۆی هەترەشی چووە.

ئەوەی باسکرا، زەمینەیەکی راستەقینەی خەبات و کاری جدییانە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی نیشتمانی کوردستانی و عێراقی دەڕەخسێنێ، بەرهەمی ئەو خەباتەش بەقەد ئەو سەرکەوتنە زێدەدەبێ، کەهەموو لایەنەکان وەک کارێکی پێویست باوەڕی تەواویان بەهاریکاری و هاوپەیمانێتی یەکتر هەبێ و ئەم هاریکارییەش ببێتە ئامرازێکی کاریگەر بەدەست گەلی عێراق بەکورد و عەرەب و کەمینە نەتەوایەتییەکانی دیکەوە و سەرەڕمێکیش بێ بۆ بەرنگار بوونەوەی فاشیزم و شۆڤینیزم. هەروەها مایەی ئاوات و هیوای سوپاس بێ بۆ رزگار بوون لە صەدام و تاقمە خوێن رێژەکەی.

حزبمان «حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان- عێراق» کە بەڕاستگۆییەوە بەرژەوەندییەکانی زەحمەتکێشانی گەلی کوردستان لە کرێکارو جوتیارو رووناکبیرانی شۆڕشگێڕ دەردەبڕێ، لەپێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی رزگاری و دیموکراتی و مافی چارەنووسدا خەباتی کردووە و خەباتیش دەکا، وا دەبینێ کەلەم قۆناغە سەخت و ئاڵۆزەدا لێپرسراوێتی مێژوویی زێتر دەبێ و پەیمان بە جەماوەری گەلەکەمان دەدات بۆ رزگارکردنی وڵاتەکەمان لەفاشیزم و شۆڤینیزم، هاوشان لەگەڵ حزب و هێزە کوردستانی و عێراقیەکاندا. پەرە بە خەباتی شێڵگیرانەی دەدات و لەروانگەی هەڵسەنگاندن و تەقدیرکردنی راست و دروستی ئەم بارودۆخە ترسناک و چارەنووسسازەی گەلەکەمانی پێدا تێدەپەڕێ، تێدەکۆشێ ئەم نسکۆو مەینەتییە تێپەڕێنێ و بەدڵسۆزییەوە لەپێناوێ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی عێراقی بەرفراوان یان هەر چوارچێوەیەکی هاوپەیمانی دی کەلەتوانای دابێ تێکڕای هێزو و رەوتە نیشتمانییەکانی کوردی و عەرەبی و دیموکراسی و ئیسلامی کۆبکاتەوە، بانگی خۆی بەرز بکاتەوە.

گەلەکەمان هێندەی بەرگەی کارەساتی گرتووە، لەباسکردن نایە، مافی ئەم گەلەشە کە لەبەرەنگار بوونەوەی رژێمی فاشی و شۆڤێنیدا بە رووبار خوێنی پێشکەش کردووە، ئێستا بەهیواوە بڕوانێتە پێشڕەوە سیاسییەکانی لە ئەرکی پێشەنگەکانیشە بیسەلمێنێ کە بەکردەوە شایستەی ئەوەن لێپرسراوێتی مێژوویی بە ئەستۆوە بگرن.

لە بڵاوکراوەکانی

رۆژنامەی ئاڵای ئازادی

ئایاری ١٩٨٩

وتار

– چەند وێستگەیەکی گرنگ لە مێژووی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

چەند وێستگەیەکی گرنگ لە مێژووی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) و پانۆڕامای کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی

(ئامادەکردنی/ ئاکۆ ئاکۆیی)

گرنگە بۆ هەر حزب و ڕێکخراوێک بەڕوونی و بێ تەمومژ ناسنامەی خۆی ئاشکرابکات، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بزانێ ئەم حزبە فیکر و ئایدۆلۆژیا و دروشمەکانی چین و چ بەرنامەیەکی هەیە بۆ بنیاتنان و گەشە پێدانی کۆمەڵگا، چ ڕێگا و ڕێبازێکی هەڵبژاردووە بۆ تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، بەهەمان شێوە بۆخودی حزبیش گرنگە لەهەر قۆناغ و سەردەمێک بێت ناسنامە و بەرنامەی خۆی ئاشکرا بکات، بۆ ئەوەی ئەوانەی ئارەزویانە لە دەورەی بەرنامەکەی کۆببنەوە و ئەو حزبە بە هەڵگری ئاڵای داوا و داخوازیەکانیان بزانن.

(حزبی زەحماتکێشانی کوردستان) یەکێکە لەو حزب و ڕێکخراوانەی لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لە ١٩٨٥/١٢/١٢ ناسنامەی فیکری و ئایدۆلۆژیا و دروشم و ستراتیژیەتی خۆی بۆ جوماوەری کوردستان ڕوونکردۆتەوە، لەهەر کۆنگرە و کۆنفرانسێکدا لەبەر ڕۆشنای هەر گۆڕانکارییێک کە سەردەم و قۆناغی خەبات و تێکۆشان خواستویەتی، گۆڕان بەسەر ناسنامە و دروشمەکانی داهێناوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ خواستەکانی کەمەڵگا بێتەوە، بە تایبەتیش ئەو چین و توێژانەی کە بە پاڵپشتی خۆی دەزانێو کردویانە بە ئەو ئامرازەی بیانگەینێتە خواست و ئامانجەکانیان.

دەمانەوێت لەم بابەتەدا، وێستگەکانی کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی (حزبی زەحماتکێشانی کوردستان) بخەینە بەر ڕۆشنای و هەروا ئاماژە بە کورتەیەک لە مێژووی خەبات و تێکۆشانیدا بدەین.

(حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) لەئابی ساڵی ١٩٨٥ لە ئاکامی ناکۆکیی و گیروگرفتی سیاسی و فیکری و ڕێکخراویی وەک باڵێکی چەپ لە (حزبی سۆسیالیستی کوردستان –عیراق)ی ئەوسا جیا بووەوە و لەبەر ڕۆشنای ئەو

بارودۆخەی سەرەوە لە ڕۆژانی (١٢-١٤\١٢\ ١٩٨٥) لە (گەڵی زێوشکان) لە دەڤەری بادینان زنجیرەیەک کۆبونەوەی فراوانی (پلینۆم) کادیرانی ڕێکخستن و پێشمەرگەیی ئەنجامدرا و پاش شرۆڤە و لێکۆلینەوەیەکی هەمەلایانەی بارودۆخی حزب و کوردستان و ناوچەکە بڕیاردرا لەمەودوا وەک لایەنێکی کوردستانی سەربەخۆ و هێزێکی نوێ لەژێر ناوی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) درێژە بەخەباتی سیاسی و ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی خۆی بدات، ئەندامانی پلینۆم کۆمیتەیەکی ئامادەکردنی هەڵبژارد بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەم ئیتجاهە نوێیە تا گرێدانی کۆنفرانس یان کۆنگرە.

(حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) لە پلینۆمی یەکەمی بۆ ڕێکخستنی کارەکانی سێ بەشی گرنگی پێکهێنا، (بەشی ڕاگەیاندن، ڕێکخستن، پێشمەرگاییەتی) حزب لەم سێ بوارەدا خۆی ڕێکخست، هێزی پێشمەرگەی خۆی تەیار کرد بە بیری شۆڕشگێڕی و ڕۆڵی هەبوو لە بەشداریکردن لە لێدانی بنکە و مۆڵگەکانی ڕژێمی بەغدا وەک (داستانی ترپەسپیان/ ١٩٨٦/١٠/٢٧) لە دەشتی هەولێر کە زەربەیەکی گورچک بڕبوو بە ڕژێم کەوت لەوێ ڕۆژێدا، لەم داستانەدا فەرماندەی خۆشەویست هاوڕێ (قەهار عەزیز) شەهید بوو، هەروا داستانی (شیلادزێ ١٩٨٧/٥/٢٩) لە بادینان کە هاوبەش لەگەڵ (پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق) تۆمارکرا لەم داستانەشدا شاعێر و فەرماندەی پێشمەرگە (هەژار دێدەوانی) شەهید بوو، هەروا چەندین نەبەردی تری لە ناوچەکانی بادینان و دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی و برادۆست و شوێنەکانی تری کوردستان تۆمار کردووە و بە دەیان پێشمەرگە و کادیری شەهید بووە و چەندین لە ئەندامانی ڕێکخستنە نهێنیەکانی لە سێدارە دراون.

لە بواری ڕاگەیاندنیشدا بڕیار درا ئۆرگانێک بە ناوی (ئاڵای ئازدی)و گۆڤارێک بەناوی (پێشکەوتن) دەربکرێت، بەشی ڕاگەیاندن بە گوێرەی ئەو توانایەی کە هەیبوو هەوڵی بۆ ئەوەدا کە ئەم بڕیارە بە بایەخەوە جێبەجێبکات، لەو سەردەمە بۆ حزب، کە زۆر جار فشاری دەخرایە سەر کارێکی گرانبوو

کە بتوانێت پێداویستیەکانی ڕاگەیاندن دابین بکات، سەرەڕای ئەم گرفتانەش تواندرا کاری باش ئەنجام بدرێت، تەنیا بە ئامێرێکی ڕۆنیۆ و تایپێکی دەستی و بەدابینکردنی (کاغەز و مەرەکەب و ستێنسل) لە لایەن ڕێکخستنەکان و هێنانیان بۆ شاخ، بە هەوڵ و کۆششی هاوڕێیانی ڕاگەیاندن سەرەتا (ئاڵای ئازادی) بە (هەشت لاپەڕەی A٤) بڵاوکرایەوە و کە تائیستاش بەردەوامە، پاشان گۆڤاری (پێشکەوتن) کە گۆڤارێکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتی بوو بڵاوبکرێتەوە، یەکەمین ژمارەی لە سەرەتای ئازاری (١٩٨٦) دەرچوو، هەروەها بەشی ڕاگەیاندن چەندین نامیلکە و بڵاوکراوە و بەیاننامەی حزبی و بەلاغی پێشمەرگایەتی و پۆستەر بڵاوبکاتەوە، پاش سێ ساڵ لە درێژە پێدانی خەبات و تێکۆشان لەبەهاری ساڵی ١٩٨٨ یەکەمین کۆنفرانسی خۆی بەست.

لەو سەردەمەدا ئەو حزبانەی خۆیان بە چەپ و پێشکەوتنخواز دەزانی، لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیدا، خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتییان پێکەوە دەبەستەوە، تێزی (دیموکراتی شۆڕشگێڕ)یان دەکردە ناسنامەی فیکری خۆیان (دیموکراتی شۆڕشگێڕ) دیدگا و بۆچوونێکە لەلایەن (لینین)وە دیارکراو خرایە ڕوو بۆ ئەو گەلانەی کە لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیدان.

(حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) هەر لەسەردەمی (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) دوە ئەم دوو خەباتەی پێکەوە بەستبۆوە، (حزبی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) دوای تەواوکردنی ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی، دەگۆڕدرێت بۆ حزبێکی شۆڕشگێڕی کرێکاران و زەحمەتکێشان.

ڕێباز و ئایدۆلۆژیای (حزبی سۆسیالیستی کوردستان_ عێراق) لەو سەردەمەدا دیموکراتی شۆڕشگێڕ بووە و لە پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی یەکەمین کۆنگرەی (١٢-١٩٨١/٥/١٥) هاتووە دەڵێت: (حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخوازە) هەر لەهەمان پەیڕەو هاتووە دەڵێت: (حزبمان باوەڕی تەواوی بە سۆسیالیزمی زانستی و بەیەکەوە گرێدانی دیالێکتییانەی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی

هەیە) ئەوکات حزب بۆ ئەو قۆناغەی خەباتی باوەڕی تەواوی بەم شێوازە خەباتە هەبووە هەر بۆیەش ئەم ئیتجاهەی هەڵبژارد.

کۆنفرانسی یەکەم (٢٤–٢٦\٤\١٩٨٨) بادینان

بۆ هەموو ڕێکخراو حزبێک کۆنفرانس و کۆنگرەی یەکەم گرنگە، بۆ (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)یش کۆنفرانسی یەکەم گرینگییێکی تایبەتی خۆی هەبوو، پێویست بوو زووتر کۆنفرانس ببەسترێ بەڵام لەبەر بارودۆخ و هەندێ گیروگرفت نەتوانرا کۆنفرانسی یەکەم لە ماوەیەکی زووتردا ببەسترێ، گرینگیەکەی لەوەدابوو ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی هاوڕێیان سەقامگیرتردەبوو، بەگرێدانی کۆنفرانس، هەماهەنگی و یەکگرتوویی ڕیزەکانی حزب پتەوتربوو، حزب خرایە سەر ڕێبازە فکریەکەی خۆی کە ساڵانێک خەبات و تێکۆشانی بۆکراوە و قوربانی زۆری بۆ داوە، لە دوای کۆنفرانس بە دیدێکی نوێتر و پڕ لەگۆڕان درێژەی بەخەبات و تێکۆشانی خۆیدا.

ئەوکات کە کۆنفرانسی یەکەم گرێدرا کوردستان بە قەناغێکی سەخت و دژواردا ڕەت دەبوو ڕژێمی فاشی بەغدا لەخۆئامادەکردن دابوو بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی قۆناغەکانی تری ئەنفال و کیمیا باران و بە سوتماک کردنی خاکی کوردستان، بۆیە بۆ حزب گرنگ بوو وێڕای ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی و دانانی بەرنامە و پەیڕەوی ناخۆی نوێ، خۆ ئامادەکردن بوو بۆ قۆناغی داهاتوو، بۆ بەشداری کاریگەرانەتر لە تەک هێز و لایەنەکانی تر لە بەرپەرچدانەوەی نیاز و پیلانەکانی دوژمن، حزب بریاریدا کۆنفرانس ببەستێت و یەکێک لە داواکانی کۆنفرانس پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی بەرفراوان بوو، بەتاکە ڕێگا چارەی دەزانی بۆ یەکڕیزی لایەنەکان و توندوتۆڵکردنی خەبات و تێکۆشان.

کۆنفرانسی یەکەم لەژێر دروشمی (ڕێکخستنی پۆلاین و دیسپلینی هۆشیارانە پێش هەموو شتێک) بە ئامادەبوونی (٣٦) نوێنەر لە ڕیزەکانی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی شار (کە خۆیان دەمامک دابوو) لە ڕۆژانی (٢٤-٢٦\٤\١٩٨٨) لە گوندی (کافیا)ی بناری چیای گارا لە ناوچەی بادینان گرێدرا.

لەو کۆنفرانسە کۆمەڵێک گۆڕان لە ناو و ناسنامە و دروشم و ئامانجەکانی حزب کران، وێڕای دیاریکردنی ئەرکەکان، بڕیار لە ڕاپۆرتی سیاسی و هەردوو پرۆژەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ دران و کۆمیتەیەکی ناوەندی نوێ هەڵبژێردرا.

ناوی حزب لە (حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق «ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێر») گۆڕدرا بۆ (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان – عێراق) هەروەها ناسنامەی فکری و چینایەتی و نەتەوەیی خۆی بەم شێوەیە پێناسەکرد (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان حزبی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕۆشەنبیرانی شۆڕشگێڕی کوردستانە)، (حزبمان حزبێکی شۆڕشگێڕی کوردستانییە و پەیڕەو لە مارکسیزم دەکات و تێدەکۆشێ لەپێناو کۆماری دیموکراتی سەربەخۆی کوردستان و بنیاتنانی سۆسیالیزم)، مێژووی خەبات و تێکۆشانی خۆی بەم جۆرە دیاری کرد، (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان مێژووی حزبایەتی و تێکۆشانی دەگەڕێتەوە بۆ بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دامەزرا و لە ئابی هەمان ساڵیشدا بەشداری کرد لە دەستپێشخەری هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی چەکداری گەلەکەمان.

دروشمی (مافی چارەی خۆنووسین)ی بەرز کردەوەو بووە دووەمین حزب لە کوردستان کە ئەم دروشمەی کردە ئامانجی خۆی. ئەرکەکانی بەردەمی خەبات و تێکۆشانی خۆی بەم جۆرە دیاری کرد (بەهێزکردنی ڕۆلی شۆڕشگێڕانەی حزب و چوونە ناو جەماوەر و بەحزبی کردنی جەماوەر و گەشەپێدان بە ڕێکخستنی پۆلاین و بایەخدان بە ڕێکخراوە جەماوەریەکان بەتایبەتی لاوان و خوێندکاران و ئافرەتان) کۆنفرانس کۆمیتەییەکی ناوەندی نوێیی هەڵبژارد، هەیکەلی ڕێکخستن و پێشمەرگەی بە شێوازێکی نوێ ڕێکخستنەوە.

بۆیە بەدرێژی لەسەر کۆنفرانسی یەکەم وەستاین، چونکە ئەم کۆنفرانسە لە ژیانی خەبات و تێکۆشانی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) گرینگییێکی تایبەتی و تایبەتمەندی خۆی هەبوو.

کۆنگرەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

کۆنگرە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە لە ژیانی هەر حزبێکدا، وێستگەیەکە هەڵوەستە لەسەر ژیانی حزب دەکرێت لە هەموو جومگەکانیدا، کار و چالاکیەکانی ڕابردووی هەڵدەسەنگێندرێ و بەرنامەی نوێی کار بۆ داهاتووی دادەڕێژیت و دەستنیشانی خاڵە گەش و کزەکانی حزب دەکات و چارەسەری گرفت و کێشەکان دەکات واتا بەرزترین دەسەڵاتە لەحزبدا.

لێرەردا دەمەوێت (پانۆڕاما)ی سەرەجەم کۆنگرەکانی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) بخەمە ڕوو، کە لەماوەی (٣٧) ساڵەی تەمەنیدا یازدە کۆنگرە و چوار کۆنفرانسی بەستووە.

کۆنگرەی یەکەم (٤/٢٧ – ١ / ٥ / ١٩٩٢) هەولێر

کۆنگرەی یەکەم لە هەولێر بەستراو (٥) ڕۆژی خایەند، ئەم کۆنگرەیە بە کۆنگرەی یەکگرتن ناسراوە کە یەکگرتن لەنێوان (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی سۆسیالیستی کوردستان، ئاڵای شۆڕشی پێشووتر) کرا ناوی حزب هەر وەکو خۆی مایەوە تەنیا (داش عێراق)ی لێفڕێدراو ناسنامەی چینایەتی گۆرانکاریەکی ئەوتۆی بەسەرنەهات، (سەربەخۆیی، یەکگرتنەوە، سۆسیالیزم) بوو بە دروشمی سەرەکی حزب، ئەم پێناسەیە: (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حزبی کرێکار و زەحمەتکێشان و ڕۆشەنبیرانی شۆڕشگێڕانی کوردستانە)و (پەیڕە و لە سۆسیالیزمی زانستی و ڕێسا بنچینەیەکانی مارکسیزم بەناوەرۆکە دیموکراتی و مرۆڤایەتیەکەی دەکا) بوو بە پێناسەی فکری حزب.

کۆنگرەی یەکەم لە کاتێکدا ئەنجام درا کە سەرجەم حزب و جەماوەری کوردستان لە خۆ ئامادەکردندا بوون، بۆ ئەنجام دانی یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە سایەی ئازادیدا، (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) وەک لایەنەکانی تر بەشداری کرد لەم پرۆسەیەدا کە ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ بەڕێوەچوو، لەگەڵ (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) هاوپەیمانی کردو بە یەک لیست دابەزین، حزب توانی لە یەکەمین پەرلەمانی

کوردستاندا بە چوار کورسی شوێنی خۆی بگرێت، هەڵبەتە کۆنگرەی یەکەم جیاوازی زۆری هەبوو لەگەڵ کۆنفرانسی یەکەم لە ڕوی کات و شوێن و بارودۆخی سیاسیەوە.

کۆنگرەی دووەم (٢٦-١٩٩٤/٧/٣٠) هەولێر

کۆنگرەی دووەم لە هەولێر لە ماوەی پێنج ڕۆژ کارەکانی خۆی تەواو کرد، لە ڕۆژی یەکەمی دەستپێکردنی کۆنگرە، نوێنەری چەندین حزب و ڕێکخراوی کوردستانی و عێراقی و کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکان ئامادەبوون، وتار و بروسکەکانیان خوێندرایەوە کە ژمارەیان (٧٤)وتار بوو، یەکەمین وتار لە لایەن بەڕێز (مام جەلال) خوێندرایەوە پاشان بەڕێز (محەمەد مەلا قادر) وتاری بەڕێز (کاک مەسعود بارزانی) خوێندەوە.

لەم کۆنگرەیەدا بە هەمان شێوەی کۆنگرەی یەکەم گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر فکری حزب لە ڕووی چینایەتی و نەتەوایەتیدا نەهات، لە بەشی دووەمی پێناسەی ناسنامەی خۆیداوا هاتووە: (حزبمان حزبێکی چەپی شۆڕشگێڕی کوردستانییە، پە یڕەو لە مارکسیزم دەکا) هیچ گۆڕانێک بەسەر دروشمی سەرەکی حزبدا نەهات، (سەربەخۆیی، یەکگرتنەوە، سۆسیالیزم)وەکو خۆی مایەوە.

کۆنگرەی سێیەم/٧-١٩٩٩/٨/١٠ سلێمانی

کۆنگرەی سێیەم لە ڕۆژانی (٧-١٩٩٩\٨\١٠) لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی لە ژێر دروشمی (لە پێناو ئاشتی و بەهێزکردنی سەنگەری نیشتیمانی و نەتەوەی و چینایەتی و گەشەپێدانی ڕۆلی حزب لە خەباتدا) بەبەشداری (٢٠٠) ئەندامی کۆنگرە و نوێنەری حزب و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریی و کەسایەتیەکانی کوردستانی و عێراق، بە ئاهەنگێک دەستی پێکرد، وێڕای وتاری کردنەوەی کۆنگرە هەر یەک لە بەڕێزان (مام جەلال و محەمەدی حاجی مەحمود) وتاریان خوێندەوە، هەروا (٤٩)وتار و بروسکەی تر خوێندرانەوە.

لەم کۆنگرەیەدا لە بەشی پێناسەی مێژوی حزبدا گۆڕانێک کراوە، وا خۆی پێناسە کردووە: (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) لە (١٩٨٥/١٢/١٢) دامەزراوە و خۆی بەدرێژە پێدەری بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دەزانێ کە ئەویش لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و لە سەرەتای ساڵی١٩٧٦دا، دامەزراوە و لە ئابی هەمان ساڵیشدا بەشداری لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی چەکداری گەلەکەماندا کردووە).

هەروا لە بەشی پێناسەی فیکری گۆڕانێک بەرچاو دەکەوێت: (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حزبێکی چەپی شۆڕشگێڕی کوردستانییە و بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندی بارودۆخی کوردستان، مارکسیزم بە ڕێنیشاندەری کار و خەباتی خۆی دەزانێ و ئەندامەکانی پێ گۆش دەکات) دروشمی سەرەکی حزب وەکو خۆی مایەوە (سەربەخۆیی، یەکگرتنەوە، سۆسیالیزم).

کۆنگرەی چوارەم/ ١٧-٢٠٠٤/٤/١٨ هاوینەهەواری دوکان

کۆنگرەی چوارەم لە ڕۆژانی ١٧-٢٠٠٤/٤/١٨ لە هاوینە هەواری دوکان گرێدرا لەم کۆنگرەیەدا هیچ لایەنێکی سیاسی وەک میوان بانگێشت نەکران، گۆڕان لە هەردوو بەشی مێژوویی و فیکری کران، لە پێناسە مێژوویەکەی واهاتووە: (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ((١٩٨٥/١٢/١٢)) دامەزراوە، بەڵام مێژووی تێکۆشانی بۆ سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە ساڵی ١٩٧٦ بەگشتی و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بە تایبەتی دەگەڕێتەوە) لە پێناسە فکریەکەی کە گۆرانێکی بەرچاوی تیا کراوە، وەها هێڵە فیکریەکەی داڕێژراوەتەوە: (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حزبێکی چەپی کوردستانییە و لە پێناو سەربەخۆیی و دیموکراتی و کۆمەڵگای مەدەنیدا تێدەکۆشێ) هەروەها دروشمی سەرەکی گۆڕانی بە سەردا هاتووە و ئەم دروشمە نوێیە (سەربەخۆیی، دیموکراسی، کۆمەڵگای مەدەنی) بەرز کرایەوە، دیارە ئەم گۆڕانە بەرچاوە کە لە ناسنامەی حزب کراوە دەگڕێتەوە بۆئەو گۆڕانە فیکری و ئایدۆلۆژیە کە بەشێوەیەکی گشتی

بەشێکی جیهانی گرتەوە، دیموکراسی و فرە حزبی و باهۆزی جیهانگیری، بووە خواست.

کۆنگرەی پێنجەم/ ٢٢-٢٠٠٧/٧/٢٤ سلێمانی

کۆنگرەی پێنجەم لە ڕۆژانی ٢٢-٢٠٠٧/٧/٢٤ لە سلێمانی بەستراو سێ ڕۆژی خایەند، وەک کۆنگرەی چوارەم هیچ میوانێک بانگێشت نەکرا، لەم کۆنگرەیەدا پێناسەی فیکری حزب لەسەر دوو بنەما دیاری کراوە:

یەکەمیان/ چەپی دیموکراسی کە وای شرۆڤە دەکات بیری چەپی دیموکراسی کە سەرچاوەی لە فیکری مارکسیزمەوە هەڵگرتووە دەگونجێنین لەگەڵ بارودۆخی کوردستان، لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابووریەوە.

دووەمیان/ دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی و یەکسانی کۆمەڵایەتی کە هەرسێکیان پەیوەندییێکی تۆکمەیان پێکەوە هەیە و تەواوکەری یەکترن، کە دەمێکە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان پەیڕەوی لێوەدەکەن و گەیشتوون بە جۆرێک لە خۆشگوزەرانی، دروشمی سەرەکیش هەڵگری ئەم ناوەرۆکەیە (سەربەخۆیی، دیموکراسی، دادی کۆمەڵایەتی).

کۆنگرەی شەشەم/ ١٥-٢٠٠٩/٤/١٧ هەولێر

کۆنگرەی شەشەم لە ڕۆژانی١٥-٢٠٠٩/٤/١٧ لە هۆڵی میدیا بۆماوەی (٣) ڕۆژ بەردەوام بوو، زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و نوێنەری چەندین ڕێکخراوی پیشەیی و جەماوەری و مەدەنی و وەزیر و پەرلەمانتار و چەندین کەسایەتی و خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکانی حزب ئامادەی کردنەوەی یەکەم ڕۆژی کۆنگرەبوون، ئەم کۆنگرەیە بە کۆنگرەی ساخ کردنەوە و سازکردنەوە و دەرباز کردنی حزب دادەنرێت، کە کۆمیتەی ناوەندی حزب لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٢٠٠٩ /٣/٢٨) بڕیاری پێوەرگرت، کۆنگرەی شەشەم خاڵێکی وەچەرخانی گرینگ بوو لە ژیانی حزبدا.

سەبارەت بە ناسنامەی فیکری و دروشمی سەرەکی حزب، گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە و وەکو خۆی ماوەتەوە.

کۆنگرەی حەوتەم/١٠-٢٠١١/٧/١٣ هەولێر

کۆنگرەی حەوتەم لە ڕۆژانی ١٠-٢٠١١/٧/١٣ لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی (٣١٠) ئەندامی کۆنگرە و پێشمەرگە دێرینەکان و خانەوادەی شەهیدانی حزب لە ژێر دروشمی (بەدیهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان لە ڕێگای ڕیفراندۆمەوە) بەسترا، هیچ لایەن و میوانێک بانگێشتی کۆنگرە نەکران.

کۆنگرەی هەشتەم / ١٦-٢٠١٤/١/١٨ هەولێر

کۆنگرەی هەشتەم لە ڕۆژانی ١٦-٢٠١٤/١/١٨ لە شاری هەولێر بە بەشداریکردنی (٢٣٥) نوێنەر کە نوێنەرایەتی ڕێکخستن و سەرجەم ئۆرگانەکانی حزبیان دەکرد لە ژێر دروشمی (حکومەتی هاوڵاتی کارا، بەدیهێنانی مافی چارەنووس، دەستەبەری عەدالەتی کۆمەڵایەتی، نوێبوونەوە و بەهێزکردنی ڕۆلی حزب) دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو، هیچ لایەن و میوانێک بانگهێشت نەکران.

کارەکانی کۆنگرەی هەشت بە بەراوردکردنی کۆنگرەکانی پێشووتر گۆرانکاریەکی بە خۆیەوە بینی ئەندامانی کۆنگرە بەشدارییێکی کارا و فرەوانیان کرد لە دەوڵەمەندکردنی بەرنامەی حزب و داڕشتنی هێلە گشتیەکانی کاری حزبی و وێڕای ئەوەی هەڵسەنگاند کرا بۆ کار و چالاکیەکانی سەرجەم مەکتەبەکان لە نێوان کۆنگرەی حەوت و هەشتدا، بۆ یەکەمین جار کە سەرجەم مەکتەبەکان ڕاپۆرتی تایبەت بە خۆیان هەبێت و لە لایەن ئەندامانی کۆنگرە هەڵسەنگاندنیان بۆ کرا و ڕەخنە و تێبینی و ڕا و سەرنجیان لە بارەیەوە دران و لەسەر کەموکورتیەکان وەستان و بە پێشنیار دەوڵەوەمەند کران.

خاڵێکی تری گرنگی کۆنگرەی هەشت ئەوە بوو کە سەرکردایەتی کردنی حزب بە کۆمەڵ قوڵتر بکرێتەوە و پۆستی سکرتێر لە پەیڕەوی ناوخۆی حزب هەڵگیرا و ئەو پۆستە لە جیاتی یەک کەس بەڕێوەی ببات کرا بە

بەڕێوەبردنێکی بە بەکۆمەڵ و دەستەی سەرۆکایەتی بۆ دانرا، ئەم دەستەیە لە سێ هاوڕێ پێک هات و ڕاستەوخۆ لە کۆنگرە هەڵبژێردران، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان تاکە حزبی باشووری کوردستانە کە سکرتێری حزبی نەهێشت و ئەم پۆستەی کرد بە پۆستێکی سەرکردایەتی بە کۆمەڵ، ئەمەش لەپێناو قوڵترکردنەوەی گیانی دیموکراسی نێوخۆی حزب و باوڕبوون بە دیموکراسی و سەرکردایەتیکردنی بە کۆمەڵ.

خاڵێکی تری کۆنگرە کە بووە جێگای گرنگی ئەندامان، دروشمی کۆنگرە بوو، دروشمێکی گشتیر بوو کە هەڵقوڵاوی بیروباوەڕی حزب بوو، ئەندامان هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە حکومەت دەبێت حکومەتی هاوڵاتیان بێت و کارا بێت بۆ خزمەتکردن، جەختکردنەوە لەسەر مافی چارەی خۆنووسین کە حزب لە کۆنفرانسی شاخ ساڵی ١٩٨٨وەک باوەڕبوون بەم مافە ئەم دروشمەی بەرز کردۆتەوە، تاکە ڕێگا بۆ خۆشگوزەرانی و نەمانی جیاوازی و بوونی ئاشتی کۆمەڵایەتی، بەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە کە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە سەرەتایی دروستبوونیەوە باوڕی پێ هەبووە و بۆی هەوڵداوە، بۆ هەر گۆڕان و قۆناغێک حزب بۆچوون و نوێبوونەوە و بەهێزکردنی ڕۆلی حزبی وەک پرنسیپێک کاری بۆ کردووە و کە لەگەڵ بارووددۆخەکە گونجاو بێت و وەڵامدەرەوەی قۆناغەکە بێت، بۆیە حزب ئەم بابەتەی ئاوێتەی دروشمی کۆنگرە کردو لەسەر ڕۆڵی حزب لە قۆناغە جیاجیاکان وەستاو بۆ هەر پێشهاتێکو گۆڕانێک ڕۆڵی تیا بگێڕێ.

کۆنگرەی نۆیەم / ٤-٢٠١٧/٥/٥ هەولێر

کۆنگرەی نۆیەم لە ٤-٢٠١٧/٥/٥ بە بەشداری (٢٦٥) ئەندامی کۆنگرە و ئامادەبوونی نوێنەری لایەنە سیاسیەکان و خانەوادەی شەهیدانی حزب، لە هۆڵی پێشەوا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لە ژێر دروشمی (لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان، سیستەمێکی حوکمڕانی دادپەروەرانە و خۆسازدان بۆ قۆناغێکی دیکەی تێکۆشانی سیاسی و جەماوەری تێدەکۆشین) بە سروودی ئەی رەقیب و ساتێک وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی

شەهیدان دەستی بە کارەکانی کرد، چەند ڕۆژێک بەر لە کۆنگرە، هەردووک پڕۆژەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ درابووە سەرجەم ئۆرگانەکانی حزب تا بە سەرەنج و پێشنیارەکانیان دەوڵەمەندی بکەن، ڕاپۆرتی سیاسی لە لایەن هاوڕێ (بەڵێن عەبدوللا) خوێندرایەوە، پاشان وتار و بروسکەی لایەنەکان خوێندرایەوە، دانیشتنی دووەم ڕاپۆرتی سیاسی و هەردووک پڕۆژەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ و ڕاپۆرتی دارایی، دوایی بەشداریکردنی ئەندامانی کۆنگرە لە دەوڵەمەندکردنیان بە سەرەنج و تێبینییەکانیان، پەسند کران. دانیشتنی ڕۆژی دووەم تایبەت بوو بە ڕەخنە و پێشنیار و ڕاسپاردەکان، بە گیانێکی لە خۆ بردوانە و هاوڕێیانە، هاوڕێیان بەشداری گفتوگۆکانیان کرد و ڕەخنە و پێشنیارەکانیان خستە ڕوو. دانیشتنی دووەمی ڕۆژی دووەمی کۆنگرە بە ئامادەبوون و سەرپەرشتی دادوەر و نوێنەرایەتی پارێزگای هەولێر، دەستەی سەرۆکایەتی و کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا،٣ هاوڕێ بۆ دەستەی سەرۆکایەتی و ١٤ هاوڕێ بۆ کۆمیتەی ناوەندی.

ڕاپۆرتی سیاسی کە چەندین خاڵی گرنگی لە خۆگرتبوو لە وانە (پرسی مافی چارەنووس و دۆخی سیاسی کوردستان و دۆخی ئابووری و دۆخی سیاسی پارچەکانی تری کوردستان)و چەند خاڵێکی تر.

کۆنگرەی دەیەم/ ٢٠١٩/١١/٢٢هەولێر

لە هۆڵی پێشەوا لەشاری هەولێر لەژێر دروشمی (مافی بڕیاردانی چارەنووس، یەکڕیزی کوردستانی، چاکسازی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی) بە بەشداری (٣٧٠) ئەندامی کۆنگرە، کۆنگرەی دەیەم کارەکانی خۆی دەستپێکرد، ڕاپۆرتی سیاسی خوێندرایە، (٧٠) پەیام و بروسکەی لایەنەکان ئاراستەی کۆنگرە کرابوون و بەشێکیان لێ خوێندرانەوە، ڕاپۆرتی سیاسی و پڕۆژەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ دوای خوێندنەوە و دەردەشەکردنیان، لە لایەن ئەندامانی کۆنگرە پەسند کران، سیستەمی بەڕێوەبردنی حزب لە دەستەی سەرۆکایەتی گۆڕدرا بۆ سکرتێر و جێگر، هەروا کۆمیتەی ناوەندی کرا بە ئەنجومەنی گشتی و ژمارەی ئەم ئەنجوومەنە بە (٢٥) کەس جێگیر

کرا و پاشان ئەندامانی کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ (٢٥) هاوڕێی هەڵبژارد و لە پەیڕەوی ناوخۆ ئەمە جێگیر کرا کە ئەنجوومەنی گشتی لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا سەرۆکی ئەنجوومەن و سکرتێر و جێگری سکرتێری حزب و مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێرێت.

کۆنگرەی یازدەم ٣-٢٠٢٢/٣/٥ هەولێر

کاتژمێر (١٠.٣٠)ی رۆژی ٣ی ئاداری ٢٠٢٢، لە هۆڵی پێشەوا لە شاری هەولێر لە ژێر دروشمی(حوکمڕانی دادپەروەرانە، چاکسازی و دابینکردنی کار) بە بەشداری (٢٣٧) نوێنەر لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان و هەندەران بەرێوە چوو، راپۆرتی سیاسی خوێندرایەوە، لیژنەی سەرپەرشتی کۆنگرە کە ژمارەیان (٧) کەس بوون لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە هەڵبژێردران، گفتوگۆ لەسەر راپۆرتی سیاسی و پرۆژەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ کرا، هەروا بەشێوەیەکی چڕ و پڕ گفتوگۆ لەسەر سیاسەت و شێوازی کارکردن کراو هەڵسەنگاندن بۆ حزب کرا لە نێوان دوو کۆنگرەدا، رەخنە و پێشنیار و تێبینی خرانە روو، گۆڕان لە ناوی هەندێ لە ئۆرگانەکان و ئارمی حزب و ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی و ماوەی بەستنی کۆنگرە کرا، لە دووا رۆژی کۆنگرە (٢٣) کەس بۆ ئەنجومەنی گشتی هەڵبژێردران.

کۆنفرانسی یەکەم بۆ حزب کۆنفراسێکی گرنگ و پڕ بایەخ بوو، ناوو دروشمی نوێی بۆ حزب هەڵبژاردو حزبی خستە سەر ڕێچکەیەکی تایبەت و سەربەخۆ، کە ئێستاش لە ژێر هەمان ناو کە گوزارشت لە ناسنامە و ئایدیای حزب دەکات، درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدات، هەروا بەرزکردنەوەی دروشمێک کە لەگەڵ قۆناغی تێکۆشان و خواست و ویستی گەلەکەمان دەهاتەوە.

هەروەها کۆنگرەی شەشەم کە کۆنگرەی دەرباز کردنی حزب بوو، ئەم کۆنگرەیەش بە کۆنگرەی بەخۆ داچوونەوە و هەڵسەنگاندنی کارەکانی و دەست نیشان کردنی خاڵە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکان و گۆڕانکاری کردن لە شێوازی ئیش و کاری ڕێکخراوەیی و پێکهاتەی ئۆرگانەکانی ئەژمار

دەکرێت.

هەر لە کۆنگرەی شەشەم، پرسی نەتەوایەتی و چینایەتی حزب چڕ کراوەتەوە، لە سەرجەم کۆنگرەکان هێڵی گشتی فیکری چینایەتی و نەتەوایەتی حزب گۆڕانێکی ئەوەتۆی بەسەردا نەهاتووە و وەکو خۆی ماوەتەوە، سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی دیموکراسی و تێکۆشان بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی ستراتیژیەتی حزب بووە، هەر لە کۆنفرانسی یەکەم لە سەردەمی خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتی، حزب بڕوای بەوە هەبووە کە گەلی کورد مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی هەیە و خەباتی لە پێناو کردووە و کردوویەتی بە دروشمی سەرەکی خۆی.

خاڵێکی گرینگی تری کۆنگرەکانی حزب ئەوەبووە، لە کۆنگرەی (٣،٢،١) سکرتێری حزب هەڵبژێردراوی کۆمیتەی ناوەندی بووە هەروەها لە کۆنفرانسی یەکەمیش بە هەمان شێوە بووە، کەئەمە خاڵێکی پۆزەتیڤە لەژیانی حزبایەتیدا، بەڵام لە کۆنگرەی (٥،٤) ئەم خاڵە گۆڕانی بەسەرداهات و سکرتێر کرا بە هەڵبژێردراوەی کۆنگرە، لە هەردووک کۆنگرە سکرتێر بەبێ ڕکابەر هەڵدەبژێردرا، کە ئەمە بۆ حزبێکی وەک (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) خاڵێکی نێگەتیڤ بوو، لە کۆنگرەی شەشەم بە دوواوە، هەڵبژاردنی سکرتێر کرا بە هەڵبژێردراوی کۆمیتەی ناوەندی و لە پەیڕەوی ناوخۆ جێگیرکرا.

کۆنفرانسەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ماوەی (٣٦) ساڵ خەبات و تێکۆشانیدا لە تەک بەستنی یازدە کۆنگرە، چوار کۆنفرانسیشی بەستووە، حزب ئەم کۆنفرانسانەی کردووە بە وێستگەیەک بۆ هەڵسەنگاندن و هەڵوەستەکردن لەسەر کار و چالاکیە سیاسیی و ڕێکخراوەیی و جەماوەریەکانی، لێرەدا تەنیا ئاماژە بە مێژووی بەستنیان ئەدەین.

کۆنفرانسی یەکەم/ ٢٤-١٩٨٨/٤/٢٦ لە شاخ بەستراوە (لە سەرەتای ئەم بابەتەوە لەبەر گرینگی ئەم کۆنفرانسە بە درێژی لە سەری وەستاوم).

کۆنفرانسی دووەم/ ٢٣ -١٩٩٣/٩/٢٦ هەولێر (کۆنفرانسی شەهید رێناس).

-کۆنفرانسی سێیەم/ ٢٢-٤/٢٤/ ١٩٩٦ هەولێر.
-کۆنفرانسی چوارەم/ ٢٣-٢٠٠٣/٨/٢٤ سلێمانی.

هەروەها (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) چوار پلینۆم و چەندین کۆبوونەوەی فرەوانی ئەنجام داوە، وەک پلینۆمی ١٩٨٥/١٢/١٢ کە دامەزراندنی حزبی تیا ڕاگەیاندراوە، هەروا پلینۆمی ساڵی ١٩٩١ کە لە ڕواندز لە ڕۆژانی ٣-١٩٩١/٦/٤ لە نێوان(حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) و (ئاڵای شۆڕش کۆنفرانس) بەستراوە کە ئەم باڵەی ئاڵای شۆڕش لەم پلینۆمە بڕیاریاندا لە نێو حزب درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بدەن.
دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) چ لە سەردەمی شاخ و چ لە سەردەمی ئێستای شار، ڕۆل و بەشداری هەبووە لە زۆرێک لە ڕووداو و گۆڕانکاریە سیاسییەکان، وەک ئەندامیەتی لە (بەری کوردستانی ١٩٨٨/٥/٧) بەشداریکردنی لە یەکەمین (پەرلەمانی کوردستان ١٩/ ٥ / ١٩٩٢) و (حکومەتی هەرێمی کوردستان ١٩٩٢/٩/٢) و دامەزراندنی (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ١٩٩٩) لە هۆلەندا، هەروا ئەو کۆنگرانەی لە پێناو ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی بەغدا لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لە بەیروت و ڤیەنا و پیرمام و نیویۆرک بەستراون، لە ڕوخاندنی (ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا٢٠٠٣/٤/٩) بەشداری هەبووە، لە هەردوو میحوەری موسڵ و کەرکوک، لە دوای ڕوخانی ڕژێم بەشداری کردووە لە دوو خوڵی پەرلەمانی عێراق و ئەندامیەتی تیا هەبووە، لە سەرجەم هەڵبژاردنەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان و بەشێکی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەشداری کردووە بە لیستی جیاو هاوبەش.

بەکورتی مێژووی کۆنگرەو کۆنفرانسەکان

-کۆنگرەی یەکەم/٤/٢٧ - ١/ ٥/ ١٩٩٢هەولێر.
-کۆنگرەی دووەم/٢٦-١٩٩٤/٧/٣٠هەولێر.
-کۆنگرەی سێیەم/٧-١٩٩٩/٨/١٠ سلێمانی.
-کۆنگرەی چوارەم/ ١٧-٢٠٠٤/٤/١٨ هاوینەهەواری دوکان.
-کۆنگرەی پێنجەم/ ٢٢-٢٠٠٧/٧/٢٤ سلێمانی.
-کۆنگرەی شەشەم/ ١٥-٢٠٠٩/٤/١٧ هەولێر.

-کۆنگرەی حەوتەم/ ١٠-٢٠١١/٧/١٣ هەولێر.
-کۆنگرەی هەشتەم/ ١٦-٢٠١٤/١/١٨ هەولێر.
-کۆنگرەی نۆیەم/ ٤-٢٠١٧/٥/٥ هەولێر.
-کۆنگرەی دەیەم/ ٢٠١٩/١١/٢٢هەولێر.
-گۆنگرەی یازدەم/ ٣-٥/ ٢٠٢٢/٣ هەولێر
-کۆنفرانسی یەکەم/ ٢٤-١٩٨٨/٤/٢٦ شاخ.
-کۆنفرانسی دووەم/ ٢٣ -١٩٩٣/٩/٢٦ هەولێر(کۆنفرانسی شەهید ڕێناس).
-کۆنفرانسی سێیەم/ ٢٢-٤/٢٤/ ١٩٩٦ هەولێر.
-کۆنفرانسی چوارەم/ ٢٣-٢٠٠٣/٨/٢٤ سلێمانی.

بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:
١. گۆڤاری پێشکەوتن ژمارە (٢،١) ساڵی ١٩٨٦ حزبی سۆسیالیستی کوردستان_عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ.
٢. نامیلکەی (هەڵوێستی شۆڕشگێڕی نەک لادان و پاشگەزبوونەوە) حزبی سۆسیالیستی کوردستان_عێراق /ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێر.
٣. گۆڤاری ڕێکخستن ژمارە (٧) ساڵی ١٩٩٩ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان/ مەکتەبی ڕێکخستن.
٤. بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پەسندکراوی کۆنگرەکانی (١ تا ١١).

(تێبینی ئەم بابەتە تایبەتە بە کۆنگرە و کۆنفرانس و پلینۆمەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، دەکرێت هەر کاتێک کە ئەم حزبە کۆنگرە یان کۆنفرانس ئەنجام بدات کورتەیەکی کار و چالاکیەکانی ئەم کۆنگرە و کۆنفرانس و پلینۆمانە بخرێتە سەر ئەم بابەتە).

ئەم بابەتە لە ژمارەی(٩٢٨)ی ڕۆژی (٢٠١١/١٢/٧)ی ئاڵای ئازادی بڵاوکراوەتەوە، کە زانیارەکان تا کۆنگرەی حەوتەم بوون، زانیاری کۆنگرەکانی (٨، ٩، ١٠، ١١) پاشتر خراونەتە سەر ئەم بابەتە.

یادداشت

- بەرەو سنوور
- بیرەوەری رۆژانی ئەنفال(بەری گارێ و زێباریا)
- رۆژمێری پێشمەرگە (لە نێوان چیای کۆریس و پێرسدا)

١- بەرەو سنوور[1]

مەریوان زەندی

بڕیاری وەستانی شەڕی نێوان عێراق- ئێران لە (١٩٨٨/٨/٨)، لەو ڕۆژە بەدواوە هەواڵی هێرش و پەلاماری هێزەکانی ڕژێم بۆ ناوچەی بادینان ڕووی لەزیادبووندا بوو، ڕژێم لەناوچەکانی تری کوردستان بەتایبەتی (سلێمانی و گەرمیان و هەولێر) سەرکەوتن و پێشکەوتنی لەهێرشەکان بۆ سەر هێزی پێشمەرگە و ناوچە ئازادکراوەکان و پاشەکشەی ئەو هێزانە بەرەو سنوور بەدەست هێنابوو، هێزەکانی پێشمەرگە و ئەوانەی دەربازیان ببوو لەو ناوچانە بەرەو ئێران و سنوورەکان پاشەکشەیان کردبوو، زۆربەی ناوچەکان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتبوون کە تا ئەوکاتە (٧) قۆناغی ئەنفال ئەنجام درابوو، بەم شێوەیە:

قۆناغی یەکەم: دۆڵی جافایەتی لە٢٢/٢/-١٩٨٨/٣/١٩.

قوناخی دووەم: ناوچەی قەرەداغ لە ٢٢/٣-١٩٨٨/٤/١.

قۆناغی سێیەم: ناوچەکانی گەرمیان لە ٧-١٩٨٨/٤/٢٠.

قۆناغی چوارەم، ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنی و دەشتی کۆیە و قەڵاسێوکە لە ٣-١٩٨٨/٥/٨.

قۆناغەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم: ناوچەکانی خۆشناوەتی و ڕواندز و قەڵاتوکان و خواکورک لە ٩-١٩٨٨/٥/١٥.

قۆناغی هەشت: بۆ سەر ناوچەکانی بادینان لە ١٩٨٨/٨/٢٥ – ١٩٨٨/٩/٦.

دوای ڕاگەیاندنی کۆتایی شەڕ، لەو مێژووە بەدواوە بەتایبەتیش ڕۆژانی (٢٠-١٩٨٨/٨/٢٤)و پێشتریش هێزە ئاسمانییەکان گەڕان و سوڕانیان بەئاسمانی ناوچەکانی بادینان زۆر زیادی کردبوو، تۆپبارانی ناوە ناوەی ناوچەکان ڕۆژ

[1] بۆنوسینەوەی ئەو بیرەوەریانە سوودی زۆرم لە کتێبی (لەدوڕیانی مەرگو ژیان)ی کاک ئاسۆ حەسەن (کاکل حەسەن) کە لەلایەن دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانییەوە لەساڵی (٢٠٠٧) چاپکراوە، بینیوە بەتایبەتی بۆ مێژووەکان و ناوی گوندەکان و نەخشەی پاشەکشێی هێزی پێشمەرگە و قۆڵی هێرشەکانی سەر ناوچەی بادینان، هەروەها (هاوڕی نایف ڕەحمان)یش لەبیرەوەرییەکان هاوکاری باشی کردم.

لەدوای ڕۆژ زیادی دەکرد، ئێوارەیەکیان ڕەوە هەلیکۆپتەرێک کە ژمارەیان ئەوەی ئێمە بینیمان (١٢) هەلیکۆپتەر دەبوو بەئاسمانی ناوچەکەدا بەرەو سنوور ڕۆیشتن، کە پێشتر هەرگیز بەم شێوەیە نەمان بینیبوون دوای ماوەیەک بەهەمان ئاراستەی هاتن، گەڕانەوە بەرەو لای ئاکرێ.

هەواڵی هێنان و گواستنەوەی هێزەکانی ڕژێم بە زوویی دەگەیشتنە ناوچەکە و بەتایبەتیش کە ڕژێم هێزەکانی لەناوچەکانی سۆران و سنوورەکانی ئێران دەگواستەوە بۆ ناوچەکانی بادینان و هەوڵی دەدا دابڕانێک لەنێوان شار و شارۆچکە و ناوچە ئازاد کراوەکان دابنێت و هەموو ئەو ڕێگایانەی بۆ ناوچەکە دەهاتن گەمارۆی خرابووە سەر و چاودێری وردی ڕێگاکانی دەکرد، هەتا ئەو هاوڵاتیانەی کە زۆر شارەزا و خەڵکی ناوچەکە بوون و پێشتر ئەرزاق و خواردن و خۆراک و کەلوپەلیان بۆ ناوچەکە و بارەگاکان دەهێنا نەیاندەتوانی هاتوچۆ بکەن، بۆیە بڕیار درا هێزێکی هاوبەش لەو پێشمەرگانەی لەدەڤەرەکەدا هەبوون بنێردرێنە سەرچیا بۆ هەر ڕووداوو پێشهاتێک، ئەو هێزانەش بریتی بوون لەپێشمەرگەکانی: (پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی عێراق، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)، هێزەکە ئامادەکراو ناردرانە سەرچیا بەڕووی دەشتی نەهلە و چەند ڕۆژێک مانەوە، ڕۆژی (١٩٨٨/٨/٢٤)، ئەو هێزانەی نێردرابوون گەڕانەوە بارەگا کە ئەو کاتە بارەگای ئێمە لە(گەلی توبا)ی نزیک گوندی کافیا ناوچەی زێباری بوو، هەروەها بارەگای ناوچەی ئاکرێی پارتیش لەنزیکی ئێمە بوون، بارەگاکانی حزبی شیوعی لە گەلیەکەی پشتی گوندی کافیا بوون، هەواڵی ئەوەیان پێداین هێزەکانی ڕژێم بەرادەیەک زۆرە کە لەژمارە نایەت، دواتر دەرکەوت ئەو هێزەی ناردرابوو بۆ دەڤەری بادینان زیاتر لە (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار سەرباز و جاش دەبوون، کە لە فەیلەقەکانی (١،٣،٥،٦،٧) و (١٨١) فەوجی سووکی جاشان لەئامادەباشی دابوون بۆ هێرشەکانی ناوچەی بادینان، لەگەڵ ئەو هەواڵەش بروسکەیەک لەلقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کە ئەوکاتە لە (زێوە شکان) بوو بۆ هەموو بارەگاکانی پارتی هاتبوو کە تێیدا داوای پاشەکشەی سەرجەم هێزەکانیان دەکات بۆ سەرسنورەکان بەهۆی

مەترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کە لە زۆر ناوچەی تری کوردستان بەکار هاتبوو، دوای ئەوەی ڕۆژانی (٢٣و٢٤)ی ئاب بەخەستی لقی یەک و دەوروبەری کیمیاباران کرابوو، کەتێیدا (١٠) پێشمەرگە و (٢٠) هاوڵاتی شەهید و چەندین بریندار هەبوون. ئینجا ئێمەش وەک هێزەکانی تر لەو ناوچەیەی لێی بووین بارەگای سەرکردایەتی و ڕاگەیاندنی حزبمان و بارەگای ڕاگەیاندنی ئەقلیمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق و ناوچەی ئاکرێی پارتی دیموکراتی کوردستان کە (شیمال و رەزای مەحمود ئاغای زێباری برای) وەک بەرپرسی ناوچە و بەرپرسی سەربازی لەسنورەکە بوون.

سەرەتا هەوڵدرا هەندێ لەو خێزانانە بنێردرێنەوە شار بەڵام دوای ئەوەی شەو نێردران بۆ نزیکی دینارتە تا لەوێوە بۆ ئاکرێ بنێردرێن، بەهۆی گیرانی ڕێگاکان هەوڵەکە بێئاکام بووو گەڕانەوە، بۆیە بەناچاری بڕیار درا بارەگاکان چۆلبکرێ بۆ بارزان و چیای شیرین بچین، چونکە ناوچەی بارزان و چیای شیرین بۆ بەرگریکردن باشتربوو لەوەی کە بارەگاکانی خۆمانی تێدابوو بەتایبەتی زێی بادینان ڕێگرێکی گەورەبوو بۆ چوون و دەرباز بوون بەرەو سنوورکان، هەر ئەو شەوە دەست کرا بەئامادەکاری بۆچۆلکردنی بارەگاکان، سەرەتا بەشاردنەوەی کەلوپەلی ڕاگەیاندن و هەموو ئەو پێویستیانەی ناتواندرێ بیانبەین وەک کتێبەکانی کتێبخانەی حزب کە چەندین ساڵ بوو لە ڕێگەی ڕێکخستنەکان و سووریا و بە کۆلەپشتی پێشمەرگە کۆکرابوونەوە، ئەرشیف و ڕۆنیۆ و وەرەقە و سەرجەم پێویستییەکانی ڕاگەیاندن، تا ئەوکاتە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی (٢٠) ژمارەی لێدەرچوو بوو، کە دوا ژمارەیان چەند دانەیەکی کەمی تواندرا ڕزگار بکرێ، هەروەها گۆڤاری (پێشکەوتن) (٥) ژمارەی لێدەرچوو بوو لەگەڵ چەندین نامیلکە، هەمووی بەو شەوە کۆکرانەوە و بۆ بەیانییەکەی بەزوویی لەشوێنێکی دوور لەبارەگا لەگەڵیەکەی ڕۆژئاوای بارەگا و لەقەدپاڵێک لەلایەن پێشمەرگەکانی ڕاگەیاندن و چەند پێشمەرگەیەکی تر زەوی هەڵکۆڵدرا و کتێبەکان و ئەرشیفەکان لە چەند پارچە نایلۆنێک و چەند گونیەیەکیش(گوش) پێچران

و خرانە ژێر زەوی و شاردرانەوە ، کە ئەوکاتە ئەندامانی بەشی ڕاگەیاندن لەو هاوڕێیانە پێکهاتبوون، (ئاسۆ حەسەن، مامۆستا دارا، کاوە، هۆشمەند، ئەختەر((ساماڵ))، مەریوان، نایف ڕەحمان) لەگەڵ هاوڕێ دانا کەبەشداری کردین لەشاردنەوەکە. هەروەها کەلوپەلەکانی تریش لەچەند شوێنێکی تر و لەکەلەن (قەد)ی چەند درەختێکی گەورە و بەتەمەن شاردرانەوە، ئەوەی هەڵدەگیرا و زۆر پێویست بوون هێشترانەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆمان بیانبەین، کە بریتی بوون لەئەرشیفی وێنەکان و ئەرشیفێکی ناو و ژیاننامەی (٩٠٠) شەهید لە شەهیدانی(بزووتنەوەی سۆسیالیست و حزبی سۆسیالیست و حزبی زەحمەتکێشان) و چەند ژمارەیەکی ئاڵای ئازادی و گۆڤاری پێشکەوتن و هەر هاوڕێیەک بەپێی توانای خۆی ئەوەی پێی هەڵبگیرێ، هێنامان، ئەوەی دەمایەوە یان نەدەتواندرا ببردرێن لەچەندین شوێنی تر لەئەشکەوتەکانی دەوروبەری بارەگا شاردرانەوە[1].

ئەوکاتەی کەلوپەلەکانی ڕاگەیاندنمان دەشاردەوە بەتایبەتی لەبەیانییەکەی چەندین فڕۆکەی جەنگی بەسەر ئاسمانی ناوچەکە دەسوڕانەوە کە ئەوەیان شتێکی ئاسایی ڕۆژانە بوو لێی ڕاهاتبووین، دواتر دەنگی چەندین تەقینەوە لە گوندەکانی دەڤەری بەری گارە بیستران، بۆ نیوەڕۆکەی زانیمان چەندین گوند وەک ئێکماله، ڕدێنیا، شێرانە، ساتێ، ئەسپیندارە، ئاڤۆکێ و چەندین گوندی تر. بەر ئەو هێرشانە کەوتبوون، کە دوای یەک دوو کاتژمێر هەندێک لەخەڵکی گوندی ئێکماڵە و دەوربەری هاتن کە هەندێکیان کاریگەری چەکی کیمیاییان پێوە دیار بوو وەک (ڕشانەوە، سوور هەڵگەڕانی دەموچاویان سوتانەوەی چەندین شوێنی لەشیان..هتد) لەلای ئێمە بەهۆی هەندێ داودەرمان بەپێی توانا چارەسەرێکی زۆر سەرتایی کران. بارەگای ئێمەش لە ڕۆژئاواوە گوندی ئێکماڵە و لەڕۆژهەڵاتەوە گوندی کافیا زێباری بوو،

[1] دوای ڕاپەڕین مەفرەزەیەک بەتایبەت بۆ ئەرشیفەکە چوینە ناوچەکە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی بەفر و بارانێکی زۆر کە لەزستانی ساڵانی (١٩٨٨، ١٩٨٩، ١٩٩٠–١٩٩١) باریبوو هەموو کەلو پەلەکان ڕزیببوون و نەتواندرا هیچ شتێک ڕزگار بکرێ جگە لەچەند نامیلکەیەکی بچووک نەبێ هەتا ڕۆنیۆیەکەش ژەنگوایلێکردبوو هەمووی ڕزابۆوە، سەرەڕای ئەوەش هێنامانەوە، تا لە کارەساتی ٣١/ی ئابی ١٩٩٦، لەگەڵ جێهێشتنی هەولێر ئەویش تێدا چوو

سەعاتە ڕێیەک لەئێکماڵە دوور بووین و لە سەر ڕێگای نێوان بەری گارە و زێبارەتی بوو.

بڕیاری جێهێشتنی بارەگا بەم شێوەیەی خوارەوە بوو: سەرەتا دەچینە دەڤەری بارزان و چیای شیرین لەوێوە ئەگەر تواندرا بەرگری بکرێ و وەک پارتیزان هێزەکان بکرێنە چەند مەفرەزەیەک و ئەو ناوچەیەش پڕیەتی لەئەشکەوت و دارستانی چڕ بەلای کەمی دەتواندرێ ماوەیەک بەرگری بکرێ، هەرچەندە زۆربەی هێزە شەڕکەرەکانی ئێمە پێشتر ناردرابوون بۆ ناوچەکانی هەولێر و دەورووبەری کە بریتی بوون لەهەردوو هەرێمی (١) ی هەولێر کە (مام جەوهەر) فەرماندەی هەرێم بوو، هەرێمی (٣)ی کۆیە کە هاوڕێ (ئاوارە کۆیی) فەرماندەی هەرێم بوو، ئەو هێزانەی مابوونەوە بریتی بوون لە هەرێمی پارێزگاری کە هاوڕێ دڵشاد کۆیی فەرماندەی هەرێمەکە بوو، کە تایبەت بوون بە پاراستنی بارەگاکانی سەرکردایەتی و ڕاگەیاندن و ئەو کادیر و پێشمەرگانەی ڕاگەیاندن و هاوڕێیانی سەرکردایەتی و پێشمەرگە خێزانداریەکان و چەند کادیرێکی ئیداری.

ناوچەی بادینان ناوچەیەکی فراوان و شاخاوی و سەختە و ژمارەیەکی دیاریکراو پێشمەرگەی هەبوو، هەروەها هەموو گوندنشینەکانیش لەکاتی پێویست وەک پێشمەرگە بەشداربیان لە شەڕەکان دەکرد، بەتایبەتی لەو وەرزانەی کە ئیش و کار کەم دەبۆوە لە زۆربەی ناوچەکان ئەرکەکانی پێشمەرگایەتیان جێبەجێ دەکرد.

بۆ هێرش کردنە سەر بادینان بەهۆی فراوانی ناوچەکان و نەبوونی ڕێگای پێویست ڕژێم پێویستی بەهێزێکی زۆر هەبوو تا بتوانێ لەهەموو لایەکەوە گەمارۆی ناوچەکە بدات و هێرشەکەش بەماوەیەکی کەم کۆتایی پێ بێنێ، هەر وەکو لەسەرەوە باسکرا ئەوکاتەش زۆبەی هێزەکانی عێراق دەست کراوە بوون و بەرەکانی شەڕی عێراق – ئێران بەهۆی وەستانی شەڕ خامۆش ببوو، لەناوچەکانی هەولێر و گەرمیان و سلێمانی، ڕژێم سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو هەموو قوناغەکانی ئەنفالی جگە لەبادینان ئەنجام درابوو، تەنیا لەچەند شوێنێکی کەم هێرش و پەلامار مابوو بەتایبەتی بناری قەندیل،

بۆیە لەماوەیەکی کەمدا توانی زۆربەی هێزەکانی لەسەرباز و فەوجەکانی جاشان بگوازێتەوە ئەو ناوچە و قۆڵانەی بۆ هێرشکردن ئامادەی کردبوون، کەبەپێی ئەو خشتەیەی خوارەوە هێرش و پەلامارەکان جێبەجێ کران، کە لە (٩) قۆڵەوە هێرشەکان ئەنجام دران:

١- قۆڵی زاخۆ: هێزەکانی (٣٧) بریتی بوون لە لیوای (٢)ی مغاویری فەیلەقی (٥)و لیواکانی (٧٧، ٤١٧، ٥٠٦) لەگەڵ (٢٠) فەوجی سوکی جاشان.

٢- قۆڵی کانی ماسی: لیواکانی پیادەی (٦٠٥، ٤٣٦، ٢٩، ٤١٨، ١٢٠) لەگەڵ کەتیبەیەکی تۆپهاوێژو (٢١) فەوجی سوکی جاشان.

٣- قۆڵی بێگۆڤا بەرەو چیای مەتین: فیرقەی (٧) کە پێکهاتبوو لە لیوای (١) ی مغاویری سەر بەفەیلەقی یەک، لیواکانی پیادەی (٢،٦٠٦، ٧٢، ٥٠٩)و (٢٦) فەوجی جاشان.

٤- قۆڵی شەمدینان: فیرقەی (٣٥) کە پێکهاتبوو لە لیواکانی پیادەی (٣٥، ٧٩، ١١٨، ٨٤٦، ١٠٢، ٥٠٢)و (٢٦) فەوجی جاشان.

٥- قۆڵی باتوفا بەرەو مانگێش: فیرقەی (٢٩) کە پێکهاتبوو لە لیواکانی پیادەی (٤٣٥، ٢٣٨، ٨٤) و (١٦) فەوجی جاشان.

٦- قۆڵی سەرسەنگ بەرەو چیای گارە و ڕەزگە: فیرقەی (٤١) کە پێکهاتبوون لە لیوای (١)ی مغاویری فەیلەقی شەش، لیواکانی پیادەی (١١٤، ٧٠٦، ١٠٣)و (١٥) فەوجی جاشان.

٧- قۆڵی دینارتە- ئاکرێ: پێکهاتبوو لە جەحافیلی نیشتمانی (٥)و لیواکانی (٤٠٩، ٤٠٧، ٧٠١، ٤٥١)و (١٤) فەوجی جاشان.

٨- قۆڵی شیروان مەزن- باکووری بارزان: پێکهاتبوو لە فیرقەی (٤٥) کە بریتی بوون لە لیوای (١) مغاویری فەیلەقی (٥)و لیواکانی پیادەی (٤٢٠، ٧٠٢)و (١٢) فەوجی سوکی جاشان.

٩- قۆڵی ئەتروش: پێکهاتبوو لە فیرقەی (٤٢) کە بریتی بوون لە لیواکانی (٤٢، ٨٠٥، ١٤، ٥٠١، ٥٠٣)و (٢١) فەوجی جاشان.

ئەو هەموو هێزانە بەپاڵپشتی چەندین فرۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەر کە هەموو جۆرە چەکێکی قەدەغەکراوی تێیدا بەکار هات، ئەمە بەرامبەر

ناوچەیەک کە ژمارەی پێشمەرگەکانی خۆی لە (٣٥٠٠) کەس نەدەدا، کە زۆربەشیان خێزاندار بوون و خەڵکی ناوچەکە بوون.

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥و جێهێشتنی بارەگاکان

لەشەوەوە تا بەرەبەیانیی و دواتریش تا دوای نیوەڕۆ سەرجەم پێویستییەکان ئامادەکران بۆ ڕۆیشتن، هەر وەکو بڕیاربوو هێزێک جێ هێلدرا کە ئەوانیش بریتی بوون لەهاوڕێیان (دڵشاد کۆیی، نەبەز ئیسماعیل، سالار، دانا حەوێز، ئاکۆ ئاکۆیی، کۆسرەت، سەرەتا، هەرێم، کاروان، ئومێد و ئاری)، بۆ ناردنەوەی هاوڕێ (هەرێم) بۆشار و شاردنەوەی چەند کەلوپەلێکی پێویست، دوای ئێمە بە ڕۆژێک دواتر بێن و هەرچی ئازوقە و پێویستی پێیان دێت لەگەڵ خۆیان بیانهێنن بەهۆی ئەو وڵاخانەی لەدەور و بەرەکە بەرەڵا کرابوون و بیانگرنەوە و ئێمەش لەگوندی بازێ چاوەڕوانیان بین تادەگەن.

دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ عەسرەکەی هێزەکە بەڕێکەوت و شەو گەیشتینە گوندی شنێ و لەنزیکی زێ ماینەوە و تا بەرەبەیانی ڕۆژی ٨/٢٦ چاوەڕوانمان کرد، بەهۆی ئەو کەلەکەی کەلە تەختە و چوپ دروستکرابوو لەزێی بادینان (زێی گەورە) پەڕینەوە و نیوەڕۆکەی گەیشتینە گوندی بازێ و شەو لەوێ ماینەوە و چاوەڕوانی ئەو هاوڕێیانە بووین کە بڕیاربوو لەدوای ئێمە بێن، چێشتەنگاوی ڕۆژی (١٩٨٨/٨/٢٦) کاتێک خەریکی ئامادەکردنی خواردن بوین تۆپبارانی بازێ و دەوربەری دەستی پێکرد و تا دەهات تۆپبارانەکە خەستر و فراوانتر دەبوو، ئێمەش بەناچاری ئەوێمان جێهێشت و بەرەو بناری چیای شیرین بەڕێکەوتین و بوینە بەشێک لەو خەڵکە زۆرەی کە پێشی ئێمەو دوای ئێمە دەرباز ببوون و هەموومان بەرەو چیای شیرین ڕۆیشتین، دیارە دوای ئەوەی هێزەکانی ڕژێم بەو دەراوەیان زانیبوو سەرباز و جاش هێرشیان کردبووە سەر ئەو شوێنەی کە خەڵکەکە بەهۆی کەلەکەکەوە لەزێ دەپەڕینەوە کە دەکەوتە نزیکی گوندی شنێی زێباری و بەرامبەر گەلی باڵندە، پاش شەڕێکی چەند سەعاتی لەلای گەلی باڵندەوە گەمارۆی دەراوەکە دەدەن و کەلەکەکە تێک دەشکێنن، لەوکاتەوە ئیتر هیچ کەس نەیتوانی بپەڕێتەوە، خەڵکێکی زۆر لەناوچەکانی زێباری

و بەری گارە و هەتا لەناوچەی شێخانەوە هاتبوون لەو شوێنە بپەڕنەوە دەرباز ببن، ئەو هاوڕێیانەی ئێمەش بەر لەوەی بگەنە سەر زێ هەواڵی گرتنی دەراوەکەیان زانیبوو، بەناچاری دەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و بۆماوەی زیاتر لە(١٥) ڕۆژ لەدۆڵ و شوێنە سەختەکانی بناری چیای گارە و چیاکەی بەرامبەر بە گەلی توبا لەسەر تخوبی نێوان گوندی ئێکماڵە و کافیا لەگەڵ سەدان ژن و منداڵ و پیر و پەکەوتە گەمارۆ دەدرێن و دواتر بەناچاری دوای بڕیاری لێبوردنی گشتی ڕۆژی (١٩٨٨/٩/٦)، خۆیان دەدەنە دەست هێزەکانی ڕژێم، سەرەتا لە ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٩ (٨) لەهاوڕێیان: (دانا حەوێز، ئاکۆ ئاکۆیی، کۆسرەت سابیر، سەرەتا، هەرێم، کاروان، ئومێد و ئاری).خۆیان دەدەنە دەست جاشەکانی جەمیل ئاغای کۆڕی، دوای (٣) ڕۆژی تر لە(١٩٨٨/٩/١٢)، هەرسێ هاوڕێیەکەی تریش (دڵشاد حسین، نەبەز ئیسماعیل، سالار) خۆیان دەدەنە دەستی جاشەکانی ئەنوەر بەگ کە دواتر پاش ناردنیان بۆ ئۆردوگای جێژنیکان پاش هەفتەیەک مانەوە هاوڕێیان (دڵشادو نەبەز) ئۆردوگا جێدەهێڵن و لە ڕێگای هاوڕێیانی ڕێکخستنەکان دەگەیەندرێنە ئەو هێزانەی لەخوارەوە مابوونەوە و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە دەکەنەوە، کە ئەوەشیان (چیرۆکێکی کارەساتبارە هاوڕێ ئاکۆ ئاکۆیی بەدرێژی لە وتارێکی تایبەت باسی لێوە کردووە).

دوای ئەوەی بەرەو چیای شیرین هەڵکشاین و لەبنار پشویەکماندا و هەوڵماندا بڕەنانێک ئامادە بکەین چونکە ئاردێکی زۆر لە ئەشکەوت و دەورووبەری ڕێگا لەژێر بەرد جێهێڵدرابوو، لەلایەن هاوڕێ ئافرەتەکانەوە دەستکرا بە نانکردن، بەڵام هەواڵەکان کات دوای کات ناخۆشتر و تۆپبارانکردن ڕووی لەزیادی بوو، بەناچاری دەست بە ڕۆیشتن کرایەوە، ئینجا لەڕێگا کارەساتەکان و نەهامەتییەکان دەستیان پێکرد، لەدامێنی چیای شیرین لەسەر کانییەکە پاش پشویەکی کەم، دووبارە بەڕێکەوتینەوە و ئاودیوی چیای شیرین بوین و لەوێ کۆبونەوەیەک کرا کە ئایا لەشیرین وەک پارتیزان بمێنینەوە یان لەگەڵ خەڵکەکە و حزبەکانی تر بەرەو سنوور پاشەکشە بکەین، لەکۆبونەوەکە بڕیاردرا پاشەکشە بەرەو سنوور بکرێ،

هەواڵەکان ئەوەیان دەردەخست کە ڕژێم هیچ شتێک نابوێرێ و چەکی کیمیایی بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکار هاتووە و جیاوازی لەنێوان پێشمەرگە و ژن و منداڵ و لاو و پیر ناکات، کە دواتر دەرکەوت بڕیاری پاشەکشەکە لەجێی خۆیدابوو، چونکە ئەو هاوڕێیانەی لە کافیا تەنیا بۆیەک شەو و چەند کارێکی گرنگ مابوونەوە نەیانتوانی دەربازی زێ ببن و بگەنەوە ئێمە و بەناچاری دوای بڕیاری لێبوردن خۆیان ڕادەستی هێزەکانی ڕژێم کرد.

تەنیا باریکە ڕێگاکەی چیای شیرین بۆ خوارەوە وەک ڕێگەی مێروولەی لێهاتبوو لەوکاتانەی بەدواییەکەوە ڕێچکە دەبەستن و خواردن و خۆراک بۆوەرزی سەرما و سۆڵە دادەکەن و ناوە ناوەش بەکۆمەڵێک مێروولە لەدەوری دنکە گەنمێک کۆدەبنەوە، خەڵکەکەش لە چیای شیرینەوە سەر بەرەو خوار بەرەو گوندی داویتکە شۆڕ دەبونەوە و ناوە ناوەش یەکێک لەکاتی کەوتن و نەخۆشی کۆمەڵێک لەناسیاو و کەس و کاری دەوریان لێدەدا، لەکاتی گەیشتنمان بەگوندی دوایتکە ئینجا زانیمان چ خەڵکێک بەڕێوەیە و زۆربەی ئەوانەی پێشی ئێمە هاتبوون هەموویان لەماندوێتی و لەبرسان کۆببونەوە و ناوچەکەش ئارامتربوو، پێش ئەوەی بگەینە داویتکە لەوکاتەدا هاوڕێ بەڵێن پێی ڕاگەیاندین کە لەکاتی حەسانەوەیان مریەمی خێزانی هەندێک زێڕی لەڕێگا لەدوای ئەوەی لە شیرین بەرە و خوار بووینەوە لەشوێنێک بۆ ماندوو حەسانەوە لەژێر بەردێک دانیشتون جێی هێشتووە، بێئەوەی داوا لەهاوڕێیان بکات لەگەڵی بچن ڕێی سەرهەورازی شیرینی گرتەبەر و گەڕایەوە، لەوکاتەدا کەسێکمان لەبەر شەکەتی و ماندوو بوون نەمانتوانی لەگەڵی بچین، باش بوو زێڕەکە هەر لەشوێنی خۆی بوو هێنایەوە و گەیشتەوە لامان، دواتر لەگوندی داویتکە لەکۆبونەوەیەکی هەرسێ حزبەوە (پارتی و شیوعی و زەحمەتکێشان)، بڕیاردرا بەرەو گوندی (سێلکێ) بڕۆین، چونکە نزیکترین ڕێگە بو بۆ ئێران واتە ڕێگەی (سێلکێ بۆ کانی بۆت بۆزێتێ بۆ بەرەو سنووری ئێران)، کەچی هێشتا پشودانەکەمان تەواو نەببوو هەندێک لەهاوڕێیان هێشتا نەگەیشتبوون ئەسپ سواریک هات ووتی ئەو ڕێگەیە هەمووی گیراوە و سەربازو جاشێکی زۆر تا بەرزاییەکانی

پشتی داویتکەش هاتوون و لەگەڵ ئەو هەواڵەش دەنگی تەقە و چەندین دەستریژ لەو ئاراستەیەوە بیسترا، بۆیە بڕیاردرا بەقەراغی ڕووباری ڕووشین(شەمدینان) بەرەو گوندی سپینداره و ناوچەی مزوری باڵا بڕۆین.

ئێمە(٨) لەهاوڕێیانمان خێزاندار بوون و دوو لەو ئافرەتانە دوو گیان بوون و هەروەها دوو خێزانیش منالی بچوکیان لەگەڵدابوو هاوڕێیانی حزبی شیوعی عێراقیش وەک ئێمە ژمارەیەکی کەمیان خێزاندار بوون بۆیە ئێمە و ئەوان کەمترین خێزاندارمان لەگەڵدابوو، کێشەمان کەمتر بوو، بەڵام بەپێچەوانەوە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆربەیان ئەو پێشمەرگە و گوندنشینانە بوون کە خێزاندار بوون، ئەوانەی سەڵتەکانیان لەگەڵ بەڕێز شیمالی مەحمود ئاغای زێباری بەرەو گارە چووبوون، کە دواتر بەپارتیزانی پاش ماوەیەکی زۆر گەیشتنەوە سنورەکان و ئێران.

لەئێوارەی ڕۆژی ٨/٢٧ لەدوای خۆرئاوابوون ڕێگەی سپینداره‌مان گرتە بەر، لەبەر دڵنیا نەبوون لەو ڕێگەیە بڕیاردرا هێزێکی هاوبەشی هەرسێ لایەنی (شیوعی، پارتی، زەحمەتکێشان) لەپێشدا بڕوات و لەسەلامەتی ڕێگەکە ئاگادارمان بکاتەوە کە (٥) لە هاوڕێیانی ئێمە لەگەڵ ئەو هێزەدا بوون، ئەوانیش بریتی بوون لە هاوڕێیان (نایف ڕەحمان، هۆشمەند، فەرهاد حەوێز((کاکەسوور))، هێمن، شەمال) هێزەکە لەئێوارەوە لەپێشی خەڵکەکە بەڕێکەوت، بەرەبەیان لەنزیک گوندی (هیران) لەکاتی سەرکەوتنیان بۆ بەرزاییەکانی گوندی سپینداره لەوێ دوای بیستنی چەندین تەقەی چەکی جۆراوجۆر وەک کلاشینکۆف، بیکەیسی ئینجا دەزانن کە هێزێکی گەورەی دوژمن لەسەرباز و جاش لە قۆڵی مێرگەسۆر سەرجەم ڕێگە و شوێنە ستراتیژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ڕووشینیان گرتووە و کەس ناتوانێ لەو ڕێگەیەدا بڕوات. ئەو هەواڵە لەو کاتەی بەڕێکەتین تا ئێرە ناخۆشترین هەواڵ بوو چونکە ئەو ڕێگەیە نزیکترین ڕێگەی بەردەممان بوو بۆ گەیشتن بەسنوورەکانی تورکیا کە تەنیا (٣) کاتژمێر دەبوو، هەروەها هەواڵی ئەوەشمان هەبوو کە ڕۆژی پێشتر ڕژێم دوای شەڕێک لەگەڵ پێشمەرگەکانی

ناوچەی گوڵان بەسەرپەرشتی (سمکۆ ئامێدی[1]) و خەڵکی ناوچەکە لەگەڵی باڵندە، هێزی پێشمەرگە دوای وەشاندنی زەبرێکی گەورە لەدوژمن بەرەو (چەمجو)و نێر وەی ڕێکانیان پاشەکشەی کردبوو،واتە لای چەپی ڕووبارەکە تا گوندی چەمجو گیرابوو.

بەرەبەیانی ڕۆژی پاشتر(٨/٢٨) بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک کۆبونەوەیەک لەلایەن هەرسێ لایەنەوە کەتێیدا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە (ڕەزای مەحمود ئاغای زێباری) ئەوکاتە وەک سەرپەرشتیکەری ئەو ڕەتلە دەناسراو بۆ ڕێگەکان پرسو ڕا بەو دەکرا، بەڕێزیان خەڵکو چاوساغی ناوچەکە بوو، خەڵکێکی شارەزای دەڤەرەکەی لەگەڵدابوو لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەو پەیوەندییە فراوانەی لە ناوچەکدا هەیبوو هەواڵی بۆدەهات و گەلێ جاریش لەبەر ئەوەی سەرۆکی عەشیرەتێکی گەورەی ناوچەکە بوو هەواڵو جولەی هێزەکانی ڕژێمیشی پێدەگەیشت، لەلایەن حزبی شیوعی عێراقەوە هاوڕێیان (مام خدر ڕوسی و ئەبو دڵشاد)و لەلایەن هاوڕێیانی ئێمەشەوە (کاک قادر عەزیز)و چەند هاوڕێیەکی تر بەسترا، لەکۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا بەرەو گوندی (سینا) هەڵبکشێین و تەنیا ڕێگەیەک ئەوەیە کە (داڤەرست) یک هەیە بۆ دەرباز بوون بۆ ئەوبەری ڕووباری ڕوشین(شەمدینان)و لەوێش تەنیا ڕێگەیەک ماوە ڕژێمی نەگەیشتبێتی، ئەویش ڕێگای گوندی (سۆریا) بەرەو گوندی (خانکێ)و دواتر (بیاری)و نێر وەی ڕێکانیان و سنووری باکوری کوردستان.

---

[1] شەهید سمکۆ ئامێدی لە ساڵی (١٩٥١) لە ئامێدی لە دایک بوو، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی هەر لە ئامێدی تەواو دەکات، پەیمانگەی مامۆستایان لە موسل تەواو دەکات و لە ساڵی (١٩٧٥) دەبێتە مامۆستا، لە ساڵی (١٩٨١) پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە لە ڕێکخراوی (عەبدولڕەحمان مەهدی) دەکات، لە ساڵی (١٩٨٢) دەبێتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی ئامێدی یەکێتیی قوتابیان و لاوانی کوردستان، پاش ساڵێک (١٩٨٣) دەبێتە بەرپرسی لیژنەی ناوچە، تا لەساڵی (١٩٨٧) دەبێتە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی گوڵان، لە ڕۆژی (١٩٨٩/٤/١٠) لە کردەیەکی خیانەتکارانە بە دەستی خۆفرۆشیک لە ئەشکەوتی (گوهەرز)ێ شەهید دەکرێت.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی (٨/٢٨) تا ئێوارە خەڵکەکە بەهۆی ئەو داڤەڕستە[١] خەریکی پەڕینەوە بوون، خۆی دەبوایە تەنیا یەک کەس پێی بپەڕێتەوە، بەڵام لەبەر زۆری خەڵکەکە دوو دوو دەپەڕینەوە و لەم بەر و ئەو بەر چەندین پێشمەرگە و هاوڵاتی وەستابوون بۆ ڕاکێشانی(پەت) کندرەکە، لە ڕۆژی پێشترەوە لە (٨/٢٧) تا بەیانی (٨/٢٨)واتە ڕۆژێک و شەوێک بەردەوام خەڵکەکە بێ پسانەوە بەڕێگەوە بوون بێ ئەوەی پاروە نانێک بخۆن یان پشوێک بدەن، ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بینیمان تەنیا وەک دووبارە بوونەوەی مێژوو لەکۆڕەوی ساڵی (١٩٩١) بینرا، چەندین کەس لەڕێ ڕۆیشتن خەوی لێدەکەوت و یان دایک منداڵەکەی جێ دەهێشت، چەندین ژن لەو ڕێگایەدا منداڵی بوو، وای لێهاتبوو لەماندوێتی لەبرسان کەس تاقەتی ڕۆیشتنی نەمابوو، بۆیە هەموو لایەک چاوەڕوان و نۆرەی بەستا بوو بۆدەرباز بوون بۆ ئەوبەری زێ، ئەو داڤەڕستە لەماوەی ئەو ڕۆژەدا بەهەزارن کەسی دەربازی ئەو بەر کرد، لەگەڵ ترسی پچڕانی ئەو سیمەی کە لەبەیانییەوە تائێوارە بەردەوام بێ پسانەوە خەڵک لەو داڤەڕستە دەپەڕێنرایەوە، هەرزوو بەخەڵکەکە و هەموو لایەک ڕاگەیەندارا هەوڵبدرێ بۆئەوەی بارمان سوک بێت هەرچی شتی زیادەیە دەبێ فڕێی بدەین تەنیا خۆمان و شتی زۆر پێویست نەبێ هەڵی نەگرێن، لەو کاتەدا کۆڵەپشتەکەی ئێمەش کۆمەڵێکوێنەی پێشمەرگە کە وەک ئەرشیفی ڕاگەیاندن و چەند نامیلکەیەکو چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی، گۆڤاری پێشکەوتن)و دەفتەرێک لەناو کۆڵەپشتەکەدا هەبوو، بۆیە یەکێک لەو فڕێدراوانە دەفتەرێکی خۆمان بوو کە چەندین شتی تایبەتی تێدا نووسرابوو، لەگەڵ فڕێدانی دەفتەرەکە لەسەر ڕووی ئاوەکە کرایەوە و

١ داڤەرست سندوقیکی لەتەختەدار دروستکراوە وەک لەیلوکی منداڵان لەچوار لاکانیەوە بەبەکرەیەک دەبەسترێتەوە، بەکرە ئاسنینەکە وەک پوولی وایە دەچێتە سەر سیمێکی پۆڵا، سیمەکە لەم بەر و لەو بەری ڕووبارەکە بەبەردی گەورە و زەبەلاح یان ئەگەر درەختی گەورە هەبێت دەبەسترێتەوە، بۆ ئەو بەر و ئەوبەر کردنی سندووقەکەش بەدوو پەت (کندڕ) لەم سەر و ئەو سەری دەبەسترێتەوە بەدرەخت و بەسندوقەکە ئەوەی دەچێتە ناو ئەو سندوقە دەتوانێ بەڕاکێشانی پەتەکە بۆلای خۆی ئەم بەر و ئەو بەری پێ بکات و هەرجارەی (١تا٢)کەس پێیدا دەربازی ئەوبەر دەبوون.

وێنەیەکی زۆر دەگمەنی (ڕێناس)ی کچمان کە لەتەمەنی (٢)مانگی من جێم هێشت و دایکیشی لەتەمەنی (٦) مانگی جێی هێشت و پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کرد، لەو کاتەوە تەنیا وەک یادگاری ئەو وێنەیەمان لابوو لەناو دەفتەرەکەمان دانابوو جیا لەهەموو شتەکان وێنەکە سەر ئاو کەوت و لەسەرخۆ ئاوەکە بەرەو خواری برد، لەوکاتە دایکی دەستی بەگریان کردوو بەمنی دەوت ئەوە تۆ بەئەنقەست ئەو وێنەیەت فڕێداوە، ئەگەر نا بۆ لەو هەموو ئەو وێنانەی لاتە تەنیا وێنەی (ڕێناس)ت فرێدا، کە ئەوەیان لەوکاتەدا گەلێ ناخۆشبوو بۆیە هەوڵێکی زۆرمدا تا تۆزێک هاتەوە سەر خۆی، گەڵێ جاری تریش هاوڕێیان لەناو بارەگا بۆ خۆشی و کات بەسەر بردن گوایە ئێستا ڕێناس کەس نییە بەخێوی بکات و بێ دایکو باوکە بەگریانیان دەهێنا بەتایبەتی هاوڕێ (دارا) ئەوەی دووبارە دەکردەوە، دواتر پاش چاوەڕوانییەکی زۆر نزیکی نیوەڕۆ نۆرەی پەڕینەوەمان هات و دەربازی ئەو بەری زێ بووین، ئینجا لەوبەر هەوڵدرا شتێک دروست بکرێ بۆخواردن و بۆ ئەوەی تۆزێک بێنەوە سەرخۆ، لەوبەر دوکانێک هەبوو ئێمە دڵمان خۆش بوو کێک و خواردنی تێدابێ بەڵام تائێمە گەیشتین تەنیا شیر و ڕۆن و کەمێک ئازوقەی وشکی تێدا مابوو. بۆیە بەناچاری لەوێ هەوڵدرا هەندێ (ناوسێری- ناوساجی) دروستکرا، بەڵام چ ناوسێرییەک لەبەر ئەوەی ئاردەکە کەم بوو شیرەکە زۆر بوو، بۆیە شیر و هەویرەکە لەناو ڕۆن سوورکرایەوە کێکێکی ڕوناویمان خوارد هەم کێک بوو هەم ناوساجی بوو، لەکاتی برسێتیدا مرۆڤ هەرچی هەبێ دەیخوات جا شیر و کێک، بەتایبەتی کە زۆر برسی بووین و ماوەی شەو و ڕۆژێک دەبوو هیچ نانێکمان نەخواردبوو، هەرچەندە تێرمان نەخوارد بەڵام باش بوو نەختێ هاتینەوە سەرخۆ و هێزێکمان هاتەوە بەر.

دوای ئەوەی خەڵکەکە دەپەڕینەوە ئەوبەر لەبەر ماندوێتی و شەکەتی هەر کەسەو لەبن بەردێک و لەژێر دارێک هەوڵی دەدا سەرخەوێک بشکێنێ و کەمێک بحەسێتەوە، بڕیاریش درابوو تا ئێوارەی درەنگ دەبێ خەڵکەکە خۆیان حەشار بدەن و پەرتەی لێبکەن تا دوژمن بەو خەڵکە نەزانێ چونکە

بەری ڕۆژهەڵات و باکوور و خواروومان دوژمن گەمارۆی دابوو، هەروەها ترسی ئەوەش هەبوو نەوەک ڕژێم بەو خەڵکە بزانێ و بەهۆی فڕۆکەی جەنگی و پیلاتوزو کۆپتەر ناوچەکە بۆردومان بکرێ کە بەردەوام دەنگی فڕۆکە لەدوورەوە دەبیسترا، ئەوەی مابۆوە تەنیا ڕێگای گوندی سۆریا بوو بۆ دەرباز بوون.

شەڕی گوندی سۆریا

گوندی سۆریا لەسەر زێ (شوێنی داڤەڕستەکە) بۆ ناو گوندەکە زیاتر لەنیو کاتژمێر ڕێگا دەبوو، هەروەها هەمووشی سەرکەوتن بوو بۆ سەر ئەو گۆڕایەی کە گوندەکەی لەسەر بنیاتنرابوو واتە لەشوێنێکی بەرز دروستکرابوو، دوای نیوەڕۆ بەهەر شێوەیەک بوو هاوڕێیانی ئێمە بڕیاریاندا مەفرەزەیەک بنێردرێ بۆگوندی سۆریا بێ ئاگاداری خەڵکەکە بۆ ئەوەی تا ئێمە دەگەین هەم بۆ دڵنیابوون لەڕێگاکە و هەروا چاودێریکردنی ڕێگا و بانەکان، نەوەک دوژمن هەوڵبدا ئەو تەنیا ڕێگەیەش بگرێ و زوو ئاگادار نەبین، لەلایەکی تریش ئەگەر بکرێ لەوێ تا ئێمە دەگەین هەندێ خواردن ئامادە بکەن، ئەو مەفرەزەیە بەسەرپەرشتی دکتۆر سەردار و کاک دارا و مامۆستا سەمەدو لەگەڵ هەریەکە لە هاوڕێیان (هێمن سیاوی، ڕابەر، هونەر جەمال، شەماڵ، هۆشمەند سورچی)و چەند هاوڕێیەکی تر. کاتێ برادەران دەگەن دەبینن گوند ئارامە و کەسی تێدا نەماوە و خەڵکەکە بەرەو سنوور ڕۆیشتوون و تەنیا پێویستی چەند ڕۆژێکیان لەگەڵ خۆیان بردووە، هەرچی ڕەشەوڵاخ و ئاژەڵی هەیانبووە ئەوەی زوو توانیویەتی بردویانە ئەوانی بەدرەنگەوە بەڕێکەوتوون یان نەیان توانیوە فریای هیچ نەکەوتوون هەموو ئەو ئاژەڵانەیان بەرەڵای چیا کردووە کە ئەمە لەزۆربەی ناوچەکان و گوندەکان ڕویدابوو، ئەو گوندەش بەهەمان شێوە هەندێکیان تەنیا دەرگای ماڵەکانیان داخستبوو ڕۆیشتبوون و هەرچی مریشک و خۆراک و ئەرزاق هەیە جێیان هێشتبوو، مەفرەزەکە لەگەڵ گەیشتنیان دەستدەکەن بەئامادەکردنی خۆراک و ژمارەیەکی زۆر مریشک دەکوژنەوە و کەوڵیان دەکەن و دەیانخەنە سەر ئاگر و هەندێکی تریشیان خەریکی نانکردن دەبن بەتەنوور تا بۆ ئیوارە

ئامادەی بکەن کە سەرکەوتین لەوێ بیانخۆین و ئەگەر زیادیش بوو ئەوە بۆ ڕێگا هەڵیان بگرین، کات بەرەو ئێوارە دەچێ، بۆیە پێیان وانەبوو بەو بەرەو ئێوارەیە ئەگەر تا ئێستا سەرباز و جاش نەهاتبنە گوند بەو درەنگە نایەن، بۆیە زۆر بێخەمانە ئاگایان لەپاسەوانیەکەش نامێنێ، هەر ئەوەندە دەزانن جاش و سەرباز دەگەنە ناو گوندی، ئیتر هەر ئەوەیان پێدەکرێ بەچەند دەسترێژێکو سوکە شەڕێک بەرەو خوارەوە (لای خەڵکەکە) بێن چونکە ئەو مەفرەزەیە ئەوەندە زۆر نەبوون و لەئامادەباشیشدا نەبوون بۆ بەرگری، ئێمەش هەرچەند بڕیار وابوو تا تاریک دادێ کەس سەرنەکەوێ، بەڵام هاوڕێیانی ئێمە هەر دوای عەسر بەرەو بنار هێدی هێدی ئامادەکاریمان

دەکرد بۆ سەرکەوتن و هەندێ لەهاوڕێیانیش بەڕێکەتبوون، کە دەنگی دەسترێژی تەقەکان بیسترا، سەرجەم پێشمەرگەکانی ئێمە و پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی بەرەو ڕووی شەڕەکە و گوندی سۆریا سەرکەوتن، لەنزیکی گوند توشی هاوڕێیان دەبن و گوندیان جێ هێشتووە و بەرەو خوارەوە دێن، گوندەکە کەوتە دەست هێزەکانی دوژمن، بۆیە بڕیاردرا بەهەر شێوەیەک بێت دەبی ئەو گوندە وەربگیرێتەوە و ڕێگەکە بکرێتەوە و چونکە ژیانی ئەو هەموو خەڵکە بەو ڕێگەیەوە بەندە کە کۆڕەوەکە خۆی لەهەزاران کەس دەدا، تاهێزەکان سەرکەوتن کە بڕیاردرا هەموو پێشمەرگەکان (سەڵتەکان و خێزاندارەکانی هاوڕێیانی ئێمە و حزبی شیوعی) هەرهەموویان سەرکەون و پێ بەپێی شەڕەکە هەنگاو بندرێ، نابێ کەس لەخوارەوە چاوەڕێ بکات بۆیە هەموو سەرکەوتن، خێزاندار و چەند کادێرێکی سەرکردایەتی و کادیرانی ئیداری لەنزیکی کانی گوندەکە کە نزیکی ڕێگای دەرباز بوونەکەش بوو مانەوە و هاوڕێیانی تریش بەرەو گوند چوون. ژمارەی پێشمەرگە سەڵتەکانی ئێمە و هاوڕێیانی حزبی شیوعی خۆی لە(١٠٠) کەس دەدا کە زۆربەی کادیری ڕاگەیاندن و ئیداری بارەگاکان و هەروەها (٣٠) لە هاوڕێیانی حزبی شیوعی ئەو هاوڕێیانە بوون کە لە ڕێکخستنەکانەوە نێردرابوون بۆ ئەوەی بنێردرێن بۆ سوریاو لەوێوە بچن بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران بۆخوێندن.

کە هاوڕێیانی هەردوولا سەردەکەون دەبینن هێزەکانی ڕژێم لەسەرباز و جاش هاتوونەتە ناو گوندەکە و لەگەڵ ئەوەش تۆپبارانی سنوورەکە بەتایبەتی ئەو شوێنانەی خەڵکەکە خۆیان لێی حەشار دابوو دەستی پێکرد، لەوکاتە بڕیاری هێرش دەدرێ، دوای چەند هێرشێکی نابەرانبەری پێشمەرگە گوندەکە لە کاتژمێر (١٠)ی شەو لەهێزەکانی ڕژێم وەرگیرایەوە و زیانەکانی دوژمن کوژراو و بریندارى زۆریان هەبوو کە (٣) تەرم کە یەکێکیان پلەداربوو، لەگەڵ (٣) کلاشینکۆف و دوو دەزگای بێتەل کەوتنە دەستی پێشمەرگە هەروەها چەند جاشێکیش کوژرا بوون، هێزەکانی دوژمن پەرتەوازە ببوون، لەهێزەکانی ئێمەش (٣) بریندار هەبوو کە یەکێکیان برینەکەی سەخت بوو، دوانەکەی تریش برینیان سووک بوو هەر ئەو شەوە دوای کۆتایی شەڕەکە

بەهۆی دارەبازەیەکەوە کە لەدار دروستکرا بەسەر شانی پێشمەرگە دوای چەند ڕۆژ گەیێنرانە سنوور، گیرانی بێتەلەکان سوودی خۆیان هەبوو چونکە هاوڕێیان گێڕایانەوە لەکاتی شەڕەکە هێزەکانی ڕژێم بەهۆی بێتەلەکانەوە داوای تۆپبارانی گوندەکەیان دەکرد بەڵام لەلایەن خۆیانەوە وەڵام دەدرایەوە کە هێزەکانیان پەرت و بڵاوبون و لەناو گوند و دەوروبەرەکەی خۆیان حەشارداوە بۆیە با تۆپبارانی ناو گوندەکە نەکرێ چونکە خۆشیان بەر تۆپبارانەکە دەکەون، بەڵام پێشتر تۆپبارانی دەوروبەری داڤەڕستەکە و شوێنی خەڵکەکە دەستی پێکردبوو، لەگەڵ هەواڵی گیرانی گوندەکە خەڵکەکە توشی بارودۆخێکی زۆر ناخۆش بوون، بەتایبەتیش خەڵکەکە دەیانزانی تەنیا ڕێگای دەرباز بوون ئەو ڕێگایەیە، بۆیە لەنزیکی ئێوارەوە لەگەڵ بیستنی گیرانی گوندی سۆریا خەڵکەکە هەر بابابوو هەوڵی دەدا چارەسەرێک بدۆزێتەوە، لەدوای ئازادکردنی گوندەکە چەند پێشمەرگەیەک ڕاسپێردران بچنە سەر ڕووبار تا خەڵکەکە ئاگادار بکەنەوە و پێیان ڕابگەیەنن کە هێزەکەی دوژمن شکاوە و ڕێگەکە کراوەتەوە باخەڵکەکە سەرکەون و بێن بڕۆین، لەوکاتەدا خەڵکێک سەرکەوتن و ڕزگاریان بوو خەڵکێکی زۆریش مانەوە و ڕۆژی دواتر گیران و هێزەکەی تری پارتی دیموکراتی کوردستان کە (کاک ڕەزا) سەرپەرشتی دەکرد، ئەویش دوای بیستنی گیرانی گوندەکە خۆی و پێشمەرگەکانی لەگەڵی هەوڵدەدەن لەڕێگەیەکی تر بەڕۆخی ڕووبارەکە دەڕۆن و لەئێمە دابڕان و زانیاریمان لەسەریان نەما، ئەوکاتەی پێشمەرگەکان بەخەڵکەکە ڕادەگەیەنن کە ڕێگەکە کراوەتەوە لەوکاتانەش تا ڕۆیشتین ناوە ناوە دەنگی دەستڕێژی تەقە دەهات بۆیە خەڵکێک باوەڕ ناکات کە ڕێگاکە کراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش ئەوانەی چووبوون هەواڵەکە بۆ خەڵکەکە ببەن هەموویان هاوڕێیانی حزبی شیوعی و زەحمەتکێشان (خەڵکی ناوچەی سۆران) بوون، کە ئەوەش کاریگەریەکی تری هەبوو کە خەڵکەکە بسەنگرێنەوە و نەیەن، دواتر بیستمان خەڵکەکە ڕۆژی دواتر هێزەکانی ڕژێم گەمارۆی ناوچەکە دەدەن و هەموویان دەگیرێن.

شەڕی گوندی سۆریا شەڕێکی دەستەویەخە بوو، بڕیارەکە وابوو تا

کاتژمێر (٢) شەو هێزەکە نەکشێنەوە دواوە، دواتر لەکاتی دیاریکراو بەو ڕێگەیەدا کە لەتەنیشتی گوند هەبوو پاشەکشە بکەن و بەدوای ڕەتلەکەدا بێن کە ئەوکاتە زۆربەیان خێزانداره‌کان بوون، لەسەرەتای شەڕەکە هەر وەکو هاوڕێیان گێڕایانەوە پێشمەرگە و جاش و هێزەکانی تری ڕژێم کۆڵان بەکۆڵان تێکەڵی یەکتر دەبوون، یان ئەوەندە نزیکی یەکتر دەبوون کە شەڕە جوێنی پێشمەرگە و جاش بەئاسانی دەبیستران، بەتایبەتی ئێمەش کە لەگەڵ خێزانەکان لەنزیکی گوند چاوەڕوان بووین هەندێ شەڕە قسەمان دەبیست، هێزەکانی ڕژێم شکابوون هەموویان تا بەیانی یەکیان نەگرتبۆوە، شەڕ پێشی کاتی دیاریکراو کۆتایی هات، کاتژمێر (١٢)ی شەو تەنیا دەنگی ئەو دەستڕێژانە دەهات کە جاش و سەربازە پەڕاگەندەکان لەترسی خۆیان ناوە ناوە بەچواردەوریاندا دەیانکرد.

دووبارە بەڕێکەوتنەوە

دوای ئەوەی شەڕەکە کۆتایی هات و هێزەکانی ڕژێم لەگوند وەدەرنران بڕەنانێکی باش لەو خواردنەی هاوڕێیان پێشی شەڕەکە ئامەدەیان کردبوو خوراو ئەوەی تریش لەسەر ڕێگاکە داندراو پێشمەرگەیەک سەرپەرشتی دابەشکردنی دەکرد بۆئەوانەی دێن و دەڕۆن هەرکەسەو کولێرەیەک و پارچە گۆشتێکی هەڵدەگرت، بڕیاردرا لەپێشەوە هێزێکی (١٠) کەسی بەتایبەتی ئەوانەی تا ئەوکاتە بەشداری شەڕەکەیان نەکردبوو، لەپێشی هێزەکە بڕوات، خێزاندار و ئەوانی تر بەدوایدا بڕوات، بۆ شارەزایی ڕێگا نە ئێمە و نە هاوڕێیانی حزبی شیوعی هیچ شارەزایەکمان لەگەڵ نەبوو، چونکە ئەو هێزەی شارەزای ڕێگاکە بوون لەگەڵ کاک ڕەزا لە ئێمە دابڕان، دەبوایە شارەزایەک ببینینەوە، کەسێکی خەڵکی ناوچەکە دۆزرایەوە ڕێگەکە ئەوەندە سەخت بوو خۆشمان نازانین ئەو شەوە چۆن ڕۆیشتین، گەڵێجار ڕێگامان لێون دەبوو بەناچاری بەشوێنی وادا دەڕۆیشتین تەنیا بەیانی زانیمان کە ئەو ڕێگایەی شەو پێیدا ڕۆیشتووین بزنە ڕێگا بووە، دەبوایە زۆر بەوریایی بەپەلە بڕۆین ترسی ئەوە هەبوو نەوەک هێزەکانی ڕژێم ئەو ڕێگایە بگرن کە تاکە ڕێگایی دەربازبوون بوو، بۆیە هەوڵدەدرا پێش خۆرهەڵاتن لە

ڕێگاکە بپەڕینەوە، چونکە ڕژێم گەر ئەو ڕێگایەی بگرتایە ئێمەش وەکو ئەو خەڵکەی تر ژیانمان دەکەوتە مەترسی، لەگەڵ ئەوانەش هەوڵدەدرا نەهێڵدرێ مناڵەکانیان بگرییێن، مناڵەکانی هاوڕێیانی ئێمە (هەردووک کچی هاوڕێ سەلاح ئەڤین و ئەژین لەگەڵ ئێمە بوون، خۆشی لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی لە ناو گوند مابوونەوە کە دوای ئێمە بێن)، هەروەها مناڵێکی شیرەخۆرەی شەهید باغەوان[1] و کوردەی هاوسەری کە ناوی (ژیوار) بوو تەمەنی زۆر بچووک بوو لەبرسان زۆرجار بەوشەوە دەگریا کە یەکدوجار هاوڕێ باغەوان ئەوەی بەگوێی کوردەی هاوسەری چرپاند کە فڕێی بدات، با گیانی ئەو هەموو خەڵکە نەخاتە مەترسییەوە، دواتریش کە گەیشتینە ئیران منداڵەکە بەهۆی سەرمابوونی و ئەو شیرەی بە ئاوی پیس و سارد بۆی گیرایەوە لەزێوە مرد.

لەکاتی بەڕێکەوتنمان کچێکی (٥-٦)ساڵان لەدایک و باوکی دابڕابوو دەگریا، لەوکاتەدا یەکێک لەپێشمەرگەکانی هاوڕێیانی حزبی شیوعی لەسەرکۆڵی خۆی دانا و دوای چەندین ڕۆژ گەیاندیە سنوور، کە دەربازی سنووری باکووری کوردستان بوین لەوێ دایەوە کەس و کار و خزمانی، ئەو کارەساتە و ئەو جوامێریەی ئەو پێشمەرگەیە قەتاو قەت لەبیر ناکرێت، هەروەها لەگەڵ بەڕێکەوتنمان دوای ڕۆژی پاشتر کە هەموو لایەک گەیشتینەوە یەک ئینجا زانیمان کە هاوڕێ (نایف ڕەحمان) شەوەکەی لەنزیک گوندی سۆریا لەئێمە دابڕاوە و هیچ هەواڵێکمان لێی نەزانی تا گەیشتینە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (زیوە)، لە دوای (٧) ڕۆژو شەو بەتەنیا گەیشتبووە سنوورەکان کە ئەوەیان چیرۆکێکە تەنیا خۆیی دەزانی چی بەسەر هاتووە لەو چیاو دۆڵە سەخت و دژوارە، بە هیوای بتوانرێ بنووسرێتەوە.

دوای سەرکەوتن و دابەزینی چیا و چەندین جار هەڵەکردنی ڕێگا، بەرەبەیانیەکی زووی ڕۆژی (١٩٨٨/٨/٢٩)، هەرچۆنێک لەو ڕێگایەی کەترسمان لێی هەبوو پەڕینەوە، هەر لەبەرامبەر خۆمان ڕوومان کردە ڕەوەزە شاخێکی سەخت کە تۆزێ ماندوویی خۆمانی تێدا بحەسێنینەوە و

[1] بەداخەوە دوای ڕاپەڕین لە ڕێگای (هەولێر- سلێمانی)، شەهید بوو.

هەروەها چاوەڕوانی هاوڕێیانی تریش بکەین، دیارە بڕیار درا لەبەر ئەوەی نەوەک ڕژێم هەستمان پێبکات بەشێوەیەکی پەرت و یەک یەک و دوو دوو دابنیشین و خۆ حەشار بدەین و ئێشگری لەهەموو لایەکەوە دابندرێ، ئەوەی باش بوو هێزەکانی ڕژێم تا ئەوکاتە هێشتا نەگەیشبوونە ئەو دەوروبەری ئێمە لێی پەڕینەوە و دواتریش بەدرەنگەوە هاوڕێیانی تریش هەر لەو شوێنە پەڕینەوە و لە چێشتەنگاوێکی درەنگ گەیشتنەوە لامان.

دەربارەی ئەو هاوڕێیانەی کە جێ مابوون چۆن گەیشتنەوە ئێمە ئەوەیان کاک ئاسۆ حەسەن لە کتێبی (لەدووڕیانی مەرگ و ژیاندا) بەم شێوەیە بۆمان دەگێڕێتەوە: (خێزانەکان ڕۆیشتن و لەکۆڵ ئێمە بوونەوە، ئەوەی ماینەوە پێشمەرگە بووین، پێشمەرگەش لەو شاخانە دەتوانێ شەڕ بکات. بەڵام من لەبەر ئەوەی زۆر شەکەت بووم و خەویشم دەهات پێم باش بوو تا دەبێتە کاتی ڕۆیشتن سەرخەوێک بشکێنم، بەو دوو سێ پێشمەرگەیەم گوت کە لەگەڵمدا بوون دەمەوێ نەختێ بخەوم و گەر ئەوان خەویان نایە وشیار بن.. ئیتر نازانم چەند خەوتم، لەگەڵ دەنگی پێشمەرگەکان وەئاگا هاتم دەیانگوت: بەزۆربەیانمان گوتن وەرن ڕێگە کراوەتەوە، بەڵام ئەوان شەکەتن و پەکیان کەوتووە، منداڵەکان چیدی ناتوانن ڕێبکەن، خودان خێزانەکان زاتی ئەوە ناکەن بەم شێوەیە ڕێ بگرنەبەر کە هێشتا دڵنیانین ڕێگاکە سەڵامەتە بۆ ڕۆیشتن، ڕەنگە زۆر باوەڕیشیان بەئێمە نەبێ کە خەڵکی دەڤەرەکە نین. لەوقسانە بووین بەرەبەرە پێشمەرگەکان کۆبوونەوە و کاتی ڕۆیشتن هات. من باوەڕم بەخۆم نەبوو بەو سوکە ناساندنە ڕێگەکە دروست بگرمە بەر، بۆیە بە کاک سەڵاح ڕواندزیم گوت وەرە تۆ لەگەڵم بە، سەڵاح لە ڕێگای چیاکان شارەزابوو، پێشمەرگەیەکی ئازاو بەورە بوو، ئەو خێزان و منداڵی وردیشی هەبوو، بەڵام ئامادەبوو شەڕ بکات و لەگەڵ ژنەکەیدا لەپێشەوە نەڕوات. لەگەڵ کاک سەڵاح ڕێگەکەمان گەیاندە سەر چیاکە، بەڵام لەوێ ڕێگەمان بزرکرد. کاتیش درەنگ داهات، بۆیە بڕیارماندا ڕاستەو ڕاست لەچیاکە بچینە خوار و تا خۆر هەڵنەهاتووە، لەشەقامە خۆڵینەکە دەربازبین. لەگەڵ چوونە خوارەوە، بۆیەکەمین جار کڵاوەی چۆکی چەپم بەژان کەوت

و زۆر بەئازارەوە توانیم لەو شاخە سەخت و دژوارەدا ڕێبکەم «ئەو ئازارە تا ئێستاش بەدەستییەوە دەناڵێنم». تازە لەسەر شاخەکە بەرەو خوار ببوینەوە، کەلەشێرێک بانگیدا، بەوە زانیمان گوند لەو نزیکانە هەیە، لەدوای کەلەشێرەکە لەخوارەوە دەنگی منداڵێک دەهات دەگریا، کاک سەڵاح گوتی: ئەم دەنگە دەنگی ئەژینی کچمە، دیارە زۆر دوور نەکەوتوونەتەوە، ڕێگەکەش هەر لەم نزیکانەیە. منیش دڵنیابووم دەنگەکە و جۆری گریانەکە (ئەژین)ە کە ئەوکات تەمەنی ساڵێک زیاتر بوو. زۆر دەگریا، دەنگیشی تیژ و گەورە بوو پاشان کە گەیشتینە خێزانەکان گوتیان ڕاستە بەر لەوەی لەشەقامە خۆڵینەکە بپەڕینەوە ئەو کچە گریا.

وەک بڕیاربوو بەر لەخۆرهەڵات ڕۆژی (١٩٨٨/٨/٢٩) لەشەقامەکە بپەڕینەوە، بەڵام شەکەتی پێشمەرگە و بزرکردن و مەزەندەکردنی ماوەی ڕێگەکە و بوونی بریندار لەگەڵ هێزەکە، هەمووی بوونە هۆکار لە کاتی خۆی بگەینە سەر شەقامە خۆڵینەکە، ماوەیەک بوو خۆر هەڵاتبوو، کەچی هێشتا هێزەکانی ڕژێم نەگەیشتبوونە ئەوێ، تەنیا لەبەری خۆرهەڵاتی ڕووبارەکە تانک و زرێپۆش گەیشتبوونە سەر ڕووباری شەمدینان (ڕووشین).

کە لەشەقامەکە پەڕینەوە و بەچیاکەی بەرانبەردا هەڵگەڕاین، ڕەوەزە شاخێکی سەخت دیاربوو، بۆیە پێمان باشبوو لەناو ئەو ڕەوەزەدا پشوو بدەین و سەیری ناوچەکە و جوولەی دوژمن بکەین و بزانین لەسەر چ خاڵێکی جوگرافیای کوردستان داین.

ڕەنگە هەر نیوسعاتێک بوو لەشەقامەکە پەڕیبووینەوە هەر هێندەمان زانی لەنێو هەڤاڵانی خۆمان داین ئەوانیش وەک ئێمە لەسەر شاخەکە ڕێیان لێ بزر بووە، بەرەبەیان گەیشتبوونە ئەو ڕەوەزە و لێیان پاڵدابۆوە).

ئەمەی سەرەوە چۆنیەتی گەیشتنی هێزەکەی تر بوو بە ئێمە.

دوای ئەوەی ئێمە گەیشتین و هاوڕێیانی تریش بە درەنگەوە گەیشتن، ئەوەندە ماندوو شەکەت بووین، هەر کەسەو لە جێگەی خۆی بەڵام بەترسەوە سەرخەوێکی باشمان کرد، تەنیا ئیشکگرەکان نەبێ، کەس تاقەتی جولەی نەبوو چونکە ئەو شەوە ئەوەندە کەتبووینوو هەڵسابوینەوە گەڵێجار لەڕێگە

خەو دەیبردینەوە، جا لەشوێنێکی بێدەنگ و کش و مات و لەبەر تیشکی ڕۆژ دەبێ چۆن خۆت پێڕابگیرابا و خەوت لێنەکەوێ دوای ئەو هەموو ماندوبوونە. تا نیوەڕۆ بەو شێوەیەمان بردەسەر، بەڵام تا دەهات جولەی هێزەکانی ڕژیم زیاتر دەبوو، کۆپتەر بەسەر سنووری ناوچەکە دەسوڕایەوە، کاتیک هاوڕێیان (مام خدر روسی و کاک بەڵین) بۆ پشکنینی دەوربەری خۆمان بەسەر خەڵکەکە و هێزەکان دەسوڕێنەوە ئینجا دەزانن ئەو شوێنەی ئێمەی لێین بەتایبەتی خۆرئاوای شاخەکە ڕێگای لێیە و زریپۆش و تانک زۆر بەئاسانی دەگەنە لامان، بەڵام تا نیوەڕۆ هیچ قسەیەک ناکەن، لەنیوەڕۆوە بەدواوە پەلەیان لێکردین و پێیان ڕاگەیاندین با ئەو شوێنە جێبهێڵین و بەرەو گوندی بیارێ شۆڕبینەوە، هەروەها هێزەکانی ڕژێمیش لەشەوی پێشترەوە دوای شەڕەکە دەیانزانی هێزیک بۆ ئەو ناوچەیە هاتوون بەڵام شوێنەکەیان نەدەزانی کەوا هەر لەنزیکی ڕێگاکە خۆمان حەشارداوە، لەگەڵ ئەوەش بەهۆی ئەو بێتەلانەی شەو گیرابوون ئێمەش لەجولەی هێزەکانی ڕژیم ئاگادار بووین.

دوای نیوەڕۆ بڕیاردرا لەسەرخۆو بەشێوەیەکی هێمنانە بەرەو گوندی (بیارێ) شۆڕبینەوە، کەهەستیان بەئێمە کرد بەبیکەسی و چەکی جۆراوجۆر تەقەیان لێکردین و ئینجا تۆپباران دەستی پێکرد، کە گەڵێ جار جزەی گوللەی قەناس و بیکەیسی بەسەرماندا تیدەپەڕین، نزیکی عەسر گەیشتینە گوندی بیارێ، لەنیوەی شەوەوە هیچمان نەخواردبوو، زۆر برسی بووین، لەگەڵ گەیشتنمان بەنێو گوند هەرزوو دەستکرا بەهەویرکردن، کە دەچویتە هەر ماڵێک دەرگاشی دانەخرابوو، بەتەڕدەستی هەویرێکی زۆر دروستکراو ڕۆن هێنراو دەستکرا بەدروستکردنی (ناوسێری- ناوساجی)، دەستەیەکی تریش برنجە سۆریان دروستکرد، هەندێ لەهاوڕێیانی تریش چونە ناوباخچەکان و چەندین جۆر میوە و فیقیان هێنا، کات دوای کات تۆپبارانەکە زیاتری دەکرد، هێزەکانی ڕژیم بەجولەی ئێمەیان زانیبوو، بۆیە هەرزوو دوای نانخواردنێکی بەپەلە بەرەو گوندی نێروە ڕێکان بەڕێکەوتین، ڕێگای دەستەڕاستی دۆڵەکەمان گرتەبەر پێش خۆرئاوابوون لەدەستەچەپی دۆڵەکە

لەوبەری دراینە بەر دەستڕێژی بیکەیسی و چەکی سووک، ئێمە کەوتبووینە نێوانی دوو هێز، هێزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەک و لەلایەکەی تریش جاش و سەرباز تەقەیان لێدەکردین، جاشەکان لەگەڵ دەستڕێژییەکانیان جوین بارانیشیان دەکردین، هاوڕێیانی ئێمە و حزبی شیوعی هەموومان خەڵکی سۆران بووین و جاشەکانیش بەهەمان شێوە خەڵکی هەولێر و دەورووبەری بوون، ترسی ئەوەشمان هەبوو نەوەک ئەو هێزەی پارتی کە تەنیا (١٠٠)مەترێک لەپیش ئێمەوە وەڵامی جاشەکانیان دایەوە و تەقەکەیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا، ئەوانیش ڕوو لەئێمە بکەن هەر وابزانن ئێمەش جاشین، بەڵام بەهۆی بوونی ئەو خێزانانە و ئاگاداری پێشتریان لەئێمە ڕوویان لەوانکردوو ئێمەیان دەرباز کرد، بەهەر شیوەیەک بوو کەس لەئێمە بریندار نەبوو سەرەڕای ئەوەی تەقەکانی سەرەتا بەتایبەتی ڕووی لەئێمەبوو، هەروەها بەتایبەت لەلای چەپی دۆڵەکە بۆ ئێمە دانیشتبوون، ئێمەش بەهەر شیوەیەک بوو هەرکەسە و لەڕاستەخۆی، خۆی بەزەوی دادا و بەدوای پەناگەیەگ گەڕاین، باش بوو زوو تەقەکان ئاراستەکانیان گۆڕاو هەر زووش کۆتایی پێهات، ماوەی نێوان تەقەکان و دووبارە بەڕێکەوتنەوە نیوکاتژمێری زیاتر خایاندو پێشمەرگەکان بەهانامانەوە هاتن و لەو تەقانەش بێزیان دەرچووین تەنیا کاک ئاسۆ چەند گولەیەک بەر شەرواری کەوتبوو.

هێزێک لەپێشمەرگەکانی ئێمە لەگەڵ هێزەکەی پارتی تا بەیانی ڕۆژی دواتر (٣٠/ئابی/١٩٨٨) مانەوە و ئێمەش خێزاندارەکان و کادیر و پێشمەرگەکان بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن تا تێکەڵی ئەو خەڵکە زۆرە بووین کە چەندین ڕۆژ بوو لەهەموو ناوچەکانی بادینان دەربازیان ببوو لەچەمی گوندی نێروە گیرسابوونەوە و چاوەڕوانی کردنەوەی ئەو ڕێگایەیان دەکرد بۆ چوونە ناو باکووری کوردستان، کە تورکیا بەدریژایی ئەو ناوچەیە هێزی لەسەر سنوور دابەش کردبوو نەوەک خەڵکەکە بچنە ناو تورکیا. ئەو شەوە یەکێک بوو لەشەوە ساردەکان کە قەت لەیاد ناکرێت، دوای گەیشتنمان دەستبەجێ دەستکرا بەکۆکردنەوەی دار و ئاگرێکی گەورە کرایەوە، شەوەکەی ئەوەندە ساردبوو کە ڕوومان لەئاگرەکە دەکرد پشتمان دەتەزی کە پشتمان وەردەگیڕا

ڕوومان لەسەرمان دەتەزی. شەو تا بەیانی خەو نەچووە چاومان لەسەرمان و لەو بارودۆخەی کە قەت چاوەڕوانمان نەدەکرد، ئێمە کە ڕێکەوتین بەنیازی چیای شیرین و بەرگری و مقاومەت هاتین ئیستاش وادەبینین لەکوێین، هەر وەکو شاعیری کورد مام هێمن دەڵێ: وا لەو بستۆکەین (کە دوژمن ناوی ناوە سنوور)و هیچ کەسێک ناتوانێ دەربازی ئەوبەربێ.

ئێمە ئەو هاوڕێیانەی لەبارەگاوە بەڕێکەوتین بەسەلت و خێزاندار و منالەوە، بەهەر هەموومان بڕە پاریەکی وامان پێ نەبوو شایەنی ئەوەبی ژەمێکی باش خواردنی پێ بکڕین، هیچ شتێکمان پێ نەبوو بەخۆمانی دابدەین تابەیانی دەوری ئەو ئاگرمان دابوو، خەڵکانی تریش هەموویان وەک ئێمە بێتاقەت و بێزار دیاربوون، کەس توانای نەبوو لەگەڵ کەس بدوێ، هەرەسێک بەمانای هەرەس‌و کۆتایی شۆڕش و بەرخۆدان لە چاوی منالْ و گەورە و پیر و پەکەوتەوە دەخوێندرایەوە، لەولاتر چەک فڕێدرابوون وەک گیشە دار کەوتبوونە سەر یەک و کەس بەلایانەوە نەدەچوو، هەزارن خاوخێزان و ژن و منداڵ لەو دۆڵ و چەمە، لەوساکە گۆڕە لەبن بەرد و داردا کەوتبوون، تا بەرەبەیانی (١٩٨٨/٨/٣٠) شەومان بەو شێوەیە کردەوە، بەیانی هاوڕێیانی تریش ئەوانەی ئێوارە لای پێشمەرگەکانی پارتی مابوونەوە هاتنەلامان، ئەو ڕۆژە بڕیاردرا ئەو هاوڕێیانەی سەڵتن لەگەڵ هێزەکانی تری کوردستان کە هێزێکی زۆری لقی یەکی پارتی و هێزەکانی حیزبی شیوعی عێراقی و هێزێکی مەڵبەندی بادینانی یەکیتی و..هتد سنوور و سنوور بەرەو ئێران بەڕێ بکەون، کە هاوڕێیانی ئێمە ژمارەیان (١٣) کەس بوو کە بریتی بوون لە: هاوڕێیان (دکتۆر سەردار، ئاسۆ حەسەن، هۆشمەند سورچی، ڕابەر، هونەر جەمال، سامان، هێرش سەعدی، شەماڵ، دلیرە قوت، کاکەسوور، هێمن سیاوی، بروسک، ئەنوەر). ئێمەش دوای ئەوەی دەچینە تورکیا لەوێوە دەچینەوە ئێران و لەوێ بەیەک دەگەینەوە.

دەربارەی ئەو هاوڕێیانەی بەرەو ئیران بەڕێکەوتن ئاسۆ حەسەن لە کتێبی (لەدوڕیانی مەرگ و ژیان) بەم شێوەیە دەگێڕیتەوە:

(ئەو کاتە برادەران منیان ڕاسپارد سەرپەرشتی ئەو پێشمەرگانەی

زەحمەتکێشان بکەم کەدەمێننەوە، لەگەڵ برادەران و خێزانەکان خواحافیزیمان لێکدی کردو وا بڕیاردرا ئەگەر لە کوردستان شوێنی خەبات نەما و تەنگەتاو بووین بچینە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەوانیش هەوڵدەدەن لە تورکیاوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بچن.

لەنێروە ڕێکانەوە بەرەو گوندی (چەمیتوو) هەڵکشاین و شەو لەگوندێکی چۆل ماینەوە ناوی (رندێلا) بوو بۆ ڕۆژی (١٩٨٨/٨/٣١) ئێوارەکەی گەیشتینە (چەمیتوو)و لەزیوەشکان د.سەردار و ئەو چوار پێشمەرگەشمان بینەوە کە لەشەوی شەڕەکە لەپێشەوە ڕۆیشتبوون و یەکمان گرتەوە.

چەمیتو یەکەمین بنکەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نویی گەلەکەمان بوو(شۆڕشی گوڵان)، پاش (١٢)ساڵ لەخەباتی چەکداری و سەدان هەزار شەهید گەڕاینەوە هەمان شوێن، کە گوندێکە تابلۆی سنووری دەستکردی نێوان عێراق - تورکیا دەیکاتە دوولەت بەشی باکووری(تورکیا)یە! بەشی باشووریشی (عێراق)!.

ئەوەی کە لەوێ سەرنجی ڕاکێشام هەموو ماڵەکانی بەشی باکوور ئاڵای (تورکیا)یان لەسەر خانوەکانیان بەرزکردبۆوە، نەخۆ سوپای عێراق بگاتە ئەوێ و دەستدرێژیان بکاتە سەر، بەشی باشووریشی هەموو خەڵکەکە کۆچیان کردبوو، تەنها پێشمەرگەی لێبوو، لەوێ هەموو حزبەکانی دی یەکتریان گرتەوە...پارتی، یەکێتی، شیوعی، زەحمەتکێشان، سۆسیالیست، حزبە ئیسلامییەکان...هتد.

دیارە چەند ڕۆژ پاشتر (وەک بیستمان) ڕۆژی (٣یان١٩٨٨/٩/٤) هێزێکی گەورەی ڕژێم بۆ گوندەکانی ئەو دەڤەرە و شیت یوونس شاڵاو دەهێنێ، لەقۆڵی (چەمیتوو) پێشمەرگەکانی پارتی لێیان دێنە دەست و ئەفسەرێک و (١٢) سەرباز دەکوژن. لەئاقاری (شیت یوونس)یش هێزێکی پێشمەرگە بەسەرکردایەتی قادر قاچاغ بۆهانای دەڤەری بادینان هاتبوون لەگەڵ هێزەکانی دوژمن تووشی شەڕ هاتبوون، قوربانیش لەم شەڕەدا لەڕیزی پێشمەرگەدا هەبوو..) دوای چەندین ڕۆژ دەگەنە ئیران و چاوەڕوان بوون تا ئێمەش گەیشتین و هەواڵمان بۆ ڕەوانەکردن و هاتنەوە لامان لەزیوە.

پەڕینەوە بۆ باکووری کوردستان

ئەو هاوڕێیانەی ماینەوە، (خێزاندارەکان و چەند هاوڕێیەکی تر) کە بریتی بوون لە(کاک قادر عەزیز و کەژاڵی هاوسەری، بەڵێن عەبدوڵڵا و مریەمی هاوسەری، سەلاح رواندزی و مەلیحەی هاوسەری و ئەڤین و ئەژینی کچی، بڵند عومەر و چناری هاوسەری، باغەوان تاهیر و کوردستانی هاوسەری، سمکۆ تاهیر و زەینەبی هاوسەری، حاجی و زەینەبی هاوسەری[1]، مەریوان و ئەختەر) لەگەڵ هەریەکە لە هاوڕێیان (بەهمەن حسین، دارا، کاوە، سەمەد، ئارام)، لەگەڵ خەڵکەکە چاوەڕوانی ئەوە بووین کەی تورکیا ئەو ڕێگایە دەکاتەوە تا خەڵکەکە دەربازی ئەوبەری سنوور (باکووری کوردستان) بن، لەچاوەڕوانی مابووینە، بەرەبەرە هێزەکانی ڕژیم گەمارۆکەیان تەسکتر دەکرد و دەیانزانی ئەو خەڵکە لەو دۆڵە کۆبونەتەوە، ئێمە یەک دوو ڕۆژ بەو شێوەیە چاوەڕوان بووین، لەبەر بێ پارەیی بڕیارماندا بەهەر شێوەیەک بی چەکەکان بفرۆشین، چونکە دەمانزانی تورکیا ڕێگای نەدەدا هیچ پارچە چەکێک لەگەڵ خۆمان ببەین، هەروەها هەرچی دەهات چەکەکەی فڕێدەدایە سەر ئەو کۆمەڵە چەکەی لەنزیکی سەد مەتریک دووری سنوور کۆمەڵکرابووە سەریەک، بۆیە بەناچاری ڕێککەوتین لەگەڵ چەند چەکداریکی گوندەکانی باکووری کوردستان کە چەکەکان بفرۆشین کە هەر کلاشینکۆفەی (٦٢) دیناری ئەوکاتی کردو پارەکەشی دابەشی سەر هاوڕێیان کرا، ئەو هاوڕێیانەی مابووینەوە کەسێک پارەیەکی ئەوتۆی پێنەبوو بۆدواتر سودمان لێوەرگرت.

ئێوارە هەواڵێک بڵاوکرایەوە کە گوایە ڕژێم بڕیاری داوە هێرش بکاتە سەر ئەو خەڵکە و چەکی کیمیاویش بەکار دەهێنی لەگەڵ ئەو هەواڵە خەڵکەکە شڵەژا و هێزەکانی تورکیاش سنوریان گرتبوو زیاتر کەوتنە ئامادەباشی و نەیاندەهێشت کەس بچێتە ئەوبەر، هەردوای ماوەیەکی کەم لەو هەواڵە

---

١ خەڵکی باکووری کوردستان بوون و پێشتر گەڕێلای پارتی کرێکارانی کوردستان بوون و ماوەیەک بوو پەیوەندیان بەحزبی زەحمەتکێشان کردبوو، لەکاتی چونمان بۆ تورکیا لەلایەن میتی تورکیاوە لە ڕێگەی خۆفرۆشێکەوە بەناوی (شۆڕش) کە ئەویش پێشتر گەریلای پەکەکە بوو پەیوەندی بە پارتی کردبوو، گیران و حوکم دران.

ئەم بابەتە لە ژمارە (٢٦)ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩ی گۆڤاری چیا بڵاوکراوەتەوە.

خەڵکەکە لەدواوە هەر ئەوەندە زاندرا ووتیات هات، ئەو هێزانەی لەسنوور داندرابوون بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن تا خەڵک نەچنە ئەودیوی سنور، ئەوان پێشی خەڵکەکە سنوریان جێ هێڵا و هەڵاتن و خەڵکەکەش لەدوای ئەوان بەلێشاو دەربازی ئەوبەری سنوور بوون. پێشتر گوندنشینەکانی باکووری کوردستان زۆریان هەوڵدەدا هاوکاری خەڵکەکە بکەن بەڵام تورکیا نەیدەهێشت، کە چوینە ئەوبەر ئینجا هەرکەسە و بەپێی توانای خۆیان هاوکاری خەڵکەکەیان دەکرد، ئێمە و خەڵکێکی زۆر شتێکی ئەوتۆمان لانەبوو نەخواردن نەپێخەف، بەتایبەتیش کە دەربازی باکووری کوردستان بووین (کاک قادر) بەهۆی سەرمای ڕێگا و ماندوێتی چەند شەوی ڕابردوو نەخۆش کەوت، هەندێ بەتانی و پێخەفیان پێداین، یارمەتی و هاوکاری خەڵکەکە لەبەر ئەوەی لەچەند گوندێکی کەمی ئەو دەورووپشتەبوو، بەشی هەموو لایەکی نەدەکرد و تورکیاش ڕێگای نەدەدا لەناوچەکانی تر یارمەتی بێت، ماوەی (٦تا٧) ڕۆژ بەو شێوەیە لەودیوی سنوور ماینەوە تا ڕاگەیاندنی بڕیاری لێبوردنی گشتی ڕۆژی (١٩٨٨/٩/٦)و دوای ڕۆژێک ئۆتۆمۆبێل و لۆریان هێنا و خەڵکەکەیان سوارکردو و کەس نەیدەزانی بۆ کوێمان دەبەن، پڕوپاگەندەی واهەبوو کە خەڵکێکی زۆریان بردۆتە سلۆپی و لەبرایم خەلیل ڕادەستی ڕژێمیان کردونەتەوە، لەوکاتەش ڕادەستکردنەوە واتە ئەنفالکردن.

دوای ڕۆیشتنی ماوەیەکی زۆر لەئیوارەوە تابەربەیانی و دواتر تا چێشتەنگاو، ئەوجا زانیمان بەرەو ڕۆژهەڵاتە و بۆ سنووری ئیران و ناوچەی گەڤەرمان دەبەن، ئێمەیان گەیاندە ناوچەی گەڤەر و لەگۆڕەساتێک ئەو خەڵکەیان لە ئۆتۆمۆبێل و لۆریان دابەزاندین و خێمە و هەندێ پێداویستی خەوتن و خواردنیان پێداین. لێرەدا بارودۆخێک هاتە پێشێ و ئەو چەند ڕۆژەی لەوێ ماینەوە ئەوەیان چیرۆکێکی ترەوە. هەوڵدەدەم لەبەشێکی تردا باسی لێوە بکەم.

بیرەوەری ڕۆژانی ئەنفال
(بەری گارێ و زێباریا)[1]

(ئاکۆ ئاکۆیی)

بە بڕیارێکی ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆکەکەی سەدام حوسێن لە ڕۆژی (١٩٨٧/٣/٢٩) بەشێوەیەکی فەرمی (عەلی حەسەن مەجید)ی ناسراوە بە (عەلی کیمیایی[2])، وەک تاوانباری سەرەکی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە و تاوانەکانی ئەنفال بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بڕیارەکە جێبەجێ نەکراوە، دەست نیشان کرد، بۆ سەرپەرشتی و جێبەجێکردنی پرۆسەی ئەنفال، مەبەست لەپرۆسەکە جنێوسایدی کورد بوو، ڕژێمی لەناوچوو پرۆسەی ئەنفالی بەهەشت قۆناغ جێبەجێکرد، ئەوەی لەخوارەوە دەیخوێنیتەوە بیرەوەی ئەو ڕۆژانەیە کەبەچاوی خۆم زۆر لە ڕووداو و کارەساتەکانم بینیوە، ئێمە مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بووین لە ناوچەکەدا مابووینەوە لەدواقۆناغەکانی ئەنفال (ئەنفالی بادینان)، پێشوتر زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی (هەولێر و سلێمانی و گەرمیان) بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتبوون و ئەوەی مابۆوە تەنیا ناوچەکانی بادینان بوو.

ئەنفالی بادینان کە دوا قۆناغ و قۆناغی هەشتەم بوو لە (٨/٢٥ تا ٩/٦/ ١٩٨٨) خایاندو ڕۆژی (٩/٦) ڕژێم بە لێبوردنێکی درۆزنانە کۆتایی بە پرۆسەکە هێنا.

سەرەتا ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت، وەستانی شەڕی (عێراق _ئێران) ە کە زیاتر بواری بۆ ڕژێمی بەعسی ڕوخاو ڕەخساند، بۆ بە ئەنجامگەیاندنی پرۆسەی ئەنفال هەرچەندە پێشتر پرۆسەی ئەنفال دەستی پێکردبوو بەڵام بە وەستانی شەڕ، پرۆسەکە فرەوانتر و دژوارتر بوو. دوای وەستانی شەڕ

١ ئەم بابەتە لە ژمارە (٢٦)ی تەشرینی دووەمی ٢٠٠٩ ی گۆڤاری (چیا)، کە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان دەریدەدەکرد، بڵاوکراوەتەوە.

٢ عەلی کیمیایی، کاتێ ئەم بابەتە نووسرا، عەلی کیمیایی هێشتان لە سێدارە نەدرابوو.

و کێشانەوەی هێزەکانی لە بەرەکانی شەڕ، زانیاری ئەوە هەبوو کەڕژێم هێزێکی زۆری (سوپاو جاش)ی کۆکردۆتەوە بۆهێرش هێنانە سەر ناوچە ئازادکراوەکانی بادینان، بەتایبەتی بۆ سەر ئەو هێزانەی لەناوچەکانی(زاخۆ و ئامێدی و دێرەلوک و شێخان و ئاکرێ) بوون، بارەگاکانی ئێمە لەدەڤەرێک بوو دەکەوتە نێوان (ناوچەی زێباریا و بەری گارا) لە گەلییێک بووین بەناوی (گەلی تووبە) کەتبووە نێوان هەردوو گوندی (کافیا)ی زێباری و گوندی (یەک ماڵە) ی بەری گارا، بەری گارا ناوچەیەکی فرەوانە و (گارا)ش زنجیرە شاخێکی دوور و درێژە، ئێمە لە پایزی ١٩٨٥ بارەگاکانمان لەوێ دانان، هەر لەم گەلییەدا لە بەهاری (١٩٨٨) یەکەم کۆنفرانسی حزبمان (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)ی تیا بەسترا.

دوای وەستانی شەڕی (عێراق _ئێران)، ڕژێم زیاتر دەستی کرایەوە بۆشەڕکردنی هێزی پێشمەرگە و داگیرکردنی ناوچە ئازاد کراوەکان، ڕاگەیاندنی کۆتایی هێنان بەشەڕ کە ئەوکاتە خومەینی وەک خۆی وتەنی (وەک خواردنەوەی جامێک ژەهرە)، بەناچاری بڕیاری وەستانی شەڕی دا لە (١٩٨٨/٨/٨).

دوو سێ ڕۆژ دواتر کۆبوونەوەیەکی فراوان لەسەر بارودۆخەکە کەتایبەت بوو بەوەستانی شەڕ و هەڵومەرجی داهاتوو، بۆسەرجەم ئەو کادیر و پێشمەرگەکانەی حزب کە لە بارەگاکان بوون لەلایەن (کاک قادر عەزیز) بەسترا، لە بەشێکی وتەکانی ئاماژەی بەوەدا: (بەکۆتایی هاتنی شەڕی ئێراق _ئێران) ڕژێم زیاتر دەستی بەتاڵ دەبێت و بواری زیاتری بۆدەرخسێت بۆشەڕکردنی هێزی پێشمەرگە و پەلاماردانی ناوچە ئازادکراوەکان و ئەنجامدانی پیلانە گڵاوەکانی لەبەرامبەر گەلەکەمان، بەمەش خەبات و تێکۆشانمان سەخت تردەبێ، بۆیە دەبێت خۆمان بۆ ئەو ڕۆژە و هەموو پێشهاتێک ئامادە بکەین و شێلگیرانەتر بەگژ پیلانەکاندا بچینەوە، لەوانەیە شێوازی خەباتی چەکداریمان گۆڕانی بەسەردابێت و شەڕی پارتیزانی پیادەبکەین).

سەرکردایەتی حزب وەکو هەموو لایەنەکانی تری ناوچەکە بڕیاریدا

کەبە شێوەیەکی کاتی ناوچەکە جێبهێڵیت، کەدوا لایەن بووین بڕیارەکەمان پیادەکرد، حزب بڕیاریدا مەفرەزەیەکی (١١) یانزە کەسی لەناوچەکە لە دەوربەری بارەگا جێبهێڵێ بۆ هەندێ کاری پێویست، کە کارەکانی ئەنجامدان ئەوانیش بگەنەوە هاوڕێکانیان لە چیای شیرین وا بڕیار بوو ئەم مەفرەزەیە کە کارەکانی ئەنجامدان بەڕێ بکەون و لە چیای شیرین بە هاوڕێکانیان بگەنەوە، ئەم (١١) پێشمەرگەیە ئەمانە بووین:

(دڵشاد کۆیی، نەبەز ئیسماعیل، دانا حەوێز، سالار، ئاری، کۆسرەت، ئومێد، هەرێم، سەرەتا، کاروان و ئاکۆ ئاکۆیی).

پاشنیوەڕۆی (٨/٢٥) گشت ئەو هاوڕێیانەی لەبارەگاکان بوون جگە لەو مەفرەزە یانزە کەسیە نەبێت هەموویان بەڕێکەوتن بۆ ئەو شوێنەی پێشتر دیاری کرابوو کە ئەو شوێنەش چیایی (شیرن) بوو بڕیار وابوو بە شێوەیەکی کاتی بارەگاکانمان لەوێ دابنێین تا بارووودۆخی ناوچەکە ئاسایی دەبێتەوە ئەوکات بگەڕێینەوە بۆ ئەم بارەگانەمان.

ئەو کارەی کە بە مەفرەزەکە ڕاسپێردارا بوو بریتی بوو لەگەیاندنی هاوڕێ (هەرێم) بۆ نزیک یەکێ لەگوندەکانی (دنیارتە) بۆ ئەوەی بچێتە هەولێر کۆمەڵێک ڕاسپاردەی پێ بوو بۆ هاوڕێیانی ناوشار (ڕێکخستن) هەروا شاردنەوەی ئەو کەلوپەلانەی لەبارەگاکان بوون، وەک کەلوپەلی ڕاگەیاندن و چەکو بێ تەڵ و ئازوقە .....تاد، هەر هەمان ڕۆژ چوار هاوڕێ لەگەڵ ئەو هاوڕێیەی بڕیاربوو بچێتەوە هەولێر بەڕێکەوتین، ئەوگوندانەی کەوتنە سەر ڕێگامان (کافیا، کانی گوڵێ، دەحلێ) چۆل کرابوون، ئێمە دەبوایە بە چیای (سەری شەهێ) سەرکەوین، مەتارەکانمان لە ئاوی (دەحلێ) پڕئاو کردن و ڕێگای هەورازمان گرتەبەر، هێشتا هەر لە بنارەکەی دابووین چەند کەسێک بەسواری ولاغ بەڕێگادا دەهاتنە خوار، خەڵکی ناوچەکە بوون پرسیاری ڕێگامان لێکردن زۆر بە پەلەبوون وتیان: (بگەڕێنەوە ناتوانن بگەنە گوند ئەوێ پڕبووە لەسووپا و جاش، هەموو ڕێگاکان گیراون، ئێمە بەپەلە توانیمان خۆمان دەرباز بکەین و ئێوە چی دەکەن لێرە زووکەن خۆتان دەرباز بکەن و ناوچەکە جێبهێڵن)، وتمان لەوانەیە بەم شێوەیە نەبێت،

ئێمە بەردەوامیماندا بەڕۆیشتن، زۆر مەبەستمان بوو بتوانین ئەو هاوڕێیە بگەینینە شوێنی مەبەست چوونکە کارەکەی زۆر پێویست و گرنگ بوو، مەودایەک ڕۆیشتین دووکەسی تر بەسواری ولاغ بە پەلە دەهاتنە خوار پێش ئەوەی ئێمە لێیان بپرسین ئەوان وتیان: (کێوە دەچن؟) پێمان وتن دەچینە ئەو شوێنە ئەوانیش جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە بگەڕێینەوە و لەو ناوچەیە دوور کەوینەوە، هەڵبەتە قسەکانی ئەوان ڕاست بوو ناوچەکە چۆڵ ببوو، ڕەوشەکە ئاڵۆز ببوو بارودۆخەکە هەموو ئاماژەکانی وا بوون کە کارەساتێک بەڕێوەیە، بڕیارماندا بگەڕێینەوە، بۆ نزیکی ئێوارە گەیشتینەوە لای هاوڕێیان، ئەوان زۆربەی کەلوپەلەکانیان شاردبۆوە، کەشەو داهات فڕۆکەی (پیلاتۆز و کۆپتەر) بەئاسمانی ناوچەکە دەسوڕانەوە، هەندێ لەشوێنەکانی ناوچەی بەری گارەی بۆردومان کرد، گوندی (شێرانە) بەر بۆمبی کیمیایی کەوتبوو، دوایی زانیمان دووکەس شەهید ببون، لەبارەگا دەرچووین و چووینە بەرزایەکان، بارەگای ناوچەی (ئاکرێ)ی برادەرانی پارتی لەنزیکی ئێمەوە بوون بارەگاکانی هاوڕێیانی حزبی شیوعیش لە ناوچکە بوون، هەموو یان چۆڵکرابوون.

لە (٨/٢٧) ئەو کارانەی بەئێمە ڕاسپێردرابوون جێبەجێمانکردن، جگە لەو هاوڕێیە نەبێت کە نەمانتوانی بەڕێی بکەین بۆ هەولێر، ئێوارە خۆمان ئامادەکرد بۆ ڕۆیشتن، بەیانی کاتژمێر (٥) بەڕێکەوتین، کەلوپەلی پێویستی ڕێگامان وەک نان و خواردن، لە ئێستریک بارکرد، (گیسک)یکیشمان هەبوو دەمێک بوو بەخێومان دەکرد زۆر متوی ئێمە ببوو لەدوای ئێمەوە دەڕۆیشت دامانابوو لەڕێگادا بیکەین بەژەمێک، هاوڕێ (کرمانج عەوێنە) زۆر خولیای ڕاوەکەو بوو دوو کەوی هەبوون لەلای ئێمەی دانابوون خۆشی بەجەوله چوو بووە دەشتی هەولێر هەر ڕۆژی پێشووتر کەوەکانمان بەردان و قەفەزەکانیشمان شکاندن، (دواتر کە هاوڕێ کرمانجم دیتەوە، پرسیاری کەوەکانی لێکردم کە چیان بەسەر هات، وتم بەرەڵامان کردن و قەفەزەکانیشمان شکاندن، زۆر خۆشحاڵ بوو، وتی هەمیشە لە یادم بوون و دەخەمێیان دابووم نەوەک لە نێو قەفەز جێتان هێشتبن و مردبن)، ئەو ڕێگایەی ئێمە پێیدا دەڕۆیشتین بەبناری

زنجیرە چیاییێکەوە بوو بەناوی (گریێ) کە دەکەوێتە نێوان هەردوو چیای گارە و مەتین ئێمە بە دیووی لای گارادا بووین، ڕێگاکە بەنێو دارستانێکی چڕدا بوو تا گەیشتینە نزیک گوندی (سەرانێ سەروو)، لەوێ بەرزایەک هەبوو هەوارگەی چەند ماڵێکی مەڕدار بوون، خەڵکێکی زۆری گوندەکانی ناوچەکەی لێ کۆببۆەوە چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد هەواڵی سەرزێی (بادینان) نیان بۆبێت بۆئەوەی بۆ ئەودیو شۆڕ ببنەوە بۆ (دەشتازێیێ)و لەزێی بادینان بپەرنەوە و بە گەلی باڵندە بەرەو سنورەکانی ئێران-تورکیا بڕۆن، چووینە ناو خەڵکەکە پرسیاری ڕێگامان لێکردن، وتیان ئێمەش چاوەڕێ دەکەین، دووکەسمان ڕەوانە کردووە لە نزیکەوە چاودێری بکەن و بزانن دەتوانین لەزێ بپەڕینەوە گوایە سەرزێ گیراوە، ئێمەش لە دووری خەڵکەکە لەژێر درەختەکانی گۆڕستانێک لەچاوەڕوانی دابووین، دوو هاوڕێشمان لەنێو خەڵکەکە بوون تاهەواڵی ڕێگاوەرگرن، ئەو دوو کەسەی بۆ هەواڵ و زانیاری وەرگرتن چوبوون، پاش کەمتر لەکاتژمێرێک گەڕانەوە دوو هاوڕێیەکەنمان هاتنەوە ووتیان ئەوان گەڕانەوە و دەڵێن سەرزێ گیراوە، ئۆتۆمبێلی سەربازی بۆناوچەی بارزان هاتوو چۆیانە، کۆپتەر بەبەردەوامی بەسەر هێزەکانیان دەسوڕێتەوە و سووپا لەودیوو بەرەو ئەم ناوچەیە بە ڕێگاوەیە، خەڵکەکە کەئەمەیان بیست بەپەلە پەرتەیان لێکرد و لەنێو چڕی دارستانەکە ون بوون.

ئێمەش بە دوای ئەوان بۆ نێو دارستانەکە گەڕاینەوە و بڕیارماندا تێکەڵاوی خەڵکەکە نەبین، نەوەک خەڵکێک هەبێت زانیاریمان لەسەربدات، یاخود پێشمەرگە شەهید بکەن و تەسلیم ببنەوە بۆ ئەوەی ڕژێم لێیان ببورێت، ئێمە لەنێو دارستانەکەدا چووینە سەر بەرزایەک بۆ ئەوەی بزانین بارودۆخەکە لە چیدایە، کات نزیکەی نیوەڕۆ دادەهات گوندی (سەرانی سەروو) لە ئێمە دیار بوو دەنگی گرمەی تۆپەکان دەهاتنە بەرگوێ و بەرەبەرەش دەنگەکە نزیک دەبۆوە تاوای لێهات بۆ دیووی ئێمەش تەقێندران و پاشان تۆپەکان وەستان و کۆپتەر گەیشتە ئاسمانی ناوچەکە و دەسوڕایەوە، سەیرمانکردوا سوپا و جاش لەهەموو ئەو ڕێگا سەرەکیانە وەک گوندی بانێ و سەری

شەهێ و گەلی نیێ بەرەو ناوچەکە دەهاتن، دەنگی تەقەش تادەهات نزیکتر دەبۆوە، سوپا و جاش لەو بەرزایەی کە ماڵە مەڕدارەکانی لێبوو بەدەرکەوتن و بەرەو گوندی (سەرانەی سەروو) شۆڕ بوونەوە، هەڵبەتە ماڵە مەڕدارەکان و گوندەکە چۆل ببوون، پێش ئەوەی ئەو هێزە بگەنە ناو گوند دایانە بەردەست ڕێژی تفەنگ و ئاربیچی کە چوونە ناویش ئاگریا لەگوندەکە بەردا، یەکەم گوند لەناوچەکە ئاگری تێبەردرا گوندی سەرانی سەروو بوو، بڕیارماندا بگەڕێینەوە دەوربەری بارەگاکانمان، هەر هەموومان خەڵکی دەرەوەی ناوچەکە بووین ئەوەندە شارەزای ناوچەکە نەبووین تابتوانین بۆ هەر شوێنێک بمانەوێ بچین ئەو گوندانەی کە لەئێمە دیار بوون وەک (کافیا، کانی گوڵێ، بیرکەکۆر، ئاگرێ، سەرانێ خوارێ و بانێ) لەهەموو گوندەکان دووکەڵی ئاگر بەرزبۆوە، ئیتر کەڵکی ئەوە نەما بەو شێوەی پێشوو مامەڵە بکەین، ئەو کەلوپەلەی لە ئێسترەکەمان بارکردبوو، دامانگرت و کورتانمان لەپشتی ئێسترەکە فڕێدا و بەرەلامان کرد، کۆڵە پشتەکانمان لەو کەلوپەلانەی تایبەت بەخۆمان بوون بەتاڵکرد، ئەو نانەی پێمانبوو دابەشمان کرد و خستمانە ناو کۆڵپشتەکانمان، (کۆڵەپشتەکەی من کورتەک و شلوارێکی تیابوو کە ئەویش هی هاوڕێ بەڵێن بوو، نوێ بوو لە بارەگا خستمە ناو کۆڵەپشتەکەم و لەگەڵ هەندێ ئەدەبیاتی حزب و وێنەی فۆتۆگرافی و نەخشەیەکی جیهان و سێ دیوانە شیعر، گەردەلوولی سپی لەتیف هەڵمەت و شەونامەی شاعیرێکی تێنوی عەبدوڵلا پەشێوو سوتان لەبەربارنی رەفیق سابیر)، هەر لەوێ هەموویانم جگە لەدەفتەری شیعرەکانی خۆم و وێنەکان، کەئەوانیشم دواتر لەئەشکەوتێک شاردنەوە خستمە کڵورایەکەی قاپی ئەو دارتووەی کە لە سەر کانیاوێکی بەر ڕێگا بوو، لەکاتی گەڕانەوەمان بۆشوێنی مەبەست ئەو گیسکەی کە هەر بەدوامانەوە بوو، بە دوای ئێمەوە دەهات تا تاریک داهات، ئیتر ئێمەی ونکرد مەودایەکی زۆر گۆڕمان لەباعە باعی بوو، چووینە ناو بارەگاکانمان، سێ چوار دەبەی پێنج لیتریمان هەڵگرت بۆ ئاو، هاوڕێ دڵشاد کۆیی کە لێپرسراومان بوو، وتی واچاکە خۆمان بگەیەنینە (گەلی بانێ) کە شوێنێکی سەختە و ئاوی لێیە

و سود لەترێ و هەنجیرە خۆرسکەکانی وەردەگرین، بەڵام لەبەر گەمارۆ و زۆری سوپا و جاش و نا شارەزایی تەوای ناوچەکە، ئێمە کە تەنیا ڕێگا سەرەکیەکان شارەزا بووین نەمانتوانی بۆ ئەو شوێنە بچین، بۆیە دواتر شوێنێکی ترمان دەست نیشانکرد کە شوێنێکی سەخت و نزیک گوندی یەک ماڵە بوو، بەڕێکەوتین لەسەر ڕێگا کانییێک هەبوو جێی هەوارگەی هاوینانی گوندنشینەکان بوو بەناوی (کانی گیسک)، لەوێ لاماندا بۆئەوەی دەبەکانمان پڕ ئاو بکەین، ماڵەکان چۆلیان کردبوو، بەڵام هەموو کەلوپەلەکانیان لەوێ مابوون، تەنانەت پیاڵەکانیان پڕ لە چاو مەنجەڵی چێشتیان پڕ لە چێشت بوون، هەندێ خواردنیشمان لەمەنجەڵەکان خوارد، لەیەکێک لەکەپرەکان نوزەیەک دەهات کەبۆی چووین منالێکی (٥-٦) ساڵانی پەککەوتویان جێ هێشتبوو، کەڕ و لاڵیش بوو، زۆر پێی دڵگران بووین، هیچ چارەیەکمان نەبوو، تەنیا ئەوەی لەدەستمان هات هەندێ نان و ئاومان لەتەنیشت دانا و شوێنەکەمان جێهێشت، درەنگانی شەو گەیشتینە ئەو شوێنەی کەبۆی دەچووین، بەڵام کۆمەڵێک خەڵکی ناوچەکە خۆیان لێ پەنا دابوو کە نەیانتوانیبوو دەربچن، بۆیە بەناچاری دووبارە لەبەر ئەوهۆیانەی کەپێشووتر ئاماژەم پێکردوون، پاش پشوویەک گەڕاینەوە بەرزایەکانی پشت بارەگاکانی خۆمان، تاگەیشتینە ئەوێ بەرەبەیان داهات، دوو دوو دابەش بووین شوێنەکەمان بەرزبوو زۆربەی ناوچەکەمان لێوە دیار بوو، کە ڕۆژ دەرکەوت جوولەی سەربازو جاش دیاربوو بەتایبەتی لەبەردەم هەردوو گوندی (کافیا و کانی گوڵێ) ئاپۆرەی سەرباز و جاش لە بن دارەکانی گۆڕستانی گوندی کافیا دابوو، پێ دەچوو بارەگای سەرەکیان لەوێ دانابێ، خەڵکێکی زۆری دانیشتوانی ئەو گوندانەیان کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون دەستگیر کرابوون، بەڕیز یەک بەدوای یەک بەپیادە بە ڕێگای (گەلی نیێ) بەرەو (نەهلێ)یان دەبردن، هەروا مەڕ و ماڵاتێکی زۆریان کۆکردبۆوە.

٨/٢٩ سەرجەم گوندەکانی بەرەی گارەیان سوتاند، وەک (یەکماڵە، کیرێ، مەرزێ، شێرانە، ڕدێنیا، سارکێ، بیێ، زێوە و ... تاد).

لەم گوندانە خەڵکێکی زۆریان دەستگیر کردبوو بە ڕێگای گەلی شێرانەیان

دابردوون بۆ دێرەلوک، ڕێگای ئەم گەلیە زۆر سەخت بوو تەنانەت بە پیادەش ڕۆیشتنی تیادا زەحمەت بوو، چەندین ژن و منالّ و پیر لەم کۆسپ و هەلدێرە کەوتبوونە خوارەوە، کاتێ سوپا گەیشتبوە گوندی (یەکماڵە) تەنیا پیرەژنێکی کوێری لێ مابوو لەسەر بەرماڵی نوێژکردن دەستریژیان لێ کردبوو، شەهیدیان کردبوو.

دەبوا ئێمە هەموو ئێوارەیەک کەتاریک دادەهات هاتباینە خوار بۆسەر ئەو کانیەی کەلە خوار ئێمەوە بە بناری ئەو شاخەوە بوو کە ئێمەی لێ بووین، یەکەم ئێوارە کە دابەزین لەدەوربەری کانیەکە دەنگە دەنگ دەهات، هاوڕێکمان لێیان نزیک بۆوە بۆ زانیاری دەربارەیان، کەگەڕایەوە وتی هەموویان خەڵکی ناوچەکەن، لێرە خۆیان پەناداوە و لەبەر ئەم ئاوەش هاتوونەتە ئێرە، ئێمەش چارەمان نەبوو دەبا هەر چووباینە سەرکانیەکە بۆ پڕکردنی دەبە و مەتارەکانمان کە چوونیە سەرکانی، ئینجا زانیمان کە چەند ماڵێکی گوندەکانی (هاریکاشێخا و بیاوێ و سەروکانی) بوون، ئەم گوندانە دەکەونە (دەشتازێ)یێ بەرامبەر دێرەلوک و شیلادزێ، چەند کەسێکمان لێ دەناسین و هاتنە لامان وتیان تەنیا خۆمان درچووین، نەمانتوانی هیچ کەل و پەلێک لەگەڵ خۆمان بێنین، هیچمان نییە بۆخواردن، ئێمەش شوێنی ئەو ئازوقەیەی کە پەنامان دابوو نیشانماندان، شەوی پاشتر چووبوون بردبوویان و نیشانی خەڵکی تریشیان دابوو کە وەکو ئەوان بێ خواردن بوون، هەندێ زانیاریمان لەوان وەرگرت، وتیان زۆربەی خەڵکی ناوچەکەمان ئەوانەی توانیان چەند ڕۆژێک لەمەوبەر دەرچوون ئەوانی تر مانەوە و دەرنەچوون، هەموویان وەک ئێمە لە ناوچەکە خۆیان شاردۆتەوە و بەشێکیش گیراون.

ئەو نانەی پێمان بوو کۆتایی هات، بیرمان لەوەکردەوە بچینە ناو بارەگاکانمان، سەربانی چێشتخانەکەمان پڕبوو لەفەردەی (چنکەنان[1]) وتمان گەر نەسوتێنرابن دەتوانین کەڵکی لێ وەربگرین، شەو چووین شەش هاوڕێ بووین زۆر بە هێواشی و لەسەرخۆ لە بارەگاکان نزیک بووینەوە هەستمان

---

١ چنکە نان، وردەنان، ئەو ڕۆخو زیادە نانانەی ڕۆژانە لە بارەگا دەمایەوە دووای وشکردنیان لە نێو فەردەمان دەکردوو لە سەر بانی چێشتخانەمان دادەنان و دەماندانە وەلاغەکانی بارەگا.

ڕاگرت دیار بوو هەست و خوستی خەڵکی لێوە دەهات نەدەکرا ئێمە بچین بۆیە گەراینەوە و شەوی پاشتر چووین، بەختمان هەبوو تەنیا چێشتخانە نەسوتێنرا بوو، نەوەک سەرجەمی خانوو کەپرەکان سوتێنرابوون، دوو فەردەمان لێهێنان و بۆنی کۆنی لێدەهات و کەرەکیفەی لێ دابوو بەڵام چارەمان نە بوو هەڵمان گرتن و بردمان، کە ڕۆژ داهات فەردەکانمان هەڵڕشت و بژاردمان، ئەوەی کە بۆ خواردن ئەشیا جیامان کردەوە، ڕۆژێک چەند سەر مەڕێک لەو مێگەلەی کەسەربازەکان کۆیان کردبۆە دابڕان و بۆلای ئەو ماڵانەی خوار ئێمە هاتن، ئەوانیش بەپەلە لەخۆیان دوور خستنەوە نەوەک سەربازەکان بەدوایدا بێن و ئاشکرا بن، مەڕەکان بۆلای ئێمە هاتن دوومان لێ گلدانەوە، ئەوانی تریشمان دوور خستنەوەو بۆ لایەکی تر ڕۆیشتن، یەکێکمان سەربری و ئەوەی تریشمان لەپەنایەک بەستەوە، ئاگر کردنەوە زۆر سەخت بوو، نابا بە ڕۆژ دووکەڵ و بە شەویش ڕوناکی دیاربێت کە ئەمەش زەحمەت بوو پێشوتر هیچ پێویستیمان بە ئاگر کردنەوە نەبوو چوونکە خواردنی ئێمە تەنیا نان و چنکە نان بوو، بەڵام کە گۆشت پەیدابوو ئەوە دەبێت ئاگر بکەینەوە، هاوڕێ دلشاد کۆیی زۆر لێزانانە بەشەو لەپەنایەک کە ڕۆناکی ئاگر دیار نەبێت ژەمێکی لێ کوڵاند و خواردمان بۆ بەیانی زۆربەمان تووشی سک چوون هاتین لەبەر ئەوەی نانی پێویستمان پێ نەبوو لەگەڵی بخۆین، بۆیە گۆشتەکەمان چیتر نەخوارد و مەڕەکەی تریشمان بەرەڵا کرد.

هاوڕێ (دڵشاد و نەبەز و سالار) بۆکارێکی پێویست چوونە شوێنێک، کەگەڕانەوە وتیان ئەو منداڵەی بەجێمابوو لە هەوارگەی (کانی گیسک) مردووە بەو ماڵانەی خوارەوەمان گوت بە شەو بچن بینێژن، هاوڕێ نەبەز گێڕایەوە وتی: (زەلامێک منداڵێکی (٨-٧) ساڵانەی سواری ئێسترێک کردبوو بەڕێکەوت تووشی بووین پێمان وت بۆکوێ دەچی؟ وتی دەچم تەسلیم دەبمەوە، پێمان وت ئەی بۆچی ئەم ئێسترە لەگەڵ خۆت دەبیت لێت دەستێنن وا باشترە بەرەڵای بکەیت، کابرا بە گوێی کردین منداڵەکەی دابەزاند و خەریکی لێکردنەوەی کورتان و ڕێشمەکەی بوو منداڵەکە چووە

سەر بەردێک لە بەرامبەر ئێسترەکە دانیشت و دەستی خستە ژێر چەناگەی، باوکی دەستێکی لە پشتی ئێسترەکە داو ئێستر بە نەرمە غاردان کەمێک دوور کەوتەوە، منالەکە یەکسەر فرمێسکی بە چاو هاتنە خوار و کە ڕۆیشتن منالەکە زوو زوو هەر وەستەی دەکرد و ئاوڕی لە ئێسترەکە دەدایەوە).

ڕۆژمێری پێشمەرگە
لە نێوان چیای (کۆریس‌و پێرس)دا

بێکەس قادر

٣٤ ساڵ پێش ئێستا، لە ڕۆژمێری ئێمەی پێشمەرگەدا، وەرزی زستانی ساڵی ١٩٨٨، وەرزێکی سارد و دژوار بوو، ئەوێ ڕۆژێ هێزێکی پێشمەرگەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، کە تا ئەو ساتە هێشتا هەر لەسەر ناوی "حزبی سۆسیالیستی کوردستان ـ عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ"، درێژەمان بەخەبات دەدا. لەدەوروبەری شەقڵاوە جەولەمان دەکرد، درەنگی ئێوارەی ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٨٨، بەشێک لەو هێزە کە پێکهاتبوون لە هەڤاڵان: دڵشاد حوسێن، جەوهەر عەلی، نەبەز ئیسماعیل، سالار عەبدوڵڕەحمان، تەنیا مەحموود، شوان ڕەشید (دەشتی)، فەرهاد حەوێز (کاکەسور)، ئارێز عەبدوڵڵا، شەهید د.چالاک مستەفا، بێکەس قادر و هاوڕێ نەجات، پێشمەرگەی ئاڵای شۆڕش پێکەوە بەرەو سەرەوە "بارەگا" گەڕاینەوە، ٣ چەکداری ڕژێمیش (کە پێشتر دەستگیر کرابوون) لەگەڵ خۆمانمان دەبردن، هەروا بۆ ئەو سەفەرە ٢ ئەسپمان پێبوو. کاتژمێرێک پێش خۆرئاوابوون، لە بەرزاییەکانی پشت گوندی ئازەرانی خەیلانەتی، کە دەڕوانێتە دەشتی هەریر، دوو دوو بەڕێکەوتین، پێش ئەوەی تاریکی دابێ، لە گەرووی گوندی بابەگیسک گیرساینەوە، تا دونیا تاریک داهات ئەوجا لە هۆبەی زستانە هەواری چەند ماڵە مەڕدارێکی هۆزی مامساران نزیک بووینەوە (هۆزی مامسار بەشێوازێکی سووک و ڕەوان دەئاخڤن) بۆ نانی ئێوارە لای ئەوان لاماندا، تا هەڤاڵان نانیان خوارد من لەدەرەوە ئێشکگر بووم، کاتی هاوێرکردن بوو، ئێستاش قارەی کار و بەرخەکان دێتەوە بەرگوێم، کاتێ لەدایکیان جیا دەکردنەوەو بۆ ناو کۆزی خۆیان دەبردنەوە، پاش نانخواردن و پشوودان، ئەوێمان بەجێهێشت و لە خواروی گوندی قەندیل بۆ پەڕینەوە گەیشتینە سەر زێی گەورە (زێی بادینان) ئەو ناوچەیە

ئەوسا لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێم دابوو، نەک هەر ئەوە بەڵکو زۆربەی خەڵکەکەی لەلایەن ڕژێم چەکدار کرابوون، بۆیە دەبوایە پێشمەرگە دوور لە چاوی خەڵکەکەی بەوێدا تێبپەڕێت، زێی گەورە لەوێدا هەم سنووری نێوان بادینان و سۆران لێک جیا دەکاتەوە، هەمیش لەڕووی کارگێڕیەوە سنووری نێوان قەزای شەقڵاوە و قەزای ئاکرێ پێکدێنێ. کاتژمێر ٩ی شەوی ١٧-١/١٨ لەسەر زێی گەورە چاوەڕوانی پەڕینەوەمان دەکرد، جگە لە مەترسی دوژمن، بەو سەرمایە هاژەی زێی گەورەش سامناکتر دەهاتە بەرگوێ، تا کاتی ١٢ی شەو بەدەستی کەڵەکوانێکی گوندی قەندیل، کە پێشتر هەڤاڵ فەرهاد مەنتک ئامادەی کردبوو، بە کەڵەکێکی (لە دوو چووپی ئۆتۆمبێل دروستکراو) هەموومان پەڕینەوە. کورتان و بارمان لەئەسپەکان کردبۆوە، ئەوانیش پێش دوا کاروانی ئێمە، بەمەلە لەزێ پەڕینەوە، بارمان لە ئەسپەکان بارکردەوە و ئیدی دەبوو بەخێرایی بە ناوچەکەدا تێبپەڕین، هەر تێپەڕین خۆی بەو دەڤەرەدا کارێکی مەترسیدار بوو، کەچی بردنی ٣ چەکداری ڕژێمیش هێندەی دیکە ئەرکی ئێمەی زەحمەت کردبوو، بێ وەستان، دوای٤ کاتژمێر ڕێ ڕۆیشتن، بە ڕێی مەترسیداردا، بە تەک گوندی (شەرەفۆنان و سوێری)دا، گەیشتینە دوو ماڵە مەڕداری گوندی کەپران. پاش پشوودانێکی کورت بە ڕێکەوتین و لەبناری چیای کۆریس ڕۆژمان لێ هەڵات. ئەو ڕۆژە واتە (١٨-١-١٩٨٨) بەرە بەرە ئاسمان ساماڵ دەبوو، هەتاو تینی پتر دەبوو، وەلێ بەفر قەدی چیایی داپۆشی بوو، تا زیاتر بەسەر چیا دەکەوتین بەفر زیاتر دەبوو، ئیدی بەدەم بەفر شکاندنەوە (کوتەک شکاندن) بۆ سەرەوە هەنگاومان دەنا، کەچی هەم بارستایی بەفر ئەستوورتر دەبوو، هەم شکاندنی ئەستەمتر دەبوو. لەبەفر شکاندندا، هەڤاڵان (دڵشاد، نەبەز، تەنیا و سالار) پێشەنگ بوون، دواتر بەرە بەرە کەشوهەوا گۆڕا، بەفر و با و زریان دەستی پێکرد، دەمانزانی لە سەری چیا نزیک بووینەتەوە، بەڵام تا دەهات مەودای بینین کەمتر دەبۆوە، ئاراستەی ڕێگەمان ون کردبوو، لێرەدا لەنێو گێژەنی گومان و گێژەنی بەفردا سات بە سات مەترسی لێمان نزیکتر دەبۆوە، ئەسپەکان تەواو شەکەت ببوون، تەنیا سەریان نەبێ، لەشیان هەمووی لەنێو بەفردا ون بوو، تا زیاتر بەکلکیان جوڵەمان پێدەکردن، پتر لەنێو بەفر ڕوودەچوون،

ئیدی بارەکانمان لێکردنەوەو هەندێ پەتوومان هەڵگرت و ناچار ئەسپەکانمان بەجێهێشتن، لەو ساتەدا ئەسپەکان دەیانحیلاند، بەچاوی پڕ لە تاسەوە لە ئێمەیان دەڕوانی، لەچاویان دیار بوو، کە ترس لە نادیار ئەوانیش لەگەڵ خۆی لوول دەدا، لێرەدا چارەنووسی ئێمەو ئەسپەکانو چەکدارە دەستگیرکراوەکان پێکەوە کەوتە بەر قەدەری بەفر و باو زریان و تەمتومانەوە. هەندێک ڕێگەمان دەبڕی و هەندێ دەوەستاین، بە دوو دڵیەوە هەنگاومان دەنا، ماوەیەک بوو وەک هەڤاڵ (نەبەز) دەیگوت بەدەوری دار بەڕوویەک کە تا قەدی لەژێر بەفر دابوو، دەخولاینەوە. بەڵام لە کاتژمێر ٤ی ئێوارە هەندێ ڕۆشنایی لەئاسۆدا بەدەرکەوت، بەرچاومان ڕووناک بۆوە، دەرکەوت لەبڕی ئەوەی بۆ پێشەوە سەربکەوین بە ئاراستەی دەستە چەپمان ملی ڕێگەمان گرتبوو. بە دوای ڕاستکردنەوەی ڕێگاو متمانە پەیداکردن وورە بەرزبوونەوە زوو گەیشتینە سەرچیا، لەسەر چیا بە خزین بەسەر بەفردا، چووینە خوارەوە، لە نێوان هەردوو چیای کۆریس و پێرس ڕۆژئاوا بوو، لە کاولە گوندێک کە دیواری بەپێوە نەمابوو، لەتەک تاشەبەردێک گیرساینەوە، لەگۆڕستانی ئەو کاولە گوندەدا، دارێکی هێجگار زۆرمان کۆکردەوە، بە حەشووەی (R.B.G) دوو ئاگری گەورەمان لە نزیک یەک کردەوە، شەوی (١٨-١٩٨٨/١/١٩)، بەدەم بارینی بەفرەوە تا بەیانی لەبەر ئاگر، ماینەوە. لەو شەوەدا، دوو قووتی گۆشتی چێڵمان پێمابوو، لە بنەمەتارەدا،وەک شۆربا گەرمکرا، بوو بە ژەمە خۆراکی ئەو شەوەمان، شەکر و دەرمانچای هەمووان کۆکرایەوە، دووجار تا بەیانی چامان لێنا. بۆ بەیانیش ڕێگەی چیای پێرسمان لەپێش مابوو، کە لە چیای کۆریس سەختتر بوو، ئەو شەوە لەبەر ئاگر خەو دەیبردینەوە، ئەگەر ڕوومان لەئاگر بووایە پشتمان سەرمای دەبوو، بە پێچەوانەوەش هەر وا بوو، تا بەرەبەیان بەفر لێی نەکردەوە، ئەو شەوە لە ژیانی پێشمەرگایەتی حەرەسیات نەنووسرا، چونکە هەموومان بە ئاگابووین، بۆ هەواڵ گوێمان لەڕادیۆی (مۆنتی کارلۆ) دەگرت، ناوەناوە دەگوترا سەعات چەندە، پاشان دەگوترا چەند سەعات شەو ماوە، سەعات بە قوڕسی دەخولایەوە، پڕیشکی ئاگر جلوبەرگی

زۆربەمانی سوتاند بوو، دڵی خۆمان بەوە دەدایەوەو دەمانگوت ئەگەر لەو سەفەرە دەربازبین، ئەوا وەک یادگارێکی مێژوویی دەیگێڕینەوە. لێ لەو شەوەدا جگە لە ناڵەی سوتانی دارەکانی نێو ئاگرەکە و دەنگی خوڕەی ئاوی چەمەکەی خوارەوەمان، لەدووری دوورەوە دەنگی لوورەی گورگ و چەقەڵیش نەدەبیسترا. جگە لە ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانە، تەنانەت ئەستێرەش بەئاسمانەوە هاوەڵمان نەبوو، چونکە شەوی پێشوو بەڕێگاوە بووین، خەو لە سەرما و برسیەتی زیاتر تینی بۆ دەهێناین، دواجار بەدەم بەفر بارین و وەستان لەبەر ئاگر ڕۆژمان کردەوە. سەرلەبەیانی ڕۆژی (١٩٨٨/١/١٨)، لە نێوان چیای (کۆریس‌و پێرس)، خۆمان کۆکردەوەو هیچ خواردنمان پێ نەمابوو، ئاگرەکەمان بەجێهێشت و بە بناری چیای پێرسدا هەڵزناین، تەنیا هەڤاڵ (د.چاڵاک) بەو ڕێگەیەدا هاتبووە خوارەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی بەفر هەموو چیایەکەی داپۆشیبوو، بە ئاراستەی ڕێگەی نەدەزانیەوە، دواجار بەدەم بەفر شکاندن تا سەعات ١١ی پێش نیوەڕۆ سەر چیا کەوتین، بەڵام هەم بەهۆی هیلاکی و شەکەتی ئێمە و هەم بەهۆی ئەستوورتر بوونی بارستایی بەفرەکە، تا دەهات شکاندنی لە توانا بەدەر بوو، سەرەڕای هەموو ئەمانەش دیار نەبوو، ئەو ڕێگەیە بەرەو کوێمان دەبات، بۆیە دوای وەستانێک و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەسەر بەردەوامبوون، یان گەڕانەوە، هەڤاڵ نەبەز گوتی: (بلا کەس نازانێ ئەو ڕێگەیە بەرەو کوێمان دەبا)، بۆیە بڕیاردرا بگەڕێینەوە، ڕێورێ هەتا کن ئاگرەکە گەڕاینەوە، کە تا ئەو کاتە خۆڵەمێشەکەی تینی گەرمی تێدا مابوو.. بڕیاردرا بە ناچاری بۆ شەو خۆمان بگەیەنینە گوندی (سووسێ) کە ئەوسا بە مۆڵگەی دوژمن دەورە درابوو، لەکلکەی هەردوو چیای (کۆریس و پێرس)، لە نزیک زێی گەورە هەڵکەوتووە، بێوەستان بەرەو گوندی (سووسێ) ڕێگەمان دەبڕی، هەڤاڵ تەنیا و من لەپێشەوە دەڕۆیشتین، لەدوواوە هەڤاڵان داوایان دەکرد بوەستن، با پشوویەک بدەین، منیش بەهەڤاڵ تەنیام گوت: بۆ نەوەستین، گوتی هیلاکین و برسیمانە، گەرما و گەرم نەبێ ناتوانین بڕۆین بۆیە تاسەعات ٤ ی ئێوارە لەبەرانبەر گوندی سەرکەندار، کە دەمێک بوو خاپوور کرابوو، لەنێو

دارستانێک وەستاین، نەدەبوو چیتر بچینە پێشەوە، تا تاریک دادەهات، نەبادا مۆڵگەکانی دوژمن بمانبینن و تەقەمان لێ بکەن. لەوێدا بڕیاردرا ئاگر بکەینەوە، سەرما و برسیەتی و هیلاکی پێکەوە شپرزەی کردبووین، کەس توانای دار کۆکردنەوەی نەمابوو، جگە لە هەڤاڵ دڵشاد نەبێ، کە هەندێ داری کۆکردەوە و دیسان بە حەشوەی(R.B.G) ئاگرمان کردەوە. سەبر سەبر ئەوەی خۆی گەرم دەکردەوە دەچوو داری دەهێنا، لەو کاتەدا کە خەریکی گەورەکردنی ئاگرەکە بووین، هێشتا ڕووناکی ڕۆژ بە دەرەوە مابوو، باڵندەیەک لەسەر لقی دارەکەی سەرەوەمان هەڵنیشت، لەبەر قوڕسی کێشی باڵندەکە، لقە دار شکا، باڵندە باڵی لەنێو لقی دارەکە ئاڵا، هەوڵی دەدا بفڕێ، هەڤاڵ نەبەز دەست وبردی کرد و بە فیشەکێک باڵندەکەی پێکا، باڵندەکە کەوتە خوارەوە، هەڤاڵ ئاریز کامێرای پێبوو، بەکامێراکەی ئەو لەگەڵ باڵندەکە چەندین وێنەمان چرکاند. دەست و برد باڵندەکە لەپێستە داکەنرا و پارچەپارچە کرا، وەک یەک بەسەر هەمووان دابەشکرا، کەمێک خوێ لەلای هەڤاڵان مابوو کۆکرایەوە هەریەکەو کەمێکی بەرکەوت و گۆشتی باڵندە بەشیشەی تفەنگەوە کراو لەسەر پۆلو سوورکراوە، ئەمە ژەمێکی خواکردە بوو، ئێستەش نەمانزانی ناوی ئەو باڵندەیە چی بوو، بەڵام لەکاتێکی گونجاو ئێمەی لەرێگەی مردنێکی هێواش گێڕایەوە. کاتژمێر (٦)ی ئێوارە کە دونیا تەواو تاریک داهات، بەرەو گوندی سووسێ هەنگاومان نا، پێش ئەوەی دەوری بە مۆڵگە بتەنرێ، گوندی سووسێ بۆ ئەو سەفەرانە وێستگەی مانەوەمان بوو. بۆیە خەڵکەکەی ئاشنابوون، بەتایبەتی ماڵی (مام حەسەن و مام سلێمان) کە دوو برا بوون، هەمیشە لە خەمی پێشمەرگە دابوون. نێوان گوندی سەرکەندار و سووسێ ئەگەر ماندوو بوون و هیلاکی ئێمە نەبووایە، ئەوا ئەو نێوانە بۆ کاتی ئاسایی زۆر نەبوو، چەکدارە دەستگیرکراوەکان توانای ڕۆیشتنیان لەدەست دابوو، بە زۆر و بە پاڵدان ڕێیان دەکرد، دواجار بە ترس لە بەجێمان و لە ناوچوون هانمان دەدان، بۆیە ڕێگەکە هەر نەدەبڕا. کات(١٠)ی شەوی ١٩-١٩٨٨/٠١/٢٠)، چەند پێشمەرگەیەک خۆیان گەیاندە نێو گوندی سووسێ، پەیوەندی بە مام سلێمانەوە کرا، ئەو گوتبوی چەکدارانی

مۆڵگەکان هەندێ جار دێنە ناو گوند، بەڵام هەر چۆنێک بێت، مادام دووچاری ئەو دۆخە نالەبارە هاتوون و بە ناچاری رووتان لەئێمە کردووە، ئەم شەوە هەر پەناتان دەدەین، مام سلێمان هات و بە پەنادا ئێمەی بردە ماڵی خۆیان و ماڵی مام حەسەنی برای. پاش نانخواردن هەتا کاتژمێر(٣)ی شەو لەوێدا ماینەوە، لە هەردوو ماڵەکەدا ئێشکمان گرت، بەڵام ئێشک گرتن زۆر زەحمەت بوو. کاتژمێر٣ی بەرەبەیانی پێکەوە کۆبووینەوە و مام سلێمان بە پەناو پێچاندا ئێمەی لەمۆڵگەکان تێپەڕاند و بەپێشمان کەوت، بە بزنە ڕێدا ئێمەی بەسەر کلکەی چیای پێرس خست، لە هەندێ شوێن دیسان بەفر دەهاتەوە سەر ڕێگەمان، تا کاتژمێر ٩ ی بەیانی گەیشتینە ئەودیوی بناری چیای پێرس کە لە دامێنی چیا زێی گەورەیە، لەوبەری زێی گەورەش زنجیرە مۆڵگەیەکی دوژمن زیاد کرابوو، لەو بەرەوە تەقەیان لێ کردین، بۆیە هەر بە قەدپاڵی چیا ڕێگەمان دەبڕی، تا نیوەڕۆی ڕۆژی(١٩٨٨/١/٢٠) گەیشتینە بارەگای کۆلەکان، کە ئەو کاتە هەڤاڵانی (قوە)ی بەڕانەتی لەوێ جێگیر ببوون. بۆ نانی نیوەڕۆ برنج و شلەی فاسۆلیایان بۆ ئێمە ئامادە کرد. دوای سێ ڕۆژ و سێ شەو ڕۆیشتن، ئەو کار وانەی لەشکری سەرما، کردی بەکاروانی ڕێی هات و نەهاتێ، لە گوندی (کۆلەکان) بەرانبەر گوندی (شانەدەری سەر زێی بادینان و نزیک ئەشکەوتی شانەدەر) بە کۆتا هات. لێ هێشتان پشوومان نەدابوو، هەزار مخابن ڕۆژی (١٩٨٨/١/٢١) هەواڵی شەهید بوونی هەڤاڵان (سەربەست مەجید و سەرهەنگ حوسێن)مان بۆ هات.

تێبینی:

١- هەڤاڵ د.چالاک، لەگەڵ هەڤاڵ دێدەوان مەنتک لە(١٩٨٨/١٠/١١) لە دەوروبەری شەقڵاوە کەوتبوونە ناو کەمینی دوژمن و دەستگیر کرابوون پاشان بەپێی بەڵگە دەستکەوتوەکانی ڕژێم لە ڕۆژانی ڕاپەڕین دەرکەوت لە ١٩٨٨/١١/٢٩ لە سەربازگەی هەولێر شەهید کراون، هەتا ئێستاش ئەوان دوو شەهیدی گۆڕونن، یادیان بەخێر.

٢ - هەڤاڵ: ئەوکات لەپێش ناوی هاوڕێیان، لە جیاتی وشەی هاوڕێ،

وشەی هەڤاڵ بەکار دەهات بۆیە لێرەدا هەر هەڤاڵ نووسراوە، لە دوای کۆنفرانسی یەکەم (٢٤-١٩٨٨/٤/٢٦)وشەی هاوڕێ لە بڕی هەڤاڵ تا ئێستاش بەکاردەهێنرێ.

٣ ـ ئەم بابەتە پێشتر لە ساڵی ٢٠١٦، لە ماڵپەری ئێستانیوز بڵاوکراوەتەوە.

دیکۆمێنتەکان

بەیاننامەی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان

بەیاننامەی دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالستیدیموکراتی کوردستان

ئەی گەلی عێراقی ئێکۆشەر

ئەی گەلی کوردستان ئەبەز

گەلی کورد ئیمرۆ بەناسکترین و پرمەترسی ترین قۆناغی خەباتیانی ئەوپەری رووبەروی گەورەترین مسئولیەتی مێژوویی بۆتەوە کەپێویستە زۆرئیرانە وئەبەزانەخۆی لێبزگاربکات ئەم بۆژە رەش کارەساتەگەورەیەی دوچاری هاتووین سیاسەتی شۆڤێنیە سولطەی دیکتاتۆری بەعس دەکەن بەخراپترین شێوەی بەگەز پەرستانەی ئەیانەوێ هەمونیشتمانەکەمان لەناوبەرن

ئەی گەلی کوردی قارەمان :

سەرکردایەتی بەعس هەرلەسەرەتای هاتنە سەرحکومیەوە هەتاوەکو ئێستاش وای پیشان ئەدات کەگوایە پێشکەوتن خوازە وبروای تەواوی بەمافی گەلی کوردهەیە وئەیەوێ بەشێوەیەکی بنەرەتی چارەسەری مسئلەی کوردبکات کەچی هەمیشە سیاسەتی پیلان گێری ودوشمنایەتی گرتوتە بەرێ لەناوبردنی کوردوێران کردنی کوردستان وهەرگیز هەلی لەدەست خۆی نەداوە بۆهێنانی هێنان وپەلاماردان ..... کەدرندەترین پەلاماردانەکەی ١٩٧٤ بوبەلام هەرکەبۆی دەرکەوت سەرکەوتوانێ بەسەر بزوتنەوەی گەلەکەمان کەوتەسەوداوسوکایەتی لەگەلْ کۆنەپەرستی ئێران وبەستراوەبە ایمپریالیزمی امریکالە دژی بزوتنەوەی ئازادی خوازی گەلی کورد وەلەدەست دانی بەشێکی زۆرلە ئەرزی عێراق (شط العرب) پشت کرێ لەبزوتنەوەی ئازادی خوازانە ڕۆژهەلاتی ناوەراست وبەرەی گەلانی دونیا بەوەی چوکی تسلیم بونی بۆئێران دا رێکەوتنامەکەی جەزائیری مۆرکرد کەئەبوایە لەجیاتی ئەرجزك دادانە بکەوتایە گفتوگۆ لەگەلْ کوردودانی بنایا بەهەموومافە نەتەواتیەکانیاوبەشێوەیەکی مەبئدەیانە بیسەلمێنێ وەچارەسەرێکی علمیانەی بنەرەتی بکردایە کەهیچ نابێ لەبەیاننامەکەی ١١ئازاری ١٩٧٠ کەمترنەبوایە بەلام لەجیاتی ئەوچارەسەرە علمیانەتەنها یاسایەکی فروفێلانەی بلاوکردەوە کەگوایە گەلی کوردی عەفوکردوەوداوای گەرانەوەی ئەکات وپەیمان ئەدات کەهەرکەسە بەتەواوی بخاتە جێگای خۆی بەشی زۆری بەشدارانی شۆرش بەناچاری دوای هەرەس هێنانەکە پێشوازیەکی گەرمیان لەیاسا ساختەکەی کردوبەدڵێکی پاکەوە بەهیوایەکی زۆر وەگەرانەوە بۆخاکی نیشتمان بەلام بەعس هەردەست بەجێ بەپێچەوانەی یاسا وپەیمانەکانی خۆی جولایەوە بەگیانێکی لەخۆبایی شۆڤێنی وسەرکەوتوانەوە کەرتەگیانی

لێکدانەوەوەل.....بارەی سیاسی وابوونی ..... کوردستان بەتایبەتی ژمارەباری عێراقی بەرەویەگشتی وەکوبیروڕای هەمولایەك هاتەسەر ئەوبۆ دامەزراندنی حزبێکی پێشرەو کەتەنها ئارەزوو خواستی جەماوەرە ..... بەڵکو هەڵگرتنی تیۆرێکی زانیارانەیە کە بۆ لەبەرژەوەندی بەشی هەرەزۆری چینە زەحمەتکێشان کانی لەئەنجامی کاری ..... مێژوویی حزبی ئەگرێت وزۆر..... هۆڕەی دامەزراندنی (بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان) الحركة الاشتراكي الديمقراطية الكردستانية) ئانی پێ رادەگەیەنی بۆئەوەی بەئەرکی مێژوویی خۆی هەڵسێت لەرابەری کردنی خەباتی سەختی ئەم سەردەمە ئالەبارەی کوردستان لەمەیدانی بەرگری کردن وپارێزگاری کردنی کوردوکوردستان لەعێراقێکی سۆسیالستی دابزوتنەوەکەمان بزوتنەوەی کرێکارو جوتیاروشێرەشۆڕشگێڕەکانی کوردستانە لەسەر ڕێبازی پێشکەوتوانە علمیانە خەبات ئەکات بۆگەیاندنی گەلەکەمان بەمافی چارەنوس ..... بزوتنەوەکەمان جولانەوەی ئازادیخوازانی گەلی کورددبەشێکە لەجولانەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی دونیا کەدوایڕۆژو چارەنوسیان بەیەکەوە بەستراوە وەلەهەمان کاتدا بزوتنەوەکەمان ئێ ئەکۆشێ لەپێناوی :

- یەکگرتن هەموو ڕێکخراو رەیزەنیشتمانیەپێشکەوتخوازەکانی کوردستان لەبەرەیەکی کوردستانی دا .
- پشتەوکردن وپەیژکردنی برایەتی عرب وکوردو تورکمان وکەمەنەتەوایەتیەکان .
- بەهێزکردنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ هێزەنیشتمانیەپێکەوتخوازەکانی عێراقی وپێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی راستەقینەبۆدەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی عێراق .
- بەستنی پەیوەندی (هاوکاری) لەگەڵ حزب و هێزە نیشتمانیە پێشکەوتخوازەکانی عرب لەژێرباغەی مافی چارەنوسی گەلانی ژێردەستە .
- بەهێزکردنی پەیوەندی هاوکاری لەگەڵ بەرەی سۆسیالست بۆپشتگیری خەباتی گەلانی ژێردەستەی دونیاولەباربردنی نیمپریالیزمی ڕژێمی سەرمایەداری .
- بەهێزکردنی پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ هەموو حزب وڕێکخراوە دیموکراتیەکانی پێشکەوتخوازانی پارتەکانی کوردستان .
- پشتگیری تەواوی خەباتی گەلی عەرەب فەلەستینی قارەمان دەکەین بۆیەدەست هێنانی مافی چارەنوسی خۆی .

- بزوتنەوەکەمان لەکاتێکدا کەشانازی ئەکات بەگیانی لەخۆبردویی وکۆڵ نەدان وەخۆڕاگری ئەتەوەکەمان لەهەمان کات داوا دەکاتەهەموو ڕۆڵەکانی کورد کەچالاکانە خەبات بکەن بۆخۆش کردنی گری نێکۆشان دژی سیاسەتی ڕەگەز پەرست ، ..... وپوچەڵ کردنی پیلانەکانی .
- ئەمری وسەربەرزی بۆشەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان .
- ئەمان وسەرشۆڕی بۆدوشمنان گەلان ودلگیرکەران .

لیژنەی ئامادەی

بزوتنەوەی سۆسیالستی دیمۆکراتی کوردستان

ئابی ١٩٧٦

یاداشتی کادیران بۆ م. س حزبی سۆسیالیستی کوردستان

الحزب الاشتراكي الكردستاني - العراق

التاريخ: ١٣/٨/١٩٨٥
المكان: مقر قيادة الحزب
« شوشان »

الى / المكتب السياسي المحترم

تحية ثورية

الرفاق الاعزاء، كلكم تعلمون ومنذ فترة طويلة يعاني حزبنا من مشاكل داخلية وتنظيمية جمة، جراء خروقات وممارسات بعض الرفاق في اللجنة المركزية والمكتب السياسي للحزب، وفي سلسلة من الاجتماعات واللقاءات للكوادر التنظيمية والعسكرية لعرى ايديل ودهوك وكوادر المكاتب والتنظيمات مع المكتب السياسي وبحضور سكرتير الحزب، قدم شرحاً مفصلاً حول تلك المشاكل وشخصوا أسبابها وحددوا دوافعها والتي تستهدف الانحراف بنهج الحزب الذي أقره المؤتمر الاول، النهج الذي ضحى من أجله مئات الشهداء، وهذا يتضح من الوثائق والمستمسكات التي قدمت اليكم، فما أصدر منهاج ونظام داخلي يتناقض مع ما أقره المؤتمر الاول وأصدر قرارات تعسفية لضرب وشل الرفاق الكوادر ومسؤولي الحزب في عرى ايديل، انكم أوعدتم كافة الكوادر التنظيمية والعسكرية على حل تلك المشاكل بصورة موضوعية وعلى ضوء النظام الداخلي للحزب إلا أن اجتماع اللجنة المركزية وما أقره ذلك الاجتماع من قرارات لم تؤخذ آراؤنا

(١)

لا مصلحة الحزب بنظر الاعتبار، بل جاءت تلك القرارات أيضاً مناقضة للنظام الداخلي ويمكن توضيح ذلك في النقاط التالية:

١- جاء في قرار اللجنة المركزية أن الرفيق قادر عزيز قام بالتكتل بالتعاون مع كولر مرعي أبيل. إننا نؤكد مرة أخرى بأن هذا ليس تكتلاً، بل وحدة، وحدة الفكر والمنطلق على ضوء النضال والنظام الداخلي ومقابل هذه الوحدة أضفى للمكتب السياسي بالوثائق والمستمسكات وجود تكتل في صفوف الحزب.

٢- تجميد الرفيق آرام لمدة خمسة أشهر لمساهمته في التكتل ما علماً أن الرفيق المذكور قد أهين مرات عديدة وطعن بسهم مختلفة وفي المرة الأخيرة حاولوا القاء القبض عليه في ايران عن طريق «عبد الواحد». إننا ندافع عن حقوق الرفيق المذكور لأن اللجنة المركزية قد أهانت حقوقه واتخذت اجراءات غير شرعية بحقه

٣- رفضت اللجنة المركزية في اجتماعها الكراسين الصادرين من مرعي دهوك علماً أن المكتب السياسي كان قد وافق على نشر الكراس الأول، كما رفضت اللجنة المركزية العدد الرابع من جريدة «البهديناني» علماً أن كل ما نشرت آنذاك تستند على النظرية الاشتراكية العلمية وأنها تعبر عن أيديولوجية الحزب.

(٢)

٤- يتضح من نتائج اجتماع وقرارات اللجنة المركزية التراجع التام في تحالفات حزبنا وفي تحليله للوضع الدولي.

٥- تنسيب الرفيق بلبن عضواً للهيئة العاملة في فرع دهوك ليس في محله لأن ابقاءه في فرع أربيل يسدي خدمة أكثر للحزب.

٦- أعادة الرفيق خال حاجي الى مكتب العلاقات الخارجية في ايران دون أن تتخذ أية اجراءات بحقه اعتبر كان على رأس المتكتلين وقد استغل الحزب لمصلحته الشخصية وخلق مشاكل عديدة للحزب ومارس صلاحيات وخروقات تجاوزت صلاحيته لا تخدم مصلحة الحزب أبداً.

٧- قرار حول انذار الرفيق سيركاه مقابل كل تلك الخروقات والتكتل وعدم التزام بنهج الحزب وأعداده منهاج ونظام داخلي مناقض لقرارات المؤتمر الأول كالا يعد قراراً ولا أجراءاً.

٨- أهمال دور المنظمات الجماهيرية «الشبيبة والطلبة» وعدم أعداد قرار لاعمها بل محاولة تجميع نشاطها هذا لا ينسجم مع توجهات حزبنا في تقوية علاقاته بالجماهير.

٩- قرار حول تنسيب بعض الرفاق كمسؤولي المقر العام وأعضاء في الهيئة العاملة في الفروع لترشيحهم لا تخدم الحزب أبداً.

(٣)

١٠ - عدم وجود قرار حول مالية الحزب علماً ان بعض الرفاق في اللجنة المركزية قد أساءوا التصرف بمالية الحزب وان المكتب السياسي كان على علم بذلك قبل الاجتماع وتعد هذه النقطة أحدى جوانب المشاكل .

١١ - مضت سنة وثلاثة أشهر على الموعد النظامي لانعقاد المؤتمر ، كان المفروض في هذا الاجتماع أن يحدد موعد المؤتمر القادم وان عدم تحديده كما جاء في البلاغ الختامي ليس الا خرقاً آخر للنظام الداخلي وطمساً واضحاً للديمقراطية في الحزب.

الرفاق الأعزاء :-

على ضوء ما ورد من النقاط أعلاه لا يمكن الالتزام بهذه القرارات لأنها تعد :-

١- خرق وانحراف بنهج وسياسة الحزب .

٢ - عدم التزام بالبرنامج والنظام الداخلي للحزب ومقررات المؤتمر الأول .

نحن الرفاق الموقعون على هذه الرسالة نطالبكم مرة أخرى بإعادة النظر في تلك القرارات على ضوء المنهاج والنظام الداخلي للحزب وبالحل العلمي والموضوعي للمشاكل والوضع الداخلي للحزب . انكم أمام مسؤولية تاريخية كبيرة نأمل أن تأخذوا آراءنا الواردة أدناه بنظر الاعتبار للمحافظة على وحدة الحزب :-

١- عقد كونفرانس في أقرب فرصة ممكنة .

(٤)

٢- في حالة تعذر عقد كونفرنس لابد من تحديد موعد للمؤتمر وهذا يتطلب
الى عقد اجتماع آخر للجنة المركزية .
٣- الغاء قرارات اجتماع اللجنة المركزية للاسباب الواردة اعلاه .
٤- نرجو الاجابة باسرع وقت ممكن ، وشكراً .

(٥)

ت	الاسم	الصفة الحزبية والعسكرية	التوقيع
١	بەڕێز	كادر متقدم . عضو الهيئة العاملة لفرع اربيل	
٢	آرام	كادر متقدم . عضو الهيئة العاملة لفرع اربيل	
٣	ماما رشاد	كادر متقدم . مسؤول لجنة محلية كويسنجق ممثل اللجنة المحلية	
٤	سەكەو	كادر متقدم . عضو الهيئة العاملة للجنة محلية شقلاوه . ممثل اللجنة المحلية .	
٥	زرار جواد	كادر متقدم . عضو الهيئة العاملة للجنة محلية رواندوز . ممثل اللجنة المحلية .	
٦	د. هيوا شقلاوي	كادر حزبي . عضو اللجنة المحلية في قضاء شقلاوه	
٧	هژار دیدوانی	كادر حزبي . عضو لجنة محلية سهل اربيل ممثل اللجنة المحلية .	
٨	رەشاد حسين	كادر عسكري . آمر قوة هيبة سلطان . ممثل القوة	
٩	د. رشيد	كادر عسكري . آمر تاطع ممثل التاطع	
١٠	قهار عزيز	كادر عسكري . آمر تاطع .	
١١	عثمان باني عارفي	كادر عسكري . آمر تاطع .	
١٢	اسعد ماوانك	كادر عسكري . آمر تاطع .	
١٣	رشيد رواندزي	كادر عسكري . آمر تاطع .	
١٤	بەڕێز ماوانك	كادر عسكري . آمر تاطع .	

(٦)

ت	الاسم	الصفة الحزبية والعسكرية	التوقيع
١٥	نايف	كادر حزبي في لجنة محلية سهل اربيل .	
١٦	پشتيوان	كادر حزبي في لجنة محلية شقلاوه .	
١٧	آواره مام اوسو	كادر حزبي في قوة هيبة سلطان .	
١٨	د. نزار	كادر متقدم عضو الهيئة العاملة للجنة محلية بالك . ممثل اللجنة المحلية .	
١٩	سعدي ماهند	كادر عسكري . معاون آمر قاطع . ممثل القاطع	١٩٨٥/٨/١٣
٢٠	خالد بارزه	كادر حزبي في لجنة محلية بالك .	
٢١	علي ملا باس	كادر حزبي . عضو لجنة محلية بالك .	
٢٢	قادر كروزه	كادر عسكري . معاون آمر قاطع .	
٢٣	فرهاد مهتدي	كادر عسكري . معاون آمر قاطع	
		ممثلي فرع دهوك	
١	كرمانج	كادر حزبي .	
٢	د. بيستون	كادر حزبي .	
٣	عبدالرحمن علي	كادر عسكري . آمر قاطع	
٤	فاضل حسن	كادر عسكري . معاون آمر قاطع .	

(٧)

ت	الاسم	الصفة الحزبية والعسكرية	التوقيع
		شغلي المنظمات الجماهيرية والكوادر الموجودة في مقرات قيادة الحزب	
١	آسو حسن كامل	سكرتير اتحاد الشبيبة الاشتراكي الكردستاني . عضو مكتب المنظمات الجماهيرية . محرر مكتب الاعلام المركزي للحزب	
٢	بهجت حسين	عضو مكتب سكرتارية اتحاد الشبيبة الاشتراكي الكردستاني عضو مكتب الادارة والمالية للحزب	
٣	هيمن جاوشين	عضو مكتب سكرتارية اتحاد الشبيبة الاشتراكي الكردستاني	
٤	ريبوار عبدالرحمان	سكرتير اتحاد طلبة كردستان . عضو مكتب المنظمات الجماهيرية	
٥	كوران	عضو مكتب سكرتارية اتحاد طلبة كردستان	
٦	جمال شيخ	المسؤول الاداري في ادارة المكتب السياسي للحزب .	
٧	خسرو	الكادر الفني في مكتب الاعلام المركزي	
٨	د. سردار محمد	مسؤول محلية قلعه دزه .	
٩	ابراهيم زرار	عضو العامل في محلية قلعه دزة .	
١٠	علي طاهر	آمر فصيل لقوات الانصار التابع لمحلية قلعه دزة	
١١	عزيز محمد مراد	كادر في لجنة محلية قلعة دزة .	
١٢	آسو عبدالله	كادر في لجنة محلية قلعه دزة .	
١٣	كمال حمه باول	آمر مفرزة لقوات الانصار التابع لمحلية قلعة دزة .	
١٤	داود عمر	عضو مكتب الاعلام المركزي ومسؤول منظمة الحزب في منطقة القيادة .	
١٥	كاوه عمر	عضو منظمة الحزب في المنطقة القيادة وممثل الحزب في طبقة «الهور» براد وستا .	كاوه
١٦	سلام محمد ماموستا سلام	عضو مكتب العلاقات الخارجية في ايران	

(٨)

ت	الاسم	الصفة الحزبية والعسكرية	التوقيع
١٧	صدقت عبدالرحيم	كادر حزبي / مطيع	
١٨	كمال قادر	كادر في لجنة محلية أربيل	

بەیاننامەی پێسمەرگەیی لەسەر داستانی ترپەسپیان

حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق
لیژنەی ناوەندی
شۆڕشگێڕی دیموکراتی کوردستان

بەلاتی سەرکەری شایەت

ترپەسپیان و تۆمارکردنی داستانێکی بێ وێنە

- کوشتن و بڕینداركردنی (٤١٠) سەربازو ئوات خاصەو جاش
- خستنەخوارەوەی (٣) مێ کوپتەر
- سووتاندنی دەبابەیەك و ئاڤیلە
- تێك شکاندن و سووتاندنی (٢٠) سەبارەی خوراوخور

پێشمەرگە شاراو کیان لەسەردەستەکانی حزبەکان (حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق/لیژنەی ناوەندی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) لەدەرەوەی دەستیان بەرانگەیشتبی لەدەرفەت بازیان نەداوە و زەبری کوشندەی چەکیان وەشاندووە بەیەکەی لەرۆکی دوژمن ٤ کەدەردەم بابەی شانازی کە لە خوراگرەکەمان بەرو سەیتە دابینە مویەکی بەهێزی بەرزویشەوەبردنی شۆڕش و بەرزکردنەوەی وردەوەی ماوەی ئەم کاتەیە پێشمەرگە بەیەکەوە و بەیەکگرتووانە شەو زەبرانەی وەشاندبی ٤ دەبی چون بەرو چەماوەر بەرز بکاتەوە و بەو ڕاەیەکیش دوژمن بتوانیتی شەوەشالاوروژانەی کە رژیمی فاشی هێزیکی زوروژ بەشدی سەربازو جاشیان کوکردبووەو بەیشتیوانی دەبابەو زریپوش لەشاوچەکانی دەشتی هەولێر دەورانەوو لاقیکەزانی خودەرخستبو بەهێزیان لی دەداو دەیانویست بەم شێوەیە جیا وی جاماوەری خوراگری ناوچەکە بشرینەو هەلاوەکانی سەربازی ڕابیچ بکەن، شالەوکاتەدا پێشمەرگە بەشەمەکەکانی گەلو هەلگرانی شاڵاوی خەباتی ئەبەماوەی کاوەلانی ئەنفالی کوردستان غیشەرگە دلیرەکانی حزبەکان (حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق/لیژنەی ناوەندی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) و پێشمەرگە بەیەکەی پارتی خاوەیەیەکان (پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق) شیرانە لولەی ئەفەنگەکانیان شاراسەتەو سنگی هێزەکەی دوژمن دەکەنەو خاکی کاکی بەکاکی دەشتی هەولێری خوراگروەلمەندی دەیان ئەبەردی بالەوانەیان لی دەکەن بەگەرو گەورەترین زەبری کوشندەیان لیدەدەن، بویەکەم جار لەناوچەیەکی وا ئەکەن دەشایەو لەناوچەرگەی دوژمن دەستانیکی بی وێنەی وەڵا داستانی (ترپەسپیان) تۆمارکەن، هەروەکی وا بەدوژمن دەدەن تا هەیە لەبیری نەچیتەوەو تۆمارێکی وای دەتوەنەوەی هەزەرەتانی سەر ٥ و هەلگی کوردستانی ئەوە بە ئەوە بو بەکتری بگیرنەوە.

بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٩/١٠/١٩٨٦ بووە هێزیکی گەورەی دوژمن کەپیلە هاتبوولە (١٠) دەبابەو (٥) زریپوش زیاتر لە (١٠٠) شۆتومبیلی جوراوجوری پڕلەسەربازوجاش ڕویان کردە گوندەکانی دەشتی هەولێر لەنیوەڕۆدا هێزە زوروژەبەندەکەی دوژمنی فاشی ٤ ڕوای بشکنینی زەبەلاحی گوندەکان بەرەو گوندی ترپەسپیان نین، کەسەر بەناحیەی قرشتەپەیەو بە (٢٠) کم کەوتونە خواروی شاری هەولێرو لەشیوان هەر دوو خەقامی گشتی (هەولێر-کەرکوک-هەولێر-سەمەلو) هەلکەوتووەو تەنها بەئ کیلومەترو نیو لەخەقامی گشتی مەخمور دووری، هێزەکەی دوژمن دەبەوی وەك گوندەکانی دیکە جاوی خەلکی بی دیفاعی نیوە جیابکاتەو بشرینی بەلام هەبیانەی ئەنفالیستەکان شاراتن پێشمەرگە دلیرەکانی هەردوو حزبی خاوەیەیان لەو گوندەدا سەنگەریان گرتووەو هەر خاوەیان هەر سەربازو پشت دیوارەکەو ڕکوڵاریو بەنا خشتیك تاوەماوەی خوارو دەیانی لەباوەش خوی گرتووەو بوتە مەترسیزی بەرگریکردنو زەبر وەشاندن لەدوژمنانی کە لەوەشا کاتیان بەرابی هێزەکەی دوژمن لەگوندی (دوگرتکان) بەری لەگەوی ئاجاوی پێشمەرگە دەکەویشە سەر هێزو بەنجەکانیان لەسەر بەلاپیکە شەماندە دەبی شاڕەنگی بالەو ئینیانی نو ئاندن لیبەدەن، بویە هەر کە هێزەکەی دوژمن نزیکەی دوسەد مەترێکی دەبینی بکاتە شاوەراستی گوند لەهەموو لایەك پێشمەرگە ئارەماندەکان شیرانە بویان لەو دەوەچو لەسەربازو سەنگەرەکان سنگیان بوەلدەکیشو بەدەموو جوری چەکیان دەیان دەگرنو لەبەکەم دەستیزدا کاریگەیان پیدەکەن، ئەما بەدەواری ئەگەر بەماوەیەکی کەمتر لەچارەکە سەعاتیك (١٧) شۆتومبیلی جوراوجور گرتیبە ڕەدەنو سەربازو جاشەکانیش لەبەردەم ئینی پیروزی پێشمەرگەو شاگری لولەی چەکەکانیان وەڵا کەلاوەدار هەلدەوەرانو دەستیجی (١٥٠) کەلاکیان لی دەکەنو شەوانەش لەناو شۆتومبیلەکان کە سەربازیوبوون لەبەیانویست بەهەر شیوەیەك بی خویان ڕزگار بکەن، پێشمەرگە تیشانشکینەکان کەوکرۆانە دەیان گرنو مولەتی دەسەربازبوونیان نەدەدەنو (٤٥) کەلاکی فیکەیان لیدەستن، هێزەشکاوەکەی دوژمن لەدوای خویانداو (٥) دەبابەو زریپوشو (٤) سەبارەیان لەمەیدانی شەڕەکەدا جیهیشت.

دوای ماوەیەك شەو هێزە شەستادەی کەپیاوانی ڕژیم لەگوندی دوگرتکان خیشتبوویەوە بەهاواری هێزە بەزیوەکانیانەوە هاتەبەلام کەشیرەکورانی خاوەیەیان لیبیان هاتبو دەستی شەو ئەنیش بیبەسرای بیبرای نەویران نوهنی، گوند بکەوێو هەرەیەتیانی پێسمەرگە دەیان کاکی فیکەیان لی کەوتو.

دوژمنی خویشریز بڕتولەکردنەوە لەپێشمەرگەو بەهاناهاتنی هێزە شکست خواردووەکەیان دەست بەجیهێزیکی زوری جاشو سەربازو جاشی ئاشەمیرو پولیسیان لەهەولێر، مەخمور، گومیز، تیبەکەو قوشتەپەوە هێناو لەچەند قولیکەوە، ئینجا سیبەیان دەست بیکردو لەهەمیان کاتیشدا بەتوپی دوورهاویژی جوری ئەمساوەو، و تریپی (١٠٦) مڵمو راجمە (کاتیوشا) و هاوەنی (١٢٠) ملیو خوشکەو چەشنان جوری فیکەی تازەبابەت گوندیان داگرتەمەرجەندە هێزی دوژمن زور تر لەبووەبرچەکتر لەبووە هەرچەندە خاری گەرمتر لەبووە پێشمەرگە چەریەزەکان وردتر قایمتر لەبووەو ڕەنجوان سەرگەرەنیشیان زیتر لەبووە، هاتوبیلە لەڕووخاوە، بەتنا لەبووە سەنگەرو لەبووە سەنگەری پێشمەرگەو گوللەی چەکە سوزەکانیشیان سنگی جاشو خشتەو خولی کەلەکە بوو لەبووە سەنگەری پێشمەرگەو گوللەی چەکە سوزەکانیشیان سنگی جاشو

جەستەی داسپێراوی هێزە [illegible] کە لە فاشیستەوە لە دژایەتی ئەو کەدا دەبایە بە دەر ئالیلە بە کیان بناگر تیبەردا.

دوای شەوێ هیرشی جەنگی دوژمنیش تیا تکیشرا، رژێمی فاشی ئاشتای بردە سەر هێزی شاسمانی (٨) کۆیەدەرە، جەنگیر (١) فورک (بیلاتوم)ی هیناب شاسمانی شەرەکە، بەلام قیمان رولە بەدەستکا ـ نی کوردستان بە شارەبچیر گریانشوەلدو سیکەزیی شاسمانی شەوناوەقیان کردە مایەدانی شەرەیکی روورەبەرو لە ماوەیەکی کەمدا رولە زەبر و ئاشینەکانی هەردوو حزب (٢) کوینەریان بیکاو کوینەرو فورکەکانی دیکەتیان و ئاراوە توفی کردەشاسمانی شەر و هی بیمیلو ئاو لەدوورەوە و لە بەرزاییەکی زورەوە ساروژو بومبا لری بدەنە سەر گوندی خوراگری (ئەریە سیمان) و بیشمەرگە دلیرەکان.

دوژمن خوینریژ کازانی بە و هێزە لە رزوکەی ئاشوانی مەبەستە کلاوکانی پێچەدەرو زانەدر بە بیشمەرگە بیات، بوبە هاتنای بردە بەر هێزی بارێزگانی نەینەوا و کەرکوا و لە ریگەی چەندان کوینەرە رەقوات خاصە و ژمارەیەکی زور لە جافە روورەدەکانی لە کانزمیر (١) ی بانی نیزەرو لە پشت گورەپانی شەردا هەلرشت بەر هێزە تازەیەوە، هیرشی جوارەی بەیەکبروزانە دەست پیکردو بە خەیالی بلاوی خویان واز بوونەچوون، ئینجا دەڤوانن زەفەر بە بیشمەرگە سەرسەختەوە، چاکانی کوردستان بەبەن. بەلام چارەنوسی هێزە بەهێزا هاتووەکەی موصلو کەرکوکیش لە چارەنوسی عارەکانیوەرە ئاتیان ساغتر نابوو، دەیان کەلاکی تریەیان لەو کەوتنە هەرەشەو کورەتەی (ئەوەی بگە ریتەوە دوا شیعدامی دەکەیز) پیل دانی فاشیستەکانی نەداو نیسان ئەر مردنو روزانەو بوونیان بزمایەوە.

دوای شەوە، ئەمور ئیزەکانی دوژمن شیکشکیتر لەدوژمن هیوانیز مووەجا بە شانیان بردە بەر دوا هیزازو لەدەمور لایەکەوە، ئالیلە بەکی کەماروبیان بەستەبو شەوەی بیشمەرگە لەگوندەکە کەمارو بەدەر ریگەی هەمور جوزە عیمد ادنیە کان [illegible] و شاتوروژن دوایی ئەشامەیان لەوەبەر پاشماوەی هێزە شکاوەکەیان دا بیمینەوە و لەکەل هێزی تازەی دوا خویان بو هیرشی تر شامانە بکەنەوە. بەلام دوژمنی فاشی وەك ئەیبینی کە بیشمەرگە چالاکەکانی بارەیو تونیالیست هەتر لەشتەکەی دەفاع کردندا شاوەستیو ئەلمەتیش ئەبەن. شەوەبوو بەبیی ئەخلەبەکی تیراەتکراو لە کانزمیر (٢٠ر٠) ی شەوی ٢٤/٢٧ ـ ١٩٦٩ ئەمەتە ئەمەتە لەبەر هاوینە لەکەی پیتەدەرکە [illegible] شەرەتیان کردە سەر ئەشی کە ماروی دوژمنو مەرکەوتوانە کەماروکەیان شکاندو لەگوند وەدوور کەوتنەوە.

هێزە شکست خواردوەکەی فاشیست شاروژی دوایش لە ر شامی ساردی ئەکوشاو بە جەمرو جوریەکە هاتووە. قورەکانی جوتیارانی گوندی تریەسیمانسی بوردومان ئەکردو شاکانزمیر (٢٠ر١٠) پیش بنیەروژی روژی دوو ئەمە بەبەر زریبوش شاماوی ئەوەی کرد بیمینە ناو گوندی ئالیر جاشە جوفروشەکانی سازی ئاکرد، بو ئەو شالاکردنی سالی هاوکانیان.

بەم جوریە دوای ئەمەمات لە بەرگری شاروی شالاو و ئاشانەی هێزە هاوپەیمانەکانی مرسیالیستو بارتیی هاوپەیمان داهاتنیکی بی وینەیان تومارکرد. بەلام هەموو شالاو و ئاشیکی ئەمەی ساخرینە سوریتەوە ئەویش ئەوەبو دور بیشمەرگەی هەبیتە ئەمەو هوڤارەماتی راهاتینەی کەلو تورن ئیمانی خویان کردە قوربانی، ئەو دورئەکەیتە بایە بەرزەی (ئەهار مەزیز) کە زمانەدەی (قوەی بەرانەتی) هزبەمانو (ئەرناد) بیشمەرگەی پالەوانی بارتی دیموکراتیکی کوردستانی هاوپەیمان بوون مەبەتە (ئەمەی مەزیز) ئەو سەرکردە شازاد ئەمەرگە بوو زەنگی داهاتنی تریەسیمانی لیدا و وەك زەمانەیەکی پوست و چاك بە شریەی شارەیدا، ئەرەشای تومارەیکی نەبەرەیی ئەمەیکردو ئەر بە خەیتی خوفروەتە ئالە هاوپەیمانەکەی کە میزەن بەر لە سەروەری گەلەکەماندا ئەوەیە وە ئەر کە ئاوی داهاتنی تریەسیمانیش بیەئاوی قارەماتیو شازادەتی بیشمەرگە بیەئەر کە ئاوی میزوی خەباتی بی، ئەلیەکە ئاوی شتەو پالەوا ئەتەمرانی لیەوە بیا، چونکە لە داهاتیدا شەهید بوونە بیەئیکە لە میزوی ئەباتی شیلگیرانەی گەلەکەماندا سەرفرازی ئەو سەرکەوتنە ئەوەیە بیچیان لەیەك دلیە بیرەشەو سەرەخوش بو خارخیزانی ئەمەیدانی ئەمەر ئەشیریو ئەزار ملاو لەگیانی بی گەرمیان.

ئەوەی شایانی باسە لەکاتی تومارکردنی ئەم داهاتە بی وینەیەدا جەماوەری ئەلەرزی گەلەکەمان لەهەولیرو گوندەکانی سەروبەر لە راچو و کەنیشتوانی خەلیوونە ئەماشای ئەرەکەو بەدلو گیان لەگەل رولەو برا بیشمەرگەکانیان تیکەل بوونو لە چەندان قوینەوەش هەولیان ئەدا بزو قیمەتەکە و بیوبیتی تر بگەیەنن بیشمەرگە، بەلام لەبەر کەماری دوژمنو زورو بلاوی هیزی دوژمن کە بە چەندان هەزار ئەئەدیر ئەکراوەیان تراتیمو بگەن. بیشمەرگەکان لەکاتی بەرەو چونی داهاتنەکە شدا لەهەولیرو دور میان لەنزیك شامەی مەینگاوو سیمەیل ئەر لەنزیك ئەهەولیردا کەوتە خوارەوە.

ئەمەوشانەش بەیانیە و ئالیلەیە:

١ـ موشانەی شیکشکینەر (١٠) سەیارەی جوزاز جور.

٢ـ بەتین شەو ئەو الاشەی کە پیکخوون، رژیمی فاشی ئەخوشانە مەدانیەکانی هەولیری بە بریشاوەکی جول کردەبوو، بەبەر چاوی ئەو کەوتنی کەلاکی گوزراو، ئەیاب و ئالیلەو سەیارە موشاو تیکشکاوەکانی بەرەو هەولیر ئەدا، ئەزانەوە بەلام لەبەر بەرتراوانی ئەرەکەو بوونیان لەکیانی بیشمەرگەکەتەوە ئەمەتکەوتە زورەکانی شەو ئەوەی کوبکریتەوە، داهاتنی (تریەسیمان) تومارکراو ئەویش بوزە بەشی لەمیزوری ئەباتی ئەلەکەماندو هاوپەیمانیتی کیشی لەلەی تاکەنگی بیشمەرگە سەلاو بو شەوبیشمەرگەپالەوانانەی کەبەرەی قایمو بەهەرکی خویان ئەمداهاتە بیوینەیان تومار کرد.

بەشی بیشمەرگەی ئالیەتی

١٩٨٦/١١/١

بەیاننامەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆرشگێر- ڕێکخراوی سوید

بەیانی ڕێکخراوی سوێدی حزب

بەکی لەو شتە بەرچاوسیاسیانەی لەماوەی ڕابردوودا دەستیپێکردووە بەش داری لەهەڵگیرساندنەوەی شورشی نوێی گەلەکەماندا کردووە (حزبی سۆسیالیستی کوردستان عێراق)ە، کە بەشداییدی جەماوەر و مێژووی دەساڵی ڕابردوو، داهێنەرانە و کاریگەرانە ڕولی سیاسی و چەکداری شورشگێری-

بینیوە لەکوردستاندا. بۆ ئەمەش چەندەها ڕولەی بەوەفای گەلەکەمانی بەگیانی شورشگێری بەڕوەردە کردووە و هێناونە کوری خەبات، لەهیچ جورە شوێنی داپلوسین و توڵاندن و بەلاماری دوژمنانی گەلەکەمان ئەترساوە و بەڕەنگاری دەموو ئەو سیاسەتە شوڤینیانە و فاشیستیانەی ڕژێمە سەرکوت کەرو خوێنڕیژەکەی مەدامی دیکتاتور بوونەوە و بەرگری شاژیانە و مەردانەی لەجەماوەری زەحمەتکێشی گەلەکەمان کردووە و سوپاسی وە بەردەوام بووە لەخەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجو مافی ڕەوای گەلەکەمان. وە بەسەدان کادرو پێشمەرگەی بەجەرگو لێهاتوی کردوتە قوربانی سەرجەمی خەباتی ئەتەوایەتیو دیموکراسی نیشتمانی، وە چەندین داستانی ئەبەردی خوێناوی پڕ سەروەریان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا تۆمار کردووە.

شاشکرایە ئاشیستا دوژمنانی گەلەکەمان بەدەموز شێوەیەك زور شیروگرتنی جوراوجوری لەبەردەم ڕەوتی شاسایی گەشەکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی جەماوەری ڕەشوروتی خەڵکی کوردستاندا قوتکردوتەوە بەمەبەستی لاوازکردن و شیکدان و بەگەستنی هێزی شورشگێڕە پێشکەوتنخوازەکان، لەناوبردنی شورشەکەی. بۆ ئەمەش لەهیچ جورە کردەوەیەکی درندانە نەپوشکاوەتەوە و بەڵکو هەر لەناشیرینترین شێوەی زەبرو زەنگ، تاوان گاتە بەکار هێنان و ناقیکردنەوەی موذیرینترین چەك بۆ گوشتن و سرینی بەکومەڵی گەلەکەمان و سووتاندن و کاولکردنی کوردستان. سەرەڕای ئەو دەموز تاوانانەش ئەوەندەی بوگرابی تەڵەو پیلانی ناوەتەوە، بەتایبەتی لەڕیگای کەمانی سەربەخویان، کە بەلزانی و کارامەییەوە خزاندوونیە ناو ڕیکخراوو هێزە سیاسیەکانو دەستیرەژو گلاوی خستوتە ناویانەوە و بەخێراترین کورزو کوتەکی کاریگەر ڕولەپشتەوە لەیزە شاندوون. ئەوەتا دەردو ئەو دوای کونگرەی بەکەمی حزبمان بەشوی ئەم جورە کەسانەوە بەبینە خەڵبەکی بوکیشراوە، بی، ملکردنەوە دەستیان خستە ناو ڕیزەکانی حزبمانو گەوتنە ئاشەوەی شاژا وەو گیرە شوێنیو جاندنو بلاوکردنەوەی شووی شاکوکیو دودڵی کە بەشیان لەبیشەرگەو کادرانی حزبمانیان لیدابرین. بەم کارەش گەورەترین زەرەریان بەو گیاندینو باشترین خزمەتی دوژمنانیان پیکرد.

ئەرزووش دیاردەی هەڵگرانەوەو پاشگەزبوونەوە لەبرباری کانی کونگرە سەری هەڵداو زەرەمکی دژواو ئاڵەباریان خولقاند. کە بە شاشکرا هەرەشەی لەسوڕنو بەکیتی حزب دەکردو گیانی خوەپاندن و گرتنە بەری سیاسەتی هەشایەڕو پشتکردنە بەرژەوەندیە گشتیەکان لە ناو شۆڕکەساندا دەرکەوت کە دیاربوو هەر لەسەرەتاوە باوەڕیان بەبەرنامە بیرکەوتنخوازەکەی حزب نەهێنابوو.

تەواوی ئەموو شەرکارەسات و ڕوودانانەی کەبەدەستی ئەنقەست تۆشی حزبمانیان کرد ڕاستیەکی ئەگوراوو سەلمینراوە کەخوشەویستانو جەماوەرو بگرە دوست و حزبە کوردستانیو عێراقیەکانیش ساش شاناداریو شکولی لی ناکەن. بەتایبەتی هەرلەدوای کونگرەی بەکەمی حزبمان لەڕیگای زنجیرەیەك هەوڵو تەقەلای ڕولە دلسوزەکانی حزبمان بە چارەسەرکردنی ئەموو شەوبارە ناشاسایانەی حزبمانی تیکەوتنبوو

ڕووبەڕووی ململانییەکی دوورو درێژی بیرچانی فیکریو سیاسیبوونەوە کەراستەوخو ڕەنگی دایەوە تەواوی ڕیزەکانی ڕیکخستنو عەسکەریەوە بە شاشکرا لەو دوایی دوایییەدا زۆر بەزەقی لەنێوان دووتەیـــــاری (ڕاست و چەپ) ی ناو حزبماندا سەقامگیربوو.

ئەگەر سەرنج بدەینە یاداشتەکەی کوویوونەوەی زۆربەی کادرانـــی حزب کەلە بەرواری ١٩٩٥/٨/١٢ دا داویانە بە مەکتەبی سیاسی حـــزب زیاتر ئەوراستیانەی سەرەوەمان بو شاشکرا دەکاو کەتیایدا هاتووە داواکراوە چارەسەریکی ئەو وەزعەشالوزو نالەبارەی ناو حزب بکریتو ضرورییە بوشەندی کەسی بەناو (کومیتەی ناوەندی) دابنرێو ڕیزەکانـــی حزب پاك رابگیریت و پەیرەوی تەواو لەبریارەکانی کونگرە بکریت.. کەچی تاقمە راسترەوە عەشایەرە خوسەپینەرە هەلپەرستەکە هەربـــە شیوەو لەریگای هەمیشە پیشەی پینەو تاوتیکردن بەولاوە وەلامیـــکی دیکەیان پی نەبووە جگەلەوەش دەستپیشخەرییان کردووە لەبەگرتدان و چەککردنی ئەو هەفالە دلسوزانەمان.لەلایەکی ترەوە بەچەندیـــن بوختانو دروی شاخداری ئەوتو تاوانباریان کردوون،کەتاشیستا هیچ لایەنو ئیزیکی سیاسی نیشتمانی ڕووی نەهاتووە ڕووبەڕووی چارەسەرە دیموکراتیەکانی ناوخویی حزبەکەی بیتەوە.

لەکاتیکدا ریکخراوەکەمان بەتوندی دژی ئەو ڕەفتارە نامەسئولانەیە دەوەستیتەوە کەتاقمی لادەرو هەلپەرستەکە کردوویانە بەرانبەر بـــە هەفالانمان،وەبەروونیو دلنیایی رایدەگەیەنین پشتگیری لـــــەو هەفالانەمان دەکەین کەریگاو ریبازی راستەقینەی خەباتیان بـــەر نەداوەو پەیرەو لەبریارەکانی کونگرەی حزبمان دەکەن.

سەرکەوتووبی خەباتی ڕەوای گەلەکـــەمان.

- پتەوتربی ریزەکانی هیزە شورشگیرە پیشکەوتنخوازەکـــان.

حزبی سۆسیالیستی کوردســـتان ـ عیراق
ئیتجاهی دیموکراتیشـــورشگـــیر
ریکخـراوی ســـویـــد

بەیاننامەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆرشگێر- ڕێکخراوی دانیمارک

إيضاح سياسي

